تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

خلّتەی

بیریکی ژاراویی

حوسێن محەمەد عەزیز

2700ک/2000ز

خلّتەی

بیرێکی ژاراویی

حوسێن محەمەد عەزیز

2700ک/2000ز

I. S. B. N. 91 - 630 - 9871 - 7

خلتەی بیرێکی زاراویی
دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز
چاپی یەکەم
چاپخانەی هەمیشە
کوردستان – سولەیمانیی
ژمارەی سپاردن (437)
ساڵی 2000
تیراژ 500
لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی (شەعب).

بۆ هەموو ئەوانەی کورادنە بیردەکەنەوە

و

باوەڕیان بە بیری کوردستانیزم هەیە.

ناوەڕۆک

چەن ووشەیەک 8

1. زێوەر لە نێوان کوردایەتیی و میرالجێتییدا 13

2. شێوە و شێواز 25

1/2. لە بەرگەوە بۆ بەرگ 25

2/2. هەڵەی چاپ 26

3/2. ووشەی بیانیی 27

4/2. ڕێنووس 28

5/2. داڕشتن 40

6/2. دەقوەرگرتن 50

7/2. پەراوێز و سەرچاوە 51

8/2. تەخت و پوخت 51

9/2. شێوە و قەبارە 52

3. بابەت و ناوەڕۆک 54

1/3. دەربارەی پێشەکییەکەی 54

2/3. ژیننامە 62

3/3. گەنجینەی مەردان 64

4/3. هەڵوێست 67

5/3. گەڕانەوە 71

6/3. لێکدانەوەی ناڕاست 74

7/3. هونەر و سەرانی کورد 75

8/3. سایکس ـ پیکۆ 80

9/3. زێوەر و نووسەران 84

10/3. زێوەر و بەرهەمەکانی 86
11/3. کرێکی باسەکە 89
12/3. پێداچوونەوە 93
13/3. ڕۆڵی زێوەر 96
14/3. خەسڵەت و ڕەوشت 99
15/3. یادانەوە 100
16/3. بەزەیی 101
17/3. تورەهات 104
18/3. کام بەربەرەکانیی؟ 105
19/3. لام باشە و لام باش نییە 106
20/3. هێڵی سوور 108
21/3. دوێنێ و ئەمڕۆ 110
22/3. جیفارا 112
23/3. مێشوولە و فیل 113
24/3. زانستی ئەشێکان 114
25/3. مێنی کۆمەڵایەتیی 115
26/3. دەرفەتی لواو 115
27/3. چەک و پێنووس 118
28/3. ڕۆژنامە و گۆڤار 122
29/3. ڕۆژەی دژ 123
30/3. بەراوردێکی نابەجێ 127
31/3. داگیرکەر هەر داگیرکەرە؟ 128
32/3. بیرۆکەی عێراقچێتیی 133
33/3. برایەتیی یا دۆستایەتیی؟ 144
34/3. زاراوەی ژاراویی 158
35/3. توێژینەوە و کۆڕکرتن 160
36/3. وێرد و سروود 160
37/3. بەد و بەدخانە 167
38/3. فەتوا 175
39/3. ڕەخنە یا تاوانبارکردن؟ 175
40/3. ئازادیی یا سەرلێشێواویی؟ 176
41/3. لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی 177

42/3. تایبەتیی و کشتیی 178
43/3. ئەحمەد موختار جاف 179
44/3. بێ ئاگایی 180
45/3. دوو بەرە 182
46/3. بیر یا پارت؟ 185
47/3. جاش و ناپاک 186
48/3. مووچەخۆر 192
49/3. سۆسیال 193
50/3. پوولێکی قەڵب 199
51/3. چەم و چەقەڵ 202
52/3. کورک و مەڕ 206
53/3. کۆشت و ئێسقان 209
54/3. سۆپەرمان 213
55/3. هێمن و هەژار 214
56/3. باخچەی کولان 215
57/3. نووسەر و هۆنەر 217
58/3. دەسپاکیی 218
59/3. دوای کەڕانەوە 219
60/3. سێدارە 230
61/3. مێژووی نزیک و دوور 231
62/3. نسکۆ یا هەرەس؟ 232
63/3. ئاساییشەکەی زێوەر 233
64/3. پەراوێزەکەی نەجمەدین مەلا 234
65/3. سرۆیەکی بێ ئابڕوو 235
66/3. ڕاپۆرتە هەواڵ 237
67/3. ڕۆشنبیریی و وشیاریی 238
68/3. ڕا و بۆچوون 241
69/3. ئەزموون 243
70/3. منالانی کورد 243
71/3. دەستە کوڵی لاوان 244
72/3. کەنمی ژاراویی 244
73/3. ڕووداو و کارەسات 252
74/3. فاکوفیک 253

.75/3 ژن 254

.4 باسێکی تایبەتیی 257

.1/4 عەریزە 257

.2/4 نیدیۆم 259

.3/4 مافی نەتەوەیی 261

.4/4 دوو بەرەی جیاواز 262

.5/4 باسک 263

.6/4 یۆگۆسلافیا 267

.7/4 یەکێتی سۆڤێت 276

.8/4 چیچینستان 279

.9/4 فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا 280

.10/4 ڕۆژاوای ئەورووپا 280

.11/4 ئامۆژگاریی 282

.12/4 نووسین و پیشە 283

.13/4 تۆپەڵێ ووشە 284

.14/4 نیازپاکیی 284

.5 کۆتایی 286

.6 سەرچاوەکان 292

.7 لە بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر 294

چەن ووشـــەیەک ...!

کاتی خۆی، چەن گوتارێکم نووسی و بڵاوکردەوە. لە سـەرەتای گوتاری یەکەمدا نووسیبووم: (ماوەی پتر لە ساڵێ دەبێ، لە سەر هەر دوو قوتابخانەی هۆنراوەی کلاسیک و نوێی کوردیی، پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی وێژەییم بە دەسەوەیە. تا ئەو ڕۆژەی پرۆژەکـە تەواودەبێ و چاپدەکرێ، هەوڵدەدەم، بە زنجیرە گوتارێ، هێندێکی لێ بڵاوکـەمـەوە.)«3،22» ئەوەبوو، سێ گـوتاری درێژم بۆ « دەزگـای سەردەم » نارد. گوتاری یەکـەم « چەند سەرنجێ دەربارەی ناسنامەی ئاییینیی و نەتەوەیی "خـەلیل منەوەر" » لە گۆڤـاری « ئێسـتا » و گـوتاری دووەم « زێوەر لە نێوان کوردایەتیی و عێراقچێتییدا » لە گۆڤاری « ئاینده »دا چاپ و بڵاوکرانەوە. گوتاری سێیەمیش « دڵزار دوێنێ و ئەوڕۆ » بوو. نازانم، چی بەسەرهات ! چونکە، تا ئێستە بڵاو نەکراوەتەوە، لەوە دەچێ، سەری تێداچووبێ!

هەروەها، لە پێشـەکیی ئەو گوتارەدا هاتبوو: (بە داخەوە، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە وێژەییـیانەی، دەربارەی ژیان و بەرهەمـی هۆنەرە کـلاسیکییـیەکانی کـورد بڵاو کـراونەتەوە، زۆربەی زۆریان، پیـاهەڵدان و سـتـایـیشکردن بووە. خـاڵە لاواز و بەهێزەکانیان وەک یەک، بە تەرازوویەکی ڕەخنەگرانە نەکێشاوە. بۆیە، بە ئاشکرا دەبینین، چاوپۆشیی لە کەموکوڕییەکانیان کراوە، وەک ئەو هۆنەرانە، فریشتە بووبن و لە ئاسـمـانەوە بۆ کـورد باریبن، لە ژیانی وێژەیی خـۆیاندا، هیچ جـۆرە هەڵەیەکیـان نەکـردبێ! ئێـمـە لێرەدا، تەنیا لـەو کەمـوکـوڕتییـیانە دەدوێین، کـە پێوەندییـیان بە « ژیانی وێژەیی، ناوەڕۆکی بەرهەم، کێشـەی زمـان و هـەڵوێستی نەتەوەیی »یانەوە هەیە. بە هیچ شـێـوەیە، پەنجـە بۆ ڕەوشت و هـەڵسـوکـەوتی ڕۆژانەیان ڕا ناکـێشین. چونکە، ئەو جۆرە شـتـانە، پێوەندیی بە ژیانی تایبـەتیی خۆیانەوە هەیە، کەس بۆی نییە، لێیان بدوێ و ڕەخنەیان لێ بگرێ. لەبەرئەوەی، هەمـوو مـرۆڤێ ئازادە، پێـویسـتـە چۆنی دەوێ، هـەر بەو شـێـوەیەش بژی، گـەر دەسەڵاتی هەبێ و بۆی بلوێ!)«3،22»

ئەز، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆم چاک دەناسم. زۆر باش، شارەزای خەسڵەتەکانیان هەم. هێشتا، کۆمـەڵی کوردەواریی، بەو ئاسـتـە شـارسـتـانیی و کەلتووری بەرزە نەگەیشـتووە. هێشا، بە تەواویی سـەرەتاکانی باوەڕی ئازادیی و دیمۆکراسیی، لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمدا بڵاو نەبۆتەوە. هێشتا، لە یەکدی گەیشتن و لە یەکدی بووردن، بە تـەواویی بنجی دا نـەکـوتاوە. هێـشـتـا، زمـانی توندوتیـژیی باوە و تا

ئێستەش، زمانی ئاشتیی و هێمنیی، باڵی بە سەر هەموو دەمەتەقێ و دیاردەکانی ژیانی « ڕامیاریی، وێژەیی و کەلتووریی »دا نەکێشاوە. هێشتا، شێوازی کارکردنی پارتەکانی کوردستان باوە. هێشتا، هەر لە سەر مۆدێلی کۆنی ساڵانی پێشووی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکان دەڕۆین. هێشتا، کاری چاک و لێکۆڵینەوەی زانستانە، لە کاری خراپ و نازانستانە جیا ناکەینەوە و هەر بە یەک چاو تەماشایاندەکەین.

لەبەرئەوە، کارێکی سەیر نییە، کاتێ هاوینی ساڵی « 1999 »، لە کوردستان بووم. گوتاری « زێوەر ... »م بڵاوکردەوە. لە گوتارەکەدا، ڕەخنەم لە هێندێ لایەنی هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی گرتبوو. هێندەی نەبرد، « مەحموود زێوەر » تێلێفۆنی بۆ کردم و داوای لێ کردم، یەکدی ببینین. منیش بە خۆشییەوە، داواکەیم پەسەندکرد. لەگەڵ دوکتۆر « سەروەت محەمەد ئەمین » چووینە لای. کاتێ، سەردانمانکرد، سەرەتا، تووڕە و زویر دیاربوو، بە ڕوویەکی گرژومۆنەوە، تەماشایدەکردم، « ڕووس » گوتەنی: « دەتگوت، بۆرژوازییە و تەماشای ˚ لێنین ˚ دەکا! » پاشان، لە بری ئەوەی، گەر تێبینییەک یا ڕەخنەیەکی بەجێی، دەربارەی ناوەڕۆکی گوتارەکە هەبێ، نووکی پێنووسەکەی تیژکاتەوە و بە شێوەیەکی زانستانە وەڵامبداتەوە، گلەییکرد و لۆمەی مامۆستا « نەجمەدین مەلا »ی کرد. گوایە، ئەو، ئەو زانیارییانەی دەربارەی باوکی بڵاوکردۆتەوە! ئیدی بێ ئەوەی، هیچ بەڵگەیەکی پێ بێ، یا ڕەخنەیەکی بەجێی لە نووسینەکەی من هەبێ، دەربارەی کار و پیشەکەی خۆم، هێندێ پرسیاریکرد و پاشان گوتی: بۆ هەر بە تەنیا، باسی « زێوەر »ت کردووە، خۆ « گۆران »یش هۆنراوەی لەو چەشنانەی هەیە؟ بەڵام، دوای ئەوەی، سەروبەری پرۆژەکەم بۆ ڕوونکردەوە، کە ئەو گوتارە تەنیا بۆ « زێوەر » تەرخانکراوە، لە لێکۆڵینەوەکەدا، باسی هەموو ئەو هۆنەرانە کراوە، کە هۆنراوەی لەو بابەتانەیان نووسیوە. ئیدی کەمێ هێوربۆوە و گوتی: گوتارەکەت زۆر ئەکادیمییانە نووسیوە!

دواتریش، « ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجیی »، گوتارێکی درێژی، لە ژێر ناوی « پێویستی ئەو شیعرانەی پێویستنین لە وەڵامی عێراقچێتیەکەی زێوەردا »، لە گۆڤاری « کاروان »دا، بە چەن زنجیرەیەک بڵاوکردەوە. تەنیا، بەشی یەکەمی گوتارەکەم بە دەسکەیشت، وەڵامێکی کرچوکاڵی گوتارەکەی منی دابۆوە، بە هیچ شێوەیە، پێوەندیی بە باسەکەی منەوە نەبوو. هەڵبەتە، ڕۆژەکەی وایە، هێندێ نووسەر هەن، لە سەر حسێبی ناوەڕۆک، درێژە بە باسەکە دەدەن و لێی لادەدەن!

« بەرزنجیی »، بە نووسینەکەیدا دیارە، چ لە ڕووی شێوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چرای نابووتیی هەڵکردووە. چونکە، نە زمان، نە ڕێنووس و نە داڕشتنەکەی باش نییە، نیشانەکانی خاڵبەندیی پێڕەو نەکردووە. لەوە دەچێ، خایە و مایەی تێنابێ!
هەر چەندە ویستم، لەو نووسینە بێ سەروبەرە خۆم بە دووربگرم، بێ دەنگبم و وەڵام نەدەمەوە، بەڵام نەمتوانی. چونکە، کاتێ ڕۆژی « 2000/07/23 »، نامەیەک و چەن پەرتووکێکم، لە مامۆستا « ڕەفیق سالح »ەوە پێگەیی، سەیرمکرد، جارێکی دیکەش، وەڵامەکەی بە « سیپارە »یەک بڵاوکردۆتەوە. جگە لەوەی، لە لایەکەوە بیرم لەوە کردەوە، گەر بێ دەنگبم، دوور نییە، چ خوێنەری کورد و چ « بەرزنجیی » خۆشی، بێ دەنگیم بە مایەی قایلبوون تێبگەن. لە لایەکی دیکەشەوە، بە هەلم زانی، لە ڕێی « بەرزنجیی »یەوە بتوانم، دەربارەی گەلێ گرفت و کێشەی گرنگی کۆن و نوێ، باری سەرنجەکانی خۆم دەربڕم. تا دەرگەیە بۆ دەمەتەقێ، لە بەردەم خوێنەواران و ڕووناکبیرانی کورددا بکەمەوە. بۆیە، بڕیارمدا، وەڵامێکی درێژی شیاوی پڕ بە پێستی خۆی و سیپارەکەی بدەمەوە، تا لەوە پتر و لەوە بەدوا، بە خۆڕایی، یەخەی هیچ نووسەرێکی دیکەی کورد نەگرێ و باش بزانێ، هەموو مەلێ گۆشتی ناخورێ و وەک مریشکەکە، لاسایی قاز نەکاتەوە!
هەر چەندە، لە هەموو ژیانی خۆمدا، هەرگیز حەزم نەکردووە، لە نووسیندا، پەنا بۆ بەر شێوەی « ساتیر » بەرم. بەڵام، هەر کەسێ، بەو شێوە پڕ لە « کاڵوکرچیی، ناشارازیی، گاڵتەجاڕیی و دەسپیسیی »یەوە پەلامارمبدا، ڕەخنە لە نووسینەکانم بگرێ، هەر بەو شێوەیە وەڵامیدەدەمەوە. وەک « مەحویی »ش گوتوویەتی:

لە پاداشی قسەی سەردا، هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بـــەردم تێگرێ، من بەرقـــــی تێدەگرم «219،57»

بۆیە، بە هەمـــوو توانامـــەوە هـــەوڵدەدەم، هەمـــوو ئەو ڕاســـتـیـیـیـــە « مـێـژوویی، جوگرافیایی، نەتەوەیی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی »یانەی، پێوەندیی بە باسـەکـەمـانەوە هـەیە، بە شـێـوەیەکی ڕێکوپێک، بۆ ڕۆڵەکـانی نەتەوەکـەمی ڕوونکەمەوە. تا هەموو لایە، ئاگاداری ڕووداو و بەسەرهاتەکان بن!
گەر خوێنەری وریا، تەنیا گوتارەکەی خۆم « زێوەر لە نێوان ... » بخوێنێتەوە، ئیدی پێویست بە وەڵامدانەوە ناکا. چونکە جگە لەوەی، هەموو وەڵامەکان لە گوتارەکەدا هەن، گەر هەر دوو گوتارەکەی من و سیپارەکەی ئەویش بەراوردکا، زۆر بە ئاسانیی بۆی دەردەکەوێ، « بەرزنجیی » هیچی پێ نییە و هیچی نوێشی نەگوتووە، تا داکۆکیی لە دید و بۆچوونی خۆی و بیری « عێراقچێتیی »، هێندێ

لە هۆنراوەکانی هۆنەر بکا. بۆیە، ئەو وەڵامی گوتارەکەی منی نەداوەتەوە، بەڵکوو ویستوویەتی، ژمارەی بەرهەمەکانی خۆی پترکا، گەر لە سەر حسێبی ناو و ناوبانگی خۆشی بێ، لە هەموو کاسەیەکدا ئەسکوێ بێ!

هەر چەندە، سەروبەری سیپارەکەی، لە « نیرەیی، ڕقوکینە، مامەیی، نەزانیی، بێ ئاگایی، چەواشەکردن، بوختانکردن و دەسبیسیی »دا نقوومبووە، بە شێوەیەکی چەوت، کۆپلەی نووسینەکانی گواستۆتەوە. هێندێ جار، باسی بابەتێکی کردووە، ناوی سەرچاوەیەکی داوە، بە هیچ جۆرێ تێیدا نییە. بەڵام، من لێرەدا هەوڵدەدەم، لە بەرگەوە بۆ بەرگ وەڵامیبدەمەوە، هەموو هەڵە و کەموکورییەکانی، لە کاتی پێوسیتی خۆیدا دەرخەم. تا تۆزێ هۆشی بە بەر خۆیدا بێتەوە، چیدی لەوە پتر، پێ لە بەرەشرێکەی خۆی ڕا نەکێشێ، سوکایەتیی بە خەڵک نەکا. شتی تایبەتیی و دەمەتەقێی « مێژوویی، نەتەوەیی، ڕامیاریی، کۆمەلایەتیی و وێژەیی » تێکەلاو نەکا، تەنیا لە سنووری ئەو بابەتەدا بخولێتەوە، کە لێی دەدوێ، نەک وەک کەواسووری بەر لەشکر، پێشەنگی هەموو نوسینێکی بێ تام و چێژبێ، لە هەموو کەمەیەکی دۆڕاوی « مێژوویی، نەتەوەیی، ڕامیاریی و وێژەیی »دا بەشداربێ!

ئەوی ڕاستییبێ، پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەم کەمێ دوادەکەوێ. چونکە، لە لایەکەوە، لە بەر هەڵپەی ژیان و نان پەیداکردن، لە لایەکی دیکەشەوە، لە بەر کەمی سەرچاوە، ناچاربووم، پەلە لە بلاوکردنەوەی نەکەم. بەلام، گەر « بەرزنجیی »، کەمێ ئارامیی بگرتایە، پەلەی نەکردایە، بەری مێوەکەی بە بەرسیلەیی نەکردایەتەوە، نەک هەر ترێ، بەڵکوو فریاشدەکەوت، هەڵوای شیرین و بە تامیش بخوا!

هەڵبەتە، وەک چۆن بۆ « مەحموود زێوەر »م ڕوونکردەوە، کاتێ ئەویش، سەرجەمی بەرهەمەکەی دەبینی و دەخوێندەوە، بۆچوونێکی دیکەی دەبوو. چونکە، بابەتێکی تایبەتییم، بۆ ئەو جۆرە باس و لێکۆڵینەوانە، بۆ ئەو جۆرە پیاهەڵدانانەی سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان تەرخانکردووە. هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، هەرچی دەنکە « جۆ »یەکی کوردی، لە کێڵگەی پیاهەڵدانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا چاندبێ، من پێم زانیبێ و بەرچاوم کەوتبێ، ئەوا چەن چەپکێکم لێ دووریوەتەوە، ڕێکمخستووە، بەستوومە و گوڵدانی لێکۆڵینەوەکەم پێ ڕازاندۆتەوە. هەر هۆنەرێکی کورد، دێڕە هۆنراوەیەکی گوتبێ، ئەوەی دەسمکەوتبێ، تۆمارمکردووە بەلام، پێشینان ڕاستیان فەرمووە، کاتێ گوتوویانە: ئەهریمەن پەلەیکرد، چاوێکی خۆی کوێرکرد. کەچیی، « بەرزنجیی »، نەک هەر چاوێ، بەڵکوو، هەر دوو چاوی خۆشی کوێرکردووە!

ئینجا، هەر ئەوە ماوە بڵێم: لەم نووسینەدا، هەموو ئەو سەرچاوانەی بەکارم هێناون، دەسکاریی ڕێنووسەکانیانم کردووە، تا یەک ڕێنووسی یەکگرتوو پێڕەو کەم. بەڵام، بە هیچ شێوەیە، دەسکاریی نووسینەکەی « بەرزنجیی »م نەکردووە، خۆی چۆنی نووسیوە، بە هەموو هەڵەیەکی « چاپ، ڕێنووس، زمانەوانیی و بۆشایی نێوان ووشەکان »یشەوە هەر بەو شێوەیە وەرمگرتوون و نووسیومنەتەوە، تا خوێنەری هێژا بزانێ، بە چ زمانێکی خراپ و کوردییەکی ئاڵۆز نووسیوێتی.
جگە لەوەی، بەپێی سیستێمێکی تایبەتیی « ڕووسیی »، سەرچاوەکانم تۆمارکردووە. هەر سەرچاوەیەک، کۆدێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و لە دوو ژمارە پێکهاتووە. یەکەمیان، ژمارەی سەرچاوەکە و دووەمیشیان، ژمارەی لاپەڕەی ئەو کۆپلەیە نیشاندەدا، کە لێی وەرگیراوە
لە کۆتایی ئەم چەن ووشەیەدا دەڵێم: بە پێویستم زانی، جارێکی دیکەش، گوتارەکەی خۆم بڵاوکەمەوە. چونکە، لە لایەکەوە، هەڵەی چاپ و ڕێنووسی زۆری تێدابوو. لە لایەکی دیکەشەوە، تا خوێنەری هێژا، باش ئاگاداری بابەت و دەمەتەقێکانی نێوانمان بێ. پاشان دەڵێم: سوپاس بۆ ئەو خوایەی، لە بەر هەر هۆیە بێ، ئەخشی ژیانی بەم شێوەیە کێشام، ماوەی بیست ساڵ دەبێ، دەربەدەری وولاتانی « ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای ئەورووپا »ی کردووم، تا لە نزیکەوە، لەباری ژیان و کەلتووری ئەم وولاتە پێشکەوتووانە وردبمەوە، ئاسۆی بیر و هۆشم فراوانترکەم. چەن زمانێکی زیندووی جیهانیی فێربم، پێیان بدوێم، بخوێنمەوە و بنووسم، لە سامانی مێژوویی و وێژەیی، ئەو نەتەوانەش ئاگاداربم. نەک وەک مامۆستا « بەرزنجیی »، لیسی کوێرانە بهاوێژم، بە زەرەی کەر باوەڕبکەم و بە قسەی مەلا باوەڕ نەکەم. هێندە بەر چاوم تاریکبێ، بەر پێی خۆم نەبینم، نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕاست و بێ مەبەس، لە نووسین و لێکۆڵینەوەی چەوت و مەبەسدار جیا نەکەمەوە، دۆست و دوژمن لێک نەکەمەوە، دۆستایەتیی و برایەتیی تێکەڵکەم، هەر ڕۆژەی هێلانەیە بگۆڕم، هەر ڕۆژەی لە سەر چڵێ بنیشمەوە، هەر ڕۆژەی لە ئاوازێ بخوێنم، باری کورد هەر چۆنێبێ، لە هەموو سەردەمێکدا، چارەنووسی خۆم، بە چارەنووسی ئەو لایەنە ڕامیارییە کوردستانییانەوە گرێدەم، کە ڕووکەی ڕاستەقینەی ژیان و تێکۆشانیان، پێتەختی « بەغدا »ی تاوان و تاریکیی بێ!

دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز

ستۆکهۆڵم

2000/10/10

1. زێوەر لە نێوان کوردایەتیی و عێراقچێتیدا :

بۆ ئەوەی، بە تەواویی لە مەبەسی سەرەکیی باسەکەمان بگەین، بە پێویستی دەزانم، پوختەیەکی ژیانی هۆنەر، بیر خوێنەرانی هێژا بخەمەوە. " عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی مەلا ڕەسوڵ ـ زێوەر »، لە ساڵی « 1875 »دا، لە شـــــاری « سولەیمانیی » لەدایکبووە. لە حەوت ساڵیدا، لە حوجرەی « خواجە فەندی » دەسی بە خوێندن کردووە. قورئان و گولستانی تەواوکردووە و چوار سالیش لەوێ ماوەتەوە. پاشان گەڕاوەتەوە. ئیدی بە تەواویی لە « سولەیمانیی » جێگیربووە. سەرەتا لە خوێندنگەی « ڕووشدییەی سەربازیی »، دواتریش، لە سەردەمی حوکوومەتی عێراقدا، لە ئامادەیی « مولکی » دامەزراوە. تا ساڵی « 1943 » وەک مامۆستایەک کاریکردووە. ڕۆژی «1948/11/10» لە تەمەنی حەفتاوسێ ساڵیدا، کۆچیدواییکردووە، لە شاری « سولەیمانیی » لە گردی « سەیوان » نێژراوە.*

« زێوەر » زۆر خۆناسبووە. لە خواردنەوەوە دووربووە. جگەرەی زۆر کێشاوە. دامە و شەترنجزانێکی بە ناوبانگبووە. زۆر حەزی لە سەیران کردووە. سوارچاکێکی باشبووە. هۆنراوەکانی « مەولەویی » و « نالیی »، کارێکی زۆری تێکردووە.

گەر بڵێین: لە سەرەتادا هەموو هۆنەرەکانی کورد، هەر بە هۆنراوەی ڕۆمانسیی دەسیانپێکردووە، هەرگیز لە ڕاستیی لامان نەداوە. چونکە، لەم جیهانەدا، کەم لاو هەیە، لە سەرەتای چرۆی ژیانیدا، دڵی بۆ پەریزادێ لێی نەدابێ، تەزووی گەرمی خۆشییەکی ئەفسوناویی، بە نێو ئەندامەکانی جەستەیدا نەگەڕابێ، خەونی سەوز و سووری شیرینی، بە یاری ناسکۆڵە و نازدارەوە نەبینیبێ. بۆیە، « زێوەر »یش وەک هەموو هۆنەرەکانی دیکەی کورد، سەرەتا هەر بە هۆنراوەی ڕۆمانسیی دەسیپێکردووە، خەوی بە فریشتەی ئەندێشەوە بینیوە، تینوتاوی خۆشەویستیی، شادەمارەکانی هەست و هۆشی سڕکردووە، خۆی بۆ ژیانێکی پڕ لە ئاسوودە و کامەرانیی ئامادەکردوە، ووشەی زێڕینی کوردیی، بە ڕیز لە نووکی پێنووسەکەیەوە هەڵڕژاوە، کشتەکی هۆنراوەی ڕیزە مرواریی سپی لێ هۆنیوەتەوە. کاتێکیش هەلی بۆ ڕەخساوە، بە جوانترین شێوە، هەستی خۆی دەربڕیوە، چەپکە گوڵی بۆنخۆش و ڕیحانەڕەشەی هۆنراوەی، بە پەلکەزێڕینەی ئاسمانی ڕوون و خاوێنی دوای بارانی بەهار بەستووە، پێشکەش بە یاری نازەنینی کردووە. بە هەر لایەکدا ڕوانیبێتی، ڕوخساری یاری شیرین، چەقی ڕێگەی پێ گرتووە، پەیکەرێکی وای لە بیر و هۆشیدا هەڵکەندووە، توانای

بیـرچوونەوەی نەبووە، بە تیـشکی ڕووی گـەشـی، زەنگوڵزەنگوڵ، تکەی ئاونگی شەونمی ئارەقـەی سـەر کوڵمی ڕشـتووە. هۆنـەریش بەو تکە عـارەقـەی تکاوە، بە جـارێ سـەری مـەسـتـبـووە و کـەللـەی سـڕبووە. بۆیە، لە تاوا بە نۆ دێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

تکانی ئابڕوی چەمەن، بە ڕوی ئابدارەوە
شکانی نرخی نەستەرەن، بە زوڵفی مشکبارەوە
چمە لە مەی؟ لە نەی! لە جام! ئەگەر بە لەنجە بێتە لام
بە ڕوی تابدارەوە، بە چاوی پڕ خومارەوە
عەرق نییە لە عالەما، کە لابەرێ لە دڵ غەما
جگە لە قەترە عارەقێ لە ڕووت، کە دێتە خوارەوە
نیشانی من، جەمالی تۆ، بەراتی من، وسالی تۆ
خەیالی من، لە خالی تۆ، بە عیشوە لێم مەشارەوە
عەزیزەکەی حەبیبی من، نیگارەکەی تەبیبی من
با، شەق بەرێ ڕەقیبی من! وەرە بە سەد وقارەوە
فیدای خەد و قەدی تۆ، چەمەن بە فەرجی گولییەوە
بە بولبول و بە چلیەوە، بە قومریی و چنارەوە
فەرەنگ ڕوو، زەنگ موو، عەجەم سیاق و ڕووس خوو
ئەناسرێ کە کوردە زوو، بە پێچی لار و خوارەوە
نیشانی زوڵفی عەنبەری، هەموو وولاتی کوڵعومەر
بە عەرد و بەرد و دارەوە، بە ئاوی سەرچنارەوە
ئەمن گەیاندمە ئەنوەری، فنونی شعر و شاعریی
ئەتۆش گەیانتە سامری، بە چاوی سحر کارەوە «492-491،2»

« زێوەر » وەک هۆنەرێکی خاوەن بەهرە، بە هەموو لایەکدا پەلی هاویشتووە. گەلێ هۆنراوەی ڕەنگاوڕەنگ و جۆربەجۆری گوتووە. لە هەر باخـەی گوڵێکی چنیوە، تا لە ئەنجـامـدا، چەپکێ هۆنراوەی جوان و بۆنخـۆشی ڕازاندۆتەوە. لە باخـچەی بە هەشتی وێژەی کوردییدا، لە سـەر تەختی مامۆسـتای هۆنەرانی سـەردەمی خـۆی دانیشتووە. تاجی هۆنەرێکی « هەست ناسـک، بیر تیژ، واتای بەرز، ئەندیشـەیەکی پڕ لە پیت و فەڕ »ی لە سـەر ناوە. لە لایەکەوە، دیمەنە جوانەکانی کوردسـتـان، لە نێو قووڵایی دڵ و شانەکانی مۆخیدا ژیاوە، بە خۆشـەویستیی کوردسـتانەکەی، خوێنە گەشـەکەی قوڵپیداوە. لە لایەکی دیکەشـەوە، جەور و زۆرداریی داگیرکەران،

چەوساندنەوەی نەتەوەکەی، هێندەی دیکە چاوی کردۆتەوە و زۆری بۆ هێناوە، بۆ خەبات و کوردایەتیی بانگیکردووە و هانیداوە. جگە لەوەی لەو سەردەمەدا، دەنگی زەنگی بیری کوردایەتیی، لە هەموو سەردەمێ پتر دەنگیداوەتەوە، لە هەموو بستێکی کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە. بە تایبەتیی، هۆنەر خۆی یەکێ لە نزیکەکانی « شێخ مەحموود »ی قارەمان بووە، وەک کوردپەروەرێ، گـــــەلێ « ساردیی و گەرمیی، تاڵ و سوێریی، برسێتیی و تینوێتیی، دەربەدەریی و نەبوونیی »، لە سەر کورد و بۆ کورد چێشتووە. دیارە، تا لە ژیاندا بووە، دڵی هەر بۆ کورد و کوردستانەکەی لێیداوە. بۆیە، « بە ڕەنگێکی مات و زەردەوە، بە دەنگێکی پڕ لە پەژارە و کزەوە، بە زمانێکی ساکار و ڕەوان، بە کوردییەکی ڕەسەن و پەتیی »، گەوهەری بریقەداری ووشەی ساکار و خۆماڵیی ڕیزکردووە، ملەلیرەی هۆزاوەی کوردیی لێ هۆنیوەتەوە. تا توانیوێتی، هەرچی لە هەناویدا هەبووە، دەریبڕیوە، هەرچی دەردە دڵی خۆی هەبووە، بۆی هەڵڕشتووین. پاشان، هوشیاریکردوینەتەوە، هاواری لێ کردووین و گوتوویەتی:

ئەی « وەتەن ! چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی

مەزرەعەی توخمی نیشات و باعسی ژینی منی

بێت و گەر من کۆهکەن بم، وەسڵی شیرینم ببی

تیشەیی نادەم لە بەردت، تۆی کە شیرینی منی

گەر چی ئەرزی، هێند بڵندی، وەختە لای من بچیە عەرش

واستەی سەربەستی ئیجرای ئایینی منی

ئیفتیخاری میللەتی، تۆی مادەرێکی میهرەبان

خوا هیلالیشی بە تۆ دا، ماه و پەروینی منی

نەوبەهاران، بەو هەوای زۆر سافەوە، وەک جەنەتی

فەسڵی زستانیش، سەراسەر باغی نەسرینی منی

بۆچی نەقدی جیسم و جانی خۆم، بە شاباشت نەکەم؟

خاکراهی حوکمڕانی عیزز و تەمکینی منی

ئارەزوو و فیکری سیاحەت ناکەم، ئیتر ئەی وەتەن

تۆ لە جێگای « قاهرە و تاران و بەرلین »ی منی   «2، 496-497».

دیارە، « زێوەر »یش وەک هەر هۆنەرێکی نیشتمانپەروەری دیکەی کورد، هەستی بەو هەموو « ناکۆکیی، دووبەرەکیی، ناتەبایی و دواکەوتوویی »یەی نێوان ڕیزەکانی کورد کردووە. لەبەرئەوە، کوڵی بە دەرد و کەموکورییەکانیەوە

هەڵگرتووە، گەلێ ئازار و ژانی بە دەسەوە چێشتووە و سوێی بە دڵدا چووە. بۆیە، زمانی گرتووە و چەن هۆنراوەیەکی دژی دووبەرەکیی و بۆ یەکێتیی هۆنیوەتەوە. بۆ نموونە : هۆنەر، باسی بێ بەختیی ڕۆڵەکانی کوردی کردووە، لە دەردەکانی دواوە، چۆن بە هەزار ناخۆشیی و سەختیی، تیکەیە نانی ڕۆژانە پەیدادەکەن، داگیرکەری بیانییش، لێیان ناگەڕێ و دەیانچەوسێنێتەوە. کەچیی، سەرەڕای هەموو ئەوانەش، خۆیان یەک نین و بە نۆ دێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

سەرۆڕای ئەوە دوژمن بە یەکن، جوملە عەشیرەت
حەقیانە ئەڵێن: کورد هەموو مەحکومی جنوونن
ئەم حاڵە، دەوامێکی تەبیعی هەیە بۆ کورد
تا غافڵ و بێ بەهرە لە عیلم و لە فنوونن «2،106-107».

لە هۆنراوەی « ئەی کوردینە »شدا، بە شێوەیەکی یەکجار بە سۆز، بە دڵێکی خاوێن و پڕ لە جۆشەوە، داوای تەبایی و یەکێتیی، لە ڕۆڵەکانی کورد کردووە و بە شەش نیوەدێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

ئەی کوردینە! ئەی مەردینە! با دەست لە ناو دەست کەین هەموو
بۆ بەرزێتی خاکی « وەتەن »، بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو
بێ کەس نییە دایکی « وەتەن »، ئێمەش « فیدا »کاری ئەوین
تا کورد لە « عالەم » دەرکەوێ، بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو
« ئەجداد »مان شێری زەمان، حورپوون و سەربەستی جیهان
باکمان نییە، ئێمەش لە کەس،
بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو «1،110».

هەروەها، لە ڕێی ئەم چەن دێڕە هۆنراوەیەشەوە، بە جوانترین شێوە، هەستی دەربڕیوە و گوتوویەتی:

وا « وەتەن » خەمڵیوە وەک گوڵ، نەوبەهاری میللەتە
شادمانی « قەومی کوردە »، وەختی « لوتف و ڕەحمەتە »
زەرەیەک خاکی« وەتەن »، نادەم بە « قەسری قەیسەری »
« جوملە ئەنهاری »، وەکوو کەوسەر، هەوای وەک « جەننەتە »
میللەتی کورد، « موڵکی » سەربەستیشی، خستە دەستی خۆی
جان نیساری گەر نەکا، هەر کەس بەشی ئەو « لەعنەتە »! *1 «1،113».

« زێوەر »، لە خۆشەویستیی نیشتمانەکەیدا تواوەتەوە، کوردستانەکەی بە بەهەشتی ڕازاوەی سەر ڕووی زەوی داناوە، داوای یەکێتیی و خوێندنی، لە

ڕۆڵەکانی گەلەکەی کردووە و کوتوویەتی:
وەتەنی من کوردستانە، یادگاری ئەجدادمانە
بەهەشتی ڕوی سەرزەمین، خاکی پاکی کوردستانە
با، هەموومان وەک برا بین، ڕەفیقی دین و دنیا بین
با، لە وەحشەت تەوەلا بین، نۆبەتی عیلم و عرفانە
کورد میللەتێکی ناسراوە، لە « مەعاریف » بە جێماوە
ڕۆژی « سەعی » و تێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کوردزمانە
کورد میللەتێکی ناسراوە، لە مەعارف بەجێماوە
ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کوردزمانە
کورد میللەتێکی قەنیمە، ساحبی تەبعی سەلیمە
شاهدی ئەم مودەعایە، سەلاحەئەدینی سوڵتانە «497،2»

پاشان، ئەم پەردەیە لای « زێوەر » دادەرێتەوە، پەردەیەکی نوێی شانۆگەریی ڕامیاریی، لە ژیانی هۆنەردا دەسپێدەکا. با بزانین، چۆن؟ هەمووومان دەزانین، « زێوەر » یەکێ بووە، لەوانەی لە شۆرشەکەی سالی « 1919 » ی « شێخ مەحموود »دا بەشدارییکردووە. بەلام، دوای ئەوەی هێزی کورد، لە « دەربەندی بازیان » تێکشکاوە، « شێخ »ی ئەمر بە بریندارریی گیراوە، ئیدی « زێوەر »، شاری « سولەیمانیی » جێهێشتووە، لەگەل خێزان و منالەکانی « شێخ »دا، روویان لە ناوچەی « هەورامان » کردووە و ماوەیە لەو ناوە ژیانیان بەسەربردووە.
« زێوەر »، لەڕۆژهەلاتی کوردستانیشەوە، لە سەر هۆنراوەگوتنی خۆی بەردەوام بووە. هۆنراوەی گوتووە و بۆ « سولەیمانیی » ناردووە، کاریێکیکردووە، هۆنراوەکانی دەس « مێجەر سۆن » کەون. ئەو کاتە « سۆن »، لە شاری "سولەیمانیی" یەکەم پیاوی دەسەلاتداری « ئینگلیز » بووە. « زێوەر »، بەو هۆنراوانە ویستوویەتی، « سۆن » هێورکاتەوە، دلی بداتەوە و ملی خۆی لە پەتی سێدارە ڕزگارکا. بەرژەوەندیی ئینگلیزیش وا دەبێ، خەلک لە کوردایەتیی و شۆرش دوورخەنەوە. بۆیە، « سۆن » لێی خۆشدەبێ. پاشان « زێوەر » دەگەرێتەوە، لە ژێر دەسەلاتی ئینگلیزەکاندا دادەنیشێ. دیارە، وەک مامۆستا « نەجمەدین مەلا »ش دەلێ:
(مامۆستا « زێوەر »، سالی « 1919ز. »، لەبەرئەوەی هاوکاری شۆرشی « شێخ مەحموود » بووە، هەلاتووە، چۆتە کوردستانی خۆرهەلات، لە گوندی « زەنبیل » ئەم هەلبەستەی وتووە و ناردوویەتی بۆ حاکمی سیاسی « مێجەر سۆن »، بەمە

خۆی لە تاوانی سیاسەت پەراندۆتەوە. « میجەر سۆن »یش لێی خۆشبووە و هەڵبەستەکەی لە ڕۆژنامەی « پێشکەوتن »دا چاپکردووە وە کردووشیەتی بە مامۆستا لە قوتابخانەی « نموونەی سەعادەت »دا.)«1، 30»
هەرچەندە، « زێوەر » بە هۆنەرێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر ناسراوە، هێندێ هۆنراوەی نیشتمانیی گوتووە. بەشداریی لە خەباتی گەلەکەیدا کردووە، چەرمەسەریی چێشتووە، نیشتمانەکەی خۆی خۆشویستووە. بەڵام، کاتێ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق دامەزراوە، باشووری کوردستانیان بە زۆر پێوە لکاندووە، « زێوەر » وەک مامۆستایەک، لە خوێندنگەکاندا کاریکردووە، گەلێ گۆرانیی و سروودی جۆربەجۆری، بۆ خوێندکارانی کورد داناوە و بە« عێراق »یدا هەڵداوە.
لە سەردەمی « زێوەر »دا، گەلێ هۆنەری زرنگ و باڵادەست هەبوون. بەڵام، هەرگیز باوەڕ ناکەم، هیچ هۆنەرێ بەو شێوەیە و بەقەدەر « زێوەر »، سروود و گۆرانیی بۆ « عێراق » گوتبێ. هۆنراوەی جۆراوجۆری بۆ هۆنیبێتەوە. بە پێچەوانەوە، چەندین هۆنەری ناسراو و گەورەی وەک: « ئەحمەد موختار جاف، حەمدیی ساحێبقڕان، بێکەس، پیرەمێرد، موفتی پێنجوینیی، بێخود، قانیع، شێخ نووریی شێخ ساڵح، گۆران، ا.ب. هەوریی، هەردیی » و گەلێکی دیکەشمان هەبووە، لەو سەردەمەی « زێوەر »دا ژیاون، بەڵام، تاکە یەک هۆنراوەیان، بۆ « خاکی عێراق، شا فەیسەڵ و ئالا »کەی نەگوتووە. لێرەدا دەتوانین، چەن نموونەیەک بێنینەوە:
کاتێ « شێخ مەحموود »، دژی ئیمپریالیزمی « بریتانیا » و دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، شۆڕشی بەرپاکردووە، کورد لە باشووردا چەوساوەتەوە. لە سەر ویلایەتی « موسڵ »، لە نێوان « ئینگلیز » و « تورکیا »دا ناکۆکیی پەیدابووە. ئا لەو کاتانەدا، ڕێفراندۆم کراوە، زۆربەی کورد، داوای مافی خۆیان کردووە. بەڵام، بە هەر فروفێڵێ بووبێ، « ئینگلیز »ەکان دەسی کوردیان، بە پەیمانی درۆ بڕیوە. لە ساڵی « 1924 »دا، ویلایەتی « موسڵ »یان، لە « تورکیا » دابڕیوە و بە « عێراق »ی عەرەبییانەوە بەستووە.
هەر چەندە، « زێوەر » لەگەڵ گەلی عەرەبدا، تاقیکردنەوەی نەبووە، لە دەس زۆرداریی و ملهوڕیی تورکەکان، داد و بێدادی بووە. بەڵام، وەک ڕووناکبیر و هۆنەرێکی کورد نەدەبوو، هەر زوو تفەنگ بە تاریکەشەوەوە بنێ، مژدەی ژیانێکی خۆش، بە کورد بدا، ئەو بڕیارەی پێ باشبێ، خۆشیی خۆی دەرببڕێ، بە شان و بازووی « بریتانیا » و « عێراق »دا هەڵدا. وا بزانێ، دواکەوتوویی و چەوسانەوەی

کـورد، کـۆتـاییــپـیــدێ، هەر لەبەرئەوەی، لە دەس تورک ڕزگـاریدەبێ. دوایـیش پەشیمانبێتەوە. بەڵکوو دەبوو، ڕێگەی ڕاست، پیشانی ڕۆڵەکانی گەلی باشووری کوردستان بدا، بۆ خەبات و سەربەخۆیی هانیناندا، نەک بیگوتایە:

چ خۆشە، « حوکمی عەدالەت »، ئەمانی « مەحکومیی »
چ خۆشە، ڕەفعی سەفالەت، شیعاری مەزڵوومیی
لە بەینی « قەوم و میلەل »دا، چ خۆشە مەوجوودیی
چ ئافەتێکە، « حەقیقەت » بەلایی « مەعدوومیی »
چ نەکبەتێکە، ئیلاهی « جەهالەتی » میللەت
چ دەوڵەتێکە، « مونەیەد » ئەساسی ـ مەعلومیی ـ
ئەما لە سایەی « عەدنی ئیلاه و لوتفی » خوا
لە سەر خراپەی ئەم کوردە، سایەی بوومیی
لە فەیزی لوتفی خواوە، « ویلایەتی موسڵ »
ـ نەجاتی ـ بوو بە تەواویی، لە پەنجەی ڕۆمیی
بەڵێ، « نەتیجەی زوڵم و جەفایە » بۆ هەر کەس
بەرۆکی خۆی ئەگرێ، « عاقیبەت » بە « مەشئومیی »
کولاهی « فەخری » هەموو کوردەکان، گەیشتە فەلەک
کە « تورکی »دا بە زەویدا، خەیاڵی مەوهومی
کە « عوسبەت ئەلئومەم »، ئەم « حوکمە » عادیلانەی دا
حەیاتی دا بە « عراق » و نەماوە « مەحروومیی »
بژی بە ـ عەدلەوە عوسبە ـ لەگەڵ « بەریتانیی »
چرای وڵاتە، قەراریان بە « لەفزی مەفهومیی »! «1، 46-47»

ئەمـە، گەر شتێ بگەیەنـێ، نیشانەی ئـەوەیە، هوشیاریی ڕامیاریی « زێوەر »، وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆی، گەلێ لاوازبووە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا، زۆر بە کوڵودڵەوە، گۆرانیی بۆ خاکی « عێراق » گوتووە. باسی سەروەت و سامانەکەی کردووە. لە کاتێکدا، زۆربەی ئەو باسکردنە، هەر بە سەر کوردستاندا دەچەسپێ. « عێراق »ی بە نیشتمانی کورد داناوە، وەک گیانێکی ڕەوان لێی ڕوانیوە و گوتوویەتی:

خاکی عراقم، سەربەسەر پڕ « مەعدەن » و دوڕ و « گەوهەر »
جێی « علم » و جێی فەزڵ و هونەر، باخاتی پڕ میوە و سەمەر
« کەوسەر » بە ناویا « جاری »یە، دڵ « عاشقی ئەنهار »یە

« بەحر »یشی پڕ مرواریییە، شاخی هەموو پڕ سیم و زەڕ
بنواڕە شاخ و کێو و دەشت، وەک سەبزەزاری ناو بەهەشت
هەر « لایەقە » بۆ سەیر و گەشت، ئایا بە « شام » ئایا « سەحەر »
شیرین وەتەنمانە « عراق »، ڕۆحی ڕەوانمانە « عراق »
ڕەنگین چەمەنمانە « عراق »، تۆزی هەموو سوورمەی نەزەر «1، 98-99»
هەروەها، بە هۆنراوەیەک « جوگرافیای عراق »ی، بۆ منالانی خوێندنگەکانی کوردستان هۆنیوەتەوە. زۆر بە شانازییەوە، زاراوەی « شیمال »ی بە گوێی منالانی کورددا داوە. وا دیارە، « زێـــــوەر » بە یەکجاری بڕیاریداوە، زاراوەی « شیمال » لە بری نـــــاوی شیرینی « کوردستان » بەکاربێنێ! بۆیە، بە هیچ شێوەیە، ناوی « کوردستان » نابا! لەگەڵ ئەوەشدا بڵێین: هەر باشە، هەر دوو شاری « کەرکووک » و « موسڵ »ی بە « شیمال! » داناوە و گوتوویەتی:
بە سێ « منطقە عراق » بەشکرا ، « شمال و وسط و جنوب » ناونرا
هەموو شارێکی پێی ئەڵێن: « لیوا » ، چواردە « لیوا »یە بیزانە هەروا
چوار لەم شارانە کەوتۆتە شیمال ، « سولەیمانی و کەرکووک »ی خۆشحاڵ
« هەولێر و موصڵ » شاری مەشهوورن ، بە « زەراعەت و سەنعەت مەسروورن »
منطقەی وسط هەموو شەش شارە ، یەکێ « بەغدا »یە ئەڵێی گوڵزارە
« دیالی و دلێم، حلە و کەربەلا » ، شاری « کووت »یشە دووربن لە بەلا
منطقەی جنوب: ئەویش چوار شارە ، شاری « بصرا »یە لەگەڵ « عەمارە »
سێیەم: « مونتەفیک » چوارەم: « دیوانی » ، لازمە ناوی هەمووی بزانی
لیوای « دیالی » شاری « بەعقوبە » ، مەرکەزێکی زۆر جوان و « مەحبوبە »
لیواکەی « دلێم »، شاری « رمادی » ، بۆتە مەرکەزێ، لە دەشت و « وادی »
« لیوای منتفک، ناصریە »یە ،
شارێکی جوان و بە « قاعیدە »یە ! .. «1، 102»
پاشان، باسی « سنووری عراق »ی کردووە و گوتوویەتی:
سنووری « عراق، شەرقی ئێرانە » ، « غەربی سووریە » هەر بیابانە
هەموو شمالی هی: « تورکیا »یە ، « شمالی شەرقی ئێران »ی تیایە
« جنوبی خەلیج، ئەمارەتی کوێت »
« سەحرای نەجدیشە، مەعلوم » بێ لێت ! .. «1، 102»
پاشتریش، لە شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆی عێراق دواوە، هــۆنراوەی « ئیدارەی عراق »ی پێشکەشکردووین و گوتوویەتی:

« ئیدارەی عێراق « بۆتە مەشرووتە ، حوکوومەتێکی جوان و مەزبووتە
« بەغدا پایتەختە، مەلیک « نشینە ، لەگەڵ « وەزیران، ئیدارە « بینە
« مەجلیسی میللەت، مەجلیسی ئەعیان « ، قانوون ڕێکئەخەن، بە دڵ و بە گیان
لەگەڵ ڕێکخرا « قانوون و نیظام «
« تطبیق « ئەکەن وەزیران تەمام ! .. «103،1»
لە باسی ڕووبارەکانی عێراقیشدا گوتوویەتی:
نەهری ناو عراق، « دەجلە و فورات «ن، ئەڵێی کەوسەر و ئاوی حەیاتن
« خێر و نەفعیان « ناکرێ ژمارە ، دروستە بڵێی: قەترەی « دینارە «
تێکەڵاوئەبن لای قوڕنە هەر دوو ، ئەمجا ، گومئەکەن ناوەکەی پێشوو
بە « شط العرب «، شوشرەت وەرئەگرێ، بە هەموو « نەوعێ، ئاوی « لێ ئەبرێ
سەرچاوەی دەجلە، خواری گۆلی « وان «، بە « لیوای موصڵا « دێتە وولاتمان
فورات لە ناو تورک، دێتە سووریە، لە « دێر « بۆ : « عراق «، وەستانی نییە
هەر وەک « عاشقی مەجنون و موشتاق «
هەر دووکیان خۆیان ئەکوتن بۆ « عراق « «103،1»
دەربارەی بازرگانیی دەرەوەی « عێراق «یش گوتوویەتی:
« تجارێ عراق، تجارەت « ئەکا ، دراوسێکانی « زیارەت « ئەکا
ئەچێتە « نەجد و کوێت و ئێران «، « فلسطین، اردن، سووریە، لبنان «
بۆ هندستان و ئەورووپاش ئەڕوا ، لەو ماڵەی « عراق « کە ئەیبێ، ئەیبا
« ئەنواعی خورما ، ئەنواعی خەلە «، حەیوانی ناڵدار، سمدار بە کەلە
کەتیرە و مازوو، بنێشت و خوریی ، هەتا هێلکەی زۆر لەگەڵ مامری
لە ساڵی هەزارونۆسەدوسیوچوار ، لە موصڵەوە ڕۆیی، مامر سەد هەزار
پێنج هەزار « سندوق «، هێلکەیش نێررا !
یا خوا ئاوابێ ــ مەملەکەتی ــ وا! .. «104–103،1»
هەروەها ، دەربارەی هاوردەی « عێراق« گوتوویەتی:
ئەوەی بۆ « عراق « دێ لە دەرەوە، « قاوە و چایی «یە بە شەکرد وە
کووتاڵی زۆر و ماڵی « عەتاریی «، عراقی پڕکرد، لای سەر و خواری
« ئەوعی عطریات، قسمی مەشروبات «،
« پوول و پارەیان «، بری لە وولات! «104،1»
هەروەها ، دەربارەی دانیشتووانی ئەو سەردەمەی « عێراق « واتە: ساڵی «1932 «
گوتوویەتی:

چوار ملیۆن ئەبێ، « نفـوسی عـراق » ڕووی لە زیادییـە، بە ئەمـری خـلاق «104،1».

جگە لەو هەموو هۆنراوانەی بۆ « عێراق »ی هۆنیوەتەوە، هێندە « عێراقچێتیی »یەکەی خەستکردۆتەوە، بە جارێ شووڵی لێ هەڵکێشاوە، لە لووتکەی تێپەڕاندووە. بۆیە، بە ڕووناکیی چاوانی خۆی داناوە. هەر چەندە، هەموو خاکی « عێراق »ی عەرەبیی، یەک گردۆڵکەی تێدا نییە، بەڵام، مامۆستا « زێوەر »ی موچەخۆری دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، هەموو چیا و دەشتەکانی باشوور، کە گیانی پێ دەبەخشێ، لە کوردستانی دابڕیوە و بە موڵکی « عێراق »ی داناوە. ئینجا تا توانیوێتی، پڕ بە دەم هاواریکردووە، بە بژی بژی، « شا فەیسەڵ »ی بۆ بەرقەرار کردووین، بە ئاوازێکی خۆش و بە مۆسیقایەکی چوان، گۆرانیی بۆ « عێراق » چڕیوە و گوتوویەتی:

ئەی « عراق »! ئەی « عراق »م! ئەی نووری چاوان!
چەندە جوانی، لە نەزەردا بوویتە گوڵشەنمان
لە « شمال » و لە « جنوبا، مەنظەرەی فەتان »
دانیشتووانت وەک برامن ، وەک برای هاوجان
شاخەکانت، دەشتەکانت، « ڕۆح » ئەبەخشێ پێم
ئاوی « ساف »ت، جێی « طەواف »ت، لادەبا « ئەحزان »
ئاگری ـ عشقت ـ لە دڵدا، ڕۆشنە بۆمان
تۆ « حەیاتی »، جێی بەراتی، « مەنبەعی ایمان »
هەر بژی « فەیصەڵ ملک، ابن الملک، ابن الملک »
ـ الی نبی، نسلی عەلی، لە بنی عدنان ـ ! .. «122-121،1»

لە کۆتاییشدا، بە کامی دڵ، گۆرانیی بۆ ئاڵای « عێراق » چڕیوە. بە ناوی گەلەوە دواوە و گوتوویەتی: ڕەنگی سوور و سپی و سەوزی ئاڵا، چاوی گەل گەشدەکا، خۆی بە پاسەوانی ڕادەگرێ، بە ئابڕووی گەلی دەناسێ، بە ڕێزەوە لە بەریدا ڕادەوەستێ، دەستی سڵاوی بۆ بەرزدەکاتەوە و دەڵێ:

ئەی « عەلەمی » بەرز و بڵندی وەتەن، خاکی قەدەمتە، سەری دوور لە بەدەن
ئەی عەلەمی سوور و سپی و سەوز و ڕەش، دیدەیی میللەت، بە تەماشاتە گەش
ئەی عەلەمی خاصی « عراقی عەزیز »، لەنجەی تۆ، جیلوەی تۆیە « تەمیز »
« ڕۆحی منە، حاریسە » بۆ سێبەرت، باڵی « ملائیک »، بوومتە ئەفسەرت
تۆی شەرەفی میللەت، هۆردووی عراق ، « نصرەتی حەق یارتە بالاتفاق »

لازمە بۆ ئێمە لە ڕووتا « سەلام »، « یا علم النصر لک الاحترام »!.. «122،1»
ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی « زێوەر »، لەو سەردەمەدا بۆ « عێراق »ی گوتووە، هەر هۆنەرێکی دیکە، لەم سەردەمەدا بیگوتایە، بە دەیان ناوو ناتۆرەی خراپیان دوادەخست، هۆی ناپاکیی و جاشایەتییان پێوەدەنا! کەچیی، سەرەڕای ئەو هەموو « عێراقچێتیی »و پیاهەڵدانە، « زێوەر » خۆی تووشی ناکۆکیی یەکی پڕ لە سەیروسەمەرە کردووە. گەر یەکێ ئەم هۆنراوانەی پێشووی بەرچاو نەکوتایە، دەیگوت: ئەم پیاوە، کوردێکی تەنگەتیلکە و نەتەوەپەرستبووە! چونکە، داوای جیابوونەوەی کردووە. سەیر ئەوەیە، هۆنراوەی « ماڵ جوێکردنەوە »ی لە ساڵی «1924»دا داناوە، کەچیی، هێندێ لەو هۆنراوانەی پێشووشی، هەر لە هەمان ساڵدا یا کەمێ دواتر گوتووە! با بزانین، ماڵی لەگەڵ کێ بەشکردووە؟ بۆچی ماڵی جیاکردۆتەوە؟

یابە! فەرزەن، تۆ شای سەر زەمینی
ڕازیم بە بەشی خۆم و « مسکینی »
« دەجلە و فورات »، با هەر بۆ خۆت بێ
منیش، « کوردوستان » شاخی ڕەنگینی
هەواکەی « شاهۆ »، ئاوەکەی « قەندیل »
لانەبا لە کورد، ئێشی برینی
قەت ڕێک ناکەوێ، دەس لە مل یەککەن
« حنتوش حلاوی »و ڕەسووڵ « سیرێن »ی
من لام باش نییە، سواری شانم بی
وا عەرزت ئەکەم، هەر بە شیرینیی
خورمای خۆت بۆ خۆت، مێوژم بۆ خۆم
« لکم دینکم و لی دینی » «36-35،1»

گەر یەکێ بە تەواویی، لە ناوەڕۆک و باوەڕی ئەو هۆنراوەیە وردبێتەوە، ڕەنگە بڵێ: ئەوەتەی « زێوەر » هەیە، داوای جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی کردووە! یا بە هەر جۆرێ بێ، تەنیا دەیەوێ، لە کولانە وێرانەکەی خۆیدا بژی و بحەوێتەوە. کەس نانێکی هەرزنی، لەگەڵ دوولەت نەکا! بۆیە، گریمان « یابە »ی عەرەب خۆی بە شای سەر ڕووی زەوی داناوە، ئەم وەک کوردێ، بەو بەشەی خودا داوێتێ، قایلبووە و هیچی دیکەی نەویستووە. تەنانەت، هەر دوو ڕووباری « دیجلە و فورات »یش، کە لە باکووری کوردستان هەڵدەقووڵێن و موڵکی کورد خۆین، هەر

لەبەرئەوەی بە تەنیا بژی، پێشکەشیکردوون! چونکە، ئەو چیای سەرکەش و ڕەنگینی کوردستانی هەبێ، هەوای سازگاری چیای « شاهۆ »ی « هەورامان » و ئاوی سارد و کەللەتەزێنی شاخی « قەندیل »ی هەبێ، ئیدی ئەو دوو ڕووبارەی بۆچییە؟!! هەڵبەتە، ئەمانەش هەموویان دەتوانن، دەرد و ژانەکانی لە بیربەرنەوە.
جگە لە هەموو ئەوانەش، پێی وابووە، « حەنتوش »ی عەرەبی دانیشتووی شاری « حیللە »ی ناوەڕاستی « عێراق »، لەگەڵ « ڕەسووڵ »ی کوردی، خەڵکی گوندی « سیرێن »ی « شاربازێڕ »، لە باشووری کوردستان، هەرگیز پێکەوە هەڵ ناکەن و بە ئاشتیی ناتوانن، ساتێ پێکەوە بژین. بۆیە، بە ڕاشکاویی، باوەڕی خۆی دەربڕیوە، گەر مێوژی کوردستانی هەبێ، خورمای عەرەبستانی ناوێ، هەر وەک خواش دەفەرموێ: هەر کەس و هەر گەلەی ئایینی خۆی بۆ خۆی و لە سەر بیروباوەڕ و ئایین، بەکۆ یەکدیدا مەچن!
جا ئێستە بۆمان هەیە، لە خۆمان بپرسین، « زێوەر » بۆچی، گۆرانیی بۆ برایەتیی کورد و عەرەب گوتووە، کە « حەنتووش » و « ڕەسووڵ » پێکەوە ڕێک ناکەون؟!! بۆچی ئەو جۆرە هۆنراوانەی، بۆ خاکی عێراق و ئالاکەی هۆنیوەتەوە، کە هەوای « شاهۆ » و ئاوی « قەندیل »ی ویستووە؟!!

تێبینیی لە سەر گوتارەکە :

* لە ڕاستییدا، « زێوەر »ی هۆنەر، لە گردی « جۆگە » نێژراوە. ئەم زانیارییەش، « مەحموود زێوەر »ی کوڕی هۆنەر بۆی ڕاسکردمەوە.

1* ئەم هۆنراوەیە، لەگەڵ ئەوەی لە نێو « سروود »دا چاپکراوە، زۆر جیاوازییان هەیە. من لێرەدا، لەسەر دیوانەکەی خۆی ڕۆشتووم.

سەرچاوەکانی گوتارەکە:

1. زێوەر، هۆنراوە، سۆزی نیشتمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، 1958.
2. عەلادین سوجادیی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، سردشت، پەرتووکخانەی زانیاری، خرداد، 1361.

2. شێوە و شێواز :

لە وەلامی سیپارەکەی « بەرزنجیی »دا، هەوڵدەدەم، چ لە ڕووی شێوە و شێواز، چ لە ڕووی بابەت و ناوەڕۆکەوە، گەلێ شت ڕوونکەمەوە. بۆ ئەوەی، هەم خۆی کەڵک لە هەڵەکانی وەرگرێ. هەم خوێنەرانی هێژاش، لە نێوان هەر دوو لامانداسەریشکبن. چونکە، وا نەدراوە، هەر وا بە ئاسانیی پێنەکرێ!

هەروەها، هەوڵدەدەم، بەپێی زنجیرەی باسەکان، هەرچی لە دیزەکەیدا بێ، دەریبێنم، تا، ئەوەی لە ژێر بەڕە شڕەکەیدایە، ئاشکرایکەم. هەموو ئەو هەڵانە پیشاندەم، کە « بەرزنجیی » کردوونی. بۆ ئەوەی، کارەکەشمان سەرکەوتووبێ، وەک مشتێ لە خەرواری هەڵەی « زمانەوانیی، ڕێنووس، داڕشتنی لاواز و ووشەی عەرەبیی »، چەن نموونەیەکی گرنگ، لە سیپارەکەی هەڵدەبژێرم. چونکە، گەر لە هەموو هەڵەکانی سیپارەکەی بدوێم، ئەوا دەبێ، وەلامەکە زۆر درێژترکەمەوە.

1/2. لە بەرگەوە بۆ بەرگ :

گەر سەرەتا، تەماشایەکی بەرگی سیپارەکە بکەین، دەبینین: تەنانەت، ناوەکەی خۆشی بە هەڵە نووسیوە. چونکە، « سەید » و « بەرزنجی »، هەر دووکیان بە دوو « ی » دەنووسرێن. واتە: « ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجیی »، جگە لەوەی، ناونیشانی سیپارەکەشی، لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە، هەر بە هەڵە دادەنرێ. چونکە، « پێویستی » بە دوو « ی » و « پێویستنین » نێگێتڤە بە جیا و «عێراقچێتی » بە دوو « ی » دەنووسرێن. جگە لەوەی، نیشانەکانی خاڵبەندیی، لە نووسینەکەیدا پێڕەو نەکردووە. بۆ نموونە: « زێوەر » وەک ناوی مرۆڤ دەبێ، لە ووشەی ئاسایی جیاکرێتەوە و لە نێوان دوو کەوانەدا بنووسرێ. بەلام، ئەو، ئەو لایەنەی فەرامۆشکردووە. واتە: ناوی سیپارەکەی دەبووایە، بەم شێوەیە بووایە: پێویستیی ئەو شیعرانەی پێویست نین لە وەلامی عێراقچێتیی یەکەی « زێوەر »دا.

هەروەها، بەرگی یەکەمی سیپارەکەی، لەگەڵ بەرگی دواوە، کەمێ جیاوازییان هەیە. لە پێشەوە نووسیویێتی: (پێویستی ئەو شیعرانەی پێویستنین لە وەلامی عێراقچێتیەکەی زێوەردا). کەچیی، لە پاشەوە تەنیا بەشی یەکەمی ناونیشانەکەی، بۆ ئینگلیزیی وەرگێڕاوە، واتە: The Necessity of the Un - Necessary pocms و بەشەکەی دیکەی وەر نەگێڕاوە، کە « لەوەلامی عێراقچێتیەکەی زێوەردا »یە! جگە لەوەی، بە ئینگلیزیی «A Critical Study»

بۆ زیادکردووه، کە لە بەرگی پێشەوەدا نییە! دیارە، رووی نەهاتووە، ئەو قسە هەلەقومەلەقانەی خۆی، بە « لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە » دابنێ. بۆیە، بە کوردییەکەی هیچی نەنووسیوە. وای زانیوە، کەس ئینگلیزییەکەی ناخوێنێتەوە و هەستی پێ ناکا! خۆزگە، رەخنەیەکی بەجێی بگرتایە، هێندێ لە هەڵەی زمانەوانیی و بۆچوونەکانمی دیاریکردایە، تا کەڵکم لە هەڵەکانی خۆم وەرگرتایە.
جا ئەو کاتە، پێش هەموو کەسێ، خۆم دەستخۆشانەم لێ دەکرد و کۆڵێ سوپاسم دەکرد! ناوی « سلێمانی »، لە « سلێمان »ەوە هاتووە. « سلێمان »یش ناوی مرۆڤە. دەبێ، جیاوازیی لە نێوان « سلێمان »ی مرۆڤ، « سلیمانیی » ناوی شاردا بکرێ. بۆ نموونە دەڵێین: « سلێمانی کوری عەلی ». بەڵام، کە بە دوو « ی » نووسرا، وەک « سلێمانیی »، ئەوا یەکسەر دەزانین، مەبەس لە ناوی شارە و لە رووی رێنووسیشەوە هەڵە نابێ!
لە لاپەرە دوودا نووسیوێتی: « سلێمانی/کوردستان عێراق ». لە رووی زمانەوە، گەر « کوردستان » هی « عێراق » بێ، ئەوا دەبێ، بنووسێ « کوردستانی عێراق » خۆ گەر « بەرزنجیی » بڵێ: مەبەسم ئەوەبووە، بڵێم: هەرێمی « کوردستان » و دەوڵەتی « عێراق »، ئەوا دەبووایە، نیشانەکانی خاڵبەندیی بەکاربێنایە و بینووسیایە: « کوردستان — عێراق »، ئەو کاتە راستربوو.
ئینجا، با بە شێوەیەکی گشتیی، لە شێوەی نووسین و هەڵەی زمانەوانیی سیپارەکەی بدوێین. « بەرزنجیی »، سیپارەکەی بە رێنووسێکی کۆن و هەڵە نووسیوە. هێندێ هەڵەی چاپی تێدایە. زۆر هەڵەی زمانەوانیی کردووە. بە زمانێکی کلاسیکیی نووسیوێتی. کەڵێ ووشەی بیانیی بەکارهێناوە. بە شێوازێکی عەرەبیی لاواز داڕشتووە. بە شێوەیە لاوازیی پێوە دیارە، پەنا بەخوا، دەڵێی عەرەبێکی دەشتەکیی « عێراقچیی » نووسیوێتی و فێری زمانی کوردیی بووە! هەروەها، هێندێ کۆپلەی لە نووسینەکانەوە وەرگرتووە، بە شێوەیەکی دەسپاکانە نەیگواستوونەتەوە. با بزانین، چۆن؟!!

2/2. هەڵەی چاپ :

« بەرزنجیی »، سیپارەکەی هێندە بە پەلە نووسیوە و چاپکردووە، وای زانیوە، گەر زوو وەڵام نەداتەوە، چاوی خوێنەر بەو « بەرزنجیینامە »یە روون نەکاتەوە، ئیدی لە لایەکەوە، « زێوەر » لە گۆڕەکەی خۆی سەر دەردێنێ، یەخەی دەگرێ و گلەیی لێ دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە، هەم دینگە سەرەکییەکانی بیری قرچۆک و ناسۆی « عێراقچێتیی » دەلەقێ و دەتەپێ. هەم خێرا لە جێی ئەو، دەوڵەتێکی کوردیی لە

باشووری کوردستان دادەمەزرێ! لەبەرئەوە، فریای ئەوە نەکەوتووە، دوای تایپکردنی سیپارەکەی، کەمێ بە نووسینەکەی خۆیدا بچێتەوە، هەڵەکانی چاپی لێ بژارکا. بۆیە، بە دەیان هەڵەی چاپی تێدایە. بۆ نموونە: « سایسی، هربەدەر، کوزەرانیا، حوکمەت، تاوتۆ ، مامستا، کوزەرانیا، سەنگەرکورینی، کست و کاڵ، لاکردا، رەش دەچۆروە، بەچەنشنی، ناتەواوەی، لەناوەڕساتی، تروکیاو، بڕوودا، بێگومەان، تەمموز، کۆتۆ زنجیر، نمەونەی، وا دیامر، مەڵنگارێ، تاوتۆو ... تاد »

3/2. ووشـەی بیانیی :

لای خۆی، دەورویەری سی ساڵێ دەبێ، مامۆستای خوێندنگەی سەرەتاییە. وانە بە منالانی کورد دەڵێتەوە و فێری زمانی کوردییان دەکا. خۆشی بە نووسەر دادەنێ، چەندین گوتار و نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە. کەچیی، تازە بە زمانێکی تێکەڵی نیوە کوردیی ـ عەرەبیی دەنووسێ. هەر دەڵێی، مەلای مزگەوت و نووسەرە کلاسیکییەکانی کوردە، بە هەڵە لە سەدەی بیستدا لەدایکبووە! لە هێندێ شوێنیشدا، دەڵێی فەرهەنگی زمانی « کوردیی ـ عەرەبیی »، بۆ منالانی کورد داناوە. چونکە، واتای هێندێ ووشەی کوردیی، بە عەرەبیی نووسیوە، تا برا کوردەکانیشی لە کوردییەکەی بگەن. وەک ئەوەی، تەنیا هەر خۆی، واتای ئەو ووشانە بە کوردیی بزانێ!

جگە لەوەی، پێویستی نەدەکرد، ئەو هەموو ووشە بیانییانە بەکاربێنێ، چونکە، واتاکانیان زۆر لە مێژە، لە زمانی کوردییدا هەن. لە هەمان کاتیشدا، نەیزانیوە یا نەیتوانیوە، کوردییەکەی بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربێنێ. بۆ نموونە: ئەم ووشە بیانییانەی، چەندین جار لە سیپارەکەیدا دووبارەکردۆتەوە. « شاعیر، زوڵم، مولحەق، قەدەرێک، حوکم، مەلیک، هاوسنف، قەڵەم، ڕادە، ئەدەب، حورمەت، قەبر، دیفاع، حەرام، وەفا، کامیل، دنیا، عونسور، منەوەر، ئەمەل، عیبرەت، قەریحە، وەکیل، ڕەئیس، ئیهمال، ویقار، ئاغر، شەمع، عەسر، مەجلیس، لەعنەت، قەسەمخۆر، زمرە، ختورە، فەرد، قەوم، عادیلانە، فەزا، تورەقی، سیارە، مەسائیل، الوضع السائد، وەزع، حوکمڕان، ئیدارە، زەمان، حاڵەت، منافق، محسنات البدیعیە، ئینکار، مانا و مەعنا، مجرد، تعیلمی، حکومەت، خەیاڵ، کتێب، ئەمانەت، عەشایەر، مەرکەزی، تەماع، خزمەت، نەفسیەت، قانون، تەبعی، تورەهات،، ئانی، مستجدات، علم الممکنات، یعنی، تەجاوز، بۆرە ثوریە، العمق الاستراتیجی، حرب طویلە الامد، اضرب و اهرب، سەعات، موحاکەمە، نوور، مسایەرە، مهادەنە، کەیف، مولتەزیم، مەسەلە، واقیع، حەسرەت، ڕەفز، قەدح،

مەحەک، ساحە، حیزب، تۆمەت، مەیدان، ئینساف، لامەرکەزی، عوسبە، لغات محلیە، زاتی و موضوعی، موقەتتەر، فاحیشە، ردالاعتبار، وەتەن، شەتر، عەجز، ئەخیر، حەلاڵ، عەزرەت، ئاقیبەت، تەحلیلات، تەجرەبە، کەسیف، زەلیل، جومعە، ئەحواڵ، زەحمەت، خاتر، مەنطیق، سەقەت، دار المعلمین، تەمووز، حەقیقەت، ئیجاب و سلبی، ئیشارە، مستوسف، خەفەر، لزوم، مەحزەر، تەسلیم، ثقافە، مکافئە، عەریزە، استحالە، متواضع، واسیتە، الریاح هبت بما لا تشتهی السفن، حیساب، وەحشی، حوکم زاتی، غەیرە، ماقولیەت، شەرەف، ناموس، منطقە، ئەسڵ، حاڵی، لەوحە ... تاد » جا، گەر کوردییەکی باشی بزانیایە، چۆن ئەو هەموو وشە بیانییانەی بەکاردێنا؟! باشتر نەبوو، لە بری ئەوەی خۆی ماندووکا و ئەم شاکارە بەرزە بنووسێ، کەمێ خۆی فێری زمانی نووسین بکردایە، تا کەڵکمان لە زانیارییەکانی وەرگرتایە!

4/2. **ڕێنووس:**

دەربارەی ڕێنووسی زمانی کوردیی، تا ئەوڕۆ گرفتێکی زۆرمان هەیە. چونکە، کورد وەک هەرگیز، لە هیچ شتێکدا یەککرتوو نەبووە و نییە، هەروەها، لە ڕێنووسەکەشیدا، هەر یەککرتوو نەبووە و نییە. بۆیە، لێرەدا ناچاردەبم، کەمێ بە درێژیی لەو باسە بدوێم. هێندەی پێوەندیی بە وەڵامەکەی « بەرزنجیی »یەوە هەبێ، لە سەرەتادا ڕوونیکەمەوە.

(بە باوەڕی من، لەبەرئەوەی نووسینی کوردیی، هێشتا بە تەواویی یەکی نەگرتووە، بۆیە، هەر نووسەرێ چۆنی بوێ، وا دەنووسێ. لەبەرئەوە، ئەوڕۆ سێ جۆر ڕێنووس لە نووسینی کوردییدا بەدیدەکرێ:

1. ڕێنووسێ، بنچینەکەی لە سەر چاوگ دامەزراوە. وەک ئەوەی هەر وشەیەک، گەر چاوگ بوو، بەسەریەکەوە دەنووسرێ. گەر، وەک کرداریش بەکارهێنرا، ئەوا ڕەگەکەی بە جیا و کردارەکە بە جیا دەنووسرێن. واتە: هەموو وشەیەک، جگە لە چاوگ، بە جیا دەنووسرێ، بێ ئەوەی، گوێ بە واتاکەی بدرێ. بۆ نموونە:

« پاککردن، چاککردن، بانگکردن، هەڵوەشاندنەوە، هەڵگێڕانەوە، خۆتێهەڵقورتاندن، تێداچوون، ... تاد ». ئەمانە هەموویان چاوگن، پێویستە، بەسەریەکەوە بنووسرێن. بەڵام، کاتێ گەردانیاندەکەین و بە شێوەی کردار بەکاریاندێنین، وایان لێدێ: « پاکم کردەوە، پاکی کردەوە، پاکیان کردەوە، پاکی دەکەمەوە، پاکی دەکاتەوە، پاکی دەکەنەوە. هەڵم وەشاندەوە، هەڵی وەشاندەوە، هەڵیان وەشاندەوە، هەڵی دەوەشێنمەوە، هەڵی دەوەشێنێتەوە، هەڵیان

دەوەشێننەوە. خۆم تێ هەڵ قورتاند، خۆی تێ هەڵ قورتاند، خۆیان تێ هەڵ قورتاند، خۆمی تێ هەڵ دەقورتێنم، خۆی تێ هەڵ دەقورتێنێ، خۆیانی تێ هەڵ دەقورتێنن ». هەروەها، بۆ ووشەکانی دیکەش، هەر بەو شێوەیە دەبێ. لێرەدا دەبینین، لە هەموو ووشەکاندا، ڕەگی چاوگەکە یەک شتە، وەک « پاک و هەڵ ». ئەویش بەگوێرەی « کات، بکەر، تاک و کۆ » پاشگری وەک « ی ، م ، یان » وەردەگرن و واتای ووشەکان دەگۆڕێن.

2. ڕێنووسێ، بنچینەکەی لە سەر واتای ووشە دامەزراوە. وەک ئەوەی هەر ووشەیەک، گەر واتایەکی تایبەتیی ببەخشێ، بێ ئەوەی گوێ بە سیستێمی چاوگ و ڕەگەکەی بدرێ، هەمووی پێکەوە دەنووسرێ. واتە: گەر چەن ووشەیەک، یەک واتایان بەخشی، لە تەنیشت یەکدییەوە دەنووسرێن. بۆ نموونە:« پاککردنەوە یا پاککردن ـ پاکمکردەوە، پاکیکردەوە، پاکیانکردەوە. پاکیدەکەمەوە، پاکیدەکاتەوە، پاکیدەکەنەوە. هەڵوەشاندنەوە ـ هەڵمەوەشاندەوە، هەڵیوەشاندەوە، هەڵیانوەشاندەوە، هەڵیدەوەشێنمەوە، هەڵیدەوەشێنێتەوە، هەڵیاندەوەشێننەوە. خۆتێهەڵقورتاندن ـ خۆمتێهەڵقورتان، خۆیتێهەڵقورتان، خۆیانتێهەڵقورتان، خۆمیتێهەڵدەقورتێنم، خۆیتێهەڵدەقورتێنێ، خۆیتێهەڵدەقورتێنن ». ئیدی بەو شێوەیە، ئەم سیستێمە، بۆ هەموو ووشەکانی دیکەش پێڕەودەکرێ.

بۆ ئەوەی، بەگوێرەی ئەم سیستێمە، هەموو ووشەکان بە ڕاستیی بنووسین، گەر نەمانزانی، ووشەیەک چۆن دەنووسرێ، پێویستە، بۆ چاوگەکەی بگەڕێینەوە. پاشان ورديکەینەوە. بۆ نموونە : ووشەی « هەستان ـ هەستاندن یا هەڵسان ـ هەڵساندن » چاوگە. گەر بمانەوێ، بە پێی کردارە جیاوازەکانی و کات بینووسین، بەم شێوەیە دەبێ: « هەستام ـ هەڵسام، هەستا ـ هەڵسا، هەستان ـ هەڵسان. هەڵدەستم ـ هەڵدەسم، هەڵدەستێ ـ هەڵدەسێ، هەڵدەستن ـ هەڵدەسن. هەڵمسێنە، هەڵیسێنە، هەڵیانسێنە. هەڵمسێنن، هەلیسێنن، هەڵیانسێنن ». بەلام، هێندێ کەس دەنووسن: « هەڵمبستێنە، هەڵیبستێنە، هەڵیانبستێنە. هەڵمبستێنن، هەڵیبستێنن، هەڵیانبستێنن ... تاد ». بە باوەڕی من، ئەم شێوازەی دووایییان، جگە لەوەی لە سەر زبان قورسە، بە هەڵەش دادەنرێ، چونکە چاوگەکە لە بنەڕەتدا، پیتی « ب » تێدا نییە، لەبەرئەوە نابێ، ئەو پیتە زیادکرێ.

3. هێندێ نووسەر، هەر دوو شێوەکەی پێشوو تێکلاودەکەن. وەک ئەوەی، ووشەی پاککردنەوە، جارێ بە شێوەی چاوگ دەنووسن، جارێکی دیکەش، لە سەر بنچینەی واتا بەڕێوەدەرن. لەبەرئەوە، هێندێ جار دەنووسن، « پاکی دەکەمەوە »،

لە هێندێ شـوێنی دیکەشـدا دەنووسن، « پاکـیـدەکـەمـەوە ». واتە: لە نووسینەکانیاندا، دوو جۆرە ڕێنووس پێڕەودەکەن. ئەم شێوازە لە هیچ ڕوویەکەوە ڕاست نییە. چونکە، پتر سەر لە خوێنەر و نووسەرە لاوەکانمان دەشێوێنێ.) «426-424،28»

هەروەها، (هێندێ کەس هەن، دەیانەوێ، پێڕەوی ڕێبازی ڕێنووسی نوێ بکەن. بەڵام وا دیارە، زۆربەیان بە تەواویی، لە زمانی کوردییدا شارەزا نین. بۆیە، گوێ بە هیچ ڕێوشوێنێکی ڕێزمان و زمانەوانیی نادەن. ئەز پێمـوایە، نابێ، هەر لە پێناوی ئەوەی بەسەریەکەوە بنووسین، ئیدی هەرچی لە زمانەکەماندا هەیە، بە سەر یەکدیدا بیانترشێنین و گوێ بە هیچ نەدەین. بۆ نموونە.
نابێ بنووسین، کارەکەیبەئەنجامگەیاند، بەڵکوو دەبێ بنووسین، کارەکەی بە ئەنجامگەیاند. هەروەها، ئیشەکەیجێبەجێکرد ــ ئیشەکەی جێبەجێکرد. زۆربەی نووسەران، « ئەمشەو، یەکەمجار، کەمجار ... » بەم شێوەیە دەنووسن، بەڵام وەنەبێ، گەر زۆربە کارێکیانکرد، ئیدی هەڵە نەبێ! چونکە، هەر یەکێ لەو زاراوانە، لە دوو ووشەی جیاواز پێکهاتوون. وەک : « ئەم » و « شەو »، « یەکەم » و « جار »، « کەم » و « جار »، کە هەر یەکەیان پێناسەی تایبەتیی خۆیان هەیە. « ئەم » ناوی هێمایە، « شەو » ناوە و بۆ کات بەکاردێنرێ. « یەکەم » ژمێرەیە و بە ئاوەڵناو دادەنرێ و « جار »یش هەروەها. « کەم » ئاوەڵناوێکە باسی شتێکی دیکە دەکا، « جار » بۆ ژماردن دەبێ. لەبەرئەوە دەبێ، بە جیا بیانووسین. جا گەر وا نەبێ، ئەدی بۆچی بەسەریەکەوە نانووسین: « ئەوشەو، دووەمجار، زۆرجار، هێندێجار ... »
لەوانەیە، هێندێ بڵێن: ئەدی زاراوەی « ئەمڕۆ یا ئەوڕۆ »، بۆ بەو شێوەیە دەنووسرێ؟ سەرەتا دەبێ، بزانین، ئەمە لە کوێوە هاتووە؟ « ئەمڕۆ یا ئەوڕۆ » بارێکی جیاوازی تایبەتیی خۆیان هەیە. چونکە « ئەمڕۆ یا ئەوڕۆ » ووشەیەکی لێکدراوە، لە « ئەم یا ئەو » و « ڕۆژ » پێکهاتووە. بەڵام، پیتی « ژ » قرتێنراوە، کورتکراوەتەوە و وەک ووشەیەکی نوێ داتاشراوە، تا « ئەمڕۆ یا ئەوڕۆ »ی لێ دەرچووە. ئەو چەن نموونەیەی پێشووش، بە چەن ووشەیەکی لێکدراو و داتاشراو دا نانرێن!

تەنانەت، کاتێ بە سەریەکیشەوە دەنووسین، بە هیچ شێوەیە نابێ، « ناو، ڕاناوی سەربەخۆ، کردار، ئامرازەکانی پێوەندیی و لێکدەر »، پێکەوە بلکێنین. چونکە، ئەو کاتە، جیاوازیی لە نێوان ئەو ووشە گرنگانەی زماندا نامێنێ، بەڵکوو

دەبێ، هەر یەکەیان بە جیا بنووسرێن. بۆ نموونە: « سولەیمانیخۆشە، عەلیقۆزە، لەدوورەوەهاتم، هانی جوانرۆمدا. » ئەم شێوە ڕێنووسە هەڵەیە و نابێ، بەم شێوەیە بنووسین. چونکە، گەر وا بنووسین، دیارە تەنیا دەمانەوێ، ئەوە بسەلمێنین، ڕێنووسێکی نوێمان بۆ زمانی کوردیی داناوە!!! ئەم پێکەوە نووسینانە، بە گوێرەی « ڕاناوەکان، پیتەکان، پێشگر و پاشگرەکان، ناوی مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، ڕووەک، جێگە » دەگۆڕێ. دیارە، هەر چی ناوی « مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک، شتومەک و کەلوپەل » هەیە، بەسەریەکەوە بنووسرێن، گەلێ جوانتر و باشترە. هەر چەندە، لە چەن پیت و ووشەیەکیش پێکهاتبن، هەر یەک واتا دەگەیەنن. وەک: « دڵئارام، کرێکار، جگەرخوێن، جاڵجاڵۆکە، هەزارپێ، شەنگەسوورە، دارکونکەرە، لاولاو، شاتوو، تووترک، گۆیژەڕەشە، حێلومێخەک، ملوانکە، بازیبەند، پڵپڵە، سیاچەمانە، ئاویسەر، تەنگیسەر، چلچرا، بەرگەسەرین، گوڵدان ...تاد » نەک: « دڵ ئارام، کرێ کار، جگەر خوێن، جاڵ جاڵۆکە، هەزار پێ، شەنگە سوورە، دار کون کەرە، لاو لاو، شا توو، توو ترک، گۆیژە ڕەشە، حێل و مێخەک، مل وانکە، بازی بەند، پڵ پڵە، سیا چەمانە، ئاوی سەر، تەنگی سەر، چل چرا، بەرگە سەرین، گوڵ دان ... تاد ».)« 428-427،28 »

جا گەر ئێستە، سەرنجێکی ورد، لە سیبارەکەی « بەرزنجیی » بدەین، زۆر بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ، هیچ جۆرە ڕێنووسێکی پێڕەو نەکردووە. بەڵکوو، تەنیا هەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی دایگرتۆتەوە، وەک بڵێی، ڕێنووسێکی تایبەتیی داناوە! بە ئارەزووی دڵی خۆی، « ئامرازەکانی پێوەندیی و لێکدەر، ناو و ڕاناوی لکاو و نەلکاو » ی پێکەوە نووساندووە، بێ ئەوەی، نیشانەکانی خاڵبەندییشی بەکارهێنابێ! جگە لەوەی، شارەزای ڕێنووسی کوردیی نوێ نییە، لە زۆر جێگەی نووسینەکەشیدا ویستوویەتی، وا خۆی بنوێنێ، دەسەڵاتی بە سەر ڕێنووسی کوردیی نوێدا دەشکێ. بۆیە، لەو شوێنانەی پێویستبووە، بەسەریەکەوە بنووسێ، بە جیا نووسیوێتی. لەو شوێنانەشدا پێویست نەبووە، بەسەریەکەوە بنووسێ، بەسەریەکەوە نووسیوێتی! لەبەرئەوە، هەڵەیەکی زۆری کردووە. لێرەدا، چەن نموونەیەک لە سەر هەڵەکانی دێنمەوە و شێوە ڕاستەکانیشی لە بنەوە دەنوسم:

(لەو مەنەوەرو شاعیرانەی بەدەوری شێخەوەبوون.)« 7،3 »

لەو مەنەوەر و شاعیرانەی، بە دەوری « شێخ »ەوە بوون.

(کێ فەرمان و ئاگادرای و ڕێنمایی یەکانی دەسەڵاتی تازەی بەکوردی دەکردو تیابڵاودەکردەوە؟)« 7،3 »

کێ فەرمان و ئاگاداریی و ڕێنماییەکانی، دەسەڵاتی تازەی دەکرد بە کوردیی و بڵاویدەکردەوە؟
(کەشێخ تیاهاتەوە ناوشار)«8،3»
کە « شێخ » تیا هاتەوە ناو شار. جگە لەوەی نازانم، ئەوە چۆن کوردیی یەکە، تیا هاتەوە؟ ڕاستر وایە، بینووسیایە: کە « شێخ » هاتەوە ناو شار.
(ئەمە بۆ خۆی شیعرێکی سیاسی وەهایە کەئەوسێ دێرە هاوتایی دەیان پەرەی وتارێکی مێژوویی و سایسی دەکات.)«15،3»
ئەمە بۆ خۆی، شیعرێکی سیاسیی وەهایە، کە ئەو سێ دێرە، هاوتای دەیان پەرەی وتارێکی مێژوویی و سیاسیی دەکات.
(شاعیرانی کورد هەتا بیستەکانی ئەم چەرخە تێکڕا لەسەر ئەوە کۆکبوون کەدژ بەبێگانەی داگیرکەرو هەواداری قەوم و میللەتەکەیانبن)«16،3»
شاعیرانی کورد، هەتا بیستەکانی ئەم چەرخە، تێکڕا لە سەر ئەوە کۆکبوون، کە دژ بە بێگانەی داگیرکەر و هەواداری قەوم و میللەتەکەیان بن.
(لامباشەو لامباشنیە)«23،3»
لام باشە و لام باش نییە.
یا لە چەن شوێنێکدا نووسیوێتی: « یەکەمجار، هیچکام، وەیا، هەربۆ، خۆکە، هەرچاوگێران، لەهەر، ئەوەشبکەین، کەبەهەڵەشدا، مەریواندەکات... تاد » ئەم جۆرە پێکەوە نووسینانە، زۆر هەڵەیە و دەبێ، بنووسرێ: یەکەم جار، هیچ کام، وە یا، هەر بۆ، خۆ کە، هەر چاوگێران، لە هەر، ئەوەش بکەین، کە بە هەڵەشدا، مەریوان دەکات... تاد. من تێ ناگەم، چۆن ناوی شارۆچکەیەکی گەورەی وەک « مەریوان » بە کردارەوە دەلکێنرێ؟!! لە ڕێنووسی کوردییشدا وە نەبێ، زۆر شارەزابێ. نەخێر، بەڵکوو تا بڵێی، کوڵ و هەژارە. بۆ نموونە: هێندێ ووشەی وەک: « تەرازوو، ئەلفوبێ، بریتانیا، بەڕێوەبەرێتیی یە کوردیی یەکەی، دەرگە یا دەرگا، ئاوا، ئاواتخواستنێکی ... تاد » بەم شێوەیە نووسیوە: « ترازوو، ئەلفبا، بەریتانی، بەڕێوەبردنە کوردیەکەی، دڕگە، ئاوها، ئاواتە خواستنێکی ... تاد »
هەروەها، هێندێ ناوی بە ڕێنووسی کوردیی و زۆربەشیانی، بە ڕێنووسی عەرەبیی نووسیوە. وەک: « حسین محمد عزیز، نوری، عبدالمحسن السعدون، عمر معروف بەرزنجی، سعید قزاز، رفیق حیلمی ... تاد » بە کوردیی بەم شێوەیە دەنووسرێن: « حوسێن محەمەد عەزیز، نووریی، عەبدولموحسین ئەلسەعدون، عومەر مەعروف یا مارف بەرزنجیی، سەعید قەزاز، رەفیق حیلمیی ».

ئامرازی لێکدەری « و »، هێندێ لە ئامرازەکانی پەیوەندیی وەک « لە، بە ی بە وشەکانەوە نووساندووە. هێندەی من ئاگام لێ بێ، لە هیچ زمانێکی جیهاندا، ئەو ئامرازانە بە « ووشە، ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و کردار »ەکانەوە نالکێنرێن، تەنیا لە زمانی عەرەبییدا نەبێ، هێندێ لە ئامرازەکانی وەک « ب » بە هێندێ ووشەوە دەلکێنرێن. بۆ نموونە: « ب + واسطه = بواسطه. ب + العربي = بالعربي ... تاد » ئەگینا، ئامرازەکانی دیکەی وەک: « لا، ما، لیس ... تاد » گشتیان بە جیا دەنووسرێن. بۆیە، نەک هەر ئەو، بەڵکوو زۆربەی نووسەرانی باشوور، ئەو ئامرازانە بە هەڵە و بە چاولێکەریی لە عەرەبەکان پێکەوەدەلکێنن. بە تایبەتیی، ئەمە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، زۆر بە زەقیی دەبینرێ. بۆ نموونە: ئامرازی پەیوەندیی و لێکدەری، لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی گرامەری کوردییدا بەکارهێناوە، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ: « لەوەلامی، لەناو، لەنەشارەزایی یەوە، لە1969، لەژێر، لەسەر، لەژمارە، لەرێی، لەدیوانەکەیدا، لەپرۆگرامی، لەمێشکیاندا، لەراستی دا، لەسەروساختی، لەسەرەتای، لەمولحەقی، لەقەڵەمی، لە سایەی، لەئەزمونی، لەباوەش، لەژوور، لەرابردوو، لەبەر، لەمامۆستا، لەرێگای، لەدڵسۆزی، لەپەنجا، لەزویان، لەدنیای، لەسەربەستی، لەروشدیەی عەسکەری، لەسلێمانی، لەقوتابخانە، لەدەربەدەری، لەشاردا، لەدەردیسەری، لەبارودۆخێکی، لەبەندی و ئەسارەت، لەسودی، لەلادێیتە، لەهەموانە، لەرووی، لەپێشەکیەکەی، لە پێناوی، لەشیعر، لەمەسائیل، لەدوقای، لەلای، لەداخ، لەهەندێ، لەروو، لەسونگەی، لەکوردستان، لەمێژووی، لەمزگەوتی، لەساحەی، لەیەک، لەناوەراستی، لەسەرچنار و ... تاد »

جگە لەوەی، ئامرازی « لە » بە جیا دەنووسرێ، رێنووسی هێندێ لە ووشەکانی دیکەشی هەر هەڵەیە. بۆ نموونە: لەسەربەستی ـ لە سەربەستیی. لەروشدیەی عەسکەری ـــ لە روشدیی یەی عەسکەریی. لەسلێمانی ـــ لە سلێمانیی. لەدەربەدەری ـــ لە دەربەدەریی. لەدەردیسەری ـــ لە دەردیسەریی.

سەیر ئەوەیە، لە رێنووسی نوێدا، هێندە ناشارەزایە، ئەوەی پێویستە، پێکەوە بینووسێ، بە جیا دەینووسێ و بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە: لەراستی دا. « لە » وەک ئامرازێکی پەیوەندیی سەربەخۆ، بە جیا دەنووسرێ. بەڵام، پاشگری « دا » بێ ووشەی « راستی » هیچ نییە و هیچ ناگەیەنێ. هەروەها، « راستی »ش بە دوو « ی » دەنووسرێ. کەواتە دەبێ، بنووسین: لە راستییدا.

ئایا، لە زمانی کام نەتەوەی جیهاندا، ئامرازە پەیوەندییەکان، بە ناوی « مرۆڤ،

وولات، شار، جێگە، کەلوپەل، ئاژەڵ، پەلەوەر ھەوە نوسێنراوە؟!! کێ بیستوویەتی، کەسێ بە عەرەبیی « لەمامۆستا، لەڕوشدیەی عەسکەری، لەسلێمانی، لەقوتابخانە، لەشعر، لەکوردستان، لەسەرچنار « ئامرازەکانی پێوەندیی « فی یا من ی عەرەبیی بە ووشەکانی « معلم، روشدیە العسکریە، سلیمانیە، المدرسە، الشعر، کوردستان، سرجنار ھەوە بنووسێنێ؟!! یا کێ دیوێتی، لە زمانی ئینگلیزییدا، ئامرازەکانی « ... In, On, From, Att »، بەم ووشانەوە بلکێنێ؟
Teacher, Sulaimania, School, Poems, Kurdistan, Sarchnar

دەتوانم، گەلێ نموونەی دیکەش، لە زمانەکانی « ڕووسیی و سویدیی ھەدا بێنمەوە، بەڵام، بە پێویستی نازانم. تەنیا ھەر ھێندە دەڵێم: مەگەر، ئەم ڕێنووسە نوێیەی ئەو بەکاریدێنێ، ھەر لە دەس خۆی بێ، ھەر بۆ خۆی باشبێ و پیرۆزیش بە خۆی بێ! تەنیا، ھێندە ھەیە، سەر لە خوێنەوارە لاوەکانمان دەشوێنێ. چونکە، کاتێ ناوی نووسەرێکی گەورەی بە توانای وەک « بەرزنجیی »، لە سەر ڕوکاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان یا لە سەر بەرگی سیپارەکانی دەبینن، وا دەزانن، زمانەوانێکی زۆر گەورە و شارەزایەکی گەلێ دەسڕەنگینە، نازانن، ناوی زل و دێی وێرانە!

ھەروەھا، ئامرازی « بە ھشی، ھەر بەو شێوەیە، بە ھەموو ووشەکانەوە گرێداوە. وەک « بەھەمان، بەشیعر، بەقەدەر، بەسانایی، بەھێمنی، بەحەرام، بەخوێندن، بەبریناری، بەکوردی، بەدرێژایی، بەشان، بەویژدانێکی، بەڕۆژێکی، بەیەکێک، بەبێگانە، بەلای، بەحوکمی، بەتایبەت، بەئاگاداربوونێکی کەم، بەخۆیان و بەقەومەکەیان، بەمام ئینگلیز ... تاد » جگە لەوەی، لەم چەن نموونە کەمەدا، ھەڵەی ڕێنووسی وەک « بە ھێمنیی، بە برینارییی، بە کوردیی » تێدایە، ئەم ئامرازەش دیسانەوە، لە زمانی کوردییدا و لە ھەموو بارەکاندا، ھەر بە جیا دەنووسرێ.

بە ھەمان شێوەش ئامرازی لێکدەری « کە »، لە ھەندێ شوێندا بە ووشەکانەوە لکاندووە، لە ھەمان کاتیشدا، لە سەرجەمی نووسینەکەیدا، ئەو ئامرازەی زۆر بەکارھێناوە. لە ڕاستییدا، لە ھێندێ جێگەدا پێویستن و لە ھێندێ جێگەی دیکەشدا پێوست نین و دەیتوانی، نەیانووسێ. چونکە ئەو ئامرازە، جگە لەوەی نووسینەکە قەبەدەکا، لە ھەمان کاتیشدا، ناشیرین و ناخۆشیدەکا. بۆ نموونە:
« کەزێوەر، کەباوەڕناکات، کەلەسەر، کەبڵێم، کەپیاو، کەبەرایی، کەنوشوستیش، کەئینگلیز، کەشێخ، کەبێتە، کەبەترازوویەکی، کەناوەڕۆک، کەتیا، کەلەمەرزەکاریەوە، کەدەم، کەدەڵێ، کەدژ، کەبەسودی، کەشاعیر، کەھێشتا، کەتەنیا، کەبەنەبوونی، کەکەیشتووە، ... تاد » جگە لە ھێندێ ھەڵەی ڕێنووسی

دیکەی وەک : « کەباوەڕناکات ــ کە باوەڕ ناکات. کەلەسەر ــ کە لە سەر. کەلەهەرزەکاریەوە ــ کە لە هەرزەکاریی یەوە. کەبەنەبوونی ــ کە بە نەبوونیی ».

کەواتە، هەموو ئەو ئامرازانە بە جیا دەنووسرێن. جا گەر وا نەبێ، کێ دیوێتی و کێ بیستوویەتی، ناوی « زێوەر، ئینگلیز، شێخ » لەگەڵ ئەو ئامرازەدا لێکدرێ و بنووسرێ: « کەزێوەر، کەئینگلیز، کەشێخ »؟!! لەوانەیە، « زێوەر و شێخ » زیندووبینەوە، لە « بەرزنجیی » زویربن و بڵێن: بابە، وازمان لێ بێنە، نە لە سەرمان هەڵبەرێ و نە بانگی ناوی نوێشمان بە کوێدا بدە! یا گەر « ئینگلیز » داگیرکەرەکان پێ بزانن، لێی توورەبن و بۆ « بەرزنجە »ی دوورخەنەوە!

هەروەها، زۆربەی نووسەران، ئامرازی پێوەندیی « بێ » بە ووشەکانەوە دەلکێنن. لێرەدا یەک تێبینیی وردم هەیە. گەر ناوی « مرۆڤ، زیندەوەر، شوێن یا نازناو » بوو، ئەوا پێکەوە دەنووسرێن. وەک: « بێگەرد، بێکەس، بێخوود، بێخاڵ، بێکڵاس ... تاد » بەڵام، گەر هاتوو، « کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان » بوو، ئەوا پێویستە، بە جیا بنووسرێن. بۆ نموونە: « بەرزنجیی » نووسیوێتی: « بێگەردانەی، بێگومان ... تاد » ڕاستەکەی ئەوەیە، بنووسین: « بێ گەردانەی، بێ گومان ». چونکە، هەر دوو ووشەکە جیان و سەربەخۆن، هەر یەکەشیان بە جیا، واتای تایبەتیی خۆیان دەگەیەنن. لە هیچ زمانێکیشدا، بەو شێوەیە نانووسرێن و ئامرازەکانی نێگێتیف بە جیا دەنووسرێن.

هەروەها، هێندێ لە نووسەران، ئامرازی لێکدەری « و ەش، بە کۆتایی ووشەکانەوە دەلکێنن. بەڵام، ئەوە بە هیچ جۆرێ ڕاست نییە و بە هیچ ووشەیەکەوە نالکێنرێ. (هەر چەندە، نووسەران زوو پێکیانەوە دەلکان. وەک: منو دارا ــ من و دارا. کۆمەڵی هونەرو وێژە ــ کۆمەڵی هونەر و وێژە.)«432،28»

« بەرزنجیی » زۆربەی زۆری واوەکانی بە کۆتایی ووشەکانەوە نووساندووە. وەک: « نەکراوەو، دەگرێتەوەو، تەڕو، سروودو، خوێندوویانەو، بهاتایەو، ڕێزو نەوازش، منەوەرو، برغوو پارچەو، دایمەزراندو، بەرزنجەو، زێوەرو ... ». هەموو ئەو ئامرازە لێکدەرانەی « و »، دوو ووشە یا دوو ڕستەی جیاواز پێکەوە دەبەستن. لەبەرئەوە نابێ، بە یەکێکیانەوە بلکێنرێ و ئەوی دیکەیانی لێ دوورخرێتەوە، بەڵکوو دەبێ، لە ناوەڕاستی هەر دوو ووشەکە یا ڕستەکەدا بنووسرێ. ئەم پرینسیپەش، لە هەموو زمانەکانی جیهاندا پێڕەودەکرێ. بۆ نموونە: لە زمانی عەرەبییدا احمد و محمود، لە زمانی ئینگلیزییدا Ali and Zaki، لە زمانی ڕووسییدا Xycceuн u Xaccaн و لە زمانی سویدییدا Aras och Azad دەنووسن.

گەر شێوەی نێگێتیڤ، لە ناوەڕاستی ووشەدا بوو، پێکەوە نانووسرێن. بۆ نموونە: « بەرزنجیی « نووسیویەتی: « واینەکرد، لەقنەبوو ... تاد « ئەم شێوە نووسینە، نە بە ڕاست دادەنرێ و نە بە ڕێنووسی نوێش دەژمێررێ. بەڵکوو هەڵەیە و دەبێ، بەم شێوەیە « وای نەکرد، لەق نەبوو « بنووسرێ.

دەربارەی ئەو ووشانەی لە زمانـــی کوردییدا، بە دوو « و « یا بە دوو « ی « یا پتر دەنووسرێن، لێرەدا، چەن شتێ ڕووندەکەمەوە. چونکە، زۆربەی نووسەران، گوێ بەم باسە گرنگە نادەن. هەر وەک، هەمووەمان دەزانین، (هەموو ووشەیەک، لە چەن پیتێ پێکهاتووە. گەر هەر ووشەیەک، بە « و « دەسپێبکا، پێویستە بە دوو « و « بنووسرێ. وەک « ووزە، ووژە، ووڕە، ووشە، وورشە، وون، ووتن، ووتار، ووڵات، وونجڕوونجڕ و ... تاد «. بەڵام، لە ساڵەکانی حەفتادا، « کۆڕی زانیاریی کورد « بڕیارێکیاندەرکرد، گوتیان: ئەو ووشانەی سەرەتاکانیان بە دوو « و « دەسپێدەکا، تەنیا بە یەک « و « بنووسرێن. چونکە، هیچ ووشەیەکی کوردیی بە یەک « و « دەس پێ ناکا. ئەم بڕیارەی « کۆڕ « دەریکرد و ئەندامەکانی خۆشیان، ئێستە پێڕەوی ناکەن، یا بیریانچۆتەوە، بۆ نووسەرەکە خۆی دەگەڕێتەوە، بە هەر شێوەیەکیان بنووسێ، هەڵە نییە. بە باوەڕی من، بە دوو « و « بنووسرێ، گەلێ جوانتر و ڕێکوپێکترە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ نووسین یەک « و « ئاسانترە. بەڵام، گەر پیتی « و «، لە ناوەڕاستی ووشەکەدا هاتبوو، لە نێوان دوو پیتی کۆنسونانتدا بوو، ئەوا دەنگەکە درێژ دەبێ و بە دوو « و « دەنووسرێ. وەک: « ئابووریی، بوون، پووڵ، چوون، خووڵ، ڕوون، ڕووسیا، ژوور، سوور، سووریا، قووڵ، کوورە، لووڵ، لووڕ، نووسین، نووستن و ... تاد « هەروەها، گەر هەموو ئەو « و «انەی لە نێوان دوو پیتی ڤاوڵ یا پیتێکی کۆنسۆنانت و یەکێکی دیکەی ڤاوڵدا دێن، ئەوا تەنیا بە یەک واو دەنووسرێن. وەک « خواردن، خواردنەوە، خەوتن، زوێر، زەوی، ڕەوین، ڕەوەند، ڕێوی، ڕێواس، ساوەر، گەوەر، لەوەڕ ... تاد «. یا کاتێ، هەر ووشەیەک، بە « و « کۆتاییدێ، لە دوای پیتی کۆنسۆنانتەوە دێ، دیسانەوە بە دوو « و « دەنووسرێ. وەک « بەڕوو، پەموو، توو، چوو، خسوو، دوو، ڕابردوو، ڕوو، زوو، سنجوو، شوو، فوو، قوو، لوو، مازوو، موو، هەموو و ... تاد «. مەگەر، ووشەکە کۆتایی بە پیتێکی ڤۆکاڵ هاتبێ.)«435-434،28«

هەروەها، لە زمانی کوردییدا، زۆر ووشە و ناو هەن، بە دوو « و « دەنووسرێن و زۆربەی نووسەران پێڕەویدەکەن. بەڵام، « بەرزنجیی « هەر بە یەک « و « نووسیونی. وەک: « مەحمود، هەمو، بەڵکو، دەرون، باشور، ئەزمون، ... تاد «.

دەربارەی بەکارهێنانی پیتی « ی » و جیاکردنەوەی لە « ی » ئامرازی پێوەندیی، لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم، چەن خاڵێکی گرنگ باسکەم. چونکە، زۆربەی ئەو ووشانەی لە زمانی کوردییدا، بەو پیتە کۆتایی یان دێ، بەپێی بەکارهێنان و واتای ووشەکە لە ڕستەکەدا دەگۆڕێن. (بۆ ئەوەی، پیتی « ی » لە ڕێنووسی کوردییدا، بە شێوەیەکی ڕاست بنووسین، تا بزانین، لە کوێدا یەک، یا دوو، یا سێ « ی » بە دوای یەکدیدا دێن، لێرەدا چەن نموونەیەک پێش چاو دەخەین. هەر کاتێ پیتی« ی »، لە سەرەتای ووشەوە هات، هەمیشە بە یەک « ی » دەنووسرێ. وەک: « یار، یاد، یاوەر، یەزدان، یەدەک و ... تاد).
گەر پیتی « ی »، لە دوای ناوی « مرۆڤ، شت، جێ » یا ئاوەڵناوێکەوە هات، ئەوا هەر بە یەک « ی » دەنووسرێ. وەک: « شێخ مەحموودی نەمر. حوسێنی کورد. زایندەی سولەیمانییە. دانیشتووی کوێستانە. خەڵکی گەرمیانە. ئاسنی سارد، ئاوی گەرم ».
هەر کاتێ، باسی جێگەی لە دایکبوونی یەکێکمان کرد، یا نازناوی جێگەیەکمان دیاریکرد، ئەوا بە دوو « ی » دەنووسرێ. وەک: « کۆیی، شارەزووریی، بەغایی، کوفیی، ئینگلیزیی، ڕووسیی ... تاد ». هەروەها، ئاوەڵناوەکانیش کۆتایی یان بە دوو « ی » دێ. بۆ نموونە: « خڕیی، چوارگۆشەیی، لاکێشەیی، سەروەریی، سەربەرزیی، نزمیی، بەرزیی، گەرمیی، ساردیی، پانیی، درێژیی و ... تاد »
بەڵام، کاتێ پیتی « ی »، لە ناوەڕاستی ووشەیەکدا هات، دوو باری تایبەتیی وەردەگرێ و بەپێی پیتە ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکان دەگۆڕێ. گەر لە نێوان دوو پیتی کۆنسۆنانتدا بوو، ئەوا بە یەک « ی » دەنووسرێ، وەک: « بارین، هاڕین، ڕیچ، ژیژک، شیلان، فیکە، لیر، لیرە، میز، هەڵمین، هیزە، ویرە و ... تاد ».
گەر لە نێوان دوو پیتی ڤاوڵ یا پیتێکی ڤاوڵ و یەکێکی دیکەی کۆنسۆنانتدا بوو، یا گەر پیتی « ی »، خۆی لە ووشەکەدا هەبوو، ئەوا هەر بە دوو « ی » دەنووسرێ. وەک : « ئایین، بییر، تییر، زایین، سییر و ... تاد ». هەروەها، گەر هەر ووشەیەک، خۆی بە پیتی « ی » کۆتاییهاتبێ، بە دوو « ی » دەنووسرێ، وەک: « ئابووریی، پیشەسازیی، نەتەوەیی، نیشتمانیی، ووژەیی، هونەریی .. تاد ».
جگە لەوەی، گەر بە دوای ناودا هات، ڕۆڵی ئامرازی پێوەندیی بینی و ئاوەڵناوی پێکەوە کریدا، یا بڵێین: گەر دوو ووشە یا چەن ووشەیەک، بە دوای یەکدیدا هاتن و هەموویان بە پیتی « ی » ئامرازی پێوەندیی پێکەوە ببەسرێن، ئەوا یەکەم و دووەم ووشە، هەر بە یەک « ی » دەنووسرێن و دوا ووشەش بە دوو « ی »

دەنووسـرێ. وەک : « زمـانی کـوردیی ـ زمـان + ی + کـورد + یی، بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ بزووتنەوە + ی + نەتەوە + یی، ئامـاری جوگرافـیـایی ـ ئامار + ی + جوگرافیا + یی، ڕووداوی مێژوویی ـ ڕووداو + ی + مێژوو + یی، بزاڤی ڕزگاری خوازی نیشمانیی ـ بزاڤ + ی + ڕزگاریخواز + ی + نیشتمان + یی ... هتد »
لێرەدا دەبینین، « ی » یەکەم لە نموونەی یەکەم ـ چوارەم، ئامرازی پێوەندییە. لە دوا نموونەشدا، هەر دوو « ی » زاراوەکانی « بزاڤ و ڕزگاریخواز »، هەر بە دوو «ی » ئامـرازی پێوەندیی دادەنرێن. بەڵام، هەمـوو جووتە « ی » مکـانی کـۆتایی دوا ووشـەکـان، « ی » ئاسایین، واتای ڕستـەکە تەواودەکەن. لە ڕاستـییـدا، ئەمـەش پێوەندییەکی توندی، بە دوا پیـتی کۆتایی ووشـەکانەوە هەیە. بۆ نموونە: زاراوەی نەتـەوە ـ نـەتـەوەی کـورد، نەتـەوەکـانی جـیـهـان، تـەنیـا بە یەک « ی »، باوەڕی نەتەوەیی بە دوو « ی » و ئەو هەڵوێستە نەتەوەییـە، بە هەسـتی نەتەوەییـان « بە سێ « ی » دەنووسـرێن. هەروەها، ووشـەی زانـا: زانای گەورە، زانایانی زمـان، بە یەک « ی »، بە زانایی، بە دوو « ی » و ئەو کارە زانایییە، بە زانایییان سەرکەوتن، بە سێ « ی » دەنووسـرێن. هەمـوو ئەو ووشـانـەی، بە پیـتی « ی » کـۆتاییـیان دێ، وەک: « کوێرەوەریی، جیاوازیی، کۆمەڵایەتیی، ڕۆمانسیی »، تەنیا هــــــــەر بە « کوێرەوەرییانە، جیاوازییـانە، کۆمەڵایەتییانە، ڕۆمانسییانە » دەنووسـرێن.
بەڵام، ئەو ووشـانـەی بـە کـۆنسـۆنانت تەواودەبن، بە دوو « ی » دەنووسـرێن و دەنگەکـان درێژدەبنەوە. وەک: « بابەت ـ بابەتی ـ بابـەتیی. پەت ـ پەتی ـ پەتیی. زانست ـ زانستی ـ زانستیی. سەربەست ـ سەربەستی ـ سەربەستیی. کان ـ کانی ـ کانیی. ئازاد ـ ئازادی ـ ئازادیی. هێمن ـ هێمنی ـ هێمنیی. بێ لایەن ـ بێ لایەنی ـ بێ لایەنیی. مەینەت ـ مەینەتی ـ مەینەتیی و ... تاد ». لە شێوەی یەکەمدا، تەنیا یەک « ی » و لە شێوەی دووەمـدا دوو « ی » وەردەگرن. چونکە هەر یەکەیان واتایەکی تایبەتیی یان هەیە. بۆ نموونە:
« ئازاد » هەم بۆ ناو و هەم بۆ ئاوەڵناو بەکاردێ.
« ئازادی » یەکێ بە یەکێ دەڵێ: تۆ ئازادی. واتە: سەربەستی.
« ئازادیی » مەبەس لە ئازادیی مرۆ یا نەتەوەیە.
« ئازادیخواز » ئاوەڵناوە. بۆ کەسێ، کۆمەڵێ یا ڕێکخراێ بەکاردێ. هەموو ئەو وشـانـەی پێـشـوو دەبێ، بەم شـێـوەیە بنووسـرێن: « بابەتانە، زانسـتـانە، سەربەستانە، ئازادانە، هێمنانە، بێ لایەنانە، مەینەتانە و ... » نەک بە « بابەتیی یانە، زانستییانە، سەربەستییانە، ئازادییانە، هێمنییانە، بێ لایەنییانە،

مەبەنتییانە و ... « بنووسرێن. ئەم ووشانەش، لە سەر بناغەی مۆدێلی « کورد ـ کوردانە، مەرد ـ مەردانە « دادەڕێژرێن. تاقە مەبەس ـ تاقانە مەبەس ڕاست نییە. بۆ منداڵ دەگوترێ: کوڕێکی تاقانەیە، واتە: تاقانە ناوەڵناوە و دوای ناو یا شت دێ، نەک پێشی بکەوێ.
هەروەها، ووشەکانی دیکەی « داهێنەر: داهێنان ـ داهێنەرانە. هونەر: هونەرمەند ـ هونەرمەندانە. سەرکەوتوو: بە سەرکەوتوویی ـ سەرکەوتووانە. ژیر: بە ژیریی ـ ژیرانە. کەر: کەرێتی ـ کەرانە. شۆڕشگێر: شۆڕشگێڕیی ـ شۆڕشگێرانە. پێشکەوتووخواز: پێشکەوتووخوازی ـ پێشکەوتوخوازیی ـ پێشکەوتووخوازانە. کۆنەپەرست: کۆنەپەرستی ـ کۆنەپەرستیی ـ کۆنەپەرستانە. بەهرە: بەهرەدار ـ بەهرەدارانە: کوێر: کوێری ـ بە کوێریی ـ کوێرانە. دڵنەرم: دڵنەرمی ـ دڵنەرمیی ـ دڵنەرمانە... تاد « هەروەها « باوک ـ باوکێتی نەک باوکایەتی. میر ـ میرێتی نەک میرایەتی. ئەندامێتی نەک ئەندامەتی. بەڵام پیاو ـ پیاوەتی نەک پیاوێتی. چونکە، پیاوێتی بۆ مەبەسێکی دیکەی تایبەتیی بەکاردێنرێ. کوێخا ـ کوێخایەتی نەک کوێخێتی. کەچی هێندێ ووشەی وەک کورد دەتوانین، بە گوێرەی مەبەسە جیاوازەکانمان، بە کوردێتی و کـــــوردایەتیی بیاننووسین.
بۆ « میرێتی و پیاوەتی « ـ پتر پێوەندیی بە دوا پیتی ووشەکەوە هەیە. « میر « بە پیتێکی کۆنسۆنانتی وەک « ر « کۆتاییهاتووە. بەڵام ووشەی « پیاو «، بە پیتێکی قـاوڵ « و « تەوابووە. دوای پیتـە کـۆنسـۆنانتـەکـان دەتوانین، پیـتی قـاوڵ بۆ ئاوەڵنـاوەکـان بەکـاربێنین، وەک: « باوکێـتی، مـیرێتی، کـەرێتی، بەرێوەبەرێتی، کوردێتی، ڕیشسپێتی و ... تاد « بەڵام، دوو پیتی قاوڵ بە دوای یەکدا قورسە و لە سەر زبان ڕەوان نییە.
هێندێ ووشە هەن، هەر خۆیان بە دوو « ی « کۆتاییان دێ، لە هێندێ کاتیشدا، «ی میەکی ئامـرازی پێـوەندیی وەردەگـرن، دەبن بە سێ « ی « وەک : « شـایی. شـاییی لادێ. کۆتایی: کـۆتاییی سـاڵ. لادێ: لادێی کـوردسـتـان ـ لادێیی. واتە: خەڵکی لادێ «. بەڵام، لەبەرئەوەی جوان نییە، سێ « ی « بە دوای یەکدا ڕیزکەین، تا ئێستە، هەر بە دوو « ی « نووسیومانە.)«28،435-438«
جـا ئێسـتـە، با بزانین، لە دیوەخـانی سـیـپـارەکـەی « بەرزنجیی «دا، چ باسە؟!!! دەربارەی بەکارهێنانی ئامـرازەکانی پێـوەندیێ و لێکدەر، شێوەی بـەکارهێنان و نووسـینیـان، دیسـانـەوە، ڕێنوسـێکی هەڵـەی بەکـارهێناوە. چونکە، هـەمـوو ئەو ووشانەی لە نووسینەکەیدا هاتوون، بە یەک « ی « نووسیونی، بێ ئەوەی گوێ بە

هیچ جۆرە پرینسیپێکی تایبەتیی یا ڕێنووسی نوێ بدا .. بۆ نموونە: « زانیاری، نیشتمانی، ناپاکی، جاشایەتی، عێراقچێتی، کوردی، کوردایەتی، کوردەواری، دڵسۆزی، بریتی، شارستانێتی، ئاگاداری، فارسی، عەرەبی، تورکی، عوسمانی، سەربەستی، ئازادی، پەیوەندی، حەمدی، دەردیسەری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، مێژووی، پیشەکی، هەرزەکاری، خۆشەویستی، ستایش، خواپەرستی، سەرفرازی، بەرگری، پشێوی، پاشاگەردانی، کەم ئەزموونی، پاکی، دەروونی، ڕۆمانتیکی، ڕەوانبێژی، سروشتی، دڵداری، یەکجاری، ڕاستی، نکولی ــ نەک نکوڵی، گۆڕانکاری، کاریگەری، برایەتی، هاوسانی، هەژاری، نەبوونی، سەرپەرشتی، یارمەتی و ... تاد »

لە ڕاستییدا، هەموو ئەو ووشانە، بە دوو « ی » دەنووسرێن. بە تایبەتیی، ووشەی « ئاینی » لە هەر دوو جێگەکەدا، بە دوو « ی » دەنووسرێ، وەک « ئایینیی ». چونکە ئاین ــ شتێکی گشتیی یە. ئایینی ــ بۆ دیاریکردنی ئایینێکی تایبەتیی بەکاردێنرێ، وەک: ئاینی ئیسلام، ئایینی جوو، ئایینی زەردەشتیی ... تاد. بەڵام، ئایینیی ــ کاتێ بە دوو « ی » دەنووسرێ « کۆتاییدێ، مەبەس لەو کەسە یا ئەو کۆمەڵەیە، کە ئەو خەسڵەتە لە خۆیان دەگرن. وەک بڵێین: شێخ عوسمانی بیارە، پیاوێکی ئایینیی بوو. بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، ڕێکخراوێکی رامیاریی ئایینییە. هەموو ئەو ووشانەی لە سەرەوە پیشاندران، بەپێی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا دەتوانرێ، بە سێ « ی » بنووسرێن. لێرەدا، تەنیا هێندێ نموونە، لە نووسینەکەی خۆی وەردەگرم. وەک: « شارستانی یەتدا، ئاگاداریەکی، بەرگری یە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، دەرونیەوە، نیشتمانیەکان، ڕاستیە، گۆڕانکاریەکان، برایەتیە.. » ڕاستتر وایە، بەم شێوەیە بنووسرێن: « شارستانییەتدا، ئاگادارییەکی، بەرگرییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕووی دەروونییەوە، نیشتمانییەکان، ڕاستییە، گۆڕانکارییەکان، برایەتییە ... تاد »

5/2. دارشتن :

لە ڕووی دارشتنەوە، سەرجەمی نووسینەکەی زۆر « لاواز، بێ هێز و بێ پێز » بیارە. لە زۆربەی جێگەی نووسینەکەیدا، شەقڵی دارشتنی عەرەبیی لە خۆ گرتووە. نیشانەکانی خاڵبەندیی بەکار نەهێناوە. لە ڕووی گرامەرەوە، هەڵەیەکی زۆری تێدایە. بە ڕاستیی، کاتێ ئەم چەن ڕستە لاواز و بێ سەروبەرانەی خوارەوەم خوێندەوە، بیرم لەوە کردەوە، ئەم نووسەرە گەورە ناسراوە، چەندین ساڵە دەنووسێ، بۆچی وا لە کوردییدا ناشارەزایە؟ خۆ هەر دەڵێی، لە سەر تەنوور

دانیشتووە و بە دەم ئانکردنەوە، قسەی ئاسایی دەکا! چونکە، هیچ جۆرە پرینسیپێکی گرامەر و دەستووری زمانی کوردیی، لە نووسینەکەیدا ڕەچاو نەکردووە. با بزانین، چۆن؟!!

بێ گومان، من لێرەدا ناتوانم، ڕستەبەڕستەی سیبارەکەی بۆ شیکەمەوە. بەڵکوو، تەنیا چەن نموونەیە لە سەر لاوازیی هێندێ ڕستەی دێنمەوە. لە هەمان کاتیشدا، لە تەنیشتییەوە یا خواریشەوە، هەڵەکانی دەسنیشاندەکەم. بۆ نموونە:

(لەناو شاعیرانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەی لە ئاوابوونە،...)«3،3»

لە ناو شاعیرانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەی لە ئاوابووندایە. یا دەتوانین، بنووسین: لە ناو شاعیرانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەی ڕوو لە ئاوابوونە.

(لەم چەندانەدا، لەژمارە یەکی گۆڤاری «ئاینده »دا، هەر بەهەمان دەستور د.حسین محمد عزیز دیسانەوە یەخەی زێوەر دەگرێتەوەو لەڕێی کۆمەڵە شیعرێکیەوە کە لەدیوانەکەیدا «سۆزی نیشتمان» ل 102-105 » بە بریتیە لەو زانیاری و بابەتانەی کە قوتابیان لەپرۆگرامی وانەکانی خوێنندا، لەو سەردەمە، خوێندوویانەو ئەم بۆ ئاسانکردنیان بەشیعر دایرشتۆنەتەوە.)«3،3»

لێرەدا ووشەی «دیسانەوە» زیادە، چونکە پێش ئەوە نووسراوە: هەر بە هەمان دەستوور، ئەوە خۆی لە خۆیدا، واتە: دیسانەوە. گەر زیادیش نەبێ، ئەوا هەڵەیە. چونکە، پێشتر من لە سەر «زێوەر»م نەنووسیوە. بەڵکوو، یەکێکی دیکە نووسیوێتی. کەواتە دەبووایە، بینووسیایە، «هەروەها...» جگە لەوەی، گەر ووشەی «دیسانەوە»ش بەکاربێنێ، دەبێ، پێش ناوەکە بکەوێ، نەک لە دوای ناوەکەوە بێ!

لە دیوانەکەیدا «سۆزی نیشتمان» ل 102-105 » یە، ئەمە زۆر هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە، «دیوانەکەی» بە ووشەی «دایە »وە نالکێنرێ. تەنانەت، گەر پێکیشیانەوە بنووسێنین، نابێ لە یەکدیان دابڕین. بەڵکوو دەبێ، بەم شێوەیە بنووسرێ: لە دیوانەکەی «سۆزی نیشتمان» ل 102-105 » دایە یا لە دیوانەکە دایە، پاشان، «سۆزی نیشتمان» ل 102-105 » دێ.

هەروەها، بریتیە لە: گوزارەیەکی عەرەبیی ڕووتە، واتە «عیبارە عەن» کەواتە دەبووایە، بەم شێوەیە بینووسیایە: (لەم چەندانەدا، لە ژمارە یەکی گۆڤاری «ئاینده »دا، هەر بە هەمان دەستور، د. حوسێن محەمەد عەزیز، یەخەی زێوەری گرتەوە و لە ڕێی کۆمەڵە شیعرێکییەوە، کە لە دیوانەکەی «سۆزی نیشتمان» ل 102-105 » دایە، لەو زانیاریی و بابەتانە پێکهاتووە، کە قوتابیان لە پرۆگرامی

وانەکانی خوێندندا، لەو سەردەمەدا خوێندوویانە و ئەم بۆ ئاسانکردنیان بە شیعر دایڕشتۆنەتەوە.)

(گەشتەکەی لەگەڵ پیاوانی ناودارانی شێخانی سلێمانی، بۆ لای سوڵتانی عوسمانیان و مانەوەیان لەوێ بووە هۆی فراوانکردنی ئاسۆی بیروبۆچوون و شارەزایی لەدنیای ئەو سەردەمە. تێکەیشت کەبەرایی شارستانیەتی رۆژئاوا کەگەیشتبووە ئەوێ بەخوێندن و زانست ئەنجامدراوە)«7-6،3»

پیاوانی ناودارانی شێخانی سلێمانی، بۆ لای سوڵتانی عوسمانیان. لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووسەوە ڕاست نییە. بەڵکوو، پیاوە ناودارەکانی شێخانی سلێمانیی، بۆ لای سوڵتانی عوسمانیی یا عوسمانییەکان ڕاسترە. بووە هۆی: عەرەبییەکی رووتە. لە یەک ڕستەی کورتیشدا دوو « کە »ی نووسیوە. کەواتە: (گەشتەکەی لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی شێخانی سلێمانیی، بۆ لای سوڵتانی عوسمانییەکان و مانەوەیان لەوێ، ئاسۆی بیر و بۆچوون و شارەزایی لە دنیای ئەو سەردەمە فراوانکرد. تێگەیشت، بەرایی شارستانێتیی رۆژئاوا، کە گەیشتبووە ئەوێ، بە خوێندن و زانست ئەنجامدراوە.)

(زێوەر چۆوە سەر کاری مامۆستایی یەکەی، لە« مەکتەبی نمونەی سەعادەت »، بەڵام دوای ماوەیە سۆن ناردیە بەرزنجەو لەشار دوریەوەخست، کەشێخ گەڕایەوە، هێنایەوە ناوشارو کردیە مامۆستا لە « اعدادی محمودی » کە ئەو ڕۆژە بەرزترین مەڵبەندی خوێندنبوو لەسلێمانی.)«8،3» ڕاستەکەی: (« زێوەر » بۆ سەر کاری مامۆستاییەکەی خۆی گەڕایەوە، لە « مەکتەبی نموونەی سەعادەت » دامەزرایەوە. بەڵام، دوای ماوەیە، « سۆن » ناردی بۆ « بەرزنجە » و لە شار دوورخستەوە. کە « شێخ »یش گەڕایەوە، هێنایەوە ناو شار و لە « ئەعدادی مەحموودیی »یە بە مامۆستا دایەزران، کە ئەو ڕۆژە لە سلێمانیی، بەرزترین مەڵبەندی خوێندنبوو.)

(شیعری نیشتمانی و بانگەشە کردن بۆ بیری نەتەوەیی و تێکۆشان لەپێناوی گەیشتن بەڕۆژێکی سەرفرازی و دور لەدەسەڵاتی بێگانە لایەکی دیاری شیعرەکانێتی؛ ئەمە هەر لەسەرەتاوە کەدەستی داوەتێ.)«14،3»

(شیعری نیشتمانیی، بانگەشەکردن بۆ بیری نەتەوەیی، تێکۆشان لە پێناوی گەیشتن بە ڕۆژێکی سەرفرازیی و دوور لە دەسەڵاتی بێگانە، لایەکی دیاری شیعرەکانی پێکدێنێ. ئەمە هەر لەسەرەتاوە دیارە، کە دەستی داوەتێ.) چونکە، گەر وا نەبێ، داڕشتنەکە زۆر لاوازدەبێ و دوا ڕستەشی کرداری تێدا نییە!

(ئەمە ڕەخنەیەکی توندە بەرامبەر لایەنگیرانی بێگانەی داگیرکەر لەدوای ڕامالینی دەسەلاتی بابانەکان ئەوان لەکەیفدابوون، ئەوانەش کەهەلپەرست و وەک کەری نارجۆکە لەهەردووبەر دەلەوەڕان بەلام ئەوانەی کەڕاست و پاک بوون، بەشیان ئاوارەیی و دەربەدەر بوونە.) «15.3»
(ئەمە، بەرامبەر لایەنگیرانی بێگانەی داگیرکەر، لە دوای ڕامالینی دەسەلاتی « بابان »کان، ئەوانەی لە کەیفدابوون، ئەوانەشی کە هەلپەرست و وەک کەری ناو جۆگـەکە، لە هەر دوو بەر دەلەوەڕان، ڕەخنەیەکی توندبوو. بەلام، ئەوانەی کە ڕاست و پاکبوون، بەشیان ئاوارەیی و دەربەدەربوونبوو.)
(ئاوارەی و دەربەدەریەکە لەلای سالم لەداخ و سۆزی داگیرکەرو پیاوەکانیانە، لەلای زێوەریش چارەی خۆ قوتارکردن لەدەست ئەوانەو ئەو وەزعە هەر ڕۆین و ئاوارەبوونە.)«16.3» (ئاوارەیی و دەربەدەریی یەکە لای « سالم »، لە داخ و سۆزی داگیرکەر و پیاوەکانیان بوو. لای « زێوەر »یش، چارەی خۆ قوتارکردن لە دەست ئەوانە و ئەو وەزعە هەر ڕۆین و ئاوارەبوون بوو.)
(لەم شیعرە چیرۆک ئامێزەیدا، شێوازە پچڕاوی کاربەدەستانی ئەوساو بەرتیل بەرتیل کاری دەهێنێتەوە یادی پیاوانی ئیدارەی ئەمجارەی سلێمانی و دوا یێرێشی ئامۆژگارییەکی ئاشکرایە)«18.3»
(لەم شیعرە چیرۆک ئامێزەیدا، شێوازە پچڕاویی کاربەدەستانی ئەوسا و بەرتیل و بەرتیلکاریی، بیری پیاوانی ئیدارەی ئەم جارەی سلێمانیی دەخاتەوە و دوا یێرێشی ئامۆژگارییەکی ئاشکرای پێوە دیارە.)
(جێگا دەستی شاعیر ئینکار ناکرێ لەپەیدابوونی سەرەتایەک بۆئەدەبی منالان لەلای کورد، چونکە ئەو خاوەنی دەیان هەلبەستی پەروەردەیی ناسک و تەڕوپاراوی منالانە، کەتا ئێستاش ئەو مانا بەرزو وشە جوانانەی بە ئاوازی خۆشی تورکی و کوردی ئەوساوە لە قوتابخانەکاندا دەلێنەوەو ئەوە دوای ئەوە فێری دەبن.)«19.3» (جێگا دەستی شاعیر، لە پەیدابوونی سەرەتایەک بۆ ئەدەبی منالان لای کورد، ئینکار ناکرێ. چونکە، ئەو، خاوەنی دەیان هەلبەستی پەروەردەیی ناسک و تەڕوپاراوی منالانە، کە تا ئێستاش، ئەو مانا بەرز و وشە جوانانەی؛ بە ئاوازی خۆشی تورکیی و کوردیی ئەوسا، لە قوتابخانەکاندا دەلێنەوە و ئەوە دوای ئەوە فێری دەبن.)
(نووسینەکانی زێوەر لەچاو شیعرە کوردی و فارسی و تورکیە کانیدا کەمن بەلام کەلێنێکی گەورەی لەم بەشەی ئەدەبی کورد پڕ دەکەنەوە، بەتایبەت ئەو

لەنووسەرە کەمانەیە کە لەو سەردەمەدا 1920-1919 بۆئەوە چووە کەڕێڕەوی
ئاوارەیی خۆی تۆمارکاو ڕۆژەکانی ئەو سەردەمە بەئەمانەتەوە بنووسێتەوە، هەندێ لایەنی جوگرافی و کۆمەلایەتی و سروشتی ئەو ناوچانە پێیدا تێپەڕیوە بخاتەڕوو، ئەمە کارێکە جێگای تایبەتی خۆی هەیە.)«20،3»

« نووسینەکانی « کۆیە. بەلام، « بەرزنجیی « دواتر گرامەری بیر چۆتەوە و بە تاک دواوە. بۆیە گوتوویەتی: کەلێنێکی « گەورەی «. دەبووایە، بینووسیایە: کەلێنێکی گەورەیان. پاشان، نووسیویەتی: « پڕ دەکەنەوە « ئەوە نابێ و هەلەیە. چونکە، تازە کارەکە کراوە و تێپەڕیوە. بۆیە، « پڕکردۆتەوە « ڕاسترە. هەروەها، پێویست بە ئامرازی « کە مش ناکا. کەواتە: (نووسینەکانی « زێوەر «، لە چــــــاو شیعرە « کوردیی، فارسیی و تورکیی یەکانیدا کەمن. بەلام، کەلێنێکی گەورەیان لەم بەشەی ئەدەبی کوردییدا پڕکردۆتەوە. بە تایبەتیی، ئەو لەو نووسەرە کەمانە بوو، کە لەو سەردەمەدا « 1920-1919 «، بۆ ئەوە چووە، ڕێڕەوی ئاوارەیی خۆی تۆمارکا و ڕۆژەکانی ئەو سەردەمەی بە ئەمانەتەوە بنووسێتەوە، هەندێ لایەنی جوگرافیا و کۆمەلایەتیی و سروشتی ئەو ناوچانەی پێیدا تێپەڕیوە، بخاتەڕوو. ئەمە کارێکە، جێگای تایبەتیی خۆی هەیە.)

(ئەوا کارەکانیان تاوێر جولاندن بوو بۆ سەرە ڕێگای بەرەو پێشەوە چوون.)
«24،3»

ڕستەیەکی زۆر نارێک و لاوازە، دەلێی یەکێکی عەرەبییزانی کوردیی نەزان، لە عەرەبیی یەوە بۆ کوردیی وەریگێراوە. جوانتر وایە، بنووسرێ: (ئەوا، کارەکانیان بۆ سەر ڕێگەی بەرەو پێشەوە چوون، وەک تاوێر جولاندن وا بوو!) ئەمە، تەنیا نووسینەکەی خۆیەتی، ئەگینا دەتوانرێ، بە شێوەیەکی جوانتریش دابڕێژرێ.

(دەبێ لەو ڕاستیە بگەین کەمێژووی ئەدەبی کوردی هەمووی بریتی نیە لەبەرهەمی شۆڕشگێڕی و مولتەزیم بەمەسەلەی نەتەوەکەوە.)«26،3»

(دەبێ، لەو ڕاستییە بگەین، مێژووی ئەدەبی کوردیی، هەمووی لە بەرهەمی شۆڕشگێڕیی و مولتەزیم بە مەسەلەی نەتەوەکەوە پێک نەهاتووە.)

(یەکێ لەو دیاردە باشانەی کەداگیرکەری ئینگلیز لەگەل خۆیدا هێنای نزیککردنەوەی ماوەی نێوان شارەکان بوو؛ لەوەبەر کاروان و کاروانچی بەهەزار گیروگرفتەوە ڕێگای دوورو درێژی نێوان بەغداو سلێمانی دەبڕی، بەماوەیەکی زۆر، بەکۆسپ و نارەحەتی و مەترسی، بەلام دوایی لەسەردەمی ئەواندا بەسێ سەعات دەچوویتە کەرکوک و لەوێوە بەشەمەندەفەر بۆ بەغدا .. تا ئەم دیاردەیە

پیرەمێرد لە هۆنراوەیەکیدا بەدووردرێژی وەک شریتێکی سینەما بۆمانی باسدەکات.)«28،3» ڕێگەویان دروسکردن، بە دیاردە دانانرێ. بەڵکوو بە کار دەژمێررێ. دەتوانین، بنووسین: کار یا پرۆژە. دیسان تاک و کۆی تێکەڵکردووە.
(یەکێ لەو پرۆژە باشانەی، داگیرکەری « ئینگلیز » لەگەڵ خۆیدا هێنای، نێزیککردنەوەی ماوەی نێوان شارەکان بوو. لەوبەر، کاروان و کاروانچیی، بە هەزار گیروگرفت، بە ماوەیەکی زۆر، بە کۆسپ، نارەحەتیی و مەترسیی، ڕێگەی دووردرێژی نێوان « بەغدا و سلێمانیی میان دەبڕی. بەلام، دوایی لە سەر دەسی ئەواندا، بەسێ سەعات دەچوویتە « کەرکوک » و لەوێشەوە بە شەمەندەفەر بۆ « بەغدا » دەرۆشتی .. تەنانەت، « پیرەمێرد »یش لە هۆنراوەیەکیدا، بە دوور و درێژیی، ئەم کارەی وەک شریتێکی سینەما بۆ باسکردووین.)
(کەلەم شیعرە وردببینەوە دەشێ ئێمە رەخنە لەشاعیر بگرین کە بۆ مەدح و ستایشی دیاردەیەک دەکات کەداگیرکەر لەگەڵ خۆی هاوردویەتی و بۆ ئاسانکردنی کاری خۆی کردوویە؟)«31،3»
« کە »ی یەکەم، لە جێی خۆیدا نییە. بەڵکوو دەتوانین، بڵێین: کاتێ لەم شیعرە وردەبینەوە، یا گەر لەم شیعرە وردببینەوە. هەروەها، ڕاناوی « ئێمە » زیادە. جگە لەوەی، دوو « کە » بەکارهاتووە، یەکێکیان زیادە. « مەدح و ستایش »، یەکەم بە عەرەبیی و دووەم بە کوردیی، هەر دووکیان هەر یەک واتایان هەیە. کەواتە:
(کاتێ، لەم شیعرە وردەبینەوە، دەشێ، رەخنە لە شاعیر بگرین و بڵێین: بۆ ستاییشی پرۆژەیەکی کردووە، کە داگیرکەر لەگەڵ خۆی هاوردوویەتی و بۆ ئاسانکردنی کاری خۆی جێبەجێیدەکا؟) یا (گەر، لەم شیعرە وردببینەوە، دەشێ، رەخنە لەشاعیر بگرین و بڵێین: بۆ ستاییشی کارێکی کردووە، کە داگیرکەر لەگەڵ خۆی هاوردوویەتی و بۆ ئاسانکردنی کاری خۆی جێبەجێیدەکا؟)
(تا ئەم کاتەش کەئەم وشانەی تیادەنوسم هیچ حیزبێ لەسەرانسەری عێراقا « بەکوردستانەوە »، ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەم گەلە دەکەن و لەناویا خەڵکی باوەڕیان پێیە، هیچیان لەو باسە لایاننەداوەو بانگەشەی برایەتیەکە هەر بەردەوامە.)«32،3»
لە ناویا زیادە. (تا ئەم کاتەش، کە ئەم وشانەی تیا دەنووسم، هیچ حیزبێ لە سەرانسەری « عێراق »دا، « بە کوردستانیشەوە »، ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەم گەلە دەکەن و خەڵکی باوەڕی پێیان هەیە، هیچیان لەو باسە لایان نەداوە و بانگەشەی برایەتییەکە هەر بەردەوامە.)

(لەم بۆچوونەشـــەوەیە کــە هەرچی نمونەیە لەم باســـەدا دێنمـــەوە نابنە هۆی کـەمکردنەوە لەپلەو پایەی هونەری و ئەدەبی و خــودیی ئەدیبـەکــە، بەڵکو بۆ ســۆزاخکردنیـان دەبێ بنکەنی هەمـو لایەنەکـانی بکەین و لەخـۆمـانەوە تەقـە بەتاریکیـەوە نەنێین.)«35،3» نابنە هۆی کەمکردنەوە: عەرەبییەکی تەواوە. (لەم بۆچوونەشــەوەیە، هەرچی نموونەیە لەم باسـەدا دێنمـەوە، لە پلەوپایەی هونەریی، ئەدەبیی و خودی ئەدیبەکە کـەم ناکەنەوە. بەڵکوو، بۆ ســۆزاخکردنیـان دەبێ، بنکەنی هەمو لایەنەکانی بکەین و لە خۆمانەوە تفەنگ بە تاریکییەوە نەنێین.)

(جا لە هەمـولایەکەوە شـاعیران کەوتنە هۆنینەوەی شـیعرو چامەی دڕێژ دڕێژ بەگەورەیی ڕووداوەکەو سـەرکردەکانیا.)«49،3» کـەوتنە هۆنینەوەی شـیعـر و: عەرەبیی یەکی ڕووتە! کەواتە: (جا، لە هەموو لایەکەوە شاعیران، شیعر و چامەی دڕێژدڕێژیان، بە گەورەیی ڕووداوەکە و سـەرکردەکانیا هەڵدا.) یا (جـا، لە هەمـوو لایەکەوە شـاعیـران، شـیعـر و چامـەی دڕێژ دڕێژیان، بۆ گـەورەیی ڕووداوەکـە و سـەرکردەکانی هۆنییەوە یا دانا یا گوت.)

(نابێ سـوپاس و سـتـایشی گیـانی یارمـەتی برای بەڕێزم کاک «عـمر مـعروف بەرزنجی» فەرامـۆشکەم کە بۆ نووسـینی ئەم بابەتە هەرچیم ویسـت لەسـەرچاوە خسـتیە بەردەسـتم، هەروا ڕێنمـیای یە بەنرخـەکـانیشی.)«61،3» خسـتیـە بەر دەستم: دەربڕینێکی عـەرەبییـە. هەر سێ ووشـەی «نرخ، بایەخ و گرنگ» سێ واتای جیـاوازیان هەیە. هـەر یەکەیان لە شـوێنی تایبـەتیی و گـونجاوی خـۆیاندا بەکاردێنرێن. لێرەدا، ڕێنماییە بە نرخـەکانی ناگونجێ و دەبێ بڵێین: گرنگەکانی یا پڕ بایەخـەکـانی. کەواتە: (نابێ، سوپاس و سـتاییشی گیانی یارمـەتیی، برای بەڕێزم کـاک «عومـەر مـەعروف بەرزنجیی» فەرامـۆشکەم، کە بۆ نووسـینی ئەم بابـەتە، هەر چیم لە سـەرچاوە ویست، یا پێـویسـتـبـوو، دریغی نەکـرد. هەروا ڕێنماییە گرنگەکانیشی.)

وا بزانم، ئەم چەن نموونە کـەمـەی پیشـانمدا، بایی هێندە بێ، هەمـوو هـەڵە و کەموکوڕییەکانی سـیپـارەکە، لە ڕووی «ڕێنووس، داڕشتنی لاواز، نیشـانەکانی خاڵبەندیی و زمانەوانیی سەوە لە قاودا و پیوستی بە کۆمینتاری دیکە نەبێ!

کـاتی خۆی، بۆ ئـەوەی بنـچینەی ڕێنووسـێکی نوێی یەککگرتوو، بـۆ زمـانی کـوردیی داڕێژم، بۆ ئەوەی شێوەی بەسـەریەکەوە نووسـینی کوردیی پیشـاندەم، ئەم خـاڵانەی خوارەوەم پێشنیازکرد. بەو هیوایەی شارەزایانی زمانی کوردیی، دەمـەتەقێیەکی لەسـەربکەن، تا بە هـەمـوو لایەکمان بتـوانین، ڕێنووسی کوردیی، لەو گێژاوە ڕزگار

کەین. چونکە، ئەمڕۆ هەر نووسەرێ یا دەستەی نووسەرانی هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێ، بە بیانووی ئەوەی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردیمان نییە، بە ئارەزووی خۆیان دەنووسن، هێڵی ڕاست و چەپ، بە سەر گوتاری نووسەرانی دیکەدا دێنن. لێرەدا، بە پێویستی دەزانم، جارێکی دیکە، هەمان پێشنیاز دووبارەکەمەوە، چونکە، لە لایەکەوە، پێوەندییەکی تەواویی بە باسەکەمانەوە هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ ئەوەی، ئەوی پێشتر ئەم پێشنیازانەی بەر چاو نەکەوتووە و نەیخوێندوونەتەوە، لێرەدا بیانبینێ. پێشنیازەکانیش ئەمانەن:

(1. گەر وشەیەک، بۆ شێوەی ڕەتکردنەوە بەکارهێنرا، بە دوو جۆر خۆی دەنوێنێ. یەکەمیان ـ گەر لە سەرەتای وشەکەدا بوو، وەک: « ناخۆم، نەمخوارد یا « مەیخۆ » ئەوا پێکەوە دەنووسرێن. دووەمیان ـ گەر شێوەی نێگێتیڤ لە ناوەڕاستی وشەکەدا هاتبوو، وەک « حەز ناکەم، حەزم نەکرد یا حەز مەکە » ئەوا پێکەوە نانووسێنرێن و بە جیا دەنووسرێن. هەروەها، گەر لە کۆتایی وشەشدا هات، هەر بە جیا دەنووسرێ. وەک « دیار نییە، تێیدا نییە، ئاومان نییە، دیاکۆ لە ماڵ نییە و ... ».

2. هیچ جۆرە ناوێ، وەک ناوی « مرۆڤ، مەل، ئاژەڵ، جرووجانەوەر، وڵات، شار، گوند، چیا، دەشت، دارستان. ڕووبار، درەخت، ئامێری جۆراوجۆر... تاد » لەگەڵ هیچ جۆرە کردارێکدا، پێکەوە نالکێنرێن. وەک: « کوردەدەڕوا، کوردبوو، لە عێراقبوو » هەڵەیە. « کوردە دەڕوا، کورد بوو، لە عێراق بوو ... تاد » ڕاستە.

3. تەنیا ڕاناوی لکاو، لەگەڵ کردارەکاندا پێکەوە دەلکێنرێن. بەڵام، ڕاناوی نەلکاو، بە هیچ جۆرێ لەگەڵ کردارەکاندا، پێکەوە نالکێنرێن. وەک: « بە منیگوت، حەزملێکرد، ئەومبینی، منیخۆشدەوێ ... تاد » هەڵەیە. « بە منی گوت، حەزم لێ کرد، ئەوم بینی، منی خۆشدەوێ ... تاد » ڕاستە. لە کاتی ڕستەشدا، هەر هەمان دەستوور بەکاردێنرێ، وەک : « خۆزگە منیخۆشدەویست. » هەڵەیە. « خۆزگە منی خۆشدەویست. » ڕاستە. بەڵام دەتوانین، چ پیتی خستنەسەر، چ ڕاناوە لکاوەکان، پێکەوە بنووسین. بۆ نموونە: « من نانم خوارد، تۆ نانت خوارد، ئەو نانی خوارد، ئەوان نانیان خوارد ... » بەم شێوەیە دەبێ: « من نانمخوارد، تۆ نانخوارد، ئەو نانیخوارد، ئەوان نانیانخوارد ... »

4. کردارەکان پێکەوە دەنووسرێن. وەک: (یاریکردن ـ یاریدەکەم، نانخواردن ـ ناندەخۆم، ڕاکردن ـ ڕادەکەن ... تاد). بەڵام، گەر کردارەکە، بە هۆی چەن وشە و ناوێکی دیکەوە، لە یەکدی پچڕان، ئەوا بەسەریەکەوە نانووسرێن. هەروەها، بە

دوا ووشەی ڕستەکەشەوە نانووسێنرێن. وەک :

ئێمە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدەین.

ئەوان حەز لە مەنگوین دەکەن.

تارا نانی لە چێشتخانەی لاوان خواردووە.

لەم سێ ڕستەیەدا دەبینین، چاوگی هەر سێ کردارەکان، لە « هەوڵدان، حەزکردن و نانخواردن »دا خۆیان دەنوێنن. بەڵام، بە چەن ووشە و ناوێ، لە یەکدی دابڕاون، لەبەرئەوە ناتوانین، پێکیانەوە گرێدەین، یا کـــــردارەکانی « دەدەین، دەکەن و خـواردووە »، لـــەگـەڵ « ســەربەخــۆیی، مەنگوین و لاوان »دا، پێکەوە بلکێنین. هەروەها، کردارە ئاوێتەکان، لە هەموو شێوەکانیدا « ڕابردوو، ئێستە و ئایندە »، پێکەوە دەنووســــرێن. وەک: « داهاتن، دەرهێنان، لێکخـــــستن، بازدان، ئاوەدانکردنەوە، لێکنزیکەوتنەوە، دوورکەوتنەوە و ... »

5. جگە لەوەی، هەموو کردارەکان، بە هەر سێ شێوەکانیانەوە « ڕابردوو، ئێستە و ئایندە » هەمیشە پێکەوە دەنووسرێن. وەک: « خەوتن ـ خەوەدێ، دەخەوم، خەوتبووم. خواردنەوە ـ دەخۆمەوە، دەمخواردەوە، خواردبوومەوە » نەک « خەوم دێ، خەوت بووم. دەم خواردەوە، خوارد بوومەوە. »

6. هەموو ئاوەڵناوەکان، لەگەڵ ڕاناوەلکاو و کردارەکاندا پێکەوە دەنووسرێن، وەک:« سارد ـ ساردە ـ ساردبوو. گەرم ـ گەرمە ـ گەرمبوو. گەورە ـ گەورەیە ـ گەورەبوو ـ گەورەبوون. کورت ـ کورتە ـ کورتبوو ـ کورتبوون. سەرزل ـ سەرزلە ـ سەرزلبوو ـ سەرزلبوون. وەرگەڕاو ـ وەرگەڕاوە ـ وەرگەڕاوبوو ـ وەرگەڕاوبوون ». گەر « سەرزلە » لە « سەر + زل + ە » پێکهاتبێ و پێکەوە بلکێنرێن، ئەدی بـــۆ « ســەر + زل + بوو » پێکەوە نەنووسرێن؟! چ جیاوازییەکیان هەیە؟ ئەو دوو ئامراز و کردارە « ە » ، بوو » تەنیا لە کاتدا جیاوازییان هەیە، ئەگینا لە هیچ ڕوویەکی دیکەوە، هیچ جۆرە جیاوازییەکیان نییە.

لەوانەیە، هێندێ کەس بڵێن: « ە » کردار نییە و ئامرازی پێوەندییە. « بوو »ش کرداری ڕابردووە. بە لای منەوە، لە هیچ زمانێکدا، هیچ ڕستەیەک نییە، کرداری تێدا نەبێ، واتا ببەخشێ. ڕاستە « ە » کرداری تەواو نییە، بەڵام، جێگەی کردار دەگرێ و ڕۆڵی کردار دەبینێ.

7. بە هیچ شێوەیە نابێ، ئامرازەکانی « لێکدەر، پەیوەندیی و ناوی هێما یا ئاماژەکردن »، لەگەڵ ناو و کردارەکاندا پێکەوە بلکێنرێن. چونکە، جگە لەوەی لە ڕووی ڕێزمانەوە هەڵەیە، هەر یەکەشیان واتایەکی تایبەتیی خۆیان هەیە. بۆ

نموونە: هێندێ نووسەر دەنووسن: « ئەمجارە، ئەمساڵ ... تاد » کەچی « ئەو جارە، ئەو ساڵە ... تاد » پێکەوە نانووسن و بە جیا دەیاننووسن. بە باوەڕی من، شێوەی یەکەم بە هەڵە و شێوەی دووەم بە ڕاست دادەنرێ. چونکە، لە هەر دوو شێوەکەدا، « ئەم و ئەو » ناوی ئاماژەکردنن. بۆچی، لە شێوەی یەکەمدا پێکەوە بنووسرێن و لە شێوەی دووەمدا بە جیا بنووسرێن؟! کەواتە، ڕاستروایە، بنووسین: « ئەم جارە، ئەم ساڵ »، لە هەموو زمانێکیشدا، هەر وا دەنووسرێ.
لێرەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە، دەربارەی هێندێ لە ئامرازەکانی پێوەندیی وەک: « بە ، بۆ ، ە ، وەک ، لە ... تاد » و لێکدەر وەک: « و ، بەڵام ، بەڵکوو ، یا ، نەک ، چونکە ... تاد » پێویستە ڕوونیکەینەوە. دیارە، هەر دوو ئامرازەکانی پێوەندیی « بۆ ، وەک » و ئامرازەکانی لێکدەر « بەڵام، بەڵکوو ، یا ، نەک ، چونکە »، بە هیچ شێوەیەک، لەگەڵ هیچ ووشەیەکدا پێکەوە نانووسێنرێن. بەڵام، گرفتەکە خۆی لە هەر چوار ئامرازەکەی پێوەندیی « بە ، ە ، ی ، لە » و ئامرزای لێکدەری « و »دا دەبینێ. بۆ؟ گومانی تێدا نییە، هەر دوو ئامرازی پێوەندیی « ە ، ی » بە جۆرێ لە ئامرازە لکاوەکان دادەنرێن. چونکە، هەرگیز بە تەنیا نایەن و واتاش نابەخشن. بۆ نموونە: لاولاو هاتووە. لە « کرداری هات + پاشگری وو + ئامرازی ە » پێک هاتووە. چونکە، « هاتوو » بێ ئامرازەکە، هیچ ناگەیەنێ، واتاکەی ڕوون نییە. بەڵکوو ئامرازەکە، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، لاولاو هاتووە و کارەکە تەواوبووە، ئێستە لێرەیە. بەوەش، پێوەندییەک لە نێوان « ناو، کات و شوێن »دا پیشاندەدا.
بۆ ئامرازی پێوەندیی « ی »ش، هەر بەو شێوەیە دەبێ. بۆ نموونە: کوردە لووتی گەورەیە. لێرەدا ئامرازی « ی » ناوەڵناوی « گەورە » بە ناوی مرۆڤ و ناوی ئەندامێکی جەستەی کوردەوە گرێدەدا. بەڵام، بۆ هەر دوو ئامرازی « بە ، لە »، کەم نووسەر هەیە، گوێ بە دەستووری نووسینی ئەم دوو ئامرازە پێوەندییە بدا. زۆربەی نووسەران، لەگەڵ هەموو یەکەکانی زماندا، پێکیانەوە دەبەستن. بۆ نموونە: « لە ناو، لە سەر، لە ژێر، لە بەر، لە لای، لە لایەن، لە ڕۆژی، لە شاری، لە چیا، لە پرسە و... تاد» ئەمانە، هەموویان پێویستە، بەپێی دەستووری زمان، تەنیا بەم شێوەیە بنووسرێن. کەچیی، زۆر کەس پێڕەوی ناکەن و دەنووسن: « لەناو، لەسەر، لەژێر، لەبەر، لەلای، لەلایەن، لەڕۆژی، لەشاری، لەچیا، لەپرسە و ... تاد » ئەمانە، بۆیە دەبێ، بە جیا بنووسرێن، چونکە، هەر یەکێ لەو ووشانە، بێ « لە » واتایەکی تایبەتیی خۆی هەیە، بە شێوەیەکی تایبەتییش گەرداندەکرێن. واتە: دەتوانین، بێ « لە » بڵێین: « ناو، سەر، ژێر، بەر، لای، لایەن، ڕۆژی، شاری، چیا،

پرســـه و ... » واته: ئەو ووشـــانـه لە یەک ووشـــە پێک نەهاتوون، بەڵکوو، هەر یەکێکیان لە دوو ووشەی جیاواز پێکهاتوون، بۆیە دەبێ، پێکەوە نەلکێنرێن.
بۆ ئامـــرازی « بە ش، بـە هەمـــان شـــێـوە دەتوانین، نموونەیەک بێنینـەوە: « بە تایبەتیی، بە گشتیی، بە ئاشتیی، بە خۆشیی، بە ئارەزوو، بە پێ، بە ئۆتۆمۆبێل، بە ڕۆژ، بە شەو، بە شیروانم گوت و ... » بە هەڵەش، بەم شێوەیە دەنووســـــــرێ :
« بەتایبەتیی، بەگشتیی، بەئاشتیی، بەخۆشیی، بەئارەزوو، بەپێ، بەئۆتۆمۆبێل، بەڕۆژ، بەشـەو، بەشـیـروانم گـوت و ... » بەڵام، « لەبەرئەوە، بەگـوێرەی، بەپێی، جـێـبـەجـێکردن، بەڕۆژ ــ گـەر ناوی مـرۆڤ بێ ــ ، بەس و .. » هەر دەبێ، بەم شێوەیە بنووسرێ، چونکە، بە هەموویان یەک ووشە پێکدێنن.
بە داخـــەوە، هێندێ لە نووســـەرەکـــان، چاو لە دەســـتـووری زمـانـی « عـەرەبیی و فارسیی » دەکەن، ئەو ئامرازە پێوەندییـیـانە لەگەڵ ووشـەکانـدا ، پێکەوە دەلکێنن.
وەک لە عـەرەبییـدا دەڵێن: « لە سـەر: عـەلا، لە ژێر: تەحـت، لە ناو: فی، بە ئارەزوو: برغبه، بە ڕەزامەندیی: بموافقه، بە شێوەیەکی تایبەتیی: بصوره خاصه و ... »
لە زمـانـی کـوردیـیـدا ، ئەمـانـە هـەمـوو بە هەڵە دادەنرێن، چونکە، دەسـتـوورێکی تایبـەتیی خـۆی هەیە. مـەگـەر لە ئایندەدا ، دەزگـەیەکی ئەکـادیمیـای کـوردیی دامەزرێ، بەڵگەی زانستانەی بۆ داتاشێ و بچەسپێ.)« 28،428-432»
6/2. دەقوەرگـــــرتن :
هەر نووسەرێ، کاتێ کۆپلەیە لە نووسینێکی دیاریکراوەوە وەردەگرێ، پێویستە، ئەو کۆپلەیە چۆن نووسراوە، هەر بەو شێوەیەش ڕایگوێزێ و بینووسێتەوە. جگە لەوەی، گەر باسـەکەی دووبارەکردەوە، دەبێ، بە هەمـان زمـان و شـێوەی نووسین تۆماریکاتەوە.
بەڵام، « بەرزنجـیـی » هەر لە خـــۆیەوە قـســـەیکردووە و دەڵێی بە دەم خـــەوەوە بزرکاندوویەتی! چونکە، هێندێ کۆپلەی لە سەرچاوە جیاجیاکانەوە وەرگرتووە، یا دەسکارییکردوون، یا خـۆی دروسـیکردوون و لە سـەرچاوەکـەدا نین. بـۆ نموونە، نووسـیوێتـی: (چەند شـیـعـرێکی بەنمونە هێناوەتەوە کەگـوایە زێوەر بەجـارێ باشوری کوردستانی تەسلیم بەعێراق کردووەو منالان فێردەکات کەعێراق بەوڵاتی خۆیان بزانن!)« 3،57»
جارێ، پێش هەموو شتێ دەبووایە، کوتومت من چیم گوتووە و چۆنم نووسیوە، هەر بەو شێوەیە، کۆپلەکەی لە نووسینەکەوە بگوێزایەتەوە، بێ ئەوەی دەسکاریی ڕێنووسەکەی بکا، یا یەک پیت و ووشەی لێ بقرتێنێ. پاشان دەبووایە، ژمارەی

لاپەڕەکەی دیارییکرداپە. ئەوە جگە لەوەی، بەو ڕێنووسە پڕ لە هەڵەیە، کۆپلەکەی نووسیوەتەوە، نیشانەکانی خاڵبەندیی بەکار نەهێناوە، ویستوویەتی، سەر لە خوێنەر بشێوێنێ، ئەو قسە پڕوپوچانەی خۆی بە من بفرۆشێ!

سەیر ئەوەیە، هەر لە خۆیەوە نووسیوێتی: « زێوەر بەجارێ باشوری کوردستانی تەسلیم بەعێراق کردووە » من هەر لە « بەرزنجیی » خۆی دەپرسم، لە کوێدا من شتی وام نووسیوە. یا « زێوەر » خۆی چی بووە، تا « باشووری کوردستان تەسلیم بە عێراق بکا! » بە ڕاستیی، کارێکی تا بڵێی دزێو و ناشیرینە، یەکێ خۆی بە نووسەر بزانێ، درۆ بە دەم نووسەرێکی دیکەوە بکا، کە هێشتا زرپ و زیندوویێ! بۆ گواستنەوەی کۆپلەکانی دیکەش، لە کاتی پێویستی خۆیدا، لە هەموو مەبەستە خراپ و نادەسپاکییەکانی دەدوێم.

7/2. پەراوێز و سەرچاوە :

« بەرزنجیی »، لە کۆتایی سیپارەکەیدا، هەم پەراوێز و هەم سەرچاوەکانی بە جیا ڕێکخستووە. دیارە، ئەمە کارێکی باشە. بەڵام، نەزانین و ناشارەزاییەکەی لەوەدا دەردەکەوێ، زۆر جیاوازیی لە نێواندا نەکردوون. جاری وا هەیە، ژمارەی سەرچاوەیەکی نووسیوە، هەم لە پەراوێز و هەم لە سەرچاوەکانیشدا هەیە. لەبەرئەوە، خوێنەر نازانێ، کام ژمارەی سەرچاوە یا پەراوێزی مەبەستبووە!

جگە لەوەی، سەرچاوەکانی « 7،4،1 »ی لە ژێر پەراوێزدا نووسیوە، ئەو ژمارانە پەراوێز نین. بۆیە دەبێ، لە ژێر خانەی سەرچاوەکاندا تۆمار کرێن. واتە: تەنیا ژمارەکانی « 2، 3، 5، 6 و بادانەوە » لە ژێر پەراوێزدا دەنووسرێن.

هەروەها، سەرچاوەکانی بە شێوەیەکی ڕاست تۆمار نەکردووە. لەگەڵ یەکدیکدا جیاوازن. بۆ نموونە: ئەو هۆنراوەیەی بە سەر « عەبدولکەریم قاسم »دا هەڵدراوە، لە دامێنیدا، بەم شێوەیە سەرچاوەکەی نووسراوە. (19 ـ ژ 2 ,3 کانونی یەک 959 ل 85)« 50،3 » کەچیی، کاتێ تەماشای کۆدی ژمارە « 19 »ی سەرچاوەکانم کرد، نووسراوە: (هیوا ـ گۆڤار ـ ژ « 4 » سالی « 3 » نازاری 1960 بەغدا.) « 64،3 » واتە: بۆ ئەو هۆنراوەیە، سێ ژمارەی یەک گۆڤاری لە دوو ساڵی جیاوازدا بەکارهێناوە! جا، مەگەر هەر خۆی بزانێ، کامیان ڕاستە!

8/2. نەخت و پوخت :

« بەرزنجیی »، دەیتوانی، نووسینەکەی خۆی بە خۆڕایی درێژ نەکاتەوە. تەنیا وەڵامی هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی « زێوەر »ی بداتەوە. نەک باسی « ژیان، بەسەرهات، هۆنراوە، پەخشان، دید و بۆچوونی نووسەر و هۆنەرانی کورد »ی بۆ

بکا، دەربارەی « زێوەر » چییان گوتووە و چییان نووسیوە. هێندێ نموونەی هۆنراوەی، پەیامەڵدانی هۆنەرەکانی دیکەی کوردم بۆ بێنیتەوە، لەگەڵ هۆنراوەکانی « زێوەر »دا بەراوردیانکا. چونکە، کەس لاریی لەو شتانە نەبووە و نییە. من باسی بابەتێکی دیاریکراوم کردووە، نەک لە هەموو ڕوویەکەوە، ڕەخنەم لە هۆنەر گرتبێ، تا ئەو بەو شێوەیە، درێژەی هەواڵەکانم بۆ بخوێنێتەوە!

ئەگینا گەر وا نەبووایە، لە سەر « زێوەر » دەیتوانی، وەک کارێکی سەربەخۆ، بە جیا بینووسیایە. هەر وەک چۆن « فیردەوسیی »، پەرتووکی « شانامە »ی نووسیوە، « بەرزنجیی »ش، نەک هەر بەو شێوەیە دەیتوانی، « زێوەرنامە »یەکی درێژ بنووسێ، بەڵکوو، لەو بەرهەمەی « شانامە »ش درێژتری بنووسیایە، هەموو ئەو زانیارییە کۆنانەی، دەربارەی « زێوەر »، تا ئەورۆ نووسراون، بە کاوەخۆ کاوێژکردایەتەوە! هێندە بە شان و باڵی « زێوەر »دا هەڵیدایە، تا هێزی لێ دەبڕا و ووشەی عەرەبیی پێ نەدەما! چونکە، لە مێژە کورد گوتوویەتی: پیاو کە زۆری گوت، چاکیش دەڵێ و خراپیش دەڵێ!

جا، ئێستە پێم وایە، ئەو بەشانەی، « بەرزنجیی » باسیکردوون و پێویست نین، لە خراپەکانن! بریا، « بەرزنجیی » کەمێ کۆنترۆڵی زمان و پێنووسە کولەکەی خۆی بکردایە، تا خۆشی سەری لە سیپارەکەی خۆی دەرچووایە. بەڵام، دیارە ئەو کارە بە ئەو نەکراوە و ناشکرێ، چونکە، وەک « ڕەسووڵ هەمزەتۆف » گوتوویەتی: (بنیادەم، دوو ساڵی پێدەچێ، تا فێربێ، قسەبکا. شەش ساڵیشی پێدەچێ، تا فێربێ، دەمی خۆی بگرێ و قسە نەکا.)«8.35»

9/2. شێوە و قەبارە :

هەروەها، لە ڕووی شێوە و قەبارەی سیپارەکەشییەوە، هەڵبەتە، ئەو تەنیا ویستوویەتی، ژمارەی لاپەڕەکانی پترکا و لە بەرگەوە بۆ بەرگ، قەبەتر و تەنگەنەستوورتر دەرکەوێ. منیش، لەو ڕووەوە، هیچ جۆرە گلەییەکی لێ ناکەم. چونکە، وا دەردەکەوێ، خۆی زۆر ماندوو کردووە، ماوەیەکی زۆر، لاپەڕەی سەرچاوە کەردلێنیشتووەکانی هەڵداوەتەوە و گەڕاوە.

لەوەش دەچێ، هەر لە « 1966/01/01 »ەوە، خۆی خەریککردبێ، دەنگوباسی کۆ کردبێتەوە و دەستی بە نووسین کردبێ، تا ڕۆژی « 1996/08/31 »، سیپارەکەی تەواوکردبێ و « 66 » لاپەڕەی ڕێکی لێ دەرچووبێ. تۆ بڵێی، « زێوەر »یش هەر بە ڕێککەوت، ئەو هۆنراوە « عێراقچێتیی »یانەی، ساڵی « 1926 » یا « 1936 » نەنووسیبێ، وا « بەرزنجیی » بەو یادەوە، هەر هەمووی لەو شەشهەڵدانانەدا

دۆڕاندووە؟!! تۆ بڵێی، ئێستەش وەک « هێمن »، هەر ئەژنۆکەی لە باوەشگرێ و مۆر هەڵداوێژێ و بێ هوودە، بە هیوای « دوو شەش ێکی دیکە بێ؟!!
باوەڕ ناکەم، ئەو ژمارانە هەر وا بە خۆڕایی و بە ڕێککەوت هاتبن! ئەگینا، گەر ئەو درێژدادڕییەی نەکردایە، هەم ژمارەی لاپەڕەی سیپارەکەی « 66 » دەر نەدەچوو. هەم نووسینی لەو جۆرەش، هیچ جۆرە پێویستیی یەکی، بە وێنەی چەن پیاوێکی گەورە و ناوداری وەک: « زێوەر، شێخ مەحموود، ڕەفیق حیلمیی، پیرەمێرد، قانع، هێمن ... تاد » نەدەکرد! تەنیا هەر ئەوە مابوو، وێنەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی، سەردەمی لاوێتی خۆشی چاپکردایە. بە مەرجێ، لەو وێنانەی پێشانیداون، گەورەتر بووایە. نەک وەک ئەو وێنە پچووکەی، گوتارەکەی گۆڤاری « کاروان » وابێ، کە بۆیان بڵاوکردۆتەوە!
جگە لەوەی، دوو لاپەڕەی سیپارەکەشی « 13 و 65 »، هەر تەنیا بە کۆپیکردنی بەرگی هەر دوو سیپارەکەی « دەستە گوڵی لاوان - زێوەر » و « ئەلنەکراد و ئەلعەرەب - فەریق مین ئەلشبان » پڕکردۆتەوە، کە هیچ پێویستی نەدەکرد، ئەو دوو کۆپییە بڵاوکاتەوە. چونکە، هەر تەنیا ناوی ئەو دوو بەرهەمەی بێنایە، خوێنەر یەکسەر تێدەگەیی، باسی چی دەکا!
لە کۆتایی ئەم بەشەدا، هەر ئەوە ماوە، بڵێم: قوڕ بە سەر ئەو خوێندکارانەی، چەندین ساڵە، مامۆستایەکی وەک « بەرزنجیی »، فێری زمانی کوردیی کردوون! یەکێ خۆی بە مامۆستا و نووسەر بزانێ، ئەوەش باری شەڕی کوردییزانینەکەی بێ، ئایا، بە چ یاسا و ویژدانێ ڕەوایە، مامۆستا بێ و وانە بە منالانی کورد بڵێتەوە! بۆیە، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: کـــــــــوردییزانێکی وەک « بەرزنجیی »، بە هەڵە لەو بوارەدا کاردەکا. بەڵکوو، باشتر وایە، خۆی بە کارێکی دیکەوە خەریکا!

3. بابەت و ناوەڕۆک :

لەم بەشـەدا، هەوڵدەدەم، لە هـەمـوو ڕوویەکـەوە، زۆر بە وردیی و درێژیی، لە دید و بۆچوونەکـانی « بەرزنجـی » بدوێم. ئەوەی پێـویسـتـی بە وەلام بێ، دێربەدێری نووسینەکەی، بێ ئەوەی دەسکاریی شێوەی نووسین، هەڵەی چاپ و زمانەوانیی بکەم، وەک خۆی چۆن هەیە، ڕایدەگوێزم. بە بەڵگەی لەچاوچەقیو وەلامیدەدەمەوە، تا ئەوەی، دەربارەی « زێوەر» نووسیومە، پتر ڕوونیکەمەوە و بیچەسپێنم.

1/3. دەربارەی پێشەکییەکەی :

« بەرزنجـیی » نووسـیوێتی: (لەناو شـاعیـرانی نیوەی یەکـەمی ئەم سـەدەیەی لە ناوابوونە، هیچ کام وەک زێوەر 1875-1948زوڵمی لێ نەکراوەو شالاوی ناهەقی بۆ نەبراوە، هەر ساتە ناساتێ بەخۆڕایی و بەبێ هۆ وەیا لەنەشـارەزایی یەوە بەر درگەی پێ دەگیرێ.)«3،3»

ئەم قسە زل و بۆشانە، هەموو کەسێ دەتوانێ، بیانکا. چونکە، گەر یەکێ بڕیاریدا بێ، داکۆکیی لە « شتێ، بیرێ، هەڵوێستێ یا کار ێکی نارەوا بکا، دەبێ، هەر لە خۆیەوە، ووشە ڕیزکا و بەو جۆرە ووشە هەرزانانە، پێشەکییەکەی برازێنێتەوە.

نازانم، بۆ تا ئێستە، نووسەرێکی دیکە، لە سەر ئەو جۆرە کێشە و باسانە، یەخەی چەن هۆنەرێکی دیکەی وەک: « بێکەس، بێخود، ئەسیریی ... تاد » نەگرتووە و لە دەرگـەی نەداون، دەردی « بەرزنجـیی » خـۆی نووسـیـوێتی: هەر سـاتەناسـاتێ، یەخەی « زێوەر » دەگرن و زوڵمی لێ دەکەن؟!! هەڵبەتە، شتێ لە ئارادا هەیە، هیچ کـەسێ بە خـۆڕایی، یەخـەی کەس ناگرێ. ئەمـە مـێژووە و دەبێ، چۆن هەیە، وا باسکرێ و شـیکرێتـەوە، هەڵسـەنگێنرێ و ڕەخنـەی لێ بگیـرێ، لایەنە چاک و خراپەکانی دەسنیشانکرێ.. بەڵێ مێژووە، مێژووی وێژەی کوردییە، کە بە شێ لە مـێـژووی نەتـەوەکـەمـان پێکدێنـێ. لەبەرئەوە، گـەڕی بارە ترێ نیـیـە، وەک ئەو تێـگەیشـتـووە! ئیـدی، بۆ بە خـۆڕایی و بەبێ هۆ، یا لە نەشـارەزایییـەوە، تەنیـا یەخەی هۆنەرێکی وەک « زێوەر » دەگرین؟!! ئایا گەر یەکێ بیەوێ، لێکۆڵینەوەیەک لە سـەر لایەنی یا بەشـێکی هۆنراوەکـانی « زێوەر » بکا، بە باشـیی هەڵیـان سـەنگێنێ، ڕوونیـانکاتەوە، ڕەخنەیان لێ بگرێ، بە کـام یاسـا، بە خـۆڕایی بەر دەرگەی پێ دەگرێ؟!!

ئینجـا، سـەیرەکـە لەوەدایە، هەر کـەسێ شـتـێکی بە دڵ نەبوو، یا لەگـەڵ باری سەرنجی تایبەتیی خۆیدا نەگونجا، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستانەی پێ بێ،

یەکسەر ڕەخنەگرەکە بەوە تاوانباردەکا، گوایە: (تاوتوێیەکی نەشارەزایانەی شیعرێکی کرد)»3.3« وەک « بەرزنجیی » بە « کاکە مەم بۆتانیی » گوتووە! باشە، با بڵێین، « کاکە مەم » ساڵی « 1969 »، گوتاری « ئاسایشەکەی زێوەر لەتای ترازودا »ی نووسیوە، زۆر نەشارەزایانە شیکردۆتەوە، (حوکمەکەی زاڵمانە بوو.)»3.3«، ئەدی، چی وای لێ کرد، ماوەی « سیویەک ساڵ » فزە لە خۆی ببڕێ، ئەوڕۆ، کای کۆن بەباکا، هەڕەشەی لێ بکاو بڵێ: (لەسەر نووسینێکی تێرو تەسەل هەڵدەگرێ.. بۆ ئایندە.)»3.3« ئەدی، بۆ لەو ماوە دووروودرێژەدا، نەک هەر ئەو، بەڵکوو یەکێ لە نووسەران یا وێژەدۆستان، وەڵامێکی ئەو نەشارەزایی و « حوکمە زاڵمانە »یەیان نەدایەوە؟!! بۆچی، جگە لە « بەرزنجیی »، کەس وەک پۆلیسی دەروازەی وێژەی کوردیی، قورقوراگەی نەگرت؟ هەڵبەتە، ئەم کاسەیە بێ ژێرکاسە نییە و دەبێ، بزانین چییە؟!!

پاشان، « بەرزنجیی » دوو کۆپلەی لە نووسینەکەی من وەرگرتووە، بە ئارەزووی خۆی دایڕشتۆتەوە، بێ ئەوەی گوێی دابێتێ، من چۆنم نووسیوە، یا بە چ شێوەیە دامڕشتووە. شەلم کوێرم ناپارێزم، نوقورچی گرتووە. هەر وا بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی، بۆچوونەکانی منی، بە هۆنراوەیەکی « مەحوی »یەوە گرێداوە و نووسیوێتی: (لەڕاستی دا بەرامبەر ئەمە کە لەقەڵەمی کەسێکەوە دەردەچێ خۆی بەخاوەنی رادەیە لەسەروساختی کردن لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیریدا دادەنێ.. هیچ ناوترێ لەوە زیاتر کەبڵێم: سەد شوکور بۆ خوا کەزێوەر ئەم ڕۆژانەی نەدی و بەحورمەتەوە بەر لەپەنجاویەک ساڵ سەری ناوەوە، نەگەیی کە بەو « لەبزە شیرینە » ئاخافتنی « ئەدەب »ی لەگەڵدا بکەن و لەوانەیە خراپتریش.)»4.3« ئەم چەن دێرە، گەر شتێ بگەیەنێ، تەنیا نیشانەی نزمیی ئاستی ڕووناکبیریی و نەزانینی خاوەنەکەی، بەرانبەر بە لێکۆڵینەوەی وێژەیی و مێژوویی پیشاندەدا. چونکە، ئەو پێی وایە، هەرچی لە کاتی خۆیدا، هەڵەیەکی کرد و بۆی دیزەبەدەرخۆنەکرا یا کەسێ نەبوو، لەو سەردەمەدا ڕەخنەی لێ بگرێ، پاشان ماڵاویی لە ژیان کرد، ئیدی بە هیچ شێوەیە نابێ، لە گۆڕی پڕ لە هێمنیی و ئارامیدا، خەبەرکرێتەوە، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدرێتەوە، باسی لایەنە هەڵە و خراپەکانی بکرێ. چونکە، یەکێکی وەک « زێوەر »، کاتی خۆی، « بەحورمەتەوە بەر لەپەنجاویەک ساڵ سەری ناوەتەوە! » و بەڕێکراوە، ئیدی ئەوڕۆ، هەر نووسەرێ، هەر لێکۆڵینەوەیە لە سەر هێندێ لە هۆنراوەکانی بکا، دەبێ، یەکێکی وەک « بەرزنجیی »، سوپاسی خوا بکا، « کەزێوەر ئەم ڕۆژانەی نەدی! »

هەڵبەتە، ڕەخنەگرتن لای ئەو، بە « لەبزی شیرن » دادەنرێ! چونکە، نەک هەر ئەو، بەڵکوو زۆربەی زۆری نووسەران و هۆنەرانی کورد، فێری ئەوە بوون و گوێیان بەوە ڕاهاتووە، تەنیا بە چاکە باسکرێن، بە شان و بازوویاندا هەڵبدرێ، لە گوڵ کاڵتر بە خۆیان و بەرهەمەکانیان نەگوترێ، گەر هەرچی بڵێن و هەرچیش بکەن، هەر ئافەرین کرێن و چەپڵەیان بۆ لێدرێ!

بە ڕاستیی، ئەمەیە ماڵوێرانیی و پاشاگەردانیی، ئەمەیە نەتەوەیەکی دواکەوتوو لە یەکێکی دیکەی پێشکەوتوو جیادەکاتەوە! ئەدی گەر ئەو، ئاگای لە ڕووداوەکانی مێژوو بووایە، چۆن بڕیاری وای دەدا؟ ئەدی ئەوە نییە، لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا، ڕۆژانە دەس بۆ بەرهەمی چەندین « نووسەر، هۆنەر، ڕامیار و پیاوی ئایینیی » رادەکێشن، بەرهەم و کردارەکانیان هەڵدەسەنگێنن، لایەنە باش و خراپەکانیان دیاریدەکەن، ڕەخنەی توندیان لێ دەگرن، هەر کەسە مافی سروشتیی و ڕەوای خۆی دەدەنێ، بێ ئەوەی کەسێ هەبێ، بۆڵەیە یا سرتەیەکی لێ بێ. چونکە، تەنیا هەر بەو شێوەیە دەتوانن، مێژووی نەتەوەکەیان هەڵسەنگێنن، لایەنە خراپەکانی پیشاندەن، تا جارێکی دیکە، ئەو هەڵە و خراپانە دووپات نەبنەوە، خۆشیان و نەوەکانی داهاتووشیان، کەڵکی لێ وەرگرن. ئەمەش، پتر لەو کۆمەڵە دواکەوتووە بندەستانەدا ڕوودەدا، لە نێو ئەو گەلانەدا بەدیدەکرێ، کە خاوەنی دەوڵەتی ناسیۆنالی تایبەتیی خۆیان نین. یا قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆشیان هەیە، بەڵام، چونکە ئازادیی ڕادەربڕین نییە، دیمۆکراسیی وەک سیستێمێکی مۆدێرن و شارستانییانە پیادە ناکرێ، زۆر جار، ئەو پرۆسەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنە، بۆ ماوەیەکی دیکەی مێژوویی دوادەکەوێ! ئایا، کێ دەیتوانی، لە سەردەمی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژی وەک « ستالین »، یا هەر دیکتاتۆرێکی دیکەی ئەو سەردەمەی دەسەلاتی کۆمۆنیستەکاندا، نەک هەر ڕەخنە لە کردەوە دڕندە و نامرۆڤانەکانیان بگرێ، بەڵکوو، ڕەخنەش لە هۆنراوەی هۆنەرێ یا نووسینی نووسەرێکی سەر بەو ئایدۆلۆژیا و ڕێبازە بگرێ؟ کەچیی، کاتێ هاورێ « ستالین » مرد، « خرۆتشیۆف » هات، نەک هەر زۆر ڕێزیان لێ نەگرت، بەڵکوو مافی ئەندامێتی پارتی کۆمۆنیستیشیان لێ سەندەوە، ئەو یەیکەرە گەورەیەی، لە نێو پەیکەری پیاوە گەورەکانی« سۆڤێت »دا بۆیان داچەقاندبوو، ئەویشیان تووڕدا. دواتریش، کاتێ « خرۆتشیۆف » لابرا، « برێژنێف » و دەستەیەکی دیکە هاتن، جارێکی دیکە، بە بیر و کردەوەکانی « ستالین »دا چوونەوە. ئەوان دەیانزانی، ئەو پیاوە هەڵەی زۆر بووە. بەڵام، ئەو، ئەوە نەبوو، بەو

شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. لەبەرئەوە، هەموو مافێکی خۆیان بۆ گێڕایەوە. پەیکەرێکی نیوەیان بۆ داتاشییەوە.
دوای ئەوەی « گەربەچیۆف »یش هات، هەموو دید و بۆچوونەکان، هەموو پێوانە و هەڵسەنگاندنەکان، بە تەواویی گۆڕان. ئینجا، نەک هەر « ستالین »یان بەسەر کردەوە، بەڵکوو، هەموو ئەوانەی، لە بواری ڕامیاریی و نووسیندا کاریانکردبوو، بە چاک و بە خراپ، هەواڵەکانیان سەر ئاو کەوتن و لە بنی دەمۆڵەکەیان بۆ دان.
دوای ئەوەی « یەکێتی سۆڤێت »یش هەڵوەشایەوە، ئیدی بەزمەکە بە تەواویی گەرم بوو، هەموو نهێنییەکان پتر ئاشکرابوون، پرۆسێسی هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتنەکەش، لە لووتکەی تێپەڕان. کەچیی، ئێستەش لە « ڕووسیای فیدراڵ »، هێندێ هەن، وەک « بەرزنجیی »، ئاوات بە « کەڕیی، لالیی و کوێریی » سەردەمی کۆمۆنیستەکان دەخوازن. تا ئەندازەی پەرستن، « ستالین » و بیروباوەڕەکانی دەپەرستن. شانازیی بە هەموو کردەوەکانییەوە دەکەن! ئەمە چیرۆکی مێژووە و مێژووش، هەرگیز نامرێ و زیندووە. هەمیشە، چەن کەسێ هەر هەن و دەبن، چیلکە لە پۆخڵەواتی ڕووداوە مێژووییەکان وەردەن، ڕاستییەکان بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان ڕوونکەنەوە! جا هەزارانی وەک « بەرزنجیی » پێیان خۆشبێ یا ناخۆشبێ، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ. چونکە، هەمیشە هەر چەن کەسانێکی دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمانپەروەر دەبن، کۆڕی مێژوو شەقکەن، سەر بە ئەرشیڤی ڕووداوە مێژووییەکاندا بکەن، لاپەڕە سوور و کەش، زەرد و سپیەکانی پەرپەرکەن. ئەو جۆرە کەسانەش، هەرگیز نە شەرم لە هەڤاڵ « بەرزنجیی » و نە شەرم لە هیچ کەسێکی دیکەی دەسەڵاتدار دەکەن.
هەر زۆر دوور نەڕۆین، ئەو هەموو ناهەمواریی و کارە خراپانەی، ئەورۆ لە باشووری کوردستاندا ڕوودەدەن، ئەو هەموو درۆ و دەلەسانەی بە دەم سەرکردە مردووەکانەوە دەکرێن، ئایا، ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئاوڕیان لێ نادرێتەوە؟!! ئایا هەر وا بە ئاسانیی، بە پەیژەی ئەمریی و لووتکەی سەرکەوتندا هەڵدەگەڕێن؟!! یا ڕۆژێ دادێ، (مثقال ذرە خیر یری، مثقال ذرە شر یری) ئەمە ئەورۆ بۆ وایە؟!!
لەبەرئەوەی، لایەنە دەسەڵاتدارەکان، دەسەڵاتیان هەیە، توانای لێدان و گرتنیان هەیە، پارەیەکی زۆر دەڕێژن، تا چەندین نووسەری خۆفرۆش و چڵکاوخۆری کورد، ملوانکەی درۆ بهۆننەوە، لە ملی سەرکردە و وابەستەکانیانی کەن. هەڵە و تاوانەکانیان بۆ لێفەبۆشکەن، هەموو نەنگییەکانیان بۆ داپۆشن، هەر تەنیا بە شان و بازوویاندا هەڵدەن، تا وەک فریشتەیەکی پاک و بێ هەڵە، لێیان بڕوانرێ!

بەلام، ڕۆژێ دادێ، تەلیسمی ئەو هەموو درۆیانە بشکێنرێ، کارتێکردنیان لە سەر کۆمەڵانی خەڵک بەتاڵکرێتەوە، تیشکی خۆری ڕاستیی، بۆ هەمووان دەرکەوێ، هەر کەسە لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا، مافی ڕەوای خۆی پێ بدرێ!

پاشان، هۆنراوەیەکی « مەحویی »، بە هەڵە نووسیوە، کە گوتوویەتی:

رۆڵە! گەر حەزدەکەی ببیە شاکور
پەندی « مەحویی » لەگوێگرە وەک دور
مەردی ئازادە قەت مەڕەنجێنە
(کل شئ و لا شتیمە حر) «337،57»

نازانم، ئەو هۆنراوەیەی، لێرەدا بۆ هێناوەتەوە؟ چ پێوەندییەکی بە سەر گوتارەکەی منەوە هەیە؟ بۆ دەبێ، ڕەخنە لە « فەردی ئازاد » نەگیرێ؟ بۆ « فەردی ئازاد » چییە؟ لە چی دروسکراوە؟ ئایا، هەڵە ناکا؟ ئەمە مەگەر هەر لای چەن کەسێکی وەک « مەحویی » و « بەرزنجیی » ڕەوابێ! ئەگینا، هۆنەر خۆشی، هەر یەکێ بووە، وەک هەموو ئەو کوردانەی ژیاون و دەژین، هەموو کەس بۆی هەیە، پەنجەی ڕەخنە بۆ کار و بۆچوونەکانی درێژکا!

دوای ئەوە، گەر یەکێ ڕەخنە لە « فەردێکی ئازاد » بگرێ، ڕەخنەکەی ڕاسبێ و لە دڵسۆزییەوەبێ، بۆ دەبێ، ئەو هۆنەرە برەنجێ؟ بەڵکوو پێویستە، گەر لە ژیاندا بێ، سوپاسی ڕەخنەگرەکە بکا، گەر لە ژیانیشدا نەبێ، ئەوا ڕاستیی بۆ خەڵکی ڕووندەبێتەوە! جگە لەوە، ئایا ڕەخنەگرتن بە " شتیمەی حر " دادەنرێ؟ جا گەر وایە، من هیچ تێبینییەکم، لە سەر ئاستی کەلتووریی « بەرزنجیی » نییە!

پاشان وەنەبێ، نووسەر، هۆنەر و ڕووناکبیرانی کورد، هەر هەموویان و لە هەموو سەردەمێکدا، ڕازەی نەتەوەکەی خۆیان کردبێ، یا ئەوەی نووسیبێتیان، لە بەرژەوەندیی کورددا بووبێ. نەخێر، بەڵکوو لە هەموو سەردەمێکدا، کۆمەڵێ کوردی « نووسەر، هۆنەر و ڕووناکبیر »، وەک مۆم بۆ نەتەوەکەیان سووتاون، ڕێگەی تاریکونوتەکیان بۆ ڕۆشنکردوونەتەوە، شەویان بە دەم ڕۆژەوە گرێداوە، خەباتێکی بێ وچانیان، بۆ « ئازادیی، سەربەخۆیی و بەختەوەریی » نەتەوەکەیان کردووە. بە پێچەوانەشەوە، هێندێکی دیکەش هەبوون، ئەوەی بیریان لێ نەکردبێتەوە، کێشەی ڕەوا و گرفتە سەرەکییەکانی کورد بووە. بەلام، ناپاکییان لە خاک و نەتەوەکەیان نەکردووە. هێندێکی دیکەش هەبوون، نەک هەر بە تەنگ کوردەوە نەهاتوون، نەک هەر سەری خۆیان کزکردووە و دانیشتوون، بەڵکوو دژی ئاوات و ئامانجی نەتەوەکەشیان بوون، وەک پوازی کوردیی، ناپاکییان لە کورد و

کوردستانیش کردووە. کەواتە، بۆچوونەکەی « مەحویی « هەڵەیە، یا، لێرەدا بۆ ئەو مەبەسەی « بەرزنجیی « ناگونجێ!

هۆنەوری‌کی نیشتمانپەروەری وەک « بێکەس »، لە « 1939/11/16 »دا بە دە پێنجینە، هۆنراوەی « خوا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا »ی گوتووە. لەم هۆنراوەیەدا، هۆنەر لە دەردەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی دواوە. هەر چەندە، ئەو باری سەرنجانەی، تا ئەورۆش هەموویان هەر راستن. بەڵام، هۆنەر لێرەدا، زۆر رەشبینانە بیریکردۆتەوە، هیچ تروسکەیەک، هیوایەک بە تەوژمی هۆنراوەکانییەوە بەدی ناکرێ. لە پێنجینەی شەشەمدا، پەنجەی تاوانی، ئاراستەی رووناکبیرانی کورد کردووە، رەخنەی لێ گرتوون. گوایە، هەر کەسە خەمی گیرفان و ورگ پرکردنی خۆیەتی، نیشتمانەکەی پشگوێخستووە، تەنانەت بۆ پارە، بیروباوەری خۆشی فرۆشتووە. بۆیە گوتوویەتی:

مونەووەر، هەر زۆری لەبەر نانی
وەتەن ئەفرۆشێ، بە یەک تارانی
ئەخاتە ژێر پێ، دین و ئیمانی
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا «100،6»

جا، ئیدی دەبێ، لێرەدا « بێکەس « تاوانبارکەین، چونکە، « منەوەر »ی بە نیشتمانفرۆش « داناوە؟ کێ دەڵێ، لە نێو ئەو « منەوەرانە »دا، بە دەیان و سەدان « فەردی ئازاد »یشی تێدا نەبووە؟!!

« بەرزنجیی « ، هەر لە خۆیەوە قسەی فڕێداوە. خۆشی نازانێ، چی گوتووە و چی کردووە. چونکە، گەر بیزانیایە، هەڵبەتە نەیدەفەرموو: (منیش دەڵێم: لەسایەی نەبرێ، هەر چاکە، پاش ئەوەندە ساڵ لەئەزموونی خوێندن و ژیان لەباوەشی شارستانیەتدا، هێشتا باشە ئەم دوو وشە سەنگینەی کردە دەسکە گوڵی دیاری و لەژوور سەری قەبرەکەی داینا.) «4،3» ئایا دەبێ، « خوێندن و ژیان لە باوەشی شارستانییەتدا »، پێوەندیی بە ووشەی « سەنگین »ەوە چی بێ؟!!

دیارە، ئەو ئاگای لە جیهانی ئازاد و شارستانییەت نییە و نازانێ، خەڵکی چی دەنووسن؟ چۆن رەخنە لە یەکدی دەگرن؟ جگە لەوەی، ئەو « دوو وشە سەنگینە »، دەسکەگوڵی دیاریی نەبووە و نییە، لە ژوور سەری گۆڕەکەیم دانابێ. بەڵکوو، تاجەگوڵینەی رەخنەیە و لە ملی هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی هۆنەرم ئاڵاندووە. رەخنەکەش، زۆر لە جێی خۆی دایە، هەرگیز لێشی پەشیمان نیم.

چونکە، ئەوەتەی بیرمکردۆتەوە، بە هەموو بیر و هۆش و بوونمەوە، دژی بیری کەندەلی « عێراقچێتیی » بووم. جا، ڕەشەبای بۆگەنی ئەو بیرە، لە هەر کوێوە هەڵیکردبێ، من نەک هەر دەرگە و پەنجەرەکانم داخستووە، بۆ ئەوەی مێشکم پڕ نەبێ و بۆنەکەی کاسم نەکا، بەڵکوو، بە چەکی زانین و زانست، بە بیری نەتەوەیی و کوردستانیی، بەو پەڕی توانامەوە، بەرەنگاریبوومەتەوە، لە مێشکی کەلێ لاوی کوردم دوورخستۆتەوە و لە بەر چاوم خستوون!

هەڵبەتە، هەموو کەسێ ئازادە، چۆن بیردەکاتەوە. بەڵام، هەر کاتێ زانیبێتم و بزانم، ئەو بیرە دروسکراوە، دژی بیرە ڕەسەنەکەی من وەستاوە و دەوەستێ. سەری لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم شێواندووە و دەشێوێنێ. ڕێگەی ڕاستی لێ گۆڕیوێ و دەگۆڕێ. کوێریکردوون و کوێریاندەکا. زیانی بە پاشەڕۆژی نەتەوە و نیشتمانەکەم گەیاندووە و دەگەیەنێ. ئەوا بە هەموو توانامەوە، دژی وەستاوم و دەشوەستم، لە قاومداوە و لە قاویشیدەدەم. هێندێ جاریش، باجەکەیم زۆر بە چاکیی داوە!

پاشان، نووسیوێتی:(لەوانەیە نووسینەکە هەندێ هەرزەو گەنجی « بێ ئاگا لەرابوردوو » بەلای خۆیدا ببا، بەڵام زۆریش پێی پەست و نیگەرانن. بەتایبەت ئەوانەی شتێ لە مێژووی نێزیکی نەتەوەو ئەدەبی نەتەوەکەیان دەزانن..)«5،3»

سەرەتا دەڵێم: هەر باشە، ئەو نووسینە، یەکێکی وەک « بەرزنجیی » بێ ئاگا لە مێژووی نەتەوەکەی، بە لای خۆیدا نەبردووە. چونکە، ئەوەی باوەڕ بەو نووسینە بکا، ئەوا ئەو بە « هەرزە و گەنجی » دادەنێ، ئەوەشی باوەڕی پێ نەکا، بە ڕووناکبیر و بە سالاچووی دەژمێرێ. دیارە، خۆشی لە ڕیزی ئەو ڕووناکبیر و بەساڵاچووانەدا داناوە! بەڵام، من « بەرزنجیی » و هەموو ئەوانەی دیکەی، لنگەوقوچ لە ڕەخنە و مێژوو گەیشتوون، دڵنیادەکەم، ئەوانەی باوەڕیان بەو ڕێباز و باوەڕە هەیە، « هەرزە و بێ ئاگا لە ڕابوردوو» نین، وەک ئەو تێیگەیشتووە و تاوانبارياندەکا. بەڵکوو، ئەوانە دژی ئەو بیرە پووچە ڕادەوەستن و چاکیش لێی تێگەیشتوون. دەزانن، کوریسی نارەسنی ئەو بیرە پوچەڵە، لە کوێوە درێژکراوە و بۆ چ مەبەستێ شلکراوە! ئەوانەی پێشی پەستن، جگە لە کەسوکاری هۆنەر و چەن « عێراقچیی » یەکی نەگبەتی سەرلێشێواوی بێ هۆش و گۆش پتر، کەسی دیکە نین. لەبەرئەوە، شتێکی سەیر نییە، گەر هەموو بێگانەپەرستێ، دژی بیری خۆڕسکیی و ڕەسەنی کوردایەتیی و کوردستانیی بن و بەرانبەری بوەستنەوە. چونکە، کەسێ پشت لە خاک و نیشتمانەکەی خۆی بکا، لەوە پتر دەبێ،

چاوەڕوانی چی دیکەی لێ بکرێ! کەسێ بانگاشەی بیری « عێراقچێتیی » بکا، کەسێ بیەوێ، تاهەتایە، کوردستانەکەی بەو دەوڵەتە داگیرکەرەوە ببەسرێتەوە، ئیدی چۆن، دژی ئەو بیرە پیرۆزە ناوەستێتەوە؟ هیچ گومانی تێدا نییە، شەمشەمە کوێرەی بیری « عێراقچێتیی »، هەمیشە لە تیشکی زێڕینی خۆری بیری «کوردستانیزم » دەترسێ! چونکە، ئەو بیرە، تەنیا هەر لە شەوەزەنگدا هەڵدێ. بە پێچەوانەی بیری کوردایەتییەوە، لە خۆرەتاوا گزنگدەدا و دەدرەوشێتەوە.
هەروەها، ئەو جۆرە کەسانەی بەو شێوەیە ناوینادەبا، « ئەوانەی شتێ لە مێژووی نێزیکی نەتەوەو ئەدەبی نەتەوەکەیان دەزانن.. » ئەوەتەی هەن، وەک شەمەندەفەر، هەر لە سەر یەک هێڵی ئاسنین ڕۆیشتوون و دەڕۆن.. نە بە هیچ لایەکدا لادەکەنەوە، نە ئاوڕیش بۆ دواوە دەدەنەوە، تا ڕابوردووی خۆیان و نەتەوەکەیان بە باشیی بزانن. چونکە، گوێ بۆ قسەی کەس شل ناکەن، ڕەخنە لە کەس وەر ناگرن، بە زۆریی هەر فێری « پیاهەڵدان، ماستاوساردکردنەوە، مامەیی، دڵدانەوەی کەسوکاری مردووەکان » بوون. ئەوەش، نە هەرگیز بە من کراوە، نە هەرگیزاوهەرگیزیش بە من دەکرێ!
گەر یەکێ، گوتارەکەی منی نەخوێندبێتەوە، بەپێی قسە پفهەڵدراوەکانی ئەو بێ، وا دەزانێ، من لە هەموو ڕوویەکەوە و بە شێوەیەکی کوێرانە، ڕەخنەم لە « زێوەر » گرتووە، دژایەتیمکردووە. یا خوانەخواستە وەک ئەو دەیەوێ، لە خوێنەرانی بگەیەنێ، من گوتوومە: « زێوەر » مامۆستای هۆنراوە نەبووە، ئاستی پەخشانەکانی نزم و ناوەڕۆک خراپبوون، دڵسۆزی خاک و نەتەوەکەی خۆی نەبووە، سروودی بۆ خوێندکاران نەهۆنیوەتەوە! ئەمە گەر وا لێکدرێتەوە، وەک ئەو دەیەوێ، لە مێشکی خوێنەری تێکترنجێنێ، ئەوا بێ ویژدانییەکی زۆر گەورە، نەک هەر بەرانبەر بە « زێوەر »، بەڵکوو بەرانبەر بە من و نووسینەکەشم دەکرێ. چونکە، هەر یەکێ نووسینەکەی منی خوێندبێتەوە، یا گەر جارێکی دیکە پێیدا بچێتەوە، یەکسەر تێدەگا، من بە چ شێوەیە، تەماشای « زێوەر »م کردووە. چۆن سەرەتا، بە شان و بازوویدا هەڵمداوە، بە شانازییەوە، لایەنە باشەکانیم باسکردووە. پاشان، ڕەخنەم لەو هۆنراوانەی گرتووە، نەک پەلاماری کەسێتی خۆیم دابێ! ئیدی دەبێ، ئەو قسە زەردباوانەی « بەرزنجیی »، چ ڕەواجێکی لە نووسیندا هەبێ، وا هێندە بە دەس و دڵ فراوانییەوە، بەبایکردوون و دەسی پێوە نەگرتوون، بە تایبەتیی، کاتێ ڕێگەی بە خۆی داوە، بە ناوی هەموو دڵسۆزێکەوە، داکۆکیی لە « زێوەر » کردووە و گوتوویەتی: (هەربۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەو

بیرۆکە چەوتانەی کە لەو نووسینەدا هاتوون، بەهێمنی تاوتوێیەکی دەکەم، بۆ هیچ نا لەبەر دیفاع لە مامۆستای شیعرو نووسینی پەخشانی کوردی، دڵسۆز بەخاک و نەتەوەکەی..)«5،3»، جا، گەر ڕا نەسپێرراوە، ئەو ژارە ڕەشە هەڵڕێژێ، با، تەنیا دەس بۆ یەک جێگەی نووسینەکەم ڕاکێشێ، تا هەموومان بزانین، « ئەو هەڵە و بیرۆکە چەوتانە » لە چ دێڕێکی گوتارەکەمدا هاتوون!
لە کۆتایی پێشەکیی سیپارەکەشیدا، هەر دەڵێی، گوتارێکی ڕامیاریی لە بۆنەیەکی تایبەتییدا دەخوێنێتەوە، یا وەک مەلایەکی ئایینیی، لە سەر گۆڕی شەهیدێکی زۆرلێکراو وەستاوە و سڵاو بۆ گیانی پاکی دەنێرێ، وا نووسیوێتی: (سڵاو لەو دڵسۆزە پاکە بێگەردانەی بەبێ هیچ مەبەستێ « جگە لەدڵسۆزی نەبێ » ئاوا خۆیان بەختکردو ڕێزو نەوازش بۆ گیانی ئەو مامۆستاو ڕابەرەی کە ئێمە لەڕێگای مانای قووڵی سرودەکانی ئەوەوە لەسەرەتاییدا ئەلفبای کوردایەتی بەمێشکماندا چوو، نابێ هێند نمەک بە حەرام بین لە ئاستیدا و سپڵەبین، نەریتی کوردەوارییە کەپیاو دەبێ بەرامبەر وەفاداران بەوەفابێ.)«5،3».
جا، گەر ئەمە درێژدادڕیی و سەر لە خوێنەر شێواندن نەبێ، چییە؟ تۆ بڵێی، کەسێ ئەو ووشە قەبەقەبانە نەنووسێ، وەک مامۆستایەکی ئایینیی گوتار نەخوێنێتەوە، نەفرەت لە گۆڕی ئەو کەڵەپیاوانە بکا، هەست بە شەونخونیی و ماندوویییان نەکا! بەڵام، ئەمەیان بۆ باسەکانی دوایی هەڵدەگرین، تا بزانین، چ بەرانبەر « زێوەر » و چ بەرانبەر نەتەوە و نیشتمانەکەی، کێ « نمەک بە حەرام » و « سپڵە » یە؟ دیارە، هەموو کەسێ دەتوانێ، قسەبکا. چونکە، قسە هەژارە و هەموو کەسێ پێی دەوێرێ! بەڵام، گرنگ ئەوەیە، ئەو کەسە بزانێ، چی دەڵێ و چی دەنووسێ. دەردی « هەمزەتۆف »یش گوتوویەتی: (هەر ئەوەندە بەس نییە، ژنی کەمان شەتەکدەی، دەبێ، بزانی، چۆنی لێ دەدەی. ئەوەندە بەس نییە، زەویت هەبێ، دەبێ، بزانی، چۆن دەیکێڵی و دایدەچێنی.)«277،36».

2/3. ژیننامـــــــــــه :

سەیر ئەوەیە، پەنجاودوو ساڵ دەبێ، « زێوەر » مردووە، کەچیی، تازە یەکێکی وەک « بەرزنجیی » دەیەوێ، ژیان و بەسەرهاتەکانیمان بۆ باسکا، وەک نهێنییەکی هێندە شاراوە، کارێکی هێندە گران و مەتەڵێکی هێندە قورسبێ، هەر تەنیا خۆی بیزانێ! ئەوە لە کاتێکدا، لە چەن سەرچاوەیەکی مێژوویی و وێژەیی کوردییدا، ئەو زانیارییانە، زۆر بە ئاسانیی چنگدەکەون. خەڵکی کورد بە گشتیی و ڕووناکبیران بە تایبەتیی، هونەرێکی گەورەی وەک « زێوەر »، بە هەموو چاکە و

خراپەکانییەوە، زۆر باش دەناسن. گەر هەر کەسێ، ئارەزوویکا، تەنیا لاپەڕەکانی « مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلادین سەجادیی » هەڵداتەوە، کە چلوهەشت ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، گەلێ زانیاریی پتری دەربارەی هۆنەر تێدایە، لە چاو ئەو زانیارییانەی ئەو باسیکردوون. جا ئیدی، چ پێویستیدەکرد، مێژوونووسێکی ناودار و نووسەرێکی گەورەی وەک « بەرزنجیی »، ئەو گرێکوێرەیەیان بۆ بکاتەوە، باسی ژیانی « زێوەر »یان بۆ بکا، هێندێ لە کاتی زێرینی خۆی، بەو جۆرە لێکۆڵینەوە پڕ لە بایەخانەوە بکوژێ، سەری خەڵکی کوردیش بە خۆڕایی بیەشێنێ؟!! چونکە، لە ڕاستییدا، گەر لەو بوارەدا، لە کەروێشک دەسی کورتر نەبێ، هەرگیز درێژتر نەبووە و نییە!

دوور نییە، کاتێ، باسی ژیانی هۆنەرێکی ناسراوی وەک « زێوەر »ی کردووە، تەنیا هەر لە بەر یەکێ لەم هۆیانەی خوارەوە بووبێ:

1. نووسینەکە بە خۆڕایی درێژکاتەوە.

2. سەر لە خوێنەران بشوێنێ، لە مەبەسە سەرەکییەکە دووریان خاتەوە. تا وا بزانن، ئەز لە هەموو ڕوویەکەوە، دژایەتیی « زێوەر »م کردووە!

3. لە خەڵکی بگەیەنێ، من شارەزای مێژووی ژیان و بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەی ئەو سەردەمانەی کوردستان نەبووم و نیم. زۆر ئاگاداری ژیانی « زێوەر »یش نیم.

ئەو لێکۆڵینەوەیەی ماوەی پتر لە دوو ساڵە بە دەسمەوەیە، لەگەڵ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە کلاسیکییانەی تا ئێستە کراون، زۆر جیاوازییان هەیە. چونکە، ئەوان بە درێژیی لە « ژیان، هەڵسوکەوت و بەرهەم »ی هۆنەرانی کورد دواون. بەلام، من تەنیا هەر ناوی تەواو، ساڵی لەدایکبوون و مردنیانم تۆمارکردووە. ئەگینا، هەر کەسێ بیەوێ، زانیاریی پتر دەربارەی ئەو جۆرە شتانە و لە سەر هەر هۆنەرێکی کورد بزانێ، ئەوا دەتوانێ، پەنا بۆ سەرچاوەیەکی وێژەیی یا دیوانە چاپکراوەکانیان بەرێ و بە تەواویی، شارەزای مێژووی ژیانیان بێ!

جا هەر لە ئێستەوە با بزانین، لە داهاتوودا چۆن باسی ژیانی « وێژەیی، نەتەوەیی و ڕامیاریی » هۆنەران دەکرێ. ئایا، هەر وەک ئەو نووسیوێتی، باسکرێ، یا پێویستە، چۆن ژیاوە، چی نووسیوە، هەڵوێستی نەتەوەیی و ڕامیاریی چۆن بووە، هەر وا باسکرێ، بێ ئەوەی سەراپای ژیانی بە پیاهەڵدان و زانیاریی ناڕاست نارایشتکرێ؟ چونکە، ئەو جۆرە نووسینە کاڵوکرچ و ناڕاستانە، تەنیا هەر یەک هالاوی گەرمی تیشکی خۆری ڕاستییان لێ بدا، هەر زۆر زوو ئارایشتەکەی چروچاویان ئارەقدەردەدا و هێندەی دیکە ژیانیان دزێوتر دەبێ!

دەربارەی ژیانی هۆنەر، هەر لە سەرەتاوە تا ئەو جێیەی نووسیویەتی: (ئەم یەکێک بوو لەو « هەند » کەسانەی کە لەگەڵ خاووخێزانی شێخ شاریان بەجێ هێشت، ئاوارەو دەربەدەری مەریوان و هەورامان و موکریان بوون و بۆ ماوەیە ژیانێکی تاڵ و سەختیان بردەسەر.)«7،3» باش هاتووە. بەڵێ ڕاستە، ئەوانە هەموویان هەڵاتوون. هەر چەندە، باوەڕ ناکەم، بەو شێوەیە بووبێ، « ژیانێکی تاڵ و سەختیان بردبێتەسەر. » وەک ئەو نووسیویەتی! لە جێگەیەکی دیکەشدا نووسیویەتی: (ژیانی پڕ لەدەربەدەری زێوەرو هاوڕێکانیشی ئەوە لەبەرچاوە، کەسێک مەبەستی بێ با « گەنجینەی مەردان ـ یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری » بخوێنێتەوە.)«7،3» چونکە، ئەمە زۆر بە ڕوونیی، لە « گەنجینەی مەردان »دا دەردەکەوێ، نەک وەک ئەو ویستوویەتی، ئەو بەرهەمە بە گەواهیی درۆ ڕابگرێ! جا، ئیدی چەن لە دەرەوە بووە؟ چۆن ڕایبواردووە؟ پێویست ناکا، مێژووی ژیان و تێکۆشانی « زێوەر » و هاوڕێکانی، بەو شێوەیە بنووسێتەوە، کە خۆی ئارەزووی لێی هەیە، وێنەیەکی ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی و دەربەدەریی، هۆنەرمان بۆ بکێشی، چونکە، ئەوانە هەمووی ڕوون و ئاشکران، سەردەمەکەش هێندە دوور نییە، تا خەڵک وەک مێژووی « مادە »کان، لێی بە گومان بێ!

3/3. گەنجینەی مەردان :

لەبەرئەوەی « بەرزنجیی »، لە لایەکەوە، لە چەن شوێنێکی نووسینەکەیدا، باسی ئەو بەرهەمەی کردووە، بە ناو وەک سەرچاوەیەک بەکاریهێناوە! لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ ئەوەی ڕاستیی قسەکانمان بسەلمێنین، کە « زێوەر » و هاوڕێکانی تووشی سەغڵەتیی نەبوون، پەنا بۆ بەر قسەکانی خۆی دەبەین. تا بزانین، ئەو بەرهەمەی چییە و لە چیی دەدوێ؟ هێندەی پێوەندییشی بە باسەکەی من و سیپارەکەی « بەرزنجیی »یەوە هەبێ، چەن نموونەیەکی لێ دێنمەوە.
لە پێشدا، با بزانین، « گەنجینەکەی مەردان » چییە و لە چی پێکهاتووە؟ ئەو پەرتووکە، لە « 195 » لاپەڕە پێکهاتووە. نووسەر بە « 150 » لاپەڕە، باسی پیاوە ناودارەکانی کورد و عەرەبی کردووە. تەنیا هەر بە « 42 » لاپەڕە، لە «یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری » دواوە. لەو چلودوو لاپەڕەیەش، لە لاپەڕەکانی « 183-187 »دا، شتێکی گێڕاوەتەوە، هیچ پێوەندییەکی بە یادداشتەکانی خۆیەوە نییە! واتە: تەنیا سیوحەوت لاپەڕەیە.
« زێوەر »، لەو ڕۆژەوە هەڵاتووە، تا گەڕاوەتەوە، بە چەن گوند و ناوچەیەکی وەک : « بناویلە، نۆدێ، چنگیان، کانیشیلان، هەولوو، دۆڵبەموو، سەرکان، باشماخ،

مەریوان، کانیسانان، باڵک، نۆمار، دەرزییان، چۆڕ، بانە، شوێ، ساوان، نواوێ و زەنبیل دا تێپەڕیوە و لە هێندێکیشیان ماوەتەوە.

ڕاستە، « زێوەر » وەک کوردپەروەر و شۆڕشگێڕێ، کوردایەتیی کردووە و لە شۆڕشەکەی « شێخ » دا، ساڵی « 1919 » بەشداریکردووە. کاتێ شۆڕشەکەش تێکشکاوە، « شێخ » بە بریندارێ گیراوە و ڕەوانەی « هیندستان » کراوە، ئەو لەگەڵ هێندێ لە نیشتمانپەروەرانی دیکەی کورددا هەڵاتوون، پەنایان بۆ بەر گوندەکانی کوردستان بردووە. هەر چەندە، لە ماڵ و منداڵ و شارەکەی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، کەمێ ماندووبوون. بەڵام، وەک « بەرزنجیی » باسیکردووە و شتەکەی زلکردووە، تا سۆزی خوێنەر ڕاوکا، بەو شێوەیە نەبووە. چونکە، نە هێزەکانی ئینگلیز دوایانکەوتوون، نە لەگەڵ دوژمندا تووشی شەڕ بوون. نە هیچیان کردووە، نە زۆر ماندوو و سەغڵەتیشبوون. بەڵکوو، ئەو جۆرە هەڵاتن و خۆشاردنەوانە، وەک گەشت و سەیران وابوون. چونکە، ئەو لەگەڵ خێزان و کوڕەکانی « شێخ » دا بووە. ئەو بنەماڵەیەش، لە هەموو کوردستاندا ناسراون، ڕوویان لە هەر کوێیە کردبێ، ماڵی خۆیان بووە و ڕێزێکی بێ پایانیان لێ گیراوە. نە پەنجەیەکیان گەرمبووە، نە لە خواردن و خواردنەوەش، پەکیانکەوتووە. لەبەرئەوە، یەکێکی وەک « بەرزنجیی »، زۆری پێوە ناوە، کاتێ باسی ئەو هەڵاتنەی کردووە. ئێنجا با بزانین چۆن؟

« زێوەر » خۆی، لە چەن جێگەیەکی نووسینەکەیدا، زۆر ڕاسگۆیانە، باسی ئەو ڕێزلێگرتن و میوانداریییەی کردووە و نووسیوێتی: (چووینە « هەولوو »، ئاوایی تیا نەبوو،* یەک پیاو نەبێ، بە دیار تووتنەوە دانیشتبوو. ئێمەش بە هەموومان کە مەوجوود گەیشتبووە سەدوپەنجا کەسێ، یەک قۆریە، دوو پیاڵە، یەک دوو پارچە مسمان هەبوو. هی وا هەبوو هەتا نۆبەی چای بەیانیی بهاتایە سەر# وەقتی چای عەسری دەهات. ئەمما لە جیهەتی خواردنەوە کەس موعەتتەل نەدەبوو. ماڵی شێخ دووسەد سەر مەڕ و بزن و کار و بەرخیان دەرکردبوو، هەر ڕۆژێ دوو سێ سەر حەیوانمان سەرئەبڕی.) «154،40» ئەوە ئەو کاتە، ئاوایی کەسی تێدا نەبووە و لە سەر خۆیان ژیاون، بۆیە، کەمێ لە چاخواردنەوەدا سەغڵەتبوون! ئەگینا، کاتێ لە گوندەکان دامەزراون، لە هیچیان کەم نەبووە. ئەوەتە، لە جێیەکی دیکەی نووسینەکەیدا، نووسیوێتی: (بۆ قاوەڵتی چووینە « دۆڵبەموو ». مەردانە، دۆستانە، خزمانە، خزمەتیانکردین.) «156،40».

* دەبووایە بینووسیایە: ئاوایی کەسی تیا نەبوو یا کەسی تیا نەبوو. # دەهاتەسەر.

پاشان نووسیوێتی: (له باشماخ هەستاین. سوارەی مەحموودخان پێشمانکەوت. له ڕێگای شاخەوە کە بۆ ئێمە مەحفووزتربوو، کەوتینەڕێ. بە بەر هەر دێیەکدا کە دەرۆیشتین ئیستیقبال، حورمەت، مەمنوونی، مەحەببەتیان دەنواند تا گەیشتینە کانیسانان.)«160،40» دوایی، « زێوەر » لەگەڵ کورانی « شێخ ەدا، بەرەو گوندی « کانیسانان » بەڕێکەوتوون. لەوێ، « مەحموود خان » پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کردوون و ڕازەیکردوون. (قەیسی و سێو میوەی ئەو وەختەیان بوو، هێنایان. سەماوەر هاتەپێشەوە.)«161،40» (چامان خواردەوە، نیو سەعاتی مابوو بۆ غرووب هەموو ڕەفیقانم گەیشتنەجێ. مەجمووعی ژن و منداڵ و پیاو سەدوپەنجا کەس دەبوو. هەشتا ئولاغ: ئێستر و ئەسپ و ماینیشمان دەبوو. ئەم هەموو خەڵقە مونتەزەم چادرا. نانێکی جوان دروستکرابوو.)«161،40»
کاتێ لە گوندی « بالک » یش بوون، (« زەهیرە » ناوی کەیخوسرەویەگە لەگەڵ ئەحمەدبەگی برازای ڕەسمی میوانداریان بە جوانی بەجێهێنا. چای ئێوارێ خورایەوە. بۆ « نژمار » کە دێی مەحموودخانی هەورامی بوو، حەرەکەتمان کرد. سەعاتێ لە بالکەوە دوورە. زوو گەیشتینە ئەوێ. مەحمـــوود خان خـــەبەری زانیبوو، لە « دزڵی »یەوە بە ئیستیقبال حەرەکەتی کردبوو.)«163،40»
لە « بانە »ش ڕێزیان کەمتر لێ نەگیراوە، بۆیە نووسیوێتی: (وەقتی مەغریب داخڵی بانە بووین، حەمەتاڵ پیاوی ڕۆستەم خان لە پێش ئێمەدا میوانیی شێخ قادر و منداڵانی تەقیبی کردبوو، تەعریفمان بیستبوو، ڕوومانکردە ماڵی ئەوان. ئەگەرچی خۆی لە ماڵ نەبوو. ئەمما لە تەرەفی برا و کەسوکاری بە ئەوعێ خزمەتیانکردین، مەفتوونیان بووین.)«177،40»
ئینجا با بزانین، لە گوندی « ساونا » چۆن ڕایانبواردووە؟ (لە ساونا بۆ ئەمینیی و خواردن و خواردنەوە و ئیسراحەت لە بەهەشتا بووین.)«181،39» دەربارەی میوانداریی گوندێکی دیکەش نووسیوێتی: (شەو لە « نواوێ » دا زۆر خدمەتیان کردین. ڕەعیەتەکەی هەموو سمایلعوزێریی بوون لەوێدا ئیسکانن بووبوون. بە چوونی ئێمە گەلێ خۆشحاڵبوون.)«189،40»
لە دوا قۆناغیشدا، پێش ئەوەی بە یەکجاریی بگەڕێتەوە، سەردانی « زەنبیل »ی کردووە و نووسیوێتی:(سەیید موحەممەد هات، دەست بەجێ سوارەکانی دابەزاند، باریان بۆ بارکردین، منداڵانی شێخی سوارکرد، چووینە خانەقاه، ئەوی لازیمەی میوانداریی بوو بە ئەمری سەیید ئیجراکرا و بە خۆشی دامەزراین. لە پاش دوو سێ ڕۆژ ئیسراحەت ئاغایانی « ئەسکی بەغدا » جەنابی حاجی موئمین

خان و قۆچ بەگ بۆ زیارەت هاتنە زەنبیل. کە چاویان بە من کەوت بە واسیتەی موعارەفەی پێشوو تەکلیفیان کرد من بچمە خدمەتی ئەوان. منیش ئیجابەتم کرد. کە تەشریفیان ڕۆیەوە ئولاغیان بۆ ناردم، چوومە ناو ئەو بەگزادانە، ئەو عالی هیممەتانە.)«191،40» دوای ئەوەش، بە چەن ڕۆژێ گەڕاوەتەوە بە ماڵ و مناڵی خۆی شادبۆتەوە. ئیدی دەبێ، گەشت و سەیران لەوەخۆشتر چی بووبێ!

« زێوەر » یادداشتەکەی خۆی تەواو نەکردووە، تا گوندی « زەنبیل » و ناوچەی « موکریان »ی تۆمارکردووە. ئیدی، لەوە بە دوا نازانین، بەرەو کوێ ملی ڕێگەی گرتووە! هەروەها بە هیچ جۆرێ، باسی گەڕانەوەی خۆی بۆ « سولەیمانیی » نەکردووە! لەبەرئەوە، کەی گەڕاوەتەوە؟ لەگەڵ کێ گەڕاوەتەوە؟ ئاشکرا نییە. جگە لەوەی، لە یەکەم ڕۆژەوە دەرچوون، تا لە ناوچەی « موکریان » جێگیربوون، مێژووەکانی نەنووسیوە، تا بزانین، ئەو سەردەمانە چۆن بوون و بە سەرچاوە مێژووییەکانی دیکە، بەراوردیانکەین! لە ڕاستییدا، یادداشتەکەی شتێکی ئەوتۆ نییە، بۆ ئەم ڕۆژە کەڵکی لێ وەرگیرێ. چونکە، زانیاریی گرنگی تێدا نییە. وەک خۆشی نووسیوێتی: (مەقسەدم لە نووسینی ئەم تەئریخە بچکۆلەیە بەیانی ئەحواڵی عەشیرەت و میللەتی کوردە. بەو موناسەبەوە واقیعاتی خۆم نووسیوە.) «191،40».

4/3. هەڵوێســــــت :

بەڵام، پرسیارەکە لێرە دایە، ئایا، کاتێ « شێخ » گیرا، ئینگلیزەکان بڕیاری خنکاندنیان دەرکرد، پاشان، ئەو بڕیارەیان بە گرتن و دوورخستەوەی گۆڕی، « زێوەر » چی کرد؟ چی بۆ « شێخ » گوت؟ بۆچی بە ڕاشکاویی نەڵێین: لەو ڕۆژە بەدواوە، بەرە و شار پاشەوپاش گەڕاوەتەوە، گێڕی بەرژەوەندییەکانی خۆی گۆڕیوە، زۆر بە ئاسانیی، بە سەرەولێژکەی ژیانی تایبەتیی خۆیدا شۆڕبۆتەوە، ئیدی بۆ خۆی ژیاوە، تا بۆ دوا جار، چاوی لێکناوە! ئەگینا، گەر وا نییە، لەو ڕۆژەوە گەڕاوەتەوە، جگە لەوەی بە « ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، کارکردن، هۆنراوەگوتن و خواناسیی » خۆیەو خەریکبووە، با « بەرزنجیی »، تەنیا یەک هەڵوێستی نەتەوەیی و ڕامیاریی هۆنەرمان بۆ باسکا و بڵێ فیر!

وەک ئەوەی، تەنیا هەر، هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی، بەوە بپێورێ، کاتێ شۆڕشێکی چەکداریی لە کوردستاندا بەرپابێ، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، تا چەن دوای ئەو شۆڕشە دەکەون، هەڵدێن و پەنا بۆ شاخ دەبەن، چەکی بۆ هەڵدەگرن و داکۆکیی لێ دەکەن! بۆیە، « بەرزنجیی » نووسیوێتی: (لەو منەوەرو

شاعیرانەی بەدەوری شیخەوەبوون، تەنیا ئەم و حەمدی ساحێبقران 1936-1878 و حسێن نازم بوون کە لەشاردا نەمانەوە، ئەوانی دی ملیان بۆ حوکمی تازەداو بەڵکو هەندێکیشیان بوونە برغوو پارچەو کەرەسەی ئەو دەسەلاتەی کەئینگلیز لەشاردا دایمەزراندو هێدی هێدی پەل و پۆی بۆ دەوروبەریش هاویشت.)»7،3«

بە ڕاستیی نازانم، دەیەوێ، چی بڵێ؟!! ئایا، هەر لەبەرئەوەی، ئەو سێ هۆنەر و رووناکبیرە ڕایانکردووە، ئیدی دەبێ، بە نیشتمانپەروەر و ئەوانی دیکەی ڕایان نەکردووە، بە خۆفرۆش دانرێن؟ من ئێستە دەڵێم: هەر چەندە، لە بریا هیچ شێن نابێ! بەلام بریا، نەک هەر کەس ڕای نەکردایە و شاریان چۆڵ نەکردایە، بەڵکوو، وەک ئەوانی دیکە بمانایەتەوە. بە زمانێکی هێمن، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بدوانایە، ڕەشەخەڵکەکەیان تووشی « ئازار، ڕاکردن، سزادان و گرتن » نەکردایە! بەجێیان نەهێشتنایە، ڕێگەی ڕاستیان پیشاندانایە، ئەوە کەلێ لەوە باشتربوو، ماوەیە خۆیان گورگەکەن، پاشان، بۆ لای هەمان سوورەی چاوشینی ئینگلیز بگەڕێنەوە! ئیدی، پالی لێ بدەنەوە و بڵێن: ئاگرەسوورە لە خۆمان بە دوورە!

ئەدی، کاتێ شاریان جێهێشت، چییان کرد؟ خۆ لەو سەردەمەدا، دوای ئەوەی « شێخ » گیرا و دوورخرایەوە، ئیدی، هەموو شت تەواببوو. چونکە، نە پارتێکی رامیاریی هەبوو، تا لە دوورەوە سەرپەرشتییبکەن، نە شۆڕشێکی چەکدارییش هەبوو، تا بەشداریی تێدا بکەن و درێژەی پێ بدەن. ئینجا، سەدان هەزار خۆزگەش بەوە دەخوازم، « شێخ مێش هەر لە سەرەتاوە، تەقەی نەکردایە و شاخی لە کەس نەگرتایە. چونکە، مێژوو و ڕۆژگار بۆی سەلماندین، ئەو هەموو هەوڵدانە چەکدارییانەی کورد، لە مێژووی خوێناویی خۆیدا داوێتی، لە مالوێرانیی پتر، هیچی دیکەی بۆ کورد تێدا نەبووە و ناشبێ. ئەو کەلانەی گوێرایەڵی فەرمانەکانی « بریتانیا »ش بوون، هەموویان پێگەیشتن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشیان بۆ دامەزراندن. جگە لەوەی، ئەوانەی ڕاشیانکرد، هەر زوو گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە! ئیدی باشتر نەبوو، ئەو ئەرکە خۆڕاییییەیان نەکێشایە و لە شار بمانایەتەوە، وەک هاوەڵە هۆنەر و رووناکبیرەکانی دیکەیان مانەوە؟!!

جا گەر وابێ و بەپێی ئەو بۆچوونەی « بەرزنجیی » بێ، ئەوا سالی « 1974 »یش، کاتێ جەنگی کوردستان، لە نێوان سەرانی شۆڕش و دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا هەڵگیرسایەوە، دەزگەی « پاراستن »ی سەر بە بنەماڵەی « بارزانیی »، خەڵکێکی زۆریان بە هەڵە فریودا، بۆ ئەوەی هەڵێن. هێندێکی دیکەش، هەر لە ڕوانگەی

دڵسۆزیی و نیشتمانپەروەریی خۆیانەوە، لە هەموو باشووری کوردستانەوە ڕایانکرد و پەنایان بۆ شاخ برد. بەڵام، لەگەڵ جەنگەکە بە تەواویی گەرمبوو، فڕۆکەکانی « بەعس »، کوردستانیان بۆمبارانکرد، هەر بە لێشاو خەڵک گەڕانەوە. ئایا، ئەمانیش وەک ئەوانەی سەردەمی ئینگلیزەکان گەڕانەوە، وەک ئەوانەی لە هەر دوو سەردەمەکەدا نەڕۆشتبوون، هەر « برغو و پارچە و کەرەسەی « ئینگلیز و « بەعس » بوون؟ خۆ ناشێ، گەڕابنەوە، هەر دوو داگیرکەریان، لە کوردستان بە قۆچەقانیی دەرکردبێ!!! یا با بڵێین، « جگە لەو ڕێکخراوانەی دژی شۆڕشەکە بوون، جگە لەو کوردە ناپاکانەی خۆیان فرۆشتبوو، چەکیان بۆ داگیرکەر هەڵگرتبوو » ئایا، هەموو ئەوانەی هەر لە بنەڕەتدا ڕایان نەکرد، لە نێو شارەکاندا مانەوە، وەک ئەو نووسیوێتی: « ملیان بۆ حوکمی تازەدا و بەڵکوو هەندێکیشیان بوونە برغو و پارچە و کەرەسەی ئەو دەسەڵاتەی کە ئینگلیز لە شاردا دایمەزراند و هێدی هێدی پەل و پۆی بۆ دەوروبەریش هاویشت. » یا، لە نێو شارەکاندا بە هەزارانیان، لە ڕیزەکانی « شۆڕش و پارتیی »دا، بە نهێنیی کاریاندەکرد؟!! هێندێکیشیان، لە قوژبنی گرتووخانە تاریکە پڕ ترسناکەکانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق توند کرابوون، بە دڕندانەترین شێوە، ئازاردەدران. هێندێکی دیکەشیان، لە سێدارە دران و گیانی پاکیان بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان بەخشی!
ئەدی « بەرزنجیی »، چۆن باسی ئەو کەڵەپیاوانە دەکا، کە شاریان چۆڵ نەکرد؟!! خۆ خۆشی یەکێ لەوانە بوو، نەک هەر لەو کاتەدا، بەڵکوو، تەنانەت لە هەموو ژیانیشیدا، ئەوەتەی هەیە، لە جادەی قەیری شاری « سولەیمانیی » دوور نەکەوتۆتەوە! چونکە، هەر ڕێخکراو و پارتێکی کوردستان، لە هەر سەردەمێکدا، لەگەڵ دەسەڵاتی « بەغدا » کۆک و ڕێکبووبێ، ئەم، گەر لەگەڵیشیان نەبووبێ، ئەوا دڵ و باوەڕی لایان بووە! وەک دەڵێن: هەر کەسێ کەر بووبێ، ئەم کورتان بووە!
ئەدی بێمان نالێ، ئەو هەزاران کوردەی ئەوڕۆ، لە کوردستانی بندەستی دەوڵەتی عێراق و لە ناوچە عەرەبییەکاندا دەژین، یا ئەو چەن ڕووناکبیر و نووسەرانەی لە « بەغدا » دەژین. چۆن ناویاندەبا و بە چ چاوێ لێیان دەڕوانێ؟!! بە لای منەوە، ئەوڕۆ پیاوی « ڕووناکبیر، نووسەر و کوردپەروەر »ی وامان هەن، لە ناوچەکانی بندەستی ڕژێم و « بەغدا » دەژین، بە دەیان جار، لە زۆربەی زۆری خەڵکە دەسڕۆشتووەکەی ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان، نیشتمانپەروەرتر و دڵسۆزترن. چونکە، هەر هیچ نەبێ، بە هیچ شێوەیە، دەستیان لە « دزیی، ئاوبیوکردن، سزادان و ئازاردانی خەڵک، دەستدرێژکردنە سەر ئابڕووی کیژ و

ژنانی کورد، ناکۆکیی، دووبەرەکیی، ناپاکیی، جەنگی نێوخۆ و وێرانکردنی کوردستان ەدا نەبووە و نییە!
بە داخەوە، ڕووداوەکان زۆر بە هەڵە لێکدەدرێنەوە. ڕاستە، هێزەکانی « بریتانیا » لە کوردستان بوون، بەڵام، هەموو بەڕێوەبەرێتییەکان کوردیی بوون و بە دەس کورد خۆیەوە بوون. ئایا، باشتر نەبوو، کورد هاوکاریی لەگەڵ ئینگلیزدا بکردایە، کاروباری کوردستانیان ڕاپەڕاندایە، لە بری ئەوەی، دژی ئینگلیزەکان بووەستن و جەنگی دژ بکەن؟!! بەڵێ، کورد جەنگی دژی ئینگلیزەکان ڕاگەیان، ئەو ئینگلیزانەی، لە سەر داوای « شێخ مەحموود » خۆی، بەرەو « سولەیمانیی » کشان و دەزگەکانی یەکەم دەوڵەتی کوردییان دامەزران. لێرەدا، چەن پرسیارێ سەردەردێنێ: کێ یەکەم چاپخانەی لە شاری « سولەیمانیی » دامەزران؟ کێ ڕۆژنامە و گۆڤاری بە کوردیی دەرکرد؟ کێ هانی نووسەر و هونەرەکانی کوردی دەدا، بە کوردییەکی ڕەسەن و پەتیی بنووسن؟ کێ هەوڵیدەدا، گرامەری زمانی کوردیی بۆ کورد دانێ؟ ئەدی ئەمانە، هەمووی هەر پیاوەکانی ئینگلیز نەبوون؟ ئیدی ئەوان. لە چاو وەچەکانی پەیامبەردا، خراپی چی بوون، کە تا ئەمڕۆش، لە دوو پارچەی نیشتمانەکەماندا « باشوور و خۆراوا »، زمانی کوردییان قەدەغە کردووە و بە هەموو شێوەیە هەوڵی قڕکردنمان دەدەن؟ ئایا، هەر، زێوەر، خۆی نەبوو، کاتێ گەڕاوەتەوە، بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی « پێشکەوتن » دا بڵاو کردۆتەوە؟ ئیدی چ پێویستدەکا، ئەوانەی شاریان جێ نەهێشتبوو و کاریان لەگەڵ ئینگلیزدا کردووە، لەوانەی پەشیمانبووبوونەوە و گەڕابوونەوە، جیاکرێنەوە؟ ئەوان، گەر سەرەتا کەمێ لەکبوون، لە کۆتاییدا هەموویان چوونیەکبوون!
کەواتە، بۆ دەبێ، ئەوانەی ڕایان نەکردووە، ملیان بۆ دەسەڵاتی نوێ شۆڕ کردبێ، هەندێکیشیان « برغو و پارچە و کەرەسەی » ئەو دەسەڵاتەی ئینگلیز بووبن؟ ئەدی، ئەوانەی هاوکارییان لەگەڵ ئینگلیزدا نەکردووە، چییان کردووە؟ سەیر ئەوەیە، ئەو هاوکاریی و پشگیرییکردنەی ئینگلیزەکان، بۆ عەرەبەکانی عێراق ڕەوابووە و کەس گلەییان لێ ناکا. کەچیی، بۆ ئەو چەن ڕووناکبیرەی، بە باشیی لە باری سەردەمەکەی خۆیان گەیشتبوون، جێگەی ئەنگییە و ئەوڕۆ ڕەخنەیان لێ دەگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووداوەکان بە ئاشکرا سەلماندی، ئەو کارەی ئەوان کردیان، لە کاری هاوەڵەکانی دیکەیان ڕاستتربووە! ئایا، ئەو کوردانەی، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هاوکارییانکردووە، هەر لەگەڵ هەمان عەرەبی عێراقدا، لە یەک دەوڵەتی بندەسی « بریتانیا » دا نەبوون؟ پێکەوە کاریان نەکردووە؟

5/3. گەڕانەوە :

پاشان هەر لە خۆیەوە، پاکانەی بۆ ئەوانە کردووە، کە گەڕاونەتەوە، وەک ئەوەی یەکێ ڕەخنەی لە گەڕانەوەیان گرتبێ! بۆیە نووسیویەتی: (کە شەویش ئەموستەچاو بوو چوار لات لێ تەنراو « ئەمەل » نەما، ئاخۆ کێلی و خۆ کوشتن نیە مل بنێیت و بەرەو نادیار هەنگاوبنێیت؟ ... گەڕانەوەی زێوەرو هاوەڵەکانی لەبارودۆخێکی ئاوەهادا بوو، تروسکایی هیوایەک لەخوار را بریسکەی دایەوە: گەڕانەوەی شێخ بوو لەبەندی و ئەسارەت.)«8،3»

ئەوانەی ڕایانکردبوو، هەر لە سەرەتاوە، بەرەو نادیار هەنگاویان نابوو، ئیدی بۆ دەبێ، کاتێ گەڕاونەتەوە، پاساوی ئەوەیان بۆ بدرێ، تا بەرەو نادیار هەنگاو نەنێن؟!! چونکە، ئەو کاتەی ئەوانە ڕاپانکردووە، نە پارتێکی رامیاریی و نە شۆڕشێکی چەکداریی، لە کوردستاندا نەبووە. کاتێ « شێخ »یش گیرا، جوڵانەوەکە بە تەواویی وەستا، جا گەر، لە ترسی ژیان و گیانی خۆیان نەبووبێ، بۆ ڕایانکردووە،؟ پێم وایە، ئەو چەن کەسە، هەر لە بنەڕەتدا، ڕایان نەکردایە و نەڕۆشتنایە، گەلێ باشتربوو. بەڵام، کە ڕۆیشتن و گەڕانەوە، بە کارێکی زۆر ئاسایی دادەنێم. چونکە، دەبێ، لە خۆمان بپرسین: بۆ ڕۆیشتن؟ بۆ کوێ چوون؟ لە پێناوی چیدا هەڵاتن؟ لە وەڵامدا دەڵێم: بۆ هیچ و لە بەر هیچ ڕۆیشتن. بەڵام، لە پێناوی ژیاندا گەڕانەوە!

« بەرزنجیی » نیازی وایە، مێژووی ڕووداوەکانمان لێ تێکدا، وەک چۆن سەراپای سیپارەکەی، لە زانیاریی ناڕاست و چەواشەکەرانەدا نقوومبووە! چونکە، بەپێی لاپەڕەکانی « چیم دی » بێ، جەنگی « دەربەندی بازیان » لە «1919/06/22»دا ڕوویداوە، هەمووی ڕۆژێکی خایاندووە و تەواوبووە. پاشان، « شێخ » گیراوە، (لە دوای سێ ساڵێک دیلی و مەینەتیی ڕابواردن لە بەندیخانەی بێگانە، بە دەبدەبە و شکۆیەکی شاهانە گەیشتەوە سلیمانی «1922/09/30»)«517،37»

هەروەها، بەپێی یادداشتەکەی « زێوەر » خۆشی بێ، کەس نازانێ، کەی ڕایکردووە و کەی گەڕاوەتەوە! بەڵام، چونکە ماوەیەکی زۆر، لە هەموو گوند و ناوچەکان نەماوەتەوە، بەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، هەمووی چەن هەفتەیە لە دەرەوە بووە و گەڕاوەتەوە. واتە: کاتێ « شێخ » گیراوە، « زێوەر » هەڵاتووە. پێش ئەوەی بەریشبێ و بگەڕێتەوە، ئەو گەڕاوەتەوە. خۆ ناشێ، « زێوەر » سێ ساڵ لە دەرەوە مابێتەوە و چاوەڕوانیکردبێ، تا هەواڵی گەڕانەوەی « شێخ »ی بەرگوێ کەوتبێ! لەبەرئەوە، پێش ئەوەی، لە هیچ لایەکەوە، هیچ جۆرە تروساکاییەک دەرکەوتبێ،

پێش ئەوەی، هیچ جۆرە نیشانەیە، بۆ گەڕانەوەی « شێخ » هەبووبێ، « زێوەر » و هاوەڵەکانی گەڕاونەتەوە. بەلام، « بەرزنجیی » وەک خۆی دەخەڵەتێنێ، دەیەوێ، خوێنەریش لەگەڵ خۆیدا بخەڵەتێنێ! گریمان، خەڵکی بۆ خۆی دەخەڵەتێنێ، ئەدی خۆی بۆ کێ دەخەڵەتێنێ؟!!

ئینجا، هەروا بە دەم وڕێنە و ئەندێشەوە، قسەی بزرکاندووە و نووسیوێتی: (خۆ کە هاتیشەوە، کابرا نەچوو « فەوجێک خەفیفە یا مەفرەزەیە تەواری » بکاتەوەو گەنجەکانی وڵات راپێچ کات، لەم کێو بۆ ئەو شاخ و لەم دۆڵ بۆ ئەو نشێو.)«8،3» بریا، کەمێ لۆژیکی دەبوو، کەمێ ژیرانە رووداوەکانی هەڵدەسەنگان. چونکە، ئەو سەردەمە، نە شۆڕشێکی چەکداریی هەبووە، نە « فەوجی خەفیفە یا مەفرەزەی تەواری » هەبووە، تا یەکێکی وەک ئەو، ئەو کارەبکا. جگە لەوەی، « زێوەر » پیاوی ئەو کارە نەبووە، هەرگیز ئەو جۆرە کارە ناپاکانەیەش، لە شان و شەوکەتی هۆنەرێکی رووناکبیری وەک ئەو نەوەشاوەتەوە. بەلام، لە هەمان کاتیشدا، گەڕانەوەی یەکێکی وەک ئەو، کە نزیکی « شێخ » بووە، هەروا بە خۆڕایی نەبووە. دیارە، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە، پێوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە کردووە، بەرانبەر بە گەڕانەوەی، قایلبوونی ئەوانی وەرگرتووە. ئینجا گەڕاوەتەوە. ئەگینا، لایێیەکی نەناسراو نەبووە، تا بە دزییەوە یا بە ئاشکرا، بەرەو شار، ملی ڕێگەی گرتبێ، بێ ئەوەی کەس بیناسێ یا پێ بزانێ! ئەوە قسەیەکە، مەگەر هەر تەنیا، لە هەگبەکەی « بەرزنجیی »دا دەستکەوێ.

پاشان نووسیوێتی: (بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە گەڕایەوە تا سەعات 6،5 ڕۆژی 30 ئەیلولی1922 کەشێخ تیاهاتەوە ناوشار، تەنیا یەک دێرە شیعری بە شان و باهوی کاربەدەستانی ئەو ڕۆژەدا هەڵنەداو نووسینێکی لەسودی ئەوان بڵاونەکردەوە.)«8،3» لێرەدا، من ناتوانم، بڵێم: ئەم گەواهییدانەی لە سەداسەد ڕاستە. لە هەمان کاتیشدا ناتوانم، بڵێم: نەخێر، وا نییە. چونکە، لە لایەکەوە، گەلێ جار هێندێ کەس، هێندێ کاری خراپە دەکەن، کەس پێی نازانێ. یا بە ناوێکی خوازراوەوە شت دەنووسن.

لە لایەکی دیکەشەوە، گەر مێژووی گوتنی هۆنراوەکانیمان بزانیایە، هەڵبەتە، ئەو کاتە بڕیارێکی بنەبڕیمان دەدا. چونکە، مێژووی دانانی ئەو هۆنراوانە، گەلێ شتی گرنگمان بۆ ڕووندەکاتەوە. بۆیە، لێرەدا من دەپرسم: ئایا، « زێوەر» ئەو هۆنراوانەی کەی هۆنیوەتەوە؟ چونکە، تەنیا ئەو دوو هۆنراوەیەی بۆ باری ئاسایشی داناوە، خۆی لە خۆیدا، شتێکی ئاسایی نییە. دانی بەوەدا ناوە،

ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک، ناوچەکە بەڕێوەدەبەن. ئەوەش لەو ڕۆژ و سەردەمەدا، بۆ ئەوان شتێکی کەم نەبووە. لەوانەیە، هەر هێندەشیان لە خوێندەوار و هونەرێکی ناسراوی وەک ئەو ویستبێ، کە یەکێ لە نزیکەکانی « شێخ » بووە! خۆ نەدەکرا، هەر وەک « بەرزنجیی » خۆشی نووسیویێتی: « فەوجی خەفیفە و مەفرەزەی تەواری » بۆ بکەنەوە. چونکە، ئەوە کاری ئەو نەبووە. تەنانەت لەم سەردەمانەشدا، دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، ئەو کارانەی بە ڕووناکبیر، نووسەر و هونەرە کوردەکان نەسپاردووە. بەڵکوو، ئەوانەی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا دەستیان تێکەڵکردووە و هاوکارییانکردووە، هەر لە ڕێی نووسین و پێنووسەکانیانەوە بووە. ئەوانەی چەکیشیان هەڵگرتووە، زۆر ئاشکران، کێ بوون! « سەددام حوسێن »، لەگەڵ ئەو هەموو گرفتە نێوخۆیی و دەرەکییەی هەیبوو، هێشتا، هونەری کوردی چەکدار نەکردبوو، تا ئینگلیزەکان دژی « هیچ ! »، یەکێکی وەک « زێوەر » چەکدارکەن و « فەوجی خەفیفە و مەفرەزەی تەواری » بۆ بکەنەوە. بەڵکوو، بۆ کاربەدەستانی ئینگلیزی ئەو سەردەمەی « سولەیمانیی »، هەر هێندە بەسبووە، گەر یەکێکی وەک « زێوەر » دامرکێننەوە، لە هەموو شتێ دووری خەنەوە، تا مردن، بەشداریی هیچ جۆرە چالاکییەکی « نەتەوەیی، ڕامیاریی و چەکداریی » نەکا، دژی ئینگلیزەکان نەوەستێ، هاوکاریی لەگەڵ « شێخ »دا نەکا. تەنانەت، هۆنراوەیەکیشی پێشکەش نەکا! هەر وەک « بەرزنجیی » خۆشی نووسیویێتی: (بەڵکو ناوبەناو شیعرێک یان نووسینێکی ئاینی پاکژمەلایەتی بڵاودەکردەوە، وەیا تیل و توانج گرتنێ کەببێتە پەندو عیبرەت.. نامیلکەیەکیش « چیرۆکی پێغەمبەران » ...)«8،3» ئیدی، لەوە پتر دەبێ، من چییدیکە باسکەم، گەر ئەو خۆی ئەو گەڵهییەمان بۆ بدا، کاتێ « زێوەر » گەڕاوەتەوە، خۆی بە چییەوە خەریکردووە! یا لەوە پتر دەبێ، ئینگلیزەکان چییان لێ ویستبێ!

من بە هیچ جۆرێ، گومانم لە پاکیی و دڵسۆزیی « زێوەر » نییە. لەو باوەڕەدام، بە هیچ شێوەیە، سەری بۆ ئینگلیز شۆڕ نەکردووە، وەک ئەو دەیەوێ، بە زۆر و بە دەرزیی، لە مێشکی خوێنەری بئاخنێ! گوایە، من گوتوومە: « زێوەر » پیاوی ئینگلیز بووە. بەڵام، ئەوەی گوتوومە و هەمیشەش دەیڵێمەوە، ئەوەیە، دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە، ئیدی دانیشتووە، وەک فەرمانبەرێکی دەوڵەت کاریکردووە، وازی لە هەموو شتێ هێناوە. جا گەر وا نییە و کارێکی گەورەی « نەتەوەیی، ڕامیاریی یا شۆڕشێکی چەکداریی » کردووە و من پێم نەزانیوە، ئەوا داوا لە « بەرزنجیی » دەکەم، بۆمان ڕوونکاتەوە، تا منیش ئاگاداربم! خۆ گەر واش نییە، ئیدی ئەو

بۆچوونەی من، ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەو هەر لە خۆیەوە بیری لێ دەکاتەوە!
لەوە دەچێ، جگە لەوەی « زێوەر » ڕەوشـەکـەی بە دڵ نەبووە، هیچ شـتـێکیش نەبووە، تا خۆیانی پێوە خەریککەن، شۆڕشێ نەبووە، تا بمێننەوە و خەباتبکەن، لەوەش ترساوە، خان و بەگزادەکانی ئەو ناوە بیانگرن و لە پێناوی پوڵدا، ڕەوانەی لای ئینگلیزیان کەنەوە. هەر وەک خۆشی نووسیوێتی: (لەحزە لەحەزە خەوفی بەگزادەمان بوو کە بمانگرن لە پێناوی خانەکانا.)«173،39» بۆیە، تووشی نائومێدیی بووە و گەڕاوەتەوە. بە هەڵەشدا ناچم، گەر بڵێم: بە هیچ شێوەیە، باوەڕی بە هیچ شتێ نەمابوو، سەری خۆی کپزکردووە و بۆ خۆی ژیاوە. هەروەها، دڵنەوایی ئینگلیزەکانیشی کردووە، بۆ ئەوەی ژیانی لێ تێک نەچێتەوە. چونکە، تا لە ژیاندا بووە، بە تەواویی، دەستبەرداری ئەو ژیانەی پێشووی خەباتی « نەتەوەیی، ڕامیاریی و چەکداریی » گەلەکەی بووە، ئیدی بۆ لاقی خۆی بە تەڵەوە بکاتەوە؟!!
خۆ گەر وا نییە، ناشێ، « بەرزنجیی » پێمان بڵێ: نەخێر، « زێوەر » هەر لە سەر کاری خۆی بەردەوامبووە، وەک « بێکەس »ی کۆڵنەدەر، هۆنراوەی « بیستوحەوت ساڵە »کەی بە ئاشکرا، لە بەر دەمی نوێنەری ئینگلیزەکاندا خوێندۆتەوە و زۆر بە ڕاشکاویی، نووکی پەنجەی تیژی، لە چاڵی چاوی چەقاندووە!

6/3. لێکدانەوەی ناڕاست :

پاشان نووسیوێتی. (ئەو بەگەڕانەوەی شێخ چاوی ڕووندەبێتەوە، شارو وڵاتی لەلادەبێتە بەهەشت، قەریحەی شیعریی دەکرێتەوەو دەڵێ:
ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نەشاتو باعیسی ژینی منی
«4 - ژ - 9 ل 6، 17 کانوونی دوو 1922 »
تکایە سەرنجی وتنی مێژووی شیعرەکە بدە.)«3،8-9»
کێ دەڵێ، « زێوەر » ئەو هۆنراوەیەی بە بۆنەی گەڕانەوەی « شێخ »ەوە گوتووە؟ ئایا، چۆنی دەسەلمێنێ، ئەو هۆنراوەیەی بۆ ئەو داناوە؟ بەڵگەی چییە؟ ئایا، تەنیا بەڵگەی مێژووی گوتنی هۆنراوەکەیە؟ جا، مێژووی دانانی هۆنراوەکە، چ پێوەندییەکی بە گەڕانەوەی « شێخ »ەوە هەیە؟ با کەمێ پێش ئەو مێژووەش، یا لە هەمان مانگ و ساڵیشدا گەڕابێتەوە. چونکە، ئەو نە هۆنراوەکەی پێشکەش بەو کردووە، نە بە هیچ شێوەیەکیش، باسیکردووە! ئیدی، بۆ دەبێ، ئەو بڕیارەبدا؟
جگە لەوەی، لە هیچ سەرچاوەیەکی وێژەییشدا، بەو شێوەیە باس نەکراوە، کە ئەو، بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی باسیکردووە. نووسەرێکی وەک « عەلادین

سەجادیی »، پێش ئەوەی هۆنراوەکە تۆمارکا، پێشەکیی بە یەک دێڕ نووسیوێتی:
(زێوەر بەرامبەر بە خاکی نیشتمانی پیرۆزی کە خۆشەویستی خۆی دەربەبڕێ ئەڵێ.)»496،46» ئیدی، بۆچی وای دانەنێین، « زێوەر » نیشتمانەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە، وەک هەموو ئەو هۆنەرانەی دیکەی کورد، بێ هۆ و بێ بۆنە، تەنیا لە دەرزی خۆشەویستیی نیشتمان و دڵسۆزیی بۆ کوردەوە، چەندین هۆنراوەیان بە سەر کوردستاندا هەڵداوە، نەک بۆ سەرکردەیەکی وەک « شێخ »یان گوتبێ!
گریمان، بۆچوونەکەی ڕاستە، ئایا، ئەمە چی دەگەیەنێ، کاتێ « شێخ »، ماوەی سێ ساڵ دوورخراوەتەوە، بۆچی تاکە یەک دێڕ هۆنراوە چییە، بۆی نەگوتووە؟ ئەدی چەندین هۆنەری دیکەی وەک « حەمدیی، بێخود، کەمالیی ... تاد » بۆچی هۆنراوەیان بۆ هۆنیوەتەوە و پێشکەشیانکردووە، لە کاتێکدا، « حەمدیی » لەگەڵیشی ناکۆکبووە؟!! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، یا بەڵێنی بە ئینگلیزەکان داوە، بە هیچ شێوەیە خۆی لە هیچ جۆرە کارێکی ڕامیاریی هەڵ نەقورتێنێ، پێوەندیی لەگەڵ « شێخ »دا بیبسێنێ، یا هەر خۆی ترساوە، کاتێ « شێخ »یان دوور خستۆتەوە نقەی لێ نەهاتووە. کاتێکیش « شێخ » گەڕاوەتەوە، گەر ڕاستبێ، ئەو هۆنراوەیەی بۆ ئەو گوتبێ، ئەوە نیشانەی ئەو پەڕی هەلپەرستییە! دیــــــــارە، « بەرزنجیی » دەیەوێ، دوای مردنیشی درۆی بۆ هەڵبەسێ، لە گۆڕەکەشیدا نەیەڵێ، تاوێ گیانی ڕەوانی ئارامگرێ!

7/3. هۆنەر و سەرانی کورد :

ئەز بە خراپە باسی « زێوەر »م نەکردووە، بەڵکوو، ڕەخنەم لێ گرتووە. تا ئەو نموونەی چەن هۆنەر و ڕووناکبیرێکی گەورەی وەک « ئەحمەد موختار و جەمال عیرفان »م بۆ بێنێتەوە. بریا، « شێخ » هێندە دڵ و مێشکی لە ئاستی ئینگلیزەکاندا فراوانبووایە، هەر زۆر زوو لەگەڵیاندا ڕێککەوتایە. جا ئێستە، ڕۆژمان بەم ڕۆژە ڕەشە نەدەگەیی، چەن هۆنەرێکی وەک « زێوەر »یش، ئەو جۆرە هۆنراوانەیان نەدەگوت، دوو کەسی وەک « بەرزنجیی »ش، ئەو هەڵەوپ-ڵانەی، بە هەڵپەڵەی هۆنەرانی دیکەی کورد دا نەدەپۆشی. چونکە، یەکێ هیچی پێ نەبێ، وەک کەندووی بۆش وابێ، هەر دەبێ، ئەو جۆرە بەراوردە بێ بنچینانە بکا!
پاشان، « بەرزنجیی » وا دەزانێ، « شێخ » کارێکی باشیکردووە، چەن هۆنەرێکی وەک « ئەحمەد موختار جاف » و « سەلام »ی گرتووە، دڵی چەن هۆنەرێکی دیکەی وەک: « ئەورەحمان بەگی بابان، حەمدیی، پیرەمێرد »ی زویرکردووە. ئایا، چارەنووسی یەکێکی وەک « جەمال عیرفان »، بە چی گەیی؟!! ئایا، « شێخ » مافی

ئەوەی هەبوو، لە چەن نیشتمانپەروەر و هونەرێکی گەورەی وەک ئەوان بپرسیتەوە؟ من پێم وایە، ئەوە یەکێ لە هەڵەکانی « شێخ » بووە. چونکە، نەک هەر گوێی لەو ڕووناکبیر و هونەرە نیشتمانپەروەرانە نەگرتووە. بەڵکوو، سزای هێندێکیشیانی داوە. ئێمە، گەر بە چاک نەڵێین چاک، بە خراپ نەڵێین خراپ، جیاوازیی لە نێوانیاندا نەکەین، تەنیا هەر بە چاک و بە خراپ، داکۆکیی لە گوتە و کردەوەکانی هونەر، نووسەر و پیاوە گەورەکانی کورد بکەین، باوەڕ ناکەم، تا ماوین، هیچ بە هیچ بکەین، تا ئەو بایەش لەو کونەوە بێ، ڕەوشی کورد هەر ئەو ڕەوشە دەبێ! چونکە، گەر وامان نەکرد، بە چ شێوەیە دەتوانین، ڕابووردوومان هەڵسەنگێنین، کەڵک لە پەندەکانی مێژوو وەرگرین، هەڵە و کەموکوڕییەکان دەسنیشانکەین، گەر هەر لە پشتی ملماندا و خراپەکانمان شاردەوە، تەنیا لە چاکەکانیان بدوێین، یا خراپەکانیشیان بە چاکە بۆ بژمێرین؟ ئەو دەسبڵاویی و دڵ و دەروون فراوانییە، مەگەر هەر لە دەس دوو خانەدانی خاوەن دیوەخانی وەک ئاغای « بەرزنجیی » بێ، چونکە، هێشتا ئێمە بەو پلەوپایە کۆمەلایەتیی و کەلتوورییەی ئەو نەگەیشتووین!

ئینجا دەبێ، لە « بەرزنجیی » بپرسین، بۆ « شێخ » لە « زێوەر » زویر نەدەبوو؟ خۆ ئەویش، جگە لەوەی ئەو دوو هۆنراوەیەی داناوە، وەک ئەوانی دیکەش، پێوەندیی بە « سۆن »ەوە هەبووە، « سۆن »یش یارمەتیداوە و وەک مامۆستایەک دایمەزراندۆتەوە، لە ڕۆژنامەکەشیدا، جاروبار گوتاری نووسیوە؟!! هەڵبەتە، نەک وەک ئەو نووسیوێتی: (زێوەر واینەکرد، بەپاکی خۆی مایەوە، هەر ئەو پیاوە زاناو شاعیرە بەویقارو ئاغرو لەسەرخۆیە بوو کە بۆی هەبوو بەبێ پرس بچێتە خزمەتی شێخ و حەرەمسەرای شێخان.)« 10،3 » بەڵێ، کەس نەیگوتووە، ناپاکبووە، تا دوو نیشتمانپەروەری وەک: « ئەحمەد موختار جاف » و « جەمال عیرفان » بە ناپاک دانێ! بگرە، ئەو دوو پیاوە ڕووناکبیرە زرنگە، لە ناوی باران، لە پەڕەی ئاسکی کوڵ و تەنانەت لە یەکێکی وەک « بەرزنجیی »یش کوردتر و پاکتربوون! بەلام، هێندە هەیە، ئەوان وەک « زێوەر »، لە دەسوپێوەندی « شێخ » نەبوون، هەڵپەرست نەبوون، مەراییان نەکردووە، ڕەخنەیان لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی « شێخ » و دارودەسەکەی گرتووە. بۆیە، « شێخ » لەگەڵیان ناکۆکبووە، سزای ئەوانی داوە، زۆر ڕێزی لێ نەگرتوون. بەلام، ڕێزی « زێوەر »ی گرتووە!

گومانی تێدا نییە، ئەوانەی لە سەردەمێکی دیاریکراوی ژیاندا، پێکەوە دەژین، یەکدی باشتر دەناسن، وەک لەوانەی لە ڕێگەی گێڕانەوە و نووسینەوە، کەسێکی

دیاریکراو دەناسن. چونکە، ئاگـایان لـە هێندێ بۆچوون، هەڵوێست و کـرداری یەکدی هەیە. لەوە دەچێ، « زێوەر » لەگەڵ « بێکەس »دا، زۆر ڕێک نەبووبێ. بۆیە، لە هۆنراوەی « ئارەق ناخۆم »دا، پلاری تێگرتووە، هەڵبەتە، « بێکەس »یش، وەک دەڵێن: لە فـیکەی خـۆی تێگەیشـتـووە! بۆیـە ئەویش بە پلارهاویشـتنەوە، وەڵامـیـداوەتەوە، بە هەلپـەرسـت و ڕیاکـار نێوزەدیکردووە و بە شـازدە نیـوەدێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

من عارەق ئەخۆم، کە بێ کەدەربم
کەمێ لە دنیای دوون، بێ خەبەربم
گەلێ سزام دی، لە ڕووی عەقڵەوە
بادەی مەی بخۆم، بێ هۆش و کەربم
عافێتی تۆ بێ بامێ و قوبووڵی
با من بە عارەق، تووشی زەرەربم
بەهەشت کە پڕبێ، لە وشکەسۆفی
ئاواتەخوازم، کە لە سەقەر بم
نامەوێ، بەرگی ڕیا و زاهیدی
ئەگەر بەو بەرگەش، زۆر موعتەبەربم
کورسیی مەیخانەم، لە لا خۆشترە
لەوەی کە لە سەر تەختی قەیسەر بم «138.6»

هەڵبـەتە، ئەوانـەی لەو سـەردەمـەدا ژیاون، هـاوتەمـەنی « زێوەر » بوون، وەک مـامۆسـتـا « نەجـمـەدین مـەلا » و « بێکەس »، زۆر لـە نزیکەوە، شـارەزای بوون و ناسـیـویانە، ئاگـاداریبـوون و زانیـویانە، چی گـوتووە و چی کـردووە. بۆیـە، بەو شێوەیە باسیانکردووە. نەک وەک نـووسـەرێکی گەورەی کۆتایی سەدەی بیستەمی وەک « بەرزنجیی »، بە چاوی خۆی « زێوەر »ی نەدیوە، تەنیا یەک لایەنە، سـەیری هـۆنراوەکـانی کـردووە و بڕیاری لە سـەر داوە. چاویشـی لـە لایەنـە لاواز و سیسەکانی نووقاندووە. ئەز وەک نووسەرێ، پێش هەموو شتێ، ویژدانم بە دادوەر داناوە. هەر دوو لایەنە چاک و خراپەکانی هۆنراوەکانیم بینیون و قسەم لە سەر کردوون. ئەمەش، بە هیچ شێوەیە، لای من لە پلەوپایەی « زێوەر » کەم ناکاتەوە. چونکە، ئەو لەو سەردەمەدا، هێندەی لێ تێگەیشتووە. باوەڕی بەوە هەبووە و ئازاد بووە. بەڵام، من ڕەخنەی لێ دەگـرم. چونکە دەزانم، ئەو بـاوەڕ و تێگەیشـتنە، لە هەموو سەردەمێکدا، زیان بە ڕۆڵەکانی گەلەکەم دەگەیەنێ!

سەیر ئەوەیە، نووسیوێتی: زێوەر(بۆی هەبوو بەبێ پرس بچێتە خزمەتی شێخ و هەرەمسەرای شێخان.)«10،3» بۆ هەرچی بۆی هەبوو، بێ پرس، خۆی بە دیوەخانی سەرکردەکانی کورددا بکا، یا سەر بە حەرەمسەراکانیاندا شۆڕکاتەوە، ئیدی دەبێ، پیاوێکی باشبێ؟ لە ژیانی خۆیدا، هیچ هەڵەیەکی نەکردبێ؟ ئەوە چ پێوەندییەکی بە سەر باسەکەی ئێمەوە هەیە؟ جگە لەوەی، ئەو سەرکردانەی کورد، لە هەموو کات و سەردەمێکی مێژووییدا، بە دەیان « نۆکەر، پاروگلێن، مەسینەهەڵگر، مەراییکار، پیاوی خراپ، جەردە و پیاوکوژ »یان هەبووە و هەیە. هەروەها، چەندین سیخوڕ و پیاوی تورک و ئینگلیز، لە دەوری « شێخ » خڕ بووبوونەوە، ئایا، « بەرزنجیی » ئەوانیش، (هەر بە پیاوی زانا و شاعیر و بە ویقار و ئاغر و لەسەرخۆ) دادەنێ؟!!

دوای ئەوە، بۆ دەبێ، هەمیشە قسە و بڕیاری سەرکردەکانی کورد، بە پێوەرێکی رەها و بێ وێنە دابنرێ؟!! بۆچی ئەوان خۆیان، هەڵەیان نەکردووە؟ کێ هەیە، لە ژیانی تایبەتیی و گشتیی خۆیدا، هەڵە نەکا، بە تایبەتیی، گەر ئەو کەسە، بە کاری رامیارییەوە خەریکبێ؟ تەنیا هەر خوا و مردووی گۆڕستانەکان هەڵە ناکەن! با لێرەدا، دوو نموونەی زیندوو بێنمەوە، تا باشتر، لە چۆنێتی رووداوە مێژووییەکان بگا. چونکە، وەک منی تاوانبار کردووە و نووسیوێتی: (نووسەر زۆر بێ ئاگایە لەمێژووی نێزیکی گەلەکەی.)«55،3» ئەوە تەنیا هەر یەکێ، ئەو بڕیارەدەدا، پەنا بە خوا، خۆی هێندە دانا و زانابێ، لە پەنجەی ساغ کرم دەربێنێ! جۆ بە دیواردا هەڵگێڕێ! هێندە بە ناخی مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەکەیدا شۆڕبۆبێتەوە، تا سەر « کۆڵوانە سوور! »ەکەی تێنابێ!

« شێرکۆ بێکەس »، ساڵی «1967-1968»، دژی جەنگی کوردکوژیی و ناپاکیی، هۆنراوەی « شارەکەم »ی دانا. لە رۆژنامەی « برایەتیی »دا بڵاویکردەوە. ئەو کاتە، « جەلالیی »یەکان سزایاندا و دە رۆژیان لە کرتووخانەکانی « بەکرەجۆ »ی پێتەختی دەسەڵاتەکەیان توندکرد. پاشان، بە هۆی ناسیاویی و تێکەڵاویی لەگەڵ « برایم ئەحمەد »دا، بە « رەفتی کەفالەت » بەربوو.

هەروەها، « رەووف بێگەرد »، ساڵی « 1975 »، لە ناوچەی ئازادکراو و لە نێو جەرگەی شۆڕشەکەدا، لە سەر بەرەڵایی و ناڕێکوپێکیی شۆڕشی «11/سێپتێمبەر»، دژی دز و درۆزنەکانی نێو شۆڕش، چیرۆکی « هەنگاوێک لە رێگای دووردا »ی نووسی و لە ژمارە یەکی گۆڤاری « نووسەری کورد »ی چیادا بڵاوکرایەوە. سەرانی پارت و شۆڕشەکەش سزایاندا و « 21 » رۆژ لە

گرتووخانەی « چۆمان » گرتیان. پاشان، بەربوو. بەڵام، وەک خۆی بۆی نووسیوم: (ئەگەر هەندێک ناوی گەورەی وەک « سالح یوسفیی و دارا تۆفیق » نەبوونایە، لەوانە بوو، لەناوەبەرن.) ئەوە لە کاتێکدا، بە دەیان نووسەر و هۆنەری دیکەش هەبوون، ڕۆژانە لە چاپخانەکانی کوردستان و ئێران، وەک گای عەلی خۆیان دەلستەوە، » شەوانەش هاونشینی جامی بادە بوون!»
بێ گومان، ئەوەش تەنیا هەر لەبەرئەوە بووە، دوو باڵی دەسرۆشتووی پارت و شۆڕشەکە، ئەو بڕیارەیانداوە. نەک لە ڕاستییدا، ئەوان تاوانبارێن یا ناپاکییان کردبێ، بۆیە، سزادرابن! ئایا، « بەرزنجیی » هەڵوێستی هەر دوو هۆنەر و چیرۆکنووس « بێکەس » و « بێگەرد »، بە هەڵە و ناپاکیی دادەنێ، چونکە، ڕەخنەیان لە هەڵە و کەموکورییەکان گرتووە و ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەوسای کوردستانیش، سزایان داون، وەک بە ناپاک باسی « موختار » و « عیرفان »ی کردووە، چونکە، ڕەخنەیان گرتووە و خۆیان لە « سۆن » نزیککردۆتەوە؟!! وا نووسیویتی: (زێوەر واینەکرد، بەپاکی خۆی مایەوە) «10.3»
ئەوڕۆش، بە سەدان سەرۆک جاش و ناپاک، لە ڕیزەکانی « پارتیی و یەکێتیی »دا، دەبینین، بە چەپلە و بە گۆرانیی، جەنگی نێوخۆی کوردۆڕان گەرمدەکەن. کەچی، لای سەرانی ئەو دوو ڕێکخراوە، کەلێ لە چەن « خوێنەوار، ڕووناکبیر، نووسەر، هۆنەر و زانا »ی کورد لە پێشترن و پتر ڕێزیان لێ دەگیرێ. تەنانەت، لە یەکێکی وەک « بەرزنجیی » خۆشی لە پێشترن! چونکە، شەڕیان بۆ دەکەن. هەر دوور نەڕۆین، « تەحسین شاوەیس »ێکی ناپاک، کە چنگی بە خوێنی دەیان کوڕی کورد سووربوو، کاتێ هێزەکانی « یەکێتیی »، لە « چەمچەماڵ » ویستیان، تۆڵەی لێ بکەنەوە و پەلاماریاندا، « مەسعوود بارزانیی » زۆر بە ڕاشکاویی گوتی: گەر دەسی بۆ بەرن، شەڕی سەرانسەریی لە سەر دەکەم! کاتێ، لە جەنگی نێوخۆشدا کوژرا، هەر ئەوە نەبوو، قوڕی، بۆ نەپێوون! جا، ئیدی یەکێکی وەک « بەرزنجیی » بەو بیرە هەرزە و بەو پێنووسە کولەوە، چۆن دەتوانێ، بە دەسی ڕووتەوە، جێگەی یەکێکی وەک « شاوەیس » بگرێتەوە؟ چۆن دەتوانێ، بە بەڵگەی ئیفلیج و مردارەوە بوو، جەرگی مێژوومان بۆ شەقکا و بە خۆڕایی پیاوە ناودارەکانی کوردمان بۆ لەکەدارکا؟ سەرەڕای ئەو غەدرە گەورەیەی، لە « جەمال عیرفان » کراوە، تازە یەکێ لە شێخەکانی « بەرزنجە »، بە پیاوی ئینگلیز و ناپاک تاوانباری دەکا!
« بەرزنجیی »، خۆشی نازانێ، چی دەڵێ و چی دەنووسێ. لە کاتێکدا، من باسی ناپاکیی « زێوەر »م نەکردووە، جگە لەوەی قسەکە هەڵدەگێڕێتەوە، هەڵەکانی

ئەویشی پێ لێفەبڕشدەکا، خەڵکی نیشتمانپەروەری دیکەی وەک « موختار و عیرفان »یش بە ناپاک دادەنێ. هەر لەبەرئەوەی، لەگەڵ « شێخ »دا ناکۆکبوون، یا کاریان لە ئینگلیز وەرگرتووە، تا بەڵگە لاواز و بێ بنچینەکانی خۆی پێ بسەلمێنێ! بریا، هەموو کورد، بە « شێخ مەحموود »یشەوە، هێندە بیریان تیژبووایە، کاریان لەگەڵ ئینگلیز بکردایە. کوردستانیش ئێستە، کۆلۆنیایەکی « بریتانیا » بووایە، نەک لە ژێر دەستی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا بووایە، لە ژێر دروشمی برایەتیی درۆزنانەی کورد و عەرەبدا، وولاتەکەمان داگیرکەن، سەروەت و سامانمان تالانکەن، کوردستان وێرانکەن، ئەنفالمانکەن، ژاربارانمانکەن، دەس بۆ ئابڕووی کیژ و ژنانی کورد بەرن. جا ئێستە، « بەرزنجیی » نەک هەر یەک ووشەی عەرەبیی، لە نووسینەکانیدا بەکار نەدەهێنا، بەڵکوو، بە ئینگلیزیی دەدوا، باسی برایەتیی کورد و ئینگلیزیشی بۆ دەکردین!

8/3. سایکس ـ پیکۆ :

نازانم، « بەرزنجیی » وەک « مێژوونووسێکی دەسڕەنگین! » ئەم زانیارییە لنگە و قووچانەی، لە چ کون و قوژبنێکی مێژوودا دۆزیوەتەوە؟ هەر لە خۆیەوە، ناوی ڕێککەوتنی « سایکس ـ پیکۆ » و شکستهێنانی شۆڕشەکەی « شێخ »ی هێناوە، هەموو کارتەکانی تێکەڵاو کردووە، بە کوردییەکی شەقوشڕی نیوەگیان دایڕشتووە و نووسیوێتی: (بەلام کەئەخشەو پیلانی دەرەکی بارودۆخەکە بەلایەکی تردا دەباو دواخالی پیلانی سایکس بیکۆ سەبارەت بەکوردی باشور دێتە جێبەجێکردن و بەزۆر مولحەق بەحوکمی عێراقەوە دەکرێ و شێخ لەدوا وتاریدا نف و لەعنەت لەهەمو ئەوانە دەکات کەبەقسەو بەڵێنی درۆ میللەتان دەخەڵەتێنن و دوژمنانی کوردیش لەهەمو لایەکەوە دەست لەناو دەست دەنێن و کەلەکۆمەکی ناحەزانی ناوخۆو پیاوانی ئینگلیزیش هەموو دەبنە فاکتەری مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتنەی پێنجوێن لە1927/6/15 کە « بەزۆر » کۆتایی یان بەشۆڕشەکە پێ هێنا.)«10.3»

کاتێ ئەم چەن دێڕەم خوێندەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم: ئاخۆ لە چ سەرچاوەیەکی گرنگەوە، ئەم زانیارییانەی وەرگرتووە. بەلام، تەماشامکرد، خۆی نووسیوێتی، ئیدی یەکسەر تێگەیشتم، چ ئەم زانیاریی و چ ئەو سەرچاوەیش، کە دووجار چاپیکردووە، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ قسە ئاساییەکانی خۆیدا نییە!

با بزانین، ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان، چۆن بوون؟ ئەو پەیمانە لە ساڵی چەندا مۆرکرا؟ ئەو کاتە « شێخ مەحموود »، ئاگای لەو بەندوباوە هەبووە، یا نا؟

ئایا، تا رووسەکان خۆیان، دوای شۆرشی بەلشەفیک، لە « 1918/11/8 »دا، دەقی ئەو پەیمانەیان ئاشکرا نەکرد، کێ ئاگای لەو پەیمانە نهێنییە بوو؟ ئایا، هەر « شێخ » خۆی نەبوو، دوای ئەوەی، پتر لە دوو ساڵ بە سەر ئەو پەیمانەدا تێپەڕبوو، نوێنەری بۆ « کەرکووک » نارد، داوای لە ئینگلیزەکان کرد، بەرەو شاری « سولەیمانیی » بجمێن؟ هەر خۆی نەیهێنان؟! ئەدی، بۆ ڕاست نەڕۆین و نەڵێین: بەرنامەی « سایکس ـ پیکۆ »، وەک تیشکی خۆر، دیار و ڕوون بوو، بەڵام، پیاوە ناودارەکانی کورد، لێی تێ نەگەیشتبوون، یا با هەر بڵێین: لێی تێگەیشتبوون، بەڵام، نەیاندەزانی، چی بکەن، چۆن هەنگاوبنێن. خۆ ئەو کاتەش، « مێژوونووس، جوگرافیازان، ڕامیار، نووسەر، زانا ... »یەکی وەک « بەرزنجیی » لە دەو روبەری « شێخ » نەبوو، تا لە تەواوی ناوەڕۆک و مەبەستی ئەو پەیمانە ئاگاداریکاتەوە. وەک هەلاج، چۆن لۆکە شیدەکاتەوە، بەندەکانی پەیمانەکەی بۆ شیکردایەتەوە و لە مەترسیێکانی بۆ سەر کورد، ئاگاداریکردایەتەوە!

من پێم وایە، دەرد و گرفتەکە، هەر تەنیا لە بەندەکانی « سایکس پیکۆ »دا نەبوو، هەر تەنیا ئەوە نەبوو، لێی تێگەیشتبوون یا لێی تێ نەگەیشتبوون. بەڵکوو، گرنگترین خاڵی لاوازیی ئەوە بووە، لەو سەردەمە و تەنانەت ئەوڕۆش، کەس نەبووە و کەسیش نییە، قسە لە قسەی سەرکردەکانی کورددا بکا، ڕاوێژکردن بە پسپۆڕ و شارەزایانی کورد و بیانیی، کارێکە لای سەرانی کورد، بە نەنگیی دادەنرێ! جا لەبەرئەوەی، لەو ڕۆژەدا، کەس نەبووە، قسە لە قسەی « شێخ »دا بکا، جگە لە چەن کەسێکی ڕووناکبیر، کە تەنیا ڕەخنەیان گرتووە و کەس گوێی لێ نەگرتوون، زۆربەی ئەوانەی دیکەی، لە دەوری « شێخ » بوون، پیاوی نەزان و نەشارەزابوون. هێندێکیان هەلپەرست و هێندێکی دیکەیان، سەر بەم داگیرکەر و هێندێکی دیکەشیان سەر بەو داگیرکەر بوون. هەر ڕۆژەی شتێکیان بۆ باسکردووە، هەواڵێکیان بۆ بردووە. ئەویش بەپێی ئەو زانیاریی و هەواڵانە، بڕیاریداوە. هەر وەک چۆن ئەوڕۆ، دەوری « بارزانیی » و « تاڵەبانیی» بە هێندێ کەسی « نەزان، هەلپەرست، سیخوری دەزگەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، دەم و دەس و داوێن پیس و کۆنەدۆستەکانی خۆیان » گیراوە، بەپێی بەرژەوەندیی و بە ئارەزووی دڵی خۆیان، درۆیان بۆ هەڵدەڕێژن، هەرچی خراپە بۆ کورد، ئەومیان پێ دەکەن، لە ژێر ناوی ململانێی پارتایەتیی و دەسەڵاتی ڕامیاریی لە کوردستاندا، جەنگێکی نێوخۆیی ماڵوێرانکەرانەیان هەڵگیرساندووە، تا وایان لێهاتووە، سەربەخۆیی بڕیاری ڕامیاریی، لە دەس خۆیاندا نەماوە، بۆ هەر کارێکی گرنگ، پێوەندیی بە

چارەنووسی کوردەوە هەبێ، تەنانەت سەردانی وولاتانی دەرەوەش بکەن، بەپێی پێوەندیی کێشە و گرفتەکە دەبێ، هەر دوو لایان، پرس بە یەکێ یا پتر، لەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان بکەن!

ئەوە جگە لەوەی، کوردیش، خۆی هیچ نەبووە، لە نێوخۆدا زۆر ناڕێکبووە، هەموو کورد « شێخ »یان نەویستووە، شۆڕش و دەسەڵاتەکەشی، تەنیا لە سنووری تەسکی پارێزگەی « سولەیمانیی » تێپەڕی نەکردووە. ئیدی، ئەم ڕاووڕێوییە چییە، « بەرزنجیی » بۆمان دێنێتەوە؟ بە هەر شێوەیە بێ، هەر دەیەوێ، لە هەموو تێشکان و نوشوستییەکانی کورددا، تەنیا داگیرکەران و دەوڵەتە زلهێزەکان تاوانبارکا؟!! ئەدی کورد بۆ خۆی هەڵە و گوناهی نەبووە؟ تاوانی نەکردووە؟ ناپاکیی لە خۆی و کێشەکەی نەکردووە؟ لە ئاستی ڕووداوە مێژووییەکاندا بووە؟ هەلی مێژوویی لە کیس نەداوە؟ جا گەر وا نەبێ، بۆ تا ئێستە، بە هیچ نەبووە؟

ڕەنگە، « بەرزنجیی » وا بزانێ، خەڵکی کورد لە گوێی گادا نووستوون. چونکە، پەیمانی « سایکس ـ پیکۆ » لە « 1916/05/16-9 »، لە نێوان هەر سێ دەوڵەتی « فەرەنسا، بریتانیا و ڕووسیای تزاریی »دا مۆرکرا.

ژەنەڕاڵ « شەریف پاشا »، ڕۆژی « 1919/03/22 » لە « پاریس » یادداشتەکەی پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتیی کرد. بەرهەمەکەشی، پەیمانی « سیڤەر » بوو، لە « 1920/08/10 »دا مۆرکرا. پاشان، لە « 1923/06/24 » بە پەیمانی « لۆزان » گۆڕا. بەڵام، خۆ کۆنفرانسی « قاهیرە »، لە مانگی « مارسی/1921 »دا بەستراوە. ئەو کاتە هێشتا، بە تەواویی بڕیار لە سەر چارەنووسی باشووری کوردستان نەدرابوو. با بزانین، مێژوو چیمان بۆ دەگێڕێتەوە؟

لە خوارووی کوردستان، کاتێ جەنگی یەکەمی جیهان تەواوبوو، عوسمانییەکان کوردستانیان چۆڵکرد. واتە: کوردستان بە دەس کورد خۆیەوە بوو. بەڵام لە (« 1918/11/08 »، ئینگلیز هاتە « سولەیمانیی » کە نوێنەریان مێجەر « نۆئیل » بوو.)« 20،2 » (دەوڵەتی خوارووی کوردستان بە سەرۆکایەتی « شێخ مەحموود » لە « 1918/11/02 »دا دامەزرا و بریتانیای گەورە، لە « 1918/12/01 »دا، بە ڕەسمیی ناسی.)« 143،11 » لە هەمان ڕۆژیشدا، (کۆلۆنێل ـ ئارنۆڵد ویلسن ـ ی سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز لە عێراق، بۆ پیرۆزبایی شێخ مەحموود، بە فڕۆکە هاتە سولەیمانیی.)« 142،11 »

هەروەها، (لە « 1922/10/10 »دا، شێخ مەحموود کابینەیەکی هەشت نەفەریی دیاریکرد.)« 148،11 » ئیدی دوای ئەوە، جارێکی دیکەش، جەنگ لە نێوان

هێزەکانی ئینگلیز و « شێخ »دا دەستیپێکردەوە، تا، لە « 1924/07/19 »دا، هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و بریتانیا، شاری « سولەیمانیی »یان داگیرکرد و هەموو شت کۆتاییپێهات!
لە بارەی خەباتی « شێخ مەحموود »ەوە، « کریس کۆچێرا » نووسیویەتی: (ئەو کوردە ناسیۆنالیستە مەزهەبییە، کارێکی زۆری بۆ کوردان کرد. هەر چەندە، سەر نەکەوت. بەڵام، لە ڕوانگەی رامیارییەوە، بۆ کوردان گەلێ قازانجی لێ وەرگیرا. ئەو مرۆڤە نەیەزە دەیوست، کوردستانێکی سەربەخۆ پێکبێنێ. ئینگلیزەکانیش لە ساڵی « 1921 »دا لەگەڵ را و تەگبیری ئەو بوون. بەڵام، بە دانانی « فەیسەڵ » ئینگلیزەکان باوەڕیان گۆڕا.)«182،52»
هەروەها، کاتێ کێشەی کورد، ساڵی «1931» لە پەڕلەمانی عێراقدا باسکراوە، دید و بۆچوونی جیاواز هەبووە. بەڵام، یەکێ لە ئەندامەکان گوتوویەتی: (ناتوانم، لە کێشەی « شێخ مەحموود » تێبگەم. لە هەموو هەلێکدا، بەرگرینەکا و هێمننەبێتەوە. پەیمانێ یا ڕێککەوتنی نەوت دێتەکایەوە، « شێخ مەحموود » ڕانەپەڕێ. بۆیە دەبێ، لە پێش هەموو شتێکدا، « شێخ مەحموود » لە کۆڵبکەینەوە، یا سەربەخۆیی بدەینێ یان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەگەڵی تێک بگەین:) «148،59» منیش لەگەڵ « نەوشیروان مستەفا »دا دەڵێم: (ئەگەر « شێخ مەحموود » بیتوانیایە، درێژە بە جووڵانەوەکەی بدا، لەوانە بوو، حوکوومەتی عێراق ناچاربێ، نەرمیی لەگەڵ بنوێنێ و گفتوگۆی لەگەڵ دابمەزرێنێ.) «148،59».
لە ڕاستییدا، کورد خۆی، شارەزایی لە کاری ڕامیاریی و دیپلۆماسییدا نەبووە. لە نێو خۆدا ناکۆکبووە، ئیدی نەتەوەیەکی وا لێکداپچڕاو، چۆن دەتوانێ، مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی بەدەستبێنێ؟
لە بەر تیشکی ئەزموونە مێژووییەکاندا، لە مێژە نووسیومە: (لە ڕووی ڕامیاریی و دیپلۆماسییەوە، « شێخ »ی نەمر نەیتوانی، ئەو کارەی بە « شەریفی مەککە » و وەچەکانی کرا، ئەم جێبەجێیکا. گەر « شێخ مەحموود، سمکۆ، سەید تەهای شەمزینیی » و کوردەکانی بندەستی عوسمانیی، هەموو تیرە و هۆزەکانی دیکەی کورد، دەنگی خۆیان لەگەڵ دەنگی ژنەراڵ « شەریف پاشا »دا یەکخستایە، دەستی یەکدییان بگرتایە، دژی تورکەکان بجەنگانایە، دڵی بریتانیایان ڕاگرتایە، بارەکە بە شێوەیەکی دیکە دەگۆڕا. دوور نەبوو، ئێستە ئاڵای کوردستان، لە سەر تەلارە بەرزەکانی هەموو شارەکانی کوردستان بشەکایەتەوە!)«185،29» هەر

وەک نووسەر و ژۆرنالیستی فەرەنسایی « کریس کۆچێرا »ش گوتوویەتی: (ئینگلیز مەبەستی ئەوە بوو، شێخ مەحموود دەوڵەتێکی ناوچەیی دابنێ. لە زاڵبوونی تورکەکان بە سەر شاری سولەیمانیی، بەو جۆرە پشگیریبکا. ئینجا گەر وەک زانایەک، ئاکاری خۆی لەبەرچاوی ئینگلیز پیشاندایە، زۆر زوو لە بیر نەدەچوو. پێویستبوو، گەر لە دەرکەیەکی وەدەریان نایە، دەبوو، لە دەرکەیەکی ئاواڵەی دیکەی بدایە و لە گێژاوان بە قازانجی کورد، خۆ ڕزگارکا.) «120،52»

کەواتە: گەر هەر لە سەرەتاوە، شتەکان ڕوون نەبووبێ، ئەوا لە دوای کۆنفرانسی « قاهیرە »، هەموو شتەکان بە جوانیی و ڕوونیی دیاربووە. ئیدی « شێخ » تف و نەفرەتی لە چی کردووە، دوای ئەوەی فیلمەکەی چارەنووسی کورد، هەر لە سەرەتاوە، بە تراژیدیایەکی نەتەوەیی کۆتاییهاتووە و مەلی هیوای کوردیان، هەر بە زەرنەقووتەیی سەربڕیوە؟!!

9/3. « زێوەر » و نووسەران :

دوای ئەوە، « بەرزنجیی » تا « زێوەر »ی بۆ ناشتووین، گەلێکی پێدا هەڵداوە. وەک من بە پێچەوانەوە لە سەرم نووسیبێ! هیچ گومانی تێدا نییە، « زێوەر » نیشتمانەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە. بۆیە، سوێندی بە سێبەری شاخ و شنەی نەسیمی بەهارەکەی خواردووە. بەڵام، ئەم بروانامەیە، ڕێگەی ئەوەمان لێ ناگرێ، بڵێین: بە باوەڕی ئەو، کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەردەکرا. کوردایەتیی لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عێراقدا کردووە، وەک چۆن سەرانی کوردیش، ئەوڕۆ هەر بەو شێوەیە بیردەکەنەوە.

بەڵام، خۆ بەو جۆرە بیرکردنەوە و تێکۆشانە ناتوانین، مۆری تاوانی ناپاکیی، لە نێوچەوانی کەس بدەین، کەس بە ناپاک دانانرێ. بەڵکوو، ناپاکیی ئەوەیە، کەسێ یا لایەنێکی کوردیی، ڕێگە پێشانی هێزەکانی داگیرکەر بدا، دژی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆی، سیخوڕیی بکا، ئازاریانبدا، دەس لەگەڵ دەزگەکانی داگیرکەردا تێکەڵکا، بە هەر دە پەنجە، بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی مۆرکا، شار و ناوچەکانی « کەرکووک، خانەقین و ... تاد » کوردستان نین، بێ ئەوەی پرس بە ڕۆڵەکانی گەل بکا و ڕیفراندۆمێکی بۆ سازکا. ناپاکیی ئەوەیە، جەنگێکی چەپەڵی نێوخۆی ماڵوێرانکەرانە هەڵگیرسێنێ، لە کوردستانێکی ئازاددا، کوڕی کورد بە خۆڕایی بە کوشتبدا، نیشتمانەکەمان وێرانکا.

چونکە، « بەرزنجیی » خۆی مامۆستای « سەرەتایی »یە، وا دەزانێ، لە سەرەتای ساڵێکی نوێی خوێندن دایە، پۆلێ خوێندکاری نوێی بۆ هاتووە، وانەیان پێ دەڵێ!

بۆیە، بەو شێوەیە لە خوێنەری کورد دەڕوانێ، وا دەزانێ، گەر ئەم باسە کوچوکالانەیان بۆ نەکا، ئیدی کەس « زێوەر » ناناسێ!
پاشان، باسی ئەو نووسەرانەی کردووە، چییان لە سەر « زێوەر » نووسیوە، قسەی چەن نووسەر و هۆنەرێکی وەک: « رەفیق حیلمیی، حەمەی مەلا کەریم، عەلی کەمال باپیر ئاغا »ی هێناوەتەوە. لە ئەنجامیشدا، چەن قسەیەکی پڕوپوچ نەبێ، هیچی دیکەی نەگوتووە! چونکە ویستوێتی، وا لە خوێنەر بگەیەنێ، خوانەخواستە من نووسیوومە، « زێوەر » لای خەڵکی خۆشەویست نەبووە، ڕێزیان لێ نەگرتووە. ئایا، ئەوە چ پێوەندییەکی بە سەر هۆنراوە « عێراقچێتیی » یەکانییەوە هەیە؟!! خەسلەت و ڕەوشتی بەرزی « زێوەر » لە شوێنێک و هۆنراوەکانیشی لە جێگەیەکی دیکە دادەنرێ و لێکدەدرێنەوە. پێویست ناکا، دۆ و دۆشاو تێکەڵکەین، خۆڵ لە چاوی خەڵکی کەین و چەواشەیانکەین. خۆ ئێستەش، گوتارەکەی من زیندووە و ماوە، هەموو کەسێ بۆی هەیە، سەرنجێکی سەرپێیی لێ بدا، تا لە مەبەستی ڕەش و گومانلێکراوی ئەویش بگا!
بە ڕاستیی، من وام لێهاتووە، بە هیچ شتێکی « بەرزنجیی » باوەڕ نەکەم، چونکە. تەنانەت ئەوانەی دەربارەی « زێوەر »یش قسەیانکردووە و بە چاکە ناویانهێناوە ئەو، نووسینەکانی بە دەسکارییەوە گواستۆتەوە. یا لێی کەمکردۆتەوە، بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکا، یا لێی زیادکردووە. با بۆ نموونە، ئەم دەقەی « رەفیق حیلمیی » بنووسینەوە و لەگەڵ ئەوەی « بەرزنجیی »دا بەراوردیانکەین، تا بزانین، جیاوازییان چییە، بێ ئەوەی دەسکاریی ڕێنووسی هیچیان بکەم؟
« بەرزنجیی » نووسیوێتی:(لەڕوشدیەی عەسکەری و لەئەعدادی موڵکی قوتابی ئەم مامۆستا بەنرخە بووم، زۆرم خۆش دەویست، بەچاوێکی ئێجگار بەرزەوە تەماشام ئەکرد، ساڵی 1942 موفەتیشی مەعاریف بووم، چوومە بەرزنجە، نەمدەزانی کەمامستا زێوەر لەوێ موعەللیمە، مامۆستاو مودیر، بەپێی عادەت، تا قەراغ دێ هاتن بە پیرمەوە، لەدوورەوە کە چاوم بەمامۆستا زێوەر کەوت، لەسەیارەکە هاتمە خوارەوەو ڕووم نەکردە کەس تا خۆم گەیاندە مامۆستا خۆشەویستەکەم، بەگەرمییەوە دەستەکانیم ماچ کردو بەزۆر پێش خۆم و ئەوانی ترم دا .. وا ئەزانم ئەم بزووتنەوەیەم هەروەکو واجبێکی وەفاو قەدرزانی بوو.) «12،3»
ئینجا، با بزانین، « رەفیق حیلمیی » چی نووسیوە: (لە ڕوشدیەی عەسکەری و لە ئەعدادی موڵکی قوتابی ئەم مامۆستا بەنرخەبووم، زۆرم خۆش ئەویست و بە

چاوێکی ئیجگار بەرزەوە تەماشام ئەکرد، لە ساڵی 1942دا مفتش مەعاریف بووم: بۆ پشکنینی قوتابخانەکانی لوای سولەیمانی لەو ناوە بووم. چوومە « بەرزنجە »یش. ئەمدەزانی کە مامۆستا « زێوەر » لەوێ موعەللیمە مامۆستاکان و مودیری مەکتەب، بەپێی عادەتی دەرەوە، تا قەراغ « دێ »ی بەرزنجە هاتبوون بە پیرمەوە. لە دوورەوە کە چاوم بە مامۆستا زێوەر کەوت، لە « سەیارە » کە هاتمە خوارەوە ڕووم نەکردە مودیر و ماموستاکانی تر تا وەکوو خۆم گەیاندە ماموستا خوشەویستەکەم. بەگەرمیەکەوە دەستەکانم ماچ کرد و بە زۆر، پێش خۆم و ئەوانیترم دا. ئینجا لەگەڵ خەڵقەکەی تر دەستم کرد بە خوشوو چلونی. وا ئەزانم ئەم بزوتنەوەیەم هەر وەکوو « واجب » یکی وەفاو قەدر دانی بوو کارێکی گەورەیشی کردە سەر ئەوانەی لەوێ بوون.)«44،37»

لێرەدا دەبینین: دێڕ نییە، « بەرزنجیی » دەسکاریی نەکردبێ. ووشە نییە، ڕێنووسەکەی نەگۆڕیبێ و قەڵبی نەکردبێ. لەو سەردەمەدا، « ڕەفیق حیلمیی » نیشانەکانی خاڵبەندیی داناوە، کەچیی « بەرزنجیی » ئەویشی بۆ هولداوە! گەر یەکێ تاقەتی ئەوەی نەبێ، هەر دوو دەقەکە بە وردیی بخوێنێتەوە و بەراوردکا، ئەوا هەر بە تەماشاکردنێکی خێرایی دەبینێ: نووسینەکەی « بەرزنجیی » لە سێ دێڕ و نیو، نووسینەکەی « حیلمیی »ش لە پێنج دێڕ و نێو پێکهاتوون! جا، ئیدی چۆن باوەڕ بە دەسپاکیی یەکێکی وەک ئەو بکەم!

10/3. « زێوەر » و بەرهەمەکانی :

« بەرزنجیی » لە ژێر ناونیشانی « زێوەر ... شیعر و نووسین »دا، باسی هۆنراوە و پەخشانەکانی هۆنەری کردووە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، وەک گەنجێکی زێڕ و زیوی دۆزیبێتەوە، وەک کەس تا ئەو کاتە، هیچی لەو بارەیەوە نەزانیبێ، بەرچاوی کەس نەکەوتبێ و نەبیستبێ! لە درێژدادڕییەکی وادا، خوێنەری کورد ئاگاداردەکاتەوە، کە « زێوەر » هۆنراوەی هۆنیوەتەوە و پەخشانیشی نووسیوە. ئەز لەو باوەڕەدام، گەر هەوڵ و ماندوویی ئەو نەبووایە، لەوانەیە، بە بیستویەک سەدەی دیکە، کەس ئەو گەنجەی بۆ نەدۆزرایەتەوە! بۆیە، تا خوێنەری کورد مابێ، دەبێ، سوپاسیبکا، بۆ ئەو هەموو زانیارییە نوێیەی پێی بەخشین!

لە نێوان قسەکانیدا، دەربارەی هۆنراوەکانی « زێوەر » نووسیوێتی: (شیعری نیشتمانی و بانگەشە کردن بۆ بیری نەتەوەیی و تێکۆشان لەپێناوی گەیشتن بەڕۆژێکی سەرفرازی و دور لە دەسەڵاتی بێگانە لایەکی دیاری شیعرەکانێتی، ئەمە هەر لە سەرەتاوە کە دەستی داوەتێ.)«14،3» حەزدەکەم، تەنیا یەک تاکە

نموونەی لە هۆنراوەکانی « زێوەر » بۆ بهێنامایەتەوە، کە « بانگاشەی بۆ بیری نەتەوەیی » کردووە. بە پێچەوانەوە، جگە لەوەی لەو سەردەمانەدا، ئەو جۆرە شتانە زۆر کزولاوازبووە، باوەڕیش ناکەم، پیاوێکی خواپەرستی وەک « زێوەر »، باوەڕی بە بیری نەتەوەیی هەبووبێ. چونکە، گەر هەستی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا بەهێز بووایە، وەک هێندێ نووسەر، بە خۆڕایی لە پشتی ملی بۆ دەدەن، گەر هەستە ئایینییەکەی، لە هەستە نەتەوەییەکەی بەهێزتر نەبووایە، هەڵبەتە، بە چواردە نیوەدێڕ هۆنراوە، لە هۆنراوەی « ئامۆژگاریی »دا نەیدەگوت:

قەت مەڵێ، من کورد و « مەدحەت » تورک و « سەعدوون » عارەبە
« جوملە ئیسلامین »، براییمان لە « شەرعا » جارییە «108،39»

ئەگینا، « زێوەر » هۆنراوە و سروودی نیشتمانیی زۆر هۆنیوەتەوە. بەڵام، پیاهەڵدان بە سەر نیشتماندا، نیشانەی ئەوە نییە، « زێوەر » یا هەر هۆنەرێکی دیکەش بێ، « نەتەوەیی » بووە یا « بانگاشەی بۆ بیری نەتەوەیی » کردووە. خۆشەویستیی نیشتمان بە شتێک و بیری نەتەوەیی و بانگاشەکردنیش بۆی، بە شتێکی دیکە دادەنرێ. لەو بوارەدا، گەلێ هۆنەری گەورەی کلاسیکیمان هەبووە، تا بڵێی خواپەرست و پیاوی ئایین بوون. گەلێ هۆنراوەی جوانیان، بۆ نیشتمانەکەیان گوتووە. بەڵام، باوەڕ ناکەم، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان، بیریان لەوە کردبێتەوە، « نەتەوەیی » بن، یا بانگاشە بۆ بیری نەتەوەیی بکەن. هەروەها، بە دەیان هۆنەری مارکسیی و کۆمۆنیستمان هەبووە و هەیە، چەندین گۆرانییان بۆ کوردستان چڕیوە، نیشتمانەکەی خۆیان خۆشویستووە. بەڵام، نەک هەر نەتەوەیی نەبوون، بەڵکوو، زۆر دژایەتیی ئەو بیرەشیان کردووە.

تا ئێستە، نە لە کەسم بیستووە، نە لە هیچ جێگەیەکدا خوێندۆتەوە، « زێوەر » هۆنەری بەرگریی بووبێ. باوەڕ ناکەم، بە هۆنەری بەرگریی دابنرێ. ئەمە یەکەم جارە، لە زمانی « بەرزنجیی »یەوە، ئەم هەواڵە بڵاودەبێتەوە. هەڵبەتە، ئەویش وەک بۆچوونەکانی دیکەی ڕاست نییە. هەروەها، لەو ڕووەوە، « زێوەر »ی لە ڕیزی هۆنەرەکانی وەک « سالم، حاجی قادری کۆیی، مەلا حەمدوون، عارف سایب، حەمدیی ساحێبقڕان، شێخ نووریی شێخ ساڵح و عەلی کەمال باپیر ئاغا » داناوە. ئەوانیشی بە چەن هۆنەرێکی بەرگریی ناساندووە. هەر چەندە، لێرەدا نامەوێ، لە هۆنراوەی بەرگریی بدوێم، چونکە، باسەکە زۆر درێژتر دەبێتەوە. بەڵام، هێندێ لەو هۆنەرانەی ناویبردوون، بە هیچ شێوەیە، فریان بە سەر هۆنەری بەرگرییەوە نەبووە و نییە. بۆ نموونە: حەزدەکەم، بزانم، هۆنەرێکی وەک « کەمالیی »، چەن

هۆنراوەی ڕامیاریی بە گشتیی و هۆنراوەی بەرگریی بە تایبەتیی هەیە، وا هەر لە خۆیەوە کوێرانە، تفەنگی بە حەشارگەی بەرهەمەکانی « کەمالیی » یەوە ناوە؟ دیارە، هێندە شارەزایە و بە نێو هۆنراوەکانی « کەمالیی »دا گەڕاوە، چاوەکانی کزبوون و ئاویان داهاتووە. بۆیە، ئەوی بە هۆنەری بەرگریی داناوە!

جگە لەوەی، نەزانینەکەی لەوەدایە، دوو هۆنراوەی « سالم و زێوەر »ی بە نموونە هێناوەتەوە و بە هۆنراوەی ڕامیاریی داناون. ئەو دوو جۆرە هۆنراوەیەش، پتر لە ژێر خانەی هۆنراوەی ڕەخنەی مێژووییدا جێگەیان دەبێتەوە. چونکە « سالم »، باسی ڕەوشی سەردەمێکی دیاریکراوی ناوچە و میرنشینی « بابان »ی کردووە، پتر لە سەدوپەنجا ساڵ لەمەوبەر، ئەو هۆنراوەیەی گوتووە! بەلام، « زێوەر »، هەر باسی زۆرداریی و کارە خراپەکانی سەردەمی تورکە عوسمانییەکانی کردووە، وەک بابەتێکی مێژوویی، ڕووداوەکانی سەردەمێکی دیاریکراوی گێڕاوەتەوە و باری کۆمەلایەتیی و ڕەوشی ئاسایشی شارەکەی پیشانداوە.

ئێنجا با بزانین، « بەرزنجیی » هۆنراوەکەی « زێوەر »ی چۆن نووسیوە؟ ئایا، وەک زۆربەی ئەو کۆیلە و هۆنراوانەی، نووسەران و هۆنەرانی دیکەی، بە هەڵە و بە شێوەیەکی نادەسپاکانە ڕاگوێستووە، ئەم هۆنراوەیەی « زێوەر »یش، لە دەس سانسۆری ساختەکارییەکانی ڕزگاربووە، یانا؟ « بەرزنجیی »، سێ دێڕی لە هۆنراوەکەی « زێوەر »، بەم شێوەیەی لای خوارەوە نووسیوە:

لەم وەختە کەپڕ فیتنەو ڕێ بەستنە ئێستا
خۆشی کەبێ مردنە یا نوستنە ئێستا
ئاشوب و بەلاو فیتنە وەکو تەرزە ئەبارێ
هەر جەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا
لەم شارە کەوا مەنبەعی ئاشووب و فەسادە
دەرمانی شیفای خەستە دلان، ڕۆینە ئێستا «16-15.3»

بەلام، هۆنراوەکە لە دیوانەکەی « زێوەر »خۆیدا، بەم شێوەیە نووسراوە، دوای ئەوەی، دەسکاریی ڕێنووسەکەیم کردووە و بە ڕێنووسێکی نوێ تۆمارەکردۆتەوە:

ئەم وەختە، کە پڕ فتنە و ڕێ بەستنە ئێستا
خۆشی کە ببێ، مردنە یا نوستنە ئێستا
دو یاری « وەفادار » و بەبێ غەش نییە هەرگیز
هەرچی کە تەماشای ئەکەم، دوژمنە ئێستا
ئاشوب و « بەلا و فتنە »، وەکوو تەرزە ئەبارێ

هەر جەردەیی و هەر دزیی و کوشتنە ئێستا
فەرقێکی لەگەڵ « شیعە » نەما، مەزهەبی سووننی
هەر گرتن و لێبرین و تێخستنە ئێستا
لەم شارە کەوا، « مەنبەعی » ئاشووب و فەسادە
دەرمانی شیفای خەستەدڵان، ڕژینە ئێستا «39،52-53».

لە « مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلادین سەجادیی مشدا، هەر سێ دێری یەکەمی هۆنراوەکەی وەرگرتووە، جگە لە جیاوازیی ڕێنووسی هەر دوو سەردەمەکە، چۆن لە دیوانەکەیدا هاتووە، هەر بەو شێوەیە نووسراوە.«47،487-488»
بەڵام، « بەرزنجیی » بە ئارەزووی دڵی خۆی، سێ دێرە هۆنراوەی لە هۆنراوەکە هەڵبژاردووە، بێ ئەوەی ئاماژەی پێ کردبێ، نووسیویتییەوە. جگە لەوەی، بەو ڕێنووسە تۆماریکردوون، کە خۆی دایناوە، بۆیە، هێندێ هەڵەی تێکەوتووە!

11/3. کرۆکی باسەکە :

گوتمان: « زێوەر » پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بووە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕووی بۆچوونەوە، لە نێوان بەرداشی « کوردایەتیی » و « عێراقچێتیی »دا، بە شێوەیەکی سەیر خولیخواردووە. لەوە دەچێ، دوای ئەوەی « شێخ » گیراوە و دوورخراوەتەوە، « زێوەر » یش لەگەڵ خێزانەکەی « شێخ » شاری جێهێشتووە و دەربەدەربووە، بێ هیواییەکی زۆر تەنگی پێ هەڵچنیبێ. ئەگینا، هەروا بە خۆرایی، ساڵی « 1920 »، بە هەژدە نیوەدێر، هۆنراوەی « ستایشی ئاسایش »ی نەگوتووە! دیارە، تاقەتی لە هەموو شتێ چووە، بۆیە، بە یەکجاریی دانیشتووە، خەریکی کاری مامۆستایی خۆی بووە. جگە لەوە، من پێموایە، ئەو سەردەمە، لەو باوەڕەدا بووە، تازە کارلەکار ترازاوە، هیچ لەگەڵ « بریتانیا » ناکرێ. وایزانیوە، گەر کورد شتێکی دەسکەوێ، هەر بە هۆی ئینگلیز و لە چوارچێوەی عێراقدا دەسیدەکەوێ. بۆیە، ئەو هۆنراوەیەی گوتووە و وەک دیارییەک پێشکەشیکردوون.
کرۆکی باسەکەمان، لە گوتارەکەی « ئاینده »دا، لەم هۆنراوەیەوە دەسپێیکردووە.
ڕاستە، وەک سەرچاوە مێژووییەکانیش باسیانکردووە، ئەو سەردەمە، بارێکی زۆر خراپ، لەو ناوچەیەدا هەبووە. « زێوەر » وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی گرتووە. بەڵام ئەو، ئەو هۆنراوەیەی بۆ ئەو مەبەسە نەگوتووە، کە « بەرزنجیی » بە هەڵە نووسیویتی: (ئەو دیاردە قێزەونانەی کەشاعیر لەو شیعرە شەش دێڕەیدا باسیان لێوە دەکات، هەمووی بوون و خەڵکی لێی بێزار و وەڕسبوون، ئەمیش وەک شاعیرێکی بەرپرس بەرامبەر ویژدان

و پەیامەکەی خۆی و ئەو ئاینەی کەپێی دەڵێ « الساکت عن الحق شیطان اخرس، قل الحق ولو کان مرا » نەیتوانیوە، بەبێدەنگی بەرامبەریان بووەستێ، وەیا خۆی لەگەڵ ڕۆژدا بگونجێنێ.. چونکە ئەوە کاری « منافق »انە.)«17،3»
1. ئەو دوو ڕستە عەرەبییەی بۆ بەڵگەی بەهێزیی قسەکانی هێناوێتییەوە، ئایین نین، بەڵکوو پەندیپێشینانی عەرەبین!
2. ئەو هۆنراوەیەی بۆ مەبەستێکی تایبەتیی خۆی گوتووە، تا نێوانی خۆی و ئینگلیزەکان چاککاتەوە. چونکە، جگە لەوەی هۆنراوەکەی، دوای تێکشانەکەی « دەربەندی بازیان » هۆنیوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا، « شێخ » لە وڵات دوور خراوەتەوە، هیچ جۆرە تروسکاییەک بەدی نەکراوە، تا لەگەڵ ئینگلیز ڕێککەون و بگەڕێنەوە. هەروەها، لە سەراپای هۆنراوەکەدا، هۆنەر باسی ڕەوشی ئەو سەردەمەی کردووە، بە ڕەوشی پێشووتری بەراوردکردووە. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە ئینگلیزەکانی گوتووە: ئێوە ئەو ڕەوشەتان چاککرد، دەسەڵاتێکی باشتان هەیە، دزایەتیی دز و جەردە دەکەن، ئاساییش و هێمنیی، باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشاوە. ئیدی دەبێ، ئینگلیزەکان، لەوە پتر چی دیکەیان لێ ویستبێ؟ لەبەرئەوە، هۆنراوەکە وەک ئەو هۆنراوەیە نییە، بۆ مەبەسی گشتیی و پاکیی دانرا بێ. جگە لەوەی، ئەو هۆنراوەیە، مەگەر باری کۆمەڵایەتیی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراومان بۆ بگێڕێتەوە، ئەگینا چ پێویست بەوە دەکا، تەقەیەک یا دزییەک لە هەر شوێنێ بکرێ، خێرا هۆنەر لە قاویدا و هۆنراوەیەکی دژی بۆ بهۆنێتەوە، سەری خۆشی و خەڵکەکەشی پێوە بیەشێنێ! با بزانین، چی گوتووە؟

« حەمد لیللا »، وا لە دەورەی بانی دێ، سەنگەر نەما
« ئەشقیا » شەق بوو، « شەقەی » پێنجتیر و ماووزەڕ نەما
« دائیما شوکری حوکوومەت » کەن، « ئەهالی سەرچنار »
تەشقەڵەی کوردی گەڕی « جاف »ی، زیانی مەڕ نەما
چاکی کرد، بۆ خۆی « مچیل » مرد و دوکانی شاردەوە
چونکە خۆبادان و دەستدانانی سەر « خەنجەر » نەما
ڕوو لە هەر جێیەک ئەکەی، بۆ خۆت بچۆ باکت نەبێ
لووتی لۆتی شۆڕە، سەرسمت و کەفەڵ وەروەر نەما
با، نەبێ، کەس لیفە نافرێنێ، بنوو، بێ غەم بە شەو
گەندەمز، لیفەفڕێنی سالی پێشووتر نەما
نانتان بێ غەم بخۆن، ئەی « ئەهلی ڕەحم و مەرحەمەت »

تو خوا و توبی « رەسووڵ »، پاڕانەوەی سواڵکەر نەما
سەیری کۆڵانان بکە، ئێستا کە چەند پاکە و « تەمیز »
پیسی و تۆزی سەرەنوێلک، لە ڕێی مەعبەر نەما
« خواجە ئەفەندی »، گەر بڵێ عاجز نەبێ، عەرزی ئەکەم
ڕۆژی دەرسی کوردییە، تەشریفەکەی « نادر » نەما
« صاحبا امیدگاها دست بوسم » تێبەڕی
دەرسی کوردیی خۆم ئەخوێنم، باوی « ئەسکەندەر » نەما «31-30،39»

ئایا، « بەرزنجیی » لە خۆی ناپرسێ، لەم دێڕە هۆنراوەیەدا، « زێوەر » ستایشی کێی کردووە، کاتێ، باسی خاوێنی کۆڵانەکانی کردووە؟ ئایا، ئەو کاتە، کێ فەرمانڕەوایی شاری « سولەیمانیی » کردووە؟ کێ دەسەڵاتی هەبووە، پیسی و تۆزی سەرەنوێلکی لە ڕێی هاتوچۆکەراندا نەهێشتووە؟ سەیر ئەوەیە، مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە. هەر چەندە، ئینگلیزەکان داگیرکەربوون، وا بەو شێوەیە، هۆنەر ستایشی کارە چاکەکانی کردوون. بەڵام، خۆ « پارتیی و یەکێتیی » ، دوو ڕێکخراوی کوردستانین. ئەوڕۆ، منەت بە سەر ڕۆڵەکانی گەلدا دەکەن، چونکە، جادەیان بۆ قیرتاودەکەن. کەچیی، لە هەمان کاتیشدا، بە دەیان کاری خراپەی دیکەش دەکەن، کوڕی کورد بە خۆڕایی دەکوژن و بۆ داگیرکەرانی کوردستانیان بەکوشتدەدەن!

یا کاتێ گوتوویەتی:(دەرسی کوردیی خۆم ئەخوێنم، ...) مەبەسی چی بووە؟ هەڵبەتە، پێش ئەوەی ئینگلیزەکان شار گرتەن، هەموو وانەکان هەر بە « تورکیی و فارسیی » خوێندراوە. بەڵام، کاتێ ئەوان هاتوون، ئیدی بە زمانی کوردیی خوێندراوە. بۆیە، « زێوەر » ستایشی کردوون، چونکە، هەر ئەوان ئەو مافەیان بە کورد ڕەوابینیوە!

کێشەی دووەمی کرۆکی باسەکەمان ئەوەیە، هێندێ هۆنراوەی « عێراقچێتیی » گوتووە، بە باوەڕی من، خوێندکارانی کوردی فێری « عێراقچێتیی » کردووە. بەڵام، « بەرزنجیی » لەو بارەیەوە نووسیوێتی: (هەروا لەو سەردەمەدا بیری لەوە کردۆتەوە کەهەندێ بابەتی خوێندنی منداڵانی کورد بەگران وەری دەگرن و زۆربەی وەک زانیارییەکی ڕووت « مـــجـــرد » لەلایان دەمـــێنێ، ئەم وەک شـــارەزایەکی پەروەردەیی هاتووە ئەو بابەتانە « بەتایبەت جوگرافیا » بەشیعر سەرلەنوێ دایڕشتوونەتەوەو لەنامیلکەیەکدا بۆ منداڵانی چاپکردووە.. ئەمەش دەچێتە خانەی « شیعری فێرکردن ـ تعلیمی »ەوە.)«19،3»

منیش دەڵێم: بریا خوێنەوار و هۆنەرێکی ناسراوی وەک « زێوەر »، ئەو کارەی نەکردایە. ئەو زانیارییە بێ کەڵکانە، تەنیا هەر وەک زانیارییەکی ڕووت بمانایەتەوە، تا منداڵانی کورد، بە هیچ جۆرێ کەڵکیان لێ وەر نەگرتایە، کاتێکیش لە پۆل دەچوونەدەرەوە، هیچیان لە بیر نەمایە! چونکە، ئەو باسی نیشتمان و دەوڵەتێکی بۆ کردوون، نیشتمانی منداڵانی کورد نەبووە و نییە. بەڵکوو، ئەو دەوڵەتە، نیشتمانە خۆشەویستەکەی منداڵانی کوردی داگیرکردووە!
لەگەڵ ئەوەشدا، با بڵێین: هۆنەر هۆنراوەی فێرکردنی بۆ منداڵانی کورد هۆنیوەتەوە. ئایا، جگە لەو بابەتانە، هیچی دیکە نەبووە، بە هۆنراوە بۆیان بهۆنێتەوە و فێریانکا، تا لە بیریان نەچێتەوە؟!!
هەر چەندە، من باسی « پەخشان ەکانی « زێوەر ەم نەکردووە، چونکە، تەنیا لە لایەنێکی کەمی هۆنراوەکانیم کۆڵیوەتەوە. بەڵام، لە کۆتایی ئەو باسەدا نووسیوێتی: (نووسینەکانی زێوەر لەچاو شیعرە کوردی و فارسی و تورکیە کانیدا کەمن بەڵام کەلێنێکی گەورەی لەم بەشەی ئەدەبی کورد پڕ دەکەنەوە، بەتایبەت ئەو لەونووسەرە کەمانەیە کە لەو سەردەمەدا 1919-1920 بۆنەوە چووە کەرێزەوی ئاوارەیی خۆی تۆمارکا و ڕۆژەکانی ئەو سەردەمە بەئەمانەتەوە بنووسێتەوە، هەندێ لایەنی جوگرافی و کۆمەلایەتی و سروشتی ئەو ناوچانە پێیدا تێپەڕیوە بخاتەڕوو، ئەمە کارێکە جێگای تایبەتی خۆی هەیە.)«20،3»
لە کاتی خۆیدا، هەڵەی زمانەوانیی ئەم چەن دێڕەمان دەستنیشانکرد. بەڵام، ئێستە دەمەوێ، بڵێم: بە ڕاستیی، من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی، بە هیچ جۆرێ، ڕێزم لەو هۆنەرانە نەگرتووە، پشتیان لە زمانەکەی خۆیان کردووە، هۆنراوەیان بە یەکێ لە زمانەکانی دیکەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان گوتووە. چونکە، ئەو هۆنراوانە، هەرگیز نە بە هۆنراوەی کوردیی و نە بە هۆنەری کوردییش دادەنرێن. وەک: « ئەحمەد شەوقیی، جەمیل سدقی زەهاویی، مەعروف ڕەسافیی، بڵند حەیدەریی، سەلیم بەرەکات ... تاد » بەڵام، ئەو هۆنەرانەی، جگە لە کوردیی، بە زمانێ یا بە چەن زمانێکی دیکەی داگیرکەران هۆنراوەیان داناوە، هیچ جۆرە حسێبێکم، بۆ ئەو بەشە هۆنراوانەیان نەکردووە و ناشیکەم، گەر لە باری خراپ و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی خۆی نەدوابن! بەڵکوو، بە بەشێ لە هۆنراوەی ئەو نەتەوانەم داناوە و داشیدەنێم. جا با « بەرزنجیی » تا لە ژیان دایە، بەیتوپالۆرەی ئەوەمان بۆ لێدا، گوایە: « زێوەر » هێندێ هۆنراوەی بە زمانەکانی « فارسیی و توورکیی ەش گوتووە، لای من، بایەخی یەک پێنی کوردییان نییە، گەر ئەو پێتە

جنێویش بێ! وەک « حاجی قادری کۆیی »ش فەرموویەتی:

وەک مریشکێک کە بەختی نەیهێنێ
بێتو جووچکەی مـــــراوی هەڵبێنێ
هەر بگاتە کەنـــــــاری جۆگەلەیەک
نایەتە شوێنی، بمرێ، جـوجەڵەیەک
ئەم لە وشکانی، ئەو لە نــــــاو ئاوە
تێ دەکا ..... درانـــــــی پێ ماوە «37،14»

12/3 . پێداچـــــوونەوە :

« بەرزنجـیی »، لە باسی « گـەڕانەوە بۆ سـەرەتا »دا، باسـێکی مـێژوویی گـرنگی وروژاندووە. لەو باسـەدا، ئێسـتەش، بە چاوی لێشـاوی بیری کـۆمـۆنیـستیی، کۆتایی سـاڵی پەنجاکان و سـەرەتای ساڵی شەستەکان دواوە، کاتێ تازە، کۆدەتا سەربازییەکەی « 1958/07/14 » ئەنجام درابوو. باسی داگیرکردنی باشووری کوردستانی کردووە. ئایا، بە دەوڵەتی داگیرکەری عێراقەوە بلکێنرێ یا هەر لەگەڵ تورکـیادا بمێنێـتـەوە. هەر چەندە زۆرە، بەڵام، ناچارین، بۆچوونەکانی بە هـەموو هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانییەوە ڕاگوێزین. چونکە، پێویستمان پێیان دەبێ، تا تاووتوێیەکی بۆچوونەکانی بکەین. نووسیوێتی: (بەئاگاداربوونێکی کەم لەمێژووی نێزیکی ناوچەی سلێمانی لەو سـەردەمەدا، دەردەکەوێ کەتەنیا دوو دەستەو تاقم حەزیان بەو گرێدان و بەستنەوەیە کردووە:

ـ بازرگان و دەوڵەمەندە دەستڕۆیشتووەکانی ناوشار کەئیشەکەیان لەگەڵ بەغدا دەچوو بەڕێوە، بەرژەوەندییەکــــەیان وای دەویست، بۆیە لەهـەر بۆنەو هـەلێکدا کــەبۆیان رەخـسـابێ حـەزو ویـسـتی خـۆیان زوو پیـشـانداوە؛ لە راپرسـەکـەی «لامـبـاشـەو لامـبـاشـنیـە »ی1921ولە سـەردانەکـەی سـەرک وەزیرانی عـێـراق «عبدالمحسن السعدون » بۆ سلێمانی لە 29ی مایسی 1923و ئەو کۆبوونەوەیەی لەمزگەوتی گەورەکرا، بۆ یەکەمجار « له طرف همرانەوە اشتراک بم صدایە بوو: بژی حکوت مـعظمـه ی بریطانیـا، بژی حکومت علیـەی عـیـراق و لەسـایەی بریطانیادا بژی قوم کوردو کوردستان »

ـ هـەندێ کـاربەدەست و فـەرمـانبـەر کـەحـەزیان بەئاسـودەیی یەکـی یەکـجـاری دەکردو دەیانویست مووچەو گوزەرانیا لەسـایەی حوکمێکی بەردەوامی پاسایی دا بڕوات، هەروا چەند عـەشـایرو سـەرۆک هۆزێ کـەیان هەرخـۆیان حـەزیان بەبونی حوکمـەتی مەرکەزی دەکردو خوازیاری ژیانێکی بێ قیرەو برەبوون؛ وەک « جاف »

که « مس بیل » به « لعشائر الملاکیه » ناویاندەبات وەیا هەشبوو هەر ناحەزی دەسەلاتی شێخ مەحمود خۆی بوو.)«3، 21-22»
باشـتـر وابوو، هەر دەسی بۆ ئەم باسـە نەبردایە. چونکە، نە بابەتی ئەوە و نە شارەزایی تێیدا هەیە. لە ڕاستـیـیدا، لە لایەکـەوە، لەبەرئەوەی لەو سـەردەمـەدا، گەلی کورد لە باشووری کوردستـاندا، یەکێتییـیەکی نەتەوەیی نەبوو، ڕیزەکـانی پچڕپچڕبوو، ڕێکخـراوێکی نەتەوەیی یا ڕامیاریی نەبوو، ئاراستـەیکا، ئامـانج و داواکارییـەکانی، لە چوارچێوەی چەن دروشمێکی نەتەوەیی و ڕامیارییدا داڕێژێ و بەرزکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە کاتێکدا، ئەو کێشە و باسـە هاتۆتەکایەوە، « شێخ » دوورخرابۆوە، گەلەکە بێ گەورە و سەرکردە مابۆوە. لەبەرئەوە، شتێکی ئاسـاییـیە، گەر کۆمـەلی کورد لەو کاتانەدا، بە سـەر چەن دەستـە و کۆمـەلێکدا دابەشـبـووبێ. هـەر دەسـتــە و کـۆمــەلێکیش، بەپێی بەرژەوەندیی دیاریکراو و ئارەزووەکـانـی خـۆیان، لە ئاوازێکی تایبـەتییـیـان خـوێندبێ. هەر بەو پێـیـەش، دانوسـتـانیـان لە سـەر بەرژەوەندییـەکانـی خۆیان کردبێ. من پێم وایە، گـەلی باشووری کوردستان لەو ڕۆژەدا، لە ڕووی بۆچوونی ڕامیارییـەوە، بە سـەر سێ دەستەدا دابەشبووبوون:
1. تورکخوازەکان: ئەمانە ویستوویانە، باشووری کوردستان، لە نێو چوارچێوەی سنووری دەولەتی تازەی « تورکیا »دا بمێنێتەوە.
2. ئینگلیزخوازەکان: ئەمانیش دوو گروپ بوون. یەکەمیان: باوەڕێکی تەواویان بە ئینگلیز هـەبووە، کە دەولەتی کوردستـانیان بۆ دادەمـەزرێنێ. دووەمیشـیـان: لەو باوەڕەدا بوون، گەر لە ژێر سایە و دەسەلاتی « بریتانیای گەورە »دا، بە دەولەتی « عێراق »یشیانەوە بلکێنن، مافەکانی گەلی کورد مسۆگەردەبێ.
3. نیشتمـانپەروەرانی کورد، ئەوانەی داوای کوردستانێکی سەربەخۆیان کردووە. بەلام، ئەمـانە هەم خـۆیان زۆر کـەمـبـوون، هـەم دەسـەلاتێکی ئەوتۆیان نـەبوو، تا پڕوپاگەندە بۆ ئامانجەکانیان بکەن، خەلکی لە داواکارییەکانیان تێبگەیەنن. یا، بلێین: دەمی هێندێ لەو « هەلپەرست، بۆرژوا، سەرەک تیرە و هۆز »انە چەورکەن.
لێرەدا دەتوانین، دەمەتەقێیەک لە سەر چەندین خال بکەین. ئەوەی ویستوویەتی، باشـووری کـوردسـتـان، بە عـێـراقـەوە گـرێدرێ، چەن دەسـتـە و کـەسـێکی زۆر کـەمـبـوون، چونکە، زۆربەی زۆری دانیـشـتـووانی پارێزگـەی « سـولەیمانیی »، دەنگیـان بۆ سـەربەخـۆیی داوە. ئەمـەش زۆر بە ڕوونیی، لە نامـە و گـوتەکـانی نوێنـەرانی « هەیئـەتی وەتەنیـیـە »دا، دەردەکەوێ. کـاتێ، « مـەندووبی سـامیی و

سەرۆک وەزیرانی عێراق ». سەریان لە « سولەیمانیی » داوە، لەگەڵ ئەو نوێنەرانەدا کۆبوونەتەوە. چەن کەڵەپیاوێکی وەک « حەمەی ئەورەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، رەمزی فەتاح، عیززەت بەگ، مەجید ئەفەندی حاجی رەسووڵ ئاغا، تۆفیق قەزاز » زۆر بە ڕاشکاویی، وەڵامیان داونەتەوە. بە ئاشکرا، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە.

من پێم وایە، ئەو کۆمەڵەی هاواریانکردووە، « بژی حکومت معظمە ی بریطانیا، بژی حکومت علیەی عێراق و لەسایەی بریطانیادا بژی قوم کوردو کوردستان » سەر بە دەستەی دووەم بوون، وا تێگەیشتوون، گەر کورد سەربەخۆش نەبێ، ئەوا هێندێ لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەسدەکەوێ. چونکە، گەر ئەو کۆمەڵە سەر بە ئینگلیز بووبن، یا هەر لە دژی تورکەکان ئەو هاواریانکردبێ، یا لە ساویلکەیی خۆیانەوە بووبێ، یا بەکرێگیراوی « بریتانیا » بووبن، یا بەرژەوەندییان وای پێویستکردبێ، هێشتا، لە کۆمەڵی تورکخوازەکان باشتر، لە کێشەکە گەیشتبوون و باشتر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە چووبوون. چونکە، دەوڵەتێکی شەپڵەلێدراوی دۆڕاوی بێ ئابڕووی هەلپەرستی وەک « تورکیا »، لەو ڕۆژەدا بەهێزتر و دەسڕۆشتووتر بوو، یا ئیمپراتۆریایەکی وەک « بریتانیا »ی سەرکەوتووی جەنگ، کە تیشکی خۆر لە ئاڵاکەی ئاوا نەدەبوو؟ لە هەمان کاتیشدا، بە یەکەم دەوڵەتی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی جیهان دادەنرا!

ئەمە وەک ئەوە وایە، سەرانی پارتەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، دوای جەنگی دووەمی کەنداو، کرێویان لە سەر ئەسپە تۆپیوەکەی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و سوارە گلاوەکەی جەنگە چەپەڵە دۆڕاوەکەی « قادسیی »یەی پڕ لە شەرمەزاریی « سەددام حوسێن » بکردایە، خۆیان بە چەمەلەغی ماشێنی ئەو ڕژێم و کلکی ئەسپەکەی سوارەکلاوەکەدا هەڵواسیایە، دژی هێزی هاوپەیمانەکانی « ئەمێریکا، بریتانیا، فەرەنسا ... تاد » بوەستانایە. دە دیارە، ئەوانەی لە بەر هەر هۆیەک بووبێ، خۆیان لە تورکە داگیرکەرەکان نزیککردۆتەوە، ئەو کاتە و هەموو کاتێکیش، بە هەموو لێکدانەوەیەکیش بێ، زۆر بە هەڵەدا چوون.

من پێم وایە، کاتی خۆی، « جاف »ەکان، باش بۆ کێشەکە چوون و لێکدانەوەکەیان ڕاستربووە، گەر واز لە باسی سەربەخۆیی تەواوی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییش بێنین. جا، با هەر دژی « شێخ مەحموود »یش بووبن، یا میا یەکێکی وەک « مس بیل »یش ئەو قسەیەی کردبێ، کە لە دەلاقەی بەرژەوەندییەکانی « بریتانیا »وە گوتوویەتی. چونکە، « جاف »ەکان خەڵکی

خوێنەواریان زۆرتر تێدا بووە، باشتر لە کێشەکە گەیشتوون. لە رووی شارستانییشەوە، گەلێ لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و پیاوەکانی دەوڵەتی « شێخ » پێشکەوتووتر و زیرەکتر بوون! جگە لەوەی، دوور نییە، لە سەر فەرمانڕەوایی کوردستان، ململانێیەکی شاراوە، لە نێوان ئەوان و « شێخ »دا هەبووبێ، خۆیان بە شایانی ئەوە زانیبێ، سەرکردایەتی گەلی باشووری کوردستان بکەن، وەک ئەمڕۆ بە ئاشکرا دەبینین، ئەو ململانێ و ناکۆکییە، لە نێوان سەرانی هەر دوو پارتە زلهێزەکەی باشووری کوردستاندا هەیە.

13/3. ڕۆڵـــی « زێوەر » :

ئێنجا، با لە باسەکەمان زۆر لا نەدەین، تا بزانین، لەم گێژاوی ململانێ و لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەورەیەدا، « زێوەر » ڕۆڵی چی بووە؟ وەک ئەو نووسیویێتی: (ئەو لەناو هیچکام لەو دووانە نەبوو، ئیدی بۆچ مەبۆچوونی ئەو نووسەرە « ئاوا بایداوەتەوەو لەهەڵوێستیدا گۆڕراوە؟)«22.3»

منیش دەڵێم، ئەو کاتە، « زێوەر » بای نەداوەتەوە، بەڵام، « بەرزنجیی » یا خۆی لێ گێلکردووە، یا لە من تێ نەگەیشتووە، کەی بایداوەتەوە! بەڵکوو، ئەو لەو کاتانەدا، تا بڵێی، وەک کوردێکی بێ هەڵوێست هەڵسوکەوتیکردووە. خۆی لە کێشە و باسەکان دزیوەتەوە، شوێنبەنجەی بە هیچ جۆرە بڕیار و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی دوای گەڕانەوەیەوە، بە هیچ شێوەیەک دیار نییە. بە باوەڕی من، ئەمەش هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، وەک « بەرزنجیی» لێی تێگەیشتووە، وەک کوێخاکەی « توکاوا »، ئالای باخیبوونی لێ هەڵکردووە و بە پێخاوسیی نێو ماشان کەوتووە! چونکە، نەک هەر « زێوەر »، هەڵوێستی نەبووە، نەک هەر ئەو سەری خۆی کزکردووە و دانیشتووە، بەڵکوو زۆر کەسی دیکەش هەبوون، بە هەمان شێوە، کەنارگیربوون و بێ دەنگییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، بەشداریی هیچ ڕووداوێکی نەتەوەیی و ڕامیارییان نەکردووە. هەر دوور نەڕۆین، « شێخ » خۆی، دوای ڕاپەڕینەکەی سالی «1931»، چی کردووە؟ هەڵوێستی بەرانبەر ڕووداو و گۆرانکارییە ڕامیارییە « نەتەوەیی، عێراقیی، ناوچەیی و جیهانیی »ە گرنگەکانی سالانی نێوان « 1931-1956 » چی بووە؟ کە بە دەیان ڕووداوی گرنگ، تەنیا هەر لە کوردستاندا ڕوویانداوە. بۆ نموونە: چەندین کۆمەڵە و پارتی کوردیی و کوردستانیی وەک: « کۆمەڵەی لاوان، کۆمەڵەی فیدائیانی نیشتمان، یەکێتیی، برایی، پشتیوانیی کورد، هیوا، ڕزگاریی، شۆڕش، ژ.ک و پ.د.ک. » دامەزراوە، کۆماری ڕۆژهەلاتی کوردستان لە « مهاباد » پێکهاتووە، شۆڕشەکانی

« بارزان » هەڵگیرساوە، ڕاپەڕینی « مایسی 1941 » لە عێراق بەرپابووە، ئاگری جەنگی دووەمی جیهان، هەموو قوژبنێکی جیهانی گرتۆتەوە، گەلێ ڕووداوی گرنگی دیکەی مێژوویی و ڕامیاریی ڕوویانداوە، بەڵام، « شێخ » هیچ دەنگی نەبووە! ئەو پەیمانەی بە ئینگلیزی داوە، هیچ نەکا و دانیشێ، تا مردووە، نەیشکاندووە، پاراستوویەتی و هیچی نەکردووە. ئیدی بەوەش، ڕۆڵی بنەماڵەکەیان، لە سەرکردایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی باشووری کوردستاندا، بە تەواویی کۆتاییپێهاتووە.

هێندێ جار، ئەم پرسیارەم، لە بنەماڵەی « شێخان » و کەسانی دەوری « شێخ » کردووە، بەڵام، وەڵامێکی بنجبڕیان نەداومەتەوە. من لەو باوەڕەدام، « شێخ » خۆی بەو باوەڕە گەیشتووە و زانیویتی، لە لایەکەوە، تازە کار لە کار ترازاوە، کێشەی کورد، سەرەونگومکراوە، هەموو شت لەکیسچووە. لە لایەکی دیکەشەوە، هەم هیچ لەگەڵ هێز و توانای هەر دوو دەوڵەتی « عێراق » و « بریتانیا » ناکرێ، هەم باوەڕێکی زۆریشی بە گەلەکەی نەماوە. چونکە، زۆری بێ هەڵوێستیی، لە هێندێ کەسایەتیی، سەرۆک تیرە و هۆزەکانی کورد بینیوە. یا هێندێ سەرۆک تیرە و هۆزی کورد، بە ئاشکرا، دژایەتییانکردووە و لەگەڵی نەبوون، لە بنەوە، لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەراندا دەستیان تێکەڵکردووە. تەنانەت، لە بزچوونەکانیدا، هەم لەگەڵ « شێخ قادر »ی برای، زۆر کۆک و تەبا نەبوون، هەم ڕەشەخەڵکەکەش، بەپێی سەردەم و دەسەڵاتی « شێخ » گۆڕاون. کاتێ دەسەڵاتی هەبووە، خۆیان بۆ بە کوشتداوە. کاتێکیش لێکەوتووە، خۆیان لێ دزیوەتەوە! با بزانین، کە « زێوەر » و هاوەڵەکانی هەڵاتوون، لە یادداشتەکانی خۆیدا چیمان بۆ دەگێڕێتەوە؟ (گەیشتمە نۆدێ. بە خواردنێکی کەم شیومکرد و نووستم. کەس خەیاڵی دیلیی شێخی نەدەکرد. وە ئیللا لەو نەوعە جێگایانەش نانمان دەست نەدەکەوت.)« 153،40 »

ئەوە لای خۆی، « نۆدێ » گوندی خۆیان بووە، باو باپیری « شێخ »، هەر لەو گوندەوە هاتوون، زۆربەشیان خزمیبوون، هۆنەر بەو شێوەیە باسیکردوون! جا، ئەوە بەشێ لەو گەلە بووە، کە « شێخ » قوربانیی بۆ داوە. هەر کاتێ خۆی لە کوردستان فەرمانڕەوا بووە، لە نێو خەڵکەکەدا بووە، هەموو سوێندیان بە سەری خۆی و باووباپیری خواردووە. کاتێ دیاریش نەماوە، لێی تەکیونەتەوە، پشتیان تێکردووە. ئیدی چۆن « شێخ »، باوەڕی بەو گەلە دەمێنێ! چۆن پیاوێکی وا، کە زۆربەی تەمەنی خۆی، لە پێناوی کوردا بەختکردووە، گەر تووشی ڕەشبینیشبێ، لە ماڵی خۆی دانیشێ، دەس بە کڵاوەکەی خۆشییەوە بگرێ، تا ڕەشەبای « پیاوە

خراپەکانی کورد! » و « داگیرکەرانی عێراق و بریتانیا » نەیبا، دەبێ، چ نەنگییەکی تێدابێ؟ بۆ دەبێ، ئێستە گلەیی لێ بکەین و دادگای بۆ دامەزرێنین، دوای ئەوەی، داوای کوردستانێکی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئازادی کردووە؟ دوای ئەوەی، دوو جار، دەوڵەتی لە باشووردا دامەزران؟ ئەمە گەر وا لێکدرێتەوە، بێ ویژدانییەکی زۆر گەورە، لە پێشدا لە مێژووی کورد و پاشان لە « شێخ »ی نەمر خۆی دەکرێ. ئەوەشی بەو شێوەیە بیردەکاتەوە، دیارە، بەر لووتی خۆی نابینێ!

خۆ « شێخ »، دوای ئەوەی دانیشتووە، گەر کارێکی گەورە و بەکەڵکی بۆ کورد نەکردبێ، هەرگیز زیانیشی لێ نەداوە. دەسی لە کاری پارت و شۆڕشەکانی دیکەی دوای خۆی وەر نەداوە. ئاژاوەی نەناوەتەوە. شۆڕشی چەواشەی بەرپا نەکردووە. وەک پوازی کوردیی، پیاوی سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکەی عێراق نەبووە، تا چەکداریان بۆ کۆکاتەوە و دژی کورد بجەنگێ! هەموو مرۆڤێکیش، لە گۆشت و ئێسک پێکهاتووە. ئەو گۆشت و ئێسکەش، مێشک دەیجوڵێنێ. هەر کاتێکیش، ئەو مێشکە بەو بڕوایە گەیی، ئیدی نابێ، لەوە پتر لە سەر کارێکی دیاریکراو بەردەوامبێ، با ئەو کەسەش، زۆر « لاو، بەهێز و بە توانا »ش بێ، ئەو مرۆڤە هیچی بۆ ناکرێ و وازدێنێ!

لە بەر ئەم هۆیانە، جگە لەوەی، تەمەن ڕۆڵی دیاریکرواى خۆی بینیوە، دوور نییە، « شێخ » تووشی ڕەشبینیی بووبێ، لە هەموو شت نائومێدبووبێ. بۆیە، وازیهێناوە. بە لای منەوە، ئەو بڕیارەی « شێخ » داوێتی، ئەو کارەی کردوویەتی، زۆر جێگەی سەربەرزیی و شانازییەکی بێ ئەندازە بووە. چونکە، کەسێ کارێکی پێ نەکرێ، زوو وازبێنێ، چیدیکە، کەسی دیکە دەسخەڕۆ ناکا، چیدیکە، خوێنی کوڕی خەڵکی، بە خۆڕایی لە کاسە ناکا، سوور بزانێ، گەر بەردەوامبێ و ئەو کارەیدەیکا، هیچی لێ دروس نابێ، بە خۆڕایی ئاسنی سارد نەکوتێ، جێگەکەی خۆی بۆ کەسانێکی دیکەی بە توانا ولێهاتوو چۆڵکا، ئەوا دەبێ، ڕۆڵەکانی گەلەکەی، سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دانەوێنن و لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێن!

دە دیارە، چیرۆکی « تێکۆشان، گەڕانەوە، دانیشتن و وازهێنان »ی، یەکێکی وەک « زێوەر »یش، هەر لەم قاڵبەدا جێگەی دەبێتەوە. ئەمەش وەک گوتم: بە هیچ جۆرێ، هیچ نەنگییەکی تێدا نەبووە و نییە. بەڵام، کورد ڕاستی فەرمووە: « شەڕ بە کۆنەقین دەکرێ. » جا، گەر « بەرزنجیی »، زارخۆشی سکرەش نەبێ، بەرگی مەڕ و دانی گورگی نەبێ، هەر لە بنی پێیەوە، تا سەر لووتکەی دوا تاڵە قژە خاوەکانی،

له « ڕق و نیرمیی »دا نقوم نەبووبێ، ئیدی، ئەم شەرە چییە، وا بە خۆڕایی بە منی دەفرۆشێ؟ بۆ وا سواری ئەسپی پڕ لە ڕق و کای هاری نیرمیی بووە؟!! بۆ لێوێکی با و ئەوی دیکەشیان بۆران دێنێ؟!! بۆ کە مەلە نازانێ، لەو زەریا پان و بەرینەی نووسینی کوردییدا دەیەوێ، بە کەڵەکی پەڕۆ بیپەڕێتەوە؟!! بۆ هەر بە تەنیا، خۆی بە خزمی سپانی « زێوەر » دەزانێ؟ بۆ بێ ئەوەی، زانیارییەکی تەواوی، دەربارەی ئەو کێشە و باسانە هەبێ، بە دەسی ڕووتەوە، پەلاماری شیری نوکتیژی ڕاستیی ڕووداوەکان دەدا؟ دەبێ، ئەوە باش بزانێ، خەرمانکوتان کاری بزن نییە و ڕم بە کەوان ناهاوێژرێ! تۆ بڵێی: خەڵکی دیکە، بە دەسی « بەرزنجیی » مار بگرن! ڕاوە ژیشکی پێ بکەن و تەنەکەشی پێ لێدەن! ئەمە هەر لەوە دەچێ، قیتەی کوڕی قیتە بێ، باکی هیچی نەبێ! وەک پشیلە، ختووکەی شێر بدا! وەک مێرووله، بە گژ قووللەی قافدا بچێ! جا، گەر واشبێ، هەر بازیی بازیی، بە ڕیشی من بازیی! خۆ ئێمە، منالی کۆنە کۆلانەکەرەکێ بووین، یەکدی باش دەناسین!!!

14/3. خەسڵەت و ڕەوشت :

دەربارەی ڕەوشتی « زێوەر » نووسیویێتی: (لەسەرەتاوە چۆنبووە هەرواش ماوەتەوە، بادانەوەو سەنگەرگورینی نەزانیوە، چونکە زیرو ڕاست و خاوەن هۆش و بیرێکی کامل بووە، ئەو بڕوای وابووە کە « هەموو ڕێگایە با بۆیانە بچی » ! یانی هەمو جۆرە بیرو روکارێ کە دەگیرێ با بۆ خزمەتی قەوم و نیشتمانبێ. بێ تەماع و خاوەن نەفسیەتێکی بەرزبووە، وەک زاناو مامۆستایە حەزی بەیاساو بەرپابوونی قانون بووە لەولاتەکەدا،)«22،3»

لە ڕاستییدا، نە من و نە « بەرزنجیی »، هیچمان هاوتەمەنی « زێوەر » نەبووین، هیچمان، بە چاوی خۆمان، « زێوەر »مان نەدیوە. لەبەرئەوە، من نازانم، ئەو خەسڵەتانەی ئەو باسیکردوون، ڕاستە یا نا! مەگەر هەر ئەو خۆی بزانێ، چۆنیان دادەڕێژێ! چونکە، هیچ کەسێ لەم جیهانەدا نەبووە و نییە، هەڵەی نەکردبێ و هەڵە نەکا، خەڵی لاوازی نەبووبێ و نەبێ! بەڵام، ئەو « زێوەر »ی وا شیرین کردووە، بە قوزەڵقورتیشەوە بخورێ! لەوە دەچێ، زۆر لە نزیکەوە ناسیبێتی، بە دەمێ خواردبێتیان و بە قنگێ ڕیابن! بۆیە، وا بەو شێوەیە، بە شان و بازوویدا هەڵیداوە! تەنانەت، گەر پەیامبەری ئیسلام نەیفەرمووایە، دوای من پەیامبەر نایە، ئەوا دەمگوت: ئەوانە نیشانەی پەیامبەریی « زێوەر » بووە!

جگە لەوەی، « زێوەر » خۆی گوتوویەتی: (ئەم قەومی کوردە، لە هەر جێگابێ، کە هەن، لێم مەعلوومبووە، بەواسیتەی بێ حوکوومەتی و جەهالەتەوە، دوچاری

شەقاوەت و سەفالەت بوون، بەڵێ حوکوومەت موعەللیمی ئەخلاقە، دەتوانێ، تەربییەی میللەتی بگەیەنێتە لای ژووروی سەعادەت.)«157،40»
جا کە « زێوەر »، هەستی بەو خەوشە گەورەیەی کورد کردووە، هەر بە دەسی خۆشی تۆماریکردووە، بۆچی، هەوڵی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی نەداوە. تەنانەت، بە هۆنراوەیەکیش، باسی ئەو ئامانجە پیرۆزەی نەکردووە، ڕۆڵەکانی کوردی، بۆ ئەو مەبەستە هان نەداوە، بەڵکوو، وەک ڕەشەخەڵکەکەی دیکە، هەر لە ماڵی خۆی دانیشتووە و ژیاوە؟!!

15/3 . بادانـــــــــەوە :

دوای ئەوەش، نووسیوێتی. (لەم ڕووەوە ئەگەر چاو بەهەڵوێستی شاعیرانی کوردی ئەو ڕۆژانەدا بگێڕین ئەوا زۆر نموونەی بادانەوەمان دێتە بەرچاو، بەڵام خۆناکرێ بەسەنگ و ترازووی ئەمڕۆ هەڵوێست و ڕاو بۆچوونی ئەوسا بپێوین.)«22،3»
لە وەڵامی ئەم چەن ووشەیەدا، دەڵێم: هەموو هەڵوێستێکی « خراپ، زیانبەخش، جەنگی نێوخۆ و ناپاکیی » بە سەنگ و تەرازووی هەموو سەردەمەکان دەکێشرێ. بەڵام دەبێ، باری ئەو سەردەمە، لەبەرچاو بگیرێ. ئەگینا، ئەوەی لە سەردەمی « ماد »ەکانەوە، تا ئەورۆ لە کورد ڕوویداوە، گەر زیانبەخشبووبێ، ئێستە و تا کورد ماوە، هەر بەو شێوەیە ناودەبرێ، کە هەبووە و ڕوویداوە. یا گەر کوردێ، لە سەرانسەری مێژووی نەتەوەکەی خۆیدا، ناپاکیی لە نەتەوە و نیشتمانەکەی کردبێ، ئەوا تاهەتایە، هەر بە ناپاک ناودەبرێ. بەڵام، لەگەڵ سەردەمەکەدا، هۆکارەکان دەگۆڕێن. لەبەرئەوە، هۆکار هەرچی بێ، هیچ جۆرە بیانوویەک، بۆ کاری خراپە و ناپاکیی نییە و نابێ، ببێ. مەگەر ئەو کوردە، هێندە « ئازا، جەسوور و مەرد » بێ، هێندە بە هۆش و گۆشبێ، لەگەڵ هەستی بە هەڵە و تاوانەکەی خۆی کرد، هۆشی بە بەر خۆیدا هاتەوە، ڕاچڵەکیی و زۆر بە هوشیارییەوە، بێ ئەوەی یەک و دووی لێ بکا، دانی بە « هەڵە، کەموکوڕیی، تاوان و ناپاکیی »ەکانی خۆیدا نا، ئەو کاتە، هیچی لەگەڵ ناکرێ و نابێ، بە هیچ شێوەیە برەنجێنرێ. جا، ئایا « بەرزنجیی »، هێندە ئازا و مەردە، خەباتی ڕامیاریی خۆی، بەو شێوەیە هەڵدەسەنگێنێ؟ ئایا، دان بە ناپاکیی خۆیدا دەنێ، یانا؟ چونکە، ئەویش سەردەمێ، ناپاکیی بەرانبەر خاک و خەڵکەکەی کردووە، بە هەموو شێوەیە، دژی شۆڕش و گەلەکەی خۆی وەستاوە. تۆ بڵێی: هیچ هۆیە بدۆزێتەوە، هیچ بەڵگەیەکی پێ بێ، داکۆکیی لەو هەڵوێستە خراپەی خۆشی بکا، چونکە، ئەو ڕاستییە، لای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و مێژووی نوێی کورد لە

باشووردا، وەک تیشکی زێڕینی خۆر دیارە و تاھەتایە ھەر دەدرەوشێتەوە!
جگە لەوەی، « بادانەوە » وەنەبێ، کارێکی ھێندە خراپبێ، کەس ڕووی نەیە، لێی بدوێ و باسیکا. بەڵکوو، گەر ھەر کوردێ، دان بە کارە چەوتەکانی خۆیدا بنێ، کە زیانی خاوەنەکەی و تۆپینی خۆی تێدابووە، ئەوا کارێکی گەلێ باش دەکا. ئەو کارەش، لە دەس ھەموو کوردێ نایە! جا، چی دەبوو، گەر ھەموو کوردێ، کەمێ دانیشتایە، لەگەڵ خوا و خودی خۆیدا، بە شریتی سینەمای ژیانی تایبەتیی و گشتیی خۆیدا بچوایەتەوە، بە دڵێکی پاک، بە دەروونێکی خاوێن، بە سنگێکی فراوان و بە مێشکێکی کراوەوە، ھەڵەی لە ڕاستیی، خراپەی لە چاکە جیا کردایەتەوە، وازی لە ھەڵە و خراپە بێنایە، ڕووی لە ڕاستیی و چاکە کردایە.
ئەوجا، بیگوتایە: من ھەڵەبووم، بە خۆڕایی دژایەتی فلانە کەس یا فلانە لایەنم کردووە، داوای لێبووردنی بکردایە، ئیدی پێکەوە وەک برا، کاریانبکردایە، پێکەوە بژیانایە و بمردنایە! ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، بە جۆرە بادانەوەیەک دەژمێررێ، وەک چۆن لە کاری خراپەشدا، مرۆڤ دەتوانێ، بابداتەوە. بۆیە، کورد گوتوویەتی: « بایدایەوە سەر بای بەرە کۆن. » ھەزار خۆزگە، چ « شێخ » و چ ھەزارانی وەک « زێوەر »یش، ھەر ئەو کاتە، بە لای ئینگلیزەکاندا بایاندایەتەوە، جا ئێستە دەمانزانی، کەڵکی بادانەوە چی دەبوو!

16/3. بەزیـــی :

پاشان نووسیوێتی: (چۆنێتی خەبات و ھەڵوێست وەرگرتن لەقۆناغەکانی ژیانی نەتەوەکەدا لەگۆڕراندایە، دیارە بەپێی گۆڕانی باری قۆناغەکە، ناکرێ داوا لە زێوەر وەیا ھەر شاعیرێکی دی، بکرێ کەبۆچی لەبیستەکاندا دوژمنی کاڵە لەپێی نازیەت و فاشیەت نەبووە؟ ئەی بۆ بانگاشەی دیموکراتیەتی نەکردووە پشتگیری داواکارییەکانی چینی جوتیارو کرێکاری نەکردووە؟و داوای یاسای چارەسەرکردنی کست و کاڵی نەکردووە؟ بۆ شیعری بۆ بەلشەفیەکان و لینین و شۆڕشی ئەکتۆبەر نەوتووە؟)«23،3» بە ڕاستیی، کاتێ ئەم چەن دێڕە ساکار و بازاڕییانەم خوێندەوە، پڕ بە دڵ بە زەییم بە خاوەنەکەیدا ھاتەوە. چونکە:
1. کێ داوای لە « زێوەر » یا ھەر ھونەرێکی دیکە کردووە، ھۆنراوەی لەو جۆرانە بڵێن؟ خۆ گەر خۆشیان گوتبێتیان، ئەوا ئەو جۆرە ھۆنراوانە، کاتیی و وەرزیی بوون، لە دڵ و دەروونی جەماوەردا، زۆر نەژیاون و نەمر نەبوون.
2. من لە « بەرزنجیی » خۆی دەپرسم: بۆچی ناکرێ، داوا لە ھۆنەران بکرێ، ئەو جۆرە ھەڵوێستانە وەرگرن؟ ئەدی، « ڕووناکبیر، نووسەر و ھۆنەر »ەکانی ھەموو

نەتەوەیەک، بە چ جۆرێ، لە خەڵکی ئاسایی و نەخوێندەوارەکان جیادەکرێنەوە؟ ئەدی بۆچی، چەن هۆنەرێکی دیکەی وەک: « مەلای گەورە، بێکەس، گۆران، هەژار، دڵزار ... تاد » ئەو ئەرکە نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە پیرۆزەیان کێشاوە؟ هەر زۆر دوور نەڕۆین، هۆنەرێکی وەک « قانع » بەو خوێندەوارییە کەمەی هەیبووە، گەلێ یاقووت و زمرووتی جوانی هەڵرشتووە، کە شتێکی ئاسان نییە، هێندێ هۆنەری ئەوڕۆش بیڵێن! چونکە، ئامانجی بەرەکان زۆر ڕوون و دیاربوون، بەرەی « نازیی و فاشیی »، بەرەیەکی خوێنڕێژ و دژی کۆمەڵگەی مرۆ بوون، بەرەی « دیمۆکراسیی و ئازادیی »ش، داکۆکییان لە بوون و مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆ کردووە. جگە لەوەی، لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی کوردەواریی، هێندە دواکەوتوو نەبووە، وەک ئەو بیری لێ کردۆتەوە! چونکە، لە بیستەکان بە گشتیی و سییەکان بە تایبەتیی، کورد ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەتیی خۆی دەرکردووە. چەندین پارتی ڕامیاریی دامەزراندووە. چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداریی خوێناویی بەرپاکردوووە. خوێندەواریی و زانیاریی، پتر بڵاوبۆتەوە. ئەمانە هەموویان، وایان لە بیر و هۆشی کۆمەڵانی خەڵک کردووە، هەست بە ڕاستیی و دروستیی کارەکان بکەن. هۆشی نەتەوەیی و ڕامیاریی خەڵکەکە، ڕۆژبەڕۆژ، لە گەشەکردندا بووە.

3. « بەرزنجیی »، چونکە ئاگای لە ڕووداوەکان نییە، چونکە بە وردیی، سەرنجی لە هۆنراوەکانی « زێوەر » نەداوە، نازانێ، ئەویش گەر کەمیش بووبێ، یا گەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بووبێ، بە چەن دێرە هۆنراوەیەک، هەر هەڵوێستی خۆی، بەرانبەر ئەو ڕووداوانە دەربڕیوە. ئەوەتە، ساڵی «1944»، بە حەوت دێڕ هۆنراوە، دەربارەی « هیتللەر » گوتوویەتی:

« سیاسی نیم و عەسکەر نیم »، بەڵام دیارە بە ئاساری
کە « هیتللەر » لەڕبووە، نەیماوە هەڵپەی پار و پێراری
لە « بەڕ » « گەڵبە و بڕەی ووردکردووە ورچێکی کوێستانی
لە « ئاو »یشا بە جارێ، دوو نەهەنگ داویە پەلاماری
ڕەفیقیشی کە « مۆسۆلۆنیی »یە، مەعلوومە لای عالەم
لە دەست « یۆنان » گەیشتە ئاسمان فریاد و هاواری
« ڕەفیقی حیزە » خۆی بێ هێزە، مانەندی کەری دێزە
بە تۆپینیش ڕەزایە، مەرگی هاوەڵ بوو بە سەرباری
بە توند و تیژیی هاتەپێشەوە « هیتللەر »، بەڵام دوایی
پەتی پچرا، هیوای بڕا، دەفی دڕا، نەما چاری

دەخیل ئەی خێڵی « ئینگلیزیی »! « سەقالیا » پڕ لە ئیسلامە
ئەبێ، چاودێرییان بکرێ، چ دیهاتی چ ناوشاری
سەداکەی « فاتیکان » فتوای جیهادی دابوو، بۆ سەر « ڕووس »
منیش فتوانەدەم، « پاپا » بە پایەک بێننە یاری «52،39»
4. جا، یەکێکی وەک « زێوەر » گەر لەو بارەیەشەوە هیچی نەنووسیایە، جگە لەوەی، بە بێ هەڵوێست باسدەکرا، کەسیش داوای لێ نەدەکرد، خۆی لەو باسە رامیارییانە هەڵقورتێنێ! چونکە، هەر وەک خۆشی، لە سەرەتای هۆنراوەکەدا گوتوویەتی، ئەو پیاوێکی رامیار نەبووە.
5. بۆ پشگیریکردنی چینی جووتیار و کرێکاری کورد بە تایبەتیی و هەموو چەوساوەکانی جیهانیش بە گشتیی، ئەوە پێش ئەوەی، یەک پیت لەو بارەیەوە بنووسرێ، هەمیشە باسی هەژار و زۆرلێکراوان کراوە. تەنانەت، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بە گشتیی و ئایینی ئیسلام بە تایبەتیی، زۆر داکۆکییان لە هەژاران کردووە، لە سەر شانی هەموو موسوڵمانێکی داناوە، یارمەتیی هەژاران بدەن، دەسگیرییان بکەن، کۆمەکی مەتیریاڵییان پێ بکەن، گرفتەکانیان بۆ چارەسەرکەن. ئەگینا، گەر وا نەبووایە، ئەدی « زەکات، سەرفیترە، خێرکردن .. تاد » لە ئایینی ئیسلامدا چی دەگەیەنێ؟ لە چییەوە هاتووە؟ بۆچی دانراوە؟ خۆ یەکێکی وەک « زێوەر » خۆی، خوانناسێکی ڕاستەقینە، شارەزایەکی باش، زانایەکی ناسراو بووە، ئەدی گەر پشگیریی هەژارانی کوردی بکردایە، چی تێدا بوو؟ خۆ داوامان لێ نەکردووە، وازی لە کەوا و سەڵتە، کڵاو و مێزەر، عەبا و جبەکەی خۆی بێنێایە. لە بری ئەوانە، چاکەت و پانتۆڵی لەبەرکردایە، قورئان و پەرتووکە پیرۆزە ئایینییەکانی وەلاخستایە، بەرهەمە فەلسەفییەکانی « مارکس، ئینگلز و لینین »ی بخوێندایەتەوە. ئایا ئەوانە، چ جۆرە پێوەندییەکیان بە هەست و هەڵوێستی مرۆڤەوە هەیە، گەر یەکێ بە ڕاستیی، مرۆپەروەر بێ، ڕێزی هەژاران بگرێ و لە پێناوی ئەواندا، وەک مۆم بسووتێ؟
6. وا بزانم، هەموو هۆنەران ئازادن، گەر بیانەوێ، هۆنراوە بۆ « لینین، بەلشەفیک و شۆڕشی ئەکتۆبەر » بڵێن. چونکە، ئەوە پێوەندییەکی زۆری، بە ئایدۆلۆژیا و پێوەندیی ڕامیاریی ئەو هۆنەرانەوە هەیە. بەڵام، ڕەخنەکە لەوەدایە، ئەوانەی ئەو جۆرە هۆنراوانە، بۆ ئەو جۆرە کەسێتیی و ڕووداوە گەورانە دادەنێن، ئایا بەر پێی خۆیان دەبینن؟!! هیچ بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەهۆننەوە؟ ئەگینا، من بۆ ڕەخنە، لە هۆنەرێکی وەک « قانع، هەژار، گۆران، دڵزار ... تاد » بگرم، گەر

هۆنراوەی لەو بابەتانەیان دانابێ؟ چونکە، هۆنەران بۆیان هەیە، چ هۆنراوەی تایبەتیی، بۆ ئایدۆلۆژیا و ڕێبازە ڕامیارییەکەی خۆیان، چ هۆنراوەی گشتیی، بۆ نیشتمان و کێشەی ڕامیاریی نەتەوەکەی خۆیان بڵێن. ئەوانیش، چەندین هۆنراوەیان بۆ کورد و کوردستان گوتووە، کێشەی کوردیان، بە باوەڕەکەیانەوە گرێداوە. جگە لەوەی، خۆیان ئەوە باوەڕیان بووە، لە سەر ئەو ڕێبازە ڕۆشتوون، لە بەر تیشکی بەرژەوەندییەکانی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی مارکسیزمدا، هەنگاویان ناوە. بریا، هەموو کورد، « نەتەوەپەروەرێکی کۆمۆنیست » بووایە. کوردیش، تاکە ڕێکخراوی سەرانسەریی کۆمۆنیستی خۆی ببووایە، وەک ئەو پارتە کۆمۆنیستانەی جیهان، نیشتمانەکەی خۆیان ئازادکردایە.

جا ئیدی، من چۆن، گلەیی لە یەکێکی وەک « زێوەر » دەکەم، کە هۆنراوەی لەو بابەتانەی نەگوتووە، گۆرانیی بۆ « لینین » و شۆڕشەکەی نەچڕیوە. چونکە، لە لایەکەوە، ئەو هیچی بۆ چەن سەرکردەیەکی قارەمان و شەهیدی وەک: « شێخ سەعیدی پیران، سەیید ڕەزای دەرسیمیی، سمایلاغای سمکۆ، شێخ مەحموودی بەرزنجیی » نەگوتووە! لە لایەکی دیکەشەوە، پیاوێکی موسوڵمان بووە، لە هەموو کاتێکدا، هەر خەمی ئیسلامی خواردووە. ئەوەتە، لە کوردستانەوە هاواری لە ئینگلیزەکان کردووە، ئاگایان لە خەڵکی « سەقەلیا » بێ، چونکە ئیسلامن:

دەخیل ئەی خێڵی « ئینگلیزیی »! « سەقالیا » پڕ لە ئیسلامە

ئەبێ، چاودێرییان بکرێ، چ دیهاتی چ ئاوشاری «52،39»

ئیدی من، داوای هۆنراوە و هەڵوێستی چی، لە پیاوێکی موسوڵمانی وەک ئەو بکەم، کە سەری لە کاری ڕامیاریی دەر نەچووە و تەقەی هاتووە؟

کەواتە دەتوانم، زۆر بە ڕاشکاویی بڵێم: هەر هۆنەرێ، لەگەڵ ڕووداو و کارەساتەکانی سەردەمی خۆیدا نەژیا، یا هەڵوێستی نەبوو، یا ترسنۆک و هەلپەرستبوو، یا ئاگای لە « مەحموودی بێ زەوا » نەبوو، ئیدی بۆ ناوی هۆنەر لە خۆی بنێ؟!!

17/3. تـــــــورەهات :

سەیر ئەوەیە، « بەرزنجیی » زۆر بە ڕاشکاویی نووسیوێتی: (خۆ خەریککردن بەم تورەهاتانەوەو سەرئێشانی ئەدیب بەم خواستانەوە مایەی نابووتی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی.) «23،3»

ئینجا، گەر ئەو هەڵوێستوەرگرتنە مەردانەیە و ئەو بیرە بەرزە، لای « بەرزنجیی » بە « تورەهات » دابنرێ، « مایەی نابووتی بیروبۆچوونی خاوەنەکەی » بێ، ئەوا

دیاره، ئاستی « کۆمەڵایەتیی، رامیاریی و کەلتووریی » خۆی چەن بەرزە! چۆن بیر دەکاتەوە؟ پێشینان راستیان فەرمووە، کاتێ گوتوویانە: کورد بدوێنە، شەرعی خۆی دەکا! هەڵبەتە، ئەویش بڕیاری خۆی داوە، خۆی بە « تورەهات »ی کێشەی جووتیار و کرێکارەوە خەریک نەکا، دژی بەرەی نازیزم و فاشیزم نەوەستێ، لەگەڵ بانگاشەی دیمۆکراسیی و ئازادییدا نەبێ. بۆیە، وا بەو ئاشکراییە، تا توانیویێتی، باویژی لە سکی خۆی دەرکردووە، تەپڵی بێ عاریی کوتاوە، زوخاوی هەڵیناوەتەوە، جواناوی رشتووە، چونکە، زۆری تێگوشیوە!

ئایا، « بەرزنجیی » بیریچۆتەوە، سەردەمێ خۆشی، وەک کورە گەورەی گوێ ئاگردان، کون لە جەرگیدا نەبوو، بانگەشەی بۆ بیری « ماویزم » دەکرد. گەرمە کوتاری، لە سەر جەنگی « پارتیزانیی » دەنووسی؟!! ئایا، ئەوانەش هەر لە خانەی ئەو « تورەهاتانە »دا جێیاندەبێتەوە، کە خۆی باوەڕی پێیان نییە؟!! ئایا، ئێستە گێڕی هەڵوێستی گۆڕیوە و سەرلەنوێ بایداوەتەوە، وا بەو چەشنە دەدوێ؟!!

18/3. کام بەربەرەکانیی؟

لەوە دەچێ، « بەرزنجیی » هۆنراوەکانی « زێوەر »ی نەخوێندبێتەوە، یا تووشی نەخۆشیی بیرچوونەوە بووبێ! بۆیە، وا بێ ئاگایانە نووسیویێتی: (ئەگینا کاتێ زێوەر بەشیعرەکانی بەربەرەکانی داگیرکەری ئینگلیزی کردووە، بانگەشەی بۆچونە قوتابخانەو فێربون کردووە، باری ئیفلیجی دەسەلاتی نەشارەزاو فەریکی خستۆتەروو رێنمایی کردوون « کە ئەوانە باس و کێشەی ئانی ئەوکاتە بوون ». ئەمانە لەگەڵ پێداویستیەکانی قۆناغی رۆژی خۆی لەبارو گونجاو بوون و دەستخۆشی لێ دەکرێ.)«23،3»

جگە لەوەی، ئینگلیزەکان خۆیان، خوێندن و خوێندەوارییان، بە زمانی کوردیی بڵاودەکردەوە و هەرگیز دژی ئەو کارەش نەبوون، « زێوەر »یش، هەرچییەکی بۆ خوێندن و فێربوون گوتبێ، کارێکی زۆر پیرۆزی کردووە و منیش هەر دەسخۆشانەی لێ دەکەم. بەڵام، لە کەسم نەبیستووە، یا هێندەی من سەرنجم، لە دیوانەکەی داوە، شتێکی لەو بابەتەم نەدیوە، بە هۆنراوەکانی بەربەرەکانی داگیرکەری ئینگلیزی کردبێ، وەک « بەرزنجیی » بوختانی بۆ کردووە! هەڵبەتە، هێندێ هۆنراوەی دیکەی هەیە، تا ئێستە، چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە، یا بەر چاوی من نەکەوتوون، بۆیە، ئەوەی نووسیوە! بە پێچەوانەوە، من دەڵێم: « زێوەر » نەک هەر بەربەرەکانیی ئینگلیزەکانی نەکردووە، نەک هەر نێوانیان باشبووە، بەڵکوو، سەرکەوتنی ئەوانیشی، بە سەرکەوتنی خۆی و کورد زانیوە و هۆنراوەشی بۆ

گوتوون. چونکە، کاتێ لە ساڵی « 1924 »دا ، « کۆمەڵەی نەتەوەکان » بڕیاریداوە، باشووری کوردستان لە « تورکیا » دابڕێ و بە « عێراقی عەرەبیی سێوە بلکێنرێ، کە ئەوەش، هیوا و ئامانجی ئینگلیزەکان بووە، « زێوەر » خۆشیی خۆی دەربڕیوە، بە « حوکمی عەدالەت »ی داناوە، هۆنراوەیەکی درێژی بۆ هۆنیوەتەوە و لە دوا دوو دێڕی هۆنراوەکەدا گوتوویەتی:

که « عوسبەت ئەلئومەم »، ئەم « حوکمە » عادیلانەی دا
حەیاتی دا بە « عراق » و ئەماوە « مەحروومیی »
بژی بە ـ عەدلەوە عوسبە ـ لەگەڵ « بەریتانیی »
چرای وولاتە قەراریان، بە « لەفزی مەفهومیی » «47-46،39»

19/3. لام باشە و لام باش نییە :

پاشان، کاتێ بایداوەتەوە، وەک ئەو نووسیویتی: (خۆکە لە سی و چلەکانیشدا هاتۆتە سەر برایەتی کورد وعەرەب و خاکی عێراق و شا فەیسەڵ! ئەوە بەپێی ئەو ڕۆژە ڕاست و بێ هەڵەیە، چونکە مەسەلەی شۆڕشی کوردو « لامباشەو لامباشنییە »ی ئەوسا ڕۆی و تێ پەڕی، ئێستا « سی و چلەکان »ە دەبینین «مستجدات »ی تازە هاتۆتە گۆڕێ و دەبێ ئەدیب بەرهەنگاری ئەوانە بێتەوە.) «23،3»، ئەم وڕێنانەی « بەرزنجیی » چەن شتێکمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

1. هۆنەر لە هەر سەردەمێکدا بژی، هۆنراوە بۆ سەرانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان بڵێ، بە شان و باڵووی « خاک، ئاڵا، بەرووبووم، ڕووبار و جوانیی وولات » کەیاندا هەڵدا، ئیدی هەر کەسێ دەبێ، با ببێ، بە هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی دەژمێررێ. چەن زیان بە کورد و وێژەکەی دەگەیەنێ، دوو هێندە پتریش، زیان بە ناو و ناوبانگی هۆنەرەکە خۆی دەگەیەنێ.

« هێمن »ی هۆنەری گەل،(بە شیعری « بەهاری بێ خەزان » " 1961 " هەوڵیدا، قەڵغانێک بۆ داکۆکیکردن لە خۆی دژ بە « ساواک » دروستبکات.)«25،13»، بەڵام، تا چاوی لێکنا ، داخی ئەو هۆنراوە بەرتیلدانەی، بە بنەماڵەی دەسڕۆشتووی شای « ئێران » لە دڵ دەر نەدەچوو. جا ئەوە خۆی لە خۆیدا ، بە هەڵوێست دادەنرێ، چونکە، هەر زوو دانی بەو هەڵەیەی خۆیدا ناو و لێی پەشیمانبۆوە، نەک شانازیی پێوە کردبێ!

2. هەر هۆنەرێ « بەپێی ڕۆژ » هۆنراوەی قەڵب و قۆڕ بڵێ، هەر کەسێ کاری خراپ بکا، هەرگیز نابێ، بە چاکە بۆی بژمێررێ. بەڵکوو، ئەوانە لە نێو کورددا بە « کوڕی ڕۆژ، هەلپەرست و کاسەلێس » نێوزەدکراون و دەکرێن! « بەپێی ڕۆژ » و

فەرمایشتەکانی « بەرزنجیی » بێ، دەبێ، چاو لە ناپاکیی نیو میلیۆن جاشی کوردیش بپۆشین، جاشێتییەکەیان، بە ڕاژەکردن و نیشتمانپەروەریی بۆ دابنێین!
3. هەڵوێست و کوردایەتیی، چ پێوەندییەکی بە « لام باشە و لام باش نییە »وە هەیە؟ ئایا، کاتێ باشووری کوردستان، بە زۆر بە دەوڵەتی « عێراق »ەوە بەسرایەوە، ئیدی « زێوەر » ئاسا دەبێ، هەموو شتێ لە بیرکرێ، هۆنراوەی بێ تام و بۆنی بۆ ڕیزکرێ؟ گریمان، ئەوا « شۆڕشی کورد، لام باشە و لام باش نییە » ڕۆیی و تێپەڕی، ئەدی ڕۆڵی ڕەخنەگر و مێژوونووس چییە و خۆی لە چیدا دەنوێنێ؟ مێژوونووسەکانمان، بۆچی ئەو ڕووداوانە دەنووسنەوە؟ چۆن دەتوانین، لە لایەنە گەش و سیسەکانی مێژووی کورد بکۆڵینەوە؟ چۆن پەند لە مێژوو وەرگرین؟ بە ڕاستیی، ئەو قسەیە گەر یەکێکی نەخوێندەوار بیکردایە و ئەو نەیکردایە، (کە لەقەڵەمی کەسێکەوە دەردەچێ خۆی بەخاوەنی ڕادەیە لەسەروساختی کردن لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیریدا دادەنێ..)«4،3» زۆر گوێمان پێ نەدەدا! بەڵام، « کەڵە نووسەر، مامۆستایەکی گەورە، خوێندەوارێکی تێگەیشتوو، ڕووناکبیرێکی پایەبڵند و ناسراو »ی وەک « بەرزنجیی » بیکا، (هیچ ناوترێ لەوە زیاتر کە بڵێم:)«4،3» لەو نەخوێندەوارەشی بە کەمتر سەیردەکەم و هەرگیز لێی قەبووڵ ناکەم!
4. ڕاستە، لە هەموو سەردەمێکدا، نووسەر دەبێ، لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بژی. بەڵام، با بیرمان نەچێ، هەموو ڕووداوێ، پاشینە و پێشینەی مێژوویی تایبەتیی خۆی هەیە. چونکە، ئەوڕۆ « ئێستە » لە سەر پایە سەرەکییەکانی دوێنێ « ڕابوردوو » هەڵساوە. کۆشک و تەلاری سبەینێش « ئاینده »، هەر لە سەر بنچینەی « ڕابوردوو + ئێستە » لەگەڵ ئاسماندا دەبن بە دڕواسێ و دەیڕازێننەوە! واتە: ڕابوردوو ئێستەمان بۆ لێکدەداتەوە. ئێستەش، پێشبینیی داهاتوومان بۆ دەکا. ڕاستە دەبێ، نووسەر بەرەنگاری « کاری خراپ، هەڵە و زۆرداری نێوخۆ و دەرەوە » ببێتەوە. ئێمەش، هەر ئەوە لە نووسەر و هۆنەرەکانی کورد داوادەکەین، هەڵوێست وەرگرن. بەڵام، نەک پرۆسێسی « لام باشە و لام باش نییە » لە بیستەکاندا کرابێ، کەچیی، لە سی و چلەکاندا، بازی بە سەردا بدرێ. بە هۆنراوە، دیواری قرچۆکی ئەو پێکەوەلکانەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە پتەوترکرێ، لە « لەنگاندن، لەقان و ڕمان » قووتارکرێ. ئایا، ئەوە واتای ڕاستەقینەی « بەرەنگابوونەوە » دەگەیەنێ، کە « بەرزنجیی » تێیگەیشتووە و داوا لە نووسەران دەکا، بەرەنگاریانببێتەوە؟!!

گەر بهاتایە، وەک ئەو نووسـیوێتی: (زێوەر، قـانیع، حـمـدی و پیرەمـێرد.. لەو ڕۆژانەدا دوای تەوژمی نازیەت و فاشیزم بکەوتنایە » لەچوارچێوە کشتیەکەی باری سیاسی ئەو ڕۆژە نەک وەک کوردێ کە لەوانەیە هەبووبێ رزگاربوونی لەواندا ببینیبێ. » ئەوا کـارەکـانیان تاوێر جولاندن بوو بۆ سـەرە ڕێگای بەرەو پێشـەوە چوون.)«24،3» منیش هەر وا دەڵێم: گەر بهاتایە، وایان بکردایە، ئەوا ئەوڕۆ، بە کارێکی زۆر خراپ بۆیان دادەنرا. چونکە، هەر چەندە هیچ لایەکیان، هیچیان بۆ کورد پێ نەبووە، بەڵام، هەرچی چۆنێبێ، بەرەی « دیمۆکراسیی و ئازادیی »، لە بەرەی « نازیزم و فـاشیزم » باشتربووە و هـەر بەراوردیش ناکرێن! خـۆ بە لانی کەمەوە، ئەوان ئەو جـەنگە مـاڵوێرانکەرانەیەیان هەڵ نەگیرساندبوو، کە جگە لە زیانی مەتیریالیی، بە خنوخۆراییی، نزیکەی پەنجا ملیۆن مرۆڤی، تێیدا کوژرا. جگە لەوەی، مرۆ کە نموونەی هێنایەوە، پێویستە بزانێ، چی دەڵێ و باسی چی دەکـا! چۆن « زێوەر، قـانع، حـەمـدیی و پیرەمـێـرد » پێکەوە تێکەڵاو و بەراورد دەکرێن؟ چونکە، هەڵوێستی لاواز و ناڕاستەوخۆی « زێوەر » و هەڵوێستی بەهێز و ئاشکرای هەر یەکێ لەو هۆنەرانەی دیکە، بەرانبەر ئەو ڕووداو و ڕۆژگارە دیارە!

20/3. هێڵی ســـــوور :

پاشـان، « بەرزنجـیی » هـاتووە، پێناسـەی زانسـتی ڕامـیـاریی بۆ کـردووین و نووسیوێتی: (سیاسـەت « علم الممكنات »، یانی هێڵی سور دانەنراوە کەنابێ لێی ڕەتبێ و تەجاوزی بکەی، ئەو شێوازەی دوێنێ دەگیرا ئەمرۆ پەیرەو ناکرێ، وەک هەموان دەزانین ئەمرۆ تیۆری « بؤرە الثوريە، العمق الاستراتيجي، حرب طويلە اللامد، اضـرب و اهرب .. » وە زۆری تر لەم شـتـانەی لەپەنجـاو شـەسـتـەکـاندا هەبوون لەبواری خـەبـاتی گـەلاندا، ئەمـرۆ « زانست و تەکنۆلۆژیاو شـۆڕشی گەیاندن و مانگە دەستکردەکان.. » هەموی وەلاخسـتن و گیڤارا زیندو بێتەوە گەر بیانەوێ لەسـەعـاتدا قۆڵبـەست دەکرێ، کەواتە ئەو مێـشـوولەیە نەمـا کەفـیلێک وەرسک ئەمە بۆ ئەمڕۆمان، کە نووسەر حەزی لێیە بەپێوانەی ئەمرۆ موحاکەمەی مامۆستا زێوەر بکات.. کە دیارە ئەمەش کاری نەکردنە.)«24،3»

ڕاستە، بەو شێوەیە پێناسـەی ڕامیاریی کراوە، کوایە : « زانستی ئەشێکانە »، بەڵام، وەک ئەو لنگەوقوچ تێیگەیشـتـووە، لە مێژە هێڵـی سوور، بۆ کاری خراپ و ناپاکیی، لە کاری ڕامیارییدا دیاریکراوە. چونکە، کاری ڕامیاریی دەبێ، لە ڕاژەی نەتەوە و نیشتمـاندا بێ. بەرژەوەندیی بالای نەتەوە و نیشتمانەکە، لە پێش هەموو شـتـێکی دیکەوە دانرێ. یا بە لانی کـەمــەوە دەبێ، لە ڕاژەی بـەرژەوەندییـە

ستراتیژییەکانی پارتێکی دیاریکراو، یا دەستەی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتەدا بێ. ئەگینا، ئەوە پۆلیتیکی پێ ناڵێن، بەڵکوو، زانستی خۆخەڵەفاندن و خۆکەوجکردنی پێ دەڵێن، کارەکەشیان وەک ئەوە وایە، گوێز بە گومەز دا هەڵدەن!

بەڵام، ناپاکیی مەگەر هەر لە هەگبە شڕەکەی « بەرزنجیی »دا جێی بێتەوە، ئەگینا بە هیچ شێوەیە، لە فەرهەنگی زانستی ڕامیارییدا، ناپاکییکردن لە نەتەوە و نیشتمان، بە کاری ڕامیارییی و « زانستی ئەشێکان » ناژمێررێ! جا کەواتە، سەرانی کورد، هەموو ڕۆژێ دەتوانن، بەر بە تاوانی ناپاکییەوە بنێن، هێندەی دیکە، نەتەوەکەمان بەقوڕدا بەرن، پاساوی ئەو ناپاکییەش بەوە بدەن و بڵێن: فەیلەسووفی ناسراوی سەدەی بیستویەکی کورد « بەرزنجیی »، بڕیاری لە سەر داوە، گوایە: جیاوازیی لە نێوان زانستی پۆلیتیک و ناپاکییدا نییە! چونکە نابێ، هێڵی سوور و جیاکەرەوە، لە کاری ڕامیارییدا دانرێ! ئەی ئافەرین، بۆ خۆت و تیۆرییەک، بۆ نەتەوە بندەسە هەژارەکەی خۆتت داناوە. بە ڕاستیی، « بەرزنجیی » هەق نەبوو، مامۆستا بووایە، بەڵکوو دەبووایە، « مەلا » بووایە، وا بەو شێوەیە، یەک لە سەر یەک « فتوا »دەدا! لەوە دەچێ، وەک بێچوە قاز، هەر سەری لە هێلکە جوقاوە، وەک مەلەوانێکی شارەزا و بە توانا، لەو زەریا پان و بەرینەی زانستی پۆلیتیکدا، شان و پەلی کوتابێ. بۆیە، وا زیرەک و شارەزایە و تیۆری ناپاکییمان بۆ دادەنێ! ئەدی، بەرژەوەندیی بڵندی نەتەوەکە چی لێهات و بە چی لێکیدەینەوە، گەر هێڵی سوور لە ڕامیارییدا نەبێ و دانەنرێ؟ ئایا، لەو بەرژەوەندییەش ڕەتبێ، هەر نابێ، هێڵی سوور دانرێ؟ ئاخر بۆیە، ناپاکیی لە نێو کۆمەڵگەی کورددا، وەک یاری منالانی نێو کۆلانەکانی « سولەیمانیی » لێهاتووە، هەر ڕۆژەی پارتێکی کوردستانیی، بە شێوەیە لە شێوەکان، ناپاکیی بەرانبەر نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی دەکا. دواییش، سەرانی ئەو پارتە دەڵێن: باری پارت و گەلەکەمان وا پێویستیکرد، هیچ چارەمان نەبوو، ئەوەی ڕۆی، ڕۆی، با، لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە!. وەک ئەوەی خوێندکار بن و لە زانکۆ بخوێنین، لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە دەرچووبن، وا لاپەڕە و پەڕاوی نوێمان بۆ دەکەنەوە! وا دیارە، ئەوانیش، شارەزای ئەو تیۆرییەی « بەرزنجیی » هەن، بۆیە، گوێ بە هیچ نادەن، بە ئارەزووی دڵی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندیی تەسکی پارتەکەی خۆیان، هێڵی سوور دەبڕن، بە دەیان جار، مل بە تاوانی ناپاکییەوە دەنێن، ناپاکیی بەرانبەر گەل و نیشتمانەکەیان دەکەن!

21/3. دوێنێ و ئەورۆ :

بۆ ئەوەی « بەرزنجیی » باشتر تێبگا و بزانێ، « ئەو شێوازەی دوێنێ دەگیرا »، ئەورۆ، لەو ناوچانەی جیهاندا، کە هێشتا ڕزگاریان نەبووە، گەر هەر هەمووی پێڕەو نەکرێ، ئەوا بەشێکی زۆری پێڕەودەکرێ. بەڵام، هەر بەو شێوە کۆنە نا، بەڵکوو، زۆر بە جوانیی ئارایشتدەکرێ و سەر و گوێلاکی دەڕازێنرێتەوە. چونکە، لە ژێر ئەم خۆرەی دەیبینین، شتێکی نوێ نییە. جا، گەر ئەمە لای نەتەوە سەربەست و پێشکەوتووەکانی جیهان، تا ئەندازەیەک گۆڕابێ و بگۆڕێ، ئەوا لای کوردە دڵ و گیانەکەی « بەرزنجیی »، ئەوەتەی دوو گوێی لێ ڕواوە، فێری کاری ڕامیاریی بووە، مەلایەکی وەک « بەرزنجیی »، بانگی بە گوێدا داوە، هەر هەمان قوڕ و چڵپاوی زستانە کۆنەکانی سەدەکانی پێش زایینە و دەیشێلێتەوە. چونکە، « ناکۆکیی، دووبەرەکیی، جەنگی نێوخۆ، ناپاکیی و بێگانەپەرستیی »، هەر لە سەردەمی « ماد »ەکانەوە تا ئێستە، بە شێوەیە لە شێوەکان، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەردەوامە. دەڵێی، ئەو خەسڵەتە خراپانە، لەگەڵ کورددا لەدایکبوون! بۆیە، ئەوەتەی کورد هەیە، هەر ڕادەپەڕێ و شۆڕش بەرپادەکا، داگیرکەرەکانیش، لە گۆمی خوێن و فرمێسکی هەڵدەکێشن. تا ئێستەش، هیچ ئەنجامێکی نەبووە، تەنانەت، دەوڵەتێکی سەربەخۆمان، لە دەرەوەی کوردستانیش دانەمەزراندووە! بە تایبەتیی، لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوودا، هەرچی هەیە و کراوە، هەمووی هەر دووبارەکردنەوەی پێشوو بووە. جا با، فەیلەسوف و بلیمەتێکی وەک « بەرزنجیی » هەر بڵێ: « ئەو شێوازەی دوێنێ دەگیرا ئەمڕۆ پەیڕەو ناکرێ. » ئایا، کێ دەتوانێ، پێمان بڵێ، کامەیە ئەو شێوازە نوێیەی، ئەورۆ لە کوردستاندا پێڕەودەکرێ؟ مەگەر هەر ئەو، لە مێشکی خۆیدا و بە ئەندێشە، شێوازێکی نوێی بۆ داهێنابێ و هێشتا بۆ سەرانی پارتەکانی کوردستانی هەڵ نەڕشتبێ! جا، گەر پیاوێ، خڕنوک ئاسا هەر لە بیاباندا بڕوێ، هەڵبەت، هەر هێندەی پێ دەکرێ، تڕی خۆی و گوێزەر لێککاتەوە، زەڕینی هەبێ و پەڕینی نەبێ، هەرچی قسەیەکیش بکا، وەک قوڕی زستان عافووبێ! ئەگینا، گەر وا نەبێ، ئەو زاراوە ڕامیارییە قەبەقەبانەی هێناوێتییەوە، چ پێوەندییەکی بە سەر باسەکەی من و « زێوەر »ەوە هەیە؟ جگە لەوەی، تۆ بڵێی، ئەو نهێنییە گەورە و گرنگانەی درکاندوونی، هەر تەنیا خۆی زانیبێتی و کەس پارمەتی نەدابێ! بە ڕاستیی، جێی پێکەنینە، گەر ئەو زاراوانەی ئەو باسیکردوون، باویان نەمابێ! چونکە، گەر ئەوانە، بۆ سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو، شیاو و گونجاوبووبن، هەرگیز ناشێ، بشێ، هەموویان تووڕدرابن و لە

قوژبنێکی ئەم جیهانەدا پێڕەو نەکرێن. ئەدی گەر وایە، ئەو هەموو ڕاونان و گرتنە، ئەو هەموو کوشتن و بڕینە، لە چەن دەوڵەتێکی وەک: « فیلیپین، سپانیا، بریتانیا، پاکستان، ئەفگانستان، کشمیر، فیجی، کۆلۆمبیا، ئیسرایل، تورکیا، عێراق، لوبنان، جەزایر ... تاد » دەکرێ، چییە و بە چی دادەنرێ؟

ئەوڕۆ، بە سەدان ڕێکخراوی نهێنیی و ئاشکرای چەپ و ئیسلامیی، لە جیهاندا هەن، دژی دەسەڵات و دەوڵەتەکانیان خەباتدەکەن و دەجەنگن، هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمەکان دەدەن، بە دەیان کاری تیرۆریستیی، دژی خەڵکی « سیڤیل، بێ گوناح و دەسەڵاتدار »ان ئەنجامدەدەن. کەچیی، تازە « بەرزنجیی » نووسیوێتی: باویان نەماوە!

جگە لەوەی، کەرەنتیی چییە، لە دواڕۆژێکی نزیک یا دووردا، جەنگێکی سەرانسەریی جیهانیی ڕوو ناداتەوە، وولاتەکانی جیهان جارێکی دیکە، لە نێوان لایەنە سەرکەوتووەکانی جەنگدا، دابەش ناکرێنەوە؟ بەپێی بەرژەوەندییە گڵاوەکانیان، لە سەر نەوت و ئاو، ناوچە ستراتیژییەکانی جیهان داگیر ناکەن و لە نێوان خۆیاندا دابەشی ناکەن! ئەو کاتە دەبێ، سەرلەنوێ نەتەوەکان، بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی نیشتمانەکانیان تێکۆشن.

دیارە، « بەرزنجیی » وەک فاڵچیی وایە و فاڵدەگرێتەوە. بۆیە، ئەو بڕیارە بنجبڕانانەیەی داوە! ئەگینا، گەر ئاگاداری بەرنامەی ڕامیاریی و سیستێمی نوێی جیهانیی نەبێ، ئەوا دەبێ، بڵێین: لە بێ خەبەران، کەشکەک سەڵەوات!

هەر چەندە، ئەوڕۆ گۆڕەپانە نێو دەوڵەتییەکە، تا ئەندازەیەکی زۆر گەورە، لە لایەن « ئەمێریکا »وە پاوەنکراوە، بەڵام، دەوڵەتەکانی جیهان، تا سەر بەو پاوانکردنە قایل نابن، بەرانبەر ئەو کارە دەستەوسان ناوەستن و نەوەستاون. بە شێوەیەکی بەردەوام، لە هەوڵداندان، تا بەر بە لێشاوی ئەو مەترسییە گەورەیە بگرن. ئەگینا، گەر وا نەبێ، « یەکێتیی ئەورووپا » بۆچی دامەزراوە؟ تەوەری هەر دوو دەوڵەتی زلهێزی « چین » و « ڕووسیای فیدراڵ » و دەوڵەتەکانی وابەستەیان، چین؟ چۆن تەماشای دەوڵەتێکی زەبەلاحی سەرمایەداری دەوڵەمەندی پێشکەوتووی وەک « ژاپۆن » دەکرێ؟! بە چ شێوەیە، ژمارەی دانیشتووانی دەوڵەتێکی وەک « هیندستان » و توانای « ئەتۆمیی » هەڵدەسەنگێنرێ؟

ئەوەیان ڕاستە، لەگەڵ سالانی جاران و پێش ئەوەی، « یەکێتی سۆڤێت » و بلۆکی « وارشۆ » هەڵوەشێنەوە، جیاوازیی هەیە و شتەکان زۆر گۆڕاون. بەڵام، هێشتا جیهانێکی هێمنی پڕ لە ئاسایش دا نەمەزراوە. هێشتا، کێشەی نەتەوەیی لە

هێندێ دەوڵەتی جیهاندا، بە تەواویی چارەسەر نەکراوە. هێشتا، گرفتی بێ کاریی و برسێتیی، لە زۆربەی وولاتەکانی جیهان بە گشتیی و هەر دوو کیشوەری « ئاسیا و ئەفریکا » بە تایبەتیی لەنێو نەبراوە. هێشتا، بە تەواویی لە هەموو جیهان و لە هەموو بوارەکاندا، « زانست، تێکنۆلۆژیا، هۆکانی گەیاندن و مانگە دەسکردەکان »، جێی بە هەموو شتەکان لەق نەکردووە و وەک یەک بڵاو نەبوونەتەوە.. هێشتا، لەم جیهانەدا، زۆر شتی دیکە ماوە، نهێنیی بێ، بدۆزرێتەوە و ئاشکراکرێ. وەک یەزدانی مەزنیش، لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: « و ما اوتيتم من علم الا قليلا. »

22/3. جیڤـــــــارا :

جا گەر بڵێین، یەکێکی وەک « جیڤارا »، بۆ وای بەسەرهات، دەڵێم: ئەو خۆی بڕیاریدابوو، گۆڕەپانی خەبات چۆڵ نەکا، تا دوا دڵۆپی خوێن، دژی داگیرکەران و چەوسێنەران بجەنگێ. چونکە، بۆ باوەڕ و ڕێبازەکەی خۆی دڵسۆزبوو. بۆیە، گیرا و کوژرا. ئەوڕۆش، وەک سونبولێکی خەباتی نێونەتەوەیی تەماشادەکرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ، گەر چی، هێندێ هەڵەشی هەبووبێ. بەڵام، خەڵکی دیکە، ترسنۆکبووە و ڕایکردووە، بۆیە، گیراوە و سزادراوە، یا بە دەم داخەوە سەری ناوەتەوە و مردووە. وردەوردەش، ناوی لە لاپەڕەکانی مێژوودا سڕاوەتەوە و دەشسڕێتەوە!

من پێم وایە، نەک هەر خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕێکی وەک « جیڤارا »، بەڵکوو، هیچ کەسێکی دیکەیان بۆ قۆڵبەس ناکرێ، وەک « بەرزنجیی » نووسیوێتی! بە مەرجێ، ئەو شۆڕشگێڕە خۆی، بە ئاگا و هوشیار بێ. جا گەر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، مەبەس لە فراندنەکەی « عەبدوڵڵا ئۆجەلان » بێ، ئەوا بە پلەی یەکەم خۆی تاوانبارە. چونکە، لە لایەکەوە، گەر « ئۆجەلان » وەک سەرکردەکانی دیکەی کورد، لە نێو گریلا و گەلەکەی خۆیدا بژیایە، لە نێو کێو و چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا، خۆی حەشاردایە، هەر بە تێلیفۆن سەرکردایەتی پارت و شۆڕشەکەی نەکردایە، باوەڕ ناکەم، هیچ هێزێ لە جیهاندا بیتوانیایە، بیفڕێنێ، وەک « بەرزنجیی » نووسیوێتی: « لە سەعاتدا قۆڵبەست بکرایە !»

لە لایەکی دیکەشەوە، کاتێ « ئۆجەلان »، لە وولاتێکی دیمۆکراسیی وەک « ئیتاليا » گیرسایەوە، بۆچی بە قسەی دەیان دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کوردی نەکرد، ئەوێی جێهێشت و ملی ڕێی وولاتانی دیکەی گرت. خۆ گەر هەر لە « ئیتاليا » بمایایەتەوە، هەموو هێز و دەزگە سیخوڕییەکانی دەوڵەتە دژەکانی « ئۆجەلان » و دۆستەکانی تورک نەیاندەتوانی، پەنجەی بۆ بەرن! بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش

دەڵێم: دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری زلهێزی وەک « ئەمێریکا »، هەموو دەزگە سیخورییەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان، ئیسرایل و هێندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکانیش، ئەوا چەندین ساڵە دەیانەوێ، پیاوێکی یاخیبووی موسوڵمانی وەک « ئیبن لادن »ی دژ بە « ئەمێریکا، ئیسرایل و رژێمە نائیسلامییەکانی دەوڵەتە عەرەبی »یەکان دەسگیرکەن، تەنانەت، « ئەمێریکا » بۆردومانی هێندێ ناوچەی « ئەفگانستان »یشی کرد، وایزانی، لەو ناوچەیەدا خۆی شاردۆتەوە، چەن میلیۆنێکی بە خەلاتیش بۆ گرتنی داناوە، ئینجا تا ئێستە نەیتوانیوە، هیچ بە هیچ بکەن، « لە سەعاتدا قۆڵبەستی بکەن »، وەک « بەرزنجیی » بیری لێ کردۆتەوە!

23/3. مێشـــووله و فیل :

بۆیە، ئەو مێشوولەیەش تا ئەورۆ، لە هێندێ ناوچەی جیهاندا هەر ماوە، کە فیلێ وەرزکا. نموونەش لە سەر ئەمە زۆرە. هەڵبەتە، مێشوولەیەکی بچکۆلانـــەی وەک « ئیبن لادن »، مێشکی فیلێکی زلوزەبەلاحی وەک « ئەمێریکا »ی وێران و نیگەران کردووە. هەر مێشوولەی خڕکەبەردی ساردی خواکردی بەردبارانی منالان و لاوانی گەلی « فەلەستین » بوو، بە گژ گوللەی گەرمی دەسکردی دەسی سەربازە داگیرکەرەکانی زایۆنیزمدا دەچوو، کۆڵی بە فیلێکی خاوەن دەوڵەتی « زانست، تێکنۆلۆژیا، شۆرشی راگەیاندن و مانگی دەسکرد »ی وەک « ئیسرایل »دا، دانی بە مافەکانیاندا نا. هەر ئەو مێشوولەیەی « اضرب و اهرب »ی « حزبوللا »ی وڵاتی « لوبنان » بوو، جێی بە فیلێکی وەک « ئیسرایل » تەنگ و لێژ و لەقکرد و دەرپەڕان. هەر مێشوولەی رێکخراوی « ئیتا »ی « باسک »ەکانە، تا ئەورۆش، سـەری لە فـیلێکی گـەورەی ئەندامی « ناتۆ »ی وەک « سپـان » تێکداوە و بە دەسیانەوە بێزارن! هەر مێشوولەی رێکخراو و « سوپای نهێنیی ئێرلەندە »یە، ژیانی بە فیلێکی زلهێزی وەک « بریتانیا »ی گەورە تاڵکردووە. ئەوە جگە، لە دەیان رێکخراوی « مافیا » و قاچاغچیی تلیاک، لە هەموو « ئەورووپا » و « ئەمێریکا »دا، سەرانی دەوڵەتە جیاوازەکانیان بە خۆیانەوە خەریکردووە.

ئەمانە، هەمووی چەن نموونەیە بوون، ناراستیی بۆچوونەکانی « بەرزنجیی » دەردەخـەن. چونکە، ئەو لە بەر رۆشنایی، هەڵوێست و کردەوەکانی رێکخراوە کوردستانییەکانی لە مەڕ خۆمان، لە کێشە و گرفتەکان دەڕوانێ، بۆچوونەکانی خۆشی، هەر لە هەمان سەرچاوەی ئاوی لێڵ و لیخنەوە هەڵدەهێنجێ، بۆیە، بەو شێوەیە، لێی تێگەیشتووە! جا کەواتە، « بەرزنجیی » چی لەم جیهانە جەنجاڵە تێگەیشتووە، وا بە خۆڕایی منی تاوانبارکردووە، گوایە، من دەمەوێ، بە پێوانەی

ئەمڕۆ، حەزم لێیە، دادگایی « زێوەر » بکەم! گەر کەمێ بە دڵێکی خاوێن و بە دەروونێکی پاکەوە، لە نووسینەکەی بڕوانیایە، هەڵبەتە، جیاوازیی لە نێوان دادگایی و ڕەخنەگرتندا دەکرد. ئەگینا، ئەو شەکرەی، بەو شەکرشکێنە سەرشکێنەی خۆی نەدەشکان!

24/3 زانستی ئەشێکان :

لەبەرئەوەی، « بەرزنجیی » لە کاری ڕامیاریی و نەتەوەییدا، زۆر ناشارەزا و دەسکورتە، بۆیە نووسیویتی:(« زێوەر » بەپێی گۆڕانکاری و بۆچوون و ڕۆژەکەی خۆی جوڵاوەتەوە، یانی لەو ڕۆژانی سی و چلانەدا، زانیبێتی یاننا، « علم الممكنات »ەکەی پراکتیزەکردووە.) «24.3»

جارێ، با بزانین، « زێوەر » جگە لەوەی پیاوێکی نووسەر، هۆنەر و زانایەکی ئایینیی بووە، کەی ڕامیار بووە، تا ئەو « علم الممكنات »ەی فەیلەسووفی کورد « بەرزنجیی » دایناوە، پراکتیزەیکردبێ؟!! باوەڕ ناکەم، لەو ڕۆژەدا نەک هەر ئەو، بەڵکوو، زۆربەی کورد بە گشتیی، سەریان لە کاری ڕامیاریی دەرکردبێ و هەر ناوی « علم الممكنات »ەکەشیان بیستبێ!

لە ڕاستییدا، ماوەیەک دەبێ، باوەڕێکی نوێم پەیداکردووە. ئەویش ئەوەیە، پێم وایە، کورد هەرگیز کاری ڕامیاریی نەزانیوە. بەڵکوو، ئەوەی فێریشیبووە و ئەوڕۆ دەیزانێ، تەنیا لە دەستی دووەمەوە وەریگرتووە و فێربووە. بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، لە دوای سالانی سی سەدەی بیستەمەوە، لە هەموو دەوڵەتەکانی « تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا » و هێندێ دەوڵەتی دیکەی لە ناوچەکەدا هەبوون، فێربووە. زۆر بە گێریی و ناتەواوییش، پرینسیپەکانی زانستی ڕامیاریی، لێ وەرگرتوون. چونکە، ئەوەی وەریگرتووە، هەمیشە لە قازانجی ئەوان دا بووە و بە زیانی خۆی شکاوەتەوە. ئەگینا، ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەرنامەیەکی سەرکەوتووی ڕامیاریی دەبوو، ئامانجەکانی خۆی دەپێکا، ڕۆژی بەم ڕۆژە ڕەشە نەدەگەیی!

پاشان، با بزانین، یەکێکی وەک (« زێوەر » بەپێی کام گۆڕانکاریی و بۆچوونی ڕۆژەکەی خۆی جوڵاوەتەوە؟) چی لە کاری ڕامیاریی و زانستی ئەشێکان دابوو؟ خۆ، لە بواری ڕامیاریی ئەو ڕۆژانەدا، ناوی لە کوڵەکەی تەڕیشدا نییە و لە هیچ سەرچاوەیەکیشدا باس نەکراوە! بۆچی، سەرکردەی ڕێکخراوێکی ڕامیاریی کوردیی یا کوردستانیی یا عێراقیی نهێنیی یا ئاشکرای کردووە، تا ئەو پرینسیپانەی پێڕەوکردبێ؟!! بەڵێ، نکوڵیی ناکرێ، « نووسەر، هۆنەر و زانایەکی

ئایینیی » بووه، خەڵک خۆشیویستووه. چونکە، پیاوێکی بێ وەی بووە. بەڵام، هەرگیز رامیار نەبووە، تا زانستی نەشێکانی پیادەکردبێ، وەک » بەرزنجیی « بە ختوخۆڕایی، وە باڵ بە تەختی کەرنی بۆ لێدەدا و تاوانباریدەکـا! وا دیارە دەیەوێ، مێژوویەکی ساختەی بۆ دروسکا. من پێم وایە، نەک هەر پیاسەی نەکردووە، بەڵکوو، هەر نەشیزانیوە، » زانستی رامیاریی و نەشێکان « بەری بە کوێوە بووە!

.25/3 مینی کۆمەڵایەتیی :

سەیر ئەوەیە، منیش هەر ئەوەم لە سەر » زێوەر « نووسیوە، کە ئەو خۆی نووسیوێتی: (بەمەش نامانەوێ زێوەرو هاوڕێکانی وەک فریشتەیە بخەینەڕوو کە خەرمانەی رووناکی دەوری دابن.نەخێر، ئەوانیش تاکێکبوون لەم میللەتەو دەبێ چاوەڕوانی ئەوەشبکەین کەبەهەڵەشدا بچن، چونکە » هونەرمەندیش وەک کۆمەلانی دیکەی خەڵک لەماوەی ژیانیدا بەسەردەیان ــ مین ــ ی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕدەبێت، کەوا هەیە یەکیان لەژێر پێیدابتەقێتەوە،)«25-24،3». ئیدی نازانم، ئەم کەڕی بارە ترێیە چییە، بە منی کردووە! بەڵام، لە هەمان کاتدا، گرنگ ئەوەیە، ئەو هونەرمەندەی لە ماوەی ژیانیدا، بە سەر دەیان مینی کۆمەڵایەتییدا تێپەڕدەبێ و جاری واش هەیە، مینێکیان لە بن پێیدا دەتەقێتەوە، خۆی هێندە ئازا و مەرد بێ، دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێ! چەن کەسێکی دیکەی وەک » بەرزنجیی « ش، کە ماڵیان لە شووشە دروسکراوە، بەرد لە ماڵی کەسی دیکە نەگرن و بەردەفڕکێ نەکەن، هەر لە خۆیانەوە، کوێرانە داکۆکیی لە هەڵەی هونەرمەندانی دیکە نەکەن.

.26/3 دەرفەتی لواو :

پاشان، » بەرزنجیی « بڕوانامەی چاکیی و زیرەکیی، بە » زێوەر « و هێندێ لە هونەرەکانی دیکەی ئەو سەردەمە بەخشیووە و نووسیوێتی: (من وای بۆ دەچم، زێوەرو شاعیرانی تریش لەدوای جێگیربوونی حوکمی بەغدا لەباشووردا چاکیانکردووە کە » مسایەرەو مهادنە ی ئەو رۆژگارە تازەیان کردەوەو بەپێی دەرفەتی لواو خزمەتی خۆیانکردووە ...)«25،3».

با بزانین، بۆچی چاکیانکردووە؟ ئایا لەو کلکەلەقێ، هەلەکەسەما و ماستاو ساردکردنەوەیە، جگە لە ناوزڕاندنی خۆیان، چیدیکەیان بۆ ماوەتەوە؟ ئەدی، ئەو کاتە کورد چی دەسکەوتبوو، ئەوان بەو شێوەیە، رەفتاریان کردووە؟ ئەوە لە کاتێکدا، دەسەڵاتی نوێی » بەغدا « ی داگیرکەر، پێشتر زنجیرە شۆڕشەکانی » شێخ مەحموود « و پاشتریش، شۆڕشەکانی » بارزان « ی بە ئاگر و ئاسن

کوژاندبێوه. هەر چی باسی کوردکوردینەشی بکردایە، له قوژبنی گرتووخانەکان توندیاندەکرد. ڕێکخراوه ڕامیاریییەکانی کوردستان و عێراقیش، دژی ئەو دەسەڵات و ڕژێمه بوون. ئیدی دەبێ، چ هونەرێکی تێدابووبێ، گەر هەر هۆنەرێکی کورد، ئەلقەی پێوەندیی دۆستایەتیی و خۆنزیککردنەوەی، لەگەڵ ئەو ڕژێمە داگیرکەره نۆکەره بۆگەنەی سەردەمی پاشایەتییدا گرێدابێ! ئەدی، نیشتمانپەروەر و هۆنەرێکی وەک « بێکەس »، بۆچی تا مرد، بۆ ئەو کارەی نەکرد، هەر دژایەتیی هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » و « بریتانیا »ی دەکرد؟ دوای ئەوه، ئەوان کێ بوون، تا ئەو بڕیاره بدەن، خۆیان له دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی « بەغدا » نزیککەنەوه؟ نوێنەری کێ بوون؟ کێ باوەڕی پێ دابوون، ئەو کاره بکەن؟ له پێناوی چیدا، ئەوەیان کردووه؟ ئایا، کورد بێ خاوەن بووه؟ پارته کوردییەکانی وەک « ژ. ک.، ڕزگاریی و شۆڕش » له سەرەتادا و پاشتریش « پارتی دیمۆکراتی کوردستان » له سالی « 1946 »ەوه ڕۆڵیان چی بووه؟ ئەوه جگه، له « لقی کوردستانی – پارتی کۆمۆنیستی عێراق »یش، که هەر له سییەکانەوه له کوردستاندا کاریانکردووه. ئایا، بەو خۆنزیککردنەوەیه، چییان بۆ کورد کردووه؟ خۆ که ئەمانەش دەڵێم، مەبەسم ئەوه نییه، « زێوەر » و هاوەڵەکانی دیکەی، هیچ جۆره پێوەندییەکیان لەگەڵ سەرانی دەوڵەتی « عێراق »دا کرێ نەدایه، ڕوویان له شاخ کردایه، چەکیان دژی هەڵگرتایه، شەڕی ئەو ڕژێمەیان بکردایه. بەڵکوو، باشتر وا بوو، وەک ئەو خەڵکەی دیکه، سەری خۆیان کزکردایه، گەر کاری ڕامیارییشیان نەدەکرد، خەباتیان بۆ گەلەکەیان نەدەکرد، گەر شتی باشیشیان نەدەگوت، ئەوا شتی خراپیشیان نەگوتایه، هەر تەنیا، خۆیان به هۆنراوەی « پیاهەڵدانی سروشت، باسی جوانیی، چیرۆکی ڕۆمانسیی و ستاییشی ئاینیی »یەوه خەریککردایه، گەلێ باشتربوو. جا با بزانم، ئێستە کەس دەیتوانی، ڕەخنەیان لێ بگرێ، له گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ! بەڵام، من ئەوه به هەڵپەرستیی دادەنێم، جا کێش ئەم ڕاستییەی پێ ناخۆشه، با له ئاوی « زەریای مەرگ » بخواتەوه! ئەمه کێشەی مێژووی نەتەوەکەمه، منیش وەک کوردێ، قسەی خۆم بۆ مێژوو دەکەم، بێ ئەوەی شەرم له کەس بکەم. چونکه، شاباشی خۆم داوه، بۆیه، قنج هەڵدەپەڕم!

نەتەوەکەمان، نەک هەر هۆنەر و نووسەری وای هەبووه و هەیه، هێندێ له هۆنراوه و نووسینەکانیان، له ڕاژەی بیری « عێراقچێتیی »دا بووه، به سەر سەرانی دەوڵەته داگیرکەرەکانیاندا هەڵداوه، بەڵکوو، هێندێ هونەرمەندی لەو بابەتەشمان

هەبووە و هەیە، لە ژیانی هونەریی خۆیاندا، ئەو هەڵانەیان کردووە. بۆ نموونە: دەنگخۆشێکی بە ناوبانگی وەک « حەسەن زیرەک »، کە لە هەموو دەنگێکی دیکەی کوردیی، بە ڕەسەنتر و خۆشتری دەزانم، هۆنراوەی « نەورۆز » بە ناوبانگەکەی « پیرەمێرد »ی تێکداوە، لە کۆتاییەکەیدا، بە ئاشکرا بە سەر شای « ئێران »یدا هەڵداوە و « بە پشتیوانی شاهەنشای ئێران »ی بۆ گوتووین! خۆزگە، « زیرەک » پێش ئەوەی ئەو گۆرانییە بڕێتەوە بڵێ، ماڵاوایی لە ژیان بکردایە! خۆزگە، ئەو سرووده بەرزەی تێک نەدایە! خۆزگە، هەر ئەو گۆرانییەی نەگوتایە! خۆ باوەڕیش ناکەم، یەکێکی وەک « زیرەک » پیاوی « ساواک و شا » بووبێ. چونکە، ئەوەی ناسیویتی، لە کوردپەروەریی و دڵسۆزیی بۆ کورد و کوردستانەکەی، هیچی دیکەی لێ ناگێڕێتەوە. هەمیشە، لە هەر دوو دیوەکەی کوردستان « خۆرهەڵات و باشوور »، دەربەدەر و تێهەڵدراوبووە. کەچیی، ئەوەشی بۆ شای « ئێران » گوتبووە! ئاخر بۆ گوتوویەتی؟ تۆ بڵێی، بە زۆر ئەو گۆرانییەیان پێ گوتبێ؟ نەخێر باوەڕ ناکەم. ئەوەتە، هۆنەرێکی وەک « سولەیمانی چیرە ـ هێرش »، چونکە دۆستی « هێمن » بووە، دەیەوێ، هۆنراوەکەی بۆ کوڕەکەی شای « حەمە ڕەزا شا » گوتووە، بۆی پینەکا. بە دوای بەڵگەدا دەگەڕێ، گوایە: ئەو هۆنراوەیە هی « هێمن » نییە، بەڵکوو، یەکێکی دیکە نووسیوێتی و « ساواک » بە زۆر پێیان ئیمزاکردووە!

من پێم وایە، هۆنەر و هونەرمەند بە گشتیی، هێندێ جار، لە ساویلکەیی خۆیانەوە بێ، یا لە بەر هەلپەرستیی بێ، یا بێ مەبەستبێ، هەڵەی وا دەکەن و پاشانیش لێی پەشیمان دەبنەوە. نەک هەر لەو هۆنراوانەش پاشگەزدەبنەوە، کە بۆ سەرانی داگیرکەرانیان نووسیوە، بەڵکوو، لە هێندێ هۆنراوەی دیکەش پەشیماندەبنەوە، کە بۆ پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەی خۆشیان هۆنیوەتەوە. بۆ نموونە: یەکێکی وەک « ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ »، لە گەلێ هۆنراوەی خۆی پەشیمانبۆتەوە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانی « یەکێتی سۆڤیەت »دا نووسیوێتی! جا لە ڕاستییدا، سروشت و خەسڵەتی کەسێتیی هۆنەر و هونەرمەند، بە شێوەیەکی گشتیی، بەو شێوەیە، کەمێ لە سروشت و خەسڵەتی کەسێتییەکانی، مرۆڤی ئاسایی جیاوازن!

هەڵبەتە، « بەرزنجیی » ئەو مافەی بەو هۆنەرانەی کوردی داوە، کە لەو سەردەمەدا چاکیانکردووە، « مسایرە مهادنە »ی ڕۆژگارەکەیان کردووە و سەرە داوی دۆستایەتیی یەکیان لەگەڵ ڕژێمی « بەغدا » گرێداوە، بە خۆی و هەموو ئەوانەی

ئەو کارەشدەکەن، بە رەوا دەزانێ. بۆیە، بە قورروچڵپاوی ناپاکیی قاچەکانی، خاکی کوردستانی پیسکردووە! هەر لە ئێستەشەوە، پۆزشی بە دەس ئەوانەوە داوە، گەر رۆژێ لە رۆژان و لە ناچاریدا، ناپاکییان لە نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیان کردووە! بە راستیی، « بێچووە سەیید »، فتوای چاکی داوە!
ئاخۆ، بەپێی دەرفەتی لواو، چییان کردووە؟ ئایا، گەر ئەو کارەیان نەکردایە، نەیاندەتوانی، راژەی خۆیان بکەن؟ جگە لە نووسین و کارکردن، لە یەکێ لە بەڕێوەبەرێتییەکانی دەوڵەتدا دەبێ، چ کارێکی دیکەی باشیان کردبێ؟ هەڵبەتە، ئەو کارانەش، لە هەموو کات و سەردەمێکدا، بێ پێوەندییکردنیش، هەر دەکرێ، چونکە، بە مافێکی سروشتیی، هەموو هاو نیشتمانییەکی ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانانە دادەنرێ، دەوڵەت دەبێ، کاریان بۆ دابینکا و بیانژێنێ. بە تایبەتیی، گەر بەو ژیانە ملکەچیی و بندەسیی یە قایلبن !
لە هەمان کاتیشدا، بە دەیان هۆنەر و نووسەری دیکەمان هەبوون، سەرە دالێی ئەو پێوەندییەیان درێژ نەکردووە، بۆ دەرفەتی لواو نەگەڕاون، کەچیی، هۆنراوەی خۆشیان هۆنیوەتەوە! بە سەدان مامۆستا و فەرمانبەرمان هەبوون، کاری ئاسایی خۆیان کردووە، راژەیەکی گەلێ مەزنیشیان پێشکەش بە رۆڵەکانی گەلەکەیان کردووە. بەڵام، وەک ئەوانیش، هیچ جۆرە پێوەندییەکیان گرێ نەداوە، هەلپەرست نەبوون، خۆیان بە قوڵفی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا هەڵ نەواسیوە!

27/3. چەک و پێنووس :

هەر دوای ئەوە، شتێکی سەیرتری باسکردووە و نووسیویتی: (چونکە ئەوەی بەلولەی « پێنج تیرو ماوزەر » نەهاتەدی و نەکرا، نابێ بەتەمابین کەنووکی قەڵەمێ بیکات. وەک دیاریشە کارەکەی ئەوان لەگەڵ هی ناحەزو داخ لە دڵ و ناپاکی ناوخۆدا وەک رۆژی روونـاک دیارەو هیچ زیرەکی و زانینێکی ئەوتۆی ناوێ بۆ لەیەک جیاکردنەوەیان.) «25،3»
بە راستیی، « بەرزنجیی » لە زانیاریی نەتەوەیی و رامیارییدا، بە تەواویی پێ خاوسە! چونکە، لەوە دەچێ، تا ئێستە، هەستی بەوە نەکردبێ، یا ئەوەی نەزانیبێ، ئەوەی دواتریش بەدیهات، بەری رەنج و خەباتی لوولەی تفەنگە شەرمەکانی « پێنجتیر و ماوزەر »ی شۆڕشەکانی « شێخ » بوو، نەک ئەو داگیرکەرانە، بە دیاریی بە کوردیان بەخشیبێ! هەر ئەوەبوو، وای لە ئینگلیز کرد، دان بە هێندێ مافی وەک « ئۆتۆنۆمیی » و روناکبیرییدا بنێ، زمانی کوردیی، بە

فەرمیی بناسێنێ و خوێندن لە خوێندنگە سەرەتاییەکانی هێندێ ناوچەی باشووری کوردستاندا، بە زمانی کوردیی بێ.

جگە لەوەی، گەر یەکێ باوەڕی بە « بیر، نووسین و پێنووس » هەبێ، هەرگیز ئەو قسەیە ناکا. چونکە، خەباتی کەلتووریی، بە تەواوکەری خەباتی ڕامیاریی و چەکداریی دادەنرێ. چ بۆ هوشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەل بێ، چ ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرانی داگیرکەردا بدوێ، لە ڕێگەی یادداشت و داواکارییەکانی گەلەوە، سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان ئاگادارکەنەوە و ناچاریانکەن، دان بە مافە ڕەواکانی کورددا بنێن!

من پێم وایە، مێژوو ئەوەیە، کە هەیە. بۆیە دەبێ، چۆن بووە و ڕۆیشتووە، هەر واش سەیرکرێ و تۆمارکرێ، هەڵسەنگێنرێ، لایەنە سیس و پیسەکانی بژارکرێ و توڕدرێ، لایەنە گەش و پاکەکانی هەڵبژێررێ و لە ئامێزگیرێ. تا پەند لە خراپە و کەڵک لە چاکەکانی وەرگرین، ئەگینا، هەرگیز مێژوو، بە ئاوێنەیەکی بالانمای ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی نەتەوەکە دا نانرێ!

هەموو ئەو بزووتنەوە ڕامیاریی و ڕاپەڕینە چەکدارانەی، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، لە مێژووی نەتەوەکەماندا ڕوویانداوە، بە هەموو هەڵەوپەڵەکانیانەوە، بە بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەکەمان دەژمێررێن. چۆن کەڵکیان هەبووە، بە هەمان شێوەش زیانیان هەبووە. جا چۆن کەڵکیان لێ وەردەگرین، ئەوەیان باسێکی دیکەیە، پێوەندیی بەو کەس و لایەنانەوە هەیە، کە لاپەڕەکانی مێژوو تەماشادەکەن و دەیانەوێ، کەڵکی لێ وەرگرن. هەر لە پاڵ ئەو بزووتنەوانەشدا، نووسەر و هونەرەکان جووڵاون و جوڵەیەکی گەشەداری کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی پێکهاتووە. لە ئەنجامیشدا، ئەوەی بەدیهاتووە، هەمووی بەرهەمی خەباتی « نووکی تیژی پێنووس، هەوڵدانی ڕامیاریی و ڕاپەڕینی چەکداریی »، هەموو ئەو پیاوە ئازا مەردە قارەمانە لەخۆبوردوو و ڕووناکبیرانەی کورد بووە. بۆیە دەبێ، لە لایەکەوە ڕێزیان بگرین. لە لایەکی دیکەشەوە، ئێستەش و تا دەشمرین، هەر بە تەمای لەوە پترتربین، بەدیبێ. هێندەی باوەڕیشمان بە بزووتنەوەی کەلتووریی و نووکی پێنووس هەبێ، هێندە باوەڕمان بە لوولەی تفەنگ و بەکارهێنانی چەک نەبێ.

من پێم وایە، تەنیا هەر گۆڤاری « گەلاوێژ » و دەستەی نووسەرەکانی، بەقەدەر شۆڕشێکی بێ بەرنامەی کورد، ڕۆڵیان لە « بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی، وشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتیی، پترکردنی زانیاریی، هوشیاریی ڕامیاریی، گەشانەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردیی، گەشەکردنی هونەر و وێژەی کوردیی دا

هەبووە! کەسێکیش باوەڕ ناکا، ئەوە لاپەڕەکانی مێژووی شۆڕشەکانی کورد و ئەوەش لاپەڕەکانی گۆڤاری « گەلاوێژ » دەتوانێ، بە بالاّی یەکدیان ببڕێ. لەو لا، جگە لە « مـاڵوێرانیی، ڕاونان، گـرتن، ئازاردان، کـوشتن و بڕین، سـووتاندن و کاولکردنی گوندەکانی کوردسـتان »، چی دیکەی دەسکەوت نەبووە. لەو لاش، بە پێـچەوانەی هـەموو ئەوانەوە، مـێژوویەکی پاک و پڕ لە گـەنجێکی وێژەیی مـان بۆ بەجێمـاوە، تا تاکە کـوردێکیش مـابێ، شـانازیی پێوە دەکـا و وەک سـەرچاوەیە کەڵکی لێ وەردەگرێ. هەڵبەتە، بە کاڵتە نەبووە، چەن هۆنەرێکی نیشتمـانپەروەری وەک: « ئەسـیریی » و « مـوفتیی » دژی چەکـهەڵگرتن، هۆنراوەیان هۆنیـوەتەوە، چونکە، بە تەواویی لە هـەموو ئازار و زیانەکانی گەیشتوون.

« ئەسـیریی »، لەو سـەردەمەی تێیدا ژیاوە، لە بواری هونەری هۆنراوەی نەتەوەیی و نیـشـتمـانیـیدا، وەک هـۆنەرێکی شـۆڕشگێـڕی کوردپەروەر، زۆر بە ئاسـانیی، جێگەی خۆی لە ڕیزی کاروانی وێژەی کوردیـدا کـردۆتەوە. هێندە بە شێوەیەکی ژیرانە و زانسـتـانە، هۆنراوەکـانی دارشـتـووە، بیـری لە باری دواکـەوتوویی نەتەوەکەی کردۆتەوە، ئامـۆژگاریی پڕ بە کەڵکی پێشکەش کردوون. بۆیە، هێندێ کـەس پێـیـان وایە، « ئـەسـیـریی » جگە لەوەی هۆنەرێکی گـەورە بووە، وەک فەیلەسوفێکی کوردیش وابووە. گەر زۆر بە قووڵیی، لە زۆربەی زۆری دیاردەکانـی « کۆمەڵگەی کوردەواریی، ڕاپەڕین و شۆڕشـەکانی، پلانی پاشەڕۆژ » و گەلێ شتی دیکەی نەکۆڵیبێتەوە، هەڵبەتە، سـالّی « 1925 »، واتە: پێش حـەفتـاوپێنج سالّ لەمەوبەر، دەربارەی چەکهەڵگرتن و شـۆڕشی چەکداریی، هۆنراوەی « بۆ زانین ی بە بیستوشەش نیوەدێڕ نەدەگوت. دژی بەکارهێنانی چەک نەدەبوو، کە ئەوڕۆ بۆ مـان سـەلماوە، نەتەوەکـەمـان لە هـەموو پارچەکانی کوردسـتـان و لە سـەراسـەری مێـژووی نوێمـاندا، زیانێکی گـەورەی لێ بینیـوە. بۆیە، دید و بۆچوونەکـانی، وەک نەخـشی بـەرد وابوون، بە تەواویی جـێـگەی خـۆیان گـرتووە. هەر چەندە. لە ڕووی هونەری هۆنراوەوە، بە شێوەیەکی ساکار نووسراوە، بەلاّم، لە هەمان کاتیشدا، بە زمانێکی ئـاسـان، بۆچوونەکـانی خۆی دەربڕیوە، بیرێکی بەرز و وردەکارییـیەکی جوانی تێدایە، بە تایبەتیی کاتێ گوتوویەتی:

کوردە! چ فائیدەی هەیە ئەم خەنجەرە
ئەم فیشەک و ئەسلیحە و وەروەرە
باری مەکە ئاسن و باروت لە خۆت
باری گران لایەق گا و کەرە

بەس بخۆ نانی جۆ، لە پێکە کڵاش
سواری کەر و حەچە برۆ و وا وەرە
ڕووت و ڕەزیل بی، بەمە خوا ئەمری کرد؟
بەسیەتی ئەم گەوجییە، زوو هەڵگرە
عیلم و مەعاریف، ئەوەتا بەشدەکەن
هەڵسە، وەرە حیسسەی خۆت وەرگرە
سواری سیلاحی خۆ دەبن ئەورووپا
سەیری تەیارە بکە، عیبرەت گرە
گەر، نەفرۆشێ بە تۆ ماڵ ئەجنەبی
ڕووت دەمێنێ، لە قسەم گوێگرە
میللەتێ نەتوانێ، بکا دەرزیێ
ئیشی پەرێشانیی یە، ئەو بێ فەڕە
فێری عیلم بە، لە هەچی جێ ببێ
گەرچی لە چین، گوفتەی پێغەمبەرە
کاکە فەقێ! تۆ بچۆرە مەکتەبێ
سەعیبکە، ڕێگە بە مەقسەد بەرە
چونکە، موسڵمانی حەقت پێ دەڵێم
دەرسی علوومی ئەجانب وەرگرە
فرسەتە، ئەم وەقتی جوانیی یە، برا
مەسخەرە و کەیف و خورافات هەڵگرە
کوردە! « ئەسیریی » قسەی حەق دەڵێ
تەربییەی حیکمەتی لێ وەرگرە «4،105-106».

بریا، هەر ئەو کاتەی « ئەسیریی »، ئەو هۆنراوەیەی دژی چەک گوتووە، سەرانی کورد چیدیکە، پەنایان بۆ بەر چەک نەبردایە. چونکە، گەر کێشەی کوردیان، لە ڕێی چارەسەری ڕامیاریی و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەرکردایە، گەلێ باشتربوو، خوێن و فرمێسکێکی زۆریشمان بۆ دەگەڕایەوە!

« موفتیی » هۆنەریش، بە چل نیوەدێڕ هۆنراوە، لە هۆنراوەی « لەمەولا »دا، دژی بەکارهێنانی چەک دواوە و گوتوویەتی:

کوردە! لەمەولا، هۆشێ بێنەسەر
لادە لە بەزمی بێهوودە و سەمەر

تا ئێستە ئاخر، بە جەنگ و بە شەڕ
چی کەوتە دەستت، بە غەیری زەرەر؟
ئەم ڕۆژە ڕۆژی، عەقڵ و زەمانە
نەک ڕۆژی شەڕی، تیر و کەوانە
پاشان دەڵێ :
گەر لە هۆزەکەت، پیاوی ژیرت بێ
ڕەنگە ئارەزووی، دڵ دەسگیرت بێ
دواتریش دەڵێ :
کوردە! بە زاتی خوای پاک و تەنیا
ئاگایە هەوار، بە هەراوهوریا
بزن بەختیوکەی، لە دەشت و سەحرا
چاکترە لە شەڕ، بۆ دین و دنیا «55-54.58»

کەچیی، ئێستەش سەرکردەکانی کورد، پەندیان لەو کارانە وەر نەگرتووە. جگە لەوەی، هەموو هیوایەکیان هەر چەکە، چەکیش دژی یەکدی و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆیان بەکاردێنن!

28/3. ڕۆژنامە و گۆڤـــار :

هەر چەندە، تا « ڕۆژنامە، گۆڤار، وێزگەی ڕادیۆ یا ئێسگەی تێلێڤیزیۆن » لە کوردستاندا هەبێ و زۆربێ، سەر بە دەستەی خۆفرۆشی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش بێ، هێشتا هەر بوونیان لە نەبوونیان گەلێ باشترە. « بەرزنجیی » هەر سێ ڕۆژنامەکانی « ژین، ژیانەوە و زبان »ی بە (سێ ڕۆژنامەی ڕامکراوو لغاوکراوی حوکمەت) داناوە، چونکە، (لاپەڕەکانیان ئاوەلابوون بۆ ئەو قەڵەمە داغ لەدڵ و ژاراوڕێژانەی بەکەیفی دوژمن هەڵدەسوڕان.) «25.3» گەر ئەو بۆچوونەی ئەو، هێندێ ڕاستییشی تێدابێ، هێشتا، ئەو ڕۆژنامانە، هەر ڕاژەیەکی زۆری « زمان، هونەر و وێژە »ی کوردییان کردووە. گەلێ نووسەر و هۆنەری نیشتمانپەروەریش، بەرهەمەکانی خۆیان تێدا بلاوکردۆتەوە! بۆ نموونە: ڕۆژنامەی « هاوکاریی »، ماوەی پتر لە سی ساڵ دەبێ، لە « بەغدا » دەردەچێ. ڕۆژنامەیەکی کوردیی و چەن ڕووناکبیرێکی کورد دەریدەکەن. هێندێکیان سەر بە دەوڵەت و هێندێکیشیان بێ لایەن بوون. لەو ڕۆژەوە دەردەچێ، بە دەیان پێنووسی نیشتمانپەروەر و خۆفرۆشی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە. تەنانەت، یەکێکی وەک « بەرزنجیی »ش، هێندێ لە کورتەچیرۆکە بێ

پەردە « سێکسیی یەکانی خۆی، تێدا بڵاوکردۆتەوە! ئیدی بۆچی دەبێ، هێڵێکی ڕاست و چەپ، بە ســـــەر « هاوکـــاریی ەدا بێنین، هەر لەبەرئەوەی، چەن خۆفرۆشێکی کورد، لە چەن سەردەمێکی جیاوازدا، دژی هەر دوو شۆڕشی سێپتێمبەر و نوێی گەلەکەمان نووسیویانە، قسەی ساردوسووکیان، بە سەرانی کورد کوتووە، بە شان و بازووی « سەددام » و جەنگە دۆڕاوەکەی « قادسیە »دا هەڵیانداوە؟!! لەبەرئەوە نابێ، وەک « بەرزنجیی » یەکلایەنانە، لە دیاردەکان بڕوانین، هیچ شتێ لەم گەردوونەدا نییە، هەر دوو لایەنی چاکە و خراپەی نەبێ، هیچ شتێکیش بە ڕاستیی ڕەها دانانرێ، تەنیا مردن نەبێ، هیچ جۆرە دەمەتەقێ و چەندوچوونێ هەڵ ناگرێ، جێگەی خۆی لە خانەی ڕاستیی تەواوەتیی و ڕەهادا کردۆتەوە، هیچ کومانێکی لای هیچ کەسێ نەهێشتۆتەوە!

29/3. وێــــــژەی دژ :

« بەرزنجیی »، ئەوانەی دژی « کورد، شۆڕش و سەر کردە مکانی، هۆنراوەی خراپیان کوتووە، بە قازانجی دوژمن شکاوەتەوە، نەک وەک « حەمدیی، پیرەمێرد، خالسیی ... تاد »، لە دڵسۆزییەوە، ڕەخنەیان گرتووە، بە « وێژەی دژ » ناوی بردوون و نووسیویەتی: (کەواتە ڕۆژگارە تازەکە ئەم جۆرە ئەدەبەشی هێنایە کایەوە « ئەدەبی دژ » بەهەست و خواست و ڕێبازی زۆربەی خەڵکەکە.. چاوداخستن لە ئاستیدا نادروستە، دەبێ لەو ڕاستیە بگەین کەمێژووی ئەدەبی کوردی هەمووی بریتی نیە لەبەرهەمی شۆڕشگێری و مولتەزیم بەمەسەلەی نەتەوەکەوە.)«26،3».

لە کاتێکدا، ئەوە خۆی لە خۆیدا، وێژەی کلکەلەقێ و مەرایی نەبێ، بۆ دوژمنی داگیرکەریان کردووە، هیچ ناوێکی دیکەی بە سەردا ناسەپێ. گەر هێندێکیشیان یا هەمووشیان، لە خانەی ناپاکییدا دا نەنرێن!

منیش، لە مێژە لەو ڕاستییە تێگەیشتووم، مێژووی وێژەی کوردیی بە گشتیی و هۆنراوە رامیارییەکان بە تایبەتیی، پێویستی بە بژارکردنێکی باش هەیە. هەر بۆیەشە، پەردەم لە سەر هێندێ هۆنراوەی نامۆ و زۆڵەک، بە وێژەی ڕەسەنی کوردیی هەڵداوەتەوە، کە خۆی لە چەن بەرهەمێکی « مەحویی، پیرەمێرد، ناریی، زێوەر، حەمدیی، موفتیی، گۆران، هێمن ... تاد »دا دەبینێ! ئەو جۆرە بەرهەمانە، نەک هەر شۆڕشگێڕیی نین، نەک هەر بە کێشەی نەتەوەی کوردەوە نەبەستراونەتەوە. بەڵکوو، ئەو باخە ڕەنگینە ڕازاوەیەی وێژەی کوردییشیان، بە دڕکوداڵی هۆنراوە نامۆکانیان، ناشیرین و پیسکردووە. تازە خۆ چاریش نییە،

تف که ڕۆکرا، هەڵ ناگیرێتەوە! ناتوانین، بە تەواویی لە لاپەڕەکانی مێژووی وێژەی کوردییدا بیانسڕینەوە، وەک مشکێکی تۆپیوی بۆگەن، بە پەڕۆیەکی دڕاوی پیس، کلکیان بگرین و توڕیان دەین! ئاشکرایە، چ مێژوو، چ وێژەی کوردیی، لە هەڵە و کەموکوڕیی بە دەر نین. بەڵکوو، بەشی خۆیان شتی خراپیان تێدایە. لە مەشدا وەنەبێ، تەنیا هەر کورد وابێ، بەڵکوو، لە مێژووی نەتەوەیی و وێژەی هێندێ نەتەوەی دیکەشدا، ئەو هەڵەوپەلانە بەدیدەکرێ و هەر هەن. بەلام مێژووی هیچ نەتەوەیەک، وەک نەتەوەی کورد بە بێگانەپەرستیی، سەروبەری نەگێڕاوە. جا، هەر لە « ماد »ەکانەوە بیگرە، تا بە چەن کوردێکی وەک « بەرزنجیی » دەگا!

دوایی نووسیویێتی: (تا لاپەڕەکانی ڕۆژنامە دەستەمۆکراوەکان هەڵدەینەوە شتی تازەترمان دێتەبەرچاو، « کوردی » ناوێک، دوای سەردانی مەندوبی سامی بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەشراف و ئەعیانی شاردا وتارێکی داوە)«26.3» نموونەی هۆنراوەکەشی هێناوەتەوە، بەلام لێرەدا، بە پێویستم نەزانی، دووبارە بینووسمەوە.

ئەز، جگە لەو هۆنراوانەی سوکایەتیی بە کورد و پیاوە هەڵکەوتووکانی کردووە، هەرچی نووسەرێ یا هۆنەرێ، شتێکی بۆ ئینگلیز گوتبێ، بە هیچ جۆرێ گلەیی لێ ناکەم. چونکە، هێندە ستەم و زۆرداریی تورکە عوسمانییەکانیان دیووە، تەنانەت، « کاور »ێکی وەک ئینگلیزیان، وەک فریشتەی بەهەشت لا وابووە و لە « موسوڵمان »ێکی وەک تورکەکانیان پێ باشتربووە. جگە لەوەی، ئەو هۆنراوانە، هیچ جۆرە زیانێکیان بە کورد نەگەیاندووە، باسی « عێراقچێتیی »یان نەکردووە! چونکە، هەر ئەو ئینگلیزانە بوون، ئەو خەڵکەیان فێری خوێنەواریی کردووە، ڕۆژنامە و گۆڤاریان بۆ دەرکردوون، چاپخانەیان بۆ دامەزراندوون، خوێندنیان بە زمانی کوردیی، لە خوێندنگە سەرەتاییەکاندا چەسپاندووە، زانست و زانیارییان بلاوکردۆتەوە. بەلام، برا تورکە « موسوڵمان »ەکان، تەنانەت نەیانهێشتووە، ڕۆڵەکانی کورد، بە زمانەکەی خۆشیان بخوێنن، ئیدی، بۆ دەبێ، « بەرزنجیی » بەو جۆرە هۆنراوانە، تەنگەتیلکەبێ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕێ، کەف بچەنێ و هەناسەی سواربێ! ئەوەتە، هۆنەرێکی وەک « موفتیی پێنجوێنیی »ش، سالی « 1946 »، لە ژێر ناوی « ناساندن »دا، بە هۆنراوەیەکی چل نیوەدێڕیی، لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

من خاسی ئینگلیز ناچێ لە بیرم
کە پێمی ناسی باوک و باپیرم

هەر کەسێ سیلە و حقوق نەزانە
نابێ بە بەشەر هەر چەن ئینسانە
با بڵێین ئینگلیز ئاییني جوێ بە
بەلام کردەوە و دادی بەجێیە
هەر ئەو بوو کە وا بە دەست و بردی
بۆ فێرکردنی زمانی کوردیی
ئەو فێری کردین کوردی بنووسین
هەواڵی قەومی و میللیی بپرسین
هەر کەسێ ئیشی چاکی بۆ کردی
تۆیش چاکی بڵێ گەر کوڕی مەردی
لە خەوی غەفڵەت ئەو رای پەڕاندین
ئەم گەنمە ئەیخۆین ئەو بۆی داچاندین
ئێستەش بە کوردیی، تەفسیری قورئان
کفرە لای گەلێ، نەفام و نەزان
بەلام، بە تورکیی یان بە فارسیی
کەشکەدارنەبن، بۆیان بنووسی
وا عەرەبییمان، کوڵەکەی دینە
تورکیی و فارسیی، بۆچ وا شیرینە؟
« زەرب ئەلمەسەل ێک، هەبوو لە ناومان
ئەمانخوێندەوە، روون ئەبوو چاومان
عەرەبیی گەوهەر، تورکیی زۆر هونەر
فارسیی شەکەر، کوردیی تری کەر
ژیشک بێچووی خۆی، لا شل و نەرمە
کەچی بێچووی من، مشاری سەرمە
ئەو تێیگەیاندین، هوشیاری کردین
ئەم نەزانینەی، لە سەر لابردین
هەر کەسێ کەسە، حەرفێکی بەسە
گەورەمە هەر کەس، کە فریادرەسە
دوژمنیش پەیکوڵ، دەربێنێ لە پێم
گەر خاسی نەڵێم، ئەبێ چی بڵێم

چونکە خوا ڕاستە، ڕاستی خۆشئەوێ
هەر کەس ڕاست بڕوا، ڕاستیشی تووشدێ
من کە بە ڕەنجی شانی خۆم ئەژیم
بۆچ ڕیانەکەم، سا بە تەمای چیم
خۆ من مەئموور نیم، بۆ ڕوتبە و نیشان
بە درۆ خەڵقی بەرمە ئاسمان
بە ڕاستی ـ ژین ـ یش، هیمەتی نواند
بە تەنیا کوردی، داچەند و ڕواند «169-168،58»

باوەڕیش ناکەم، هـــونەرێکی نیشتمانپەروەری دڵسۆزی وەکـ موفتیی « پیاوی « بریتانیا « بووبێ، یا وەک خۆی گوتوویەتی: « فەرمانبەری دەوڵەتیش نەبووە، تا بۆ پلەوپایە، مەرایی بکا! « وا ئەو هۆنراوەیەی بۆ ئینگلیزەکـان گوتووە، بەڵکوو، ئەوە تەنیا ڕاستیییەکی ڕووتبووە. چونکە، چەن هۆنەرێکی وەک « موفـتیی و پیرەمێرد « کە هۆنراوەیان پێشکەش بە « ئەدمۆنس « کردووە، زووتر و پتر، لە خەڵکی دیکەی ڕووناکبیر و کوردپەروەری ئەو سەردەمە، هەستیان پێ کردووە. بۆیە، لە چاکەی ئەو کـارانەدا، بە سـەر « مـام ئینگلیز « یاندا هەڵداوە. جـا، با یەکێکی وەک « بەرزنجیی « یش، چۆنْ لێکیدەداتەوە بیداتەوە، هیچ گرنگ نییە. چونکە، مێژوو سەلماندی، ئەو بۆچوونەی ئەوان ڕاستبوو، ڕاستیی و مێژووش، هیچ بە کڵاو؟کەس ناپێوێ!
ئەز بە ڕاشکاویی دەڵێم: کەم کورد هەیە، لە سەردەمی بیستەکاندا، بە قەدەر چەن ئینگلیزێکی وەک: « ئەدمۆنس و سۆن «، ڕاژەی زمانی کوردییان کردبێ، هەوڵیان بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی دابێ. خۆ ئەوانە، هیچ بەرژەوەندییەکیشیان، لەو کارەدا نەبووە. تەنیا ئەوە نەبێ، وەک زانایەک، لە لایەکەوە، هەستیان بە جوانیی و پاراویی زمانەکە کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە، بینویانە، چەن دواکەوتووە، ڕاژە نەکراوە، دەستوورێکی یەکگرتوو و گرامەرێکی دیارکراوی نییە، فەرهەنگی تایبەتیی زمانەوانیی نییە، گەلێ ووشەی بیانیی، تانوپۆی تەنیوە. لەبەرئەوە، وەک زانایەک، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ زمانی کوردییدا کردووە. ئەوەی لە دەسیان هاتووە، کردوویانە و دریغییان نەکردووە! ئێمەش ئەورۆ دەبێ، لە چاکەی ئەو کارانەیاندا بڵێین: ماڵیان ئاوەدان و گۆڕەکانیان پڕ لە ڕووناکیی بێ!
جـا، سەیرەکە لەوە دایە، هۆنراوەیەکی « حەمدیی « و ئەو « کوردی « ناوەی تێکەڵاوکردووە! چونکە، هۆنراوەکەی « حەمدیی «، لە خانەی هۆنراوەی ڕەخنەی

رامیاریی و کۆمەڵایەتییدا جێیدەبێتەوە. بەڵام، ئەو هۆنراوەیەی دیکە، لە پیاهەڵدان و مامەییکردن پتر، هیچی دیکە نییە! راستە، ئەوەی لە پێناوی بەرژەوەندیی کورددا، هەرچییەکی گوتبێ، هەر کارێکی کردبێ، هەڵبەتە، لە دڵسۆزییەوە بووە، ئەندازەی نیشتمانپەروەریی دەردەخا. بەڵام، ئەوانەی بێ هۆ، هۆنراوەی بێ تامی پیاهەڵدانیان ڕیزکردووە، سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیان گوڵباران کردووە، ئەوا بە پێچەوانەی ئەوەی ئەو نووسیوێتی: (ئەم جۆرە کەسانە، رۆشنبیرو ئەدیبان، لەو بڕوایەوە کە دەکرێ لەم ڕێگایەوە هەندێ مافی زەوتکراو بەدەستخرێ و خێری خەڵکەکەی تیابێ، دەتوانین بڵێین کەئەمانە هەموو پیاوانی رۆشنبیرو دڵسۆزو خاوەن رابوردوی پاک بوون، هیچیان گومانی ئەوەیان لێ ناکرێ کە کاسەلێسی ئینگلیزو دژبەکورد بووبن، ئەمانە تەنیا شێوازی هەوڵدانەکەیان جیابوو.)«27،3»

جا، هەر لەو پێوەدانگەوە، « بەرزنجیی » پێزش و بەڵگەی، بۆ خۆی و ئەو هۆنەرانەش دۆزێتەوە و هێناوەتەوە، کە بە « عێراق » و شاکانیاندا هەڵیانداوە. بۆیە گوتوویەتی: (بۆیە لە سی یەکانەوە بەرەو ژوور، ئەدەبی کوردی بەشێکی زۆر لەو شیعرو نووسینانە دەگرێتە خۆی کەپیاهەڵدان و ستایشی حوکمی تازەی و « موسایەرەکردنە » لەگەڵیدا، دیارە ئەمە مەلیکەکانی عێراقیش دەگرێتەوە، لە فەیسەڵی یەکەمەوە بۆ کوڕو کوڕەزاکەشی.)«27،3»

وەک پێشتر گوتم: ئێمە ناتوانین، ئەو هۆنراوە خراپانە، ڕەتکەینەوە، تازە گوتراون و نووسراون، تیریش لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە! هەروەها ناشتوانین، لێیان بێ دەنگبین و بیانشارینەوە. بەڵکوو دەبێ، باسینکەین. چونکە، بە بەشێ لە وێژەی کوردیی دەژمێررێن. بەڵام، لێرەدا گرفتەکە لەوە دایە، ئێمە چۆن لەو هۆنراوانە بڕوانین و باسیان بکەین؟!! بە چاک یا بە خراپ تەماشایانکەین، بەڵگەی قرچۆک و لاوازیان بۆ داتاشین و پاساویاندەین، یا زۆر نازایانە، لێیان بکۆڵینەوە و ڕەخنەیان لێ بگرین. باوەڕ ناکەم، نەک هەر ئەو جۆرە کارانە، لە دەس مامۆستایەکی وەک « بەرزنجیی » نایە، بەڵکوو، بە ڕەخنە لێ گرتنیشیان، قوشقیدەبێ و وەک فیشەکەشێتە بە حەوادا دەچێ!

30/3. بەراوردکردنێکی نابەجێ :

« بەرزنجیی »، سیبارەکەی بە هێندێ هۆنراوەی، هۆنەرانی کورد پڕکردۆتەوە، هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بە سەر باسەکەی منەوە نییە. بۆ نموونە: هۆنراوەیەکی « پیرەمێرد »ی هێناوەتەوە، نە لە دوور و نە لە نزیکەوە، لەگەڵ هۆنراوەکانی

«زێوەر »دا ئاشنایەتییان نییە. چونکە، هۆنەرێکی گەورەی وەک « پیرەمێرد » ،ڕەخنەی لە سەرانی کورد گرتووە، ڕەخنەکەشی تا ئەوڕۆ، لە جێی خۆی دایە، کاتێ گوتوویەتی:

ئەم کوردە وەکو مەڕی بەسەزمان

دوای هەر کەسێ کەوت نەیبردە ناو ڕان «28.3»

وەک خۆی لە پەراوێزی ژمارە سێدا نووسیوێتی: سەرچاوەی ئەم دێرە هۆنراوەیەی، بە دەمی لە « عومەر مارف بەرزنجیی » وەرگرتووە. بۆیە، وا دەڵێم: چونکە، ئەو تاقەتی خوێندنەوەی نییە، یا زۆر بە پەلەبووە، وەڵامی گوتارەکەم بداتەوە. ئەگینا، نووسەرێ نووسەر بێ، چۆن هۆنراوە لە دەمی کەسێکی دیکەوە وەردەگرێ و وەک سەرچاوە بەکاریدێنێ. بە مەرجێ، دیوانی ئەو هۆنەرە، چاپ و بڵاوکرابێتەوە! لە ڕاستییدا، « پیرەمێرد » ساڵی « 1945 » هۆنراوەی « تەنها دڵسۆزی » داناوە و لە سیازدە دێڕ هۆنراوە پێکهاتووە. لەبەرئەوە دەبینین: ئەم دێرە هۆنراوەیەشی، وەک شتەکانی دیکەی، یا بە هەڵە گواستۆتەوە، یا بە ئارەزووی خۆی شێواندوویەتی. چونکە، لە دیوانەکەیدا، بەم جۆرە نووسراوە:

ئەم قەومە وەکوو مەڕی بێ زمان

دوای هەر کەسێ کەوت، نەیبردە ناو ڕان «110.8»

بەڵام، « زێوەر » ڕەخنەی لە سەرانی کورد، گروپ و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان نەگرتووە، هۆنراوەی ڕامیاریی نەهۆنیوەتەوە. بەڵکوو، بە خاکی « عێراق » و سەرانی داگیرکەریدا هەڵداوە! جا گەر ئەمە، لە لایەکەوە بەراوردێکی نابەجێ و شێواندن نەبێ، لە لایەکی دیکەشەوە، ناشارەزایی، درێژدادڕیی و لە باس لادان نەبێ، چییە؟!!

جگە لەوەی، هەر لە خوار هۆنراوەکەوە نووسیوێتی: (دیارە هەر یەکەو ڕۆڵەی ئەم خەڵکەی بەرەو قەسابخانە بردو نەیگەیاندە لەوەڕگای ئاسودەیی و سەرفرازی و پێدەشتی حەوانەوە.)«28.3» دیارە، تەماشای هۆنراوەکەی کردووە، باسی « مەڕ و ناو ڕان »ی تێدایە، ئیدی وایزانیوە، « پیرەمێرد » مەبەسی هەر لە ئاژەڵ بووە، بۆیە، ئەمیش ووشەی « لەوەڕگا »ی بەکارهێناوە!

31/3. داگیرکەر هەر داگیرکەرە؟

« بەرزنجیی »، وەک هەموو « عێراقچیی »یەکی هێندێ لە کۆمۆنیست و موسوڵمانەکان، هەر ئینگلیزی بە داگیرکەر داناوە، چ لە نزیک و چ لە دوورەوە، دەوڵەتی « عێراق »ی بە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان دا نەناوە. بەڵکوو، بە

لانەیەکی سـروشـتـیی خۆی و کـوردی زانیـوە. چونکە، لە سـەراپای سـیـبـارە زەردباوەکـەیدا، بە دەیان جار، ناوی داگیرکـەری ئینگلیز و « بریتانیا »ی بردووە، بەلام، وەک هەموو « عێراقچیی »یەکی ترسنۆک و پەیامنێری رۆژنامەکانیان، خۆی لەو راستییە پاراستووە، ناوی دەوڵەتێکی داگیرکەری فاشیی هەڵتۆقیوی دەستی « Sir Percy Cox » بێنێ و بە داگیرکەری دانێ!
ئەو هۆنراوەیەی « پیرەمێرد»یش، پێشکەش بە یادی « میسـتـەر ئەدمۆنس»ی کـردووە، زۆر لە جـێـی خـۆیدا بووە. چونکە زانیـویەتی، ئینگلیـزەکـان چ کـارێکی باشیان کردووە، رێگەیان بۆ راکێشاون و قیرتاویانکردووە. بۆیە، ئەو هۆنراوەیەی بۆ گوتووە. شتێکی سەیریش نییە، سەردەمێ، کۆلکە مارکسیی و کۆمۆنیستەکانی کورد، « پیرەمێرد »ی بلیمەتیان، بە پیاوی ئینگلیز داناوە. چونکە، کاتێ مرۆڤ لە بری مێشکی، چاوی بەکارهێنا، چاو، تەنیا چاویلکەی مێشک نەبوو، ئەوا تووشی ئەو جۆرە قرقێنانەی مێشک دەبێ!
دەبێ، زۆر باش بزانین، « موفتیی و پیرەمـێرد »، هۆنەرەکانی دیکەی کوردیش، ئەوانەی هۆنراوەیان بۆ ئینگلیز هۆنیوەتەوە، کارێکی زۆر باشیان کردووە. چونکە، ئینگلیـزەکـان داگـیـرکـەرێکی راسـتـەوخـۆ نەبوون، بە تایبـەتیی، باشـووری کوردستانیان داگیر نەکردووە. بەڵکوو، هەموو خاکی عێراقیان داگیرکردووە، هەر لە سـەرەتاشـەوە، وەک دەوڵەتێکی گـەورەی براوەی جـەنگ رەفـتـاریانکردووە، خـاکەکەیان لە دەس تورکە عوسمـانییەکـان سەندۆتەوە، دەوڵەتێکیان بۆ عەرەبی عێراق دامەزراندووە، باشووری کوردسـتانیشیـان پێوە لکاندووە. بەو مـەرجەی، سـەرپەرشـتـیی دەوڵەتەکـە بکەن، تا سـەران و کـاربەدەسـانی ئەو دەوڵەتە، فێـری کـاری دەوڵەت دەبن و کـارەکـانـی خـۆیان بە باشـیـی رادەپەڕێنن. هەر کـاتێکیش، ماوەی « مەندات » تەوابوو، ئەوا ئەوان سەربەخۆیی عێراق رادەگەیەنن.
ئەو کوردانەی، دژایەتیی « بریتانیا »یان کردووە، گەر ئێستە زیندووبنەوە، کردەوە رەش و تاوانەکـانی حـەفـتـاوپێنج سـاڵی دەوڵەتی داگیـرکـەری « عـێراق »یان بۆ بگێرینەوە، بە هـەر دوو دەس، قوڕی پەشـیـمانی لە سـەری خۆیان دەگرن! چونکە، ئینگلیـزەکان و عـەرەبی عێراق، بە هیچ شێوەیە، بەراورد ناکرێن! جا ئیدی، با چەن « عێراقچیی »یەکی وەک « بەرزنجیی »، تەنیا هـەر ئینگلیزەکان بە داگیرکەر دابنێن و خۆشیان بە ئامۆزای شا « فەیسەڵ » بزانن!
راسـتـە، هـەر نـەتـەوەیەک یا دەوڵەتێکی دیاریکراو، لە ژێر هـەر ناوێکدا بێ، خـاکی نەتـەوەیەک یا دەوڵەتێکی دیکە داگـیـرکـا، هـەر بە داگـیـرکـەر دەناسـرێ. بەلام،

داگیرکەر تا داگیرکەر، جیاوازییان هەیە. تەنانەت، دوو برای دایک و باوکییش، هەر جیاوازییان هەیە. گەر داگیرکەرێ بیەوێ، لە بۆتەی نەتەوەکەی خۆیدا بمتوێنێتەوە، سەروەت و سامانی وولاتەکەم هەڵلوشێ، ناوم نەهێڵێ، رەنگم بشێوێنێ، دەنگم بتاسێنێ، خاکی نیشتمانەکەم لەتوپەت و دابەشدابەشکا، چۆن لەگەڵ داگیرکەرێکی دیکەدا جیاوازییان نییە، کە ئەو مافانەم لێ زەوت ناکا، بەڵکوو، هێندێ مافی نەتەوەییشم پێ رەوادەبینێ؟!!

کەواتە، (هەر چەندە، خەسڵەتی « داگیرکەران، کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم »، لە رووی داگیرکردنی وولاتان و گەلانەوە، لە هەموو جیهاندا چوونیەکن، جا ئەو داگیرکردنە، لە ژێر پەردەی هەر ناوێکدا بێ، گرنگ نییە. بەلام، داگیرکەر تا داگیرکەر جیاوازیی هەیە. داگیرکەرێ لە داگیرکەرێکی دیکە، بە پلەی « پێشکەوتن، ژیاریی، شارستانێتیی، ئاستی رووناکبیریی و کەلتووریی گەل و سەرکردایەتییەکەی، باری ئابووریی » جیادەکرێتەوە. بۆ نموونە: گەر داگیرکەرێ، لە سەر بنچینەی سیستێمێکی دێمۆکراسیی بڕوا، لەگەڵ داگیرکەرێکی کۆنەپەرستی دیکتاتۆری رەفتارفاشییدا، گەلێ جیاوازیی هەیە. تەنانەت دەستەیە لە دەستەیەکی دیکەی فەرمانڕەوا و کاربەدەسان، لە نێو هەمان نەتەوەی بالادەسدا لە یەکدی جیاوازن.

بۆ نموونە: داگیرکەرێکی وەک ئیمپریالیزمی « فرەنسا »، خاک و گەلی عەرەبی «جەزایر»ی داگیرکردبوو، لەگەڵ ئیمپریالیزمی « تورکیا »ی داگیرکەری باکووری کوردستان، گەلێ جیاوازییان هەیە. لە ماوەی هەشت ساڵی پڕ لە « قارەمانێتیی، خەبات، ژان، فرمێسک و خوێن »دا، گەلی « جەزایر » نەیتوانی، چۆک بە داگیرکەرە فرەنساییەکان بدا و سەربەستیی بەدەسبێنێ. هەر چەندە، ئەوان خاکی « جەزایر »یان، بە پارچەیە لە خاکی« فرەنسا » دادەنا. بەلام، کاتێ پیاوێکی ژیری وەک ژەنەراڵ « دیگۆل »، لە سەرەتای شەستەکاندا، دەسەلاتی رامیاریی وەگرت، دانی بە مافی چارەنووسی گەلی « جەزایر »دا نا. بەلام، ئەو پیاوە ژیرە، ئەو دەستە دێمۆکراسییە، تا ئێستە لە نێو تورکدا پەیدا نەبووە و هەڵ نەکەوتووە. ئیمپریالیزمێکی بەهێزی وەک « بریتانیای گەورە »، نزیکەی سێ سەدە، گەلانی « هیندستان »ی دەچەوسانەوە و خاکەکەیانی داگیرکردبوو. گەر هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، لەگەڵ ئیمپریالیزمی « ئێران »ی داگیرکەری رۆژهەلاتی کوردستان بەراوردیانکەین، گەلێ چاکتربووە. چونکە، لە زۆر رووەوە، یارمەتیی « هیندستان »یان داوە.)«336،29»

دە دیارە، ئەو هۆنەرە کوردانەی، هۆنراوەیان بۆ ئینگلیز گوتووە، بۆ ئەو داگیرکەرە باشەیان گوتووە، کە لەگەڵ داگیرکەرە تورکە خراپەکاندا، جیاوازییەکی زۆریان هەبووە و هەیە. ئاخر ئینگلیزی، وەک « بەرزنجیی » خۆی نووسیویتی و دانی پێدا ناوە، ڕێگەوبانی کوردستانی چاککردبێ، قیرتاوکردبێ، پردی دروسکردبێ، کارگە و بەنداوی ئاوی دامەزراندبێ، کارەبای بۆ ڕاکێشابێ، ئۆتۆمۆبیلی بۆ هێنابێ، زانست و زانیاریی بڵاوکردبێتەوە، زمانی کوردیی بووژاندبێتەوە، هونەر و وێژەی کوردیی پێشخستبێ، هۆنەرەکانی کوردی هاندابێ، بە کوردییەکی ڕەسەن و پەتیی بنووسن. ئیدی، بیانییەکی ئەورووپایی « گاور »، لە چاو برا « تورک و عەرەب » موسوڵمانەکانی « بەرزنجیی »دا دەبێ، چیدیکەی بۆ کورد بکردایە؟!! کەچیی، هێشا هەر دژیشیان بین! هێشتا، هەر ئەوان بە داگیرکەر و عەرەبەکانیش بە برا بزانین!

هۆنەرێکی شێرەپیاوی وەک « بێکەس »، بە « بیستوحەت ساڵە »کەی، نووکی تیژی پەنجەی ئازایەتیی و مەردایەتیی، ڕەخنە و دوژمنایەتیی، لە چاڵی چاوی « ئەدمۆنس »ێکی یەکەم گەورە پیاوی، دەسڕۆیشتووی ئەو سەردەمەی ئینگلیز لە کوردستاندا چەقان. ئینجا، هیچیشیان پێ نەگوت. کەچیی، ئەوڕۆ پێنووس، لە ئاستی تاوانەکانی سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا بێ توانایە و ناتوانێ، هەرچییان بەرانبەر بە گەلی باشووری کوردستان کردووە، هەموویان دەربڕێ!

جگە لەوەش، ئایا، سەرانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان خۆیان، بەقەدەر ئینگلیزەکان، ڕەخنە قەبوڵدەکەن؟ کوردستانیان ئاوەدانکردۆتەوە؟ ڕاژەی « زمان، هونەر و وێژە »ی کوردییان کردووە؟ ئایا، گەر « شێخ مەحموود »، تاکە کڵاشەکەی، نەک لە سەروگوێلاکی سەرۆکی دادگەی ئینگلیز یا دەوڵەتی « عێراق » بگرتایە، بەڵکوو، لە سەرۆکی دادگەیەکی کوردستانی ئەوڕۆی بگرتایە، چییان لێ دەکرد.؟!! جا، گەر « بەرزنجیی »، لە پەندە کوردییەکە بگەیشتایە، کە دەڵێ: بە هۆی کولەکەنەیکەوە، هەزار مرۆ ئاودەخواتەوە، هەڵبەتە نەیدەنووسی: (کەلەم شیعرە وردبیینەوە دەشێ ئێمە ڕەخنە لەشاعیر بگرین کەبۆ مەدح و ستایشی دیاردەیەک دەکات کەداگیرکەر لەگەڵ خۆی هاوردویەتی و بۆ ئاسانکردنی کاری خۆی کردوویە؟)«31.3»

جا، با بۆ ئاسانکردنی کاری خۆشیان، ئەو پرۆژەیەیان ئەنجامدابێ، خۆ کاتێ کوردستانیان جێهێشتووە، هیچیان لەگەڵ خۆیان نەبردووە! کەچیی، سیخوڕ و چەکدارەکانی « عێراق »، هێلکەی مریشک ئاساییشیان، لە کولانەی ماڵە

جووتیاری گوندەکانی کوردستان دەدزیی. ئێستەش، پارتە کوردستانییەکان، کاتێ بە یەکدادەدەن، مالآن تالآندەکەن، هاوزمانەکانی خۆیان دەربەدەر و ئاوارەدەکەن! چا نەبوو، ئینگلیزی داگیرکەر، ئەو کارە خراپانەشیان، لەگەڵ هاوزمانەکانی « بەرزنجیی »دا نەکردووە، ئەگینا ئێستە، هیچ نەدەما، پێیان بلێ!
سەیر ئەوەیە، ئێستەش ئەو تۆزە ئازادیی و نیمچە سەربەخۆییەی، لە باشووری کوردستاندا هەیە، دوو دەوڵەتی ڕەوشت ئیمپریالیزمی وەک: « ئەمێریکا و بریتانیا » دروسیانکردووە و دەیپارێزن. گەر ڕەوشی کورد، لە هەر جێیەکی دیکەی کوردستان، لەگەڵ باشووردا بەراوردکەین، جیاوازییەکی گەورە دەبینین!
جگە لەوەی، داگیرکەری « عێراق »، هەر چاوی زەق و سووری ئەوانی لێ وونبێ، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ، ئەم جارە برا گەورە عەرەبەکانی « عێراق سان و سەرۆکی دەوڵەتی « عێراقی خۆشەویست ! » چی بە سەر گەلی باشووری کوردستان دێنن! خۆ ئەو کاتە، ئەوان لە کەس ناپرسن، کێ « عێراقچیی »یانە و کێ « کوردستانیی »یانە بیردەکاتەوە! بەڵکوو، هەمووی بە یەک چاو سەیردەکەن، وەک یەک قڕیدەکەن، چونکە کوردن! ئایا، هەر ئەو دوو دەوڵەتە نین، ئێستەش نایەڵن، « پارتیی و یەکێتیی » پەلاماری یەکدی بدەنەوە، لەوە پتر، کوڕی کورد بە خۆڕایی بە کوشتبدەن، نیشتمانەکەمان چۆڵ و وێرانکەن، ئەو نیمچە سەربەخۆییەشمان، لەکیسدەن!
پاشان، هۆنەرێکی نیشتمانپەروەری گەورەی وەک « پیرەمێرد »ی، بە خۆڕایی تاوانبارکردووە، بەوەی لە دێڕە هۆنراوەیەکدا گوتوویەتی:
ئەوسا ئەبێ بزانین ئەمانە لەکوێوە هات
ئەم خاکە چۆن « لە خوارەوە » وا ڕۆژی لێ هەلآت)«30،3»
ئینجا نووسیویتی: (بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە ئەم پرسیارو بۆچوونانە لەڕووی نەزانینەوەیە، چونکە بابەتی ڕۆژگارەکە ئەوەبووە.)«31،3»
بە پێچەوانەوە، هەرگیز ئەو پرسیار و بۆچوونانە، لە ڕووی نەزانینەوە نەبووە. بەڵکوو، ئەوەی لەو سەردەمەدا دیوێتی، بۆ گەلەکەی باشبووە، پێیدا هەڵداوە. نەک بە سنوور و ئاڵای عێراقیدا هەڵدابێ! « بەرزنجیی » خۆی زۆر نەزانانە، سەرنجی ئەو ڕووداو و دیاردانەی داوە و لێکیداونەتەوە. هەرگیز، بابەتی ڕۆژیش نەبوون، چونکە، « ئاوەدانکردنەوە، خوێندەواریی، پێشکەوتنی کۆمەلایەتیی و وولآت »، بە بابەتی ڕۆژ دانانرێن. بەڵکوو، لە هەموو سەردەمێکدا، هەن و پێویستن، تا تاکە یەک مرۆڤیش، لەم گەردوونەدا بمێنێ، ئەو پرۆسێسە گرنگانە، هەر بەردەوامدەبن!

32/3. بیرۆکەی عێراقچێتیی :

پێش ئەوەی، لە سەر وەلامدانەوەی سیپارەکە بەردەوامبم، لێرەدا هەلدەقۆزمەوە و دەمەوێ، کەمێ بە درێژیی، لە کێشەی « عێراقچێتیی» بدوێم. هەر بە دەم دواندنەکەشمەوە، هێندێ نموونە لە سەر نووسینەکەی « بەرزنجیی » دێنمەوە، تا زۆر لە باسەکە دوور نەکەوینەوە.

گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە ڕووی دیدی کوردایەتییەوە، بە شێوەیەکی گشتیی، بە سەر دوو دەستەی جیاوازدا دابەشدەکرێ :

1. عێراقچییەکان : هەموو ئەو کوردانە دەگرێتەوە، کە باوەڕیان بە خەباتی هاوبەشی هەر دوو گەلی عەرەب و کورد، لە چوارچێوەی سنوری کۆماری عێراقدا هەیە. بە هیچ جۆرێ، باوەڕیان بە لەتوپەتکردنی خاکی عێراق و دابەشکردنی نییە. واتە: باوەڕیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی سەربەخۆ نییە. ئەمانەش، لە چەن دەستە و گروپێکی جیاواز پێکهاتوون. وەک: « موسوڵمانەکان، چەپ و کۆمۆنیستەکان، پارتیی و یەکێتیی، نۆکەر و چڵکاوخۆرەکانی دەوڵەت، هێندێ کوردی دیکەش، کە هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بە بیر و کاری ڕامیارییەوە نییە، تەنیا خەریکی پارەپەیداکردنن ». ئەم دەستە و گروپانە، لە دید و بۆچوونی ڕامیاریی و پێکەوە ژیانی هاوبەشدا، هێندێ باوەڕی جیاجیایان هەیە. بۆ نموونە: چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە ڕوانگەی خەباتی چینایەتیی و نێوکۆیی کریکارانی گەلانی عێراقەوە، لە کێشەکە دەڕوانن. موسوڵمانەکان، باوەڕیان بە دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو، بڕوایان بە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمان هەیە، کە ڕژێمێکی ئیسلامیی فەرمەنرەوایبکا و لە سەر ڕێوشوێنی قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەر بەڕێوەبچێ! ئەوەی هێندێ لەم دەستە و گروپانە، خەباتی بۆ دەکەن و داوای مافەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەکەن، لانی هەرە بەرزی، خۆی لە « ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی »دا دەنوێنێ.

لە ڕاستییدا، تۆوی ئەم بیرە، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، سەرەتا ئینگلیزەکان و پاشان ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی عێراق، لە کوردستاندا چاندیان و بڵاویان کردەوە. دواتریش، کۆمۆنیستەکان لەوانیان وەرگرت و گەشەیان پێدا. ئینجا، پتر لە هەموو لایەک، « پارتی دیمۆکراتی کوردستان »، تیوریی بۆ دارشت و لە پرۆگرامی نێوخۆیاندا، بنچینە سەرەکییەکانیان بە تەواویی دەستنیشانکرد.

لێرەدا، پرسیارێ لەدایکدەبێ. ئایا، بیری « عێراقچێتیی »، لە بەرژەوەندیی کێ دایە؟ گومانی تێدا نییە، هەموو کوردێکی بە هۆش و گۆش،، هەموو کوردێکی زێر

دەزانێ، بیرێ ئیمپریالیزمی « بریتانیا » بناغەکەی دارشتبێ، ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی عێراق، پەرەیانپێدابێ، لە بەرژەوەندیی کێ دایە! ئەورۆش، پتر لە هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەی عێراق، بۆرژوای عەرەب و کورد هەوڵدەدەن، بنچینە سەرەکییەکانی، ئەو بیرە، لە مێشکی ڕۆڵەکانی هەر دوو گەلدا بچەسپێنن. چونکە، هەم بۆرژوای عەرەب دەیەوێ، کەرەسەکانی خۆی لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساغکاتەوە. هەم بۆرژوای کورد دەیەوێ، بازاڕە بچووک و لاوازەکانی کوردستان، بە بازاڕەکانی عێراقی عەرەبییەوە ببەستێتەوە. لەبەرئەوە، کاتێ هێزەکانی ئینگلیز بە تەواویی، لە کوردستان کشانەوە، گۆڕەپانەکە بۆ چینی بۆرژوای عەرەب چۆڵبوو، تا بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی تێدا بکەن. بیری پووچی « عێراقچێتیی » بڵاوکەنەوە. بۆیە، لە سەر دەستی ئەواندا، ئەو بیرە، شێوە و ناوەڕۆکێکی دیکەی بە خۆیەوە بینی، بەرنامەیەکی نوێی دیکەیان بۆ دارشت. تا لە لایەکەوە، هەم باشووری کوردستان بە تەواویی بە عێراقەوە ببەستنەوە، هەم سەروەت و سامانەکەی هەڵلووشن. لە لایەکی دیکەشەوە، گەلی کورد لە باشووردا، لە نەتەوەی کورد دابڕن. (بیری « عێراقچێتیی » کە بورجوازی عەرەبی فەرمانڕەوای عێراق هەوڵی بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی دەدا، دەیەوێ، جێ بە بیری کوردستانیبوون لێژکا و لە ڕیشە هەڵیکێشێ. ڕێگە لە پێوەندییەکانی نەتەوەیی کورد و نێوان پارچەکانی کوردستان بگرێ و خەڵکی کوردستانی عێراق، لە سەر عێراقیبوون دەسەمۆبکا. عێراقیبوونێک، کە بەشێک بێ لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب. واتە: سڕینەوەی کوردستانێتیی و تواندنەوەی نەتەوایەتی لە قەوارەیەکی عێراقیی نەتەوایەتی عەرەبییدا، کە تیایدا بۆ عەرەبی عێراق هەبێ، بیربکاتەوە و خەباتبکا بۆ ئەوەی بەشێکی یەکگرتوو بێت لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب، تەواوی عێراق بکاتە بەشێکی لە پسان نەهاتووی نیشتمانی عەرەب ... کوردیش بۆی هەبێ، خۆی بگۆڕێ و لە بۆتەی نەتەوایەتی عەرەبییدا بتوێتەوە. بەڵام، بۆی نەبێ، بیر لەوە بکاتەوە، کە بەشێکە لە نەتەوەیەکی دابەشکراو و خاکەکەشی بەشێکە لە کوردستانی پارچەپارچەکراو.)«54،6-7»

لەبەرئەوە، بیری « عێراقچێتیی »، بە پلەی یەکەم، لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و چینایەتیی کۆمەڵانی ڕەشوڕووتی کوردستان دایە. بە پێچەوانەشەوە، تەنیا بیری « کوردستانیزم »، لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و چینایەتیی چینە چەوساوەکانی کوردستاندا، بە تەواویی دەگونجێ. چونکە، جووتیارانی کورد، باش دەزانن، کێ دەیەوێ، لە سەر خاکی خۆیان دەریانبەڕێنێ و لێیان زەوتکا! هەروەها، کرێکارانی

کورد، لەو ڕاستییە گەیشتوون، بە بەعەرەبکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، جێگەیان پێ لێژدەبێ و لە شوێنی ئەوان، عەرەبی دەشتەکی دەچێنرێ! بەڵام، جگە لەوەی، بیری « کوردستانیزم »، زەوی بۆ جووتیار و کار بۆ کرێکارانی کوردستان دابیندەکا، ئابرووی خێزان و نەتەوەییشیان دەپارێزێ .
کەواتە: (" عێراقچێتیی " ئەو بیر و بۆچوونەیە، کە داگیرکەر بڵاویدەکاتەوە و بۆرجوازیی کوردستان بالۆرەی بۆ لێدەدا، دەیەوێ کوردستانی عێراق بکاتە بەشێکی هەتاهەتایی و لەیەکچووی عێراق، لە سەر حسێبێ نیشتمانی کوردستان و نەتەوەی کورد دەیەوێ، عێراق بکاتە دەوڵەتێکی سفت و لەیەکچوو، کوردستانیش بە بەشێکی لە پساندن نەهاتووی و بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبیی، کە ڕەنگ و ڕوخساری عێراقی عەرەبیی پێوەبێت.)«2،54»
2. کوردستانچێتیی: هەموو ئەو کوردانە کۆدەکاتەوە، کە لە سەر ئاستی باشووری کوردستان یا کوردستانی مەزن، باوەڕیان بە تێکۆشان هەیە. باوەڕ بەو سنوورە دەسکردانەی کوردستان ناکەن، کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، لە لایەن ئیمپریالیزمی « بریتانیا و فرەنسا »وە ڕەنگینان ڕێژراوە. بەڵکوو، لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاددا خەباتدەکەن، هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی سەربەخۆ دەدەن. ئەمانە، باوەڕیان بە « عێراقچێتیی » نییە، چەپلە بۆ خەباتی نێوکۆیی پرۆلیتاریای گەلی عەرەبی سەردەس و گەلی کوردی بندەس ناکووتن. باوەڕیان بە برایەتیی درۆزنانە و ساختانەی نێوان هەر دوو گەلی عەرەب و کورد نییە. بەڵکوو، باوەڕیان بە دۆستایەتییەکی ڕاستەقینەی، نێوان عەرەبە بەرچاوڕوون و مرۆ دۆستەکان و کوردە ئازاد و سەربەخۆکان هەیە. ئەوەش، لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی باڵای هەر دوو گەلدا پێکدێ. بە مەرجێ، ڕێزی بەرابەریی لە نێوانیاندا هەبێ. دوژمنی سەرەکیی ئەم ڕێباز و باوەڕە، خۆی لە « هەموو عەرەبێکی شۆڤێنیی و ڕەگەزپەرست، دەستەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە، هێندێ هێز و پارتی ڕامیاریی عێراقیی و عەرەبیی، دەستەی یەکەم بە گشتیی و هەموو خۆفرۆش و ناپاکەکانی کورد »دا دەنوێنێ!
کەواتە: (" کوردستانیبوون "یش سووربوونی زەحمەتکێشانی کوردستانە لە سەر پاراستنی کوردستان و نەتەوەی کورد لە تیاچوون و نەتواندنەوە. قایل نەبوونە بە تێکدانی پێوەندیی و مەرجەکانی نەتەوەیی کورد، ڕازی نەبوونە بە جیاکردنەوەی بەشێکی کوردستان و قووتدانی. ئەو بیر و بۆچوونەیە کە دەربازبوونی کورد لە چەوسانەوەی نەتەوایەتیی و گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردستان لە

چوارچێوەی کوردستـان و لە ڕزگاریی نیشتمـانیی و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتییدا نەبینێ.)«3،54».

لە بەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا، زۆر بە ڕوونیی بۆمان دەردەکەوێ، هەر دوو بیری « عێراقچێتیی » و « کوردستانچێتیی »، لە دوو بیری ناکۆک و دژ بە یەک، لە دوو شێوەی جیاوازی بیرکردنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیی پێکهاتوون و پێکەوە ناگونجێن. ئەم « ناکۆکیی، دژایەتیی و جیاوازیی بیرکردنەوە »یەش، لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورددا، لەو کاتانەوە دەرکەوتووە و هەستیپێکراوە، کە دەوڵەتی عێراق دامەزراوە و باشووری کوردستانیان پێوە گرێداوە.

لەبەرئەوە، هەموو کورد وەک یەک، بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و رامیاریی کورد ناکاتەوە. بەڵکوو، بە شێوەی جیاواز، بیر لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دەکەنەوە. هەر چەندە، هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆش، ململانێیەکی سەخت و توند، هێندێ جاریش خوێناویی، لە نێوان هەر دوو دەستەکەدا ڕوویداوە، بەڵام، لە هەمان کاتیشدا ناتوانین، بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین: ئەوەی لە بەر ڕۆشنایی باوەڕی دەستەی یەکەمدا بیردەکاتەوە، هەر هەموویان دژایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتیی دەکەن، یا بە دوژمنی سەرەکیی کورد و کوردستان دادەنرێن. چونکە، ڕۆڵەکانی گەل ئازادن، چۆن بیردەکەنەوە، چ جۆرە ئایدۆلۆژیایەک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، چ جۆرە چارەسەرێ بۆ کێشەکە پێشنیازدەکەن. کەواتە: لە نێو دەستەی یەکەمدا، گەلێ کوردی دڵسۆزی تێدایە، کە بە هەموو شێوەیە، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدەن، خەبات دەکەن و تا ئەندازەیەکی زۆریش، گیانی خۆیان بەختدەکەن.

بەڵام، لەبەرئەوەی، هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، بیری کوردایەتیی و پارتی خاوەن ئایدۆلۆژیا، بە تەواویی ڕەگی دا نەکوتاوە، پرینسیپەکانی بیری دەستەی دووەم، بە شێوەیەکی ساکارانە، بە زۆریی لە نێو ڕیزەکانی گەلدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. چونکە، پارتێکی نەتەوەیی نییە، بەرنامە و ستراتیژێکی نەتەوەیی دارێژێ، ڕۆڵەکانی کورد لە دەوری بەرنامەکەی خۆی کۆکاتەوە، بۆیە، هەر وا بەو شێوە پەرشوبڵاوییە ماونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئەندامانی « پارتیی و یەکێتیی »، هەر چەندە ستراتیژی پارتەکانیان ئەوە نییە، کەچیی، هەر کوردستانیانە بیردەکەوەنەوە، خۆیان بە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی دەزانن. بۆیە، بیری « عێراقچێتیی »، لە نێو ڕیزەکانی گەلی کورددا وای لێهاتووە، تا ئەندازەیەکی زۆر، بە خراپ دادەنرێ. گەر لە ڕووی

رامیارییەوە، تانووت لە یەکێ بدەی و پێی بڵێی، « عێراقچێتیی » کردووە یا دەکا، زویر دەبێ!
لە ڕاستییدا، جگە لە هەر دوو ڕێکخراوی نەتەوەیی « کاژیک » و « پاسۆک »، لەو ڕۆژەوە دامەزراون، دژایەتییەکی زۆری بیری « عێراقچێتیی »یان کردووە، مەترسییەکانی ئەو بیرەیان، بۆ ڕۆڵەکانی گەل ڕوونکردۆتەوە، لە زیانەکانی ئاگاداریانکردوونەتەوە. یەکەمین ڕێکخراوێکی کوردستانیی« مارکسیی - لینینیی» لەو بوارەدا دەسپێشکەریکردبێ و بە کردەوە، هەنگاوی نابێ، ڕێخراوی « کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان » بووە. لەو ڕۆژەوە ئەو کۆمەڵەیە دامەزراوە، تا سەرەتای ساڵەکانی هەشتا، دوو باڵی جیاوازی « عێراقچیی و کوردستانچیی » تێدا بووە. لە ڕووی بیر و بۆچوونەوە، دژی یەکدی بوون. ئەوە بوو، لە ئەنجامدا باڵە کوردستانییەکە سەرکەوت، باڵە عێراقچییەکەی لە دەسەڵات ڕووتکردەوە! بۆیە، ساڵی « 1983 »، بە نامیلکەیەک، دید و بۆچوونی خۆیان، بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان ڕوونکردۆتەوە، هەموو بنچینەکانی ئەو بیرە پووچەیان، شیکردۆتەوە و بە تەواویی خۆیان ساغکردۆتەوە.
ئینجا، بۆ ئەوەی زۆر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، با بزانین، ئەم بیرە، لای کەسانی « خوێنەوار، ڕووناکبیر، ڕامیار، نووسەر، هۆنەر و هونەرمەند »ەکانی کورد، لە کار و بەرهەمە هونەریی و وێژەییەکانیاندا، چۆن ڕەنگیداوەتەوە؟ بە چ شێوەیە، بیریان لێ کردۆتەوە و بیری لێ دەکەنەوە؟
« بەرزنجیی »، باسی سیپارەی « ئەلئەکراد و ئەلعەرەب »ی کردووە و نووسیوێتی: (سیمایەکی تری ئەو سەردەمە، دوای « نائومێدی لەپێکهێنانی حوکمەتێکی کوردی لەباشوور » ئەوەبوو کەئاوازێکی تازەی پێکەوە ژیان هاتە بەر گوێی خەڵکەکە: برایەتی کوردو عەرەب. هەر چەندە ئەم ئاوازە لەلایەن بەغداوە ئاودەدراو بانگەشەی بۆ دەکرا، لەپێناوی زیاتر چەسپاندنی حوکمەکەیان لەباشووری کوردستان و نائومێدیەکەش هێندەی تر کاریگەری خۆی هەبوو کەشتەکە هەتا لەلایەن ڕۆشنبیرە کوردەکانیشەوە پشتی لێ بگیرێ و لە 1937دا سیپارەی «الاکردا والعرب » لەلایەن « فریق من شبان الکرد »ەوە دەردەچێ، کەباسکردن و شی کردنەوەی ئەم برایەتیەمان لەڕووی مێژوویی یەوە بۆ دەخاتەڕوو، وەپێویستی ی ئەم دوو قەومە بەم برایەتیە.) «31،3»
« بەرزنجیی » پێی وایە: برایەتیی کورد و عەرەب یا بڵێین: سیپارەکەی « ئەلئکراد و ئەلعەرەب »، گوزارەیەکی تەواویی، لە خواست و ئارەزووەکانی گەلی باشووری

کوردستان کردووه، تینوێتی نەتەوەیی شکاندوون. بەڵام، من پێم وایە، ئەو سیپارەیە، تەنیا دید و بۆچوونی تاکە کەسێ بووە، بە ناوی « دەستەیە لە گەنجانی کورد »ەوە نووسیوێتی و بڵاویکردۆتەوە.
دەتوانم، زۆر بە ڕاشکاویی بڵێم: « زێوەر »، سەرەتا بەو جۆرە هۆنراوانە دەسپێکردووە، بنچینەی بیری « عێراقچێتیی » دارشتووە، ڕەنگ و ڕووی ئارایشکردووە. بەڵگەشمان ئەوەیە، هۆنراوەی « ستاییشی ئاساییش »ی ساڵی « 1920 » داناوە. چونکە، ئەو کاتە، هەموو بەرنامە و پلانەکانی « بریتانیا »، بە تەواویی ئاشکرا بوویوو. ئینگلیزەکان، زۆر بە کوڵودڵەوە، هەوڵیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی « عێراق »ی دەدا و بۆی دەکۆشان.
کاتێکیش « زێوەر »، بە یەکجاریی کۆتایی بە ژیانی دەربەدەریی هێناوە و گەڕاوەتەوە، سەری خۆی کزکردووە و دانیشتووە، ئیدی بە تەواویی، سەرەتاکانی ئەو بیرەی لا چەسپیوە، وردەوردە، هەموو هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی دیکەی هۆنیوەتەوە. وا پێدەچێ، لە نێوان ساڵانی « 1930-1935 »دا داینابن. چونکە، جگە لەوەی، هەموویان مێژوویان لە سەر نییە، هۆنراوەی « نفوسی عراق »ی ساڵی « 1932 » داناوە!
جگە لەوەی، هیچ نووسەرێ یا هونەرێکی کورد، پێش « زێوەر » نووسین یا هۆنراوەی لەو چەشنەیان نەنووسیوە. کەواتە، گەر « زێوەر » یەکەم هونەرێکی کورد بوویێ، هۆنراوەی لەو جۆرانەی هۆنیبێتەوە، ئیدی هیچ گومانی تێدا نامێنێ، بە یەکەم هونەری کورد دەژمێررێ، کە یەکەم بەردی بناغەی بیری « عێراقچێتیی » و « بێگانەپەرستیی »، لە نێو کۆمەڵگەی کورددا داناوە. وەک ئەندازیارێکی باش، ڕەنگی نەخشەی بیرێکی گەلێ خراپی، بۆ هونەر و نووسەرەکانی دوای خۆی ڕشتووە! ئیدی چۆن « بەرزنجیی » توانیوێتی، دوای ئەوەی، هونەر وازی لە خەباتکردن هێناوە، هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی « زێوەر » لەگەڵ بژاری هۆنراوەکانی نێو کێڵگەی پڕ لە بیت و فەڕی دانەرێڵەی هۆنراوەی هونەرە کوردەکانی دیکەدا بەراوردکا؟!! ئەمە گەر پینەوپەڕۆکردن نەبێ، ڕووتووشکردنی جامی وێنەیەکی تەڵخ و دزێو نەبێ، ئایا چی دیکە دەگەیەنێ؟ هەر کەسێکیش، کارێ بکا و بزانێ هەڵەیە، بەپێی هەموو بیروباوەڕێکی زەمینیی و ئاسمانییش بێ، دوو جار تاوانباردەکرێ، وەک « دڵزار »ی هونەریش گوتوویەتی:

کارێ نەیزانی بیکەی خەتایە
وەگەر بیزانی و بیکەی بەڵایە « 223،34 »

دوای ئەو هەولانەی « زێوەر » داوێتی، دوای ئەو ناوەی ئەو ڕشتوویەتی، ئیدی، هێندێ لە هۆنەرانی دیکەی کوردیش، هۆنراوەی « عێراقچێتیی »یان هۆنیوەتەوە. پاشان، ئەو « دەستە گەنجەی کورد »یش، ئەو هەنگاوەیان ناوە. چونکە، « زێوەر » پێش چاپکردنی سیپارەکەی، هۆنراوەکانی گوتووە، خۆ ناکرێ، هەمووشی بە ڕۆژێ هۆنیبێتەوە، تا ساڵی « 1939 »، هەمووی پێکەوە چاپکردبێ! ئیدی، دوای ئەوەی سیپارەکەی « کورد و عەرەب » ساڵی « 1937 » چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بە هەڵی زانیوە، هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی خۆی کۆکاتەوە و چاپیانکا! جا، گەر ئەو سیپارەیەی « زێوەر »، بە « دەستە گوڵی لاوان » دانرێ، دیارییەکی هێندە سەنگین و ڕەنگین بێ، هۆنەر پێشکەش بە ڕۆڵەکانی کوردی کردبێ، « جوگرافیای بە هۆنراوە و وانەی ڕەوشت و سروود و ناوی ڕۆژەکان و چەن چیرۆکێکی »، بەو شێوەیە فێری منالانی کورد کردبێ، وەک لە سەر بەرگی سیپارەکە نووسراوە، هەر لە شیرییەوە، بەو شیرە تاڵە بەخێویکردبن، ئیدی دەبێ، ئەوە چ جۆرە پەروەردەکردنێ بووبێ؟ بە کام بیر مەلاشووی هەڵدابنەوە؟ چۆن سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرکەی عێراق، تا هەن، سوپاسی ناکەن، کە فێری بیری « عێراقچێتیی » کردوون؟!! چونکە، ئەو بیرە بۆ ئەوان، بۆ پتر لکاندن و بەردەوامبوونی داگیرکردنی کوردستان، زۆر پیرۆز و باش بووە.

ڕەنگە، « بەرزنجیی » بە شانازییەوە، باسی « کورد و عەرەب »ەکەی « برایم ئەحمەد » بکا، یا ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد، زۆر شانازیی بەو سیپارەیەوە بکەن. بۆیە، ئەویش وەک شاگردێکی بە ئەمەکی ئەو بیرە قرچۆک و باوەڕە نەزۆکە، دوای ئەوەی، شەستودوو ساڵ، بە سەر نووسینیدا تێپەڕبووە، باسیکردووە و بە بەڵگە بۆ هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانی « زێوەر »ی هێناوەتەوە!

جا، گەر وا بووایە، ئەو بیرە لە مێژبوو، چەسپابوو. بەڵام، سوپاس بۆ خوا، نەک هەر لای کورد، بەڵکوو لای عەرەبەکانی عێراقیش نەچەسپاوە، هیچ پایە و بنچینەیەکی نەبووە و نییە، تا ئەوڕۆش، ڕێزی لێ ناگیرێ! ئەوەتە، تەنانەت یەکێکی وەک شا « فەیسەڵ »یش، ماوەی پتر لە شەستوپێنج ساڵ لەمەوبەر، لە یادداشتە نهێنییەکانی خۆیدا، ئەو ڕاستییەی پێکاوە ونووسیوێتی: (تا ئێستە، شتێ نییە، ناوی گەلی عێراق بێ. کە ئەمە دەڵێم، پەژارە دڵم دەجنێ. ئەوەی هەیە، جەماوەری زۆری خەڵکانێکە، مرۆڤ ناتوانێ، وەبەر زمینی خۆی بدا. دڵیان لە هەستی نیشتمانیی خاڵییە. بەڵام، سنگیان لە نەریتی ئایینیی و خورافات پڕە، هیچ پێوەندیی یەک پێکیانەوە نابەستێ. گوێڕایەڵی لایەنی شەڕن و بەرەو ئاژاوە

ملدەنێن، لە هەموو میریی یەک، هەرچی چۆنێبیّ، وەرسن. ئێمە گەرمکمانە، لەم جــــــەماوەرە، « گـەل ێک پێکبێنێن و ڕابیێنێن و فێریکەین و خاوێنیکەینەوە. بارەکە وابێ، ئەو هەوڵەی دەبێ، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بدرێ، ئاشێ بشێ، بە بیری کەسدا بێ.)«252،9»

لەبەرئەوە، ئەو برایەتییەی، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، هەر هەموو دەستە و گرووپە « عێراقچیی »یەکان دەمۆڵیان بۆ کوتاوە و باسیانکردووە، تەنیا وەک ئەوە وایـە، « بەرزنجیی »، تەلارێکی گەورە و جوانی ڕازاوەی، لە حەوت تەبەقەی ئاسمان، بە ئەندێشە دروسکردبێ، یا وەک دەڵێن: گەرماوی بە فوو گەرمکردبێ! چونکە :

1. باشووری کوردستـان، لە ڕێفراندۆمێکی ئازاد و سەربەخۆدا، بە عێراقی عەرەبییەوە نەلکێنراوە. کورد بە ئارەزووی خۆی، لەگەڵ عەرەبی عێراقدا ناژی. بەڵکوو، بە زۆرەملیی، ئەو بارەیان بە سەردا سەپاندووە. بۆیە، تا ئەورۆ، ئەو بیرە بۆ تاکتیک نەبێ، جێگەی خۆی، لە هۆش و بیری زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی کورددا نەکردۆتەوە. چونکە، لەو ڕێفراندۆمەی بۆ هەڵبژاردنی شا « فەیسەڵ » کرا، زۆربەی زۆری کـورد، دژی ئەو پێکەوەلکاندن و هەڵبـژاردنە بوون. بۆ نموونە: خەڵکی شاری « سولەیمانیی » دەنگیان نەدا. کوردەکانی « کەرکووک » دژبوون. بەڵام، دانیشتووانی شارەکانی « هەولێر و موسڵ »، بەو مەرجە دەنگیاندا، مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد جێبەجێکرێ.

2. لەو ڕۆژەوە ئەو دەوڵەتە دامەزراوە، دەستەی فەرمانڕەوایانی عەرەب، بە هیچ شـێـوەیە، ڕێزیان لە هەست و هۆشی نەتەوەیی و مـرۆیی، گەلی باشـووری کوردستـان نەگرتووە. ئەوەی دەوڵەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق، بە کوردیان کردووە، مەگەر هەر، « نازیی »یەکانی « ئەڵمان » و « فاشیی »یەکانی « ئیتالیا »، لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا، بە گەلانی بندەسی خۆیان بە گشتیی و جووەکان بە تایبەتیی کردبێتیان!

3. تا ئەورۆ، گەلی کورد لە باشووری کوردسـتـاندا، بە مافە نەتەوەیی و دیمۆکراسییە ڕەواکانی خۆی نەگەیشتووە. خاکەکەی داگیر کراوە. بە شێوەیەکی بەردەوام، هەولی هەڵلوشین و بە عەرەبکردنی دەدەن. خەڵکی کورد لە زێدی باووباپیرانی خۆی دەردەکەن. دان بە بوونی کوردێتی و کوردستانێتی ناوچەکانی « کەرکووک، خانەقین، شەنگار ... تاد »دا نانێن و بە خاکی عەرەبی دادەنێن.

4. عەرەبەکان خۆیان، بۆ تاکتیک و خەڵەتاندنی کورد نەبێ، هەرگیز ڕێزیان لەو برایەتییە نەگرتووە و ناشیگرن. چونکە، ئەوان دروشمەکەیان « لە ئۆقیانووسەوە

بۆ كەنداو » دیاریکردووە. واتە: « لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە بۆ چیاكانی پشتكۆ، بە خاكی عەرەبی دەزانن و هەموو ئەو کەمینە و گەلانەی دیکەی سەر ئەو زەمینە، بە عەرەب یا بە میوان دادەنێن. واتە: عێراق و سووریا، بە خاک و گەلەکانیانەوە، بە هەر دوو پارچەکەی کوردستانیشەوە « باشوور و خۆراوا » بە بەشێ لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب دادەنێن.)«30،18»
بۆیە، پێیان وایە، کورد لە عێراقدا، کەمینەیەکی نەتەوەیی پێکدێنێ. خاکی نییە و لە خاکی عەرەبدا دەژی، وەک میوانێ وایە و دەبێ، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوان بێ، ڕێز لە هەست و هۆشی ڕۆڵەکانی عەرەب بگرێ، کارێ نەکا، دژی میوانداریی و خاکی عەرەب بێ. ئەگینا، گەر کارێکی خراپ بکا، دژی بەرژەوەندییەکانی عەرەب بێ، بۆ میوانداریتییەکەی بە ئەمەک نەبێ، بە هەر شێوەیە بێ، دەبێ یا بتوێنرێتەوە، یا بارکا و بڕوا. جا، گەر هێندێ لایەنی عەرەبیی، بە ئاشکرا دان بەم دید و بۆچوونە شۆڤێنییانەی خۆیاندا نەنێن، ئەوا ئەم باوەڕە ڕەگەزپەستانەیە، نەک هەر لە عێراقدا، بەڵکوو، لە هەموو جیهانی عەرەبدا، باوەڕی هەموو عەرەبێکە، هەر بەو شێوەیەش لە کورد دەڕوانن و بیردەکەنەوە.
ئەم کێشەیە، هەر زۆر لە کۆنەوە، بە شێوەیە لە شێوەکان هەبووە و هەر بەردەوامیشە. تا ئێستەش، بێ چارەسەرکردنێکی تیوریی و پراکتیک ماوەتەوە. بۆ نموونە: موسوڵمانەکان، لە گوتەکانی پەیامبەرەوە، باوەڕەکانی خۆیان هەڵهێنجاوە. چونکە، پەیامبەری ئیسلام، کاتێ پێناسەی « عەرەببوون »ی کردووە، گوتوویەتی: (ئەی خەڵکینە! خوا هەر یەکە و باوک هەر یەکە و عەرەبێتی نە لە باوک و نە لە دایکەوە، هی هیچ کەسێکتان نییە. بەڵکوو، عەرەبێتیی زمانە، ئەوەی بە عەرەبیی دوا، ئەوە عەرەبە.)«15،43»* هەروەها گوتوویەتی: (عەرەبم لە بەر سێ شت خۆشدەوێ: ئەز عەرەبم، قورئان عەرەبییە و زمانی خەڵکی بەهەشتیش عەرەبییە.)«66،28» # جا ئیدی، چۆن هەموو موسوڵمانێ، داوا لە کورد و گەلانی دیکەی موسوڵمان ناکەن، واز لە نەتەوە و زمانەکەی خۆیان بێنن و ببن بە عەرەب! لە خاڵی حەوتی بەرنامەی « پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست »دا هاتووە: (نیشتمانی عەرەب، لەو پارچە زەوییە پێکهاتووە، کە نەتەوەی عەرەبی لەسەر دەژی و کەوتۆتە نێوان شاخەکانی تۆرۆس و پشتکۆ و کەنداوی بەسرە و

* یا ایها الناس ان الرب واحد و الاب واحد و لیست العربیه باحدکم من اب و لا ام و انما هی اللسان فمن تکلم بالعربیه فهو عربی.
# احب العرب لثلاث: انا عربی و القرآن عربی و لغه اهل جنه عربی.

زەریای عەرەبیی و شاخەکانی حەبەشە و بیابانی گەورە و ئۆقیانووسی ئەتڵانتیک و زەریای سپی ناوەڕاستەوە.)«7،15» پاشان دەربارەی عەرەببوون، لە خاڵی دەدا نووسیویانە: (عەرەب ئەو کەسەیە کە زمانی عەرەبیی بێ و لە خاکی عەرەبدا بژی، یا تێیدا چاوی بە ژیان هەڵێنابێ و باوەڕی بە عەرەبایەتیی خۆی هەبێ.)«8،15» پاشتریش، دەربارەی کەمینە و گەلەکانی دیکەی ناعەرەب، لە خاڵی یازدەدا نووسیویانە: (ئەوەی باسی کۆمەڵە ڕەگەزێکی دیکەی جیاواز بکا، یا دژی عەرەب کاری تێدا بکا، یا بۆ مەبەسێکی داگیرکەرانە هاتبێتە نیشتمانی عەرەب، لە وڵاتی عەرەب بەدەردەنرێ.)«8،15» وا بزانم، کەسێ خۆی ژیربێ، هیچ پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکا و مانگەشەویش سەر لە ئێوارە دیارە و پێویستی بە ئەمووست نییە!

هەروەها، جگە لە عەرەبەکانی عێراق، بیر و بۆچوونی، نووسەر و سەرکردەکانی دیکەی عەرەب، لە هی عەرەبەکانی عێراق باشتر نەبووە و باشتریش نییە، گەر خراپتریش نەبێ! بۆ نموونە: « جەمال عەبدولناسر »، ساڵی « 1963 »، بەرەو ڕوو بە « جەلال تاڵەبانیی » گوتووە: (پێش هەموو شتێ، حەزدەکەم، پێت بڵێم: ئەز دژی هەموو جۆرە پرۆسێسێکی جیابوونەوەخوازانەم، لە هەر پارچەیە لە نیشتمانی عەرەبدا ڕوویدا وە کۆماری یەکگرتووی عەرەب، بەرەنگاری هەموو جۆرە ڕێبازێکی لەم بابەتە دەکا، جا هەلومەرج هەرچۆنێ بێ، بابێ)«219،10»

لەوانەیە، تا ئێستە، لە مێژووی عەرەبدا، پیاوێکی دەسەڵاتدار و سەرۆکێکی جەسووری وەک « مەعەمەر قەززافیی » هەڵ نەکەوتبێ، بەو شێوە ڕوون و بەو ڕاشکاوییە، دانی بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا نابێ! هەر خۆی، چەن جارێ گوتاریداوە، باوەڕی بە نەتەوەی کورد هێناوە، کە نەتەوەیەکی زیندوو و سەربەخۆیە، لە نەتەوەکانی « تورک، فارس و عەرەب » جیاوازە. داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی بۆ کورد کردووە. کەچیی، یەکێکی وەک « عەبدولسەلام جەللوود »ی هاوڕێ و هاوکاری، لە کۆبوونەوەیەکدا لە « دیمشق »، بەرەوڕوو بە سەرانی پارتە کوردستانیی و عێراقییەکانی گوتبوو: (ئێوەی کورد عەرەبن. جا ئێستە کە ئێوە دەبێژن: " کوردین "، هەر کاتێک زوڵمتان لە سەر نەما، ئەوا ئێوەش دەبێژن: " عەرەبین ".)«53،10»

لەو جۆرە کەسانەی بەو شێوەیە بیردەکەنەوە و لە کورد دەڕوانن، گەلێکن. لێرەدا لەوە پتر، پێویست بە ناوهێنانیان ناکا! لەبەرئەوە، بیری نامۆ و دەسکردی «عێراقچێتیی »، نەک هەر بە هەموو توانایەوە، دژی ڕێبازی « کوردستانیزم » و

بیری ڕەسەنی « نەتەوەیی کوردیی » ڕادەوەستێ، بەڵکوو، زۆر بە کوڵودڵیشەوە هەوڵدەدا، هەموو باشووری کوردستان بەعەرەبێنێ. بۆیە، بە عەرەبکردنی هەموو ناوچەکانی « کەرکووک، خانەقین، دوز، تەلەعفەر، شەنگار ... »، بە ئەنجامێکی سروشتیی ئەو بیرە گەندەڵە دادەنرێ. داگیرکەری دەوڵەتی عێراقیش، هەمیشە هانی بیری « عێراقچێتیی » داوە و دەدا، تا هەست و هۆشی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کورد و بیری « کوردستانیزم »، لە بیر و مێشکیاندا بتاسێنێ.

جا، هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر، بیر و هۆشی نەتەوەیی هەبێ، نیشتمانەکەی خۆی خۆشبووێ، تا ماڵە کاولە وێرانە کوردستانەکەی خۆی وەستابێ، هەرگیز ڕوو لە مزگەوتی بەهەشتی داگیرکەران ناکا! چونکە، ئەو بیرە، بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد، وەک داری ژەقنەمووت وایە، ئەو کوردەی گزرانیی بە بالایدا هەڵدەدا و لە دەوری دەناڵێ، دیارە، لە مەڵێکی گولی « عێراقچیی » بەو لاوە، هیچی دیکە نییە! مەلی گولیش، هەمیشە عاشق بە داری ژەقنەمووتە!

دوا جاریش دەڵێم: بیری « عێراقچێتیی و کوردستانچێتیی »، وەک بەهاری تەڕ و ڕازاوە بە کوڵاڵەسوورە و نێرگز، پاییزی فێنک و جوانی پرچ زەرد وان، دووپشکی هاوینی گەرم و ووشکیان لە نێوان دایە. هەرگیز، نە بە یەک دەگەن و نە پێکەوە دەگونجێن!

لەو ڕۆژەوە، دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » دامەزراوە، لەو ڕۆژەوە، باشووری کوردستان، بە « عێراق »ی عەرەبیی یەوە لکێنراوە، لەو ڕۆژەوە گەلی کورد، لە پێناوی ڕزگاریی کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەییدا خوێندەڕێژێ، هەر چەندە، تا ئەوڕۆ دەوڵەتەکە ماوە، کوردستان بە عێراقەوە بەسراوەتەوە، هەموو هەوڵەکانی کورد، بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی تێکشکاوە، کەچیی، ڕۆڵەکانی گەلی باشووری کوردستان، تا ئەوڕۆ، دژی ئەو بیرۆکە چەوتە، بەردەوام خەباتدەکەن، سەریان بۆ بیری گەندەڵی « عێراقچێتیی » شۆڕ نەکردووە.

بە پێچەوانەوەشەوە، ئەو هەموو هەوڵەی دەستەی فەرمانڕەوایانی یەک لە دوای یەکی « عێراق » داویانە و بە شێوەیەکی بەردەوامیش دەیدەن، بۆ ئەوەی ئەو بیرە بچەسپێنن، (نەک هەر نەیتوانیوە، بیری کوردستانیبوون ڕیشەکێشکا، بەڵکوو، بۆتە هۆی ئەوەی، گیانی کوردستانیبوون لە ناو زەحمەتکێشانی کوردستاندا قووڵتر ڕەگوڕیشە داکوتێ و خەڵکی سوورتربن لە سەر ئەوەی، پاشەڕۆژ و ئامانجەکانی خۆیان و گەشەکردنی کۆمەڵەکەیان لە چوارچێوەی ڕزگاری کوردستان و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی کورد و پێشکەوتنیدا ببینن.)« 7،53 »

لەوانەیە، تا ئێستە بە کردەوە، شتێکی ئەوتۆ بە قازانجی بیری « کوردستانیزم » بەدی نەهاتبێ. بەڵام، هەمیشــە لە بیـر و هۆشـی ڕۆڵەکـانی گـەلی باشـووری کوردستاندا، تای تەرازووی بیری « کوردستانیزم »، لە چاو تای تـەرازووی بیری « عێراقچێتیی »دا قورسـتر و سـەنگینتر بووە. هەر هـەلێکیان بۆ هـەڵکەوتبێ، لەکیس خۆیان نەداوە، بۆ ئەوەی دیواری ئەستووری ئەو گرتووخانەیە بڕوخێنن، تەلبەندی دڕکاویی ئاگرینی نێوان سنووره دەسکردەکانی کوردسـتان بقرتێنن، بەرەو ڕازگاریی و سـەربەخۆیی هەنگاوبنێن. ڕاپەڕینەکـەی بەهاری «1991 »ی باشـووری کـوردسـتـانیش، بەڵگەیە ئەو ڕاسـتـیـیـە و زیندوێتی بیری پیرۆزی «کوردستانیزم » و قرچۆکی بیری « عێراقچێتیی »مان بۆ دەسەلمێنێ! ئەو نیمچە ئازادیی و سـەربەخۆیی نەتەوەییەی، ئەوڕۆ لە باشووردا هەیە، ئەو دابڕانەی لە دەوڵەتی ناوەندی « بەغدا » ڕوویداوە، بە نیشـانەیەکی هەرە مەزنی سـەکەوتنی هەوڵی ڕۆڵەکانی گەل دادەنرێ، تا لە پێناوی کـوردسـتـانێکی ئازاد و گـەلێکی بەختیاردا، پتر خەباتکەن و ڕوو لە پرشنگی خۆری ئازادیی بکەن!

33/3. برایەتیی یا دۆستایەتیی؟

دوای ئەوەی، لە سـەر حسـێبی بیری خـۆرسکیی « کـوردسـتـانیـزم »، بیـری دەسکردی « عـێـراقـچـێـتـیی » سـەریدەرهێنا و گـەشـەیکرد، ئیدی، وردەوردە، دروشمی برایەتیی « کورد و عـەرەب »یش دەرکەوت، لە لایەن هێزە ڕامیارییە کوردستانیی و عێراقییەکانەوە بەرزکرایەوە. بەڵام، هەر لایەن و هەر گەلەی، بۆ مەبەسێکی تایبەتیی خۆی، ئەو دروشمەی هەڵگرت. هەڵبەتە، پارتەکانی باشووری کوردستان، پتر لە ناچاریدا، پەنایان بۆ بەر ئەو دروشمـە بردووە و هەرگیـز لە ڕوانگەی بیر و باوەڕێکی ڕاسـتەقینەوە، ئەو دروشمەیان بەرز نەکردۆتەوە. بەڵام، ئەو دروشمە، هەمیشە لە بەرژەوەندیی عەرەبەکاندا بووە، بۆیە، گەر باوەڕیشیان پێی نەبووبێ، هەمیشـە جەختیـان لە سەر کردووە، لە هەموو بۆنەیەکدا، باسی برایەتیی « کـورد و عـەرەب »یان کـردووە. تا بە هۆی ئەو دروشـمــەوە، هەسـتی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد سڕکەن، وایان لێ بکەن، بیر لە کێشەی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیی نەکەنەوە.

لەبەرئەوەی، عەرەبەکان زۆر بە باشیی، لەو ڕاستییە گەیشتوون، دەزانن، بۆچی هێزە ڕامیارییەکانی کوردستان، دەسیان بە قوڵفی ئەو دروشمەوە گرتووە. لە هەمان کـاتیـشـدا، خـۆشـیـان دەزانن، چ جۆرە برایەتییـەکیـان دەوێ! بۆیە، عەرەبەکان پێیان وایە، کورد لە عێراقدا، لە ڕێی ئەو برایەتییەوە دەیەوێ، خۆی بە

هاوسان و هاوشانی عەرەب بزانێ. ئەوەش، بە هیچ شێوەیە، هیچ عەرەبێ هەرە لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو »، پێی قایل نابێ و باوەڕی پێ ناکا. لە ڕاستییدا، ئەو دروشمە، دروشمێکی خۆڕسکیی و ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو، لە ئەنجامی ناچاریدا هاتووە. دروشمی خۆ هەڵواسین بە عێراقەوە بووە، بۆ ئەوەی کوردیش، لەو کەشتییە ناپیرۆزەی دەوڵەتی عێراقدا، هەرچی چۆنێبێ، جێ پێی خۆی بکاتەوە.
برایەتییەکەش، برایەتییەکی زۆڵەکی دەسکردی ئینگلیز و چڵکاوخۆرەکانی بووە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، وەک بوقێکی هەرزانی پروپاگەندەکردن، پروپاگەندەیان بۆ کردووە. چونکە، عەرەبەکان زۆر باش زانیویانە، « عێراق »ی عەرەبیی، بێ باشووری کوردستان هیچ نییە و پاشەڕۆژیشی باش نابێ. جا ئەوە، چ لە ڕووی سەروەت و سامانی کوردستانەوە بووبێ، چ لە ڕووی هەڵکەوتە ستراتیژییەکەی باشووری کوردستانەوە بووبێ، چ لە ڕووی ئەو دیوارەوە بووبێ، کە لە نێوان « ئێران » و « عێراق »دا، بە کەللەسەری ڕۆڵەکانی کورد هەڵچنراوە! بە ئەندازەیەک دەتوانین، بڵێین: ئەوەی زۆر هەوڵی بۆ ئەم برایەتییە درۆزنانەیەی نێوان کورد و عەرەب داوە، بەپێی بایەخ و ڕۆڵیان ئەمانە بوون: « ئینگلیز، عەرەبە فەرمانڕەواکانی عێراق، موسوڵمانەکانی کورد و عەرەب، ڕووناکبیرانی کورد، چەپ و کۆمۆنیستەکانی کورد و عەرەب، بە تایبەتیی دوای ئەوەی، پارتی کۆمۆنیستی عێراق دامەزراوە، پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان، لە سەروو هەمووشیانەوە، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، هەر لەو ڕۆژەی دامەزراوە، ڕۆڵێکی گرنگی لەم بوارەدا وازیکردووە. »
بەڵام، چونکە برایەتییەکە، بنچینەیەکی پتەو و کۆنکرێتیی نەبووە، بە خواستی ڕۆڵەکانی هەر دوو گەلی عەرەب و کورد نەبووە، نەک هەر تا ئێستە، داری برایەتییەکە، هیچ جۆرە بەرێکی نەبووە و نییە، بەڵکوو، تاهەتایە، وەک دارێکی زڕ، بەری نابێ. مەگەر تەنیا، هەر سێبەرێکی چەواشەکەرانە و هەڵخەڵەتێنەرانەی بێ! چونکە، هەم سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکە، کەڵکی لێ وەردەگرێ، هەم هەموو « عێراقچیی »یە هەڵپەرست و ناپاکەکانیش، خۆیانی پێوە بادەدەن، قنجوقیت بۆ « عێراق »ی دەسکردی ئینگلیز، « عێراق »ی ئەنفال و کیمیاویی هەڵدەپەڕن. جا گەر وا نەبووایە و وا نەبێ، هەڵبەتە، ئێستە لە مێژبوو، ئەم بیرە پووتە چەسپیبوو، میوەی بەتام و شیرینی داری برایەتییمان دەخوارد!
لە ڕووی مێژووییشەوە، نەک هەر کورد و عەرەب، بەڵکوو، هیچ نەتەوەیەکی دیکەی داگیرکەر و داگیرکراو، برا نەبوون و براش نین. گەر سەرنجێکی سەرپێییش، لە

مێژووی پێوەندییەکانی کورد و عەرەب بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، عەرەب کەی و چۆن، ئەو پێوەندییەیان لەگەڵ کورددا گرێداوە؟ چۆن دەورویەری هەزار و چوارسەد ساڵێ لەمەوبەر، خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. ئەوەی نکوولییش لەم داگیرکردنە بکا، با سەرچاوە مێژووییەکان بخوێنێتەوە، ئینجا بۆی ڕوون دەبێتەوە، ئەو لەشکرە داگیرکەرەی عەرەبەکان، بە ناوی ئیسلامەوە، چییان بە سەر کورد و کوردستان هێناوە. ئەز باوەڕم وایە، دوای ئەوەی پەیامبەر مردووە، ئایینی ئیسلام، بە ڕێبازێکی نەتەوەیی عەرەبیی توندڕەودا ڕۆیشتووە. هەر لە سەردەمی یەکەم خەلیفەی « ڕاشیدین »ەوە، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی « عەبباسیی » ڕوخاوە، لە ژێر پەردەی ئاییندا، نیشتمانی نەتەوەکانی دیکەیان داگیرکردووە. بەڵام، ئەوان زیرەکبوون، ڕووی دزێوی ئەو داگیرکردنانەیان ئارایشکردووە، ناوی « فتوحات ئەلئیسلامیە »یان لێ ناوە، کە بە لای منەوە، لەگەڵ « ئەلئیحتلال »دا، هیچ جیاوازییەکی نەبووە و نییە. چونکە، بە هەموو شێوەیە هەوڵیانداوە، هەرچی « کەلتوور، ئاین، ترادیسیۆن، باوەڕ و دەسەڵاتی نەتەوەیی » ئەو نەتەوانە هەیە، هەمووی لە ڕیشەوە هەڵکێشن. هەر بەوەشەوە نەوەستاون، بەڵکوو، دوای ئەوەی وڵاتەکەشیان « داگیر، وێران و تالان » کردووە، عەرەبێکی موسوڵمانیان، وەک فەرمانڕەوایەک داناوە. ئەویش، بە ئارەزووی دڵی خۆی، چی ویستووە، کردوویەتی! ئیدی، گەر ئەمە داگیرکردن نەبێ، ئایا داگیرکردن چییە؟ بە ڕاستیی، عەرەبە موسوڵمانەکان، هەرگیز ئەو پیاوە لە خواترسە نەبوون، تا کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، لە بەر خاتری خوا و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام، ئەو کارانەیان کردبێ. بەڵکوو، هەر وڵاتێکیان داگیرکردبێ، هەرچی شتێ خراپە کردوویانە، نیشتمانەکەیان « وێرانکردووە، سووتاندووە، تالانکردووە، بە هەزاران خەڵکی بێتاوانیان کوشتووە، کەلێکیشیان بە دیل گرتووە، ژن و کیژەکانیان بۆ خۆیان هەڵگرتووە، یا فرۆشتوویانن، یا وەک کەنیزەک ڕایانگرتوون ». وەنەبێ، ئەم شتانەی لێرەدا دەیاننووسم، بەندە بە ئەندێشە دروسیکردبێ. یا لەو سەردەمەدا ژیابم. یا لە سەرچاوەیەکی دژ بە ئیسلامەوە وەرم گرتبێ. نەخێر، بەڵکوو هەمووی لە دوو توێی پەرتووکە مێژوویی و باسە ئایینییەکاندا هەن. با لێرەدا، هەر بۆ نموونە قسەیەکی « ئیبنولئەسیر » بێنمەوە. گوتوویەتی: (هێندێ لە سەرکردەکانی « عومەری کوڕی خەتاب »، ساڵی« 640-644 »ز. وەک « عەززە کوڕی قەیس و عەتبەبە کوڕی فەرقەد و قەیس کوڕی سەلە ئەلئەشجەعیی، دەسیان بە سەر ناوچەی « شارەزوور »دا گرت، دانیشتووانیان سووتان و نقوومکرد.)«16،1»

تەنانەت، سوورەتی « ئەلئەنفال »، زۆر بە ئاشکرا، « سەر، ماڵ و شەرەف »ی گاورەکانی حەڵاڵکردووە. مەبەس لەو گاورانەش، جگە لە « فەلە و جوو »، هەموو ئەو نەتەوانە بوون، ئیسلام نەبوون. جا، ئیدی دەبێ، چی دیکەی تێدا مابێتەوە؟!!

لێرەدا دەمەوێ، کەمێ لە هەر دوو زاراوەی « برایەتیی و دۆستایەتیی » بدوێم. ئەو دوو زاراوەیە، دوو پێناسە و تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە. چونکە، تەنیا ئەندامانی یەک نەتەوەی دیاریکراو، بە برا دادەنرێن. لەبەرئەوەی، لە زۆر شتی وەک « خوێن، زمان، مێژوو، خاک، کەلتوور، خووڕەوشت، هەستی نەتەوەیی، چارەنووسی هاوبەش »دا بەشدارن و وەک یەکن. بۆ نموونە: کورد و کورد بران. چونکە، سەر بە یەک ڕەگەزی دیاریکراون، لە خاکێکی تایبەتیدا دەژین، مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، یەک دابونەریتی هاوبەشی کوردەواریی کۆیاندەکاتەوە، هەموو کوردێ، هەستی خۆبەکوردزانینی هەیە، یەک چارەنووس چاوڕێیاندەکا. هەروەها، « عەرەب و عەرەب، تورک و تورک، فارس و فارس، ڕووس و ڕووس ... تاد » هەموو لە نێو خۆیاندا بە برا دادەنرێن. بەڵام، « کورد و عەرەب، عەرەب و تورک، تورک و فارس، ئینگلیز و ڕووس ... تاد » نە هەرگیز برا بوون و نە هەرگیزاوهەرگیزیش دەتوانن، برابن! چونکە، لە هەموو شتێکی نەتەوەییدا، جیاوازییان هەیە. هێندێکیان، تەنیا هەر لە ئایندا هاوبەشن. ئاینیش، هەرگیز بە یەکێ لە مەرجەکانی نەتەوە نەژمێرراوە و ناشژمێرێ. چونکە، لە نێو هەموو نەتەوەکان و تەنانەت لە نێو نەتەوەیەکی دیاریکراویشدا، چەندین ئاین هەیە و هەموویان لە سەر یەک ئاین نین. بۆ نموونە: کوردی « زەردەشتیی، یەزدیی، جوو، فەلە، موسوڵمان و عەلەویی » هەیە. هەروەها، لە نێو عەرەبیشدا، چەندین ئاین و ئاینزای جیاواز هەیە. لەبەرئەوە، جگە لە ئایینی هاوبەش، لە نێوان کورد و عەرەب، کورد و نەتەوە سەردەسەکانی دیکەی کوردستاندا، هیچ جۆرە خاڵێکی دیکەی هاوبەش نییە. تەنانەت، گەر دوو نەتەوە لە یەک بەرەبابیش کەوتبنەوە، دیسانەوە بە برا دانانرێن، بەڵکوو بە ئامۆزا دەژمێررێن. ئەوەتە، عەرەب و جوولەکان، لە یەک سەرچاوەی مێژوویییەوە هەڵقووڵاون، لە یەک بەرەبابەوە دروسبوون، کەچیی، هەرگیز بە یەکدی ناڵێن برا، بەڵکوو، یەکێکی وەک « یاسر عەرەفات »، دوای ئەو هەموو خوێنڕشتن و دوژمنایەتییەی نێوانیان، جارێ لە گوتەیەکیدا لە « لەندەن »، بە « کوڕەکانی مام » ناویبردن!

جگە لەوەی، ئەم برایەتییەی عەرەب و کورد، تەنیا لە نێو هەر دوو گەلی عەرەبی عێراق و کوردی باشووری کوردستاندا دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە. ئەگینا،

برایەتیی لە نێوان « تورک و کورد، فارس و کورد »دا، بە هیچ شێوەیە، نە دەنگ و نە ڕەنگی نییە. خۆ ئەوانیش وەک عەرەبەکان، هەر بە داگیرکەری دوو پارچەی کوردستان دادەنرێن! گەر چی، فارسەکان وەک « کورە مام »ی ئێمەش وان، کەچیی، شتێ نییە، ناوی برایەتیی « فارس و کورد » بێ! بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ، کێ بنچینە سەرەکییەکانی ئەم برایەتییە دەسکردەی، لە نێوان عەرەبی عێراق و کوردی باشووری کوردستاندا داڕشتووە و بۆ چ مەبەسێ بووە!
با بزانین، ڕۆڵە بە جەرگ و دڵسۆزەکانی کورد، دەربارەی برایەتیی « کورد و عەرەب » چییان گوتووە و کردووە؟
سەرکردەیەکی قارەمانی لە خواترسی وەک « شێخ مەحموود »ی نەمر، هەر زۆر زوو، هەستی بەو ڕاستییانە کردووە، چۆن عەرەبەکان بە ناوی برایەتیی و ئایینەوە، کوردستانیان داگیرکردووە و گەلی کورد دەچەوسێننەوە. بۆیە، لە ڕۆژی « 1931/03/31 »، لە نامەیەکدا بۆ « کۆمەڵەی نەتەوەکان » نووسیوێتی: (بۆ بەدبەختی ئێمە، خاکەکەمان بە عێراقەوە لکێنرا و ئەورووپاش کە لافی ئەوەی لێدەدا، بۆ بەرگریکردن لە ماف و دادپەروەریی چەکی هەڵگرتووە. لە بەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا، بێ دەنگبوو، ستەمێک کە چارەنووس و داهاتووی نەتەوەیەک کە ئەگەرچی نەک بە ڕەسمیی، بەڵام بە کردەوە بووبووە خاوەن دەوڵەتی خۆی بەستەوە بە چارەنووسی نەتەوەیەکی دیەوە، کە نەژاد و داب و نەریت و مێژوو و زمان و سیمایان لە یەک جیاوازە.)« 171،59 »
لە بارەی ئایینیشەوە فەرموویەتی: (نەتەوەی من و خودی خۆشم، بە هیچ شێوەیەک، دەمارگیریی ئایینزاییمان نییە و تینووی خوێنڕێژیی نین و ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتووە، تەنیا لەبەرئەوەیە، کە ناچاریانکردووین و بە سەریاندا سەپاندووین.)« 59، 173-174 » پاشان، دەربارەی مافە ڕەواکانی گەلی کورد نووسیوێتی: (ئەم دۆخی شۆڕشگێڕییەی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدنییەتی دەسەڵاتدارانی عێراق، کۆتایی پێ نایەت، ئەو کاتە نەبێت، کە هەموو مافە ڕەواکانی کورد، بە ڕەسمیی بناسرێ و لەبەرچاوبگیرێ.
ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، داننانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا ... واتە: « دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور »دا و برین و لەناوچوونی هەموو پێوەندییەک بە دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە.)« 174،59 »
گەر لەو سەردەمەدا، یەکەم فەرمانڕەوای باشووری کوردستان بەو شێوەیە دوابێ، ئیدی، مێژووی هاوبەشی چی، وەک هێندێ چڵکاوخۆری چەواشەکەری دەوڵەتی

داگیرکەری عێراق، پروپاگەندەی بۆ دەکەن؟ جگە لە مێژووی داگیرکردن و تالآنکردنی کوردستان، هیچ جۆرە مێژوویەکی نەتەوەیی هاوبەشمان نییە. ئەو مێژووە ڕەشەش، هەر لە سەرەتای داگیرکردنی کوردستانەوە دەستپێدەکا، ئەوڕۆش هەر بەردەوامە، تا کوردستانیش بە تەواویی ڕزگار نەبێ، هەرگیز کۆتایی نایە. ئەوە پیاوێکی وەک « شێخ مەحموود » بوو، لە « 1931 »دا، داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، کەچیی، « زێوەر »یش ئەو جۆرە هۆنراوانەی هۆنیوەتەوە! « بەرزنجیی »ش نووسیوێتی: (بۆی هەبوو، بەبێ پرس بچێتە خزمەتی شێخ و هەرەمسەرای شێخان)«10،3» واتە: زۆر نزیکی « شێخ » بووە!

(« تۆفیق وەهبیی » لە یاداشتەکانیدا، حوکوومەتی عێراق بە حوکوومەتی عەرەبیی و کوردستانی عێراق بە کوردستانی جنوبی ناوئەبا و ئەڵێ: کابرایەکی ئایریش چەند ئینگلیزە، کوردیش ئەوەندە عەرەب و عێراقییە.) «217،59»

کاتێ نوێنەرانی ئینگلیز و دەوڵەتی عێراق، ڕۆژی « 1930/08/10 » سەردانی شاری « سولەیمانیی »یان کردووە بۆ ئەوەی کورد بخەڵەتێنن و هێوریکەنەوە، هێندێ کەڵەپیاوی کوردی وەک : « ڕەمزی فەتاح، شێخ قادر، عیزەت بەگ، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسووڵ ئاغا، میرزا تۆفیق » بەرەوڕوو و بە ئاشکرا، داکۆکییان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانییان کردووە، پیلانەکانی ئینگلیز و کاربەدەسانی میریی عێراقیان لەقاوداوە، دژی ئەو بڕیارانە بوون، کە بۆ لکاندنی باشووری کوردستان داویانە، بێ ئەوەی مافە نەتەوەییەکانی کورد ڕەچاوکەن. بۆ نموونە: کاتێ نوێنەرەکان گەیشتوون، خەڵکی شار بە گشتیی و ژنان بە تایبەتیی هاواریانکردووە: (هەر بژی کورد و کوردستان و حوکوومەتی کوردیمان ئەوێ:)«107،59»

« ڕەمزی فەتاح »، بە ناوی خەڵکی شار و « هەینەی وەتەنیی »یەوە، لە کۆبوونەوەدا بەرانبەر نوێنەرەکانی ئینگلیز و عێراق قسەیکردووە و گوتویەتی: (بەیاناتی ڕەئیس ئەلوزەرا و مەندووبی سامیی، کوللیەن موخالیفی موقەڕەراتی عوسبەتول ئومەم و ئیعترافاتی فەخیمەی بریتانیا و عێراقە. لە پێش هەموو شتێکدا ئەبێ، حقووقی موقەددەسە و ئیستیقلالی کوردان ببێ بە سەبەبی ئیتیحادی عونسووری کورد و عەرەب.)«108،59»

ئینجا، « حەمەی ئەورەحمان ئاغا » هەستاوە و گوتوویەتی: (ئێمە کوردین و کوردستان عیبارەت نییە هەر لە سلێمانیی. لە زاخۆ وە هەتا خانەقین

کوردەوارێتییە و نایانەوێ، لەگەڵ عێراقدا بژین و حوکوومەتێکی موستەقیللەی کوردیمان ئەوێ لە ژێر ئینتیدابدا. ئەگەر ئینگلیزیش نامانداتێ، موراجەعەت بە عوسبەتول ئومەم ئەکەین.)«110،59»

دواتر «شێخ قادری حەفید» گوتوویەتی: (ئێمە میللەتێکی سەربەخۆین لە ژێر ئینتیدابدا حوکوومەتێکی کوردیمان ئەوێ وەگەر نازین.)«111،59»

پاشان «عیزەت بەگ» گوتوویەتی: (هیچ کوردێک کەرەتێکی تر لەگەڵ عێراقا نازی.)«111،59»

دیسانەوە، «رەمزی فەتاح» هەستاوە و گوتوویەتی: (یەک دەفعە عەرزمانکردن کورد و عەرەب قابیل نییە پێکەوە بژین. ئێمە ئارین و ئەوان سامیین، ئێمە شاخین و ئەوان دەشتەکین. حەتتا خاکی کوردستان بەرین بۆ عەرەبستان و هی عەرەبستان بێنین بۆ کوردستان هەر دووکیان هێزی ئینباتییەتیان وەنئەکەن.) «112،59»

عەرەبە داگیرکەرەکان ویستوویانە، بە ناوی ئایینەوە، نوێنەرەکانی کورد بێ دەنگکەن. بۆیە، «میرزا تۆفیق» لە وەڵامی سەرۆک وەزیراندا گوتوویەتی: (ئێستەکە دیانەت بابەتی باسکردن نییە، مەسەلە میللەتە و دامەزراندنی حوکوومەتێکی کوردییە. ئەگەر بە دین بێ، ئەبێ، ئێرانیش واز لە میللەتی خۆی بێنێ و داخلی حوکوومەتی عێراق ببێ. داوای لێبووردنت لێ ئەکەم، باسەکە مەگۆرە.)«114،59» پاشان، جارێکی دیکە هەستاوە و گوتوویەتی: (ئەگەر لە بەر دین لازمە ئێمە تابیعی ئێوە بین، لە هەموو عالەم ئاشکرایە، کە کورد زۆر دیندارە. بینائەن عەلەیهی، پێویستە عەرەب لە ژێر ئیدارەی ئێمەدا بێ.) «114،59»

ئەمە پوختەی باوەڕی ئەو سەردەمەی نوێنەرانی کورد بووە. ئەو کەڵەپیاوانە، بەو شێوەیە، داکۆکییان لە مافە رەواکانی گەلی کورد کردووە. بێ سڵەمینەوە، پەنجەیان بە چاوی نوێنەرانی ئینگلیز و عێراقدا کردووە. چەندین سکاڵانامە و تەلەگرافیان، بۆ سەرانی «میریی عێراق، وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و کۆمەڵەی نەتەوەکان» ناردووە. لە هەموو ئەو نامانەدا، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە، زۆر بە راشکاویی، دژی برایەتیی عەرەب و کورد، باوەڕی خۆیان دەربڕیوە. ئەدی لەو رۆژانەدا، «خوێندەوار، مامۆستا، رووناکبیر و هۆنەرێکی وەک «زێوەر»، لە کوێ بووە؟ چی کردووە؟ باوەڕی چۆن بووە؟ بۆ بە هیچ شێوەیە، ناوی نییە و بەشداریی لە هیچ شتێکدا نەکردووە؟

ئەمە نیوەی چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو برایەتییە بوو، کە ئینگلیز دروسیکرد و رۆڵەکانی کوردیش بەو شێوەیە، دید و بۆچوونی خۆیان دەربڕی. بەڵام، با ئێستە بزانین، نیوەکەی دیکەی چیرۆکی برایەتییەکە، لای چەن شۆڤێنیی و داگیرکەرێکی عەرەب، چۆن بووە؟

ئەگەر هەر چەن ڕەگەزپەرستێکی عەرەب، باوەڕیان وا بووبێ، کورد و عەرەب نەک هەر بران، بەڵکوو، هەر لە بنەڕەتدا یەک نەتەوەش پێکدێنن، بۆ ئەوەی دەماری نەتەوەیی کورد سرکەن و داوای سەربەخۆییان لە بیربەرنەوە. ئەوەتە، شۆڤێنییەکی عەرەبی وەک « عەلی مەحموود » ناوێکی پارێزەر و باوەڕپێکراوی پارتی « نیشتمانیی عێراق »، لە ڕۆژنامەی « ئەلبیلاد »دا، دژی ئەوە وەستاوە، زمانی کوردیی لە باشووری کوردستان، بە زمانێکی فەرمیی بناسرێ و نووسیوێتی: (ویستی ئەزەلی لە چارەی نووسیون « مەبەستی عەرەب و کوردە » کە هاوکار و یەکگرتووبن بەرامبەر مەترسییەک کە ئەکەوێتە سەر یەکێتیی عێراق، ئێمە و کورد یەک نوممەین. مێژوو و تێکەلاویی خوێن و دین و قازانجی هاویەش یەکی خستووین.)«192،59»

دیارە، ئەو برا عەرەبە موسوڵمانە، کە ئایینی بە خاڵێکی هاوبەشی نێوان کورد و عەرەب داناوە، هێندە بەرچاو ڕوونبووە، تەنانەت ئەو مافەشی بە کورد ڕەوا نەبینیوە، بە زمانە نەتەوەییەکەی خۆشی بنووسێ و بخوێنێتەوە. بەپێی بەرژەوەندیی شۆڤێنیی و ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەی باڵادەس گوتاریداوە، خۆی بە گەورەی هەموو لایەک داناوە و ئەو بڕیارانەی دەرکردووە!

کەواتە، جۆرە پێوەندییەکی دیکەی جیاواز هەیە، پێوەندیی نێوان نەتەوە جیاجیاکان ڕێکدەخا و پێکیانەوە دەبەسێ. ئەویش، پێوەندیی مرۆڤایەتیی و دۆستایەتییە. پایە سەرەکییەکانی ئەم پێوەندییەش، لە بەر ڕووناکایی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی بەرابەرییدا هەڵدەسێ و دەچەسپێ. واتە: نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەتوانن، لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوندییەکی هاوبەش و ڕێزی بەرابەرییدا، دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە و یەکسانانە دامەزرێنن.

جیاوازییەکی دیکەی گرنگ، لە نێوان « برایەتیی و دۆستایەتیی »دا ئەوەیە، هەرچی « برایەتیی » هەیە، لە نێوان ئەندامانی یەک نەتەوەدا ڕوودەدا و تاهەتایە بەردەوام دەبێ. بەڵام، مێژوو سەلماندوێتی، هەرچی « دۆستایەتیی » هەیە، لە نێوان دوو نەتەوە یا پتردا دروسدەبێ، تا سەریش بەردەوام نەبووە و ناشبێ. بەڵکوو، هەمیشە بەپێی بەرژەوەندییە « ئابووریی، ڕامیاریی و کەلتووریی »یەکان

گۆڕاوە و دەشگۆڕێ. لە مێژووی دوور و نزیکماندا، چەندین نموونە لە سەر پێوەندیی « دۆستایەتیی » هەیە، کە چۆن دوو نەتەوە، ماوەیەکی زۆر دۆستبوون. پاشان، یەکێکیان خاکی ئەوی دیکەیانی داگیرکردووە، یا پشگیریی دوژمنەکەی ئەوی دیکەیانی کردووە. جاری واش هەبووە، هەر هەمان دوو نەتەوە، پاش ماوەیەکی دیاریکراو، ئەو پێوەندییە « دۆستایەتیی »یان نوێکردۆتەوە، وەک نەبای هاتبێ و نەبارن باریبێ!

لە ڕاستییدا، زاراوەی « برایەتیی »، لە فەرهەنگی ڕامیاریی، هیچ نەتەوەیەکی جیهاندا نییە. واتە: شتێ نییە، ناوی « برایەتیی گەلان » بێ. بەڵکوو، تەنیا هەر « دۆستایەتیی » هەبووە و هەیە. لەبەرئەوە، پتر حسێب بۆ ئەو زاراوەیە کراوە و دەشکرێ. تەنانەت، لە فەرهەنگی ڕامیاریی دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمانی کۆمۆنیستی وەک « یەکێتی سۆڤیەت »ی پێشووشدا، تەنیا زاراوەی « دۆستایەتیی نێوان گەلان ـ Dreujba mejdy Narodov » بەکاردەهێنرا. بەڵام، ئەم زاراوەی « برایەتیی »یە، سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و پارتە ڕامیارییەکانی نێو نەتەوە سەردەستەکان دایانهێناوە، تا مێشکی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی بندەستیان، بە قەوانی سوواوی « برایەتیی » پڕکەن، دەماری هەست و هۆشی نەتەوەییان سڕکەن. بۆئەوەی، بیر لە ڕزگاریی خاک و سەربەخۆیی نەتەوەکەی خۆیان نەکەنەوە، تا ماون، هەر ژێردەستی ئەوان بن!

کەواتە، « برایەتیی » و « دۆستایەتیی » جیاوازییان هەیە. لە ئاساییترین شێوەی لێکدانەوەی ئەو دوو زاراوەیەدا دەتوانین، بڵێین: « برایەتیی » لە زاراوەی « برا »وە هاتووە، براش تەنیا لە یەک دایک و باوک دروستدەبێ. « دۆستایەتیی »یەتیش، لە ووشەی « دۆست »ەوە پەیدابووە. دۆستیش لە دوو دایک و باوکی جیاواز دەکەوێتەوە.

« ترانتی هانا »، ژنە تێکۆشەرێکی « ڤێتنامیی » بوو. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی « پارتی کۆمۆنیستی ڤێتنام »یش بوو. دەربارەی پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەی، دژی داگیرکەری « ئەمێریکا » گوتبووی: (پێویستە ڕۆڵەکانی گەل فێرکەین، چۆن ڕقیان لە دوژمن دەبێتەوە. لەبەرئەوەی، ئەو کەسەی ڕقی لە دوژمنەکەی خۆی نەبێ، ناتوانێ، بەرەنگاریبێتەوە.) ئەمە، لای خۆی کۆمۆنیست بوو، باوەڕی بە برایەتیی و دۆستایەتیی نێوان گەلانی جیهان هەبووە! بەڵام، ئەوان هێندە زیرەک و وریابوون، دەوڵەتە داگیرکەرەکەیان، لە دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان جیادەکردەوە. نەک وەک ئێمە، چەپڵە بۆ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق لێدەین،

هونەرەکانمان، هونراوەی بە سەردا هەڵدەن و خۆیان و ڕۆڵەکانی گەلەکەشمان بخەڵەتێنن!
(لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، کاتێ داگیرکەری دەوڵەتی « عێراق »، پەلاماری دەوڵەتی « کوەیت »ی دا و داگیریکرد، هێزەکانی هاوپەیمانیش، لەشکری داگیرکەری « عێراق »یان گەمارۆدا و تێکیانشکان، کەسانێ هەبوون، هەر ئەوە بوو، قوڕیان بۆ « خاکی عێراق، بەغدای پێتەخت و لەشکری عێراق »ی تێشکاو نەدەپێوا! هەر ئەوەبوو، بەندی دڵیان بۆ « کارگە، ئێسگەی کارەبای وێرانکراو، پردە ڕوخاو و سەربازگە کاولکراو »ەکان نەدەپسا! وەک ئەوەی خاکی « عێراق »، نیشتمانی مێژوویی گەلی باشووری کوردستان بێ! یا « بەغدا »ی پێتەخت، شاری « ئازادیی، دیموکراسیی، کەلتووریی، چەپکە گوڵ و کۆتری ئاشتیی » بێ! یا لەشکری « عێراق »، لەشکرێکی نیشتمانیەروەری ئاوەدانکەرەوە بێ! یا بەرووبوومی ئەو کارگانە، بۆ بەختەوەریی و چاککردنی باری ژیانی ڕەشوڕووتی گەلی کورد بەکاربێنرێ! یا داهاتی سالآنەی نەوتی « عێراق »، بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەرجکرێ!
ئەمە گەر نیشانەی هەستی خۆ بە عێراقیی زانین و نزامیی پلەی هەستی نەتەوەیی نەبێ، ئیدی دەبێ، نیشانەی چیدیکە بێ؟ ئایا « کەسێ، گەلێ، نەتەوەیە » هەبووە، « تێشکانی داگیرکەرەکەی، ڕوخانی چوار دیواری گرتووخانەکانی وولاتەکەی، پچڕانی کۆتوزنجیری دەس و پێی ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆی » پێ ناخۆشبێ؟ گەر وایە، کەواتە دەبووایە، کاتێ جەنگی دووەمی جیهان ڕوویدا، « سوپای سوور »ی « یەکێتی سۆڤیێت » و هێزەکانی هاوپەیمان، سوپای داگیرکەرە نازییەکانی ئەڵمانیایان تێکشکان و شاری « بەرلین »ی پێتەختیان گردا، جوولەکانی « ئەڵمانیا »، ئەوانەی لە کارگەکاندا سابوونیان لێ دروستدەکردن، قوڕیان بپێوایە، داکۆکییان لە « ئەڵمانیا » و ڕژێمەکەی بکردایە! یا کاتێ هێزەکانی هاوپەیمان، بۆ پاککردنەوە و لەنێوبردنی هێزەکانی « ئەڵمانیای نازیی » و ڕزگارکردنی خاکی « فەرەنسا »، پەلاماری « فەرەنسا »یان دا، دەبووایە، فەرەنساییەکان دژی ئەو هێرشکردنە بوونایە! یا گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان، جەنگێکی گەورە، لە نێوان « ئیسرایل » و هەر دەوڵەتێکی دیکەی ئەم جیهانەدا ڕوویدا، عەرەبە فەلەستینییەکانی بندەستی « ئیسرایل » دەبێ، وەک کەوا سووری بەر لەشکر، شانبەشانی جوولەکان داکۆکیی لە خاکی « ئیسرایل » بکەن! یا گەر کاتی خۆی، دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکەی « خوارووی ئەفریکا »، لە مەترسیدا بووایە،

تووشی کارەساتێکی گەورە بووایە، ڕەشبێستەکان بە هەموو تواناپانەوە، بەریان بەو مەترسییە بگرتایە و خۆیان لە پێناوی پاراستنی ئەو دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەدا بەختکردایە!)«305-304،29»

بەشێکی ئەم تاوان و هەڵخەڵەتاندنەش، بۆ کوردەکانی نێو « پارتی کۆمۆنیستی عێراق » دەگەڕێتەوە. چونکە، گەر ئەوان هەر لە سەرەتاوە، « پارتی کۆمۆنیستی کوردستان »یان دامەزراندایە، هەڵبەتە، لە دوای سییەکانەوە تا ئەوڕۆ، ئەم قوڕی بێگانەپەرستییە، چیدیکە بەو شێوەیە خەستتر نەدەبووە. وەک پەتایەک، بیر و هۆشی هێندێ لە « خوێندەوار، ڕووناکبیر، نووسەر، هۆنەر و ڕامیار »ەکانی کوردی داگیر نەدەکرد. کەچی، دوای ئەو هەموو ماڵوێرانییە، تازە خەبەریان بۆتەوە، چەندین ڕێکخراو و پارتی « مارکسیی ـ لینینیی »یان، بۆ هەڵگرانی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای « مارکسیزم ـ لینینزم » دامەزراندووە!

لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد، لە سەرانسەری کوردستاندا، لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێ بەشکراوە، نیشتمانەکەی خۆی دابەش و داگیرکراوە، هیچ جۆرە ئازادیی و سەربەخۆییەکی نەتەوەیی نییە و پێی ڕەوا نابینرێ، تا ئێستە، هیچ لە باری بندەستیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی کورد، لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی پێوەی بەسراونەتەوە، نەگۆڕاوە. هەرچی چەپڵەی هەلپەرستیی و کاسەلێسیی، بۆ یەک گەردیلەی چکۆلەی خاکی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بکوتێ، هۆنراوە بۆ سەرکردەکانیان بڵێ، گۆرانیی بۆ « ئالا، جوگرافیا، سنوور، هاوردە و ناردە »یان بچڕێ، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆشی پشگوێخا، بە شیری زرکی بێگانەپەرستیی، منالانی کورد بەخێوکا، وەک ئەوە وایە، تولەمارەکەی « شێخ هۆمەر » بەخێوکا و لە کوردەکەی هەر دوو جێژنیش دەبێ! هەم لای داگیرکەرەکە، بە چاوی خۆفرۆش تەماشادەکرێ. هەم لای ڕۆڵەکانی کورد، بە چاوێکی سووک سەیردەکرێ.

لەوە دەچێ، « بەرزنجیی » هەر فێربووبێ، نەک هەر مێژووی ساختە بۆ « زێوەر » دروسکا، بەڵکوو، قسەی کۆچکردووەکانی دیکەش بشێوێنێ. چۆن بەرژەوەندیی خۆی پێویسکا، هەر بەو شێوەیە لێکیبداتەوە و دایڕێژێتەوە. « بێکەس »، لە هۆنراوەی « داری ئازادیی »دا، بە بیستودوو دێڕەهۆنراوە، وەک ڕامیارێکی کارامە و دەسڕەنگین، باسی قوربانیدان و سەربەخۆیی گەلانی « عێراق »ی کردووە ئەو باسەشی، بە خەبات دژی ئینگلیز و شۆڕشی چەکدارییەوە گرێداوە.

« بەرزنجیی » ویستوویتی، نموونەیە لە سەر « برایەتیی » بێنێتەوە. لەمەشدا، پەنای بۆ ئەو هۆنراوەیەی « بێکەس » بردووە، تا وەک بەڵگەیەکی بەهێز، بۆ

پاڵپشتی بۆچوونەکانی خۆی، کەڵکی لێ وەرگرێ. بۆیە، سەرەتا بە چەن ووشەیە نووسیویێتی: (بێ کەسی شاعیر زۆر بەپەرۆشی بۆ ئەم برایی یە دەڵێ:

دۆستی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە

ناحەزی روورەش بالەداخا یەخەی خۆی دادڕێ)»31،3«

1. جگە لەوەی، ڕێنووسی ئەو چەن ووشە و ئەو دێرە هۆنراوەیە هەڵەیە، ووشەی « دۆستایەتیی »ش لە هۆنراوەکەدا هاتووە، کەچبی، ئەو لە نیوەدێرەکەی خۆیدا، بە « برایەتیی » نووسیوە. « دۆستایەتیی »ش، هەرگیز « برایەتیی » ناگەیەنێ!

2. ووشەی « با » لە نیوە دێری دووەمی هۆنراوەکەدا، جێگەکەی گۆڕیوە و لە دیوانەکەیدا، ئەو ووشەیە، بە دوای ووشەی « داخا »دا هاتووە. واتە بەم شێوەیە: ناحەزی ڕووڕەش لە داخا، با یەخەی خۆی دادڕێ.

ئەمە، نیشانەی ئەوەیە، « بەرزنجیی »، هۆنراوەکەی لەبەربووە، تەماشای سەرچاوەکەی نەکردووە. بۆیە، ناوی سەرچاوە و ژمارەی لاپەڕەکەشی نەنووسیوە، وەک لە جێگەکانی دیکەدا تۆماریکردوون. هەڵبەتە، یەکێکی وەک « بێکەس »ی هۆنەریش، زۆر باش زانیویێتی، زاراوەی گونجاو بۆ هۆنراوەکانی هەڵبژێرێ. زۆر بە چاکییش، جیاوازیی لە نێوان « برایەتیی و دۆستایەتیی »دا کردووە. بۆیە، لە هۆنراوەکەدا، هەروا بە خۆڕایی، زاراوەی « دۆستایەتیی » بەکار نەهێناوە و زاراوەی « برایەتیی »شی نەنووسیوە. چونکە هەر « بێکەس » خۆی بووە، لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکەی ڕۆژی ڕەشی « شەشی سێپتێمبەری/1931 »دا، خەڵکی لە خۆی کۆکردۆتەوە، خۆپیشاندانی سازکردووە، پێشیانکەوتووە و هاواریکردووە: « ئێمە کوردین، کوردمان ئەوێ، عەرەب حیزە و نامانەوێ! » ئەنجامی خۆپیشاندانەکەش دیارە و هەر لە سەر ئەوە، قوربانییەکی زۆر دراوە، هۆنەریش باجی خۆی داوە و تووشی سزابووە!

ئایا، هەر « بێکەس » خۆی نەبووە، ساڵی « 1944 » هۆنراوەی « چاوبەست »ی داناوە، وەک ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕی سەردەمەی خۆی، جەماوەری گەلەکەی، لە درۆودەلەسەکانی داگیرکەران وشیارکردۆتەوە. وەک ڕامیارێکی شارەزا، لە بەر تیشکی تاقیکردنەوەکانی پێشوودا، بە هیچ جۆرێ باوەڕی بە پڕوپاگەندەکانی دوژمن نەبووە. چونکە، باشی زانیوە، ماف دەسسێنرێ و نادرێ! بۆیە، بە دە نیوەدێر هۆنراوە گوتوویەتی .

دەنگ بلاوە، خەلق ئەڵێن: ئەم جارە کورد، سەربەست ئەبێ

چی ئەڵێن، بڵێن، لە لام وایە، درۆ و چاوبەست ئەبێ

سەد هەزار جارمان، سیاسەت تەجروبەکرد و کەچیی
ئێستەکەش زۆرمان، بە فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ
بێتو بەبێ .... و .... ، زەرڕەیەک تێکچێ، ئیتر
مەسئەلەی کوردایەتیی، ئەوسا بە جارێ خەست ئەبێ
کەی حقووق ئەدرێ؟ ئەسەنرێ. عەیبە، ئیتر تێبگەن!
سەربەخۆیی چۆن نسیبی قەومی، وا بێ دەست ئەبێ
میللەتی جاهیل لە دنیادا، ئەبێ هەرە بەندە بێ
نۆکەریی هەر خشت بە بالای، قەومی دیل و پەست ئەبێ «71،6»

هەروەها، هەر « بێکەس » خۆی نەبووە، بە دوازدە چوارخشتەکیی، لە هۆنراوەی « دەردی دەروون »دا، لە سەرەتادا گوتوویەتی:

وان وە بان غەیرە، ئەم قەومی خۆمە
مەحکوومی حیز و خەرات و دۆمە
نامووس و ویجدان، غیرەت و شەرەف
لە ناو ئەشرافا باریکرد، ئەسەف «218،6»

ئیدی، « بەرزنجیی » بۆچی خوێنەر چەواشەدەکا؟ بۆچی، مێژووی پێوەندیی نێوان کوردی بندەس و عەرەبی سەردەس، بە دەسی ئانقەس دەشێوێنێ؟ بەرژەوەندیی لەوەدا چییە؟ لە بەر چاوی کاڵی کێ، رشتەی مرواریی، برایەتیی درۆزنانەی نێوان « کورد » و « عەرەب »مان بۆ دەهۆنێتەوە؟

خۆ گەر « بەرزنجیی » بتوانێ، ئەو هۆنراوەیە بشێوێنێ، تا خەڵکی پێ بخەڵەتێنێ، ئەدی چی لە هۆنراوەی هۆنەرێکی ناسراوی وەک « حەمدیی » دەکا، کە زۆر پێش « بێکەس »، دەردی دڵی خۆی، بەرانبەر بێکەسیی و کەساسیی نیشتمانەکەی دەربڕیوە، گاڵتەی بەو جۆرە « برایەتیی »یە هاتووە، کە ئەورۆ چەن کوردێکی بێ هۆش و گۆشی بیری نەتەوەیی، پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و داکۆکیی لێ دەکەن. ئەوەتە، بە حەوت پێنجینە « سکاڵای نیشتمان »ی هۆیوەتەوە و گوتوویەتی:

ئەی خاکی وەتەن، بێ فەرەح و زەوق و سەفا خۆت
پڕ حادیسە، مەحکوومی هەموو حوکمی قەزا خۆت
بازیچەیی سەرپەنجەی ئەرباب ڕیا خۆت
بێ ئۆردوو، بەبێ زەمزەمەی شاه و سەرا خۆت
سەد ئاه، کە بوویتە هەدەفی دەرد و بەڵا خۆت
ئەم کوردە ئەبێ، دائیمی هەر قوڕ بە سەراکەن
هەر جارە گونیە ئەبێ، بەرگی بە بەراکەن
وەک تەعزیە ئەلواحی ڕەش و شین بە دەراکەن

پێویستی چییە، دوژمنی خۆیان بە براکەن
عالەم کە بڵێن: ساحێبی ئەولاد و برا خۆت
گەر وابێ، تەممەددون من و وەزعییەتی وەحشەت
سەد خۆزگە بە زوڵمەت، ئەمەبێ حاڵی عەدالەت
دەوڵەت ئەمەبێ، ڕەحمەتی سەدبارە لە نەگبەت
دەرمانی نییە، عاجزە لەم عیللەتە حیکمەت
چ بکەم، چ بڵێم، ئێستەکە مەحکوومی فەنا خۆم
بێ دەربێ نەبینم، بوونە ساحێبی دەربێ
بێ جێ هەموو دیارن، بوونە ساحێبی ڕێ و جێ
ئاساری ئەما، شوێنی کورد بوونەتە ژێر پێ
فەوتاوە ئەزم ون بووە، من کێم و ئەتۆ کێ
بێ عالیم و بێ سانیع و بێ ئەهلی وەفا خۆت
وەسفت، کە نەگونجاوەتە ئەفکاری چ شاعیر
نەوعی نییە، ئەرزت نییە، شوبهەت بە مەنازیر
وەک گەوهەرە بەرد و گڵەکەت، عەینی جەواهیر
بێ میسلە، موحەققەق چ لە باتین، چ لە زاهیر
بەم خەزنەیەوە موتەزیری، لوتفی گەدا خۆت
کوا تاقمەکەو، وەلوەلەی دەوری کەریم خان
کوا دوازدە سوارەی بەبە، مەشهووری مەریوان
کوا فیرقەیی بتلیسی، هەواخواهی بەدرخان
کوا میللەتەکەی موتتەفیقی، دەورەی تورکان
بێ پیاو و بە بێ کۆمەڵ و جێماو و جیا خۆت
لە کۆتاییشدا، کاتێ باسی داگیرکەرانی « کوردستان »ی کردووە، زۆر بە شێوەیەکی جوان، ئەوان وەک داڵ و کوردیشی وەک لاکی ئاژەڵێکی تۆپیو پیشانداوە، بە پێنجینەیەک گوتوویەتی :
هاوسێ، هەموو وەک داڵن و ئەم کوردە وەکوو لاک
چنگیان لە جگەر گاهی هەموو داوە، بەبێ باک
بێ خوێنە گوڵی زەرد و زەعیفە وەکوو خاشاک
« حەمدیی »، دە بپێوە قوڕ و سنگت بکە چاک
بێ قەوم و وەتەن، پڕ ئەسەف دەرد و جەفا خۆت «16، 153-154»
لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە، ئەو پارت و ڕێکخراوانەی ئەو دروشمانەیان بەرزکردۆتەوە و بەرزدەکەنەوە، ڕاستیانکردبێ و ڕاستکەن. چونکە، ئەوان لە ڕیزەکانی خۆیاندا، شتێ بە ئەندامەکانیان دەڵێن و لە بەرنامەکانیشیاندا، شتێکی دیکە دەنووسن، ئەندام و پێشمەرگەکانیان، بە بیرێکی دیکە پەروەردەدەکەن! جگە

لەوەی، گـەر دەمی زۆربەی زۆری ڕۆڵەکـانی گـەلەکـەمـان بکەینەوە، ئەوا ئەو دروشـمـانە ڕەتدەکەنەوە. جـا، ئەو ڕێـخـراو و پارتانە، لە درزی بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانی خۆیان و خەباتی نێوکۆیی پرۆلیتارییای عەرەب و کوردەوە، لەو پێوەندییانەیان ڕوانیوە و دەڕوانن. بۆیە، بەو چەشنە ڕەفتاریانکردووە.

34/3. زاراوەی ژاراویـــی :

کاتێ « بەرزنجیی مش نووسیویتی: (بڕوابوون بەو برایەتیەو تێکۆشان لەپێناویدا بەرە بەرە بووە سـەنگی مـەحـەکی هەر حـیـزب و لایەنێ و پلەی راسـتگۆیی لەساحەی تێکۆشـاندا، کام حیزب و گروپ زیاتر بڕوای پێی بوو بۆ ی تێدەکۆشا ئەوە زیاتر نیشتمانی و پێشکەوتوخوازو راست بوو.)«3، 31-32».

لەوە دەچێ، « بەرزنجیی »، گوێزی پووچی ئەو قسانەی خۆی، تەنیا لە هەمبانە دراوەکـەی خۆی و بەرژەوەندیی ئەو جۆرە ڕێکخـراوانەوە بژاردبێ، وا بەو شـێـوە ڕەهایە، بڕیاریداوە. یا هەر ئەویش، دوای زۆرینەوبۆرینە کەوتووە، گەر ڕاسـتییـە نەتەوەیی و مێژووییەکانیشی، پێشێلکردبێ!

بۆ ئەوەش، ئەو لایەنانە، پتر نیشتمـانیی و پێشکەوتووخـواز بووبن، دەبێ بپرسـین: لای کێ؟ بە سەنگ و تەرازووی کێ، ئەو خەسڵەتانە دەکێشران و وەک گوێزەبانەی جێژنی « لەدایکبوون »، بە سـەر ئەو پارت و گروپانەدا دابەشدەکـران؟ ئایا لای هەمـوو کورد، یا تەنیـا هەر لای سـەرانی ئەو پارتە « کوردسـتـانیی، عێراقـیی و عەرەبیی سیانەی، باوەڕیان بەو جۆرە بۆچوونانە هەبوو؟

پاشان نووسـیـویتی: (ئەوەشی پڕ کـێشـی بکردایەو لێی لالوتبووایە، ئەوە دەیان تومـەتی چڵکاوخـۆرو بێگانەپەرست و کۆسـمـۆپۆلێت و بەکـرێگیـراو یان دەدایە پاڵی.)«3، 32». جـارێ، ئەو زاراوانـەی ئەو ڕیزیکردوون، زۆر لەگـەڵ یەکـدیدا ناگونجێن. ئایا، چڵکاوخۆر ئەوانە بوون، تەنیا پیاوی کورد بوون و بۆ ڕزگـاریی کوردسـتـان تێدەکۆشـان، یا ئەوانەی بۆ ژیانێکی تاەـەتایی کۆیلەیی و بندەسیی خەباتیاندەکرد؟!! چڵکاوخۆری کورد ئەوانە بوون، بە هەموو شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاسـتـەوخـۆ، بە نووسین و بـە کـردەوە، هەوڵیـان بۆ بەردەوامـبـوونی لکاندنی باشـووری کوردسـتـان بە عـێراقـەوە دەدا، لە ژێر هەر ناو و دروشـمێکدا بووبێ، بانگاشەیان بۆ ئەو داگیرکردن و کۆیلەییە دەکرد.

ئایا، بێگانەپەرست ئەوانە بوون، کـوردسـتـانیـان بە بەشـێکی لێکدانەبڕاو و لێ جـیـانەبۆوەی عـێـراق دەزانی، یا ئەوانە بوون، داوای ڕزگـاریی و سـەربەخـۆیی یەکـجاریی و تەواویی کوردسـتـانیـان دەکـرد؟!! هـەڵبـەتە، هەر لە خـۆیانەوە، هەر

کوردێ، کوردپەروەرانە بیریکردبێتەوە، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی کردبێ، چڵکاوخۆرەکانی نێوخۆ، سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و پارتە رامیارییە شۆڤێنییە عێراقییەکان، بە بێگانەپەرست نێوزەدیانکردوون. هەر وەک چۆن، هەر لە سەرەتاوە، هەموو شۆڕشەکانی کوردیان، بە دەستی « تورکیا، ئێران، بریتانیا، ئەمێریکا و بەرەی رۆژاوا » تاوانبارکردووە، تا ئەمڕۆش، هەر بەو شێوە نارەوایە تاوانباریدەکەن!

ئەدی زاراوەی « کۆسمۆپۆلیت »، چ پێوەندییەکی بە سەر زاراوەکانی « چڵکاو خۆر و بێگانەپەرست »ەوە هەیە؟ یا « بەرزنجیی »، هەر لە خۆیەوە، لە فەرهەنگە رامیارییە تایبەتییەکەی خۆی وەریگرتووە، پێناسەیەکی نوێی بۆ ئەو زاراوەیە داناوە، تا ئێمەش بزانین و تێبگەین!

بۆ بەکرێگیراویش، مەبەس لە بەکرێگیراویی کێیە؟ ئایا، ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەیان، دژی کوردپەروەران کردووە، خۆیان بەکرێگیراوی دەوڵەتی عێراق نەبوون؟ ئەدی، گەر کوردێکی نیشتمانپەروەر، داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی رەتکردبێتەوە، دژی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق وەستابێ، لە پێناوی رزگاریی نیشتمان و ئازادیی نەتەوەکەیدا خەباتیکردبێ، ئایا ئەو جۆرە خەباتگێرانە، بە بەکرێگیراو دادەنرێن؟

ئەمانە هەمووی قسە و پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستە سەرلێشێواوەکانی ئەو سەردەمانەی کورد بوون، کە خۆیان نەک هەر « چڵکاوخۆر، بێگانەپەرست، کۆسمۆپۆلیت، و بەکرێگیراو »ی « مۆسکۆ » بوون، بەڵکوو، هەمیشە، زاراوەی ژاراوییشیان، لە نێو ریزەکانی گەلی کورددا بڵاودەکردەوە. دژی هەموو شتێکی پیرۆزی دیکەی کوردایەتییش بوون. چونکە، گەر لە « مۆسکۆ » باران ببارییایە، ئەوان لە هەموو وڵاتە گەرمە بێ بارانەکاندا، چەتریان هەڵدەدا! هێندەش سەرەڕۆ بوون، تەنانەت کوردییشیان بە نەتەوە دا نەدەنا! سەریشیان لە سەرانی « پارتی دیمۆکراتی کوردستان » شێواندبوو، ئەو دید و بۆچوونە هیچوپووچانەی خۆیان پێ دەفرۆشتن، ئەوانیش بێ ئەوەی پێ بزانن، لە سەری دەرۆیشتن!

جا ئێستە، لە « بەرزنجیی » دەپرسم: ئایا بە چ یاسا و وێژدانێ رەوایە، دوای ئەو هەموو هەڵەیە، دوای هێندە ساڵ خەباتی بێ ئاکام، دوای هێندە تێشکانی کۆمۆنیستەکان، تازە ئەو قسە بۆش و ناوەڕۆک پوچەڵانەی ئەوان، دژی کوردپەروەران کاوێژکاتەوە! ئایا، ئەو ناتۆرە ناشایستانە، شانی کوردپەروەران یا « عێراقچیی » و نۆکەرە زوڕناژەن و دەهۆڵکووتەکان دەگرێتەوە؟!!

35/3. توێژینەوە و کۆڕگرتن :
حەزدەکەم، گەر « بەرزنجیی »، هێندە شارەزای مێژووی نزیکی گەلەکەی خۆیەتی، پێمان بڵێ: جگە لەو کۆڕانەی، دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و سیخوڕەکانی گرتوویانە، ڕۆژێ لە ڕۆژان، نەک هەر بە دەیان کۆڕ، بەڵکوو، تەنانەت تەنیا یەک کۆڕیش، لە سەر « برایەتیی کورد و عەرەب »، لە کوێ گیراوە؟ وەک نووسیوێتی: (دروشمی « علی صخره الاخوه العربیه الکردیه تتحطم مؤامرات الاستعمار و اذنابه » هەتا هەشتاکانیش دەنگی دەدایەوەو لەسەر لاپەڕەی چاپەمەنیەکانیش ڕەش دەچۆڕەوە.. ئەم رووکارە بووە تەوەری دەیان توێژینەوەو کۆڕگرتن لەنێوەندە ئەدەبیەکانی حەفتاکان بەرەو ژوور.)«32،3»
ئەو دروشمە لاواز و کاڵوکرچەی هەڵگێراوە: (لەسەر بەردی بناغەی برایەتیی کورد و عەرەب، پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کلکەکانیان تێکدەشکێ.) گەر دروشمێکی باشبووایە، تا هەشتاکانیش دەنگیبدایەتەوە، هەڵبەتە، هەر لە پەنجاکانەوە، کۆمەڵانی خەڵکی کورد، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕئامێزانە، دایان نەدەڕشتەوە و نەیاندەگوت: « لە سەر بەردی بناغەی برایەتیی کورد و عەرەب، گوێز دەشکێنین! » جا، با « بەرزنجیی » و هەموو « عێراقچیی »ەکانی دیکەش بزانن، هەرچی لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕەشچۆوە، وە نەبێ، ڕاستبێ. زۆر جار، درۆیەکی رووت، مەرایی یەکی سووک، خۆ پێدا هەڵواسینێکی چرووک نەبێ، هیچی دیکە نییە. هەمیشەش، هەر پەشیمانیی لە دوابووە. چونکە، هەر کەسێ بێگانەپەرستیی کردبێ، لە کۆتاییدا، هەر نووشوستی هێناوە!
جگە لەوەی، هەر لە هەمان جێگەدا فەرموویەتی: (بەدانسقە شاعیر هەیە کەئەسپە کەحیلەی خۆی لەو مەیدانەدا تاو نەدابێ و چوار ناڵە ڕمبازێنی تیا نەکردبێ.) «32،3» خۆزگە، هێندە دەس و دڵ ئاواڵە و فراوان دەبوو، جگە لەو هۆنەرە مارکسیی و کۆمۆنیستە کوردانەی، لە ڕیزی « پارتی کۆمۆنیستی عێراق »دا کاریانکردووە، ناوی هێندێ لەو هۆنەرانەی بۆ دەنووسین، کە لەو جۆرە هۆنراوانەیان گوتووە، تا بزانین، چۆن بە دانسقە هۆنەر نەبووە، هۆنراوە بۆ بیری دەسکردی « عێراقچێتیی » نەگوتبێ! هەڵبەتە، لە پەنجەی دەس تێپەڕناکا و ئەو هەر لە خۆیەوە، قسە فڕێدەدا، بێ ئەوەی بزانێ، لە سەری دەکەوێ!
36/3. ویرد و سروود :
باوەڕ ناکەم، گەر یەکێکی وەک « حەمەبۆر ـ هۆشەنگ »، خۆشی ئەو بیرەی نەبووایە، وەک هەموو « عێراقچیی »یەکی دیکە، ئەو کەللەشەکرانەی بشکاندایە و

بیگووتابە: (بێگومـان برایەتی کوردو عەرەب بەردی بناغەی گەیشتن بەئاواتی تێکڕای گەلی عێراقەو هەر ئەو یەکیەتەشە مەحەکی بەختەوەری رۆڵەکانی ئایندەی ئەم خاکە پیرۆزە، هەر لەبەرئەمەشە ویردی زمانی پێشووانمان بووەو سروودی ئێمەو بەرەی داهاتویش دەبێت.)«11،31» جارێ با بزانین:

1. ئایا، کێ ڕێیداوە، بە ناوی هەموو خەڵکی « عێراق »ەوە بدوێ؟

2. هەموو « عێراقچیی » یەک، وەک عەرەبەکانی « عێراق » بیر دەکەنەوە. لە بری زاراوەی گەلانی « عێراق »، گەلی « عێراق » بەکاردێنن. هەڵبەتە، مەبەستەکەش ڕوونە و بۆ چییە!

باوەڕ ناکەم، لە جیهاندا، لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتماندا، تەنیا گەلێکی تێدا بژی! چونکە، کاتێ دەڵێین: گەلی « عێراق »، واتە: لە یەک گەل پێکهاتووە. ئەویش لە جیهانی عەرەب و نێودەوڵەتیدا، تەنیا گەلی عەرەب دەگرێتەوە. ئەدی، جێگەی گەلی کورد لەو بەهەشتەی برایەتیی کورد و عەرەبدا، لە کوێ دایە؟ بۆچی « عێراقچیی »یەکان ناڵێن: گەلانی « عێراق »؟ چونکە، کاتێ گوتمان گەلانـــــی « عێراق »، یەکسەر خەڵکی تێدەگەن، « عێراق » دەوڵەتێکی ناسیۆنال نییە، بەڵکوو دەوڵەتێکی تێریتۆریاڵ پێکدێنێ. واتە: لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمان پێکهاتووە. « ئەحمەد چەلەبیی »، یەکێ بوو، لەو عەرەبانەی ئەوڕۆ، خۆی بە دژی ڕژێمی « بەعس » و « سەددام حوسێن » دادەنێ. کەچیی، لە سیمینارێکدا لە شاری « ستۆکهۆڵم »، دژی ئەم بۆچوونە وەستا و گوتی: ئەوە هەڵەیە و تەنیا گەلی « عێراق » ڕاستە!)«27،81-92» ئەز، گلەیی لە هیچ عەرەبێک ناکەم، گەر تەنیا هەر زاراوەی گەلی « عێراق » بەکاربێنن. چونکە، ئەوان باشووری کوردستانیش، بە پارچەیە لە خاکی « عێراق » و نیشتمانی عەرەب دادەنێن. بەڵام، گەر هەر کوردێکی « عێراقچیی » خۆی، زاری ئەو بیرە زۆڵەکەی بڵاوکردەوە، هەوڵی نەدا، زاراوەی گەلانی « عێراق » بچەسپێنێ، ئیدی، بۆ گلەیی لە داگیرکەرەکە بکەم؟

بۆیە دەبێ، کورد داوای هەرچییە بکا « هەر لە مافی ڕووناکبیریی یەوە بیگرە، تا بە کۆنفیدرالیی دەگا »، هەر دەبێ، زۆر بە کوڵودڵەوە هەوڵدا، لە ئایندەدا و لە دەستووری کاتیی یا هەمیشەیی « عێراق »دا، چەن خاڵێکی سەرەکیی گرنگ بچەسپێنێ:

1. « عێراق » لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمان پێکهاتووە.

2. عێراق لە هەر دوو گەلی سەرەکیی « عەرەب و کورد »، چەن کەمینەیەکی دیکەی وەک « تورکمان، ئاسووریی و ئەرمەن » پێکهاتووە.

3ـ کۆماری عێراق، لە نێوان ئەو گەل و کەمنەتەوەییانەدا، بە کۆمارێکی هاوبەش دادەنرێ.
ئەگینا، گەر وا نەبێ، بمانەوێ و نەمانەوێ، کۆماری عێراق، لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و جیهاندا، بە دەوڵەتێکی عەرەبیی رووت دەژمێررێ. چونکە، کاتێ دەڵێن: بیستودوو دەوڵەتی عەرەبیی هەیە، مەبەستیان لە عێراقیشە. ئیدی نازانم، ئەوانەی بەو بیرە قایلدەبن، ئەوە « چڵکاوخۆریی، بێگانەپەرستیی، بەکرێگیراویی و کۆسمۆپۆلیتیی » نییە؟!! ئایا، ئەوانەی ئەو بارە باش هەڵدەسەنگێنن، بەپێی بارە نالەبارەکەی کورد، گرفتەکە لە رۆڵەکانی هەر دوو گەلی عەرەبی عێراق و گەلی کوردی باشووری کوردستان دەگەیەنن، پێشنیازی گونجاو دەکەن، تا کێشەکە لە بەر رۆشنایی یەکسانیی نەتەوەیی و رێزی بەرابەریی، لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمانی وەک عێراقدا، چارەسەر بکەن، نۆکەر و چڵکاوخۆرن؟!! ئاخر، ئەم گەلە بندەسە، لەگەڵ ئەو « عێراقچیی »یە کەللەپوتانەدا چی بکا؟ دیارە، هەر هێندە لە « کوردایەتیی » و « عێراقچێتیی » گەیشتوون!
زۆری ویست، تا چەن « عێراقچیی »یەکی کورد، فێری ئەوە بوون، دان بە زاراوەی « باکوور، خۆرهەلات، باشوور و خۆراوا »ی کوردستاندا بنێن. لە بری ئەوەی، زاراوەی کوردستانی « تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا »، لە قسەکردن و نووسیندا بەکاربێنن. وا دیارە، هێشتا زووە و چەن ساڵێکی دیکەشی دەوێ، تا دان بەو راستییەی سەریشەوەدا بنێن، لە کەلی ئەمریمەنی بۆگەنی بـــــاوەری « عێراقچێتیی » بێنەخوارەوە و روو لە رووگەی بیری « کوردستانیزم » بکەن!
3. « حەمەبۆر » ساڵی « 1977 »، ئەمەی نووسیوە. ئێستە، ئەوا بیستوسێ ساڵ بە سەر ئەو قسانەدا تێپەڕبوە. نە یەکێتیی و برایەتیی کورد و عەرەب، رۆژێ لە رۆژان، لە عێراقدا هەبووە، وەک ئەو باسیکردووە، نە « بەختەوەریی رۆڵەکانی ئایندەی » گەلانی عێراقیش، بە درۆودەلەسە بەدیهاتووە و بەدیدێ!
4. خاکی « عێراق » هەرگیز، پیرۆز نەبووە و پیرۆزیش نییە. چونکە، هەموو نەتەوەیەک، تەنیا هەر خاکی خۆی لا خۆشەویست و پیرۆزە، تەنیا بێگانەپەرستان نەبێ، خۆیان بە خاکی گەلانی دیکەوە بادەدەن و هەڵدەکێشن! جا، با سەیرکەین، کۆنەکۆمۆنیست و نووسەرێکی ناوداری وەک « رەسووڵ هەمزەتۆف »، دەربارەی نیشتمانەکەی چی گوتووە؟ بە مەرجێ لەو سەردەمەدا، لە « یەکێتی سۆڤیەت » ژیاوە. (هەندێ باڵندەی کۆچەر هەن، بەپێی کەژ لە وڵاتێکەوە دەچنە وڵاتێکی تر، هەڵۆش هەیە، کە هەمیشە دڵسۆزی شاخی خۆیەتی.)«127،36»، دواتر، رووی

دەمی لە نیشتمانەکەی کردووە و گوتوویەتی: (عەشق و خۆشەویستییم گەورەبێ یا پچووک، دڵسۆزییم کەمبێ یا زۆر، هەستم کۆنبێ یا نوێ، من هەر لە بارەی تۆوە دەنووسم، ئەی داگستانەکەم)«146،36»، دواتریش گوتوویەتی: (هەور نەبێ، باران لە کوێوە دێ؟ ئاسمان نەبێ، بەفر لە کوێوە دێ؟ ئاڤارستان و گەلی ئاڤار نەبن، رەسووڵ هەمزە لە کوێوە دێ؟) «224،36».

(وا بزانم، هێندە بەسە، بۆ گوێیەک راستیی ببیستێ! گەر ئەم دوڕ و مرواریییانە، هۆنەری بە ناوبانگ و پایەبەرزی « داگستان » هەڵی ئەرشتنایە، کوردێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بیگوتنایە، زۆر پێدەچوو، بە تاوانی شۆڤێنیزم میشکیان ببردایە!)«64،19»، بە دەیان ناتۆرەی وەک: « چڵکاوخۆر، بێگانەپەرست، بەکرێگیراو و کۆسمۆپۆلیتیی »یان، بە دواخستایە! جا، گەر ئەوە، ڤایرۆسی « ئیدس »ی ماڵوێرانیی و سەرلێشێوایی نەبێ، هێندێ کوردی نەگبەتی « عێراقچیی » تووشی بووبن، ئیدی دەبێ، چیدیکە بێ!

5. گەر « حەمەبۆر »، یەک تۆز ویژدان و زانیاریی هەبووایە، هەڵبەتە، هەرگیز نەیدەنووسی: (هەر لە بەر ئەمەشە، ویردی زمانی پێشووانمان بووە و سروودی ئێمە و بەرەی داهاتویش دەبێت.)«11،31»

ئایا، ئەو پیاوە هێندە شارەزایە، بە ناخی مێژووی کورددا شۆڕبۆتەوە، وا ئەو بڕیارەیداوە؟ ئایا، مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و پێوەلکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی دەسکردی « بریتانیا »وە دەزانێ؟ جا، گەر هەموو ئەوانەی بزانیایە، چۆن هەر لە خۆیەوە، هەڕەمەکیی دەیگوت: ئەو برایەتییە « ویردی سەر زمانی پێشووانمان بووە! » ئەم درۆ گەورەیەی بە دەم پێشینانەوە بۆ کردووە؟ ئایا، لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی هەر دوو داگیرکەری کوردستان « بریتانیا و عێراق »، بۆ هەموو کوردێ ئاشکرا نین؟ گفتوگۆکانیان گەواهیی ئەوە نادەن، کە لە پێش هەموویانەوە، « شێخ مەحموود »ی نەمر، داوای سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی کردووە؟ چەن کەڵەپیاوێکی وەک: « حەمەی ئەورەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، مەعرووف چیاوک ... تاد » بە هەموو توانایەکیانەوە، دژی ئەو پێکەوەلکاندنە وەستاون، ئەو یەکێتیی و برایەتییەیان رەتکردەوە! ئیدی چۆن، خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، دژی ئەو پرۆسێسی پێکەوەلکاندنە نەبوون و بێزاریی خۆیان دەر نەبڕیوە؟ هەڵبەتە، گەر « حەمەبۆر » بینووسیایە: « سروودی هەموو " عێراقچیی " یەک بووە »، ئەوا ئەو کاتە، دەنگ لە بەردەوە بهاتایە، دەنگ لە منەوە نەدەهات! بەڵام، کاتێ نووسیبوێتی: « سروودی ئێمە »یە، من لێرەدا لێی

دەپرسم: « ئێمە » واتای کێ دەگەیەنێ؟ گەر مەبەس لە هەموو کوردی باشووری کوردستان بێ، ئەوا کێ ڕێی پێ داوە، بە ناوی هەموو کوردەوە بدوێ؟ئینجا گوتوویەتی: سروودی « بەرەی داهاتووش دەبێت! » ئەمە لەوە دەچێ، « حەمەبۆر » جادوباز یا فاڵچیی بووبێ، وا هەر لە خۆیەوە ڕەمڵی لێداوە، هەر لەو کاتەوە، بە ناوی نەوەکانی پاشەڕۆژی کوردیشەوە بڕیاریداوە، وەک سەربازێکی دڵسۆز و بە ئەمەکی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، تاهەتایە، برایەتیی عەرەب و کورد، یەکێتیی خاکی عێراق بپارێزرێ! هەڵبەتە، هەرگیز نیازی ئەوەی نەبووە و نییە، ڕۆژێ لە ڕۆژان، مافی نەتەوەیی بە کورد ڕەواببینرێ، کە خۆی لە ڕزگاریی و سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا دەبینێ! بەڵکوو، تاهەتایە هەر دەبێ، گەلی کورد لە عێراقدا، لە بندەستی کەمینەی سوونەی عەرەبدا بێ، بچەوسێنرێتەوە و بناڵێنێ. چونکە، مافی چارەنووسی نەتەوەکان، وەک « لینین » نووسیویەتی: (مەبەس لە سەربەستیی نەتەوەکان، بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان، جیابوونەوەیانە وەک دەوڵەت لە کۆمەڵە نەتەوەکانی دیکە، بێ گومان، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیە.)«144.48»

سەیر ئەوەیە، « ئیسرایل » جۆرە « ئۆتۆنۆمیی »یەکی تایبەتیی و فراوانی نێودەوڵەتیی، بە « فەلەستین » داوە، کەچیی، خۆیان بەوە قایل نابن و نایانەوێ، هەر داوای دەوڵەتی سەربەخۆی جیا دەکەن، هەرگیز لە شایی برایەتیی « جوو » و « فەلەستین »دا، دەسی هەڵپەرکێیان نەگرتووە و ناشیگرن، نەک وەک « باجی ڕەحمە »کانی کورد، سەرچۆپیی بێگانەپەرستیی، بە کەس نەدەن! ئەمن، زۆر لەوە دڵنیام، ئەو « مانگی هەنگوین »ی گفتوگۆیەی لە نێوانیشیاندا، تا ئەوڕۆ هەر بەردەوامە، بەو زووانە تەواودەبێ و سەریشدەکەون!

هەروەها، گەلی « باسک » لە سنووری دەوڵەتی « سپان »دا، چەندین ساڵە جۆرە « ئۆتۆنۆمیی »یەکیان هەیە. کەچیی، ئەوان هەر داوای جیابوونەوە دەکەن!

جا، گەر « حەمەبۆر » و « بەرزنجیی »، ئارووی یەک برک و مێرووی یەک کونی گەورەی « عێراقچێتیی » نەبن، هەڵبەتە، لە لایەکەوە، « بەرزنجیی » قسە سوواوەکانی فاڵچییەکی « عێراقچیی »، بە نموونە ناهێنێتەوە! لە لایەکی دیکەشەوە، دوای ئەو هەموو ماوەیە، سەری زێرابی ئەرشیڤی بیری بۆگەنی « عێراقچێتیی » هەڵ ناداتەوە، کە سەراپای جیهان و کوردستانیش گۆڕاوە!

با کەمێ سەرنجدەین، تا بزانین، « عێراقچیی »یەکی دڵسۆزی وەک « حەمەبۆر »، لە چ سەردەمێکی سەختی باشووری کوردستان و ڕۆژگارێکی ڕەشی کورددا، ئەو

تیوریه زرکه پوتەی هەڵشتووە. کاتێ ئەو بڕیارەیداوە، گەلی کورد لە عێراقدا، لەو پەڕی بێ دەسەڵاتیی و نەهامەتییدا بووە، دەوڵەتی عێراقیش، نەک هەر گوێی بۆ چەن وڕێنەیەکی لەو بابەتانە شل نەکردووە. بەڵکوو، بەو پەڕی توانایەوە، هەوڵی تۆویرکردنی کوردی داوە. بە هەموو شێوەیە ویستوویەتی، لەنێویبەرێ! هەروەها، « بەرزنجیی » ش، لە چ سەردەمێکی نوێ و ڕۆژگارێکی ڕووناکی کورددا، وەک تووتی، ئەو تیۆرییە ساختەیەی دووبارەکردۆتەوە! کاتێ، گەلی کورد، بەرەو ئازادیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی هەنگاودەنێ، دەوڵەتی داگیرکەری عێراقیش، ڕۆژبەڕۆژ، پتر ڕیسوادەبێ و لە کوردستان دوور دەکەوێتەوە! ئەو تازە نووکی پێنووسە کولەکەی تیژکردۆتەوە، بە هەموو توانای خۆیەوە دەیەوێ، بیری داتەپیوی « عێراقچێتیی » ببوژێنێتەوە، تیۆری مێژوویی بۆ پێکەوە ژیانی زۆرەملیی داڕێژێ! تۆ بڵێی، ئەمە هەر وا کارێکی ساویلکانە و بێ مەبەسبێ؟

لێرەدا، خاڵێکی گرنگ هەیە، پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین. گەر، گەلی باشووری کوردستان، لە لایەن سەرانی « پارتیی و یەکێتیی »یەوە سەرکوت نەکرابێ، بانگاشەی ئەو برایەتییەی « بەرزنجیی و حەمەبۆر »، دەهۆڵی بۆ دەکوتن، با تەنیا بە یەک ڕیفراندۆمی ئازاد تاقیکەنەوە، ئەو کاتە، زۆر بە ڕوونیی، بۆ هەموو لایە دەردەکەوێ، ڕۆڵەکانی کورد لە باشووری کوردستاندا، دەنگ بۆ برایەتیی کورد ـ کورد و یەکێتیی خاکی کوردستان، یا بۆ برایەتیی کورد ـ عەرەب و یەکێتیی خاکی عێراق دەدەن! گومانی تێدا نییە، ئەو برایەتیی و یەکێتییە دەسکردە ڕەتدەکەنەوە، نەفرەتی لێ دەکەن و هەزار بەردیشی بە دوادا هەڵدەدەن. بەڵام، مامۆستا « بەرزنجیی »، چونکە هەر ووشە ڕیزدەکا، مەرایی بۆ پارتەکان دەکا، بە دەنگێ جۆی ئەوان دەزەڕێ، بە کلکی دەخوڕێ، ئامانجی دوژمن دەپێکێ و بە خۆی نازانێ، بێ ئەوەی بزانێ، ئەو باوێژی «عێراقچێتیی »یەی لە سکی خۆی دەریدەکا، هێندەی دیکە، لە ناو و ناوبانگی کەمدەکاتەوە!

« بەرزنجیی » نووسیوێتی: (تا ئەم کاتەش کەئەم وشانەی تیادەنوسم هیچ حیزبێ لەسەرانسەری عێراقا « بەکوردستانەوە »، ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەم گەلە دەکەن و لەناویا خەڵکی باوەڕیان پێیە، هیچیان لەو باسە لایاننەداوەو بانگەشەی برایەتیەکە هەر بەردەوامە. جا ئەگەر نووسەر یەخەی زێوەر بۆ ئەم باسانە بگرێ، بەڕای من ناحەقیەکی گەورە دەکات. سەبارەت بە « پیاهەڵدانی حوکمەکەی ئەوسای عێراق و مەلیکەکانی.)«32،3» پێشتر، هەڵەی زمانەوانیی ئەم چەن نێرەمان ڕاسکردەوە. جارێ، ئەز بە هیچ شێوەیە، گوێ بۆ پارتە عێراقییەکان

ڕاناگرم، دەربارەی « عێراقچێتیی »، چی دەڵێن و چی ناڵێن. چونکە، تەنیا ئەو بیرە گەندەڵە، لە بەرژەوەندیی ئەوان دایە. بیری سەربەخۆیی و کوردایەتیی، بۆ ئەوان، وەک تەزووی کارەبا وایە، گیانیان لە بەردەبڕێ و ووشکیاندەکا! ئینجا، من چ کارێکم بە سەر ئەوەوەیە، نەک هەر پارتەکانی کوردستان، بەڵکوو، گەر زۆربەی زۆری کوردیش، هێندە بێگانەپەرستبن، « عێراقچێتیی » ویردی سەر زمان و برایەتیی « عەرەب و کورد » خۆراکی ڕۆژانەی ژیانیان بێ! من باسی ڕاستییەکی مێژوویی دەکەم. ئەوە هیچ
لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، کوردستان داگیر و دابەشکراوە، گەلی کورد لە عێراقدا، لە هەموو مافێکی نەتەوەیی خۆی بێ بەشکراوە، بە خراپترین شێوە دەچەوسێندرێتەوە. عێراق دەوڵەتێکی داگیرکەری خاکەکەم نەبێ، هیچ شتێکی دیکە نییە! من هەرگیز، لە باسی ڕاستیی و ڕەوایی کێشەی کورددا، لەگەڵ زۆروبۆری دەنگی هیچ عەرەبێکی « عێراق » و « عێراقچیی »ەکی کورددا نەبووم و نیم و نابم. چونکە دەزانم، ئەو دەستە و گروپانە، هەرگیز شتێ ناڵێن، لە بەرژەوەندیی گەلەکەمدا بێ!
پاشان، ئەز نە بە خۆڕایی پەخشەی « زێوەر »م گرتووە. نە بە تەنیاش، پەخشەم گرتووە. بەڵکوو، لە ڕێگەی ئەوەوە، گەر دەسەڵاتم هەبێ، نەک هەر پەخشە، قوڕقوڕاگەی هەموو « عێراقچیی »ەکیش دەگرم، بە تایبەتیی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەل، هەرچی دژی ڕزگاریی نیشتمانەکەم و سەربەخۆیی گەلەکەم بێ، دووکەڵی مێشی « عێراقچێتیی »، لە هەوای خاوێن و سازگاری کوردستاندا، دژی بیری کوردایەتیی و کوردستانیزم بلاوکاتەوە، وەک کوردێکی ناسیۆنالیست، بە مافێکی ڕەوای خۆمی دەزانم، داکۆکیی لە « بیر و ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی، نەتەوە و نیشتمانەکەم » بکەم. بە هەموو شێوەیە، دژی بیری بەردەوامبوونی پێکەوەلکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بوەستم. چونکە، خۆم بە قەرزارباری نەتەوە و نیشتمانەکەم دەزانم، لە دامێنی چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا لەدایکبووم، لە ئاوی کوێستانەکانیم خواردۆتەوە، مەلاشووم بە بیری کوردایەتیی و دڵسۆزیی بۆ کێشەی نەتەوەیی و ڕامیاریی نەتەوەکەم هەڵدراوەتەوە. هێندە خۆم بە قەرزارباری دایکی نیشتمان دەزانم، لە تاوان و لە بێ دەسەلاتیدا دەنووسم و هاواردەکەم. هەر چەندە، لە داخی کورد خۆی و ســــــەرانی پارتەکانی کوردستان، لە دەس « عێراقچیی » و ناپاکەکانی کورد، دڵم پڕ، ڕەنگم زەرد و زمانم تووشی زەردوویی بووە. بەڵام، هەرگیز کۆڵ نادەم، هێشتا وردم بەرزە، بەڕەنگاری هەموو جۆرە

بیرێکی نامۆ و نارەسەن دەبمەوە، کورد بە باوک، کوردستان بە دایک و بیری نەتەوەییش، بە قەلایەکی قایم دەزانم. پاشەڕۆژیش، هەر بۆ ئازادیی کورد، سەربەخۆیی کوردستان و سەرکەوتنی بیری نەتەوەیی دەبێ. ئەمەکداریشم داوام لێ دەکا، گەر وەک « گالیلۆ »، لە سەر ڕاستییش بمسووتێنن، هەر ڕاستیی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم ڕوونکەمەوە، پەخەی سەرانی پارتەکانی کوردستان بگرم، دژی ناپاکەکانی کورد بوەستم، بەربینگی هەزاران مـــــــــــردووی زیندووی وەک « زێوەر » و زیندووی مردووی وەک « بەرزنجیی » بگرم! جا، سەردەمەکە بۆ من، هیچ جیاوازییەکی نییە، کام هۆنەری کورد، لە چ سەردەمێکی مێژووییدا، بە سەر داگیرکەرەکەم و ڕژێمەکەیدا هەڵیداوە. لەبەرئەوە، لە هەموو سەردەمێکدا، هەموو کوردێکی دڵسۆز بۆی هەیە، ئاوڕ لە مێژوو بداتەوە، ڕەخنە لە دەیان نووسەر و هۆنەری وەک « زێوەر » بگرێ. چونکە، ئێمە قسەمان لە سەر « بیر » و بەرژەوەندیی « کورد » کردووە، نەک لە سەر شتێ بووبێ، بایەخی نەمابێ و کۆتاییهاتبێ. کێشەی « بیر » و « فەلسەفە »ش، هەرگیز کۆتایی نایە و لە هەموو سەردەمێکیشدا، باسی لێوە دەکرێ و تاووتوێدەکرێ!

37/3. بەد و بەدخانە :

هەموو « عێراقچیی »یەکی بێگانەپەرست، تا چەن لەگەڵ یەکدیدا ناکۆک و جیاواز بن، هەر وەک یەک بیردەکەنەوە. لەو ڕووەوە، هیچ جیاوازییەکیان نییە. جا ئەو کەسە، داکۆکیی لە ڕابوردووی عێراق بکا، یا لە سەر ئێستە و ئایندەی عێراق، خۆی تووشی گێچەڵکا و سیپارەیەکی ناوەڕۆک پووچەڵ ڕەشکاتەوە، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ! گەر « زێوەر » پێڕێ، هۆنراوەی بە سەر خاکی عێراق و شاکەیدا هەڵدابێ، گەر « حەمەبۆر » دوێنێ، سروودی بۆ عێراق گووتبێ. ئەوەتە ئەوڕۆش، یەکێکی وەک « بەرزنجیی » دەیەوێ، مێژوویەکی پڕ لە شانازیی، بۆ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و شاکەی داتاشێ. بۆیە، زۆر بە ڕاشکاویی، باسی ڕابوردووی عێراقی کردووە و نووسیویێتی: (گەر بێتو بەراوردێ بکەین لەنێوان ئەو حوکمەتەو ئەوانەی دوای 1958/7/14 یەک بەدوی یەکدا هاتن و تا حاڵی حازر لەڕووی ڕەفتارو مامەڵەکردنیانەوە لەگەڵ گەلی کورددا، لەهەمو ڕویەکەوە، وابزانم جێگای خۆیەتی کەحوکمی پاشایی بەهێدی ترین و واقیعی ترین حوکمێ دابنێین.

کورد دەڵێ: « تا بەد نەبینی بەدخانە بەیانناکەی »، هەر کام لەئێمەش ئەگەر بەئینسافەوە چاو بەو ماوەی حوکمی پاشایی یەدا 1927-1958 لەکوردستاندا بگێرێتەوە، لەهەموو ڕوویەکەوە دەبینین بەحەوت ئاو شۆرابووەوە لەچاو ئەوانەی

کەدوای 1958وە بەئاگرو ئاسن و باروت و خەردەل لەگەڵماندا ژیان و حوکمیان کردین ئەو « دەسکەوتە گرنگانە »ی ئەم حوکمەتانە ناویەناوو لەگەڵ هەر « وتووێژێکیدا » بەکۆڵێ منەتەوە، لەگەڵ تەقەی دەهۆڵ و زوڕنادا بەئیفلیجی دەیاندا بەکورد، حوکمەتی ئەوسا لە1925 « لامرکزی بۆ کورد » پێشنیارکرد، لەسەر ئامۆژگاری لیژنەی سنوری سەر بەعوسبەی نەتەوەکان، لە1930تا یاسای زمانە ناوچەیی یەکان « لغات محلیە »ی دەرکرد، پیاوانی لێهاتووو شارەزاو ئیداری وەک: سەعید قزاز، رفیق حیلمی، ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، مەعروف جیاوک، ئەحمەد موختار و سالح زەکی ودەیان دڵسۆزی تر لەوەزارەتەکان و ناوچەکاندا کاربەدەست بوون.)«33،3»
لەوە دەچێ، کێشەی کورد وا ئاڵۆز و سەخت بووبێ، لە ناچاریدا، پەنا بۆ بەر پەندە کوردییەکە بەرین و بڵێین. « ساڵ بە ساڵ، خۆزگەم بە پار! » لەوانەیە، ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر بۆ باری کورد لە عێراقدا ڕاستبێ! بەڵام، لە کاری ڕامیاریی و هەڵسەنگاندنی باری کۆن و نوێدا، ئەو جۆرە لێکدانەوانە، هیچ بایەخێکی نییە! چونکە، پێش هەموو شتێ، هەم ئەوەی ڕۆی، ناگەڕێتەوە و هیچ کەڵکێکی نییە! هەم لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، ئەو حوکوومەتانەی یەک لە دوای یەک هاتوون، هەرگیز بەو شێوەیە بەراورد ناکرێن. لەبەرئەوەی، چ گەلی عەرەب و چ گەلی کورد، لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕاون. سەردەمەکان یەک نین، پاشایەتیی و کۆماریی، دوو سیستێمی جیاوازن.
پاشان، گەر « بەرزنجیی »، کەمێ هۆشی بە خۆی بووایە، کەمێ پەروەردەی نەتەوەیی هەبووایە، بە بیری ڕەسەنی کوردایەتیی گۆشکرایە، ڕقوکینە بەر چاوە پچووکەکانی تاریک نەکردایە، هەڵبەتە، بەو شێوە پڕ لە شەرمەزارییە، داکۆکیی لە مێژووی ڕەش و پڕ لە تاوانی دەوڵەتێکی داگیرکەری نیشتمانەکەی نەدەکرد! هەڵبەتە، گەر ئانێکی بەو ڕۆنەوە نەخواردایە، لە هەر لایەکەوە با بهێنایە، ئەو لەوێوە شەنی نەدەکرد. هەر دەرلنگێکی لە ماڵە بێگانەیەک نەپسایە، زۆر بە ئاسانایی دەیزانی، حوکوومەتە عەرەبییەکەی نێوان ساڵانی «1927-1958» کێ دروسیکرد؟ کێ وەک بووکەشووشە، یاری پێ دەکرد و هەڵیدەپەڕان؟ ئایا، شا « فەیسەڵ » و حوکوومەتەکەی، هێندە سەربەخۆیی بڕیاری ڕامیارییان هەبوو، تا بێ قایلبوونی لێپرسراوانی « بریتانیا »، پەنجە بە ئاودا بکەن؟
کاتێ، یەکێ ئەو جۆرە بڕیارانەدەدا، تا سەر مۆخ و ئێسک، دژایەتیی ڕاستیی دەکا، دوای شەوەزەنگی بیری « عێراقچێتیی » دەکەوێ، هەر وەک « بەرزنجیی »

لێ بەسەردێ! چونکە، هەموو ئەو دەسکەوتانەی، بە خەباتی ڕەوای گەل و خوێنی شەهیدانی، ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نێوان سالانی « 1919-1931 »، بە سەرکردایەتی « شێخ مەحموود »، لە عێراقدا گەلی باشووری کوردستان بە دەسیهێناوە، لە لایەکەوە، بە چاکە بۆ سەرانی ئەو کاتەی دەولەتی عێراقی تۆمار کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە، هەم ڕۆلی کوردی لە خەبات و بەدیهێنانی ئەو دەسکەوتانەدا پشکوێخستووە. هەم لە بایەخی ڕۆلی ئەو قارەمان و شەهیدانەی کەمکردۆتەوە. هەم هێندە پێ نەزان و بێ ئەمەکی نواندووە، بە هەرچی چۆنێبێ، هەر هەولیداوە و ویستوویەتی، بە چاکە باسی سەرانی کۆنی دەولەتی « عێراق » بکا، ڕۆلی ئینگلیزیش، لە دانپیانانی سەرانی « عێراق » بەو دەسکەوتانەدا بشارێتەوە و بشێوێنێ!

جا، گەر نوێنەرانی « بریتانیا » لە عێراق، خاوەنی دەسەلاتی یەکەم نەبوونایە، هەموو بڕیارێکی ڕامیاریی و ئابووریی، هەر بە دەس ئەوان نەبووایە، کێشەی نەتەوەیی کورد و پێوەلکاندنی باشووری کوردستانیش، هەر لە سەرەتاوە، ئەوان نەخشەیان بۆ نەکێشایە، ئێستە، بۆ ڕۆژمان بەم ڕۆژە ڕەشە دەکەیی؟ یەکێکی بێ ویژدانی وەک « بەرزنجیی »ش، ئەو قسە بێ تام و بۆیانەی، بۆ دەکرد؟ ئەو « لا مەرکەزیی یەی » بە کوردیشیان ڕەوابینیوە، لە بەر چاوی جوان و کەشی کورد، پێشنیازیان نەکردووە. بەلکوو، لە ئەنجامی خەباتێکی سەختی خوێناویی و بۆمبارانی گوند و شارەکانی کوردستانەوە هاتووە. بەری خەباتی هەولی ڕامیاریی و شۆڕشە چەکدارییەکانی « شێخ »ی نەمر بووە. بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کورد و کوردستان بووە. نەک « حاتەم » ئاسا، شا « فەیسەل »ی ئامۆزای « بەرزنجیی »، بە کوردی بەخشیبێ! ئەو پیاوانەی ئەویش ناویبردوون و کاریان پێ سپێرراوە، ئەوانیش هەر لە سەر خوێنی شەهیدان، بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری گەلی کورد بە گشتیی و شاری « سولەیمانیی » بە تایبەتیی، ئەو پۆستە گرنگانەیان وەرگرتووە. نەک دەسی ڕۆژگار بە ڕێککەوت، ئەو پلەوپایەی پێ دابن. یا هەر لەبەرئەوەی کورد بوون و کوردیش لە عێراق دەژین، دەبێ، چەن پیاوێکیان لە وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییەکانی دەولەتدا هەبێ و کاربکەن. ئەگینا، گەر گەلی باشووری کوردستان، ئەو زنجیرە ڕاپەڕین و شۆڕشانەی بەرپا نەکردایە، داوای مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی نەکردایە، ئایا، ئەو حوکوومەتە عەرەبییە شۆڤێنییەی ئەوسا، ئەو شا « فەیسەل »ە لە دەرەوەهێنراوەی، « زێوەر » هۆنراوەی بۆ گوتووە و « بەرزنجیی » داکۆکیی لێ دەکا، نەک هەر ناوی

کوردیشیان، له خەوی شەویشدا به بیردا نەدەهات، بەڵکوو، وەک « قیبتییەکانی ـ میسر » چۆن دەنگیان هەیە و ڕەنگیان نییە. وەک « بەربەرەکانی ـ جەزایر و مەغریب » چۆن هەر سرتە و بۆڵەیان دێ، ئاواشیان لە کورد و بگرە خراپشتریش دەکرد. ئەوسا « زێوەر » و ئێستەش « بەرزنجیی »، لە بری ئەوەی، بە کوردیی داکۆکیی لە عێراق بکەن، بیری ساختە و دەسکردی گەندەڵی « عێراقچێتیی » بڵاو کەنەوە، « زێوەر » هۆنراوەکانی و « بەرزنجیی »ش سیپارە و گوتارەکانی، بە عەرەبییەکی ڕەوان دەنووسییەوە!
ئەوە جگە لەوەی، ئەو پیاوانەی ئەو ناویبردوون، هەموویان کەڵەپیاوی ڕووناکبیری ئەو سەردەمەی کورد بوون. لە سەردەمێکیشدا، هێندێکیان لە « شێخ مەحموود » زۆر نزیکبوون و هاوکاریبوون. هێندێکی دیکەشیان، هێندەی لە دەوڵەتی « عێراق و بریتانیا »وە نزیکبوون، هێندە لە کێشەی کوردەوە نزیک نەبوون! زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی، حوکوومەتەکانیش لە « بەغدا » یا لە کوردستان دایمەزراندبوون، گەر هەموویان پیاوی خۆیان یا لە خۆیانەوە نزیک نەبووبن، لایەرەی تێکۆشانی رامیارییان، لای ئەوان پاک و سپی نەبووبێ، ئەوا هێندێکیان هەر بە تەواویی، لە بنەوە پیاوی خۆیان بوون، لە سەر خوێنی شەهیدان دانوستانیانکردووە و پێگەیشتوون، ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە و بۆ خۆیان ژیاون. نموونەش، لە سەر ئەو جۆرە کەسانە، چ لە سەردەمی شا « فەیسەڵ » و چ لە سەردەمی حوکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی دیکەی عێراقدا زۆرن و پێویست بە ناوهێنانیان ناکا.
« بەرزنجیی »، جگە لەوەی ویستوویەتی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە شان و بازووی حوکوومەتەکەی شا « فەیسەڵ » و سەردەمی پاشایەتییدا هەڵدا، کە ئەوەش تەنیا هەر بۆ ئەوەیە، پاساوی هۆنراوە چڵکنەکانی « زێوەر »ی پێ بدا. یەکێ شارەزای باری ئەو سەردەمەی کورد نەبێ، وا دەزانێ، کورد غەدری لە حوکوومەتی عێراق کردووە و میریی مافێکی زۆری بە کورد دابوو. کەچیی، کورد خۆی لە خۆی تێکداوە و بێ ئەمەک بووە! من سەیرم لێ دێ، کوردێ وڵاتەکەی داگیرکرابێ، نوزەیان لێ بڕیبێ، سەروەت و سامانی نیشتمانەکەیان دزیبێ و بە ئاشی قوڕگی ڕۆڵەکانی گەلی سەردەستیاندا کردبێ، وەک خێریان پێ کردبێن، هێشتا دەبێ، ئێمە سوپاس و ستاییشیان بکەین! هێشتا دەبێ، « بەرزنجیی »، بەو شێوەیە بیربکاتەوە، تازە باسی برایەتیی عەرەب و کوردمان بۆ بکا، لە چاکەکانی حوکوومەتەکەی شا « فەیسەڵ » و سەردەمی پاشایەتیی، چەپکێ گوڵمان بۆ بچنێ و مێزی مێژووی پێ برازێنێتەوە! ئەوە لە بری ئەوەی، دوای ئەو

هەموو ئەزموونە تاڵ و هەڵەیەی خۆی، پتر هەوڵدا، خۆشی و ڕۆڵەکانی گەلەکەی، بە بیری نەتەوەیی پەروەردەکا، بە تیشکی خۆری ڕاستیی، بەر پێیان ڕووناک کاتەوە و سەهۆڵبەندانی ئەو بیرە پوچ و نامۆیانە بتوێنێتەوە، کەچیی، تازە ئەو بیرە کرچوکاڵانەمان، بە نرخێکی زۆر هەرزان پێ دەفرۆشێ! چونکە، کورد وەک گەل، باشووری کوردستان وەک خاک، بەپێی هەموو یاسایەکی زەمینیی و ئاسمانیی بێ، مافێکی ڕەوای خۆیەتی، لە ماڵی خۆیدا چۆن دەیەوێ، هەر بەو شێوەیە بژی، ئازاد و سەربەخۆبێ، دەوڵەتێکی یەککگرتووی ناسیۆنالی هەبێ!

لە هەمان کاتیشدا، هێندە ساکارانە باسەکەی خۆی نووسیوە، جیاوازیی لە نێوان سەردەمەکان و گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا نەکردووە. بەراوردی، لە نێوان سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی سالانی نێوان « 1927-1958 » و دوای کۆدەتاکەی سالی « 1958 » کردووە. سەردەمی پاشایەتیی، « بە هێدیترین و واقیعیترین حوکم » داناوە! لە دوای « 1958 » یشەوە، بە « ئاگر و ئاسن و باروت و خەردەل لە گەڵماندا ژیاون حوکمیان کردووین. » پاشان نووسیویتی: (حوکمەتەکانی دوای ئەوانیش، دەبوو سەدان گوند وێرانو خاپوور بکرانایەو سەدان منال و ئافرەت و بێ تاوان ببوونایەتە قوربانی، ئەوسا وەزیرێک یا پارێزگارێکی کوردیان دادەنا .. خۆ هەر کە بارەکە وەردەگەڕا، ئەوەش نەدەما.)

«33،3» ئایا، « بەرزنجیی » بیریچۆتەوە، لەو سەردەمانەی ئەو باسیکردوون، ڕژێمی پاشایەتیی « بەغدا »، بە چ شێوەیە، شۆڕشەکانی « شێخ » و « بارزان »ی کوژاندۆتەوە؟ چەن جار، بۆمبارانی گوند و شارەکانی کوردستانیان کردووە؟ هەر تەنیا چاوخشاندنێ، بەو ڕاپۆرتانەی لە سەر دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کورد نووسراون و لە ئارشیڤی هەر دوو شالیارگەی ناوخۆی « عێراق » و دەرەوەی «بریتانیا »دا هەڵگیراون، ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، ئەو داگیرکەرە عەرەب و ئینگلیزانە، بە چ شێوەیەکی دڕندانە، ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەیان، لە گۆمی خوێن و فرمێسکدا نقوومکردووە. ئەوە جگە لە بیرەوەرییەکانی، چەندین سەرکردەی سەربازیی عەرەبی عێراقی وەک « حەسەن ئەلنەقیب » و چەندین ئینگلیزی وەک « مس بێل »، کە هەموویان، لە دوژمنایەتیی کورد و کوردستاندا، لە زوخاوی دەروونی ڕەش و هەناوی بۆگەنیان هەڵکێشراون!

جگە لەوەی، هەر دوو سەردەمەکە، لە زۆر ڕوویەکەوە جیاوازبوون. چونکە، لە سەردەمی کۆندا، هەموو ئەو ڕاپەڕینانەی بەرپابوون، هەر لە سنووری ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستاندا بوون. زۆر زووش دامرکێنراونەتەوە. پارتێکی ڕامیاریی

سەرپەرشتیی نەکردوون. بارە نێو دەوڵەتییەکەش بەو شێوەیە، لە قازانجی کورددا نەبووە. بەڵام، گەر سەرنجێ لە شۆڕشی «11/ سێپتێمبەر» بدەین، هەر لە «خانەقین »ەوە تا «زاخۆ »ی تەنیبۆوە. ماوەی چواردە ساڵی ڕەبەقی خایاندووە. «پارتی دیمۆکراتی کوردستان ـ عێراق »، ئالا هەڵگری شۆڕشەکە بووە. بارە نێونەتەوەییەکەش، تا ئەندازەیەکی زۆر، لەگەڵ کۆندا جیاوازیی هەبووە. ئەو ناکۆکیی و دووبەرەکییەی لە نێوان عێراق و دەوڵەتەکانی پەیمانی «بەغدا »ی وەک «تورکیا و ئێران »یشدا هەبووە، بە قازانجی شۆڕشەکە شکاوەتەوە.
بۆیە، بەرفراوانترین و درێژترین شۆڕشێ، لە مێژووی کورددا بەرپابووبێ، شۆڕشەکەی «11/سێپتێمبەر» بووە. ئامانجە ستراتیژیی و تاکتیییەکانیشی، لە شۆڕشەکانی پێشووی کورد جیاوازتربووە. گەلی باشووری کوردستانیش بە شێوەیەکی گشتیی، لە دەوری ئالای «پارتیی، شۆڕش و بارزانیی »کۆ بووبوونەوە. وەک شۆڕشەکانی پێشوو نەبووە، تەنیا چەن ڕووناکبیر و چەن تیرە و هۆزێ، بەشدارییان تێدا کردبێ. لە هەمان کاتیشدا، دوژمنەکە، ئەو دوژمنەی پێشوو نەبووە. ڕژێمەکە زۆر گۆڕاوە، «دەوڵەمەندتر، بە تواناتر، بەهێزتر، سەربەخۆتر... » بووە. تەنانەت، لای هێندێ «کورد، عەرەبی عێراق و دەوڵەتەکانی دەرەوە »ش، پێشکەوتووخوازتربووە! پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا پتەوتر و باشتربووە. لە سەر ئاستی جیهان، دۆستی نوێ و پتری پەیداکردووە. خاوەنی سوپایەکی گەورەتر و سەربەخۆتر بووە. چەکێکی زۆر و مۆدێرنی مرۆ قڕکەری کڕیوە. ڕێکخراو و پارتی ڕامیاریی عەرەبیی ناسیۆنالیستیان دامەزراندووە، بیری شۆڤێنیی و ڕەگەزپەرستانەیان، لە نێو ڕیزی ڕۆڵەکانی عەرەبدا بڵاوکردۆتەوە. دژی کورد و کێشە ڕەواکەی، مێشکیان پڕکردوون و پەروەردەیانکردوون. بۆ دژایەتیکردنی کورد و پاکتاوکردنی هانیانداون. بۆیە، ئەو جەنگەی لەو سەردەمەدا، لە کوردستاندا بەرپایانکردووە، لەگەڵ ئەو جەنگانەی پێشوودا زۆر جیاوازبووە. ئەو پەلامار و هێرشانەی، سوپای داگیرکەری عێراق، لە کۆندا داویانە و کردوویانە، لە چاو ئەو پەلاماردان و هێرەشانەی، دوای ساڵی «1958 » داویانە و کردوویانە، گەلێ جیاوازییان هەبووە.
بە کورتیی، هەموو شتەکان گۆڕاون. بەڵەنسی تەرازووی نێوان هێزەکانیش، هەر گۆڕاوە و لە قازانجی کورددا نەبووە. کوردیش، لەو سەردەمانەدا، دۆستی نەبووە، تا بە لانی کەمەوە، گەر یارمەتیی نەدا، ڕێگەی پێشاندا. جا گەر کورد، لە سەردەمی زنجیرە شۆڕشەکانی «شێخ مەحموود » و «بارزان »دا، بە زەبری

لوولەی تفەنگی « پێنجتیر و ماوزەر »، بەرانبەر هێزی « عێراق و بریتانیا » جەنگابێ، ئەوا لە سەردەمی شۆڕشەکەی « 1961-1975 »دا، بە « تفەنگی کلاشینکۆف، هاوەن، تۆپی گەورە و قورس،B10 و ڕاکێتی هۆک »، دژی « سوپا، تانک و فڕۆکە »کانی دەوڵەتی داگیرکەری دوای سالآنی شەستەکان جەنگاوە!
لەبەرئەوە، شتێکی زۆر ئاشکرایە، هۆ و ئامرازە « ڕامیاریی، سەربازیی، پروپاگەندیی و مرۆیی »یەکان گۆڕاون. « کوشتنی بە کۆمەڵ، ڕاگوێزان، هۆردوگای زۆرەملیی، ئەنفال و ژارابارنکردن »ی هێندێ ناوچەی کوردستان، لە سەردەمی نوێدا پیادەکراوە و هەبووە. بەلآم، لە کۆندا نەک هەر بەوشێوەیە نەبووە، بەڵکوو، زۆر بە دەگمەن هێندێ لەو شتانە ڕوویانداوە!
ئەدی « بەرزنجیی »، کاتێ ئەو بەراوردەی لە نێوان حوکومەتەکانی کۆن و نوێدا کردووە، پاکانەی بۆ سەردەمی پاشایەتیی کردووە، هەموو خراپەکارییەکان و کارە دڕندەکانی سەرانی دەوڵەتی عێراقی دوای « 1958 »ی باسکردووە بۆ نایەوێ، لە سەردەمی پاشایەتیشدا، دەوڵەتە داگیرکەرەکە، دژی کورد چەکی کیماویی بەکاربێنایە، کە ئەوا کاتە ڕەنگە، نەک هەر نەیبوویێ، بەڵکوو، بە چاوی خۆشیان نەیاندیبێ! بۆ نایەوێ، داگیرکەر ئەنفالی کۆمەلآنی بێ دەسەلآتی کوردستانیان بکردایە، وا نووسیوێتی: « بە ئاگر و ئاسن و باڕووت و خەردەل لەگەڵماندا ژیاون ! » خۆ ئاشێ، بڵێ: ئەوانەی پێشوو، ئەو کارانەیان نەکردووە و لە بری ئاگر و ئاسن و باڕووت، کوڵبارانیان کردووین، بە فڕۆکە بۆمباهاوێژەکانیان، بووکەشووشە و نوقوڵی ترشوشیرینیان بۆ منالآنی کوردستان هەڵداوە!
کەواتە، دوێنێ ئەوڕۆ نییە. هەر حوکوومەتەی، بەپێی قەبارە و مەترسیی داواکارییەکانی شۆڕشەکە، بەپێی توانا و سەردەمەکە، دژایەتییەکی تەواویی کورد و شۆڕشەکەیان کردووە. بە هەموو شێوەیە هەوڵیانداوە، لەنێوببەرن. گوند و شارۆچەکەکانی کوردستانیان بۆمبارانکردووە و سووتاندوویانە. دەرگەی گرتووخانەکانیان، لە سەر گازی پشتبووە و بە خەباتگێڕانی کورد ئاخنیویانە. تەنانەت، هەوڵی بەعەرەبکردن و تواندنەوەی کوردیشیان داوە. جا گەر وا نەبێ، گوندی « حەویجە » و دەشتی « کەرکووک »یان، لە ساڵەکانی سیدا بە عەرەب نەدەچێنا! تەنانەت، عەرەبیی دەشتەکیی و گامێشەوانەکانی خوارووی عێراقیشیان، بۆ شارۆکەیەکی وەک « سەیید سادق » و شاری « سولەیمانیی »ش هێناوە، لە گەڕەکی « جوولەکان » نیشتەجێ بوون و ژیاون. ئایا، هەر ئەو ڕژێمە هێدیی و شا « فەیسەڵ »ە نەبووە، هەموو کوردی بە عەرەب داناوە؟!! ئەمەش لەو

گفتوگۆیەدا، بە ڕوونیی دەردەکەوێ، کاتێ بە « شێخ مەحموود »ی گوتووە: (ئامۆزا! تۆ سەییدیت و لە خێزانی ئێمەیت. تۆ چ دەکەیت لە کوردستان و دەخلت چییە بە سەر کوردەوە. تۆ وەک من لە بەرەبابی پەیامبەر و بەنی هاشمیت، بۆ واز لەم کوردایەتییە ناهێنیت و بێیتە بەغدا لای من؟)« 16،12 ».

لە وەڵامدا، « شێخ »یش گوتبووی: (ئەوە ڕاستە کە خێزانی من و تۆ، لە نەوەی ئیمام حەسەن و ئیمام حسەینین. بەڵام، ئەوەبوو کاتێک کە حەسەن و حسەینی باپیرانمان ڕوویانکردە دەشتی کەربەلا و دەیانوویست، خەڵکی ڕازیبکەن، کە ڕێی هەق بگرن، هەر لە لایەن عەرەبەکان خۆیانەوە کوژران و هێندێک لەوانەی لەو خێزانە بوون و ڕزگاریانبووبوو، پەنایانبردە بەر چیاکانی کوردستان و گەلی ڕەشوڕووتی کورد نەک هەر باووباپیرانی ئێمەیان نەکوشت و بەس، بەڵکوو باوەشی خۆشەویستییان کردەوە بۆیان و کردنیان بە بەشێک لە خۆیان و لەوەش زێتر بە گەورەی خۆیان. ئێمە سەدان ساڵ لە باوەشی کورددا گەورە بووین، تازە دڵ و دەروونمان بووەتە کورد. زۆر سوپاستدەکەم کەوا بە ئامۆزا بانگمدەکەیت و منیش تۆ بە ئامۆزای خۆم دەزانم، بەڵام وەک تۆ خۆم بە عەرەب نازانم و لە تۆش داوا ناکەم، هەر لە بەر خزمایەتیی من، خۆت بە کورد بزانیت.. ئامۆزایەک کورد و ئامۆزایەک عەرەب ...)« 16،12 ».

جا، ئیدی دەبێ، ئەم حوکوومەتە داگیرکەرانەی کوردستان، چ لە کۆن و چ لە ئێستەدا، چ جۆرە جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکدیدا هەبێ، گەر تەنیا لە سەردەمەکان و گۆڕانکارییە « ڕامیاریی، سەربازیی، ئابووریی، کەلتووریی، کۆمەڵایەتیی »یەکاندا، جیاواز نەبن؟!! مەگەر هەر لای « بەرزنجیی »، زۆر جیاوازبن و کۆنەکان لە نوێکان باشتربووبن، ئەگینا، داگیرکەر لە هەموو کات و سەردەمێکدا، هەر بە داگیرکەر دادەنرێ و خەسڵەتی داگیرکەرانەی خۆیان وون ناکەن!

بۆیە، دەڵێم: هەر سەردەمێ، ڕەوشی تایبەتیی خۆی هەیە و لە سەردەمەکەی دیکەی پێش خۆی جیادەکاتەوە. هەر سەردەمێ، جۆرە چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی و چینایەتیی تایبەتیی لە خۆی دەگرێ و جۆرە خەباتێکی دیارکیراوی دەوێ. ئەمەش، پتر بەپێی « بەڵەنسی تەرازووی هێزەکان، هاوکێشە ڕامیاریی و سەربازییەکان و باری نێوخۆ و جیهان » دەگۆڕێ، جگە لەوەی، نەک هەر « بەد » هەیە، بەڵکوو هەمیشە « بەد، بەدتر و بەدترین »یش هەیە. جا ئیدی نازانم، لە دواڕۆژدا، چ چارەنووسێکی نادیار، چاوەڕێی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە هەژارە دەکا؟!!

38/3. فەتـــوا :

ئینجا، زۆر بە ڕاشکاویی و ڕووهەڵماڵراویی، داکۆکیی لە هەموو ئەو هۆنەرانە کردووە، کە لە سەردەمی کۆندا، هۆنراوەیان بۆ سەرانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە گوتووە و نووسیویتی: (جا قۆناغێکی حوکم لەسەر کورد ئاوابووبێ، هیچ جێگای ئەنگی نیە کەشاعیرێ یا نوسەرێ شتێکیان بۆ بڵێ.)«33،3» بەڕاستیی، کاتێ ئەم چەن ووشەیەم خوێندەوە، ئینجا بە تەواویی تێگەیشتم، ئەستێرەی لە ئاسماندا نەماوە. بە هیچ شێوەیە، دەفی دەنگ نادا. بۆیە وا بەو شێوەیە، کەوتۆتە قەل و بەرد. داکۆکیی لەو هۆنەرانە کردووە، کە هۆنراوەیان بۆ ئەو ڕژێمانە نووسیوە. دووریش نییە، خۆشی لەو بابەتانەی نووسیبێ، بە ناوی خۆیەوە یا بە ناوی یەکێکی دیکەوە، لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا بڵاویکردبنەوە. بۆیە، وا بەو شێوەیە نووسیویتی! چونکە، ماوەی بیست ساڵێ دەبێ، لێی دوورم و ئاگاداری هەواڵەکانی نیم. لەوە ناگەم، دەیەوێ، چۆن باوەڕ بە خوێنەری کورد بێنێ، ئەو جۆرە ژارەی لە بیری هێندێ لە هۆنراوە « عێراقچێتیی یەکانی « زێوەر « دا هەیە و هۆنەرەکانی دیکەش ڕشتوویانە، پاشان، پارتە کوردستانیییەکانیش پێیان تێخستووە، کارێکی ئاسایی بێ و جێگەی ئەنگیی نەبێ؟!! بە لای منەوە، ئەو هۆنراوە پڕ لە بێگانەپەرستییانە، نەک هەر جێگەی ئەنگییە، بەڵکوو، زۆر جێگەی ئەنگییشە، گەر هۆنەرێ هۆنراوەیە بۆ خوێنەرێژ و بکوژەکەی خۆی بهۆنێتەوە. گەر نووسەرێ، چەن دێرێکی جوان بۆ سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکەی بنووسێ و پێیاندا هەڵدا. چونکە، جگە لەوەی ئەوان بە دوژمن و داگیرکەر دادەنرێن، هێشتا، هیچیشیان بە کورد نەداوە، تا هۆنەرێ یا نووسەرێ، شتێکی لەو بابەتانەیان بۆ بنووسێ. بەڵام، هەر کوردێ، مەلاشووی بە بیری چەوت و ڕزیویی « عێراقچێتیی « هەڵدرابێتەوە، ماوەیە لە سنگەری ناپاکییدا گیرسابێتەوە، ئایا دەبێ، لەوە پتر چاوەڕوانی چی دیکەی لێ بکرێ؟ لەو ژار و زوخاوانە پتر، چی دیکە هەڵڕێژێ؟! بۆیە، کاتێ مرۆڤی کورد، باوەڕ و ویژدانی نەتەوەیی خۆی پێشێلکرد، هەموو شتێکی پیرۆزی، لە بیر خۆی بردەوە، ئامانجێکی دیاریکراوی نەبوو، لە پێناویدا بژی و بمرێ، زۆر زیاتر لەو « فەتوا یانەی « بەرزنجیی «، خراپتریش دەدا!

39/3. ڕەخنە یا تاوانبارکردن :

پاشان نووسیویتی: (دیارە ڕاوبۆچوونەکانمان بەکێش و ترازوی ئەمڕۆیە، چونکە نووسەری ئەو باسە، زێوەر بەوشێوەیە تاوانبار دەکات:)«34،3» لە ڕاستییدا، من « زێوەر « م تاوانبار نەکردووە و تاوانباریشی ناکەم. بەڵکوو، ڕەخنەم لە هێندێ لە

هۆنراوه « عێراقچێتیی »یەکانی گرتووه. چونکه، تاوانبارکردن و ڕەخنەلێگرتن، دوو شتی جیاوازن. بۆ نموونه: لەوانەیه، کەسێکی دیاریکراو، کارێکی خراپی نەکردبێ، بێ گوناح بێ، کەچیی، تاوانباریکەن. یا هەر به کردەوه، ئەو کاره خراپەی کردووه و له سەری سەلماوه. بەلام، « زێوەر » خۆی ئەو هۆنراوانەی گوتووه، کارەکه کراوه و تەواوبووه. هەڵبەته، کەسیش به زۆر ئەو هۆنراوانەی پێ نەگوتووه. بەڵکوو، به ئارەزوو و ویستی خۆی گوتوونی. ئەگینا، هەر لەو سەردەمەدا، هۆنەرێکی لاهوتیی وەک « بێخوود » ژیاوه. نەک هەر وەک ئەو، هۆنراوەی بۆ شا « فەیسەڵ »و « عێراق » نەگوتووه، بەڵکوو، کاتێ ساڵی «1921»یش، دەربارەی دیاریکردنی چارەنووسی عێراق، پرسیاریان لێ کردووه، زۆر به ڕاشکاویی، به دوو نیوەدێڕ هۆنراوەی تورکیی، پوختەی باوەڕی خۆی دەربڕیوه و گوتوویەتی:

پر توی رایم بودر « بیخود » قوی اولسن منجلی

عنصرم کورد اولدغیچن استمم بن فیصلی

واتـــــه: (ئەمه پوختەی بیروباوەڕمەه، با ئاشکرا و دیاری بێ ئەی « بێخود »! مادەم من ڕەگەزم کوردە، فەیسەڵم ناوێ.)«160،5»

40/3. ئازادیی یا سەرلێشێواویی؟

« بەرزنجیی »، هەر بەوەشەوه نەوەستاوه، به ناوی ئازادیی نووسینەوه، به هەڵه داکۆکیی کردووه، نموونەی هۆنەرێکی دۆستی فاشییەکانی هێناوەتەوو و نووسیوێتی: (جگه لەمەش، هەر نووسەرو شاعیرێ، لەهەر کاتێکابێ، سەربەسته لەو ڕوداو دیاردەیەی کاردەکاته سەری و بەشێوەیه لەشێوەکانی « هونەر » دەیخاتەڕوو، « ئەزرا پاوند » شاعیری ئەمریکی هەواداری فاشیزمەکان، وای حەز لێبووه که شیعر بۆ ئەوان بڵێ، ئەمەش نەبووه هۆی ئەوەی له1948دا هەڵبژێرێ بۆ پاداشتی بۆ لینکتز لەوڵاتەکەیدا.)«34،3»

بەڵی، ڕاسته، هەموو نووسەر و هۆنەرێ، تا ئەندازەیەکی زۆر ئازاده، لەوەی دەینووسێ. بەلام، به هیچ شێوەیەکیش نابێ، ڕێگه له چاوی تیژی سانسۆری ڕۆڵه دڵسۆزەکانی گەلیش بگرێ، ڕەخنەی لێ بگرن. چونکه، ئەوانیش بۆیان هەیه، بەرهەمەکەی هەڵسەنگێنن و هەڵەکانی بۆ ڕاسکەنەوه. لەبەرئەوەی، نووسەر و هۆنەر، به تەنیا بۆ خۆیان نانووسن، بەڵکوو، بۆ ڕۆڵەکانی گەل دەنووسن. گەر بەرهەمی خراپ بڵاوکەنەوه، له بەرژەوەندیی باڵای گەلدا نەبێ، ئەوا زۆر پێویسته، نەک هەر ڕەخنەیان لێ بگرن، بەڵکوو، لەقاویشیاندەن، دەسەکانیان بۆ جەماوەر

ئاشکراکەن. چونکە، دوور نییە، هێندێ نووسەر و هونەر، بە دەستی لایەکی دیکە، ئەو بەرهەمانە بنووسن و بڵاویکەنەوە، یا لایەنێکی گومانلێکراوی لە دواوە بێ! بۆیە دەبێ، ئەو دەس و لایەنانە ئاشکرا و ئەو بەرهەمانەش پوچەڵکرینەوە.

نموونەی « ئەزرا پاوند »ی هونەری ئەمێریکایی هێناوەتەوە، کە حەزی لێ بووە، هونراوە بۆ « فاشیزم » بهۆنێتەوە. بە ڕاستیی، جێی پێکەنینە، لە لایەکەوە، لە نێوان « زێوەر » و ئەو هونەرە، لە لایەکی دیکەشەوە، لە نێوان کوردستان و ئەمێریکادا، بەراوردبکرێ! کوردستانێ، تا ئەوڕۆ بندەستی دەوڵەتی عێراق بێ، بۆنی خوێن و باڕووتی لێ بێ. ئەمێریکایەک، یەکێ لە دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بێ، نزیکەی دووسەد ساڵێ بێ، هاڵاوی ئازادیی و دیمۆکراسیی لێ هەڵسێ، ئایا، چۆن دەکرێ، بەراورد لە نێوان ئەو دوو وڵات و سیستێمەدا بکرێ؟

تەنانەت، گەر یەکێکی وەک « ئەزرا »ش، هونراوەی بۆ « فاشیزم » دانابێ، خۆ بەو کارەی، زیانی بە سەربەستیی و سەروەریی نیشتمانەکەی نەگەیاندووە؟ فاشییەکان وڵاتەکەیان داگیر نەکردووە؟ تاڵاوی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەچێشتووە؟ چونکە، تەنیا هەر لە دوورەوە، دوای بیری « فاشیزم » کەوتووە، گەر لە نزیکەوە بیناسیبایە، کردەوە خراپەکانی ببینیبایە، هەڵبەتە، ئەو هونراوانەی بۆ نەدەهۆنینەوە.

جگە لەوەی، گەر هەر هەمان « ئەزرا »ی هونەر، لەو سەردەمەدا، لە چەن وڵاتێکی وەک « ئەورووپای ڕۆژهەڵات » بژیایە، ئایا دەیتوانی، نەک هەر هونراوەیەک بۆ « فاشیزم » بڵێ، بەڵکوو، سەریش هەڵبڕێ؟ کەواتە، پێویست ناکا، بەراوردێ بکەین، کە لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵەبێ. بە هەڵەی هونەرێکی دیکە، ڕوخساری دژێوی هونراوە « عێراقچێتیی »یەکانی « زێوەر » ئارایشکەین و برازێنینەوە! ئەمەش، وەک « بەرزنجیی » تێیگەیشتووە، نیشانەی ئازادیی نییە، بەڵکوو، بە سەرلێشێوایی دادەنرێ.

41/3. لێکۆڵینەوەی ئەکادێمیایی :

لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی، لە هەر بوارێکی ژیاندا بێ، دوو شێوەی جیاواز بە خۆیەوە دەبینێ. یا وەک « بەرزنجیی » نووسیویێتی: (لەلێکۆڵینەوەماندا لەبەرهەمی هەر شاعیرو نووسەرێ دەبێ لەهەمو لایەنەکانی زاتی و مەوزوعی خاوەنەکەی بکۆڵینەوەو لەگەڵ بارو رەوشی سەردەمەکەدا لێکیان دەین.)«34،3» یا، بابەتێکی بچووک وەردەگرین و لێی دەکۆڵینەوە. بۆ نموونە: دەتوانین، لێکۆڵینەوەیەکی وێژەیی ئەکادیمیاییانە، تەنیا لە سەر، ژن لە هونراوەی هونەرێکی دیاریکراودا

بکەین. ئیدی، ئەو کاتە هیچ پێویست ناکا، پەل بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان و بەرهەمی ئەو هۆنەرە ڕاکێشین. ئەمە، لە توێژینەوەی زانستانەشدا هەر وایە. بۆ نموونە: بە سەدان خوێندکاری خوێندنی باڵای « ماجستێر و دوکتۆرا »، کار لە سەر یەکێ لە بەرهەمەکانی « شیر، پەنیر، ئاو، خۆڵ، میوەیەکی دیاریکراو، سەوزە، گەنم، ئاسن، شووشە ... تاد » دەکەن. بەڵام، هەر یەکەیان، لە یەکێ لە خەسڵەت و دیاردەکانی ئەو کەرەسە دیاریکراوە دەکۆڵنەوە، نەک هەموو لایەنەکانی باسکەن و لێی بتوێژنەوە. جاری وا هەیە، چەن خوێندکارێ، لە سەر یەک کەرەسە و بابەتی دیاریکراو کاردەکەن، بەڵام، هەر یەکەیان لە بەشێکی کەمی ئەو بابەتە دەکۆڵێتەوە. بۆ نموونە: لەو ئینستیتووتەی دەمخوێند، تەنیا هەر لە سەر کارتێکردنی کەرسەی کیمیایی، لە « گەنمەشامیی »، چوار خوێندکار کارماندەکرد و یەک مامۆستامان هەبوو. بەڵام، هەر یەکەمان، بەشێکی ئەو کارتێکردنەی وەرگرتبوو. وەک کارتێکردنی لە « گەورەبوونی خۆی، ڕووەکەکانی دەوروبەری، پەلەوەر، پیسکردنی ژینگە » ئیدی، چ پێویستدەکا، گەر تەنیا باسی لایەنی « عێراقچێتیی »، هێندێ هۆنراوەی « زێوەر » بکەم، پەل بۆ « لایەنەکانی خودیی و بابەتیی » هۆنەر ڕاکێشم؟!! یا باسی ئەوە بکەم، نووسەران و هۆنەرانی کورد، باری سەرنجیان بەرانبەر بەو چۆن بووە؟ یا هەڵەکانی هۆنەرانی دیکەش، بە هەڵەکانی هۆنەر بەراوردکەم؟ ئەوانە، نە بە کەرەسەی ئەو لێکۆڵینەوەیە دادەنرێن، نە بە کەڵکی ئەو جۆرە کارانەش دێن!

42/3. تایبەتیی و گشتیی :

نموونەیەکی نابەجێی دیکەشی هێناوەتەوە، گوایە: (« بشار بن برد »ی شاعیری سەردەمی عەبباسی، شیعری لە هەجوی « مەئموون »دا هەیە کەسوار پوورەکانی خۆی دەبێ و باس لەرابواردنێکی فاحیشانەی خۆی دەکات لەگەڵ کچێکی جوانی ناو کۆشکدا.. ئەم شیعرانەی هەیەو ماوەو لێیشی کۆڵراوەتەوەو ئێستا شارەزایان و ڕەخنەگران « رد الاعتبار » بۆ ئەو شاعیرە بێننەوە.)«34.3» هەڵبەتە، هەر زوو فریای خۆی کەوتووە، لە نموونەکەی خۆی باش گەیشتووە. بۆیە هەر پاش ئەوە گوتوویەتی: (لەوانەیە نووسەر بڵێ: ـ جیاوازن،. ئەمە پەیوەندی بەکەسانێکەوە هەیەو ئەوە بەمیللەتێکەوە؟)«34.3»

جگە لەوەش، ئەوەی « بەشار » باسیکردووە، کارێکی بێ ڕەوشتیی بووە، کردەوەی یەکێکی وەک « مەئموون »ی لەقاوداوە. شتێ بووە، پێوەندیی بە باری تایبەتیی تاکە کەسێکەوە هەبووە. بەڵام، ئەو هۆنراوانەی « زێوەر » بە کێشە و باسی

پەروەردەکردنی نەوەیەک و بە شتێکێ گشتیی دەژمێررێ. وەک کەرەسەیەکی بیر و وێژە، نەوەکانی دوارۆژ، کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوەتە، یەکێکی وەک « بەرزنجیی »، داکۆکیی لە هەمان باوەڕی چەوتی « عێراقـچێتیی » کردووە. چونکە، کاتی خۆی بە هەمان بیر پەروەردە و گۆشکراوە! ئەوە لە بری ئەوەی، زۆر ئازایانە بیگوتایە: راستـە، « زێوەر » بە هەڵەدا چووە. منداڵانی کـورد، پێـویسـتـیـان بەو جـۆرە هۆنراوانە نییـە. بۆیە، ئەو هۆنراوە زۆڵەکـانـەی گـوتووە، ویسـتـوویەتـی، سـەر لە زۆڵەکانی کورد بشێوێنێ، لە بری کوردستان، ناوی « شیمـال » و « عێراق »یان فێرکا، شـا « فـەیسـەڵ »یان لا خۆشـەویستکا، « ئاڵا »کەیان لا پیرۆزکا، بیری چەوتی « عێراقچێتیی »یان، لە دڵ و دەروونـدا بروێنێ!

43/3. ئەحمەد موختار جاف :

دەربارەی کارکـردنی « ئەحمـەد مـوختـار جـاف »، لە دەزگـەکانی بەڕێوەبەرێتیی ئینگلیزەکاندا، نووسیوێتی: (ئەحمەد مـوختـار جـاف: هەڵوێست و مـامـەڵەی لەگەڵ دەسـەڵاتی دوای شـێخ ئاشکرابوو، مـێـجـەرسـۆن کـردیە قـایمـقـام و دوایی قـازی سلێمـانـی، شـێخ لێی رەنجـا، سزای دا، شـیـعرەکـەیمان خسـتـەڕوو کـەبۆشـێخی ناردبوو، هەربە هۆی نێزیکی لەدەسـەڵاتەوە کرایە ئەندامی پەرلەمـانی عـێراقی.) «35،3».

من هـەرکـیــز، باسی پلەوپایەی هۆنەرانم نـەکـردووە، تا بڵـێین: فـلان هۆنـەر، یا نووسـەر، چ کـارێکی لە دەوڵەتـی عـێـراقـدا وەرگـرتووە. چـونکە، ئەوە بە کـارێکی ئاسـایـی دادەنرێ. هـەمـوو یەکێ لە سنووری دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشـتـمـانی دیاریکراودا بژی، گومـانی تێدا نییـە، دەبێ، کـاریکا. بەڵام، باسـی ئەوەم کردووە، هۆنەر ئەو هـەموو هۆنراوانەی بە خۆڕایی بۆ « عێراق، ئاڵا و شا »کەی داناوە! جا، هەر لەو ڕوانگەیەوە، با « ئەحـمـەد موختـار »، بە « قـایمقام »یدا تێبەڕبووبێ، تا بە ئەندامی « پەرلـەمـانی عێراق »یش گـەیشـتـووە. گرنگ ئەوەیە، یەک هۆنراوەی لەو بابـەتانەی نـەگـوتووە! جگە لەوەی، ئەو پێی وابووە، ئینگلیـز لە تورک و عــەرەب باشترە، بۆیە، هاوکاریی لەگەڵدا کردوون. بریـا ئەو جۆرە بیرە، لای « شێخ »یش، چەکەرەی بکردایە! باوەڕ ناکەم، ئێستە ڕۆژمان بەم ڕۆژە بگەیشتایە!

جگە لـەوەی نازانم، بۆ دەبێ، نـەنگـیـبێ، گـەر یەکـێکی وەک « جـاف »، کـاری لە دەسـەڵاتـەکەی دوای « شێخ »دا کردبێ؟! گـەر خۆی هەر لە سـەرەتاوە، بـاوەڕی بە « بریـتانیا » بووبێ. خۆ تەنیـا هەر ئەو، کاری لەگـەڵ ئینگلیزەکـاندا نەکردووە و پۆستی گرنگی وەر نەگرتووە. بەڵکوو، بە دەیان کوردی نیشتمـانپەروەری دیکە، چ

له سەردەمی دەسەڵاتی « شێخ » و چ له سەردەمی دوای دەسەڵاتی ئەویشدا، ئەو پۆستانەیان هەبووە. وەک خۆی بە دڵسۆز ناویبردوون و نووسیویتی: (سەعید قزاز، رفیق حیلمی، ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، مەعروف جیاوک، ئەحمەد موختار و ساڵح زەکی و دەیان دڵسۆزی تر له وەزارەتەکان و ناوچەکاندا کاربەدەست بوون.) «33،3»

دیارە، قسەکەی خۆی بیرچۆتەوە، وا تەنیا باسی « جاف »ی کردووە و ناڕاستەوخۆ، تانووتی لیداوە. چونکە، ئەوەتەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان دامەزراوە، کورد هەر له بندەستی ئەواندا بووە و له یەکێ له بەڕێوەبەرێتییەکانی ئەو دەوڵەتانەشدا کاریکردووە. جا ئەو سەردەمە، سەردەمی دەسەڵاتی شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانیی بووبێ، یا سەردەمی خەلیفەکانی عەرەب بووبێ، بۆ کورد هیچی له باسەکە نەگۆڕیوە. چونکە، کورد خۆی خاوەنی دەوڵەتێکی تایبەتیی نەبووە، تا ڕۆڵەکانی کار له دەوڵەتەکەی خۆیاندا بکەن!

44/3. بێ ئاگایی :

وەک « بەرزنجیی » نووسیویتی: (نووسەر ناوی هەندێ لەو شاعیرانەمان بۆ دێنێ کەهاوچەرخی زێوەر بوون بەڵام بەقسەی ئەو، تاکە یەک هۆنراوەیان بۆ عێراق و مەلیکەکەی نەوتووە! هەر چەندە ئەم ڕایە لەبێ ئاگایی یەوەیە، بەڵام بەپێی توانا «وەک نمونە « باس و خواسێ لەهەندێ لەوانە دەکەین. بەبێ ئەوەی ئەم نمونانەی دەیهێنینەوە ببنە لەکەدارکردنی پایەو ئاستی ئەدەبی و کەسایەتیان، ئەوانە هەموو گوڵی ڕەنگاوڕەنگی دامێنی چیای بەرزی ئەدەبەکەمانن و جێگای شانازین.) «35،3»

حەزدەکەم، « بەرزنجیی » زۆر لەوە دڵنیابێ، ئەو زانیارییانەی له سەر « زێوەر » و هێندێ هۆنراوەی « عێراقچێتیی » هۆنەرە کوردەکانی دیکە کۆمکردوونەتەوە، هەر وا بە خۆڕایی دەستم نەکەوتوون و له بێ ئاگایییەوە نییە. چونکە، پتر له دوو ساڵ دەبێ، خۆم بەو باس و لێکۆڵینەوەیەوە خەریککردووە. گەلێ زانیاریی پڕ بایەخم، له سەر کۆ کردوونەتەوە.

بەڵێ، زۆر باشیش دەزانم و ئاگاداریی ئەوەش هەم، هۆنەرەکانی کورد هەموو، وەک یەک بیریان نەکردۆتەوە. بەڵکوو، دید و بۆچوونی جیاوازیان هەبووە. هەڵوێستی جیاجیان وەرگرتووە. کردەوەی جۆراوجۆریان نوواندووە. هەڵبەتە، پەنجەکانی دەستیش وەک یەک نین، ئیدی، بۆ گلەیی لەوان بکەین؟!!

هێندێ هۆنەر هەبوون، دوای ئەوەی شۆڕشەکانی « شێخ مەحموود » تەواوبووە، بە لای ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقدا بایانداوەتەوە. یا هێندێکیان هەر لە سەرەتاوە، باوەڕیان بە ئینگلیز هەبووە. لەبەرئەوە، هێندێ هۆنراوەیان بۆ نوێنەرەکانی ئینگلیز و سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، چ پێش کۆدەتاکەی « 1958 » و چ پاش ئەوەش گوتووە. هەر یەکەش، ئەم کارەی، لە گۆشە نیگای باوەڕ و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە کردووە. وەک: « مەحویی، زێوەر، حەمدیی، پیرەمێرد، قانع، موفتیی، ا.ب. هەوریی، فەوزیی، ناریی، هێمن، برایم ئەحمەد، گۆران ... تاد » جگە لە « ناریی و هێمن »، هەموو هۆنەرەکانی دیکەی ناومان بردن، خەڵکی شاری « سولەیمانیی » و دەوروبەرەکەی بوون. هەر چەندە، ئەو شارە شیرینە، وەک مەڵبەندێکی « ڕووناکبیریی و شۆڕشگێڕیی » کورد، نەک هەر کورد، بەڵکوو، تەنانەت دوژمنانیش ناتوانن، نکوولیی لە ڕۆڵی گەورە و لەبەرچاوی بکەن. بەڵام، لە ڕاستییدا، هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆش، چەن خەسڵەتێکی خراپی وەک: « بادانەوە، چاولێکەریی، ئیرەیی و کەللەڕەقیی »یان هەیە. هۆنەرێکی ناسراوی وەک « حەمدیی »، خەڵکی شارەکەی خۆی باش ناسیوە، هەم بە باشە ناوی بردوون، هەم گللەیی لێ کردوون و لە دەسیان هاواری لێ هەستاوە. بۆیە، زۆر چاکی فەرمووە، کاتێ گوتوویەتی :

هەر ببێ ڕەببی سلێمانی، بمێنێ قەومی کورد
وەرگەڕان، بادانەوە، ئیشی ئەوانە دەستوبرد
قەت نەترس و هیچ نەپرس و موستەقیم و موتتەفیق
زیرەک و چالاک و لێدەر، عادەتا ئەمسالی کورد
هەر بە « لام باشە » موحەققەق بوو، کە باش و بێ غەشن
گەورەکانی تا ببێتە خاتری ئەصنافی کورد

لە کۆتاییشدا گوتوویەتی:

« حەمدیی » لەککەی شانی ئەم قەومە لە دنیادا چییە
دوو سەگی پیسی ڕەزیلە، کاشکێ هەر دوو ئەمرد «243،16»

پاشان، بە تاکە دێڕێ هۆنراوە، بێزاریی خۆی دەربڕیوە و گوتوویەتی:

من لە ناو ئەم کوردەدا چونکە، ئەزاکەتیان نییە
حەزنەکەم، دەنگم بنووسێ بەڵکە، دەنگم دەر نەیە «187،16»

جا، هەر بە ڕاستیی، ئەو خەسڵەتە خراپانە، لە هەموو سەردەمێکدا، لە خەڵکی شارەکەدا هەبووە. بۆیە، شتێکی سەیر نییە، گەر زۆربەی ئەو هۆنەرانەی ناومان

بردن و هۆنراوەیان بۆ سەرانی داگیرکەرانی کوردستان گوتووە، خەڵکی ئەو شارە قارەمانە بووبن!

45/3. دوو بـــــــەرە :

« بەرزنجیی »، لە زمانی « محەمەدی مەلا کەریم »ەوە، کـۆمەڵێ لە خەسڵەتەکانی « قـانع »ی باسکردووە. خـۆشی باسی هەژاریی و نەبوونیی کـردووە. پاشـان نووسیویتی: (لەناوەرساتی چلەکاندا ئومێدی بەمام ئینگلیز پەیداکردو شیعری بۆ وت.)«40،3».

1. گەر« قانع »، هۆنراوەی بۆ ئینگلیز گوتبێ، بە هیچ شێوەیە، ئەوە ناگەیەنێ، ئەو خەسڵەتانەی خۆی لەدەسداوە. چونکە، ئەو بە ڕاستیی وا بوو. کوردێکی دڵسۆز و هۆنەرێکی خەمخواری کورد بوو!

2. کارێکی زۆر ئاساییە، نەک هەر « قانع »، بەڵکوو، هەر هۆنەرێکی کورد، گەر هۆنراوەی بۆ ئینگلیز گووتبێ. چونکە، مێژوو سەلماندی، ئەوان لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، تا سەر داگیرکەر نەبوون، بەڵکوو، ماوەیە ماونەتەوە. جا بە هەر شێوەیە بووبێ، پاشان گەڕاونەتەوە. دوای خۆشیان، کەلتوور و شارستانێتییان جێ هێشتووە. ئەوەی « قانع » لەو ڕۆژەدا گوتوویەتی، گوایە: « ئینگلیز» لە « هیتلەر » چاکترە، نەک هەر ئەو کاتە، بەڵکوو، ئێستەش و تا مرۆڤێ لە سەر ئەم ڕووی زەوییە بمێنێ، هەر ڕاستە. گەر، لە هەر سەردەمێکی مێژوویی دیکەشدا، جەنگێکی دیکە، لە نێوان هەر دوو بەرەی « فاشیزم » و « دێمۆکراسیی »دا ڕوویدا، هیچ گومانی تێدا نییە، بە هەموو شێوە. و توانایەکەوە دەبێ، پشگیریی بەرەی « دێمۆکراسیی » و دژایەتیی بەرەی « فاشیزم » بکرێ.

ئایا « بەرزنجیی » دەیویست، « قانع » وەک « ئەزرا پاوند »، هۆنراوەی بۆ بەرەی « فاشیزم » بگوتایە، پشگیریی « هیتلەر» و « مۆسۆلۆنیی » بکردایە؟ نازانم، چۆن ماوەیە هەوای « مارکسیزم ــ لینینزم »، دواتریش، « ماویزم » لە کەللەی مامۆستای دابوو، گەرمە گوتاری لە سەر « شەڕی چەتەگەریی » دەنووسی، گەر ئێستە، بەو شێوە ئاوەژووە بیریکاتەوە؟!! ئاخر، بۆیە چارەنووسی ئەو باوەڕ و فەلسەفەیەش، بەو ڕۆژە گەیی، چونکە، دوو مامۆستای ڕووناکبیر و شۆڕشگێریی وەک « بەرزنجیی » فەریکە کۆمۆنیست بوون!

جگە لەوەی « قانع »، بەو کەمە خوێندەوارییەی خۆیەوە، زۆر باش بۆ کێشە و گرفتەکان چووبوو. زۆر باشیش، لە ئینگلیز گەیشتووبوو. هەر چەندە، یەکێکی وەک « بەرزنجیی » پێی قاڵدەبێ، هۆنەر هۆنراوەی بۆ ئینگلیز گوتووە! ئایا، ئەو

کـاتـه، ئینگلیـز بە تـەنیـا هـەر کـوردسـتـان، یا هەمـوو عـێـراق و باشـووری کـوردسـتـانیـشی داگـیـرکـردبوو؟ چونکە، ئەو کـاتە، هێـشـتـا عـەرەبەکـانیش، سەربەخۆیی تەواویان نەبوو، چاوی ئینگلیزیشیان لێ دیاربوو، ئینجا ئاواشیان بە کورد دەکرد. ئەدی، گەر هەر لە سەرەتاوە، « بریتـانیا » نەبووایە، چییان بە سەر کورد دەهێنا؟ « قانع » لەو هۆنراوەیەدا، باسی « عێراقچێتیی » نەکـردووە. وەک « بەرزنجیی » بە هەڵە تێیگەیشـتـووە! هـۆنەر، باسی جـەنگی دووەمی جـیـهـانیی کردووە، کە چارەنووسی نەک هـەر کورد، بەڵکوو، هەمـوو کۆمـەڵگەی مـرۆی پێوە بەسرابوو، لە بەر دەم هەڕەشـەیەکی ترسنـاکدا بـوو. گومانی تێدا نییە، « قـانع » هەر دەبوو، پشگـیـریی ئینـگلیـز بکا. بریا، ئەو سـەردەمـە هەمـوو کـورد، وەک ئەو بیریان بکردایەتەوە! لەبەرئەوە، زۆر چاکی بۆ چووە، کاتێ گوتوویەتی:

خەنـجەر راست ئەکەیت، ئەزانم وایە
سێبەری ئینگلیس، هـەر وەک هومایە
بەڵام ئینگلیسیش، کەڵکی لێت ئەوێ
بێ کەڵک کـــــردن دەست ناکەوێ «41،3»

دەردی « جـەلال تاڵـەبانیی »، ڕۆژی « 1999/08/31 » لە « تـاران »، پێی گـوتم: ئێمە، جاران دژی ئینگلیزەکان خەباتماندەکرد. داوامـان لێ دەکردن، لە « عێراق » دەرچن. کەچیی، ئێستە، خواخـوامـانە بگەڕێنەوە. خۆمـان بە دوایاندا دەچین و داوایان لێ دەکـەین، بگەڕێنەوە. ئایا ئەوە چی دەگـەیەنێ؟ با جـارێ لەوە گـەڕێین، بڵێین: « قـانع » و هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئینگلیز هـەبووە، زۆر باش بۆ کێشە و باسـەکان چوون. بەڵام، ئایا مێژوو ئەوەی نەسـەلمان، کە ئینگلیز وەک نەتەوەیەکی ئەورووپایی پێشکەوتوو و دیمـۆکـراسـیـخـواز، گـەلێ لە نـەتەوە دواکـەوتووە کـەللە ڕەقەکانی « تورک، فارس و عەرەب » باشترن؟

پاشان دەبێ، بزانین، « قـانع » ئەو هۆنراوەیەی بۆ گوتووە؟ بۆ پشگـیریی ئینگلیزی کـردووە؟ هـەڵبـەتە، ئینگلیزەکان ڕاسـتەوخۆ داگیرکـەری عێراق و بە شـێوەیەکی ناڕاستـەوخـۆش، داگیرکـەری کوردسـتـانیش بوون. بەڵام، کـاتێ « بریتـانیا »، لە جـەنگەکـەدا هـاوبەشـی دەوڵەتێکی وەک « یەکـێـتـی سـۆڤـێت » بووە، « قـانع »ی هۆنەریش، لەو بیر و ئایدۆلۆژیـایەوە نزیکبـووە، شـتێکی زۆر ئاسـاییـیـە، گەر بەو گەرمییەوە، هۆنراوەی بۆ گوتبێ، بە سەریدا هەڵدابێ، ئەوەش، مافێکی سروشتیی خـۆی بـووە. هەروەهـا، کـاتێ ئەو هۆنراوەیەشی گـوتووە، دوور نیـیـە، لـە ژێر کارتێکردنی دیدەکانی « پارتی کۆمۆنیستی عێراق » بووبێ!

باشە، گەر هۆنراوەی بۆ ئەوان نەگوتایە، کە باوەڕی پێیان هەبووە، ئەدی بۆ لایەنەکەی دیکەی بگوتایە؟ گەر بەو شێوەیە، هەڵوێستی وەرگرتایە، ئێستە، چییان پێ دەگوت و چۆن ڕەخنەیان لێ دەگرت؟ هۆنەر، لە نێوان دوو بەرداشی جیاوازی بەرەی « فاشیزم و دیمۆکراسیی »دا بووە. ویستوویەتی، هەڵوێست وەرگرێ. گەر ئەو هەڵوێستە ڕاستەی وەر نەگرتایە، ئەدی لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا، وەک کەری جۆگەکە، لە هەر دوو بەری بخواردایە! باوەڕ ناکەم، ئەو کارە دزێوە، لە دەس هۆنەرێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕێکی وەک ئەو بهاتایە. چونکە، ئەو لە پێناوی کێشەیەکی بەرز و پیرۆزدا، ژیاوە و مردووە! کەواتە دەبووایە، کام بەرەی هەڵبژاردایە؟

دوای ئەوەی، نموونەی هۆنراوەی چەن هۆنەرێکی کوردی هێناوەتەوە، نووسیوێتی: (هەڵچوون و دەمارگیری دەبێ وەلانرێ، هۆش و بیری کامڵانە وەگەڕخرێ، لەئاستی ئاوها بەرهەمێکی شاعیرێکی گوندنشینی نەدارای دڵ پڕ لە عەزرەتی ساتێکی خۆشی و حەواندنەوە بۆ ئەو قەومە داماوەی لەوڵاتێکی بریناری پەل و پۆ شکاوی بەستراو بەحوکمەتێکی داردەستی ئەو ئیمپریالیزمەی کە هەرچی فاک و فیکی خۆیەتی بۆ داشۆرینی هۆش و گۆشی خەڵکەکەی بەکاردەهێنا، تا بزانن هەر خۆی باشەو ئاقیبەت هەر خۆی بەدەستە.)«3، 43-44»

جارێ دەتوانم، مژدە بە « بەرزنجیی » بدەم، بە هیچ شێوەیە، ئیرەیی بەو جۆرە دارشتن و ڕێنووسە نابەم! پاشان، ڕەخنە لە بەرهەمی هۆنەرێکی وا ناگرم. بەڵکوو، وەک ڕوونمکردەوە، دەسخۆشانەی لێ دەکەم. تەنانەت، ڕەخنەم لەو بەرهەمەی « زێوەر » یش نەگرتووە، کاتێ هۆنراوەی دژی « فاشیزم » نووسیوە و بە سەر « بریتانیا »شدا هەڵیداوە!

بەڵام، « بەرزنجیی » ویستوویەتی، ئاستی هوشیاریی « قانع » بە نزم پیشاندا، گوایە: هۆنەرێکی گوندنشینی وەک ئەو، بە درۆی ئینگلیزەکان هەڵخەڵەتاوە، هۆشیان داشۆریوە. بۆیە، وای زانیوە، هەر ئەوان باشن و هۆنراوەی بۆ گوتوون! ئەم لێکدانەوە کێرە، زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. چونکە، هۆنەر بە هەموو دڵێکەوە، ئەو هۆنراوەیەی بۆ بەرەی دیمۆکراسیی و ئازادیی گوتووە و باوەڕێکی تەواویی پێیان هەبووە. بەرەی فاشیزمی بە چاکی ناسیوە. نەک وەک « بەرزنجیی » دەیەوێ، پاکانەی بۆ بکا، خوێنەر وا تێکەیەنێ، گوایە، هۆنەر گوندنشینێکی بێ ئاگابووە. هەست و سۆزی جوڵاوە و ئەو چەن دێڕە هۆنراوەیەی بۆ هۆنیونەتەوە، بێ ئەوی، لە باوەڕەوە گوتبێتی! جا، گەر وا بووایە، خۆ چەن هۆنەرێکی ناسراوی

وەک « پیرەمێرد، حەمدیی ... تاد » خەڵکی شار بوون، زۆر ڕووناکبیریش بوون، ئەدی ئەوان بۆچی، هۆنراوەیان بۆ ئینگلیز گوتووە؟!!
ئینجا، ڕووی دەمی پرسیاری تێدەکەم و دەڵێم: ئایا، عەرەبەکانی عێراق زیانیان لەوە کرد، ئیمپریالیزمێکی وەک « بریتانیا »، خاکەکەی داگیرکردن، لە بندەسیی تورکەکان ڕزگاریکردن؟ ئایا، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، دەوڵەتی بۆ دانەمەزراندن؟ جا خۆ گەر، ئەوان نەبوونایە، مەگەر هەر خوا بیزانیایە، کەی لە دەس ئەو تورکە خوێنڕێژانە قووتاریاندەبوو؟ کەی دەوڵەتی خۆیان دادەمەزران؟ ئەدی ئێمەی کورد، ساتێ بە ناوی ئایین و ساتێ بە ناوی کەللەڕەقیی و سەردانەنەواندن بۆ دوژمن، جگە لە ژێردەسیی و چەوساندنەوە، چیدیکەمان لە دژایەتیکردنی ئینگلیز و قازانجی دروشمی برایەتیی کورد و عەرەب دەسکەوت؟ بە ڕاستیی نازانم، مامۆستا « بەرزنجیی » چی گەرەکە؟
دوای ئەوەش، بە چەن دێڕێ، باسێکی کورتی باری ژیان و ڕەوشی کەلتووریی « قانع »ی کردووە و نووسیوێتی: (ئیتر لەحاڵەتێکی ئاوادا ئێمە دەبێ چی لەو پیاوە داوا بکەین؟ بۆچوون و تەحلیلاتەکانی چەرچڵ و ستالین و ماو؟ یا پرینسیپەکانی « بۆزە الثوریە » و شەڕی درێژخایەنی پارتیزانی؟! خۆ بەر لەوانە کورد لەسەرەتای بیستەکانەوە تەجرەبەی کردن و هەتا لە 1930دا بەربەرەکانی سەرجادەشی بەخۆوە بینی « شەشی ئەیلول ».)«44،3»
ئایا لێرەدا، ڕوی دەمی لە « قانع » کردووە و مەبەسی لەوە، یا هەر دەیەوێ، گوتارە کۆنەکانی خۆی، بیری خۆی و خوێنەر بێنێتەوە؟ چونکە، ئەو قسانە چ پێوەندییەکی بە سەر باسەکەمانەوە هەیە؟!!
جگەوە لەوەی نازانم، هۆنەر خۆی زۆر باش بۆ شتەکان چووە، بڕیاری خۆی داوە، هەڵوێستی مێژوویی خۆی وەرگرتووە. ئیدی، بۆ دەبێ، پەنا بۆ بەر شیکردنەوەی ئەو کەسانە بەرێ، کە ئەو ناویهێناون؟ دیارە، هەر لە ڕاستییدا دەیەوێ، سەر لە هۆنەریش تێکدا، ئەگینا، هەڵوێست وەرگرتن، لە ڕووداوێکی گەورەی لەو چەشنانە، وەک ڕۆژی ڕوون وایە و پێویستی بە تیوریی و ئامۆژگارییکردن نییە.

46/3. بیر یا پارت؟

دەربارەی بیری نەتەوەیی نووسیوێتی: (وەیان، بیرێکی نەتەوەیی تۆکمەو پاک، کە بەداخەوە هەر نەبوو و نیە..)«44،3»
بە ڕاستیی، ئەم قسە بێ سەرەوبەرانە، جێگەی پێکەنینە! چونکە، بیری نەتەوەیی هەر هەبووە، هەر هەشە و هەر دەشمێنێ! بەڵام، گەر بیگوتایە: پارتێکی نەتەوەیی

لەو سەردەمەدا نەبووە و ئێستەش نییە، ئەوا دەمانگوت: قسەکەی تەواوە. جگە لەوەی، ئایا، بیری نەتەوەیی، بۆ جۆرە کەسانێکە، داکۆکیی لە « عێراق » و بیری « عێراقچێتیی » بکەن؟!! یا بۆ جۆرە کەسانێکە، باوەڕیان پێی بێ و بە هەموو توانایانەوە، داکۆکیی لە بیری « کوردستانیزم » بکەن؟!! کەواتە، نە بیری نەتەوەیی، بە کەڵکی « عێراقچێتیی »یەکان دێ، نە وەک شیری بەرەی دایکی خۆشیان. پێیان حەڵاڵ دەبێ!

47/3. جاش و ناپاک :

با بزانین، دواترچی نووسیوە: (جا کە « هەندێک » نیگەرانن لەباسکردن و خستنەڕووی ئەمانە، دیارە لە تێ ڕوانینی یەکلایی یانەوەیە بۆ شاعیرەکە، ئەوان دەیانەوێ قانیع هەر ئەوەبێ کەناسراوە، ئەمەش ئاواتە خواستنێکی ژیرانە نیە، چونکە قانیع کوڕو پیاوی ئەو بارو روکارو ژیانە سەختە تاریکە بووە کەتیا ژیاوە، ئیدی چۆن ئێمە هەر چاوەڕوانی قاقا کێشان و دەسڕ بادانی لی بکەین کورد دەڵێ: بەسکی برسی سەنگەر ناگیرێ. قانیعیش بەم شیعرانەی نەبووە بە «جاش» و نە بە « ناپاک »، ئەگەر ئەمڕۆش بیوتبان وابزان کۆمەڵانێکی هەر چنگ دەکەوت کەلەدەوری گرببنەوەو چەپڵەی بۆ بکوتن.)«3، 44-45»

کورد دەڵێ: دەرزی لە چاوی خەڵکدا دەبینێ، بەڵام، سوژن لە چاوی خۆیدا نابینێ!
« بەرزنجیی » نووسیوێتی: « ئەوان دەیانەوێ قانیع هەر ئەوەبێ کەناسراوە، ئەمەش ئاواتە خواستنێکی ژیرانە نیە » ئاخر منیش، هەر ئەو ڕەخنانەم لە یەکێکی وەک « زێوەر » گرتووە، ئیدی، بۆ ئەو دەیەوێ، هەر ئەو « زێوەر »ە بێ، کە ناسراوە و خۆی دەیەوێ؟ ئایا، ئەمە ژیرییە؟

پاشان، تاوانی « جاش » و « ناپاکیی »، لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، هێندە سووک و بێ بایەخ بووە، وەک پووش برنجی لێهاتووە. مرۆڤی کوردی ڕووناکبیر و بە ویژدان، کاتێ، گوێی لەو دوو زاراوە دزێوە ڕامیارییە دەبێ، قێزی لێ دێتەوە! چونکە، گەر کەمێ بە ئاخی مێژووی کورددا شۆڕبینەوە، هەر لە « ماد »ەکانەوە تا ئەوڕۆ، زۆر بە ئاشکرا دەبینین، « جاشایەتیی » و « ناپاکیی »، لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کورددا، وەک گونی قۆڕ وابوون. بە تایبەتیی، لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی « 11/سێپتێمبەر/1961 »ەوە تا ئەوڕۆ، زۆربەی زۆری کەسێتیی و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان، بە ئاشکرا یا بە نهێنیی، هەر هیچیان نەکردبێ، کۆژمێ جاشایەتییان کردووە. ناپاکییان لە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیان کردووە. جا هەر لە تاکەتاکەی خەڵکەوە بیگرە، وەک سیخوڕ ج لە

ڕای خـوا و چ لـه پێناوی پاره و پلەوپایەدا بووبن، تا بە سـەرۆک تیـره و هۆز و ڕێکخـراوه ڕامیـارییـەکـانی کـوردسـتـانیش دەکـا. بۆچی شـتێ مـاوە، ناوی کوردایەتیی و نیشتمانپەروەریی بێ؟!!
جا « جـاشـایەتیی » و « ناپاکیی »، هەر ئەوە نیـیـە، مرۆڤ چەک هەڵگرێ و پێش سوپای داگیـرکەری وولاتەکـەی خۆی کەوێ. بەڵکوو، گەلێ جۆری دیکەی هەیە. دەتوانم، زۆر بە ڕاشکاویی بڵێم: هەمـوو ئەوانەی بە بیـروباوەڕ، ڕاژەی نەخشـە و پلانە گڵاوەکانی داگیرکەر دەکەن، لەوانە گەلێ تاوان و مەترسییان زیاترە، کە بە ئاشکرا چەک بۆ داگیـرکـەرەکە هەڵدەگرن. هەر هەمـان زاراوەشـیـان بە سـەردا دەچەسـپێ. بۆیە، هەمـوو ئەو « ڕووناکبیر، نووسـەر و هونەر »انەی، لە ڕاژەکردنی دەوڵەتی داگیـرکـەری عێـراقدا بوون، ئازنـاوی « قەڵەمـە خۆفـرۆشەکـان »یان بە سەردا بڕیبوون. وا بزانم، ئەوەش پڕ بە پێستی خۆیان بووە! چونکە، خواش هەڵ ناگرێ، دوو ڕووناکبیری نیشـتمـانپەروەر و جاش، دوو نووسەر و هونەری پاک و ناپاک، وەک یەک سەیرکرێن!
من هەرگیز نە گوتوومـە و نە دەشیڵێم: یەکێکی وەک « زێوەر » یا « قانع » یا هەر هونەرێکی دیکەی کورد بێ، لەو سـەردەمانەدا، ئەو جـۆره هۆنراوانەیان گوتووه، « جـاش » بوون، یا « ناپـاکیـی »یان کـردووه. چونکە، هەر دوو سـەردەمـەکە، زۆر جیـاوازییـان هەیە. ئەم « جـاش قەڵەم »انەی ئەورۆش، لەگەڵ ئەو کەڵەپیـاوانەی دوێندا، گـەلێ جـیـاوازن. بـەڵام، لە هەمـوو بـار و ڕوویەکەوە، بەرهەمـەکـانیـان، لە ڕێژگەی بەرژەوەندیی بیری « عێراقـچێتیی » و دەوڵەتە داگیرکەرەکەی عێراق ڕژاوە. لە سەر خۆیان کەوتووە. زیانی بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکامان گەیاندووە.
جـا ئێستە، یەکێکی وەک « بەرزنجیی »، داکۆکیی لەو هەڵەوپەڵە چلکنانەی چەن هۆنەرێکی وەک « زێوەر » دەکـا، ئەدی پێم نـاڵێ، چۆن ئەو کەموکوڕییـانە، لەگەڵ ناپاکییەکـانی سـەرانی کوردیدا بەراوردەکا؟ جگە لە « ئـاودیوکردن، ژنکوشتن، داوێنپیـسـیی، تیـرۆری ڕووناکـبیـر و هێندێ لە هێـزە دژەکـانی خـۆیان، دزیی، وێرانکردنی گوندەکانی کوردستـان، جەنگی چەپەڵی نێوخۆ ... تاد » هەر ڕۆژە نا ڕۆژێکیش، لەشکری دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، بۆ سەر یەکدی و بۆ سەر هێزە ڕامیارییەکانی دیکەی پارچەکانی کوردسـتان دێنن؟ خۆزگەم، « بەرزنجیی » هێندەی دەنگی دڵێره، داکۆکیی لە هەڵەی کۆنی شـەست هەفتـا ساڵی مردووان دەکـا، هێندە ئازایـەتیی تێـدا بووایە، هێندە کورد و نیـشـتـمـانپەروەر بووایە، بە ئاشکرا و بە ڕاشکـاویی پێی دەگـوتین: ئایا، چـۆن ناکـۆکـیـیـەکـانی سـاڵی

« 1970-1964 » هەڵدەسەنگێنێ، کاتێ، « پارتیی » دووڵەتبوو، وەک دووگۆڵیی، گۆرەپانەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو، لایەکیان لە سەر « عێراق » و لایەکەی دیکەشیان لە سەر « ئێران » بوو. هەمووشمان دەزانین، ئەنجامی گەمەکە، هیچ و هیچ دەرچوون. جگە، لە ماڵوێرانیی کورد و قازانجی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش، رۆڵەکانی کورد هیچیان دەس نەکەوت!

ئایا، چۆن جەنگی نێوخۆی دە ساڵەی نێوان ساڵانی « 1986-1976 » هەڵدەسەنگێنێ؟ لە لایەکەوە « بەعس » و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکە دەیان کوشتین و لەنێویاندەبردین. لە لایەکی دیکەشەوە، سەرانی پارتەکانی باشوور، وەک پوازی کوردیی، یەکدییان دەبرییەوە!

ئایا، هەڵوێستی نەتەوەیی، بەرانبەر بنەماڵەی « بارزانیی » و سەرانی « پارتیی » چی بوو؟ کاتێ، بە بیانووی چارەمان نەبووەوە، هەر لە ساڵی « 1979 »ەوە تا ئەورۆ، سێ جار بە نۆرە، سێ سوپای جیاوازی سێ دەوڵەتی داگیرکەری « ئێران، عێراق و تورکیا »یان، بۆ سەر پێشمەرگە و بنکەکانی « دیمۆکراتی ئێران، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، .P.K.K » هێنا!

ئایا، « یەکێتیی » چۆن توانی، لە شەو و رۆژێکدا، ئەو هێزە گەورەیەی « پارتیی » بە « کەرکووک »دا تا « هەولێر » راونێ، گەر کۆمەک و یارمەتیی « ئێران » نەبووایە؟

ئایا، سوپای پاسدارانی « ئێران »، چۆن توانییان، لە بەر چاوی سەرکردایەتیی « یەکێتیی » و کورد، بە ناو شاری « سولەیمانیی »دا برۆن، خۆیان بگەیەننە نزیک شارۆچکەی « کۆیە » و تۆپبارانی بنکەکانی « دیمۆکراتی ئێران » بکەن؟

ئەدی پێمان نالێ: بۆچی دەبێ، « تاڵەبانیی و بارزانیی »، لە بستە خاکێکی کوردستاندا جێگەیان نەبێتەوە، لە خاکە وێرانەکەی خۆیاندا نەتوانن، پێکەوە هەڵکەن، پێکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن؟! بەڵکوو، هەر جارەی لە پێتەخت و شاری دەوڵەتێ دانیشن، تا سەرانی داگیرکەر یا دۆستانی کورد، بە بەر چاوی هەموو جیهانەوە، ئاشتیانکەنەوە و بڵێن: کوردەکان تا دوێنێ بوو، « سەددام » قڕیدەکردن، [redacted] ئەوەتە ئەورۆ، خۆیان لە یەکدی بەربوون و یەکدی دەکوژن!

ئەز، وەک ناسیۆنالیستێکی کورد، دژایەتیی هیچ جۆرە بیرێکی رەسەن و خاوەن فەلسەفە ناکەم. زۆر رێزی باوەڕ و ئایدۆلۆژیا جیاجیاکانی « ئیسلام، کۆمۆنیست، ناسیۆنالیست، دیمۆکرات، سۆسیال دیمۆکرات ... تاد » دەگرم. بەڵام، تا سەر مۆخ و ئێسک، دژایەتیی بیری گەندەڵی « تورکچێتیی، ئێرانچێتیی، عێراقچێتیی و سووریاچێتیی » دەکەم. دژی هەموو جۆرە، بێگانەپەرستییەک دەبمەوە. چونکە،

لە ڕووی بیر و ئایدۆلۆژیاوە، لەبەردەم ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم و ڕزگارکردنی کوردستاندا، بە یەکەم لەمپەر و بەربەستی دەسکردی دادەنێم. بە بیرێکی نامۆ و نارەسەنی دەزانم. بیرێکە وەک گرتووخانەیەک وایە، هەڵگرانی دەیانەوێ، تاهەتایە، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمی تێدا بەندکەن. زۆر بە ڕاشکاوییش دەڵێم: بە هیچ شێوەیە، باوەڕم بە « برایەتیی » درۆزنانەی دەوڵەتی داگیرکەر و گەلی بندەس نییە. هەر کەسێکیش، بۆ هەر مەبەسێبێ، لە ڕای خوادا بێ، یا بەرژەوەندییەکی تایبەتیی هەبێ، دەهەوڵ بۆ ئەو « برایەتیی »یە بکوتێ، پڕوپاگەندە بۆ ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بکا، ئەو سنوورە دەسکردانەی کوردستان بە پیرۆز بزانێ، خۆیان چەن گەورەبن، لای من، لەو « جاش قەڵەم »انەی ئەوڕۆ گەورەتر نین! پێ بزانن یا نەزانن، بە شێوەیە لە شێوەکان، ناپاکییەکی گەورە لە ڕووی بیر و ئایدۆلۆژیاوە، لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان دەکەن. جا ئەو کەسانەی ئەو بیرەیان هەیە و دەیانەوێ، لە کوردستاندا بیچەسپێنن، چ « ڕووناکبیر، نووسەر، هونەر و زانا » بن، چ ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانی وەک « ئیسلام، کۆمۆنیست، دیمۆکرات، سۆسیال دیمۆکرات ... تاد » بن، گرنگ نییە و هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ.

جا، گەر وا بووایە، کاتێ سوپای « ئەڵمانیای نازیی »، هەموو وڵاتەکانی «ڕۆژهەلاتی ئەورووپا » و بەشێکی زۆریان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکانی « یەکێتی سۆڤێت » داگیرکرد، بە هەموو شێوەیە، هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەیان لەنێودەبرد، دەبووایە، ڕێکخراوە ڕامیاریی و ڕۆڵەکانی ئەو گەلانە، باسی « برایەتیی و دۆستایەتیی » نێوان « ئەڵمان » و ئەو گەلانەیان بکردایە! بەڵام، ئەو گاڵتەجاڕییە، تەنیا هەر لە نێو کوردا هەیە، لە مێژووی کوردا ڕوویداوە، نووسەر و هونەرەکانی، کونوقوژبنی مێژووی نەتەوەکەیان، بە دوای بەڵگەی ئیفلیجدا بگەڕێن، تا بیسەلمێنن، « برایەتیی » عەرەبی داگیرکەر و کوردی داگیرکراو زۆر کۆنە، چەندین خاڵی وەک « ئایین، مێژووی هاوبەش، خووڕەوشت ... تاد » بێننەوە، تا هەر چۆنێ بێ، کارەساتی داگیرکردن، چەوساندنەوەی نەتەوەیی، زۆرداریی نەتەوە سەردەس و داگیرکەرەکانی کوردستان، لە بیر ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەرنەوە. جا خۆ گەر « ڕووس »ەکان، لە سەر ئەو ڕێوشوێنە پڕ لە هەڵە و نەنگییەی کورد بڕۆشتنایە، ئێستە داری وڵاتەکەیان بە سەر بەردیانەوە نەمابوو! خۆ ئەوانیش، هەر دوو لایان هەر سەر بە یەک ئایینی فەلە بوون، لە یەک ماڵی گەورەی هاوبەشی « ئەورووپا »دا دەژیان، لە کوردیش پێشکەوتووتر و باری ژیانیشیان لە هەموو ڕوویەکەوە، باشتربوو. کەچیی، ئەوان ئەو هەڵە مێژووییەی کوردیان پێڕەو نەکرد. بەڵکوو،

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، چۆن ئیسـلام دەڵێ: « چاو بە چاو، دان بە دان »، ئەوانیش دروشمی « خوێن بە خوێن »یان بەرزکردەوە. لە هەر کوێیەک بۆیان هەڵکەوتایە، ڕاوە سەربازی « ئەڵمانی نازیی »یان دەکرد. لە هەر کوێیەک، دەنگێکی نارەسەن و ناپاک، لە نێو ڕۆڵەکانی گەلانی « یەکێتی سۆڤێت »دا بەرزبووایەتەوە، هەر زۆر زوو کپیاندەکرد و دەیانتاساند. تەنانەت، دوای ئەوەی جەنگیش تەواوبوو، تا سیستێمی دەوڵەتی سۆسیالیزم هەرەسیهێنا، هەر بە دوای تاوانبار و ناپاکەکانی نێوخۆدا دەگەڕان و بە سزای مەرگیان دەگەیاندن. بۆیە، ئەو گەلە ئازایانە، ئەو لەشکرە « سوور »ە نەبەزە، هێزەکانی « نازیـــی »یان، تا « بەرلین »ی پێتەختی « هیتللەر »ی خوای جەنگ و کاولکاریی ڕاونا و تێکشکان!

بە لای منەوە، « قانع » و هەموو هۆنەرەکانی دیکەش، چۆن ژیان یا چۆن نەژیاون، هیچ پێوەندییەکی بە سەر ئەوەوە نییە، ئەورۆ ڕەخنەیان لێ بگرین یا نەگرین. بەپێی قسەکانی « بەرزنجیی» بێ، هەرچی هەژاربوو، کۆلکە خوێندەوارییەکی هەبوو، ئاگای لە هەواڵەکانی جیهان نەبوو، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بە دەس نەگەیی، گەر « هەڵە، تاوان و ناپاکیی »ش بکا، ئیدی نابێ، ڕەخنەی لێ بگیرێ!

بە باوەڕی من، ئەو کەســەی چاو لە هەڵەوپەڵەی کەسـانی دیکە بپۆشێ، تاوانەکانیان بۆ داپۆشێ، ناپاکییەکانیان لەقاو نەدا، ئەوانە خۆیان بە تاوانبار و ناپاک دادەنرێن! نەک وەک « بەرزنجیی » نووسیویەتی: (ئیدی تاوان و ناپاکی نیە ئێمە پاش ئەوەندە ساڵ بەدوی کەوین و لەتێری قسان بکەین: هۆ مامەی شاعیر بۆ وات وت؟ بۆ وات نەوت؟!)«45،3»

ئایا، مەبەسی لەم قســە هەڵبزرکاوانە چییە؟ کێ داوای، ئەو جۆرە شتـانەی لە هۆنەر کردووە؟ جا گەر تاوان و ناپاکیی ئەوە نەبێ، کە خوێندەوار و ڕووناکبیرانی هەموو نەتەوەیەک، گۆڕی مێژووی نەتەوەیی و وێژەیی خۆیان، بۆ ڕۆڵەکانیان شەق نەکەن، لایەنە خراپ و چاکەکانی لە یەکدی جیا نەکەنەوە، ئیدی دەبێ، تاوان و ناپاکیی، لەوە پتر چی دیکە بێ؟ بەڵکوو، تاوان و ناپاکیی ئەوەیە، خوێندەوار و ڕووناکبیرەکان، هەر ڕۆژە لە ئاوازێ بخوێنن و سەریش لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان تێکدەن!

هەر کەسێ، شتێکی دیاریکراوی پێ نەبوو، بیڵێ و بینووسێ، هەڵبەتە هەر، پەنا بۆ بەر قسەی پڕوپوچ دەبا. ئەوەتە، چیرۆکی باوکی و « قانع »ی گێڕاوەتەوە. وەک کەس نەزانێ، بە چ دەردیسەرییەک ژیاوە! گەر هەر تەنیا، تەماشایەکی ئەو هۆنراوەیەی « مەدهۆش » بکەین، کاتێ بۆ یەکەم جار، چاوی پێ کەوتووە، « هەژار

و ڕووت، چڵکن و پڵکن » ببـووه، چی له بارمیەوه نووسـیـوه،، ئیـدی به تەواویی تێدەگەین، چۆن بووه و چۆن ژیاوه. « مەدهۆش »، دمربارەی پلەوپایەی هۆنەر لای کورد، گللەیی له کۆمەڵی کوردەواریی کردووه و گوتوویەتی:

ووتم: هەی هاوار ئەم پیاوه بەرزه
ئە! ئاوا ئەژی، له ڕووی ئەم ئەرزه
ئەم فکره بەرزه و ئەم هۆشه جوانه
ئەبێ بۆچ وابێ لەم کوردسانه
لای بێگانەکان شاعر زۆر جوانن
تەواو دڵخۆشن زۆر شادمانن
ئەی بۆچ لای ئێمه وا هێنده سووکن
کز و کەلەلا تەواو بێ تووکن
شاعر خزمەتی گەل و هۆز ئەکەن
خۆیان به قوربان بەرزیی کۆز ئەکەن

پاشان گوتوویەتی:

کەی شاعر لەمه چاکتر ژیاون
پاکیان به جەوری فەلەک خنکاون
نابینی هەر کەس خاوەن جەوهەره
لەمه خراپتر ئەو دەربەدەره

« قانع »یش وەڵامی داوەتەوه و گوتوویەتی:

هەتا شاعیری کوردستان بم
ئەبێ هەر شڕوشیتاڵ و لاتبم «49، 57-58»

هەرچەنده، کورد زۆر له مێژه گوتوویەتی: کای کۆن به با مەکه! بەڵام، ئەم پەنده، له هەر بوارێکدا بشێ و به کەڵکبێ، له بواری مێـژوودا ناشێ و کەڵکی نییه. چونکه، گەر کای کۆنی مێـژوو بەبا نەکەین، چۆن دەتوانین، کەڵک له پەند و ئەزموونەکانی وەرگرین؟ ئێمه، گەر به شێوەیەکی بەردەوام، مێژووی « نەتەوەیی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، وێژەیی و هونەریی »مان بژار نەکەین، لێی نەکۆڵینەوه، به چاوی ڕەخنەوه تەماشای نەکەین، تا کوردێ مابێ، هەر دەبێ، له جێگەی خۆی ڕاوەستێ و بمەیێ! دوای ئەوه، گەر یەکێ بیەوێ، ناپاکیی له نەتەوه و نیشتمانەکەی خۆی بکا، دارابێ یا نەدارابێ، هەر بەو ڕێگه خراپەدا دەڕوا. ئیدی ئەم ڕاووڕێووییەی بۆ چییه؟

48/3. مووچەخـــــۆر :

« بەرزنجیی » دەربارەی ژیانی هۆنەرانی کورد نووسـیـویتی: (سـەرەڕای ئەوەش ئەگەر بەهەزار چنگە کرکێ و خاترو زەحمەت کارێکی مامۆستایی یا چاودێری کرێکارانی ڕێگاوبان یا ... دەسـتکەوتبێ، ئێمە راستەوراست بەچاو قایمیەو ناوی بەرین بە .. « مووچە خۆری دەوڵەتی داگیرکەری عێراق »!!)«45،3-46».

بەڵێ، لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی عـێـراق دامــەزراوە، هـەمــوو ئەوانەی، کـاریان لە بەڕێوەبەێتییەکانیدا کردووە، ئێستە و پاشەڕۆژیش کار دەکەن، بە « مووچەخۆری دەوڵەتی داگـیـرکـەری عـێـراق » دادەنرێن. ئەدی خـۆ، فـەرمـانبـەری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبوون و نین! ئەمە راستییەکی بەڵگە نەویستە. چونکە، لە مێژووی نوێی کورددا، کوردستان دەوڵەت نەبووە، تا هاووڵاتیانی کورد، کار لەو دەوڵەتە سـەربەخۆیەی کـوردسـتـاندا بکەن. هیچ کوردێکیش، لەم پاسایە بەدەر نەبووە و بەدەریش نییـە! جـا، گـەر « بەرزنجیی »، بە پلارهاویشتنەوە، ئەوەی دووبارەکردۆتەوە، دەبووایە، یەکێکی وەک « گاندیی »، هانی ڕۆڵەکانی گـەلەکەی خۆی بدایە، کڕنووش بۆ ویست و ئارەزووەکانی ئیمپریالیزمی « بریتانیا » بەرن. کەچیی، ئەو بە پێچەوانەوە، هەموو شتێکی « بریتانیا »ی لێ قەدەغەکردن، داوای لێ دەکردن، تەنیا شتی خۆماڵیی بەکاربێنن!

سـەرکردەیەکی گەورەی عەرەبی وەک « سـەعد زەغلوول »ی ئەمر، کاتێ ویستی، بە هەموو توانایەوە و لە هەموو بەرەکانەوە، دژی « بریتانیا » ڕاوەستێ، جگە لەوە ی، خـەباتی رامـیـارییـان دەکـرد، لە نێـو شـارەکـانـی « مـیـسـر »دا ڕاوە ئینگلیـزیان دەکرد، بڕیاریشیدا، جەنگێکی ئابوورییان بەرانبەر بکا. گەلەکەی بانگکرد، شتی خـۆمـاڵیی بەکـاربێنن، پڕۆسـێـسی کـڕین و فـرۆشـتن، لەگـەڵ بانک و هێـزەکـانی دەوڵەتی « بریتانیا »دا بوەستێنن. ئەوانەی لەگەڵ ئینگلیزەکان و شـاه فاروقیشدا کاریاندەکرد، بە خۆفـرۆش و ناپاک ناوزەدیانکردن. بەڵام، کاتـێ « زەغلوول »، خۆی وەزارەتی دروسکرد، هەر هەمان دەوڵەت و شـا « فـاروق » بوو، کـەچیی، ئەو بەندوباوە نەمـا. چونکە، باشتـرین نیـشـتـمـانپـەروەری « مـیـسـر »، کـاریان لە شالیارگەکەیدا دەکرد، فەرمانیان لە ئینگلیز و شاوە وەر نەدەگرت.

نموونەی هـەر دوو ئیمپریالیزمی « فرەنسا و ئیتالیا » و هـەر دوو گەلی قارەمانـی « جەزایر و لیبیا »، دوو نموونەی دیکەی ئەو بۆچوونانەمانن و بەڵگەی ڕاستیی بە دەسـەوە دەدەن. هەرچی هاوکاریی لەگەڵ داگیرکەرەکانیاندا کردبێ، ئەوا ئەوان، بێ هیچ جۆرە لێبووردنێ، بە پیاوی بێگانە و ناپاکیان داناون!

بەلام، چونکە یەکێکی وەک « بەرزنجیی »، لە هەموو ژیانیدا، لە سەر کوردایەتیی تووشی کۆکەرەشەش نەبووە، نەک هەر ئەو جۆرە کردارە نەتەوەییانە، بە خۆی ڕەوا نابینێ و نامۆن، بەڵکوو، هەر دەیەوێ، بە هەر جۆرێ بێ، داکۆکیی لە کەسانێکی دیکەش بکا، کە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، کەوا سووری بەر لەشکر بوون، لە هەموو کاسەیەکدا ئەسکوێ بوون. ئەوەش، هەمووی بۆ رابوردووی پەروەردەی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیای خۆی دەگەڕێتەوە. چونکە، ئەوەتەی هەیە، لەو بازنە داخراوە بۆشەدا دەخولێتەوە و لەگەڵ ئەو لایەنە کوردستانییانەدا بووە، کە وابەستەی دەسەلاتی « بەغدا » بوون!

49/3. سۆسیال :

« بەرزنجیی »، لە دوورەوە تفەنگ بە تاریکەشەوەوە دەنێ. بێ ئەوەی، تەنیا ڕۆژێکیش، « سۆسیال »ی دیبێ، هەر لە خۆیەوە نووسیویێتی: (دەیباشە وێرانەیەکی تر هەبوو ئەو کاری تیابکاو مووچەی لێ وەرگرێ؟ ئەی ئەگەر ئەوەی نەکردبا سندوقێکی باربوو و کۆمەکی ئەوانە هەبوو کە « کوردایەتی دەکەن و بێزیاننایە مووچەی دەوڵەت وەرگرن » مانگانە وەک « سۆشیال » لەبەر دەرگەکەیدا ریزبن و بەمل کەچی دەست پانکەنەوە؟)«46،3»

ئەمە یەکەم جار نییە، ئەو جۆرە خوێندەوار و نووسەرانە، ئەو جۆرە قسانە دەکەن. جا، لە ناشارەزاییەوە بێ یا لە بەر هەر هۆیەکی دیکەی تایبەتیی بێ، گرنگ ئەوەیە، زۆر بە هەڵەدا چوون. دووریش نییە، هێندێکیان لە داخدا ئەو جۆرە قسانە بکەن، هەر هەڵێکیان بۆ هەڵکەوێ و بۆیان بلوێ، یەک و دووی لێ نەکەن و ئەوانیش وەک « بەرزنجیی » نووسیویێتی، لە بەر دەرگەی سۆسیالدا ڕیزدەبن و بە ملکەچیی دەسپاندەکەنەوە!

بۆ نموونە: ئێمەی دەربەدەر و خوێنکاری کورد، کاتێ لە « یەکێتی سۆڤێت » دەمان خوێند، پاسپۆرتەکانمان تەواوببوو، هیچ جۆرە پاسپۆرتێکمان نەبوو. بۆیە، نەماندەتوانی، بۆ هیچ وولاتێ کۆچبکەین. لە پڕ « پارتی کۆمۆنیستی عێراق »، بڕیارێکیاندەرکرد، تا هاوڕێکانی خۆیان، سەردانی باڵوێزخانەکانی « عێراق » بکەن و پاسپۆرتەکانیان نوێکەنەوە. ئێمەی کورد، ئەو کارەمان ڕەتکردەوە و نەچووین. دوای ئەوەی، خوێندنمان تەواوکرد، « سۆڤێت » دەریانکردین. لە ناچاریدا ڕوومان لە « سوید » کرد. ئەو کاتە، کۆمۆنیستە کورد و عەرەبەکان دەیانگوت: ئێمە عێراقین، زۆر بە شانازییەوە سەر لە باڵوێزخانەی « عێراق » دەدەین و پاسپۆرتەکانمان نوێدەکەینەوە. گەلێ لەو باشترە، دەس لە وولاتێکی

سەرمایەداریی وەک « سوید » پانکەینەوە، پاسپۆرتی دەوڵەتێکی وا هەڵگرین و پارە لە « سۆسیال » وەرگرین!
کەچیی، کاتێ لە « سوید » ئاوڕماندایەوە، نەک هەر ئەو گەوجانەی ئەو وڕێنانەیان دەکرد، بەڵکوو تەنانەت « سکرتێر » و هێندێ لە ئەندامانی « کۆمیتەی ناوەندیی » پارتەکەشیان، لە پێش ئێمەوە لەوێ تۆزیاندەکرد، پاسپۆرتی « سویدیی »یان لە تەنکەی باخەڵ نابوو، مانگانە، پارەیەکی مفتومۆڵیان وەردەگرت، لە سەرحسێبی ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارە چەپەڵەی « سوید »یش، ژیانێکی گەلێ باشتریان لەوەی « سۆڤێت »ی هاوڕێکانیان و « عێراق »ی دەوڵەتی باووباپیریان ڕادەبوارد!
جا وەنەبێ، هەرچی لە دوورەوە، بە پلارهاویشتنەوە باسی « سۆسیال »ی کرد، ڕاستکا و وەک سەگەکەی « نیڤان پاڤلۆڤ »، دەمی بۆ « سۆسیال »ە خۆراییەکەی « سوید » لیکی نەکردبێ!
سەیر ئەوەیە، چەن ڕووناکبیر و نووسەرێکی وەک دوکتۆر « مارف خەزنەدار و شێرزاد حەسەن »یش، کە هەر دووکیان ئەم وڵاتانەیان دیوە و ماوەیەک لێی ژیاون، وەک « بەرزنجیی » پێیان وایە، هەموو پەنابەرێ، لەم هەندەرانە کار ناکا و هەر لە سەر « سۆسیال » دەژی!
د. « مارف » گوتوویەتی: (کوردی ئەورووپا، کار ناکەن، لە سەر دەوڵەت دەژین.)«74،55» هەروەها، « شێرزاد حەسەن »یش نووسیوێتی: (کوردی ئەورووپا، لە سەر سەدەقە دەژین.)«42»
پێشەکیی دەمەوێ، لێرەدا چەن خاڵێ ڕوونکەمەوە، کە بەر لە هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە گۆڤاری « بەربانگ »دا نووسیومە. (سەرەتا پێویستە، بزانین، ئەو کوردانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین، کێن؟ پاشان تێدەگەین، بۆچی ئەوەندە کورد دەربەدەربوون و خاکی باووباپیرانیان بەجێهێشتووە. بە کورتییەکەی، ئەو کوردانە لەم گرووپانەی خوارەوە پێکهاتوون:
1. کۆمەڵێ کورد هەن، هەر لە زۆر کۆنەوە، لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە، کۆچیانکردووە بۆ دەرەوەی وڵات. لە ئەنجامی بێ دەرەتانیی و نەبوونی ئازادیی و لە بەر خراپیی باری ژیانی ئابوورییان، کە ئەوانە بوونەتە نیشتەجێی تەواوی ئەو وڵاتانە و زۆربەی زۆری کورد پێکدێن لە هەندەران. بەشی زۆری ئەو کوردانە، لە باکوور و خۆراوای کوردستانەوە هاتوون.
2. بەشی زۆری ئەو کوردانەی، لە باشووری کوردستانەوە، ڕوویان لە دەرەوەی کوردستان کردووە، لەم گرووپانە پێکدێن:

A. ئەو پێشمەرگە و کادیرانەی، لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕشی سێپتێمبەردا، بۆ بندەستی داگیرکەری دەوڵەتی عێراق نەگەڕانەوە، بە خۆیان و خێزانیانەوە، خۆیان گەیاندە یەکێ لەو دەوڵەتانەی، ئەوڕۆ تێیدا نیشتەجێبوون. لە بەر بێ چاریی و لەبەرئەوەی حەزیان نەدەکرد، چی دی لە ژێر سایەی ڕژێمی ئەوسای « ئێران »دا بژین.

B. هەموو ئەو پێشمەرگە و قارەمانانەی گەلەکەمان، کە لە ئەنجامی جەنگی نێوخۆ و کوردکوژییدا، تووشی ڕەشبینیی و نائومێدیی بوون و گۆڕەپانەکەیان چۆڵکردووە و هاتوونەتە دەرەوە.

C. هەموو ئەو برا پێشمەرگە و ڕۆڵە جگەرسۆزانەی نەتەوەکەمان، کە لە ئەنجامی داگیرکردنی بەرفراوانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، لە لایەن داگیرکەرەوە بە هۆی ئەو جەنگە نارەوا سەپێنراوە بە سەرماندا، لە شۆڕشی نوێماندا تووشی مالوێرانیی و برینداریی و پەککەوتوویی بوون. بە تایبەتیی، دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و گازی ژاراوی لە هەڵەبجەی شەهید و بادینانی بریندار، لە ئەنجامی کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان و هێرشی بەرفراوانی ئەنفالەکان و خاپوورکردنی تەوای گوند و شارۆچکەکانی کوردستان.

D. هەموو ئەو کوردانەی بە تایبەتیی لاوەکانمان، کە لە ئەنجامی جەنگی مالوێرانکەرانەی هەشت ساڵەی « عێراق و ئێران »، پاشان « عێراق و کوێت »دا لە سەربازیی هەڵاتن و شانیان نەدایە بەر ئەو خزمەتە سەپێنراوە بە سەریاندا و نەیاندەویست، چی دی لەوە زیاتر ببنە چیلکەی سووتەمەنی ئەو دوو جەنگە کلاوانە و لە بەر بڕوا نەبوونیشیان بە شەڕی چەپەڵی براکوژیی. ناچار ملی ڕێگەی دەربەدەرییان گرتەبەر و پەنابەرییان بۆ خۆیان هەڵبژارد.

E. کۆمەڵێکی دیکەش هەن، دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی بەهاری «1991»، لە بەر بێ دەرەتانیی و لە بەر سەرما و لە تاو برسێتیی، بە هەر دەردیسەرییەک بووبێ، خۆیان گەیاندۆتە یەکێ لە وڵاتەکانی دەرەوە و لە ناچاریدا جێگیربوون. بە داخەوە، ڕەووکۆچی ئەم دەستەیە، تا ئێستەش هەر بەردەوامە. « جا لە بەر هەر هۆیەک بێ » بۆ دەرەوەی کوردستان، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا، دەرکەوتەیەکی خەتەرە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردن هەیە.

3. کۆمەڵێکی دی کە بۆ خوێندن و خۆفێرکردن، لە هەموو کوردستانی مەزنەوە، ڕوویان لە هەندەران کردووە. لە بەر هەر هۆیەک بێ، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان. جگە لە کەمەکێکی کەم نەبێ، کە

ئەمانەش زۆربەی هەر زۆریان رێکخراوە رامیارییەکانی کوردستان ناردبوونییە دەرەوە بۆ خوێندن لە بار و رەوشی جیاجیادا.
ئەمانەبوون»، ئەو دەستە و تاقمانەی کە لە بارودۆخی جیاوازدا کوردستانیان بەجێهێشتووە، روویان لە دەربەدەریی و پەنابەریی کردووە، کە بەشێکی لەبن نەهاتووی نەتەوەکەمان پێکدێنن.)«17،50».
جا هیوادارم، هەموو کوردێ باش تێبگا، کێن ئەوانەی لە دەرەوەی وولات دەژین؟ بۆ ئەو هەموو کوردە هەلاتوون؟ ئاشکرێ، هەموویان بە یەک چاو سەیرکەێن، چونکە، هەر کەسێ باری تایبەتیی و پۆزشی دیاریکراوی خۆی هەیە.
پێش ئەوەی، وەلامی « بەرزنجیی » بدەمەوە، دەمەوێ بڵێم: دەرکەوتەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وولات، شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو، لە هەموو سەردەم و لە نێو هەموو نەتەوەیەکدا هەر هەبووە و هەر دەشمێنێ. بەلام لەوانەیە، هێندێ کەس پێیان وابێ، رۆڵەکانی کورد، تازە وولاتەکەی خۆیان جێدێڵن و روو لە وولاتانی دیکەی جیهان دەکەن، تا پاروویە نانی بێ ئازاریان دەسکەوێ، تاوێ بە هێمنیی و کامەرانیی بژین. نەخێر، ئەوەتە « بێکەس »، هۆنراوەی « عەیبە ... عەیبە »ی سالی « 1926 » بە هەژدە نیوەدێڕ هۆنیوەتەوە و لە کۆتاییەکەیدا گوتوویەتی:
سەیریکە، ئەم عەیبەعەیبە، چەندە تەئسیری هەیە
کوردی کردۆتە موهاجیر، ئیشی ئاوشاران ئەکا
چونکە پێی عەیبە، لە جێی خۆی ئیشبکا، قەدری ئەبەێ
بۆیە وا ئەرواتە غوربەت، تەرکی کوردستان ئەکا
بەسیەتی ئەم فکرە پیسە، غەفلەت و نووستن بەسە
سەیری ئەقوامی غەرب کەن، کەشفی ناو ئاسمان ئەکا «6،88».
ئینجا، لە وەلامی ئەم پلارهاویشتن و ناشارەزاییەی « بەرزنجیی »دا دەمەوێ، سەرەتا بڵێم: ئەم دەوڵەتە ئازاد و دیمۆکراسییانە، نە چوار دەوڵەتە داگیرکەرە سەرکوتکەرەکەی « بەرزنجیی » و نە دەوڵەتە سوالکەرەکانی بەرەی سۆسیالیزمی کۆنن، تا خەلکی بۆ قەراغە کولێرەیەک، ریزبیەسن و هێندێکیشیان، ئابرووی خۆیان بۆ پلەوپایە بفرۆشن! جاشایەتیی بە شایەتیی و ناپاکیی بە پاکیی دابنێن!
« سۆسیال » وەک ئەو تێیگەیشتووە، بەرێوەبەرێتییەکی تایبەتیی نییە، تەنیا بۆ خەلکانی پەنابەری دەوڵەتەکانی جیهان دامەزرابێ. بەلکوو، لە کۆنەوە هەیە، پێش ئەوەی، بەو شێوەیە لە هەموو جیهانەوە رووکۆچ دەسبێکا. ئەو بەرێوەبەرێتییە، بۆ ئەوانە دانراوە، کە بیکارن، تا کاردەدۆزنەوە یارمەتییان دەدەن. یا یارمەتیی

ئەوانە دەدەن، کە نەخۆشن، یا پەککەوتەن و کاریان پێ ناکرێ. یا منداڵ بێ و کەسی نەبێ، یا لە دایک و باوکی جیابووبێتەوە، بەخێوی دەکەن. جا ئەو پەنابەرانەی خۆیان لەم وولاتانە دەبیننەوە، ئەوا تا زمان فێردەبن و کاری دەدۆزنەوە، « سۆسیال » کۆمەکی ئابوورییان پێ دەکا. کە ئەمە لە زۆربەی دەوڵەتەکانی « خۆراوای ئەورووپا »دا هەیە.
بەڵام، لە لایەکەوە، هەم لەم ساڵانەی دواییدا، هێندە پانابەر زۆربووە و لە هەموو دەوڵەتەکانی « ئاسیا، ئەفریکا و هێندێ دەوڵەتی « ئەورووپا »وە هاتوون. هەم باری ئابووریی ئەو دەوڵەتانەش گۆڕاوە، نرخی پارەکانیان بەرانبەر دۆلار دابەزیوە، بێکاریی زۆر بووە. لە لایەکی دیکەشەوە، پەنابەرەکان خۆیان، هێندە کاری ناشیرین و نارەوایان کردووە، هەموو ئەو کارە باشانەی « سۆسیال » بۆ پەنابەرانی دەکرد، زۆر کزبووە و دوور نییە، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا، هەر بە جارێ بیوەستێنن. ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە، لەوانەیە، دوو کەسی وەک مامۆستا « بەرزنجیی »، فریای ئەو سواڵکردنە نەکەون!
جا، ئەوەی لە سەر « سۆسیال » دەژی و خۆی کار ناکا، مانگانە زۆر بە رێزەوە، پارەکەی بە پۆستدا بۆ دێتەماڵەوە، پارەمەتییدەدەن، تا کاری دەدۆزێتەوە. نەک وەک « بەرزنجیی »، لە مێژە دەمی بۆ « سۆسیال » لیکی کردووە، لە داخا، لیسی کوێرانە و پەڵی ئیرەیی هاوێشتووە، گوایە، بە ملکەچیی دەسپاندەکەنەوە! وەک دەڵێن: پشیلە دەمی نەدەگەیشتە دووگ، دەیگوت: سوێرە!
جگە لەوەی، بۆ دەبێ، « سۆسیال » نەنگیی بێ؟ ئەوە بارێکی تایبەتیی نێوخۆی ئەم دەوڵەتانەیە، گرفتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەو شێوەیە چارەسەردەکەن.
جا، هەر ئەوە ماوە، لە « بەرزنجیی » بپرسم: ئایا، پارەی « سۆسیال » جێی شانازییە و پاکە، یا پارەی « جاشێتیی » ئەو کوردانەی ناپاکییان لە خاک و گەلەکەی خۆیان کردووە؟ چونکە، زۆربەی ئەو کوردانەی لە کۆنەوە، لە دەس چەوساندنەوەی نەتەوەیی و هەر سێ جەنگی « کوردستان، کەنداوی یەک و دوو » رایانکردووە، بە پارەی « سۆسیال » ژیاون. ئایا، مووچەی چەکدارەکانی هەر دوو زلهێزەکەی کوردستان « پارتیی و یەکێتیی » باشتر و سەربەرزانەترە، یا پارە کەمەکەی « سۆسیال »؟ چونکە، ئەو چەکدارانە، بە پارە راوەکورد دەکەن و کوڕی کورد دەکوژن. ئایا، پارەی « سۆسیال » خۆشتر و بێ منەتترە، یا مووچەی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، کە ئەوان، دان بە بوون و کەسێتیی تاکی کورددا

نانێن؟ دیاره، هەموو کەسێ لە جفرەی پلارهاویشتن دەکا، دەزانێ، مشتووی ناو هەمانەکە، چەن ئازاری هەیە! هەموو کەسێکیش، لە فیکەی خۆی دەکا. چونکە، قسەی « خواروخێچ، ناشیرین و پلارهاویشتنی ناڕاستەوخـــــــۆ »، نیشانەی « ترسنۆکیی، ڕۆنگخواردنەوە، بوغزلەسکیی، ئیرەیی، دووڕوویی، هەلپەرستیی » خاوەنەکەی نەبێ، هیچی دیکە نییە. قسەی لە ڕوو و ڕاشکاوییش، وەک گزنگی خۆر وایە، بە هەموو درز و کەلەبەرێکی تاریکاییدا دەچێ و ڕووناکی دەکاتەوە.

لەوە دەچێ، « بەرزنجـیـی » پێی وابێ، ئەوەی لە یەکێ لەم دەوڵەتانـەی دەرەوەی کوردستـان بژی، ئیدی دەبێ، لە سەر « سۆسیـال » بژی. ئەو نازانێ، تەنیا هەر ماوەیەکی کورتە و دەبێ، کار بکەن. من نە گوتوومـە و نە هەرگیز دەشیڵێم: هیچ کوردێ نابێ، لە هیچ بەڕێوەبەرێتییەکی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا کاربکا. بەلام، ئەوە ڕاستییەکە و دوولەت ناکرێ، هەر چوار دەوڵەتەکە، بە چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان دادەنرێن. چونکە، گەر ئیمپریالیزمی « بریتانیا »، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، داگیرکەری باشووری کوردستـان بوویێ، ئەوا، دوای ئەوەی ئەوان گــەڕاونـەتەوە، لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی عــێــراق دامــەزراوە، تا باشووری کـوردسـتـان بە تەواویی ڕزگـاریدەبێ و دەوڵەتی سـەربەخۆی خـۆی دادەمەزرێنێ، بە جێگری ئەو ئیمپریالیزمە دەژمێررێ. ئەوڕۆش، عێراق دەوڵەتێکی داگیـرکـەری کـوردسـتـان نەبێ، هیـچی دیکە نییـە. ئەو کـوردەی، نکوولیی لەم ڕاسـتـییـەش بکا، یا پـاکـانە بۆ داگیرکـردنی کوردسـتان بکا، ئەوا لای من، لەو جاش و ناپاکانەی کوردیان فرۆشتووە، گەلێ کـەمتر و نزمترە! چونکە، (ئەوانەی داوا لە نـەتەوەی کــورد دەکــەن، تاهــەتایە بە دابەشکراویی، لە زیندانی تاریک و نووتەکی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا بمێنێتەوە، ئەوانە هـەرگیز، نە لە « بارە ڕیالیستەکەی کورد، نە لە گۆڕانکارییە گەورەکانی جیهان، نە لە کاری رامیـاریی » دەگـەن، نە بـەرژەوەندیی کوردیان دەوێ، نە داوای « دۆسـتـایەتیی، ئاشتیی، ئاسـایشی ڕاستەقینە و تاهەتایی نێوان گەلانی ناوچەکە »ش دەکەن. باری سـەرنج و باوەڕەکانیشـیان، لەگەڵ « زانسـت، ژیربێژیی و ویژدانی زیندووی باوەڕی مرۆڤایەتیی»دا ناگونجێ.)»270،29«

لە کۆتایی ئەم گوتارەشدا، لەو بارەیەوە هیچ وەلامێکی دیکەم نەماوە، جگە لەوەی، دەقی بەشێ لە نووسینەکەی « حەمە سەعید حەسەن » بگوێزمەوە، کە لە وەلامـی « د. مارف خەزنەدار و شێرزاد حـەسـەن »دا نووسـیوێتی و بلێم: (زۆربەی هەرە زۆری کـوردی ئەوروپا، بـە هێـزی بیـر و بازوو، خـۆیان بەخـێـودەکـەن، بارمـەتی

کۆمەلایەتیی، شتێک نییە بۆ کورد داهێنرابێ. دەیان ساڵە هەر ئینسانێ لە ژێر ئاسمانی هەر یەکێ لەم وڵاتە ئەوروپاییەیانەدا هەناسەی دابێ بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی وڵاتەکەیە یان نا، ژیانی بۆ دابینکراوە.
پارەتی کۆمەلایەتی وەک د. « مارف » بۆی چووە، دەوڵەت نایدات. لەم وڵاتانە ئەوە خەڵکە دەوڵەتیش بەخێودەکات، ئەوە پەرلەمانە کە نوێنەری خەڵکە، مووچەی پاشا، سەرۆکی کۆمار، حیزب و وەزیران دیاریدەکات. لێرە ئەوەی کاربکات، سێیەکی داهاتەکەی لە شێوەی باجدا بەو کۆمۆنەی لێی دەژی، دەدات. ئەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، خوێندنگە، نەخۆشخانە، خزمەتکردنی منداڵ و پیر و یاریدەدانی ئەو کەسانەی کە هێشتا دەستیان لە کار گیر نەبووە، تەرخاندەکرێ، دەوڵەتیش بەو باجە بەڕێوەدەچێ کە خەڵکی دەیدەن، هەر بۆیەش کەی ئارەزوویان لێ بوو، دەیگۆڕن.
هەر کەسێ پێویستی بە پارەتی کۆمەلایەتیی هەبێ، وەریدەگرێ، بەلام هەر کە کەوتە بازاڕی کارەوە، ئیدی بە داهاتی خۆی، دەیان هێندەی ئەوە دەداتەوە کە وەریگرتووە. بە شێوەیەکی گشتیی خەڵکی پەنابەر نزیکەی ساڵێ پارەتیی وەردەگرن، ئیتر هەر کە ئیشێکیان دەستکەوت هەر لە ساڵی یەکەمی کارکردنیانەوە، لەوە زێتر دەدەنەوە، کە وەریانگرتووە.)«31،32»
50/3. پوولێکی قــــەڵب :
پاشان « بەرزنجیی » بە پلارهاویشتنەوە نووسیوێتی: (زۆر بەداخەوە دەڵێم کەئەم قسانە بەپوولێکی قەڵبیش ناکۆڕڕێنەوە، چونکە بەقسەی نووسەربێ دەبێ هەرچی کارمەندو مووچە خۆری کوردی تروکیاو ئێران و سووریاو عێراقە لەبرسان بمردنایەو نەبوونایەتە مووچەخۆر، بەر لەهەموان خۆی کەهەر نەبێ لە 977-981 لەو دەوڵەتە داگیرکەرە مووچەی وەرگرتووە!... کاشکای دەرزیەکی بەخۆدا کرد با ئەوسا سوژنێ بەخەڵکی دا.)«46،3»
جا، یەکێکی وەک « بەرزنجیی »، گەر لە مەبەستەکەم نەگا، بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی، بۆچوونەکانم ئاوەژووکاتەوە و سەر لە خوێنەر بشێوێنێ، دەبێ، من گوناهم چی بێ؟ دیارە، هەر دەبێ، قسەکانم بە پولێکی قەڵبیش لێ وەر نەگرێ! منیش، هەر هێندەم پێ دەکرێ، لە ئاستی هەموو ئەو قسە بێ سەروبەرانەدا، بێ دەنگ نەبم و مەبەستەکانم بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەم روونکەمەوە.
گەر، هەر کوردێ بیری « عێراقچێتیی » هەبێ، کاری بۆ بکا، هەوڵ بۆ پێشخستن و سەرکەوتنی بدا، لەگەڵ ئەو کوردەدا جیاوازیی هەیە، کە هەمان بیری هەیە،

بەلام، نە کاری بۆ دەکا، نە هەولیش بۆ پێشخستن و سەرکەوتنی دەدا. هەر کوردێ ئەو بیرە چەوتەشی نەبێ، دژی باوەڕی « عێراقچێتیی » خەباتبکا، لە سنووری ئەو دەولەتەشدا، لە یەکێ لە دەزگەکانیدا کاربکا، ئەوا بە کارێکی زۆر ئاسایی دادەنرێ. چونکە، ئەو کوردە دژە و خۆی تووشی داوی ئەو بیرە نەکردووە. لە هەمان کاتیشدا، هەر دەبێ، کارێ بکا، تا ژیانی ڕۆژانەی خۆی و خێزانەکەی بەڕێوەبەرێ. ئەوە تەنیا گەوجیی نەبێ، هیچ شتێکی دیکە نییە، گەر مرۆ وا بیرکاتەوە، لە دەولەتە داگیرکەرەکەی نیشتمانەکەیدا کار نەکا! چونکە، ئەو کەسە لە خاکەکەی خۆیدا دەژی، لە نیشتمانەکەی خۆیدا کاردەکا، جا، با نیشتمانەکەشی داگیرکرابێ، ئازاد و سەربەخۆ نەبێ. بەلام، کاتێ « بەرزنجیی »، قسەکانی من هەلدەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی ڕاوی سەرنجی خوێنەر بکا، چی بلێم و چی بکەم! ئەگینا، شتێکی زۆر ئاشکرایە و هەرگیز پێوستی بە سەلماندن نییە، هیچ مرۆڤێ، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، لە هیچ سەردەمێکدا، بێ کار ناتوانێ، بژی!

کاتێ نووسیومە: (« زێوەر »ی مووچەخۆری دەولەتی داگیرکەری عێراق...) «60،24»، بە هیچ شێوەیە، مەبەسم ئەوە نەبووە، پلاری تێ گرم، یا ڕەخنەی لێ بگرم. بەلام، ئەوە ڕاستییەکە و هەرگیز دوولەت ناکرێ. نەک هەر ئەو، بەلکوو، هەموو « نووسەر، هۆنەر، ڕامیار، زانا و فەرمانبەر » ە کوردەکانی دیکەش، هەر مووچەخۆری دەولەتی داگیرکەری « عێراق » بوون. ئەوەش، ئەوە ناگەیەنێ، هەر کەسێ، مووچەخۆری دەولەتێکی داگیرکەری کوردستان بوو، ئیدی، ناپاکیی لە نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی کردووە، وەک « بەرزنجیی » تێیگەییوە و دەیەوێ، سەر لە خەلکیش بشێوێنێ. یا هەر لە بنەڕەتدا، باش لە مەبەسەکەی من گەیشتووە، بەلام دەیەوێ، بۆ مەبەسێکی تایبەتیی خۆی، مەبەسەکەم بشێوێنێ!

ئاشکرایە، کارکردن و بەڕێوەچوونی ژیان، لەگەل سیخوڕیی و ناپاکییدا، زۆر جیاوازییان هەیە و شتێکی دیکە دەگەیەنێ. چونکە، ژیان بێ کارکردن، بێ پارە، بەڕێوە ناچێ. بەلام، کارکردن تا کارکردن، جیاوازیی هەیە. گەر ئەو کارکردنە، بە شێوەیەکی ئاساییبێ، هەموو مرۆڤێ لەو چوار دەولەتەدا ژیا، مافی کارکردنی هەیە و دەبێ، کاربکا. تەنیا هێندە هەیە، دانوستان لە سەر کێشەی بیر و گرفتە ڕامیاریی و نەتەوەییەکەی خۆی نەکا، وەک بە هەزاران لە ڕۆلە بە جەرگەکانی گەلانی « عێراق »، لە پێناوی پلەوپایە و کورسییدا، لە سەردەمە جیاجیاکانی تەمەنی دەولەتی « عێراق » دا، سەریان بۆ داواکارییەکانی سەرانی دەولەت دا

نەواندووە، چیبیان ویستبێ، بۆیان نەکردوون. هێندێکیشیان، هەر بە تەواویی خۆیان فرۆشتووە.
بەلام، نیشتمانپەروەرێکی وەک « زێوەر »، هەرگیز لەو جۆرە پیاوانە نەبووە، لە پێناوی پارە و کاردا، خۆی بە داگیرکەران بفرۆشێ. کەسێکیش، گوتارەکەم بە وردی بخوێنێتەوە، ئینجا بە تەواویی تێدەگا، بە هیچ شێوەیە، لە پلەوپایەم کەم نەکردۆتەوە، زۆر بە ڕێزەوە ناوەبردووە، بە شان و بازوویدا هەلداوە و نووسیومە: (« زێوەر » وەک هۆنەرێکی خاوەن بەهرە، بە هەموو لایەکدا پەلی هاوێشتووە. گەلێ هۆنراوەی ڕەنگاوڕەنگ و جۆربەجۆری گوتووە. لە هەر باخەی گولێکی چنیوە، تا لە ئەنجامدا، چەپکێ هۆنراوەی جوان و بۆنخۆشی ڕازاندۆتەوە. لە باخچەی بە هەشتی وێژەی کوردییدا، لە سەر تەختی مامۆستای هۆنەرانی سەردەمی خۆی دانیشتووە. تاجی هۆنەرێکی « هەست ناسک، بیر تیژ، واتای بەرز، ئەندێشەیەکی پڕ لە پیت و فەڕ »ی لە سەر ناوە. لە لایەکەوە، دیمەنە جوانەکانی کوردستان، لە نێو قوولایی دڵ و شانەکانی مێشکیدا ژیاوە، بە خۆشەویستی کوردستانەکەی، خوێنە گەشەکەی قولپیداوە. لە لایەکی دیکەشەوە، جەور و زۆرداریی داگیرکەران، چەوساندنەوەی نەتەوەکەی، هێندەی دیکە چاوی کردۆتەوە و زۆری بۆ هێناوە، بۆ خەبات و کوردایەتیی بانگیکردووە و هانیداوە. جگە لەوەی، لەو سەردەمەدا دەنگی زەنگی بیری کوردایەتیی، لە هەموو سەردەمێ پتر دەنگیداوەتەوە، لە هەموو بستێکی کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەتیی، هۆنەر خۆی یەکێ لە نزیکەکانی « شێخ مەحموود »ی قارەمان بووە، وەک کوردپەروەرێ، گەلێ « ساردیی و گەرمیی، تاڵ و سوێریی، برسێتیی و تینوێتیی، دەربەدەریی و نەبوونیی »، لە سەر کورد و بۆ کورد چێشتووە. دە دیارە، تا لە ژیاندا بووە، دڵی هەر بۆ کورد و کوردوستانەکەی لێیداوە. بۆیە، « بە ڕەنگێکی مات و زەردەوە، بە دەنگێکی پڕ لە غەم و کزۆڵەوە، بە زمانێکی ساکار و ڕەوان، بە کوردییەکی بێ گرێوگۆڵ و پەتیی »، گەوهەری بریقەداری ووشەی ساکار و خۆماڵیی ڕیزکردووە، ملەلیرەی هۆزراوەی کوردیی لێ هۆنیوەتەوە. تا توانیوێتی، هەرچی لە هەناوی ڕەشیدا هەبووە، دەری بڕیوە، هەرچی دەردە دڵی خۆی هەبووە، بۆی هەلڕشتووین. پاشان هوشیاریکردووینەتەوە، هاواری لێ کردووین و ... تاد) «24،55-56»، دواتر نووسیومە:(لە خۆشەویستی نیشتمانەکەیدا تواوەتەوە، کوردستانەکەی بە بەهەشتی ڕازاوەی سەر ڕووی زەوی داناوە، داوای یەکێتیی و خوێندن، لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەکا و ... تاد)«24،57».

ئەگینا، وەک « بەرزنجیی » دەفەرموێ: منیش، چوار ساڵ لە « زانکۆ » مامۆستا بووم، مووچەی ئەو دەوڵەتەم خواردووە. بەڵام، ئەوەتەی هەم، ڕۆژێ لە ڕۆژان، نەک هەر هیچم بۆ عێراق و سەرکردەکانی نەنووسیوە، نەک هەر خۆم بە « عێراق ـی » نەزانیووە، بەڵکوو، تەنانەت چەپڵەیەکیشم بۆ بەعس و عێراق لێ نەداوە، لە هیچ خۆپیشاندان و ئاهەنگێکی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرەشدا بەشدار نەبووم، هیچ جۆرە دڵسۆزیی و پەرۆشیکم، بۆ ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە نەبووە و نابێ. مەگەر، چـــەن « عێراقـچیی » و نۆکـەرێکی دەوڵەت، « عـێراق » بە لانە و مـاڵی خۆیان بزانن! ئەوانەی لە نزیکیشـەوە منیـان ناسـیووە و دەمناسن، گەواهیی ئەوەم بۆ دەدەن. نەک وەک هێندێ « خـوێندەوار، ڕووناکبیـر، نووسـەر، هونەر و فـەرمـانبـەر » بە نهێنیی یا بە ئاشکرا، لەگەڵ « بەعس » و دەزگەکانی بووبن، تەنانەت، ئێسـتـەش بنکە و بارەگەی پارتەکانی کوردستان، بەو جۆرە کوردە چڵکنانە ئاخنراون.

« بەرزنجـیی »، هـەروا لامـــــەرلایی، نموونەی لە سـەر کـارکـردن هێناوەتەوە و نووسـیـویەتی: (ئەمـە دەبێ چ مـەنتیـقـێکی ئیفلیـجـانەبێ و چ بیـر کردنـەوەیەکی سەقەتبێ کە کارکردنی هەزاران کرێکاری فەلەستینی لەناو ئیسرائیل دا بەرامبەر بە مـووچە بەتانەو تەشـــەر بزانێ، ئەو کـرێکارانەی کـەڕۆژانە لەشـارەکـانی فەلەستینەوە بەپێی کارت و پسوڵەی تایبـەت « هەر سێ مـانگ جارێ » دەچنە ئیسـرائیل و ئێواران دەگـەڕێنەوە. خۆ لە ڕوودانی هەر کـارێکی توندوتیژیشـدا کـورج درگـەو سنووریان برووردا دادەخـرێ و جـاری وا هەیە بەهەفـتـەو مـانگ ڕێگایان پێ نادرێ و بێ کار دەمێننەوە.)«46،3»

من نە باسی « فـەلەسـتین » م کـردووە، نە کـارکـردنیش لە هیـچ قـوژبنێکی ئەم جیهانەدا، بە نەنگیی دەزانم، نە تانە و تەشەریشم لە کەس داوە. هەموو مرۆڤێ بۆی هەیە، لە هەر دەوڵەتێکدا بژی، کاربکا، هەڵبەتە، فەلەستینیییەکانیش، لەم دەستووورە بەدەر نین! بەڵام، لێرەدا جیاوازیی لە نێوان کرێکارێکی « فەلەستینیی » و چەن کـەسـێکی وەک « زێوەر » و « بەرزنجـیی »دا ئەوەیە، ئەوان کـاتێ کـار لە دەوڵەتێکی داگیرکەری وەک « ئیسـرایل »دا دەکەن، هەر بەو تێڕوانین و لۆژیکەوە، لێی دەڕوانن، کـە هەمـوو کـوردێکی نەتەوەپەروەر لە « عـێـراق » دەڕوانـێ، نەک داکۆکیی لە دەوڵەتێکی داگیرکەری نیشتمانەکەیان بکەن!

51/2. چەم و چـــەقەڵ :

هەر هونـەرێ، نیـو دێڕە هۆنراوەی بۆ خـاکی عـێـراق و سـەرکـردەکـانی گـوتبێ، مـەبەسـەکـەیان هەرچییـەک بووبێ، من بە هەڵەی دادەنێم، جا ئیدی هەر کـەسێ

دەبێ، یا ببێ. لەبەرئەوە، پێویستی نەدەکرد، « بەرزنجیی » خۆی ماندووکردایە، سەری خوێنەریشی بیەشاندایە، لیستی ناوی ئەو هۆنەرانەی بۆ بنووسیبنایە، کە هۆنراوەیان بۆ عێراق و شاکانی گوتووە. بریا، چەن هۆنەرێکی وەک « حەمدیی، پیرەمێرد، قانع، ا. ب. هەوریی ... تاد » ئەو جۆرە هۆنراوانەیان نەگووتایە.

« بەرزنجیی »، ناوی هێندێ هۆنەر و نموونەی لە هۆنراوەکانیان هێناوەتەوە. ئایا، ئەو کارەی بۆ کردووە؟ چ پێوەندییەکی بە سەر گوتارەکەی منەوە هەیە؟ چونکە، ئەو گوتارە، تەنیا بۆ « زێوەر » تەرخانکرابوو، ئیدی چ پێویستدەکا، ناوی هۆنەرانی دیکەش بێنم، کە هۆنراوەی لەو چەشنەیان هۆنیوەتەوە؟ لە گوتارێکی واشدا ناکرێ، لە هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ژیانی هۆنەر بکۆڵمەوە.

بە باوەڕی من، لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە، ئەو شتانەی نووسیوە .

1. ویستوویەتی، داکۆکیی لە « زێوەر » بکا. بەڵام، نەیزانیوە، ئەو کارە چۆن بکا. یا ویستوویەتی، جەماوری خوێنەری کورد تێکەیەنێ، گوایە، تەنیا « زێوەر » هۆنراوەی لەو بابەتانەی نەهۆنیوەتەوە، ئیدی بۆچی نووسەر، تەنیا یەخەی ئەوی گرتووە؟ ئایا، خوێنەری وریا و بە ئاگا نازانێ، کام هۆنەری دیکە، لەو چەشنە هۆنراوانەی نووسیوە، یا هەر دەبێ، یەکێکی وەک ئەو بۆیان باسکا؟!! ئەمە لەوە دەچێ، من باسی « گەنمی قەنەهاریی » بکەم، ئەو بڵێ: ئەدی بۆ باسی « گەنمی ئاراس » ناکەی! هەر چەندە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکەی خۆم، تەنیا هەر لە سەر ئەو جۆرە « گەنم » ەش بێ!

2. بەو نموونانە ویستوویەتی، هەڵەی ئەو هۆنراوانەی « زێوەر »، بە هەڵەی هۆنەرانی دیکە بشواتەوە. باسەکە لە بیر خوێنەری کورد بباتەوە. بەڵام، بریا هەر دەستی لێ نەدایە، باشتربوو، چونکە، زەویی بەیار بە گای لەڕ ناکێڵرێ!

ئەو هۆنراوانەی « زێوەر » نووسیونی، لەگەڵ ئەو هۆنراوانەی « بەرزنجیی » بە نموونە هێناونێتییەوە، لە سەراسەر، لەگەڵ مەبەسەکەی مندا، جیاوازییان هەیە. ئاشکرایە، هەموو نووسەر و هۆنەرێ، بەرهەمی « جوان، گەش و بەهێز »، بەرهەمی « ناشیرین، سیس و لاواز » ی هەیە. ئەو هۆنەرانەی، هێندێ لە هۆنراوەکانیان، بۆ پیاهەڵدانی داگیرکەران تەرخانکردووە، لای من، بە بەرهەمێکی « ناشیرین، سیس و لاواز » دادەنرێن، نەک جێگەی شانازیی بن و داکۆکیی لە نووسەر و هۆنەرەکانیان بکەم!

مامۆستا « ا. ب. هەوریی » سالانێ مامۆستا و بەڕێوەبەری خوێندنەکەم بووە، کارێکی باشی نەکردووە، سروودی « جێژنی داروبرەخت » ی لە جێگەی « نەورۆز »

داناوە، مێژووش بە باشە بۆی تۆمار نەکردووە! خۆ ناشبێ، هەر لەبەرئەوەی مامۆستامان بووە، هۆنراوەی باشی هۆنیوەتەوە، یا هەر لەبەرئەوەی، بە زمانی کوردیی هۆنراوەی داناوە، سرووودی بۆ منالانی کورد ڕێخکستووە، ئیدی، هۆنراوە خراپەکانیشی بە چاک بۆ بژمێرین. خۆ هەر کەسێ گوێزیش بژمێرێ، هەرگیز پووچەکانی بە ساغ دانانێ! بەپێی باوەڕی ئایینییش بێ، هەر دەبێ، چاکە لە خراپە جیاکەینەوە، نەک تەنیا یەک لایەنە، لە چاکە یا لە خراپەکان بڕوانین. ئەوانەی چاکن، دەبێ، بە خۆشیی و شانازییەوە وەریانگرین. ئەوانەی خراپیشن، دەبێ، ڕەخنەیان لێ بگرین و ڕەتیانکەینەوە. جا، با نووسەرەکە یا هۆنەرەکە، لە سەر کورد لە سێدارەش درابێ، نەک تەنیا کوردایەتیی کردبێ!

هەڵبەتە، ڕاستیان فەرمووە: چەم بێ چەقەڵ نابێ! نووسەرێکی وەک « ڕەشید یاسمیی »ش، ڕازەی زمان و مێژووی کوردی کردووە. ئیدی، هەر لەبەرئەوە دەبێ، چاو لەو هەڵە گەورەیەی بپۆشین، کە لە سەر داواکاریی شالیارگەی ڕۆشنبیریی دەوڵەتی داگیرکەری شای « ئێران »، بەرهەمی « مێژووی نەژاد و پەیوەستەگی کورد »ی نووسیوە، بە کارێکی چاک و بە ڕازەکردنێکی گەورەی بژمێرین، لە کاتێکدا، مێژووەکەمانی شێواندووە؟!! با بزانین، لەو بارەیەوە، زانایەکی وەک پرۆفیسۆر « قەناتی کوردۆ »، چۆن سەرلەبەری هەڵەکانی نووسەری دەسنیشانکردووە، ڕەخنەی لێ گرتووە و چی نووسیوە؟

(... ئاشکرا دیارە، کە چۆن مێژوونووسانی نەتەوەیی بۆرژوازیی فارسیی لە ئێراندا بە ئارەزووی خۆیان ڕەوڕەوەی مێژووی کورد وەر دەچەرخێنن و دەشێوێنن. « ڕەشید یاسمیی » لەم ڕێگەیەوە پاکانە بۆ ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستەی ناوخۆی ئێران دەکات، کە بەرامبەر بە گەلی کورد لە ئێراندا پەیرەودەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئینکاری میللەتانی تری خاوەن کەلتوور و زمانی خۆ دەکات. نووسینی پەرتووکەکەی لە سەر بنچینەیەکی شۆڤێنیی فارسیی وای لێ کردووە، کە تەماشای مێژووی کورد، وەک مێژووی « نۆکەران و پارێزەرانی تاجی ئێران » بکا. « ڕەشید یاسمیی »، سیاسەتی داگیرکردنی خاکی بێگانە بلاودەکاتەوە. پڕوپاگەندە دژی کورد دەکا، کە گوایا، سەرشۆڕ و نۆکەری حوکوومەتی شای کۆنەپەرست بوون.)«50، 67-68»

جا گەر یەکێکی وەک « فەوزیی » هۆنەریش، ئەو هۆنراوەیەی گوتبێ، ئەوڕۆ دەبێ، « بەرزنجیی » و هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەو جۆرە بیر و بۆچوونانە هەیە، لە تەختی لاملی بۆ بدەن و دەستخۆشانەیان لێ بکەن؟ ئەدی، بۆ چەن هۆنەرێکی وەک:

« شێخ نووریی شێخ ساڵح، بێخوود، بێکەس... تاد »، لەو جۆرە هۆنراوانەیان نەهۆنیوەتەوە؟ هەڵبەتە، ئەمەش پێوەندیی بە باوەڕ و ورەی ئەو جۆرە کەسانەوە هەبووە، تا چەن لەگەڵ کێشەی گەلەکەیاندا ڕۆشتوون؟ لە کوێدا وازیانهێناوە و پچڕاون؟ کەی سەرەداوی پێوەندیی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، بە دەزگەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە گرێداوە؟ خۆ ناشکرێ، چەن هۆنەرێکی ناسراوی وەک: « حەمدیی، شوکری فەزلیی، پیرەمێرد »، هەر لەبەرئەوەی دڵسۆز بوون، لە دڵسۆزییەوە ڕەخنەیان لە « شێخ » و دەسەڵاتدارێتییەکەی گرتووە، بە پیاوی ئینگلیزیان دانێین! کەچیی، لەو کاتانەدا، زۆر ڕوویان نەدراوەتێ، بەڵام، چەن هۆنەرێکی وەک « زێوەر، کەمالیی و بێخود ... تاد »، لەو سەردەمانەشدا ژیاون، ئاگاداری هەموو کەموکوڕیی و کارە هەڵەکانیش بوون، کەچیی، خەوی خۆشی بێ ئاگاییان لە خۆیان خستووە، هیچیان لەو بارەیەوە نەگوتووە. تەنانەت، « کەمالیی » تا دوا ڕۆژەکانی ژیانیشی، ئامادە نەبوو، باسی ئەو سەردەمانە بە خراپە بکا، ڕەخنە لە « شێخ » و دەسەڵاتەکەی بگرێ.
کەچیی، لە هەمان کاتیشدا، ڕووناکبیرێکی گەورەی وەک « ڕەفیق حیلمیی »، زۆر ئازایانە و بە ڕاشکاویی، لە هێندێ جێگەی یادداشتەکانی خۆیدا، دەسی بۆ لایەنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەو سەردەمە ڕاکێشاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر جێگەی باوەڕی « شێخ » و پیاوێکی خوێنەوار و نیشتمانپەروەر بووە. هەڵبەتە، ئەو جۆرە ڕەخنە و باسانە، تا ئێستەش، لای زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، بە شتێکی نامۆ و بقە دادەنرێ! چونکە، گوێیان هەر بە پیاهەڵدان و چەپڵەلێدان ڕاهاتووە! لەبەرئەوە، کاتێکی زۆری دەوێ، تا ئەم ڕێبازە کۆنە دەگۆڕێ، ڕێبازی ڕەخنەی ڕیالیزم، لە نێو جەرگەی کۆمەڵی کوردیدا، جێگەی خۆی دەکاتەوە.

ئاخر، بە چ ویژدان و ئایینێ ڕەوایە، نووسەر و هۆنەران، لە ژیانی وێژەیی خۆیاندا، هەڵە نەکەن؟ تەنیا هەر، قسە لە سەر لایەنە چاک و گەشەکانیان بکەین و لایەنە خراپ و سیسەکانیان، بە ژێر لێوەوە کەین. دیارە، هەر لە کۆنەوە وامان کردووە، بۆیە، ڕۆژمان بەم ڕۆژە گەیشتووە!(کاتێ، نووسەران و شارەزایانی کورد، لە مێژووی ژیان و کارەکانی هەر ڕەوانشادێ دەدوێن، یا ڕۆڵی سەرکردەیەکی کورد هەڵدەسەنگێنن، تەنیا لە لایەنە گەش و کردەوە باشەکانی دەدوێن، لایەنە سیس و خراپەکانی بۆ لێفەپۆشدەکەن. بە تایبەتیی، گەر ئەو کەسە، خزمێکی زۆری هەبێ، یا خاوەنی بنەماڵەیەکی گەورە و دەسەڵاتدار بێ، یا هێزێکی

چەکداری گەورەی لە پشتەوە بێ، ئیدی، جگە لە پیاهەڵدان و باسکردنی بە چاکە، هیچی دیکە ناڵێن و نانووسن! ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بە هەڵەیەکی گەورە دەژمێررێ، زیانێکی گەورە، لە مێژووی ژیانی ئەو جۆرە پیاوە هەڵکەوتووانە دەدا. واشی لێدێ، کەس باوەڕ بە هیچ نەکا! ئایا، بە پێی کام باوەڕی زەمینیی و ئاسمانیی ڕەوایە، پیاوێکی ئاسایی یا کەسێکی خاوەن دەسەڵات، لە ژیانی خۆیدا، هیچ جۆرە هەڵەیە نەکا؟ زیان لە خۆی، دەوروبەر و نەتەوەکەشی نەدا؟ جا با ئەو کەسە، تەنانەت گەورەترین « هۆنەر، نووسەر، هونەرمەند، زانا، ڕامیار و سەرکردە »یەکی هەڵکەوتوو و سەرکەوتووش بێ! بە تایبەتیی، گەر ئەو پیاوە، سەرکردەی گەلێکی بندەس بێ، یا بەرپرسی پارتێکی ڕامیاریی گەورەی دیاریکراو بێ، یا بزووتنەوەیەکی چەکداریی مەزن بەڕێوەبەرێ، چۆن دەبێ، هەڵەی نەبێ؟ ئەمە، مەگەر هەر لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەنددا، ڕوویدابێ و بەو شێوەیە، ڕۆڵی مێژوویی کەڵەپیاوان هەڵسەنگێنرێ.

من لەو نهێنییە گەورەیەی کورد تێ ناگەم، بۆچی دەبێ، هەموو کەسێکی زیندوو و مردوو، یەزدانی گەورە، چۆنی دروسکردوون، چۆن هەن، هەر بەو شێوەیە باس نەکرێن، چاکە و خراپەکانیان لێک جیا نەکرێنەوە؟!! ئایا، بەپێی ئایینە ئاسمانییەکانیش بێ، هەر کەسێ بە گوێرەی کردەوەکانی خۆی، نامەی کرداری چاکە و خراپەی بۆ ناخوێنرێتەوە؟ ئیدی بۆ دەبێ، تەنیا باسی کردەوە چاکەکان و چاوپۆشیش لە کارە خراپەکان بکرێ؟ باوەڕ ناکەم، هیچ کەسێ هەبێ، لە ژیاندا هەڵە نەکات.)«24،30».

ئەدی، بۆچی وامان بەسەرهاتووە؟ ئەوەتە، کارەساتێکی گەورەی وەک هەرەسی شۆڕشی « 11/سێپتێمبەر »ی ساڵی « 1975 »، خەریکە بە هەموو شێوەیە، پینە و پەڕۆدەکرێ. بە خاڵێکی چاک بۆ « بارزانیی » دەژمێررێ، کە تا ئێستەش، گەلی باشووری کوردستان بە تایبەتیی و نەتەوەی کورد بە گشتیی، بە دەم ئازار و ژانەکانییەوە دەناڵێنێ و باجەکەی دەدا!

52/3. گوورگ و مەڕ :

جا تو خوا دەبێ، چ دێڕێ لەو دێڕە هۆنراوەیە جوانتر و پڕ واتاتر بێ، لە ڕووی ڕامیارییەوە، قووڵتر و بەرزتربێ، لەو کاتانەدا، « دۆستەکانی ئینگلیز » بە ئاشکرا هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە و گوتویانە:

ئێمە کوردین، دۆستی ئینگلیزین، ئەگەر قبوڵمانکا
ئیدیعای ئێمە ئەمەس: تەسلیمی گورگانمان نەکا «103،44».

من چۆن دەتوانم. ڕەخنە لە بیرۆکەی ڕامیاریی ئەو پیاوە هوشیارانە بگرم، کە لەو سەردەمانەدا، ئەو هەستە پیرۆزەیان هەبووە. هێندە وشیاربوون، ئەو دروشمە بەرزەیان هەڵگرتووە؟ ئایا، ئەو جۆرە هۆنراوە ڕاست و باشانە، لەگەڵ مەراییکردن و پێداهەڵدان بە سەر شا « فەیسەڵ » و خاکی « عێراق »دا بەراوردەکرێن؟ وەک یەک تەماشادەکرێن؟ ئەوە مەگەر، تەنیا هەر گێچی خواروخێچی بەراوردکردنی « بەرزنجیی »، ئەو جۆرە بەراوردکردنانە بە پێچەوانەوە بخوێنێتەوە! ئەگینا، زلهێزێکی وەک « بریتانیا »، سەروەر و سەرداری « عێراق » بێ، بیەوێ، زمان و کەلتووری کوردیی ببوژێنێتەوە، ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ کورد دەرکا، پێشبڕکێی زمانەوانیی و کوردیی پەتیی، بۆ هۆنەرەکانی کورد سازکا، ئیدی دەبێ، کورد لەوە پتر چیدیکەی بووێ، دوای ئەوەی، لە سەردەمی تورکە عوسمانییەکاندا، بە هیچ شێوەیە، ڕێگەی ئەو جۆرە کارانەیان نەداوە؟ خۆ ڕێکخراوێکی وەک « P.K.K. »، ماوەی پازدە ساڵە خوێندەڕێژێ، چوار هەزار گوندی باکووری کوردستانیان بە وێرانکردندا، بە هەزاران ڕۆڵەی کوردیان بە کوشتدا، کەچیی، ئێستە داوای ئەوەش ناکەن، کە « بریتانیا »، پێش سێ چارەکە سەدە، بە کوردی داوە! لەوانەیە « بەرزنجیی »، دەنگی زوڵاڵ و بڵندی چەن هۆنەرێکی وەک « موفتیی پێنجوێنیی » و « پیرەمێرد »ی لە بیرچووبێ، کە لە باس و ستایشی ئینگلیزەکاندا، هۆنراوەیان بۆ داناون؟ کەچیی، لە بری ئەو هەموو هوشیارییە، ئەو جۆرە کەسانەی ئەو هۆنراوانەیان گوتووە، ڕەخنەی لێ گرتوون و نووسیویێتی: (ئاخۆ کورگی ئەو کاتە لەئینگلیز خۆی زیاتر کێ بووبێ؟ ئای کە گەلێکی بێ ئاگاو سەرگەردانبووە.)«49،3»

بە ڕاستیی، گەر « بەرزنجیی »وا لە گرفتەکە گەیشتبێ، تەڕی تێگەیشتووە! هێشتا، ئەو هۆنەرانەی لە کاتی خۆیدا، ئەو هۆنراوانەیان هۆنیوەتەوە، گەلێ لە چەن « عێراقچیی »یەکی وەک ئەو ڕووناکبیرتر و وشیارتربوون. چونکە، بە لانی کەمەوە، پێش حەفتا ساڵ ئەو دروشمەیان بەرزکردۆتەوە، کەچیی، ئێستەش لە ناوەڕۆکەکەی ناگا و کورد بە « گەلێکی بێ ئاگا و سەرگەردان » دادەنێ! جا، کورد چی بکا، خۆ « بەرزنجیی » لەو سەردەمەدا نەژیاوە، تا دژی داگیرکەری ئینگلیز، وشیاریانکاتەوە، هێندەی دیکە « بێ ئاگاو سەرگەردانیان » کا!

گریمان، ئەو کاتە، ئینگلیز « گوورگ » بووە، ئەدی تورکە داگیرکەر و عەرەبە شۆڤێنییەکانی عێراق، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، چی بوون؟ تۆ بڵێی، هێندە بێ دەسەڵات و بەسەزمان بووبن، وەک « مەڕی پەیامبەر »وا بووبن، ئێمەومانان نەمان

زانیبێ! ئایا، کامیان لە گورگ خراپتر، کەڵبەی تیژ و ژاراوییان، لە جەستەی کورد و ئاسکەکێویی خاکی نیشتمانەکمان گیرکردبوو؟ یا لای « بەرزنجیی »، تەنیا ئینگلیز بە داگیرکەر و ئەوانیش بە برای گەورەی ئایینیی و لە نەوەی پەیامبەر دادەنرێن! ڕاستە، داگیرکەر هەر داگیرکەرە، گەر پەڕ و باڵیشی لە زێڕ بێ، گەر تا بن هەنگڵیشی هەنگوێن بێ و بە قوڕگی گەلە ژێر دەسەکانیشیدا بکا.
بەڵام، داگیرکەران لە هەموو سەردەمێک و لە هەموو کۆلۆنیایەکدا، لە پلەی درندەیی، کاری چاکە و خراپەدا، جیاوازییان هەر هەبووە و هەر هەشە. هەمووشمان بە چاوی خۆمان دیمان، هێندێ لەو وڵاتانەی، لە بندەسی ئیمپریالیستی بەرەی ڕۆژاوادا بوون، چۆن ڕزگاریانبوو، وڵاتەکانیشیان لە گەڵێ ڕووەوە، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو، تەنانەت زۆر لە چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەش، پێشکەوتووتر و باشترن!
ئایا، هەر ئیمپریالیزمی « بریتانیا » نەبوو، دەوڵەتی بۆ عەرەبەکانی « عەرەبستانی سعوودیە، ئوردوون و عێراق » دامەزران؟ هەر ئیمپریالیزمی « فەرەنسا » نەبوو، دەوڵەتی بۆ عەرەبەکانی « سووریا » دروسکرد؟ کەچیی، ئێمە دوای ئەوەندە سەدەی بندەسیی « فارس و تورک »، و هێندە ساڵی ژێر دەسیی هەر دوو دەوڵەتی « عێراق و سووریا »، تازە خەریکە قڕمان دەکەن!
ئەز هەر زوو گوتوومە: (گەر خواروی کوردستان، وەک کۆلۆنیایەک لە بندەسی «بریتانیا »دا بمایەتەوە، خۆراوای کوردستانیش، لە ژێر دەسی « فەرەنسا »دا بووایە، بەشەکەی « یەکێتی سۆڤێت »ی کۆنیش، هەر لە بندەسی ڕووس خۆیدا بووایە، یا کوردستان بە گشتیی، کۆلۆنیایەکی سەر بە یەکێ لەو دەوڵەتە دیمۆکراسییانەی ئەورووپا بووایە، بە بەراوردکردن لەگەڵ داگیرکەرانی ئەمڕۆی کوردستاندا، ئێستە کوردستان دەمێبوو، ڕزگاریبووبوو، نەتەوەی کوردیش، بە ئازادیی دەژیا و خاوەنی دەوڵەتی ناسیۆنالی تایبەتیی خۆی بوو. نەک وەک ئێستە، بە دەس گەلانی باڵادەسی « تورک، فارس، عەرەب و ئازەر »ەوە، لە گۆڕەپانی نیشتمانەکەی خۆیدا، وەک فوتبۆڵ شەقشەقێنی پێ بکەن. هەرگیز ڕۆژیشی بەم ڕۆژە تاریکە نەدەگەیی، هەرگیز کیمیاباران و ئەنفالیش نەدەکرا، دەسیان بۆ ئابڕووی کیژ و ژنانی کورد نەدەبرد.)«337،29»
ئەوەتە، یەکێکی وەک دوکتۆر« سمایل بێشکچیی »ش لە چەن جێیەکی نووسینەکەیدا، ئاماژەی بەوە کردووە. دەربارەی ئیمپریالیزمی تورک و گەلی باکووری کوردستان، نووسیویەتی: (گەر باکووری کوردستان، لە ژێر دەسی

داگیرکەرێکی دیکەدا بووایە، بۆ نموونە: وەک ئیمپریالیزمی ئینگلیزی، ئەوا لە مێژە ڕزگاربووبوو، هیچ هێزێکی ئیمپریالیزمی دیکە، بەو تێکدانە هەڵ ناسێ، کە دەزگەی تورکیی ئەنجامیداوە. چونکە، ئیمپریالیزمی تورکیی، هێرشیکردۆتە سەر هەموو نرخ و بنەمایەکی مرۆڤی کورد، کەرامەت و ئابرووی کوردیان خستۆتە ژێر پێی خۆیان. مرۆڤی کوردیان ڕوخان. هیچ هێزێکی ئیمپریالیزمی، لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان وەک ئەوانیان نەکردووە.)«52،35»

هەروەها، دەربارەی کوردستان بە گشتیی نووسیوێتی: (کاتێ مرۆڤ لە مێژووی کوردەکان وورددەبێتەوە، دەبینێ، چۆن ئادەمیزادی کورد و گەلی کورد، بە درێژایی مێژوو بوونەتە کوێلە و ئەم کوێلەیەتییەش، تا ڕۆژی ئەمڕۆ بەردەوامە) «48،35» هەروەها نووسیوێتی: (کاتێ لە ئیمپریالیزم و ڕێکخراوی هاویەش دەدوێین، نابێ ئەوەمان لەیادچێ، کە کوردستان لە کۆلۆنیاشی تێپەڕاندووە. کوردستان وولاتێکی دابەشکراو و لەتلەتکراوە لە نێوان چەن دەوڵەتێکدا. کوردستان کۆلۆنیایەکی نێو دەوڵەتانە)«67،35»

53/3. گۆشت و ئێسقان :

دوای ئەو کۆدەتا ڕەشەی بۆ کورد، هەر مایەی نەگبەتیی بوو، هونەرمەکانی کورد، زۆر بێ ئاگایانە، بە کۆدەتاکەیاندا هەڵداوە و گۆرانییان بۆ « عەبدولکەریم » گوتووە. هەر چەندە، « بەرزنجیی » سەردەمی گۆنی پێ باشترە، بەڵام، دیسانەوە بە شانازییەوە نووسیوێتی:(لە هەمولایەکەوە شاعیران کەوتنە هۆنینەوەی شیعرو چامەی درێژ درێژ بە کەورەیی ڕووداوەکەو سەرکردەکانیا ...)«49،3»، هەڵداوە، بێ ئەوەی کەمێ چاوەڕوانکەن، تا بزانن، « کاکە کەریم » چی بۆ کورد پێیە! ئاخر، ئەو جۆرە هونەر و ڕامیارانە، بەو شێوەیە کاری ڕامیاریی و پارتایەتییان کردووە، بۆیە، تا ئەوڕۆش گەلەکەمان لە باشووردا، باجەکەی دەدا و دەناڵێنێ!

ئێمە نەتەوەیەکین، دوژمنی باوەکوشتەی خۆمان، بە برا و بڕبڕەی پشتی خۆمان دەزانین. لە مێژوودا، دوو نەتەوە هەیە، وەک کورد خاکیان داگیر و لەتوپەتکراوە ، هەر پارچەیەکیشی، بە سەر دەوڵەتێکدا بەخشراوەتەوە و تا ئەوڕۆش بە پارچە پارچەکراوی ماونەتەوە. ئەوانیش « باسک و مەکەدۆنیی »یەکانن. « باسک » لە نێوان « سپانیا و فرەنسا »دا دابەشکراوە. « مەکدۆنیا »ش، لە نێوان هەر سێ دەوڵەتی « یۆگۆسلاڤیا، یۆنان و بولگاریا »دا، سێ کوتکراوە. بەڵام، هەرگیزا و هەرگیز، هەستی نەتەوەیی هیچ کامێکیان، هێندەی هەستی نەتەوەیی کورد لاواز نەبووە و نییە. ئێمەی کورد، نەتەوەیەکی زۆر و بۆرین، تا بڵێی، دوژمنمان زۆر و

بۆستی ستراتیژییمان کەمە. کەچیی، لەگەڵ ئەوەشدا، داگیرکەران بە برا و دەوڵەتەکانی دوور لە کوردستان، بە دوژمنی سەرەکیی خۆمان دەزانین! ئەم لێکدانەوە و بۆچوونانە، تەنیا هەر ئەوە دێنێ و هەڵدەگرێ، بڵێین: کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دراوە!

ئایا، هەر « بریتانیا و ئەمیریکا » نین، ئێستەش لە دەس رژێمێکی فاشیی دەوڵەتێکی داگیرکەری وەک « عێراق »، پارێزگاریی گەلی باشووری کوردستان دەکەن؟ خۆ گەر چاوی ئەوانیان لێ دیار نەبێ، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ، ئەم جارە « بەرزنجیی » لە چ ڕێستۆرانێکی هێندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەک: « سعوودیە، سۆدان یا یەمەن » قاپشۆریی دەسدەکەوێ! جا ئیدی چۆن، « سۆسیال »ی دەوڵەتێکی ئەورووپای دیمۆکراسیی دەسدەکەوێ! ئەوەتە، ئێستەش وەک کۆنە « عێراقچیی »یەک، بە دەمیدا نایە، بڵێ گەلانی « عێراق » هەر بە گەلی « عێراق » دەیەیڤێ و دەڵێ: (قۆناغی دوای چواردەی تەمموزی 1958، بەرزکاری و پسانی کۆتاو زنجیرەکان دانرا، بەرزۆکاری دەستخستنی مافە دیموکراتیەکانی گەلی عێراق، بەکوردو عەرەبیەوە، دانرا ..تاد)«49،3» ئاخر دیارە، هەر کەسێ، بە گەورەیی فێری پلاوخواردن بوو، دەس بۆ لووتی دەبا!

هەروەها، هۆنراوەیەکی بۆ بەهێزیی بۆچوونەکانی خۆی هێناوەتەوە، جگە لەوەی لە نیوەدێری سێیەمدا، لە بری « کارگەر» « کرێکار »ی نووسیوە. ناوی هۆنەرەکەشی نەهێناوە! کەچیی، سەرچاوەکەی دەسنیشانکردووە. هەڵبەتە، باشی زانیوە، کێ ئەو هۆنراوەیەی داناوە. بەڵام، دیارە وا پێویستیکردووە، ناوەکەی نەنووسێ! هۆنراوەکەش، « برایم ئەحمەد » بۆ « عەبدولکەریم قاسم »ی هۆنیوەتەوە. سەرەتا لە رۆژنامەی « خەبات »دا بڵاوکراوەتەوە، پاشان، لە ئاهەنگی « یانەی سەرکەوتن »دا خوێندوویەتیەوە و گوتوویەتی:

« کەریم » گۆشت و ئێسقان نییە
هەر تاقە یەک ئینسان نییە
« کەریم » خۆی بیر و باوەرە
خەوی کارگەر و ڕەنجبەرە
ڕەمزی گەلی خەباتکەرە
ئاڵای نیشتمانپەروەرە
بۆ « کەریم » هەر نەمان نییە

* * *

« كەریم » لای گەل ئازادیە
ئاشتیی، ئاسایش، ئازادییە
مانای سەربەرزیی ژیانە
بۆ گەل، بۆ ئەم نیشتمانە
بۆیە هەرچی کە هەمانە
گەر ماڵ و حاڵ، گەر گیانە
ئەیکەینە قوربانی « کەریم »
ئەگینا « کەریم »ی تەنیا
وەک ئەو « کەریم »انەی دنیا
کەس نازانێ، مرد یا ژیا «85،61»

ئەز، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: نەک هەر ئەم هۆنراوەیە، بەڵکوو، هەموو ئەو هۆنراوە و شتانەی دیکەش، لە دوای کۆدەتا سەربازییەکەی « عەبدولکەریم »ی ساڵی « 1958 »وە گوتراون، ئیدی هەر کەسێ گوتبێتی، هەر لە هەمان خانەدا جێگەیان دەبێتەوە. هەمووی نیشانەی پەلەپەلیی و هەڵەشەیی، خاوەنەکانیانی بە ئاشکرا پێوە دیارە. دوور نییە، نووسەرەکانیان، دواتر پەنجەی پەشیمانیی خۆیان گەستبێ. چونکە، ڕۆژگار سەلماندیی و بۆمان دەرکەوت، « کەریم » وەک هەموو مرۆڤێکی دیکە، « گۆشت و ئێسقان » دەرچوو، « هەر تاقە یەک مرۆڤ » بوو، هەرگیز « خۆی بیروباوەڕ » و « خەوی کارگەر و ڕەنجبەر » نەبوو، بە هیچ شێوەیە، « سوونبولی گەلی خەباتکەر » و « ئاڵای نیشتمانپەروەر » نەبوو. ئەو پیاوەش دەرنەچوو، وەک « برایم ئەحمەد » لە گوتاوێکدا گوتوویەتی: (بێ گومان سەرۆک « عەبدولکەریم قاسم »، لە بەر چاوی گەلی کورد، تەنیا ڕزگارکەری گەلی « عێراق » نییە بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوایەتییە برادەرەکانی، بەڵکوو ڕزگارکەری نەتەوەی کوردیشە لە زوڵم و زۆری چەوسانەوەی نەتەوایەتی.) «83،61»

بەڵکوو، ئەو پیاوە کەللەڕەقە دیکتاتۆرە شەڕانگێزە دەرچوو، کە هەموو گەلانی « عێراق »ی بێزارکرد، کوردی لە خەوی خۆشیی و ئازادیی بێ بەشکرد. لەمەشدا، بە پلەی یەکەم، هەر دوو سەرکردایەتیی « پارتی کۆمۆنیستی عێراق » و بە پلەی دووەمیش « پارتی دیمۆکراتی کوردستان ــ عێراق » تاوانباربوون. چونکە، پەلەیان لە بڕیارەکانیاندا کردووە. ئەوە، لە بری ئەوەی چاوەڕوانیانکردایە، تا بزانن، سەرۆک « کەریم » بۆ گەلانی « عێراق » بە گشتیی و بۆ گەلی کورد بە

تایبەتیی، چی پێیە؟ یا داوای مافە ڕەواکانی کوردیان بکردایە، ئینجا دەسیان بە با بژی « کەریم »، بڕوخێ ڕژێمی پاشایەتیی و بمرێ ئیمپریالیزمی « بریتانیا » بکردایە! بەڵام، کاتێ خاوەن ماڵ، ڕێی ماڵەکەی خۆی بیرچووەوە، لە بری ئەوەی، ڕوو لە ماڵە کاولەکەی خۆی بکا، ڕووی لە مزگەوت کرد، تا ماڵیش وەستابێ، مزگەوت حەرامە، ئیدی دەبێ، چیدیکە لەو خاوەن ماڵە چاوەڕوانکرێ؟!!

هەڵبەتە، ئەو « نووسەر، هۆنەر و ڕامیار »انە، هەموو شتێکیان، تەنیا هەر بە ناوی « شۆڕش، شۆڕشگێڕیی و پێشکەوتنخوازیی »یەوە کردووە، لە پێناوی بەرژەوەندیی کۆمارە ساواکەی « عێراق »دا، چاوپۆشییان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە! بۆیە، لە کاتێکدا، زۆربەی زۆری گەلی کورد لە باشووردا، هەموو هیوایەکیان « بارزانیی » بوو، ئەویش خۆی، چەن جارێ ئەوەی دووپاتکردۆتەوە و گوتوویەتی: من سەرۆک و قارەمان نیم. بەڵکوو، من نۆکەری گەل و سەرۆکە تاقانەکەی « عەبدولکەریم قاسم »م.

کاتێکیش، بڕیاری گەڕانەوەی « بارزانیی »یەکان دەرچووە و گەڕاونەتەوە، لە سەرەتای شەستەکانیشدا، مۆڵەت بە « پارتیی » دراوە، بە ئاشکرا کاربکا، ئیدی سەرانی پارتیی وایانزانیوە، هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد دراوە و جێبەجێش کراوە. جا هەر زۆر دوور نەڕۆین، لە « 1961/09/11 »ەوە، لە کوردستان جەنگ دەسپێکردووە، تا یەکەم گفتوگۆی ساڵی « 1963 »ی کۆنفرانسەکەی شارۆچکەی « کۆیە »، سەرانی پارتیی و « بارزانیی » خۆشیان نەیانزانیوە، داوای چی بکەن! تازە دوای دوو ساڵ کوشتن و وێرانکردنی کوردستان، کۆبوونەوەتەوە، تا بڕیار بدەن، داوای چی لە سەرانی ڕژێمی نوێ بکەن. (مانگی مارسی 1963 – کۆبوونەوەی پیاوماقوڵان و سەرانی شۆڕشی کورد، لە شاری « کۆیسنجەق » پێکهات، کە داوایان لە دەوڵەتی « بەعس » چی بێت؟ ») « 855،41 ».

جا ئیدی نازانم، « بەرزنجیی »، بۆچی لەگەڵ مندا ڕێک ناکەوێ، کە یەکێ لە گرفتە هەرە گرنگەکانی گەلی کورد لە باشوور بە تایبەتیی و نەتەوەی کورد بە گشتیی، خۆی لە گرفتی سەرکردایەتیکردنی کورددا دەنوێنێ؟ ئایا، هەر ئەو سەرکردانە و ئەو پارتانە نەبوون، کوڕی کوردیان فێری بیری « عێراقچێتیی » کردووە؟ گۆرانییان بۆ برایەتیی درۆزنانە و خەباتی نێوکۆیی چینی پرۆلیتاریای عەرەب و کورد گوتووە؟ خەڵکیان هانداوە، بە سەرانی داگیرکەرەکەدا هەڵدەن، گەر یەکێ جنێوێکی بە سەرۆک کۆماریش دابێ، ئەوان لە پێش پۆلیس و سەربازەکانی دەوڵەتەوە، لێیان پرسیوەتەوە و سزایانداوە! ئیدی دەبێ، لەوە پتر چاوەڕێی

چیـدیکه، له هۆنەر و نووسـەرەکـانمان بکەین، گـەر باری کـورد و جـۆری بیرکردنەوەی سەرکردەکانی بەو شێوەیە بووبێ؟
هەڵبەتە « بەرزنجیی » نازانێ، « نکوڵی!» چی دەگەیەنێ، ئەگینا، من « نکوولیی » م لەو شـتانە نەکردووە و ناشیکەم. بەڵکوو، ڕەخنەم لێ گرتوون. بۆیە نووسـیوێتی: (دیارە ئەمـەش بەشێکە لەبەرهەمـەکانی ئەو شاعیرەو نمەونـەی ڕۆژانێکە لەژیانی سیاسی گەلەکەمان، ئایا دەبێ، نکوڵی لێ بکرێ؟:)«50،3»
ڕاستە، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەوانە بەشێ لە مێژووی خەباتی ڕامیاریی و وێژەیی گـەلەکەمـان پێکدێنن. بەڵام، تەنیـا گوزارە لە بیری ئەو هۆنـەرە خۆی دەکـا، نەک هەموو گەل، لەو سـەردەمەدا بەو شێوەیە بیریکردبێتەوە یا ئێستە بەو شێوەیە بیر بکاتەوە! بۆیە، گەلێکیش دەبێ، بە شـێوەیەکی بەردەوام، شـەنوکەوی مێژووەکەی بکا، بە چاوی ڕەخنـەوە تەمـاشـایکا و لێی بکۆڵێتـەوە، تا ئەو هـەڵانەی کـراوە، دووبارە نەبنـەوە، پەند لە مێـژوو وەرگرن. ئەگینا، بۆ ڕووداوەکـان تۆمـاردەکـەین؟ مـێژوو چییە؟ کـەڵکی چییە؟ گـەر وانەبێ، کـەی مێـژوو بە ئاوێنەیەکی بالانمای خاوێنی ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکانی سەردەمە جیاوازەکان دەژمێررێ؟
ڕاسـتـە، کـورد پێـویسـتی بە هـەڵسـەنگاندنی دیاردەکـان هـەیە، بەڵام، ئەو هەڵسەنگاندنە، بە هەمـوو کەس ناکرێ، هەمـوو نووسـەرێ ناتوانێ، ئەو کارە بکا، یا هەمـوو کەس ئەو ئازایەتیی و لەخۆبووردنەی تێدا نییە، بە چاک بڵێ چاک و بە خراپیش بڵێ خراپ! گـەر واش نەبێ، ئەوا هەڵسـەنگاندنەکە، هەڵسـەنگاندنێکی لەنگ و گێر دەردەچێ.

54/3. سۆپەرمـــان :

گەر هـەر نووسەرێ یا هۆنەرێکی کورد، شتی باشی بۆ نەگووترێ و بۆ نەنووسرێ، یا نـەتوانێ، بیـڵێ و بینووسـێ، لەبەرئـەوەی، لەو وڵاتانـەی کـوردسـتـانی پێـوە لکێنراوە، دیمۆکـراسـیی و ئازادیی تێـدا نیـیـە، با شـتـی خـراپیش نـەڵێ، ناو و ناوبانگی خۆی و گەلەکەشی لەکەدار نەکا! کەسیش داوای لە هونەرمەندی کورد نەکـردووە، شـتـی خـۆکـوژیی بڵـێ و ببێ بە « سـۆپەرمـان »، وەک « بەرزنجـیی » نووسیوێتی: (لە هەڵسـەنگاندنی مـێژووی سیاسی هونەری کوردستاندا، لەجیاتی هەست و خەیاڵ و خۆشەویستی ساکار پشت بەڕاستەقینەی ڕوداوەکان ببەستن و هونەرمـەندی کورد لـەدنیـای خـەیاڵاتدا نەکـەن بەسـوپـەرمـەن ـ کورد، دوای ئەو هەمو نوشوست و تێکشکانە پێویستمان بەهەڵسەنگاندنی وردی دیاردەکانە، نەک پێچانەوەو شاردنەوەی ڕاستیەکان.)«50،3»

هەمـوو نووسـەر و هۆنەرێ دەبێ، سنووری توانا و لێهـاتوویی خـۆی، زۆر باش بزانێ، ئینجـا تاوی پێنووسـەکـەی بدا و دەس بە نووسـین بکا. چونکە، وەک گوتوویانە: بەردی زل، نیشانەی نەهاویشتنێتی!

هۆنەر و بلیمـەتێکی وەک « هۆراس65-08 » پ. ز. کە پتر لە دوو هەزار سـاڵ لەمەوبەر ژیاوە، دەربارەی بیرکردنەوە و بەرپرسیـاریی گوتوویەتی: (بە وردیی بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەسـتۆتان لە ژێر باری چ شتێکدا دەناڵێنێ و دەتوانێ، چ شتێک هەڵگرێ. ئەگەر پیاوێ زیرەکانە، بابەتەکانی خۆی هەڵبژارد، ئاسـانیی و روونیی دەربرین، لێی یاخی نابن. جـوانیی و رەونەقی رێکخستن، ــ ئەگـەر بۆچوونەکـەم راسـتبێ ــ لەوەدایە، پێویستـە لە سـەر هۆنەری ئەو چامە نایابەی، هەمـوو خەڵک بێ ئارامانە چاوەڕوانێتی، ئەو شتە بڵێ، کە پێویستە بوترێ و زۆر شت دوابخات، تا وەکوو کـاتی خـۆی دێ. با ئەمـەیانی خۆشبوێ و قـێـز لەوی تریان بکاتەوە.) «17،60». ئەگینا، گەر وا نەبێ، بەرهەمێکی هیچ و کاڵوکرچ پێشکەشدەکا و هیچ جۆرە چێژ و رەونەقێکی وێژەیی نابێ!

55/3. هێمن و هـــەژار :

ســوپاس بۆ خـوا، ئەوا « بەرزنجـیی »، وردەوردە و بە خـشکەیی، لە سـنووری باشووری کوردستان و « عێراق »یش پەڕییەوە، پەنای بۆ بەر بەشەکەی رۆژهەڵات و « ئێـران »یش برد، یەخـەی « هێـمن »یشی گـرت و نووسـیوێتی: (« هێـمن »ی شـاعیر، بەبۆنەی لەدایک بوونی رەزا پەهلەوی کورە گەورەی حەمە رەزا شـاوە « بەهاری بێ خــەزان » لەژمــارە 93ی 26 رێبــەندانی1933 » 961/2/15 »ی رۆژنامەی « کوردستان » چاپی تاران بڵاو دەکاتەوە: ...)«50،3».

وەک ئەو خـەڵکە خـوێندەوارە نەزانێ، « هێـمن »یش ئەو هەڵە گەورەیەی کـردووە! بەڵام، « بەرزنجیی» ویستوویەتی، لە لایەکەوە، دید و هەڵوێستی خۆی پێ بەهێزکا، لە لایەکی دیکەشـەوە، ئەو هۆنراوانەی « زێوەر »یشی پێ داپۆشێ. بۆیە بە هەڵەی نەزانیـوە. بەڵکوو، بـە دیاردەیەکی ئاسایی داناوە. چونکە، بـاری ئەو کاتەی هۆنەر وابووە! ئایا، کــەس زۆری لێ کــردبوو، ئەو هۆنراوەیە بڵێ؟ یا لە بەر لاوازیی هەستی نەتەوەیی و هوشیـاریی رامیـاریی ئەو سـەردەمەی گـوتوویەتی؟ دووریش نییە، نائومێدبووبێ و وەرەی ڕوخابێ، بـۆیە، ئەو هەڵەیەی کردووە.

ئەگینا، لە راستییدا، کەم کەس هەیە، هێندەی من « هێمنیست » بێ! بەڵام، لەگەڵ ئەوەشـدا، هـەرگیز ئەو هۆنراوە قرخنەی لێ وەرناگرم، بیانووەکەی هـەرچییە بێ، پێی قـایل نابم و بە چاوی رەخنەوە لێی دەڕوانم. لە هەمـان کاتیـشـدا، هـەرگـیز

هێڵێکی ڕاست و چەپ، نەک هەر بە سەر هۆنراوەکانی دیکەی « هێمن »، بەڵکوو بە سەر هۆنراوەی هۆنەرەکانی دیکەی کوردیشدا ناهێنم. بە پێچەوانەشەوە، هۆنراوە ڕۆمانسیی و نیشتمانییەکانی، وەک کۆرپەیەکی ساوای ئێسکسووک و شیرین، زۆر بە گەرمییەوە لە ئامێزدەگرم.

دە دیارە، هەستی نەتەوەیی و هوشیاریی ڕامیاریی « هەژاری موکریانیی »، لەو کاتەدا گەلێ بەهێزتر و گەشەدارتربووە. بۆیە، وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز، بە هۆنراوەیە گللەیی لە « هێمن » کردووە، بە هۆش خۆی هێناوەتەوە و ڕێگەی ڕاستی پیشانداوە! هەڵبەتە، ئەوە خەسڵەتی مرۆڤە و یەزدان وای دروسکردووە، هەمیشە لە « هەڵبەز و دابەز، هەڵکشان و داکشان، پەلەکردن و پەشیمانیی، دڵەڕاوکە و نیگەرانیی، گومان و خۆخواردنەوە »دایە. لەبەرئەوە، کەم مرۆڤ هەیە، لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوبێ، زۆر بەهێزبێ، وەک ئاووهەوای زەریای « سپی ناوەڕاست »، زووزوو نەگۆڕێ، لە کوێوە بای هات، لەوێوە شەنوکەوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی نەکا، هەر کە بارانیش بوو، ئاشی خۆی نەگێڕێ! ئەگینا، گەر وا نەبووایە، ئەو کۆمەڵە « نووسەر، هۆنەر و ڕووناکبیر »انە، بۆچی ئەو هەڵە زەقانەیان دەکرد؟ بەرژەوەندییان لەوەدا چی بووە؟ خۆ ناشێ، بڵێین: لە پێناوی مشتێ پوڵدا، ئەو هۆنراوانەیان هۆنیوەتەوە و خۆیان فرۆشتووە! یا بڵێین: پیاوی داگیرکەر بوون! یا بڵێین: هەر حەزیانکردووە، ڕۆڵەکانی گەل ڕەخنەیان لێ بگرێ!

جا بەس نییە، یەکێکی وەک « هێمن »، هێندە ئازابووە، دانی بە هەڵەکەی خۆیدا ناوە، لەو هۆنراوەیە پەشیمانبۆتەوە و گوتوویەتی: (مەگەر ژانی ئەمشەوم بەقەد ژانی شیعرێکی زۆڵەکم بووبێ کە لەسەر دەمانێکەوەیە ئازارم دەدا.)«53،3»

هەر چەندە « هێمن خۆی، ئەوە بیر و بۆچوونی بووە، کەچیی، « بەرزنجیی » نەک هەر دانی بە هەڵەکانی خۆیدا نەناوە، بەڵکوو، داکۆکییشی لە هەڵەی خەڵکی دیکە کردووە. بە ڕاستیی، ئەو قسانەی ئەو کردوونی، زۆر لە مێژە کۆنبوون و باویان نەماوە. دەمێکە، هێڵی ئاسنینی قسەکانی، شەمەندەفەری ڕاستیی پێدا تێپەڕ نابێ و وەک ئێسکەیەکی داخراو وایە!

56/3. باخچەی گوڵان :

بەرهەمی هۆنەران وەک باخچەی گوڵان وایە، هەموو جۆرە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەڕوێ، هەموو جۆرە بۆنوبەرامەیەکی خۆشی لێ هەڵدەسێ. بەڵام، لە نێو هەموو گوڵەکاندا، گوڵێ لە هەموو گوڵەکان، « گەشتر، جوانتر، تەڕتر و دڵفڕێنتر »

دەردەکەوێ. بۆنوبەرامەی لە هەموویان پتر، کار لە مێشک دەکا. جگە لەوەی، هەر گوڵێکیش، جوانیی و بۆنی تایبەتیی خۆی هەیە. هۆنەریش، هەر چەندە هۆنراوەی جۆراوجۆر دانێ، هەر لە بوارێکی دیاریکراودا دەتوانێ، زۆر سەرکەوتوویێ. بەڵام، لە بوارەکانی دیکەدا، هۆنراوەکانی کەمێ یا زۆر لاوازتر خۆیان دەنوێنن. بۆیە، هیچ هۆنەرێ، لە هەموو بوارەکانی هۆنراوەهۆنینەوەدا ناتوانێ، بە هەورازی سەختی هۆنراوەدا سەرکەوێ و بە لووتکەی بەرزی نەمریی بگا. بەڵکوو، تەنیا لە یەکێ لەو بوارانەدا دەتوانێ، بە تەواویی پەیامەکەی خۆی بەجێگەبەنێ و تاجی شای هۆنەران لە سەرنێ. ئەمە ڕاستییەکی تەواوە و بەڵگەی ناوێ، پێویستە، هەموو هۆنەرێ دانییپێدابنێ!

لە هەمان کاتیشدا، هەموو هۆنەرێ، چەن گەورە و بە توانابێ، چەن بەرهەمی جۆراجۆری زۆری هەبێ، چەن خاوەنی ئەزموونی مێژوویی و وێژەیی تایبەتیی خۆی بێ، چەن ڕووناکبیر و وریابێ، هەر هۆنراوەی لاوازی هەیە و هەڵەشدەکا. بەڵام، گرنگ ئەوەیە، خۆی دان بەوەدا بنێ، هەوڵ بۆ بژارکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریی و وێژەیی خۆی بدا. خۆی پتر ڕۆشنبیرکا. کەڵک لە ئەزموونی هۆنەرانی دیکەی کورد و بیانییش وەرگرێ. چونکە، جگە لەوەی، هەر تەنیا هۆنراوەهۆنینەوە بەس نییە، بەڵکوو، باشتر وایە، هۆنەر ڕووناکبیریش بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هێندێ هۆنەر هەن، هەست بە لاوازیی و هەڵەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام، لە بەر هەر هۆیە بێ، خـــۆیانی لێ بێ دەنگدەکـــەن. دەردی «هۆراس» یش گوتوویەتی: (هەندێ هەڵە هەن، پێمان خۆشە، پشتگوێیانخەین. ژێ ئەو ئاوازە نادات، کە دەست و ئەقڵ لێیان دەوێ و زۆر جار کە تۆ ئاوازێکی قورست لێ دەوێ، ئەو ئاوازێکی تیژت دەداتێ. هەروەها، کەوان هەمیشە نیشانە ناپێکێ، کە خەریکبوو، بیپێکێ.)«31،60».

هەروەها، «هۆراس» دەربارەی هۆنراوەی لاواز و بەهێز، نووسەری بە توانا و دەسڕەنگین گوتوویەتی: (پیاوی دەسپاک و زیرەک، پەردە لە سەر هۆنراوەی لاواز لادەبات و ڕەخنە لە هۆنراوەی ڕەزاقورس دەگرێ و نیشانە لە سەر هۆنراوەی خراپ دادەنێ و خۆی لە باقویریقی بێ سوود دووردەگرێ و داوات لێ دەکات، گوزارە تەمومژاوییەکان، ڕوونکەیەوە و ئاماژە بۆ ئەوانە دەکات، کە پێویستە بگۆردرێن.)«36،60» من پێم وایە، هەر وەک چۆن، مـــریشک هێلکەی پاک و ڕیقنەی بۆگەنیش دەکا، هەر بە هەمان شێوەیەش، هەموو هۆنەرێ، هێلکەی زێڕین و ڕیقنەی بۆگەنی هۆنراوەی هەیە!

56/3. نووســــەر و هۆنـــەر :

هەڵبەتە، وەک « بەرزنجیی » نووسیویتی: (هەرچۆنێ بێ شاعیر مرۆڤەو بارو ساتەوەختی واش دێت بەسەردا کەلەناچاریدا مشت لەئاوی سەربە قەوزەو مەگەزی ناو گۆلیش دەگرێتەوەو سەرەو ژوور بۆ دەمی دەبا.)«54،3».

بەڵام، ئەو هۆنەرانەی، بەو شێوەیە ڕەفتاردەکەن، تا چاو لێکدەنێن، نە خۆیان و ویژدانی نەتەوەیی و ویژەییان، لە ئارامییدا ئۆقرەدەگرن، نە لە دەس چاوی زیت و نەخەوتووی، ڕەخنەگرانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان قووتاردەبن! جا، گەر هەر نووسەرێ یا هۆنەرێ، بەو شێوەیە بوو، ئیدی ئەوە کەی بە نووسەر و هۆنەر دادەنرێ؟ چونکە، گەر هەر نووسەرێ یا هۆنەرێ، هەڵوێستی نەبوو، کەڵێ باشترە، دەمی خۆی داخا. وەک شتی باشیشی بۆ ناگوترێ، قسەی هەڵەقومەڵەقیش نەکا، شانی خۆی ئاردایی نەکا و هیچ نەڵێ!

« ا. ب. هەوریی، گـــۆران و کـــاردۆخـــیی ... »، بە سێ هۆنراوەی درێژ، لە خەسڵەتەکانی نووسەر دواون. بۆ نموونە: « ا. ب. هەوریی » گوتوویەتی :

نووسەر نووسینی، داو بۆ هەژاربێ
دەسخەرۆکەری، لادێیی و شاربێ
بۆ دەستی دوژمن، کوتەک و داربێ
دەک ئەو نووسەرە، لای بە دەواربێ
سوودی بەرهەمی، بۆی ژەهری ماربێ

* * *

نووسەر نووسینی، بۆ خۆ لەوەڕبێ
هەموو ژیانی، شەیتانی کەڕبێ
شایی لەگەڵ گورگ، شین لە تەک مەڕبێ
دەک ئەو نووسەرە، لای بەدەواربێ
سوودی بەرهەمی، بۆی ژەهری ماربێ

* * *

نووسەرێک، لەگەڵ هەژار نەناڵێ
بە نووسین، چقڵی بەر پێی نەماڵێ
خێرکی ڕێی ژینی، نەکاتە چاڵێ
دەک ئەو نووسەرە، لای بەدەواربێ
سوودی بەرهەمی، بۆی ژەهری ماربێ

نووسەرێک وەک شێر، بەرەورووی ناحەق
توورە ئەوەستێ و چاوی ئەکا زەق
هەر بۆ وەرگرتن، سەرکزبێ گۆی لەق
دەک ئەو نووسەرە، لای بەدەواربێ
سوودی بەرهەمی، بۆی ژەهری ماربێ
* * *

نووسەرێک زۆردار، شەو ئەکات لە خەو
بە بازاڕی هەق، قەت ئەدات برەو
هەر کۆن و نوێی بێ، نە بەم بێ و نە بەو
دەک ئەو نووسەرە، لای بەدەواربێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری ماربێ
* * *

نووسینێک، کە سوود ئەبەخشێ بە گەل
ڕێنوێن ئەبێ، وەک بروسکەی کەل
ئاکۆکیی دەربێ و کۆمەڵ کات پەلپەل
دەک ئەو نووسەرە، لای بەدەواربێ
سوودی بەرهەمی، بۆی ژەهری ماربێ
* * *

هەرچی نووسینێک، وەکوو کڵپەی کڵ
سووڕئەکاتەوە، جەرگ و سی و سپڵ
جۆشێک ئەدات، بە مێشک و بە دڵ
دەک ئەو نووسەرە، لای بەدەواربێ
سوودی بەرهەمی، بۆی ژەهری ماربێ «58، 264-266».
* * *

58/3. دەســـــپاکیی :

ئەز، لەگەڵ یەکێکی وەک « بەرزنجیی »دا چی بکەم، ئەو خۆی، نووسینەکەی منی، لە چەن جێیەکدا قرتاندووە، بە دەسپاکییەوە ئەیگواسۆتەوە. بەڵکوو، بەرژەوەندیی خۆی چۆن پێویستیکردووە، هەر بەو شێوەیە گواستویەتییەوە. جگە لەوەی، ئەو کۆپلەیەی لە نووسینەکەی « نەجمەدین مەلا » وەرمگرتووە، هەر پشگوێیخستووە. هەڵبەتە، ئەو بۆچوونەی منیش، هەر لە بەر ڕۆشنایی قسەکانی ئەودا هاتووە.

چونکە، من لەو سەردەمەدا نەژیاوم، تا ئاگاداری ئەو رووداوانە بوویم و ئێستە بۆ خوێنەرانی بگێڕمەوە. لە بەرئەوە، بە پێویستم زانی، هەر دوو نووسینەکە تۆمار کەم، تا خوێنەر بزانێ، هەم جیاوازییان چییە، هەم نابێ، هەر دوو بۆچوونەکەی من و « نەجمەدین مەلا »، لە یەکدی جیاکرێنەوە. لە گوتارەکەی خۆمدا، ئەو کۆیلەیە بەم شێوەیە نووسراوە: (" زێوەر "، لە رۆژهەلاتی کوردستانیشەوە، لە سەر هۆنراوەگوتنی خۆی بەردەوام بووە. هۆنراوەی گوتووە و بۆ سولەیمانیی ناردووە. کارێکی کردووە، هۆنراوەکانی دەس " مێجەر سۆن " کەون. ئەو کاتە، " سۆن " لە شاری " سولەیمانیی " ، یەکەم پیاوی دەسەلاتداری ئینگلیز بووە. " زێوەر " بەو هۆنراوانە ویستوویەتی، " سۆن " هێورکاتەوە، دڵی باتەوە و ملی خۆی لە پەتی سێدارە رزگارکا. بەرژەوەندیی ئینگلیزیش وا دەبێ، خەڵک لە کوردایەتیی و شۆڕش دوورخەنەوە، بۆیە، " سۆن " لیی خۆشدەبێ. پاشان " زێوەر " دەگەڕێتەوە، لە ژێر دەسەلاتی ئینگلیزەکاندا دادەنیشێ. دیارە، وەگ مامۆستا " نەجمەدین مەلا " دەڵێ: (مامۆستا زێوەر ساڵی " 1919 ز. " لەبەرئەوەی هاوکاری شۆڕشی " شێخ مەحموود " بووە، هەلاتووە چۆتە کوردوستانی خۆرهەلات لە گوندی " زەنبیل " ئەم هەڵبەستەی وتووە و ناردوویەتی بۆ حاکمی سیاسی " مێجەر سۆن ". بەمە خۆی لە تاوانی سیاسەت پەراندۆتەوە. مێجەر سۆنیش لیی خۆشبووە و هەڵبەستەکەی لە رۆژنامەی " پێشکەوتن "دا چاپکردووە وە کردووشیەتی بە مامۆستا لە قوتابخانەی « نموونەی سەعادەت »دا.)«57،24»
بەلام، هەر چەندە گۆڤاری « ئایندە »، رێنووس و هێندێ لە نیشانەکانی خاڵبەندیی گوتارەکەمی گۆڕیوە و لابردووە. بە هەمان شێوەش، « بەرزنجیی » جگە لەوەی، دەسکاریی رێزمان و رێنووسی دەقەکەی کردووە، نیشانەکانی خاڵبەندیی لابردووە، چەن ووشە و کۆیلەیەکیشی لێ دابڕیوە و نووسیوێتی: (زێوەر لەرۆژهەلاتی کرودستانیشەوە، لەسەر هۆنراوەگوتنی خۆی بەردەوامبووە. هۆنراوەی گوتووەو بۆ سلێمانیی ناردووە، کارێکی کردووە، دەست مێجەر سۆن کەون.. بەو هۆنراوانە ویستوویە، « سۆن » هێورکاتەوەو دڵی باتەوەو ملی خۆی لەپەتی سێدارە رزگارکا.. بۆیە لیی خۆشدەبێ پاشان دەگەڕێتەوەو لەژێر دەسەلاتی ئینگلیزەکاندا دادەنیشێ.)«54،3»

59/3. دوای گەڕانەوە :

کاتێ، لە جەنگی « دەربەندی بازیان »، هێزەکانی « شێخ » شکا، پاشان، خۆی بە بریندارییی گیرا، ئەوە بوو، دادگاییکرا و بۆ « هیندستان » دوورخرایەوە. ئیدی

« زێوەر » و هاوڕێکانی، جگە لەوەی، شاریان جێهێشت و ڕایانکرد، هیچی دیکەیان نەکردووە. هەر چەندە، باری ژیانیان کەمێ خراپبوو. بەڵام، بەو شێوەیە نەبووە، « بەرزنجیی » باسیکردووە. دوور نییە، « زێوەر » زۆر پەشیمانبووبێتەوە، لەوەی هەڵاتبێ، ڕاڕابووبێ، ڕوخابێ و ترسابێ. جا، ئەوە هەر بە دەم نابێ، بەڵکوو، بەڵگەی دەوێ. من لام وایە، تەنیا ئەو دوو هۆنراوەیە بەسبێ، کە بڵاوی کردۆتەوە، تا بنچینەی بەڵگەکانی خۆمانی پێ دابڕێژین.

جگە لەوەی، دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە، بە هیچ شێوەیە، بە لای کاری ڕامیاریی و کوردایەتییدا نەچووە، دەستی بە کڵاو و مێزەرەکەی خۆیەوە گرتووە، تا ڕەشەبای خەبات نەیبا! ئەگینا، لە لایەکەوە، لە سەردەمی دوای « شێخ مەحموود »دا چی کردووە؟ لە کاتێکدا، بە دەیان پیاوی « هۆنەر، نووسەر و ڕووناکبیر »ی ئەو ڕۆژە، لە پێناوی کێشەی کورددا هەوڵیانداوە، خۆیان ڕێخکستووە، کاریانکردووە، داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردیان کردووە، تووشی ئەشکەنجە و ناخۆشیی بوون. بەڵام، شوێنپەنجەی ئەو بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ کونوقوژبنێکی مێژووی کورددا دیار نەبووە و نییە. « زێوەر » نەک هەر دژی ئینگلیز و دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، هیچی نەگوتووە و نەکردووە، بەڵکوو، وەک هۆنەرانی دیکەش، ڕەخنەی لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی « شێخ »یش نەگرتووە!

بۆ نموونە: « حەمدیی » ساڵی « 1923 »، پەنجەی ڕەخنەی ئاراستەی « شێخ » و دەوروبەرەکەی کردووە. لە هۆنراوەیەکی درێژی « تەرجیع بەندی نیشتمانی»دا، زۆر بە ڕاشکاویی، باسی سەردەمی فەرمانڕەوایی دووەمی دەسەڵاتی « شێخ »ی کردووە. هەموو کەموکوڕییەکانی دەستنیشانکردووە، بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە، ناوی شالیارەکانی هێناوە و بە چلوپێنج نیوەدێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

باسی تەشکیلاتی ثانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین
تا عیلاجم، ئیسم و شوهرەت باسئەکەم، عاجز مەبن
تا ببینن، شکڵی وەضعییەت، بە چاوی قارئین

پاشان گوتوویەتی :

ئەمری یەومییە، هەموو هەر حەپس و زنجیر و جەزا
فیکری لەیلییە، هەموو هەر کوشتن و یەغما و دزین
حاکمی شەرع و عەدل مەحکوومی عالەم مارفە شەل
موخبیری صادق بوو، کانیب، سوئی ظەن « علم ئەلیەقین » «127.16».

ئینجا، با بزانین، ڕەوشی ڕامیاریی باشووری کوردستان، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، چۆن بووە؟ ئەو بەشەی کوردستان، بە چەن قۆناغێکی گرنگدا تێپەڕبووە:
1. کاتێ جەنگ تەواوبووە، بەشەڕزۆری باشووری کوردستان نیمچە سەربەخۆ بووە. چونکە، « شێخ مەحموود » هێزەکانی تورکی دەرکردووە، بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆی دامەزرادووە.
2. سالانی « 1918-1922 » لە بندەستی ئینگلیزەکاندا بووە.
3. سالانی « 1923-1927 » زنجیرە شۆڕشەکانی « شێخ » بەرپابوون.
4. سالانی « 1928-1931 » سەردەمی « قەڵەم و موراجەعە » بووە.
« زێوەر »، جگە لەو سەردەمەی « شێخ » دەسەلاتی هەبووە، پاشان تێکشکاوە و گیراوە، واتە: لە دوای سالی « 1919 »ەوە و لە هەموو سەردەمەکانی دیکەدا، هیچ ڕۆلێکی نەبووە. چۆن؟
لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ کورد باش نەبووە چونکە، ڕەوشی باشووری کوردستان، لە هەموو ڕووەکانی « نەتەوەیی، ڕامیاریی، کۆمەلایەتیی، ئابووریی، کەلتووریی، بەڕێوەبەرایەتیی »یەوە خراپبووە. با لێرەدا، تەنیا هەر لە باری خوێندن و پەروەردە بدوێین، چونکە، « زێوەر » خۆی مامۆستا بووە و پتر ئاگای لەو بارە خراپە بووە، ئینجا، هیچی نەگوتووە و نەکردووە!
کاتێ چەن نوێنەرێکی کورد، سالی « 1929 »، یادداشتێکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەری « بریتانیا » لە عێراق کردووە، هێندێ داواکاریی ئاسایی وەک: « دامەزراندنی دوو شاری نوێ، چاککردنی باری خوێندن ... »یان پێش چاو خستووە. کەچیی، شا« فەیسەڵ » گوتوویەتی: (ئەگەر بە دەستم بووایە، ئەوانەی ئەمەیان نووسیوە، هەڵم ئەواسین!)«20،59»، لە کاتێکدا، ئەوە باوەڕی ئەو پیاوە بووە، کەچیی، یەکێکی وەک زێوەر « هۆنراوەی بۆ گوتووە!
هەروەها، چەندین جار، نوێنەرانی کورد، لە بارەی ڕەوشی خوێندن لە کوردستاندا، سکالانامەیان ئاراستەی سەرانی دەوڵەتی عێراق و نوێنەرانی «بریتانیا » کردووە، بەلام، چ ئەو لایەنانە و چ خوێنەوارە عەرەبە شۆڤێنییەکان، نەک هەر داواکارییەکانیان پشگوێخستوون، بەڵکوو، هەڕەشەشیان لێ کردوون.
بۆ نموونە: لە «1929/04/09»دا ڕۆژنامەی « العراق » نووسیوێتی: (کوردەکان تەڵەبی وا بکەن وەکوو ئیدیعای ئەرمەنییەکانی لێ دێت کە موقابیل بە « تورکیا » کردیان و نەتیجە بەم حاڵە کەیشتن.)«32،59»، ئەوە ئەو برا عەرەبە هاوئاینانە بوون، کە « زێوەر » هۆنراوەی بە شان و بازوویاندا هەڵداوە!

دوا جاریش یەکێکی وەک « تۆفیق وەهبیی »، لای خۆی کاربەدەستی میریی و ئینگلیز بووە. کەچیی، زۆر مەردانە و جەسوورانە، وەک دەمڕاستێکی گەلی باشووری کوردستان، ڕاپۆرتێکی بۆ ئینگلیزەکان بەرزکردۆتەوە، لە هەموو کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی کورد دواوە. باری خوێندنی لە کوردستاندا دەرخستووە، ڕاستیی ئەشاردۆتەوە و نووسیوێتی: (لە کوردستانی خوارووودا 79 قوتابخانە هەیە. لە 27 یاندا، ڕێگە بە زمانی کوردیی دراوە، لەوانی تردا عەرەبیی ئیجبارییە، جگە لە چەند قوتابخانەیەکی کەم، کە تورکیی تێدا ئەوترێتەوە. لەو 27 قوتابخانەیەی باسکران 16یان تەنیا 1 پۆلی تێدایە. ئەوانی تری سەرەتایی و ئامادەیین. لە ناوچە کوردییەکاندا، قوتابخانەی ناوەندی نییە، جگە لە 2 متەوەسیتە لە سلێمانیی و هەولێر، ئەوانیش تەواو نین. لە سەرانسەری کوردستانی خوارووودا8 قوتابخانەی کچان هەیە، تەنیا لە 1 قوتابخانەیاندا بە کوردیی ئەخوێنرێ. دانیشتووانی کوردستانی خوارووو بەرەو زووری 800,000 کەسە بەراوردی لەگەڵ 528 قوتابخانەی ئەلبانیا و 432 قوتابخانە لە فەلەستین لەگەڵ کوردستانی خوارووو و ژمارەی زۆری دانیشتووانی و تەنیا 79 قوتابخانە.
بۆ بەراوردی سیاسەتی حوکوومەتی عەرەب، لە بواری پەروەردەدا لە پێوەندییدا لەگەڵ کورد، ئەم نموونەیەی خوارەوە بەسە بۆ پیشاندانی سیاسەتی بە ئەنقەستی حوکوومەتی عەرەب بۆ لەناوبردنی شێنەیی ڕەگەزی کورد. لە دەسکەوتی لیوای بەغداد38٪ سالانە تەرخانئەکرێ بۆ پەروەردەی عەرەب لە لیوای بەغداد، کەچیی لە سلێمانیی تەنیا 1٪ی داهاتی لیوا تەرخانکراوە بۆ پەروەردە لەو لیوا کوردییەدا.
بۆ پیشاندانی ئەقڵی پچووک و زۆردارانە، تەنانەت لە مەسەلە پچووکەکانیشدا، حوکوومەتی عەرەب کەلوپەلە کۆن و بێکەڵکەکانی خۆی ئەدا بە قوتابخانە ناعەرەبییەکان و کەلوپەلە نوێکانی بۆ خۆی ئەبا. ئەم کارە منالانەیە بە ناوی حوکوومەتێکەوە کە بۆ سەربەخۆیی ئەگری بە بێ ... جێگەی پێکەنینە ئەگەر جێگەی داخ نەبێ. پەروەردە بە گرنگترین بەشی ژیانی نەتەوەیی دانراوە، لەوەی سەرەوەدا بە ئاشکرا دیارە کە تەنیا مەسەلەی کاتە، ئەگەر کورد لە ژێر زاڵێتی عەرەبدا بەجێبهێڵرێ، کاتێ سەربەخۆیی تەواویی خۆیان بە دەس بهێنن، زمان و فەرهەنگی کوردیی لە مان ئەکەوێ.)«255،59»
ئەوە ڕەوشی خوێندن بووە لە کوردستاندا، کەچیی، « زێوەر » لە بری ئەوەی ناڕەزایی خۆی دەربڕێ، هۆنراوەی « عێراقچێتیی » هۆنیوەتەوە، منالانی کوردی، فێری سنوور و جوگرافیای عێراق کردووە!

له لایەکی دیکەشەوە، کاتێ هێندێ کاربەدەسانی عێراق و نوێنەری ئینگلیز لە عێراق، سەردانی کوردستانیان کردووە، تا ڕەوشی ڕامیاریی ناوچەکە ئارام کەنەوە، نوێنەرانی کورد، لە شارەکانی « کەرکووک، هەولێر و سولەیمانیی »، زۆر بە ڕاشکاویی گوتبوویان: (ناپانەوێ لەگەڵ عەرەب پێکەوە بژین. بەڵکوو ئەمانیش ئەیانەوێ: حوکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆ، لە ژێر ئینتیدابی دەوڵەتێکدا کە کۆمەڵەی گەلان دیاریبکا، دابمەزرێنرێ. بۆ ئەمەیش ئەو بەڵێنانەیان ئەکرد بە بیانوو، کە کۆمەڵەی گەلان کاتی خۆی بە کوردی دابوو.)«58،59»، ئەدی ئەو کاتانە، « زێوەر » لە کوێ بوو؟

هەروەها، کاتێ دەوڵەتی عێراق، دژی خواستەکانی کورد ڕاوەستا، هەڵبژاردنێکی ساختەی سازکرد و ویستی، فێڵ لە کورد بکا. بەلام، « هەیئەی وەتەنیی » بڕیاریاندا، بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا نەکەن. هەر چەندە، ئەو کۆمەڵە باوەڕیان بە بەکارهێنانی توندوتیـژی نەبوو، بەلام ئەوە بوو، لە ڕۆژی « شەشی ڕەشی سێپتێمبەر »دا، بە تەواویی تەقیییەوە، شەڕێکی خوێناویی نابەرابەر، لە نێوان کوردە خۆپیشاندەرەکانی شار و سەرباز و چڵکاوخۆرەکانی داگیرکەرانی ئینگلیز و هێزەکانی دەوڵەتی عێراقدا دروسبوو. لە ئەنجامدا، خەڵکێکی زۆر بریندارکران و کوژران. « زێوەر »، نەک هەر وەک « بێکەس » بەشداریی لەو خۆپیشاندانەدا نەکردووە، لە هیچ لایەکەوە دیار نەبووە و ناوی نییە، بەڵکوو، لە بری ئەوەی گەرمەشینیش بۆ ئەو شەهیدانە بکا، هۆنراوەی بۆ ئەو « عێراق » و « فەیسەڵ »ە گوتووە، کە لە بەر دەرکی سەرای « سولەیمانیی »دا، تەنیا لە یەک ڕۆژ و چەن کاژێرێکدا، پتر لە سەد کوڕی کوردی نیشتمانپەروەریان، لە خوێنی گەشی خۆیاندا شەلالکردووە. ئا لەو کاتانەدا، « زێوەر » متەقی لە خۆی بڕیوە، هیچی نەگوتووە، بێ هەڵوێستبووە، وەک هەر کوردیش نەبوویێ و خەڵکی ئەو شارەش نەبوویێ، وا بووە! کەچیی، چەندین هۆنەری بە ناوبانگی کوردی نیشتمانپەروەری ئەو سەردەمەی وەک: « پیرەمێرد، حەمدیی، بێکەس، ئەحۆڵ، گۆران، دڵزار ... » نەیانتوانیوە، چاو لەو تاوانەی ئیمپریالیزمی « بریتانیا » و دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بنوقێنن، دەس بە کڵاوەکانی خۆیانەوە بگرن، تا بای ڕاونان و گرتن نەیانبا. بەڵکوو، بەشدارییانکردووە، خەڵکیان هانداوە، هۆنراوەی ئاگرین و جوانیان ڕازاندۆتەوە، گەرمەشینیان بۆ شەهیدانی ئەو ڕۆژەڕەشە کردووە! ئیدی گەر « زێوەر »، لەو تاوان و کارەساتە جەرگبڕە نەتەوەییە، بێ دەنگبوویێ، کامەیە ئەو هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەی هەیبووە؟!!

دواییش، چەن کەسێ بە ناوی نوێنەری کوردەوە، بەرەو « بەغدا » ڕۆشتوون، بۆ ئەوەی بەخێرهاتنەوەی شا « فەیسەڵ » بکەن، دڵسۆزیی خۆیان بۆ یەکێتی خاک و دەوڵەتی عێراق پیشاندەن، کەچیی، لە مێژووی کورددا، ناویان بە ناپاک ڕۆشتووە.
خۆ، ئەو نوێنەرانەش هەر هێندەی « زێوەر »یان گوتووە، وا بەو شێوەیە، هەر دوو هۆنەر، « پیرەمێرد و بێکەس » هۆنراوەی « وەفدی کوردستان »یان بۆ گوتوون و بە ناپاکیان داناون!
جگە لەوەی، ئایا، « زێوەر » چی بۆ چەن خەباتگێڕ و شەهیدێکی وەک: « شێخ سەعیدی پیران، دوکتۆر فووئاد، سمایلاغای سمکۆ، سەید ڕەزای دەرسیمیی، چوار ئەفسەرەکە ... » و هەموو ئەوانەی، بە دەس کوردایەتییەوە ناڵاندوویانە، تووشی زیان بوون، لە ڕێی کورد و کوردستاندا، گیانی خۆیان بەختکردووە، گوتووە و نووسیوە؟ چ هۆنراوەیەکی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی « شێخ مەحموود و بارزان » داناوە؟ چ هۆنراوەیەکی بۆ کۆماری کوردستان لە « مەهاباد » هۆنیوەتەوە؟ ئەدی، چ گەرمەشینێکی بۆ « قازی محەمەد » و هاوەڵەکانی کردووە؟ « زێوەر » نەک هەر هیچی نەکردووە و نەگوتووە، بەڵکوو، تەنانەت لە شینی کۆچیدوایی هاوڕێ هۆنەرەکانیشیدا، هیچی نەنووسیوە.
گەر بڵێین: « زێوەر »، زانایایەکی ئایینیی بووە، سەری لە کاری ڕامیاریی دەرنەچووە، ئەدی خۆی یەکێکی وەک « مەلای گەورە »، هەر لە سەردەمی ئەودا ژیاوە، لەویش پتر ناسراو و خواپەرستبووە، بۆچی بەو شێوەیە، لە هەموو دەردەکانی کورد دواوە. دوژمنی ڕاستەقینەی، بە کورد ناساندووە، داوای لێ کردوون، منداڵەکانیان بە شیری پاکیی کوردایەتیی پەروەردەکەن؟! ئەوەتە، لە هۆنراوەی « ئەم خاکە »دا، بە سی دێڕە هۆنراوە، لە گەلێ باسی گرنگ دواوە. لەوانە، داگیرکردنی کوردستان و بەعەرەبکردن. سەرەتا گوتوویەتی:

ئەم خاکە، دایکی تۆیە، کەوتە دەستی ئەجنەبی
ئەی کوردی ساحێب غیرەت! تۆ چلۆن ڕازی دەبی
بۆ خۆت ئەوا دەبینی، دوژمن ئەرزت دەکێڵێ
پاش چەند ساڵێکی دی، هیچت بە دەست ناهێڵێ

دوایی، باسی هێندێ سەرکردەی گەلانی دراوسێیی کردووە، چۆن دەسیان بە سەر کاری دەوڵەتدا گرتووە. کوردیش، لە کاروان بەجێماوە و گوتوویەتی:

ئێوەش ئەگەر پیاو بان، چشتەکو لە دەست دەهات
کەسێ غیرەت بنوێنێ، خودا تەوفیقی دەدات

ئێوه « ئەحقەر ئەلناس »ن، ئیمڕۆ له بەینی ئومەم
قسمێ بەندی تورکن، هێندێ خادمی عەجەم
ئێوەن بێ قەدر و قیمەت، بێ عەسکەر و بێ عەلەم
بێ تاج و تەخت و دەوڵەت، ژێردەستی کوللی عالەم
چونکە نانخۆری خەڵکی، لە سەر موڵک و ماڵی خۆت
خاکت هەموو مەعدەنە، خۆت فەقیر و ڕووتوقووت
تا کەی وەکوو گا، جووتی له ژێر نیری زیللەتی
سەد حەیف و سەد مخابن، لای خۆت ئەتۆش میللەتی
دوای ئەوەش، باسی داگیرکەری ئینگلیزی کردووه، داوای له ڕۆڵەکانی کورد کردووه، هەر هیچ نەبێ، منداڵەکانیان به شیری کوردایەتیی بەخێوکەن و به هەستی نیشتمانپەروەریی پەروەردەیانکەن. بۆیە گوتوویەتی:
دەماغی منداڵەکان پڕکەن، له حوبی وەتەن
تەربیەتیان باش بدەن، میللییەتیان فێربکەن «145-142،45»
« مەلای گەورە »، ساڵی «1926 »، هۆنراوەی « من پەخەی خۆم، له بۆیە دائەدڕم » بۆ « شێخ سەعیدی پیران » و هاوەڵەکانی گوتووە. ساڵی « 1930 »یش، به هۆنراوەی « ژیانی وا به ئالام »، باسی لەشکرکێشیی سوپای « عێراق »ی، بۆ سەر ناوچەی « بارزان » کردووه و به نۆزده دێڕ هۆنراوه گوتوویەتی:
بەڵێ، ئەم شینە، شینی قەومی کوردە
قیامەت ڕابووه، لەم دار و بەردە
ئەوا، یابەش له هەق کوردان بەخۆکەوت
تفو لەم میللەتەی بەدبەخت و دەم چەوت
له مانگێ زێترە، جەیشی عێراقیی
بە ئەسبابی جیدال و تەمتراقیی
هجومی کردە سەر بارزانی مسکین
به تەیارە و به شەستیر و به ژبلین
له جێی لاله و گوڵکی سووری نیسان
له سەر کێوان، ڕژاندی خوێنی کوردان
ئەوی دەستیانکەوێ، منداڵه یا ژن
له خاکیدا سەروبنیان دەنێژن
ئەوانەی پیر و پشت کوڕ و زەعیفن

له ئەشکەوتان دەڵێی « ئەسحابی کەهفن »
ئەوانەی مەردی جەنگێن میسلی کێوی
بزربوون لە درز و قەڵشی کێوی
هەزار منداڵ و ژنیان سەربڕیوە
هەزار کیژی عەفیفیان زگ دڕیوە
بە بۆمبا خان و مانیان بوو بە وێران
مەڕ و ماڵیان هەموو ڕۆیی بە تالان «141-140،45»

هەر لە دوای شەڕی بەردەرکی سەراشەوە، وردەوردە، ناوی کوردستان نەما، ووشەی « شیمال »یان، لە گفتوگۆ و نووسینەکانیاندا بەکاردەهێنا. دە دیارە، بۆیە یەکێکی وەک « زێوەر »یش، لە هۆنراوە « عێراقچێتیی »یەکانیدا، لە بری کوردستان، زاراوەی « شیمال »ی نووسیوە!

لە کۆتایی ئەم دەمەتەوێیەشدا دەڵێم: ئایا، « زێوەر » تا بۆ دوا جار، چاوی لێکناوە، بە تەواویی ماڵاوایی لە کورد و کوردستان کردووە، چ جۆرە بەرهەمێکی نەتەوەیی هەبووە، جگە لەوەی، لە خەڵکی شارەکەی زۆر بێزاربووە، گلەییەکی زۆری لێ کردوون و لە هۆنراوەی « کێیە تا سەر؟ »دا، ساڵی « 1921 »، بە حەوت دێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

کێیە تا سەر؟ لە فەزای دەرد و غەمابێ، مابێ
ئەوە هەر کوردە، کە چاوی لە هەوابێ، وابێ
هەر « سولەیمانیی »یە، عیفریتی « حەسەن »سواری بووە
هودهودی خۆشخەبەرم، گەر لە سەبابێ، بابێ
ڕاستی ڕێگەی ڕاستت، « ئەدەب » و « ئەخلاق »ە
ئەمدی هەرگیز لە کەسێ، رووی لە کەچا، بێ، چابێ
مارە بۆ گەردن و ماڵت، چە خومار و چە قومار
گەرچی باوە، ئەوە پیاوە، بە شەرابێ، رابێ
ئەی وەتەنپەروەری، تەنپەروەری پڕ لافوگەزاف
ئەسەری خزمەتی تۆ چین؟ بە حیسابی، سابێ
چە زەمانێکە؟ زمانی تەروپاراوی ئەوێ
« غایە و فیکری »، لە هەر کەس کە مەلابێ، لابێ
وەرە مەیدانی هونەر، گەر ئەتەوێ بەرزیی « وەتەن »
وەسڵی مەحبوویە، بەبێ ڕەنج و عیتابێ، نابێ «16،39»

جا، ئێستە « بەرزنجیی » پێمان نالێ: چۆن « زێوەر » وازی لە هەموو شت نەهێناوە؟ هەوڵی نەداوە، سەری خۆی کزکا و بژی؟
با بڵێین: گلەیی لە « زێوەر » ناکرێ، گەر هۆنراوەی بۆ ئەو خەباتگێڕ و شەهیدانەی کورد نەنووسیبێ. بەڵام، ئەدی چی بۆ « شێخ مەحموود » نووسیوە، کاتێ بریندار بووە و دوورخراوەتەوە، خۆ ئەو هاورێ و سەرۆکیشی بووە؟!! لە کاتێکدا، چەندین هۆنەری وەک. « بێخوود، حەمدیی، شێخ نووریی شێخ ساڵح، کەمالیی، مینە جاف ... تاد » چەن هۆنراوەیەکیان بۆ هۆنیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێندێ لەوانە، لەگەڵ « شێخ »دا ناکۆکبوون، رەخنەشیان لێ گرتووە، کەچیی، لە کاتی تەنگانە و دوورکەوتنەوەی « شێخ »دا، هێندە « مەرد، ئازا و بە ئەمەک » بوون، هەرگیز پشتیان بەر نەداوە، بێ دەنگ نەبوون، هەست و سۆزی خاوێنی پەژارەیی خۆیان، بە هۆنراوە دەربڕیوە. لێرەدا دەتوانین. چەن نموونەیەک بێنینەوە. هەر چەندە، « حەمدیی » هۆنەر، لە گەڵ « شێخ مەحموود »دا، ناکۆک بووە و رەخنەی لێ گرتووە، بەڵام، کاتێ « شێخ » گیراوە و بۆ « هیندستان » دوور خراوەتەوە، هەموو جۆرە ناکۆکیی و کینەیەکی تایبەتیی وەلاناوە، وەک مەردێکی کورد، بە هۆنراوە یادی « شێخ »ی کردۆتەوە و بە دوو چوارینە گوتوویەتی:

وەک « مەدینە »، بێ « نەبی » بێ، یا « نەجەف » بێ، بێ « عەلی »
شاری « خەزنە »ش ئێستە، بێ « مەحموود »ە وەک « داریکەلی »
حەیفە ئەوجی ئاسمان، بێ زینەتی خورشید و ماە
سا خوا بیکەی، وەکوو خورشیدی درەخشان مونجەلی «182.16»

کە رۆیشتی، بە جارێ من دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت
کە چوویتە « تانە »، تانە سەر گلێنەی هەردوو چاوم کەوت
ئەڵێن: هاتوویتە « کوێت » قوربان، بڵێ: قوربانی کوێتی کەم
کە نۆبەت بەر سەری ئەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت «182.16»

هەر وەک چۆن « حەمدیی »، رەخنەی لە هەڵەکانی « شێخ » و کەموکوڕییەکانی دەوڵەتەکەی گرتووە، هەر بەو شێوەیەش، ناخۆشی و پەژارەی خۆی، لە تاو دووریی شێخ دەربڕیوە و هۆنراوەی بۆ هۆنیوەتەوە. لە هەمان کاتیشدا، کاتێ بیستوویەتی، « شێخ » لە دەربەدەریی و دوورخراوەیی دەگەڕێتەوە، پڕ بە دڵ پێی خۆشبووە. بۆیە بەو بۆنەیەوە، بە چواردە نیوەدێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

مژدەبێ یاران، ئەڵێن: تەشریفی جانان دێتەوە
وەک هیلالە قامەتم، تا بەدری تابان دێتەوە

ڕۆژ کە گیرا، شەمشەمەکوێرە، عەجەب کەوتە سەما
سا، دەبا، کوێربێ، ببینێ ڕۆژی ڕەخشان دێتەوە
موژدەتێکە موڵکی دڵ وێرانە، شاگەردانییە
ساحێبی سواری هەوایە، وەک سولەیمان دێتەوە
وەک شەوی لێ کردووە، زوڵمەت دڵی ئیسلامەکان
ڕۆژە جا « ئەلحەمدوللیلا »، نووری ئیمان دێتەوە
بلبلی شەیدا، لە ئەترافی چەمەن بۆ ناڵەتە
گوڵ بە خەندانی، وەکوو سەرووی خەرمان دێتەوە
بۆ حەیاتی تازە، بیداتە شەهیدانی وەفا
هەر وەکوو دەریایی « عوممان »، ئابی حەیوان دێتەوە
مەسکەنی کێوانە « حەمدیی »، هەمدەمی دێوانەکان
تا بەخێرێت، ئەو ڕەنیسەی ڕەندان دێتەوە «16، 359-360»

« شێخ »ی ئەمر، ساڵی « 1935 »، لە « بەغدا » دەسبەسەربووە. « کەمالیی » بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە، ئەم چوارینەی بۆ ناردووە.

جەژنی کەسێک موبارەکە، سەربەست و حور بژی
پابەندی دەستی غەیرە نەبێت، چەشنی کوڕ بژی
کوردی هەژار! ئەسیری دەستی غەیرەیت، جەژنی چی!
کەی جەژنی تۆیە، بگری، برۆ سەر بە قوڕ بژی «53، 139»

کاتێ « شێخ » لە « کوێت » بووە، « بێخود »، هۆنراوەیەکی بیستوهەشت نیوە دێڕیی بۆ هۆنیوەتەوە. باسی دڵگرانیی خۆی لە دووریی کردووە و گوتوویەتی:

کەی بێ کە لە ئوفقی عەرەبوستانەوە ڕۆژێ
هەڵبێ گوڵی خورشیدی دەرەخشانی کووەیتم؟
وا تێ مەگە دوورم لە تۆ ئەی ساحیبی خانەم
هەر هودهودەکەی بەزمی « سولەیمانیی » کووەیتم
خەڵکینە لە بەر گەوهەری تاجی سەری کوردە
قوربانی موحیطی عەرەبوستانی کووەیتم
هەر چەندە لە زیندانی عیراقام وەکوو « بێژەن »
بیللا بە تەمای « ڕۆستەم »ی داستانی کووەیتم
عاجز مەبە « بێخود » کە ئیشەڵڵا وەکوو یەعقووب
ئەزنێکە ویصاڵی مەهی کەنعانی کووەیتم «5، 45»

ئەم دوو هۆنراوەیەشی، هەر بۆ « شێخ مەحموود » گوتووە:
کەی بێ تۆ بەهار بی و تۆ نیگار بیت و ویصال بیت
ببینێ رەقیب ڕۆحی لە داخا دەرچێت «157.5»
ئەی گوڵی گوڵستانی کوردستان
وەک مەلی نەشئەبەخشی پیر و جەوان «157.5»

کەچی، وەک « بەرزنجیی » ش نووسیویتی:(هەر ئەو پیاوە زاناو بەویقارو ئاغرو لەسەرخۆیە بوو کە بۆی هەبوو بەبێ پرس بچێتە خزمەتی شێخ و حەرەمسەرای شـێـخـان.)«10.3» ئینجـا، یەک تاکـە نێـوەدێڕ هۆنراوەشـی بۆ ئەو هاوڕێ خۆشەویست و سەرکردە قارەمانە نەنووسیوە! لەوانەیە، گەر « بەرزنجیی» لە جێی « شێخ » بووایە، دە سیپارەی « شەسـتوشەش » لاپەڕەیی، لە سەر « زێوەر » دەرکردایە!

من هەر وای بۆ دەچم، لەبەرئەوەی، « زێوەر » گـەڕابۆوە، لە کـارەکـەی خـۆی دامـەزرابۆوە، بڕیاری داوە، خـۆی لە هیچ کـارێکی نەتەوەیی و رامیـاریـی هەڵ نەقورتێنێ و بۆ خۆی بژی. مەگەر، هەر خواش بۆ خۆی بزانێ، کاتێ گەڕاوەتەوە، « سۆن » لێی خۆشـبـووە، چ بەڵێنێکی پێ داوە! بۆیە، لەو رۆژەوە گەڕاوەتەوە تا مردووە، جگە لە هێندێ هۆنراوەی « ئاینیی، کۆمەڵایەتیی و چەن سروودێ » بە لای هیچ بابەتێکی دیکەدا نەچووە. جا گەر وا نییە، فەرموو، کێ زانیاریی پتری لەو بارەیەوە لا چنگدەکەوێ، با بۆمان ڕوونکاتەوە، کۆڵێ سوپاسیشی دەکەین!

بۆ ئەوەی پتر مەبەسەکەمان ڕوونکەینەوە، پەنا بۆ بەر هۆنراوەیەکی دیکەی هۆنەر دەبەین، تا بزانین، بۆچی بەو چەشنە لە کارەسات و ڕووداوەکانی کوردستانی ڕوانیوە!

« زێوەر »، سالی « 1935 »، هۆنراوەیەکی هۆنیوەتەوە. لە هۆنراوەکەدا، بە سەر رەوشی باشووری کـوردسـتـانـدا بازیداوە. زۆر دوورتر ڕۆشـتـووە. سـواری باڵی سـیمـرخی ئەندێشـەی بیری خۆی بووە. فڕیوە، فڕیوە، تا لە هێندێ لە دەوڵەتی کیشوەرەکانی « ئەورووپا، ئەفریکا و ئاسیا » نیشتۆتەوە. لەوێ، گەلێ مـەراقی بۆ « موسـوڵمـانەکان » خواردووە، خەم و پەژارەی بۆ مێژووی ئیسلام بەباکردووە، وەک ئەوەی کورد، ئیسـلام نەبێ و غەدری لێ نەکرابێ! پاش ئەم گەشتە دوورە، هەر چەندە بڕیاریداوە، باسـی « سیاسەت » نەکا، بەڵام، زۆرداریی « تورک »ەکان وای لێ کردووە، سەرێ لە « تورکیا » ش بدا. ئینجا، نەیویستووە، باسی « ئێران » بکا، چونکە، تەمەنی کورتە و زوو لەنێودەچێ! هەڵبەتە، هۆنەر لێرەدا، « تورکیا و

ئێران ى، بە دوو دەوڵەتی خراپ داناوە. بەلام، بۆچی بە هیچ شێوەیە، خۆی لە قەرەی هەر دوو دەوڵەتی « عێراق و سووریا » نەداوە. با، ئەو کاتە ئەو دوو دەوڵەتە، سەربەخۆش نەبووبن و لە ژێر چاودێریی « بریتانیا و فەرەنسا » شدا بووبن. خۆ ناکرێ، بە هیچ شێوەیە بڵێین: ئەوان لەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرەی دیکە باشتربوون!!! نەخێر، باوەڕ ناکەم، هۆنەر بەو شێوەیە بیریکردبێتەوە. بەڵکوو، وەک خۆی نووسیوویەتی، باوەڕێکی تەواویی بە « قەومی عەرەب » هەبووە، داوای لە رۆڵەکانی گەلی باشوور کردووە، « دەس لە ملیان کەن » و « موتەحیدبن دوو بە دوو ». بیری ئەم هۆنراوەیە، گەر شتێ بگەیەنێ، تەنیا ئەوەیە، لە لایەکەوە، هۆنەر تا بناگوێی لە بیری « عێراقچێتیی »دا نقوومبووە. لە لایەکی دیکەشەوە، خۆی لە باری رامیاریی باشووری کوردستان دزیوەتەوە، نەبا، تووشی گێچەڵ بێ! بۆیە، بە چواردە نیوەدێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

تێکڕژاوون خۆبەخۆ، سووربوو بە خوێن دەشت و چیا
« ئینتیقامی ئەهلی ئیسلامە »، لە ناو « ئەسپانیا »
گەر « هیلاسیلاسی »، موسوڵمانانی خستە ناو کەمەند
« حەق تەعالا » دەستبەجێ، بۆی نارد شەقی « ئیتالیا »
چونکە، ئەووەڵ: خزمەتی « ئیسلامە »کانی کرد حەبەش
ناوی چاکەی باقییە، لای « ئەورووپا و ئاسیا »
هەر ئەڵێم: باسی « سیاسەت » ناکەم و لێی دوورئەبم
« عاقیبەت » ئەمخاتە نووسین، زوڵمەکانی « تورکیا »
باسی « ئێران »، بۆیە ناکەم، چونکە عومری کورت ئەبێ
« موددەتێکی » تر، ئەچێتە حاڵەتی « داڵماچیا »
با « سەنە»مان هیش نەبێ، نوتقێ بدا بۆ کوردەکان
خاک و ئاو و جێگەمان، دوای خستوون « فینلندیا »
دەست لە مل « قەومی عەرەب » کەن، « موتەحید » بن دوو بەدوو
« شوهرەت » و ئاوازەتان ئەڕوا، هەتا « ژاپۆنیا » «29،39»

60/3. سێدارە :

پاشان، رووی دەمی پرسیاری تێکردووم و نووسیویەتی: (بەگەڕانەوەی ئینگلیزو داگیرکردنی سلێمانی دوای شەڕەکەی دەربەند، ئاخۆ چەند سێدارە لەشاردا ریزکراو ملی چەند کەسی پێوەکرا؟)«55،3» راستە، ئەو ئینگلیزەی « بەرزنجیی » بە داگیرکەری کوردستانی دادەنێ، کەسی بەو شێوەیە هەڵ نەواسیوە. بەلام، ئەوە

وەک گوزارەیەکی وێژەیی وایە، تەنیا مەبەس لە قسەکەی « نەجمەدین مەلا » بووە، کە نووسیوێتی: (خۆی لە تاوانی سیاسەت پەراندۆتەوە.)»30،38« ئەگینا، گەلێ لە هۆنەر تاوانبارتر هەبوون، ئینگلیزیش نەک هەر لە سێدارەی نەداون، بەڵکوو، زۆر ئازاریشی نەداون! نەک هەر لەو عێراقەی « زێوەر و بەرزنجیی » داکۆکییان لێ کردووە، بە هەزاران کەس، ملیان بە پەتدا کراوە و دەکرێ!

بریا، زێوەر « وەک هۆنەرەکانی دیکەی کورد، هۆنراوەی بۆ ئینگلیز بگوتایە، نەک بۆ « عێراق، فەیسەڵ و ئاڵا »کەی بگوتایە. جا بزانە، دەنگ لە کەسەوە دەهات!

ئەوەش، کە « بەرزنجیی » دەیەوێ، خوێنەر چەواشەکا، ئەوەیە، ئەو قسەیەی من، هێشتا لەوەی « نەجمەدین مەلا »، ئاسانتر و سووکترە. چونکە، ئەو گوتوویەتی: (ناردوویەتی بۆ بۆ حاکمی سیاسی " مێجەر سۆن ".)»30،39« بەڵام، کە هەر دوو کۆلەکەی منیش و ئەویشی، لە یەکدی دابڕیوە، وەک ئەوە وایە، باڵی چۆلەکەیەکی بڕیبێ، ئیدی توانای فڕینی نەمابێ!

61/3. مێژووی نزیک و دوور :

دواتر نووسیوێتی: (ئەمە هیچ نەگەیەنێ، ئەوە دەگەیەنێ کەنووسەر هەر زۆر بێ ئاگایە لەمێژووی نێزیکی گەلەکەی.)»55،3«

هەڵبەتە، ئەو خۆی زۆر بە « خوێنەوار، ڕووناکبیر، نووسەر، شارەزا، بەئاگا، وریا و زیرەک » دەزانێ، زۆر ئاگای لە مێژووی دوور و نزیکی کورد هەیە. وەک لە مێژووی کورددا، هەزار پەلی بە پشتی چەن مێژوونووسێکی وەک: « شەرەفخانی بەدلیسی، مەلا مەحموودی بایەزیدیی، ئەمین زەکیی »دا دابێ. لە وشیاریی و بە ئاگاییدا، گرێوی لە ئەهریمەن بردبێتەوە، لە هەزار ئاوی دابێ و قوولەپێی تەڕ نەبووبێ! بۆیە، وا بەو شێوەیە، پەکێکی وەک منی تاوانبارکردووە و بڕیارێکی بنجبڕی داوە، گوایە: لە مێژووی گەلەکەم، زۆر بێ ئاگام. بەڵام، ئەمە پتر لەوە دەچێ، کەسێ یا لایەنێ، بە دەمیدا ڕشابنەوە، بۆیە، بەو جۆرە و بێ باکانە، لە گیرفانی ئەهریمەدا هەڵپەڕیوە و لە توورەکەی جنۆکەدا سەمایکردووە!

سەیر ئەوەیە، « بەرزنجیی » خۆی کۆسەیە و بە بێ ڕیشیش پێدەکەنێ! من لێرەدا هیچ جۆرە داکۆکییەک لە خۆم ناکەم. بەڵکوو دەمەوێ، ڕۆڵە خوێنەوارە دڵسۆزەکانی نەتەوەکەم، ئەو بڕیارەبدەن و مافی خۆم بدەنێ. بڕیارەکەشیان هەرچی چۆنێبێ، مایەی شانازیی و بەختەوەریم دەبێ. چونکە دیارە، لەوە پتر نەمتوانیوە، وەک ئەو، بیری خۆم ڕووناک و فراوانترکەم، تا ئاگاداری هەموو کەلێنێکی مێژووی دوور و نزیکی نەتەوەکەم بم!

62/3. نسکۆ یا هەرەس :

پاشـان ، باسـی گـەڕانەوەی « زێوەر »ی کـردووە، کـارەکـەی خـۆی وەرگـرتۆتەوە و وەک مـامۆسـتایەک دامـەزراوەتەوە. ئـینجا، ئەمەی بە هـەرەسـی سـاڵی «1975»ی شۆڕشـەکەی « بارزانیی »یەوە بەستۆتەوە و نووسیوێتی: (هەروەک چۆن 75 ساڵ « دوای نسکۆکـەی 1975 » خـەڵکەکە هەریەکە چۆوە سـەر ئیشـەکەی خـۆی .. مـامۆسـتا بەمـامۆسـتایی، قوتـابیش بۆ قوتابخـانەو کۆلێجـەکەی « جگە لەوانەی دورخرانەوە بۆ ناوەڕاست و باشـور. » ئیتر ئەمە دەبێ جێگای چ خەوش و تانەیە بێ کە لەو پیاوەی پێ بدرێ؟)«55.3»

« بەرزنجیی »، چونکە وەک گوریسـی گای گێرەی لێهاتووە، هەر خەریکی بوخـتان و شێواندنی ڕاستییـەکانە. خۆی لە وەڵامی گوتارەکە دەپارێزێ و خوێنەر بە تولە ڕێیـەکی دیکەدا دەبا، تا لە ئامـانجـە سـەرەکییـەکە دووریانخـاتەوە. ئەگینا، کێ گوتوویەتی: گەڕانەوەی « زێوەر » هەڵەبووە، یا خراپ و ناپاکیی بووە. چونکە:

1. هیچ شتێ لە ئارادا نەمابوو، تا ئەو لە هاوڕێکانی و شۆڕشـەکە جیابووێتەوە و پاکانەی بۆ داگیرکەرەکە کردبێ و گەڕابێتەوە.

2. هەر لەگـەڵ ئـەویشـدا، زۆربەی یا هـەمـوو ئەوانەی ڕاشـیـانکردبوو، گەڕانەوە. ئیدی نازانم « بەرزنجی » بۆ ئەو شتەی هێندە دووپارەکردۆتەوە؟

جگە لەوەی، بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ، پلاریشـی لەو کەسـانە گرتووە، کە دوای هەرەسـەکـەی سـاڵی « 1975 » گـەڕاونەتـەوە. گـوایە. منیش یەکێ لەوانە بووم. بەڵێ، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: خۆم بە سـەربەرز دەزانم، کە ئەو سـاڵە بەشداریی خـەباتی ڕەوای گـەلەکـەمم کـردووە، وەک هـەمـوو پێشـمـەرگـەیەکی ئاسـایی، چەکم هەڵگرتووە و دژی داگیرکـەرانی وڵاتەکەمم جەنگیوم. هەرگیز، لێیشـی پەشیمان نیم. کـاتێ کـارەسـاتی هـەرەسـیش ڕوویدا، بە باوەڕێکی تـەواو و بە وردەیەکی بەرزەوە، لەگەڵ کۆمـەڵێ هاوبیردا بڕیارمانداوە، بگەڕێینەوە و لە ناوەوە دەس بە خەبات بکەینەوە. هەر چەندە، « بەرزنجیی » هـەرگیز ئەو « شـەرەف »ە گەورەیەی پێ نەبڕاوە، لە نزیکەوە بەشـداریی لە شـۆڕشی گـەلەکـەیدا بکا، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش بێ، وەک پێشـمـەرگـەیەک، لە پێناوی کوردیدا دژی داگیـرکـەر بجەنگێ. کەچیی، لەگەڵ ئەوشدا تانە لە خەڵکی دیکە دەدا.

« بەرزنجیی »نووسیوێتی: « جگە لەوانەی دورخـرانەوە بۆ ناوەڕاست و باشـور. » لێرەدا، گەر کـەمێ سـەرنج بدەین، دەبینین: ناوی « عێراق »ی نەنووسـیوە. ئاخر کام « ناوەڕاست و باشور »، سـەر بە کام وڵاتە؟ هەڵبەتە، چونکە « عێراق » بە

وولاتی خۆی و باووباپیری دەزانێ، پێویستی بەوە نەکردووە، ناوەکەی تۆمارکا، واشیزانیوە، هەموو کەسێ وەک خۆی بیردەکاتەوە!
ئەوانەی، دوای هەرەسەکەش گەڕانەوە، جگە لە کەمەکێکی کەم نەبێ، سەرەتا خۆیان فرۆشت و پشتیان لە گەلەکەیان و روویان لە دوژمن کرد، یا « زێوەر » ئاسا دانیشتن و وازیانهێنا، زۆربەی زۆری ئەوانی دیکە، نەک هەر سەریان بۆ « بەعس » شۆڕ نەکرد، بەڵکوو، بە باوەڕێکی پۆلایین و بە ورەیەکی زۆر بەرزەوە، سەرلەنوێ دژی داگیرکەرەکە تێهەڵچوونەوە. خوێنی گەشی چەن شێرەپیاوێکی وەک « شێخ شەهاب » و هاوەڵەکانی، گرتنی هەزران کورد، لە سێدارەدانی سەدان کادێر و پێشمەرگەی کوردستان، قەرەباڵغیی نێو گرتووخانەی شارەکانی « سولەیمانیی، کەرکووک، موسڵ و بەغدا »، هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێش، گەواهیی قسەکانم دەدەن! نەک وەک چەن کوردێکی « زۆر بە ئاگا و وشیاری وەک بەرزنجیی » دەسیان بە مووچەکەی خۆیانەوە گرتبێ، نەبا لە برسانا بمرن، بەربدبن، داربن، کەربن، لاڵ بن، داگیرکەر چۆنیان لێ خوریێ، نەڵێن: نە»!
هەڵبەتە، ئەو کاتە، « بەرزنجیی » نەک هەر بەشداریی جەنگی کوردستانی نێوان ساڵی « 1974-1975 » ی نەکرد، بەڵکوو، هەر باوەڕیشی پێی نەبوو. دوای هەرەسەکەش، گەلێ قسەی زلزلی دەکرد و رەخنەی لە سەرانی شۆڕشەکە دەگرت. کەچیی، ئێستەش چونکە، وەک گوڵەبەڕۆژە رووی لە رۆژە، تەنانەت لە بری ووشەی « ئاشبەتاڵ و هەرەس » یش، زاراوەی « نسکۆ » بەکاردێنێ، کە لە لایەن هەوادارانی « پارتیی » یەوە دانراوە و خەتوکەی بەزمیی و سۆزی ئەوانی پێ دەدا!
جا گەر لە شۆڕشەکەدا بەشداربووایە و وەک ئێمە بە تێشکاویی و سەرشۆڕیی بگەڕایەتەوە، مەگەر هەر خوا بیزانیایە، ئەو کاتە چی لێ بەسەردەهات و چی لێ دەردەچوو! چونکە، ئەو کاتانە، هەمو پیاوێ بەرگەی خۆڕاگریی و دانبەخۆداگرتنی نەدەگرت!

63/3. ئاسایشەکەی « زێوەر » :

ئینجا، دوای ئەو زێدەڕۆیی و درێژدادڕییە، بە سەر ملی ناوەرۆکی گوتارەکەدا کەوتووە و نوسیوێتی: (مەبەستی نووسەرو تەوەری قسەکەی ئەو شیعرەیە کە باس لە « ئاسایشەکەی سلێمانیێ » دەکات.)«56-55،3» پاشان نووسیوێتی: (ئەگەر زێوەر لەم شیعرەیدا راستی نەپێکاوەو سەددەرسەد وێنەیەکی واقیعی نەکێشاوە، ئەی پێچەوانەکەی چییە؟)«56،3» کاتێ « زێوەر »، ئەو هۆنراوەیەی نووسیوە، هێشتا لە ئینگلیز قاچاغبووە. هێشتا نەگەڕاوەتەوە. گەر ئەو

هۆنراوەیەی، تەنیا بۆ دڵدانەوەی ئینگلیزەکان نەنووسیوە، بۆ لە شاخ نووسیوێتی؟ ئایا دەبێ، کێ لە دوژمن یاخیبێ، حەز نەکا، باری ناوخۆی ناوچەکانی بندەستی شێواوتربێ و هەمیشە ئاژاوەی تێدابێ؟ گەر ئەو هۆنراوەیەی، لە سەردەمی دەسەلاتدارێتی « شێخ »دا بنووسیایە، رەخنەی لەو سەردەمە بگرتایە، وەک هێندێ لە هۆنەرەکانی دیکە کردوویانە، ئەوا ئەو کاتە، لە مێژوودا، بە خاڵێکی گەلێ بەهێز، بۆی تۆماردەکرا. یا، گەر دوای گەڕانەوەی بیگوتایە، کە هیچ لە ئارادا نەمابوو، هەڵبەتە دەمانگوت: تەنیا ویستوویەتی، دژی ئەو پیاوخراپ و جەردانە، هەڵوێست وەرگرێ! ئەگینا، نکوولیی لەوە ناکرێ، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، بەپێی ئەوانەی لەو سەردەمانەدا ژیان و بۆیان گێڕاوینەوەتەوە، وێنەیەکی ریالیزمیی باری ئەو سەردەمەی کێشاوە. بەلام، ئەو وێنەگرتن و هۆنراوەهۆنینەوەیە، تەنیا لە رای خوا و راستیی رووتدا نەبووە، بەڵکوو، لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیدا بووە!

64/3. پەراوێزەکەی « مەلا نەجەدین » :

بە لای منەوە، گرنگترین بەشی نووسینەکەی « بەرزنجیی »، لەم چەن دێڕەدا خۆی دەبینێ: (پەراوێزەکەی مەلا نەجمەدینیش لەلاپەرە « 30 »ی دیوانی زێوەر «بەشی یەکەم » زۆر جێگای گومانەو بەئەندازەیە لاوازەکە ناشێ جێگای متمانەبێ و بکرێتە سەرچاوە، لەکێ ی بیستووە؟! لە چ سەرچاوەیە وەریگرتووە؟ ئەو کەدەڵێ لە دێی « زەبینل »ەوە ناردوویەتی .. بەچ بەڵگەیە؟)«56.3»

بۆچی دەبێ، ئەو پەراوێزە جێگەی گومان بێ؟ بۆ بە ئەندازەیە لاوازبێ و نەشێ، وەک سەرچاوەیەک پشتی پێ ببەسرێ؟ ئەدی سەرچاوە چییە و لە کوێوە دێ؟ ئایا، سەرچاوە هەر بەو شێوەیە دروس نابێ؟

هەڵبەتە، کاتێ یەکێ « رووداوێ، بەسەرهاتێ یا کارەساتێ »ێکی دیارکراو، بە چاوی خۆی دەبینێ، یا هەواڵێکی تایبەتیی دەبیسێ، پاشان، تۆماریاندەکا، گەر کات و شوێنی هەواڵەکانیشی تۆمارکرد، ئیدی ئەو کاتە، وەک سەرچاوەی لێدێ. خۆ ناچێ، قورعانە گورگتۆپێنەکەی « بەرزنجە »ی بۆ بێنێ، هەزارویەک جار، دەستی پێدادا و سوێندی بۆ بخوا، کە درۆ ناکا! زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە مێژوویی و وێژەییەکانی گەلانی جیهانیش، هەر بەو شێوە نووسراونەتەوە و خەڵکی باوەڕیشیان پێ دەکەن! ئایا، قسەی یەکێکی وەک مامۆستا « نەجمەدین »، بۆ دەبێ، جێگەی گومانبێ، لە کاتێکدا خۆی ئەو پەراوێزەی بۆ دیوانەکەی نووسیوە و چاپیکردووە؟! یا هەر کاتێ، هەر قسەیە لەگەڵ مەبەسەکەی خۆیدا

ئەگونجا، ئەو قسە بۆشانە دەکا! ئەدی بۆ تا ئەورۆ، هۆنەرێ یا نووسەرێکی کورد، یەک دێڕی لە سەر ئەو پەراوێزە نەنووسیوە و مامۆستا بە درۆخاتەوە؟ ئەدی بۆچی دەبێ، ئەو هۆنراوە دەمییانەی « عومەر مارف بەرزنجیی » و قسەکانی خۆی و باوکی، دەربارەی « قانع » وەک سەرچاوە وابن؟ یا بۆ دەبێ، ئەو سەرگوزشتەیەی، لە بارەی نێوچەوان بـرینداربوونەکەی « هێمن » وە نووسیوێتی، ڕاستبێ و ئێمە باوەڕی پێ بکەین؟ وا دیارە، هەر کاتێ « بەرزنجـیی » تەنگەتاو بوو، پەنا بۆ بەر پرسیارکردن و گومانکردن دەبا؟ ئەوەش، نیشانەی ئەوەیە، هیچی پێ نییە و هەر تەنیا دەیەوێ، بە هەر شێوەیە بێ، وەلامداتەوە و داکۆکیی لە « زێوەر » بکا!

65/3. درۆیەکی بێ ئابـــــڕوو :

لەوەش سـەیرتر ئەوەیە، نووسـیوێتی: (لەئاوارەیی یەکـەیدا زێوەر نەگـەیشتـە ئەم گوندە، تەنیا لەدوو شوێندا ناوی ئەم گوندە دێنێ کەهەندێ لەئاوارەکانی لێبوون «بڕوانە گەنجینەی مەردان ـ ل184 و 192 » هەروەها جەنابی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودیش لە یادداشتەکانیدا باسی لێوەناکات « بڕوانە یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ـ چ « 1 » 1955 ڕاگەیاندنی ناوەندی پ. د. ک.)»56،3»

بە ڕاستیی، زۆر ناشیرینە، هەر کەسێ لەو تەمەنەی « بەرزنجیی » دا بێ، هەر لە خۆیەوە درۆبکا! دەکۆمێنتی ساختە دروسکا. سەرچاوە مێژووییەکان بشێوێنێ. هەر بۆ ئەوەی، بەرانبەرەکەی ببەزێنێ. ئاخر، خۆ گەر « زێوەر » خۆی نەمــــاوە، « گەنجینەی مەردان » کەی ماوە و تاهەتاشە، وەک سەرچاوەیەک هەر دەمێنێ! « بەرزنجیی » یا خۆی گێلکردووە، یا وای زانیوە، هەمو کەس وەک خۆی گێلەپیاوە و ئاگاداری مێژوو نین! یا کاتێ شتێکی نووسی، ئیدی خەڵکی لە هاڕەی چەپڵەی بۆ دەدەن و بە دوای شتەکەدا ناچن. پەنا بۆ بەر ئەو سەرچاوەیە نابەن، کە خۆی بەکـاریهێناوە و ئامـاژەی بە ژمـارەی لاپـەڕەکـانی کـردووە! وا دیارە، یەکێ پێی گوتووە، « زێوەر » کاتێ دەربەدەربووە، سەری بە گوندی « زەنبیل » دا نەکردووە، هەر لە دووریشـەوە نەیدیوە. « نەجمەدین مـەلا » ڕقی لێی بووە و پڕوپاگەندەی بۆ کردووە! یا هەرگیز ئەو سەرچاوەیەی نەخوێندۆتەوە، یا خوێندویەتییەوە، بەلام، لە بیریچۆتەوە، کاتێ ئەو چەن دێڕەشـی نووسیوە، هەر لە خۆیەوە نووسـیوێتی، بێ ئەوەی جارێکی دیکە، تەمـاشای سـەرچاوەکە بکاتەوە. ئێستە، زۆر بە ڕوونیی، بۆم دەرکەوت، مامۆستا « نەجمەدین مەلا » هەرچییەکی نووسیوە، ڕاستی فەرمووە. چونکە، جگە لەوەی، پیـاوی درۆ نەبوو، هۆنراوە و هۆنەرانـی کـوردیشی، زۆر خۆشویستووە. تا بڵێی، کوردێکی پاک و ڕاسگۆشبوو!

« بەرزنجیی » نووسیوێتی: (لەناوارەیی یەکەیدا زێوەر نەگەیشتە ئەم گوندە،) ئێمە هەوڵ نادەین، بە دوای گەواهەدا بگەڕێین، چونکە، « زێوەر » خۆی، زۆر بە ئاشکرا گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدا و زۆر بە ڕوونییش نووسیوێتی: (شێخ قادر بە غار هاتە پێشەوە، ماندوونەبوونیمان کرد، موجمەلی ئەحواڵی موکریانی بەیانکرد، وتی: « زەنبیل » مەئمووری ئێرانی تێدایە، بە ئیحتیات بڕۆن. خۆشی دوعاخوازیی کردو گەڕایەوە بۆ « بانە ». ئێمەش ڕوومانکردە « زەنبیل ». لە پێشەوە پیاوێ چوو خەبەر بۆ « سەیید » ببا. خۆشمان لە خوار « زەنیبل »ەوە کانی گەڕاوێ هەبوو ڕوومان تێ کرد، نەچووینە ناو دێ هەتا شەوتاریک دەبێ.* ئەو دوو سێ سەعاتە هەتا ڕۆژمان لێ ئاوابوو هەزار مەرارەتمان دی. لە تینوا زوبانمان وشکبووبوو. ئەگەرچی دوو دەقیقە ڕێگا ئاومان لێ دووربوو نەماندەزانی لەو نزیکانە چەشمە هەیە و لەولاش جەنابی « سەیید »، « سەیید موحەممەدی کوڕ » بە چەند سوارەوە بۆ ئیستیقبال ناردبوو.« سەیید موحەممەد » ڕاست ڕێگای « تورجان »ی گرتبوو نەیزانیبوو لە کەناری « زەنبیل »ین، هەتا سەعات یەکی شەو تەعقیبی کردبوو. وە ئێمەش لە « سەیید » هەم مەئیووسیمان پەیداکرد کە قوبووڵمان نەکا. لە پڕ خرمەی سوار پەیدابوو، « سەیید موحەممەد » هات، دەستبەجێ سوارەکانی دابەزاند، بارمان بۆ بارکردین، مندالانی « شێخ »ی سوارکرد، چووینە خانەقاە، ئەوی لازیمەی میوانداری بوو بە ئەمری « سەیید » ئیجراکرا و بە خۆشی دامەزراین. لە پاش دوو سێ ڕۆژ ئیسراحەت ئاغایانی « ئەسکی بەغدا » جەنابی « حاجی مونمین خان و قۆچ بەگ » بۆ زیارەت هاتنە « زەنبیل ». کە چاویان بە من کەوت بە واسیتەی موعارەفەی پێشوو تەکلیفیان کرد من بچمە خدمەتی ئەوان. منیش ئیجابەتم کرد. کە تەشریفیان ڕۆیەوە ئولاغیان بۆ ناردم، چوومە ناو ئەو بەگزادانە، ئەو عالی هیممەتانە.)«40،190-191»

---

* لێرەدا، چ « زێوەر » و چ « محەممەدی مەلا کەریم » لە ڕووی زمانەوانییەوە، بە هەڵەدا چوون. جا نازانم، هەڵەکە کامیان کردوویەتی؟ چونکە، کە گوتی: نەچووینە ناودێ، دەبێ، کردارەکانی دیکەی نێو ڕستەکە، هەر بە ڕابردوو بێ. نەک بنووسێ: هەتا شەو تاریک دەبێ. بەڵکوو، تا شەو تاریک بوو، چونکە ئەو شتێکی کۆنی گێڕاوەتەوە. بڵێین: ویستوویەتی، بە شێوەیەکی دیکە ئەو ڕستەیە دابڕێژێ و هەمان کرداری « دەبێ » دوای « تاریک »کە بەکاربێنێ، دەبوایە، بەم شێوەیە بینووسیایە: بڕیارماندا، نەچینە ناو دێ، هەتا تاریک دەبێ!

ئینجا نووسیویەتی: (تەنیا لەدوو شوێندا ناوی ئەم گوندە دێنێ کەهەندێ لەناوارەکانی لێبوون « بڕوانە گەنجینەی مەردان ـ ل184 و 192 «)
هەڵبەتە، یەکسەر پەلاماری « گەنجینەی مەردان »م دا و کردمەوە، بە پەلە، لاپەڕەکانی « 184 و 192 »م هەڵدایەوە. دێڕبەدێڕی گەڕام. کەچی، گەر نـاوی « زەنبیل »، لە کولەکەی تریشدا هاتبێ، لەو دوو لاپەڕەیەدا، بە هیچ شێوەیە نەهاتبوو. بەڵکوو، لەو دوو لاپەڕەیەدا، « زێوەر » بەسەرهاتێ دەگێڕێتەوە!
دوایی، لە خۆم بە گومانبووم، گوتم: تۆ بڵێی، بەرهەمەکە دوو جار یا چەن جارێ چاپکرابێ و من نەمزانیبێ، ئەویش، مەبەسی لە یەکێ لەو چاپانە بێ! بەڵام، کاتێ تەماشامکرد، هەموو بۆچوونەکانی هەڵە دەرچوون، ئیدی لە گومان کەوتم.
هەڵبەتە، « بەرزنجیی » هەر لە خۆیەوە، ژمارەی ئەو دوو لاپەڕەیەی لە « گەنجینەی مەردان » نووسیوە، وایزانیوە، کەس هەستی پێ ناکا! ئیدی، لە داخا، بۆی دانیشتم، لە بەرگەوە بۆ بەرگ، جارێکی دیکەشم خوێندەوە. تەماشامکرد، نەک لەو لاپەڕانەی ئەو دەستنیشانیکردووە، « **دوو** » جار ناوی گوندی « زەنبیل » هاتووە و تێیشیدا نەبوو، بەڵکوو لەم لاپەڕانەدا « 189, 190, 191 » تەنیا « **حەوت** » جار ناوی « زەنبیل » هاتووە. لە دڵی خۆمدا گوتم: دەک ماڵت نەشێوێ، مامۆستا خوێنەوارە بە ئاگا مێژووزانە گەورەکەی کورد، ئەمە لە ماتماتیکیشدا هەر کۆڵی، من وامزانی، هەر لە زمانی کوردییدا خراپی و لای من دەر نەچووی! جا، ئیدی نامەقمە، باوەڕ بە بەڵگە و نووسینەکانی دەسبڕێکی وەک « بەرزنجیی » ناکەم! سەیر ئەوەیە، هێشتا ئەم کللەیی هەیە، باوەڕ بە پیاوێکی گەورە و ناودارێ وەک مامۆستا « نەجمەدین مەلا » ناکا. چونکە، لە دز وایە، هەموو کەس دزە!
بە ڕاستیی، وای لێ کردم، ئارەزووی ئەوەم نەبێ، تەماشای یادداشتەکانی « شێخ لەتیفی حەفید »یش بکەم. چونکە، من ئەو درۆ بێ ئابڕووەم ئاشکراکرد و بۆم سەلمان، « زێوەر » لە گوندی « زەنبیل » بووە، ئیدی چ پێویستدەکا، پەنا بۆ ئەو یادداشتەی ئەویش بەرم. من دەزانم، ئەویشی نەخوێندۆتەوە و هەر لە خۆیەوە نووسیویەتی، تا خوێنەر باوەڕی پێ بکا. بەڵام، خەڵکی هەر جارێ باوەڕ بە درۆ دەکەن و بە قسەی درۆ، چەن جارێ هەڵ ناخەڵەتێن!

66/3. ڕاپۆرتە هـەواڵ :

هیچ مرۆڤێکی ژیر، باوەڕ بەوە ناکا، « زێوەر »ی بەشداریی شۆڕشی کردبێ، لە هەرە نزیکەکانی « شێخ » بووبێ، ڕووناکبیر و هۆنەرێکی ناسراوی سەردەمەکەی خۆی بووبێ، لە ئینگلیز یاخیبووبێ، هەروا بێ پێشەکیی و پێوەندییکردن بە

ئینگلیزەکانەوە، بێ ئەوەی پرسی پێ کردبن، یەکسەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بۆ « سولەیمانیی » گەڕابێتەوە، وەک « بەرزنجیی » نووسیویێتی: (زێوەر ڕاپۆرتە هەواڵ و مەحزەری کۆبوونەوەی ئەپێچاوەتەوەو بەنهێنی بۆ سۆنی ناردبێ تا خۆی پێ نێزیک بکاتەوە و لە « خنکاندن! » ڕزگاری ببێ، ئەو تەنیاو تەنیا گەڕاوەتەوە شارو سا هەر بەرهەمێکی شیعری بوویێ ناویەناو لە « پێشکەوتن »دا بلاوی کردۆتەوە، خۆ لەبەردەستدایەو ئاشکرایە، هەر کەس بیەوێ دەتوانێ لێیان وردبێتەوەو بزانێ تا چ رادەیە ئەم پیاوە تاوانبارە.)«56،3-57»

جگە لە هەڵەی ڕێزمان، کە دەمێ بە تاک و دەمێ بە کۆ نووسیویێتی، ئاخر دەبێ، « ڕاپۆرتە هەواڵ و مەحزەری کۆبوونەوە »، چ جۆرە پێوەندییەکی بە باسەکەمانەوە هەبێ؟ خۆ خوانەخواستە، من نەمنووسیوە، « زێوەر » سیخوڕی ئینگلیزەکان بووە، تا ئەو، ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە بنێرێ! بەلام، هەر مرۆڤێ ویژدانی نەبوو، بێ ویژدانییش لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکا! لە هەمان کاتیشدا، ئەم قسەیەی ئەو، ئەوە دەگەیەنێ، « زێوەر » تەنیا هەر هۆنراوەی نووسیوە و ناردوویەتی، نەک « ڕاپۆرتە هەواڵ و مەحزەری کۆبوونەوە »ی ناردبێ. واتە: ئەو هۆنراوەیەی ناردووە. بەلام، ئەم لە بەر هەر هۆیەبێ، هەر دەبێ، نکوولیی لێ بکا و داکۆکیی کوێرانە بکا!

گومانیشی تێدا نییە، وەک مامۆستا « نەجمەدین مەلا » ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو هۆنراوەیەشی، هەر لە گوندی « زەنبیل »ەوە ناردووە، نەک کاتێ گەڕابێتەوە، نووسیبێتی! من خۆم، پتر، باوەڕم بە قسەکانی مامۆستا هەیە، گەر چیی مامۆستا « بەرزنجیی » باوەڕی پێ ناکا!

67/3. ڕۆشنبیریی و وشیاریی :

هەروەها، لە سەر بوختانەکانی خۆی ڕۆشتووە و نووسیویێتی: (نووسەر زێوەر بەرۆشنبیرێکی گەلێ لاواز دادەنێ، چونکە گۆرانی بۆ خاکی عێراق وتووە، بە کوڵ و دڵ باسی سەروەت و سامانی ی کردووە.) «57،3»

من هەرگیز نەمنووسیوە، « زێوەر » ڕۆشنبیرێکی گەلێ لاوازبووە. ئەم قسەیەی هەڵبەستووە. بە پێچەوانەوە، تا بڵێی، « ڕۆشنبیرێکی گەورە، هۆنەرێکی ناسراو و زانایەکی باش ی سەردەمەکەی خۆی بووە، وەک لە گوتارەکەشدا باسمکردووە. ئیدی، « بەرزنجیی » مەگەر ئەم قسەیەی، لە گیرفانی خۆی دەرێنابێ! بەلام، گەر ڕاستییم گوتبێ و نووسیبێتم: (هوشیاریی ڕامیاریی « زێوەر » وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆی، گەلێ لاوازبوو.)«58،24» ئیدی ئەمە، ئەوە

ناگەیەنێ، ڕووناب‌یرێکی لاوازبووە. هەڵبەتە، وەک لە گوتارەکەی منەوە، کۆیلەی وەر نەگرتووە و بە ئارەزووی خۆی، بە ناوی منەوە نووسیویێتی، دیارە، جیاوازییشی لە نێوان هەر دوو زاراوەی « ڕۆشنبیریی و هوشیاریی »دا نەکردووە. چونکە، ئەو دوو زاراوەیە، دوو واتای جیاوازیان هەیە. مەرج نییە، هەموو ڕۆشنبیرێ، هوشیاریی رامیاریی یا نەتەوەیی بەهێزبێ. هێندێ کەس هەن، هەر باوەڕیان بە هوشیاریی نەتەوەیی نییە و ڕۆشنبیریشن! بەڵام، خۆ ئەوە، ئەوە ناگەیەنێ، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، « نووسەر، هۆنەر، ڕووناکبیر و رامیار »، چەن ناسراو و گەورەش بووبن، هەڵەیان نەکردبێ و لێی بە دووربووبن! یا تاوانیان نەکردبێ. تەنانەت، پێیان لە هێڵی سووریش ڕەت نەکردبێ و ناپاکییان بەرانبەر نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیان نەکردبێ!

لە مێژووی هەموو نەتەوەیەکدا، گەلێ « نووسەر، هۆنەر، ڕووناکبیر و رامیار»ی ناپاکیی تێدا هەبووە و هەیە. هەروەها، لە مێژووی نەتەوەی کوردیشدا، بە دەیانی وەک « مەلای خەتێ »ی تێدابووە، کە زانایەکی گەورە و ناسراوی ئایینیی سەردەمەکەی خۆی بووە، ناپاکیی لە کورد کردووە و خۆی بە عوسمانییەکان فرۆشتووە. هەر زۆر دوور نەڕۆین، « محێدین مەعروف »، ڕووناکبیرێکی کورد بووە، کوڕەکەشی « تەها »، هەر بە هەمان شێوە، ڕووناکبیر و رامیارێکی ناسراوی کوردە، یەکێ لە دامەزرێنەرانی « پ. د. ک. ـ عێراق »یش بووە، کەچیی، باوک و کوڕ هەر دووکیان، لە دوو سەردەمی جیاوازدا، ناپاکییان لە نەتەوەکەی خۆیان کردووە. « محێدین مەعروف »، کاتێ خۆپیشاندان و شەڕی بەر دەرکی سەرای « سولەیمانیی » ڕوویداوە، ئەو نەک هەر بەشداریی نەکردووە، بەڵکوو، بازی بە سەر خوێنی شەهیدانیشدا داوە، چەپکە گوڵی پیرۆزبایی، پێشکەش بە سەرانی دەوڵەتی عێراق و پەرلەمانەکەی کردووە! بۆیە، چەندین هۆنەری کورد، هۆنراوەیان بۆ ئەو ڕۆژە ڕەشە هۆنیوەتەوە، یادیانکردۆتەوە.

« پیرەمێرد » وەک کوردپەروەرێکی ڕاستەقینە، هەرگیز لە ناپاکەکانی کورد بێ دەنگ نەبووە. زۆر بە جوانیی، بە ڕۆڵەکانی گەلی ناساندوون و لە قاویداون. ڕووداوەکانی بۆ ڕوونکردوونەتەوە. دوای ئەوەی، کارەساتە گەورە نەتەوەییەکە قەوماوە، کاربەدەسانی میریی، کۆمەڵێ خۆفرۆشی وەک « محێدین مەعرووف » و خەڵکی شارەکەیان کۆکردۆتەوە، وەک هیچ ڕووی نەدابێ، بەرەو « بەغدا » ناردوویانن، تا داوای لێبووردن لە میریی بکەن. « پیرەمێرد »یش، ئەو نوێنەرانەی بە ناپاک داناوە و ئەم هۆنراوەیەی بە هەشت دێڕ بۆ گوتوون :

وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی، شاری خامۆشان!!
چەپکێ لە گوڵەکەی، باغەکەی سەرا
کە بە خوێناوی، لاوان ئاودرا
بیبەنە خزمەت، عەرشی عراقی
بڵێن: یار باقی و هەم سوحبەت باقی
پەردە و تارای سوور، بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن: پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر
وەک خەجاڵەتبن، لە رووی مەحشەرا !!
ئێمە خاکی غەم، ئەکەین بە سەرا
ئێوەش ئەو عەرشەی، بە خوێن گوڵڕەنگە
سوجدەی بۆ ئەبەن، هیچ ناڵێن ئەنگە
کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە
بەراتی ئەجات بە خوێن نووسراوە
من رەنگی سوورم، بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی، لێ دەس ئەکەوێ

«102،8»

هەر وەک، لە باسەکانی پێشووشدا، ئاماژەم بۆ کرد، هۆنەوڕێکی نیشتمانیەروەری وەک «بێکەس»یش، پەنجەی تاوانی، ئاراستەی رووناکبیرانی کورد کردووە، رەخنەی لێ گرتوون. گوایە، هەر خەمی گیرفان و ورگی خۆیانن، نیشتمانەکەیان پشگوێخستووە، تەنانەت بۆ پارە، بیروباوەڕی خۆشیان فرۆشتووە.
ئەو کارەساتە، نزیکەی حەفتا ساڵ لەمەوبەر روویداوە، بەو شێوەیە «پیرەمێرد» تاوانباریکردوون. «بێکەس»ش پێش شەستوپێنج ساڵ، بە هۆنراوە رەخنەی لە رۆشنبیران گرتووە. بە هەموو یاسا و رێسایەک بووایە، دەبووایە، ناپاک لە نێو کورددا نەمایە، کەچیی، بە هەزاران جار پترببووە! ئەدی، بۆ نابێ، رۆشنبیر لاوازبێ؟ هەڵە بکا و ناپاکییش لە نەتەوەکەی خۆی بکا؟ بۆچی هەر لە سەرەتای شۆڕشی «11/سێپتێمبەری 1961»ەوە، بیگرین، چەن کەڵەپیاوی رووناکبیر و رامیاری گەلەکەمان، ناپاکییان بەرانبەر کورد و کوردستان کردووە؟ چەن کەس لە سەر خوێنی شەهیدان، کورسیی سەرکردایەتیی پارتەکان و شالیارگەکانیان بۆ خۆیان پچڕیوە؟ چەن کەس لە دانیشتووی شار و گوندەکان، لە بنەوە پێوەندییان بە دەزگە سیخوڕییەکانی دەوڵەت و «لەشکری میللیی»بەعسەوە

هەبووە؟ هەر هێندێ لەو ناپاکانە نین، ئەوڕۆ، بە نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر دادەنرێن، پەنا حەجەکەشیان لێ گرتووین، ئاغای « بەرزنجیی »ش خۆی لێ بێ دەنگ کردووە، بە کێردە کولەکەی دەسیشی، گۆڕی مێژوو هەڵدەکۆڵێ!

68/3. ڕا و بۆچـــوون :

ئینجا، پرسیوێتی و نووسیوێتی: (ئایا لەم دوا ڕۆژانەی سەدەی بیستەدا کەسێ هەیە نکوڵی لەو ڕاو بۆچوونانەی ئەوسەردەمەی زێوەر بکات کەبەر لەشەست ساڵ وتونی؟)«57،3».

بە ڕاستیی دەبێ، بڵێین: « بەرزنجیی »، تەڕی تێگەیشتووە! ئێستەش وا دەزانێ، شا « فەیسەڵ » ماوە! دیارە، زۆر ئاگای لە باری بیری نەتەوەیی و باوەڕی کوردستانیزم هەیە، بۆیە، ئەو پرسیارە سەرسوڕمێنەرەی کردووە! بۆ ئەوەی دڵنیابێ، نەک هەر کەسێ هەیە، بەڵکوو، زۆربەی زۆری گەلی باشووری کوردستان، تەنانەت پارتە کوردستانییەکانیش، ئێستە کوردستانیانە بیر دەکەنەوە. دژی بیری « عێراقچێتیی » کاردەکەن. ڕۆژبەڕۆژیش، ئەو بیرە لە نێو ڕیزەکانی گەلی کورددا پەرەدەسێنێ، لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە.

سەیر ئەوەیە، پارتە مارکسیی و چەپەکانیش، بەرنامەکانی خۆیان، لە بەر ڕۆشنایی بیری کوردستانیزمدا دارشتووە، وەک « پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان » تەنانەت « پارتی دیمۆکراتی کوردستان »یش وازی لە ووشەی « عێراق »ەکە هێناوە، کە چەندین ساڵە، وەک کلک بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێ! مەگەر چەن کەسێکی وەک « بەرزنجیی»، تا ئێستە، شانازیی بە بیری « عێراقچێتیی »یەوە بکەن، ئەگینا، کوڕی کوردی نیشتمانپەروەر، شانازیی بە « بەغدا »ی تاوان و « عێراق »ی چەکی کیمیاویی و ئەنفالەکانەوە ناکا!

جا، ئەو کوتەیە، پێش ئەوەندە ساڵ « زێوەر » گوتبێتی یا هەر کەسێکی دیکە گوتبێتی و بیڵێ، هەموو « عێراقچیی »یەک پێ بزانن یا نەزانن، پێیان خۆشبێ یا پێیان ناخۆشبێ، هەر هەموویان لە ڕاژەکردنی باوەڕەکانی « بەعس » و دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » دان. چونکە، ئەوانیش هەر ئەوەیان، لە هەموو کوردێکی بێگانەپەرستی « عێراقچیی » دەوێ، تا ڕۆڵەکانی کورد، بیر لە کورد و کوردستانەکەی خۆیان نەکەنەوە، بەڵکوو، خۆیان بە « عێراقیی» بزانن، وەک لە سەردەمی پاشایەتییدا، چەن جارێ لە سەر زاری شا « فەیسەڵ » و لە سەردەمی کۆمارییشدا، هەموو سەرۆکەکانی عێراق، ئەمەیان دووبارەکردۆتەوە و جەختیان

له سـەر كـردووە. بە تايبـەتيى « سـەددام حـوسـێن » لە چەن چاوپێكەوتن و گوتەيەكيدا، باسى « عێراقچێتيى » و « كوردستانچێتيى » كردووە. ئەوتە، كاتى خـۆى، سـەركـردايەتى رێكخـراوى « كـۆمـەڵەى رەنجـدەرانى كـوردسـتـان »يش، هەستيان بەو مەترسييە گەورەيەى بيرى دەسكردى « عێراقچێتيى »، بۆ سەر بير و هۆشى رۆڵەكانى كورد كردووە. بۆيە، ساڵى « 1983 » نووسيويانە: (ماوەيەكە، لە جـاران گـەرمـتـر نوێنەرانـى بۆرجـوازى عـەرەبى « عـێـراق »، دژى بيـرى كوردستانيبوون ئەدوێن و بيرى « عێراقچێتيى » بڵاوئەكەنەوە، تەنانەت « سەددام حوسێن » رێبـەرى شۆڤێنيـترين توێژى بۆرجوازى نـاسيۆناليستى عەرەبيى و سەركردەى حيزبى بەعسى عەرەبى هەرێمى «عێراق » چەند كۆڕ و كۆبوونەوەيەكى تەرخـانكرد بۆ باسكردنى « عـێـراقـچـێـتـيى » و پێويسـتى تواندنەوەى هەسـتى كـوردسـتـاييـبـوونى كـورد لە بۆتەى « عـێـراقـچـێـتـيى »دا، وە زۆر بە بێزاريى و نارەزاييەوە باسى كوردستانيبوونى كۆمەڵانى خەڵكى كوردستانى « عێراق »ى ئەكرد و گلەيى ئەوەى لێ ئەكردن كە گوايە خۆيان بە « عێراق »يى نازانن، و لە جەنگى « عێراق ـ ئێران »دا، خۆيان لە سەر خـاكى « عێراق » بە كوشت نادەن و خۆيان لە جەنگى پاراستنى « عێراق » ئەدزنەوە.

راستە كە كۆمەڵانى خەڵكى كوردستان خۆيان بە « عێراق »يى نازانن، « عێراق » بە نيشـتـمـانى راستـەقـينـەى خۆيان نازانن، ئەگەر دەرفـەتيـان ببێ و بۆيان بلوێ خۆيان لە سـەر دەوڵەتى « عێراق » بە كوشت نادەن و بيرى « عێراقچێتيى » رەت ئەكـەنەوە. چونكە، كـورد لە بە « عـێـراقـيـيكردن »يدا، جگە لە پارچەپارچەكـردنى نەتەوە و نـيـشـتـمـانەكـەى لە مـەينـەتى چەوسـانەوە و زۆرلێكردنى نەتەوايەتيى و چينايەتيى بەو لاوە هيچى ترى دەست نەكەوتووە.

كورد لە بە « عێراقـيـيكردن »يدا، بۆتە نەتەوەيەكى ژێردەسـتـە و هـاووڵاتى پلەى دووەم و زۆرلێكراو لە هـەموو مافێكى مرۆيى و نـەتەوايەتيى خۆى بێ بەريبووە. لە فـەرمـانرەوايى « عێراق » و بەرێوەبردنيدا هيچ دەسـەڵاتێكى نييە، لە دياريكردنى ئێسـتـە و پاشـەرۆژى « عـێـراق »دا مـافى بەشـداريكردنى نيـيـە ... دەسـەڵاتى راميارىي، وە خێر و سامـانى « عێراق »يش لە بريتى ئەوەى گوزەرانى خۆش و پێشكەوتنى گرانتر و توند و تيژتر ئەكەن و هەرەشە لە بوونى نـەتەوايـەتيى خۆى و لە روخسـارى نەتـەوايەتيى كوردستـان ئەكەن. ئيتـر چۆن خۆى بە « عێراق »يى بزانێ و خۆى لە سـەر « عـێراق » بە كوشـتبدا؟ ... چۆن بيرى « عـێراقـچێـتى » قبوڵبكا و بيرى كوردستانيبوون فەرامۆشبكا؟)«54، 1-2».

69/3. ئەزمـــوون :

دیارە، کـورد کـەڵکی لە ئەزمـوونی دەوڵەمـەندی نەتەوەکـانی دیکەی جـیـهـان وەر نەگرتووە و وەریشی ناگرێ. بە تایبەتیی، زۆربەی کوردە « عێراقـچیی »یەکان، بە چوار لای خـۆیاندا ناڕوانن و ئاوڕ بۆ پاشـەوە نادەنەوە. بەڵکوو، وەک ئەسـپی عـەرەبانە، هەر تەمـاشای پێشـەوە دەکەن! سـەیر ئەوەیە، حـەفـتا سـاڵ دەوڵەتی کۆمـۆنیستی « یەکێتی سۆڤێت »ژیا، جگە لە کۆمۆنیستەکان، تا ئەندازەیەکی زۆر، هەسـتی نەتەوەیی خـۆیان مـاندبوو، کـاتێ، یەکێ لەگـەڵ خـەڵکە ناکۆمـۆنیسـتـەکـاندا تێکەڵدەبوو، زاری دەکـردنەوە، زۆر بە ڕاشکاویی، باوەڕی خۆیان، دژی ئەو پارت و دەوڵەتە داگیرکەرە دەردەبڕی. هـەستی نەتەوەیی خۆیان نەدەشـاردەوە. زۆر داکۆکـییـیـان لە دەوڵەتـی « سـۆڤـێت » نەدەکـرد. ئاواتیـان دەخـواست، ڕۆژێ زووتر « ڕووس »ەکـان لە کـۆڵیـانبنەوە، ڕزگـاریانبێ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامـەزرێنن. تا گـۆڕانکارییـیە گـەورەکـانی سـیـسـتـێمی نوێی جـیـهـانیی ڕوویاندا، دەوڵەتی « سـۆڤـێت » تێکچـوو، ئەو ئاواتە مـەزنە دێرینـەیان بەدیهات، لەو دەوڵەتە دیکتـاتۆرییـیە هەڵتۆقیوەی کۆمۆنیستەکان، پازدە دەوڵەتی ناسیۆنالی لێکەوتەوە. کەچیی، تازە هێندێ لە ڕۆڵەکانی کورد، داکۆکیی لە هەڵەی نووسەر و هۆنەرەکانی کورد دەکەن، ئەوانەی پێش شەست ساڵ لەمەوبەر. ژاراوی بیری گەندەڵی بێگانەپەرستیی و باوەڕی نامۆی « عێراقچێتیی »یان، بە هۆنراوە بۆ ڕازاندووینەتەوە، وەک تیکەیەکی گەورە و سارد، بە گەرووی منداڵانی خوێندنگە سـەرەتاییـیەکانیادا کردووە. « بەرزنجیی »ش زۆر بە ڕاشکاویی، داکۆکـیی لێ کردوون، وەک « حەلیمە »ی کوردیی، بۆ سەر خووڕەوشتە کۆنەکەی پێشووی خۆی گەڕاوەتەوە!

70/3. منداڵانی کـــورد :

پاشان نووسـیویەتی: (چەند شیـعرێکی بەنمونە هێناوەتەوە کەگوایە زێوەر بەجارێ باشوری کوردستانی تەسلیم بەعێراق کردووەو منداڵان فێردەکات کەعێراق بەوڵاتی خۆیان بزانن!!)«57،3»

جارێ، ئەوەی بەرهەمی منی خوێندبێتەوە، یەکسـەر دەزانێ، ئەو شێوە دەربڕین و داڕشتنە، نەک هەر لە هی من ناچێ، « بەرزنجیی » خۆی دایتاشیـوە و بە ناوی منەوە نووسیویەتی! بەڵکوو، من هەرگیز نەمنووسیوە، « باشووری کوردستانی تەسلیم بە عـێـراق کـردووە » چونکە، « زێوەر » خـۆی هـیچ نەبووە، تا باشـووری کوردسـتان ببەخشێ! بەڵام، بۆ هـۆنراوەکانـی، گەر وا نییـە و هەر لە ساواییـەوە،

منالآنی کورد، فێری بیری گەندەڵی « عێراقچێتیی » ناکا، لەوە زیاتر نازانم، چۆن باوەڕ بە « بەرزنجیی » بێنم! چونکە، هۆنراوەکان خۆیان هاواردەکەن و هیچ بەڵگەیەکی دیکەی ناوێ.

71/3. دەستە گوڵی لاوان :

جا، من ئاگاداری ئەو کارانەی هۆنەربم یا نەبم، چی لە باسەکەمان دەگۆڕێ؟ چونکە، « زێوەر » لە سەردەمی خۆیدا، مامۆستا بووە، نەیتوانیوە یا ترساوە، بە هۆنراوە باسی جوگرافیای باشووری کوردستان یا هەموو کوردستان، بۆ منالانی کورد بهۆنێتەوە، کێ داوای لێ کردووە و زۆری لێ کردووە، تا هۆنراوەی بیری زاراویی « عێراقچێتیی » بهۆنێتەوە؟ منالآنی کورد، بەو بیرە پووچە گۆشکا؟ خۆی ماندووکا و ئەم پێشەکییە بنووسێ: (عمرم لەخزمەتی پی خوێندنی جگەر گوشەکانمانا بردەسەر، بوم معلوم بو، کەمندالْ هرچی بەشعرو مقام بیخوینی هەوەسی لەوە زیاترو ئەوەی لەلا خۆشە، لەبەرئەمە هاتم هەندێ معلوماتی کە بۆ مندالان پێویستە نظمم کرد بابەسەهلی پێیان لەبەربکرێ. ئەم خزمەتەیش سەرباری بێ.)«57.3»

لە کاتێکدا، هۆنەرە کوردستانییەکان، پتر بیریان لەوە کردبۆوە، هەرچی پێوەندیی بە خەڵکی کورد و خاکی کوردستانەوە هەیە، بە هۆنراوە بۆیان بهۆننەوە، تا پتر بە خاکی نیشتمانەکەی خۆیانەوە بلکێن!

72/3. گەنمی زاراویـــی :

نازانم، « بەرزنجیی » بۆ دەبێ، داکۆکیی لەو کارە خراپەی هۆنەر بکا؟ چ جۆرە بەرژەوەندییەک، لەگەڵ ئەو بیرە گەندەڵەدا کۆیدەکاتەوە؟

لەوە دەچێ، ویستبێتی، ختووکەی هەستی خەڵکی بدا، چەماوەرم بە خۆڕایی لێ ماندا. چونکە، من « زێوەر مم بە تاوانبار و ناپاک دا نەناوە، تا ئەو بەو شێوەیە بنووسێ: (نازانم ئەمە چ تاوان و چ ناپاکییەکە شاعیر بەرامبەر نەتەوەکەی کردونی؟ ئاخۆ ئەم تاوانەی زێوەر مەترسیەکەی لەچ ئاستێکدابێ لەچاو ئەو دەیان کتێب و بەرنامەی وانەکانی « کۆمەلایەتی و پەروەردەی نیشتمانی و ڕۆشنبیری نەتەومیی ـ الثقافە القومیە » بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن، کە لەهەشتاکانەوە بەرە ژوور لەلایەن دەیان نووسەرو شارەزاوە بەوپەڕی ئەمانەتەوە دەکرانە کوردی و وەک گەنمی زاراوی لەبەردەم نەوەکانماندا ڕۆدەکران و ئەوانیش « پاداشت ـ مکافئە »ی چەورو نەرمە قوتیان لەبەرامبەردا وەردەگرت. نازانم ئەو بەڕێزانەی ئەو کاری وەرگێڕانانەیان ئەنجامدەدا، ئێستا لەکوێ بن؟ کەس دەیداتە ڕوویان؟

پلەو پایەیان لەم کۆمەڵەدا لەچیدایە؟) پاشان، درێژەپێداوە و نووسیویتی: (پرسیارەکە ئەمەیە: ئەو تاوانەی زێوەر کە « جاشایەتی و ناپاکی»یە ئاخۆ هی ئەمانە چی بن و نووسەر لە فەرهەنگی قسەی ساردو سووکی زمانەدا زاراوەیەکی گونجاوی بۆ دۆزیوتەوە، چ ناتۆرەیەکی سوکایەتیان بەبالادەبڕێ؟) «58،3» پاشاتریش نووسیوێتی: (ئەو کارە نیازپاکە پیرۆزەی زێوەر لە کوێ و ئەمەی ئەوان لە کوێ کە لەسەردەمی باروت و خەردەلدا دەکران) «59،3»

پێش هەموو شتێ، مۆری تاوانی « ناپاکیی » و « جاشایەتیی »م، بە « زێوەر »ەوە نەناوە. بەڵکوو، نووسیومە: (ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی « زێوەر »، لەو سەردەمەدا بۆ عێراقی گوتووە، هەر هۆنەرێکی دیکە لەم سەردەمەدا بیگوتایە، بە دەیان ناو و ناتۆرەی خراپیان دوادەخست، مۆری ناپاکیی و جاشایەتییان پێوە دەنا!) «61،24» ئایا، ئەو گەوهەرانەی ئەو بە ناوی منەوە هەڵیڕشتوون، لەگەڵ ئەم قسانەی مندا، یەک واتایان هەیە؟!! جا با لێرەدا، هەر هیچ نەڵێم و بێ دەنگبم. باشتر وایە، تەنیا بەرەو ڕووی ویژدان و ڕەوشتی خۆی کەمەوە!

جگە لەوەی، بە هیچ جۆرێ ناکرێ، ئەو هۆنراوە « عێراقچێتیی »یانەی هۆنەر گوتوونی، لەگەڵ کاری وەرگێڕانی ئەوانەدا بەراوردبکرێ. چونکە ، سەردەمەکان زۆر جیاوازییان هەیە. کارەکان خۆی لە خۆیاندا جیاوازن. مەبەسەکانیش یەک نین. بەڵام، من پێم وایە، دەتوانین، ئەو کارانە بە سەر سێ دەستەدا دابەشکەین:

1. ئەوانەی « بەعسیی » بوون، هەر خۆیان ناپاک بوون. جا، ئەو کارەیان کردبێ یا نەیانکردبێ، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ. دیارە، داوایان لێ کردوون و بە ئارەزووی خۆیان، ئەو بابەتانەیان وەرگێڕاوە.

2. ئەوانەی خۆیان « بەعسیی » نەبوون، بە زۆر ئەو کارانەیان پێ کردوون، ئەوەیان بڕیارێکی دیکەی دەوێ، مەگەر هەر « بەرزنجیی » بتوانێ، دەریکا!

3. ئەوانەی « بەعسیی » نەبوون، تەنیا بۆ پارە، ئەو کارەیان کردووە، ئەوەش هەر بە کارێکی خراپ و تاوانێکی گەورە دادەنرێ!

بەڵام، لە هەمان کاتدا، وەرگێڕانی هەر بابەتێ بێ، لەگەڵ هۆنراوە هۆنینەوە و پیاهەڵدان، بە سەر داگیرکەران و خاکەکەیاندا، جیاوازیی هەیە. چونکە، بابەتی وەرگێڕانەکە، هی وەرگێڕەکان خۆیان نییە. بەڵام، هۆنراوەکە زادەی بیری هۆنەرەکە خۆیەتی و دەیەوێ، ئەو بیرە بڵاوکاتەوە. لەبەرئەوە، لای من ئەو وەرگێڕانانە، هەر چەن پێویست نەبوو، خوێندکاری کورد بیخوێنێ، بەڵام، هیچ مەترسییەکی نەبووە و نییە. چونکە، زۆربەی خوێندکاران دەزانن، ئەو « گەنمە

ژاراویی مه چییه و بۆ بۆیان ڕۆکراوه. جگه لەوەی، ئەو بابەتانە، با، بابەت و بەرنامەکانی « بەعس »یش بێ، کاتێ خوێندکاران خوێندنیان تەواوکردووە، هەر وەک وانەکانی دیکە، لە بیریانچۆتەوە! ئەو بەڕێزانەی هەواڵیشیان دەپرسێ، دوور نییە، هێندێکیان هەر هاوڕێی « بەرزنجیی » خۆی بووبن، لەبەرئەوە، خۆی باشتر دەزانێ، ئێستە لە کوێن! هەر چەندە، هێندێکیان هەر لە نێو پارتەکانی کوردستاندا کاردەکەن، لەوانەشە، لە هەر دوو حوکوومەتەکەی « سلێمانیی و هەولێر »دا، سەرە کورسیێکیان بە دەسبێ! چونکە، ئەوانە کوڕی ڕۆژن، کێ دەسی بڕوا، دوای ئەو لایە دەکەون و کاری لەگەڵ دەکەن، لە « بەرزنجیی »ش لە پێشترن و دەسیان پتر دەڕوا!

لە هەر وڵاتێکدا، گەر هیچ جۆرە پرینسیپێ نەما، هیچ جۆرە سەنگ و تەرازوویەکی نەتەوەیی و دادپەروەرانە نەما، « نیشتمانپەروەریی، پاکیی و دڵسۆزیی »، ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەی پێ بکێشرێ، کێ یەخەی ئەو ناپاکانە بگرێ؟!! کەواتە، یەکێکی وەک « عەونی یوسف » ناهەقی نەبووە و بە خۆڕایی نەیگوتووە: « جەناب! مەقاییس نەماوە. »

ئەوە جگە لەوەی، ئەو کارەی « زێوەر » کردوویەتی، « بەرزنجیی » بە « کارێکی نیازپاکی پیرۆزی » داناوە. لای من، نە هەرگیز بە نیازپاکیی گوتوویەتی و نە هەرگیزیش پیرۆز بووە! چونکە، لەگەڵ باوەڕەکەمدا ناگونجێ! دیاریشە، بۆ چ مەبەسێ دایناون! ئەو کارەش، بە کردەوەی خەڵکی ئەم سەردەمە بەراورد ناکرێ، وەک ئەو کردوویەتی. چونکە، هەموو سەردەمێ، خەسڵەتی تایبەتیی خۆی هەیە. لە سەردەمی « زێوەر »دا، « باروت و خەردەل » نەبووە، ئینجا ئەو هۆنراوانەی گوتووە، ئاخۆ، گەر هەبووایە، یا وەک کوردێ لە گرتووخانەکانی ئەم سەردەمەی دەوڵەتی عێراقدا، ئازاریان بدایە، چی دیکەی بگوتایە؟!!

لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ دەبێ، ئەو کارە خراپەی « زێوەر »، لەو سەردەمەدا کردوویەتی، بە کارێکی خراپتری ناپاکەکانی کوردی ئەو سەردەمە یا ئەم سەردەمە بەراوردکرێ؟ ئەدی بۆ ئەو کارەی ئەو، بە کارێکی باشی، چەن نووسەر و هۆنەرێکی دیکەی سەردەمەکەی خۆی بەراورد نەکەین؟ بۆ لەگەڵ « بێکەس »ی هۆنەردا بەراوردی نەکەین، کە هەر لەو سەردەمانەدا ژیاوە، جگە لەوەی، هۆنراوەی نەتەوەیی و نیشتمانیی هۆنیوەتەوە، پێشڕەوایەتیی خۆپیشاندانەکەی شەڕی بەردەرکی سەرای « سولەیمانیی » کردووە، چەندین جار، ناتبراوکراوە، دوورخراوەتەوە و گیراوە. بەڵام، « زێوەر » دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە، لە ساڵی

« 1921 »ەوە تا ساڵی « 1984 » مردووە، ڕەنگی نەماوە، دەنگی بڕاوە، وەک لە کۆمەڵی کوردەوارییشدا نەبووبێ، یا هیچ ڕووی نەدابێ، کوردستان بەهەشتی سەر زەمین و ڕەوشی نەتەوەیی و ڕامیاریی کوردیش، ماستی مەیو بێ، وا بووە!

من دەڵێم: ئەو هۆنراوانەی « بەرزنجیی » داکۆکیی لێ کردوون و بە هۆنراوەی فێرکردنی داناون، ئایا، چی فێری خوێندکارانی کورد کردووە؟ باسی بێگانەپەرستیی و خۆ بە عێراقییزانین، یا کوردایەتیی و خۆ بە کوردستانییزانینی فێرکردوون؟ ئەدی، بۆچی ئەو هۆنراوە نامۆ « عێراقچێتیی »یانە، بە چەن هۆنراوەیەکی چەن هۆنەرێکی وەک « مەلای گەورە، ئەسیریی، بێکەس، موفتیی، قانع، ... تاد » بەراورد نەکەین، تا بزانین، ئەوان بە چ شێوەیە ویستوویانە، منالانی کورد پەروەردەکەن، کاتێ زۆر بە ڕوونیی و ڕاشکاویی، بێ ترس و سڵەمینەوە، بە دڵ و دەروونێکی پاکەوە، هەموو ڕاستییەکانیان بۆ هۆنیونەتەوە.

لە ڕاستییدا، من حەزم نەدەکرد، چاکە و خراپەی هیچ هۆنەرێکی کورد، بە باڵای یەک بگرم. چونکە، هەر هۆنەرێ خۆی بە تەنیا، لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی خۆی بەرپرسیارە. جگە لەوەی، هۆنەر ئازادە، چۆن بیردەکاتەوە و چی دەنووسێ. بەڵام، بە مەرجێ لە سنووری بەرژەوەندیی نەتەوەکەی خۆی دەر نەچێ. ئەگینا، وەک چۆن هۆنەر، ئەو مافەی هەیە، بە ئارەزووی خۆی هۆنراوە دابڕێژێ، ڕۆڵەکانی کوردیش بۆیان هەیە، ڕەخنەی لێ بگرن، دید و بۆچوونە هەڵەکانی ڕاسکەنەوە و ڕەتیکەنەوە. من لێرەدا، دادگەم نە بۆ « زێوەر » و نە بۆ هیچ هۆنەرێکی دیکەی کورد داناوە، تا لە قەفەزی تاوان و ناپاکییدا ڕایانگرم و دادگاییان بکەم! بەڵکوو، ئەوەی دەمەوێ، لەم نووسینەدا لێی بدوێم و ڕوونیکەمەوە، تەنیا خۆی، لە باوەڕی هێندێ لەو هۆنەرانەی کورددا دەبینێ، تا بزانین، لە ڕووی وشیاریی نەتەوەیی و ڕامیارییەوە، چییان گوتووە و چییان نووسیوە. بۆیە، ئەو مافە بە خۆم نادەم، هۆنراوە خراپەکانی هۆنەرەکانی کورد، بە یەکدی بەراوردکەم، تا پاساوی هەموویان بدەمەوە. بەڵکوو، بە یەک چاو لە بەرهەمی هەموویان دەڕوانم، بەرنامەیەکی « نەتەوەیی، ڕامیاریی و وێژەیی » ئەکادیمیایانەی ڕەخنەگرانەم، لە بەر دەمی خۆمدا داناوە، لە بەر تیشکی ئەو بەرنامەیەدا، لە هۆنراوەکان دەکۆڵمەوە، لایەنە سیس و گەشەکانی، بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم دەردەخەم. بێ ئەوەی، سوکایەتیی بەم هۆنەر یا بەو هۆنەری دیکەی کورد بکەم!

بەڵام، کاتێ « بەرزنجیی »، ئەو بەراوردە نابەجێ و ناشایستانەیەی کردووە، پاساوی هۆنراوە خراپەکانی « زێوەر »ی، بە هۆنراوە سیس و خراپەکانی،

هۆنەرەکـانی دیکەی کـورد داوە، ناچارمـــدەکـا، لە بواری هـۆنراوەی نەتـەوەیی و نیشتمانییدا، بەراوردێ لە نێوان هۆنراوە و بۆچوونەکانی « زێوەر » و هۆنەرەکانی کورددا بکەم. هەر بۆ نموونە: لـەو سـەردەمەی « زێوەر »، هۆنراوەی بۆ « سنووری عـێراق » داناوە، هۆنەرێکی کوردی نیشـتـمـانپـەروەری وەک « ئەسـیـریی » هەوڵیـداوە، سنووری کـوردسـتـانەکـەی، بۆ رۆڵەکـانی نەتەوەکـەی بە هـۆنراوە بهۆنێتەوە. لەوانەیە، « ئەسیریی » یەکێ لەو هۆنەرە بەدەگمەنانەی کورد بووبێ، سـالی « 1925 »، زۆر بە وردیی و دڵسـۆزییـیـەوە، سنووری کـوردسـتـانەکـەی دەستنیشـانکردبێ، لە خـاکی نەتەوە دراوسـێکانی دیکەی کـوردسـتـانی جـیـا کردبێتەوە، بە بیست نیوەدێر، هۆنراوەی « سنوور »ی هۆنیبێتەوە و گوتبێتی:

کوردە! دەزانی لە کوێ ساکینە خزمانی تۆ
گوێگرە، تا پێت بڵێم: مەسکەنی قەومانی تۆ
کێوی تۆرووس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تا بەحری ڕەش، سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری ڕەش و ئەردەهان، ئاوی ئاراسە بزان
حەددی شیمالە ئەمە، بۆ کۆچ و جەولانی تۆ
ئەڵوەند و گۆلی ورمێ، تا سەری ئاوی ئاراس
سەرحەدی ڕۆژهەڵاتە، جۆگە و کێوانی تۆ
ئەهواز و کێوی حەمرین، زەنگار و ڕێی نسەیبین
بۆ تەرەفی جنووبە، ڕەوزەی ڕیزوانی تۆ
داخیلی ئەم حدودە، دوازدە ویلایەت هەیە
دەڵێن: دوازدە میلیۆنە، نفووسی کوردانی تۆ
حاشا درۆیە، ئەسڵا نفووسیان نەنووسراوە
دەگاتە بیست میلیۆنان، بنووسرێ قەومانی تۆ
لە دەری ئەم سنوورە، لە ئەنقەرە و خۆراسان
بلووچ و ئازربایجان، لەوێشە خزمانی تۆ
ئەی وەتەنی خۆشەویست! ئاوتم ئەوجا کە بیست
منالێکی ساوا بووم، دەبوومە قوربانی تۆ
وتەی وڵاتی کوردە، لە لای تۆ هەروەک ویردە
« ئەسیریی »، ئەم حاڵەتە دەلیلی ئیمانی تۆ 	«4، 45-46»

جـا، ئـەم هۆنراوەیە، جـێگەی شـانازیی و بایەخـێکی زۆر و بێ ئەندازەیە، یا ئەو

هۆنراوەیەی « زێوەر » کە باسی سنووری « عێراق »ی کردووە؟ ئایا، لە ڕووی پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، کامیان باشتر و کاریگەرترن؟ ئەو لەو سەردەمەدا، هۆنراوەی « سنوور »ی کوردستانی هۆنیوەتەوە، نەک وەک « زێوەر »، سنووری « عێراق »ی بۆ منالانی کورد دانابێ! زۆربەی هۆنەرەکانی کورد بە گشتیی، هۆنراوەیان بۆ « سەروەت و سامانی کوردستان، ئالا، سەرکردەکانی کورد، گەورە پیاوان و شەهیدان ... تاد » گوتووە، نەک بە سەر شایەکی لە دەرەوەهێنراوی وەک « فەیسەل »یاندا هەڵدابێ!

بۆ نموونە: « مەلای گەورە »، لە هۆنراوەی « ئەگەر عیزت دەوێ »دا، سەرەتا باسی یەکێتیی ڕیزەکانی کوردی کردووە. پاشان، لە سامانی نیشتمانەکەی دواوە، ڕێی پیشانداون، ئامۆژکارییکردوون و بە پەنجا دێڕە هۆنراوە گوتوویەتی:

وولاتێکتان هەیە، پڕ کان و مەعدەن
بە بێڵ و پێمەڕە، دوو قوڵتی لێدەن
دەزانن، ناوی ئەرزی چی تێدایە
وەلێ، مەوقوفی عیلمی کیمیایە
هەتا ئەو عیلمە، زۆر چاک نەخوێنن
دەبێ، هەر باقلە و سلقێ بچێنن
مەلای نادان، بە عینوانی شەریعەت
حەرامیکرد لە تۆ، عیلمی تەبیعەت
لە بۆیە، هەرچی لەو خاکە بە دەرکەوێ
لە ڕادیۆم و لە زێڕ و باقر و نەوت
هەمووی کەوتۆتە ژێردەستی فەرەنگان
چیا و چۆلان دەنۆڕن، وەک پڵینگان
تەماشاکەن، چیایان چۆن دەکۆڵن
هەتا کەی ئێوە، هەر بەرماڵ بە کۆڵن
خوریی و مازیی و کەتیرە و چەوت و گروان
وەکوو سیچکە و گلێخە و ڕۆنی قەزوان
دەخیلوبم، نەکەن، بیدەن لە دەست خۆ
وە ئیللا وا بزانن، ڕۆح و دەرچوو
هەتاکوو نەبنە خاوەندی سەنائیع
هەموو ئینعامی خوا دەڕوا بە ضایع «45، 107-112».

« ئەسیریی »، لە هۆنراوەی « تێنواڕی »دا، بە سیودوو نیوەدێڕ، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، لە خەسڵەتە باشەکانی کوردستان دواوە. باسێکی تێروتەسەلی جوانیی و سامانی کوردستانی بۆ کردووین. باشووری کوردستانی، لەگەڵ عێراقی عەرەبدا بەراوردکردووە و گوتوویەتی: لێرە، ئاسمان شین و لەوێ، لێڵە. لێرە، گەزۆ و لەوێ، قەتران دەبارێ. لێرە، چیای بەرز و لەوێ، بیابانی تەخت هەیە. لێرە، کانیی روون و لەوێ، زۆنگاوی بۆگەن هەیە. لێرە، ئاوی سارد و لەوێ، سوێرە. لێرە، هەوای سازکار و فێنک، لەوێ، گڕە و گەرمایە. لێرە، بەهاری تەڕ و ڕەنگین، لەوێ، وشک و برینگە. لێرە، دەشتی سەوز و گوڵاڵە و نێرگس، لەوێ، بیابانی وشک و بێ درەختە. لێرە، باخی ڕازاوە و پڕ لە میوەی بەتام، لەوێ، بەرماوە و بە ناوی کورد دەپارێ. لێرە، ئاوەدان و لەوێ، چۆڵەوانییە. لێرە، خاکی بە پیت و پتەوی بە کەڵک، لەوێ، زەوی زیخ و فشوفۆڵی بێ کەڵکە. لێرە، شنەبای بەرەبەیان، لەوێ خۆڵ ئەبارێ. ئەمانە هەمووی، لێرە مردوو زیندوودەکەنەوە، لەوێش، گڕەی گەرم گیاندەکێشێ. بەڵام، هەر چەندە، ئەم هەموو خەسڵەتە چاکانە، لە کوردستاندا کۆبوونەتەوە:

کەچی لات و هەژارە، خەڵکی لاژوور
هەموویان دەوڵەمەندن، خەڵکی خوارێ
هەموو کۆمەڵ ئەکەن، هۆگرئەبن « تات »
هەرچی کوردە، لە یەک لالووت و لاڕێ
ئەوان خۆیان دیاریکرد لە عالەم
گەلی کوردیش، لە دووی عالەم ئەکا، ڕێ
سەرم تاسیوە لەم کارە، براکەل
ئەدیبێکم دەوێ، هۆشەنگی یارێ
جوابێکم بدا، چی بێ ئەسەل وا
ئەمان وان و ئەوان وا، تێنواڕێ
« ئەسیریی » تێکچووە، لەم کارە هۆشی
ئەما بیری، بدا داکوو قەرارێ « 61,4 »

هەروەها، « قانع »ی هۆنەر، لە زمانی دایکی « کوتەک »ی کوڕییەوە، بە هۆنراوە « لایەلایە ... »ی بۆ جگەرگۆشەکەی کردووە و ژیرییکردووە. لەڕێی ئەوەوە، ئامۆژگاریی منالانی کوردی کردووە، بە هۆنراوەیەکی چلوهەشت نیوەدێڕیی و لە سەرەتادا گوتوویەتی:

هەی لایەلایە، ڕۆڵە لای لایە
لە کزی کوردان، دەنگم دەرنایە
پاشان دەڵێ:
ڕۆڵە! ئەم شیرە، شیری شێرانە
شیری نیعمەتی، خاکی کوردانە
ڕۆڵە! بێشکەکەت داری قەزوانە
ئەمامی مەندەی، باخی بابانە
دواتریش دەڵێ:
شیرە ڕاستەکەم، ئەخۆی بە درۆ
سەرسەریی نەبی، ئەمکەی ڕەنجەڕۆ
هەرگیز ناموست بە پارە نەدەی
ئاوەڵ کوردی خۆت، ئاوارە نەکەی

***

ڕۆڵە! من بۆیە تۆ بەخێوئەکەم
ڕەنجی داماویت، لەگەڵا ئەدەم
تۆش خزمەتکاربی، بۆ گەل و هۆزت
قەت قسوور نەکەی، بۆ بەرزیی کۆزت
هەی لایەلایە، ڕۆڵە لایلایە
میللەتی بێ خێو، ڕۆڵە بەلایە
ڕۆڵە! خایەن بی بە ئاو و خاک
دەک ئەجەل بگرێ، دامێن و چاکت
تۆ بەخێو ناکەم، بۆ خەو و خواردن
یا وەک هێندێ کەس، بۆ چاو شۆڕکردن
کورم نەتبیستووە، مەشهورتر لە گشت؟
« سەر بۆ سەربڕین، نەک بۆ سەرزەنشت؟ »
ڕۆڵە! هەر کاتێ خوێنت بڕژێ
بە گوللەی دوژمن، مێشکت بپژێ
ڕەنجم حەڵاڵت، شیرم نۆشت بێ
کزی کوردستان، فەرامۆشت بێ
هەی لایەلایە، ڕۆڵە لایلایە
کۆمەڵی کوردان، وەک کاو بایە

،315-313 ،49،

« بێکەس »، گەلێ هۆنراوە و سروودی بەرز و جوانی، بۆ منالآنی کورد داناوە، کە هەر یەکەیان وەک چیرۆکێکی پەند و ئامۆژگاریی وایە و منالآن بە شێوەیەکی باش و کوردانە پەروەردەدەکا. بۆ نموونە: لە هۆنراوەی « تۆ چیت؟ من کوردم! »دا، بە شازدە دێرەهۆنراوە گوتوویەتی:

تۆ چیت؟ من کوردم   نەتەوەی کوردم
خۆ ترسنۆک نیت؟   حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناوبرد؟   دوودڵیی و نیفاق
چۆن ڕزگارئەبی؟   هەر بە ئیتیفاق
بڵێ: چیت ئەوێ؟   بەرزیی وەتەنم
بە خۆڕایی نا   بە گیان و تەمەنم
چیت لە بارایە؟   خۆ فیداکردن
بۆچی؟ لە ڕێگای   میللەتا مردن
کوا؟ چەکت چییە؟   سەودای وولاتم
ئەی پشتیوانت؟   عەزم و سەباتم
ڕاستت پێ بڵێم؟   فەرموو، گوێم لێتە
بە قسەم ئەکەی؟   سەرم لە ڕێتە
بە ڕاستیی و پاکیی   هەوڵ و تێکۆشین
لە کورسیی و کینە و   درۆ چاوپۆشین
ئەمانەت نەبێ   کارت زۆر لەقە
بەشت هەمیشە   نەگبەتیی و شەقە   «185،6»

خۆ پێویستیش ناکا، « بەرزنجیی » سەری بناوسێ و ملی بماسێ، چاوی زەق و گوێی لەق بێ، کەف بچێنێ و خۆی تورەکا و بڵێ: خۆ « زێوەر »یش، سروود و هۆنراوەی نیشتمانیی، بۆ منالآنی کورد گوتووە. چونکە، جگە لەوەی، هەموومان وەلآمی ئەو پرسیارەی ئەو دەزانین، من لەو گوتارەدا، تەنیا باسی ئەو هۆنراوە خراپانەم کردووە. ئەگینا دەمتوانی، نموونەش لەسەر سروودەکانی ئەویش بێنمەوە!

73/3. ڕووداو و کارەسات :

ئینجا، دوای ئەوەی « بەرزنجیی »، هیچ لە هەگبە بۆشەکەیدا نەماوە، هەر لە خۆیەوە، چەن ڕووداوێکی مێژوویی و کارەساتێکی نەتەوەیی، تێکەلاو بە باسەکەی « زێوەر » کردووە، وەک پسپۆڕێکی زانا و شارەزایەکی بە توانا، ناوی چەن

سەرکردەیەکی کوردی ڕیزکردووە، گوایە (« نەزمی نوێی جیهانی لەو سەردەمەدا » وای دەخواست کەروداوەکان بەپێچەوانەی خواستەکانی زۆرەرو شێخ مەحمودو سمکۆو شێخ عەبدول سەلامی بارزانی و شێخی نەهری و ئیحسان نوری و ... دەیان سەرکردەو پیاوانی دڵسۆزی تری بەئاکام نەگەیشتووی ئەم نەتەوە بێ چارەیە بێ، هەروەک چۆن دەلال و جرت و فرتی هەموو لایەنەکانی دنیای 1975 ئەوەی سەپاندو خواست کەببێ و هەزاران پەڕەی شیعرو نووسینی ئاواتەخواستی سەرفرازی کورد دران بەدەم ئەو گێژەڵووکەیەوە کە لەولاتی «ملیۆنێ شەهید »وە هەڵیکرد.. ئەوساش هەر ئاوابوو، ئیتر بۆ لەخۆڕا زۆرەر بەرۆشنبیرێکی لاواز دانێین.)»59.3»

لە ڕاستیبیدا، ئەو ڕووداوە مێژوویی و کارەساتە نەتەوەییانە، بەو شێوەیە هەڵ ناسەنگێنرێن. چونکە، هەر یەکەیان ڕەوشی تایبەتیی خۆیان هەبووە. هەر یەکەیان هۆی سەرنەکەوتنی دیاریکراوی خۆی هەبووە. بۆیە، بە تەواویی تێکشکاون و لەنێوچوون. جا هەر لە « شێخ مەحموود »وە بییگرە، تا بە هەرەسی شۆڕشەکەی « بارزانیی » دەگا.

وەنەبێ، هەموو نوچدان و ماڵوێرانییەکانیش، هەمووی هەر خەتای داگیرکەر بوو بێ، هەر « نەزمی نوێی جیهانی لەو سەردەمەدا » وای خواستبێ، وەک ئەو نووسیوێتی. کوردیش خۆی، دەستێکی زۆری لە هەڵە و تاوانەکاندا هەبووە و هەیە. هەروەها، لە هاوکێشە « نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی »یەکانیشدا، هیچ نەبووە و هیچی پێ نەکراوە. بەلام، لێرەدا ماوەی ئەوەمان نییە، لە هەموو قوژبن و کەلێنێکی ئەو گرفتە نەتەوەیی و ڕامیارییانە بکۆڵینەوە.*

74/3. فاکوفیک :

« بەرزنجیی » چارێکی دیکەش، « هێڵی سوور و ڕامیاریی » بەسەرکردۆتەوە و نووسیوێتی: (ناچارین، لەمەشدا هەر بێینەوە سەرئەو باسەی کە سیاسەت ئەو هێڵە سورە دیاریکراوە نیە کەنابێ لێی لابدرێ و تەجاوزی بکرێ، لەم ڕۆژگارەی کەسەدان نمونەی بادانەوەی سیاسی و سەوداو مامەڵەکردن و کڕین و فرۆشتنی تیادێتەدی .. ئەم دێت یەخەی شاعیرێک دەگرێ کەهەرگیز ئەم فاکو فیکەی دنیای ئەمڕۆی نەدەزانی و پەیی پێ نەدەبرد.)»59.3»

---

* هێندێ لەو باسانەم، لە بەرهەمی « کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی »دا باسکردووە. چاپی دووەمی « 2000 » لە « سولەیمانیی » کراوەتەوە.

هەر چەندە، لە کاتی خۆیدا و لە باسەکانی پێشوودا، زۆر بە درێژیی، لەم باسە دواوم. بەڵام، زۆرم حەزدەکرد، « بەرزنجیی » هێندە ئازابووایە، « هێڵی سوور »ی لە نێوان « ناپاکیی » و ڕەخنەلێگرتندا بۆ جیاکردبنایەتەوە. وەک من بە خۆڕایی، لە گۆڕی مێژوو بەر نەدەبوو، پەلاماری سەرانی پارتەکانی کوردستانی بدایە، کە ڕۆژانە چەندین « هەڵە، تاوان و ناپاکیی »، بەرانبەر نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەکەن. ئەدی، « بەرزنجیی » بۆ متەقی لە خۆی بڕیوە؟!! ڕاستە، کاری ڕامیاریی ئەو هێڵە سوورە دیاریکراوە نییە، وەک ئەو نووسیویتی. بەڵام، ناپاکییکردن لە نەتەوە و نیشتمان، هەموو کات و هەموو سەردەمێ، تەنیاوتەنیا هەر ئەو هێڵە سوورەی بۆ دانراوە و بۆ هەموو کەسێکیش دادەنرێ. جا هەر لە جووتیارێکی نەخوێنەوارەوە تا دەرەبەگێ، لە کرێکارێکەوە تا بۆرژوایەک، لە گەداوە تا دەوڵەمەند، لە خوێندکارێکەوە تا مامۆستایەک، لە ئەندامێکی پچووکی پارتەکانەوە تا سەرۆک و سکرتێرەکانیان، لە شالیارێکەوە تا شایەک بیگرە، گەر ناپاکیی بکا، هەر بە ناپاکیی دادەنرێ. چونکە، ناپاکیی هەر ناپاکییەو و یەک ناوی هەیە، بە حەرامزادەی کوڕی داگیرکەران دەژمێررێ و چەندین ناوی دیکەی نییە!

من ڕەخنەشم بەپێی ئەو بابەت و سەردەمە گرتووە، کە هۆنەر تێیدا ژیاوە و بەرهەمەکانی خۆی تێدا نووسیون. جا ئیدی، با چەن کەسێکی وەک « زێوەر »یش، لەم « فاکولیکەی دنیای ئەمڕۆی نەزانیبێ و پەی پێ نەبردبێ ! » ئایا دەکرێ، چەن خۆفرۆشێکی وەک « مەلای خەتێ و موشیری حەمەی سولەیمان »مان بیرچێتەوە و پشکۆیخرێن، هەر لەبەرئەوەی، لەم فاکولیکەی ئەوڕۆیان نەزانیوە؟!! مەگەرئەو کارە، هەر لە دەس دوو نووسەری وەک « مەسعوود محەمەد » و دوکتۆر « کەمال مەزهەر » هاتبێ، هەوڵیاندابێ، بەڵگە و بروبیانووی بۆ بدۆزنەوە، پاک و پیسیش لە مێژوودا دابێن، وەک چۆن لە کەمەی « شێر و خەت »دا هەیە، تا هەر هیچ نەبێ، بە مایەی خۆیانەوە هەڵیانسێن و بە « پاک »یان دابنێن!

.75/3 **ژن :**

« بەرزنجیی »، لە نێو ئەو هۆنراوانەی بە نموونە هێناونیتیەوە، بۆ ئەوەی پاساوی هۆنراوە « مێرالیچیتیی »یەکانی « زێوەر »ی پێ بدا، هۆنراوەیەکی دەربارەی ژن تێهەڵکێشکردووە، گوایە « پیرەمێرد » لە ژن تووڕەبووە و گوتوویەتی:

خوا ژنی بە ژن دروستکردووە — ماڵ و زاووزێی پێ سپاردووە

ئزبان درێژە و عەقڵیان کورتە — ئیتر چیانە لەم جرت و فرتە «39.3»

ئەم هۆنراوەیە، جگە لەوەی بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی بە باسەکەمانەوە نییە. لە دیوانەکەشیدا نییە. کۆتەی ژمارە « 5 » بۆ داناوە. ئەو ژمارەیەش لە یەک کاتدا، لە پەراوێز و سەرچاوەکانیشدا هەیە. لەبەرئەوە، بۆم ساغ نەبووەوە کامیانە؛ گەر پەراوێز بێ، ئەوا دیسانەوە، ئەم هۆنراوەیەشی، هەر بە دەمیی لە « عومەر مارۆف بەرزنجیی » وەرگرتووە. بەڵام گەر لە سەرچاوەکاندا بێ، ئەوا لە « ڕۆژی کوردستان »ەوە وەریگرتووە. خۆ ناشکرێ، شێر و خەتی بۆ بکەم تا بزانم سەرچاوە ڕاستەکەی کامەیە، لەبەرئەوە، هەر وازی لێ بێنین باشترە.
بەڵام، ئەوەی پتر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەوە بوو، ئایا، چیرۆکنووسێکی گەورە و ناسراوی « سێکس »و « ئاڵۆزیشدامرکاندنەوە »ی وەک « بەرزنجیی » بۆ ئەو هۆنراوەیەی لە سەر ژن هێناوەتەوە؟ ئایا، خۆی بۆچوونی بەرانبەر ژن چییە؟ تۆ بڵێی، بە تەوسەوە لە « پیرەمێرد »ی ڕوانیبێ، گەر ئەو هۆنراوەیە هی ئەو بێ، چونکە، سوکایەتیی بە ژن کردووە؟! باوەڕ ناکەم، لەبەرئەوەی، ئەوەی چیرۆکەکانی مامۆستای خوێندبێتەوە، ئەو کاتە بە تەواویی تێدەگا، بە چ شێوەیە لە ژن دەڕوانێ!
« بەرزنجیی »، لە هەموو چیرۆکە « سێکس »ییەکانیدا، ژنی وەک کەرەسەیەکی ڕابواردن و « سێکس » تەماشاکردووە. لە هیچ چیرۆکێکیدا، ژنەکان بێ مەلامەت دەر نەچوون. جا یا ژنەکە خۆی، هاواری لێ هەستاوە و داوای سێکسی کردووە، یا پیاوەکە پەلاماریداوە و بە زۆر، ئەندامی مێینەی داگیرکردووە، ئارەزووی دڕندانەی چەپڵی خۆی پێ دامرکاندۆتەوە.
کاتێ خوێنەر، ئەو جۆرە چیرۆکە « سێکسیی »یانەی مامۆستا دەخوێنێتەوە، وا دەزانێ، کۆمەڵی کوردەواریی، لە ڕووی بەرەڵایی « سێکس »ەوە، کەڵێ لە جادەکانی « هاڤانا »ی جاران، کۆرەپانەکانی « چین »ی پێش شۆڕشەکەی « ماو تسی تۆنگ »و ماڵە کاولێکانی خوارووی « عێراق »ی تێپەڕاندووە! ئەو نموونە سەیرانەی، لەو چیرۆکانەدا هەن، باوەڕ ناکەم، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو، لەو کۆمەڵانەی « سێکس »یش تێیدا ئازادە، هیچ ژنێ بەو شێوەیە، شەرم نەکا و ڕەفتاربکا. هیچ ژنێ بەو جۆرە، سڵ نەکا و ئاڵای بەرەڵایی لێ هەڵکا، هیچ ژنێ بەو ڕەنگە، کۆێ نەداتێ و شوولی لێ هەڵکێشێ، بێ پەردە، بە تێلیفۆن بە مێردەکەی بڵێ: (« ئەگەر تا نیو سەعاتی تر نەهاتەوە، ئەچمە بەر دەرگا و هەر کەسێکم دی، ئەیهێنمە ژوورێ ». ژنەکە پەیمانەکەی بەجێدێنێ و کچەکەشی هەندێ لەو لاترەوە، مەمکەکانی زەلالەتیانە بە دەست کوڕێکەوە.)92،32،

لەوە دەچێ، « بەرزنجیی » ئەوەی بیرچوبێتەوە، کوردیش بە یەکێ لە گەلە موسوڵمان و ڕۆژهەلاتییەکان دادەنرێ، خوورەوشتی تایبەتیی خۆی هەیە. وەک ئەو تێیگەیشتووە، (کۆمەڵگەی کوردەواریی لە سۆزانیی و هەوەسباز پێک نەهاتووە.)«94،32» ئێستەش، لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستاندا، گەر ژنێ ناپاکیی لە مێردەکەی بکا و خەریکی داوێنپیسیی بێ، گەر نەیکوژن، ئەوا یەک و دووی لێ ناکەن، نەفرەتی لێ دەکەن و دەریدەکەن. خۆ گەر کچ بێ و شوو بکا، لە بەر هەر هۆیەک بێ، ئابڕووی خۆی دۆڕاندبێ و بێ بن بێ، گەر سەری لە جەستەی جیا نەکەنەوە، ئەوا مێردەکەی دەریدەکا و تا ماوە، بە چاوێکی زۆر سووک تەماشادەکرێ. جا بە ڕاستیی، ئەوەیە ماڵوێرانیی، کاتێ نووسەرێکی وەک « بەرزنجیی »، کۆمەڵەکەی دەوروبەری خۆی بیردەچێتەوە، سواری پشتی گای هاری ئارەزووەکانی خۆی دەبێ، هەر تەنیا لە ڕوانگەی بەرەڵایی « سێکس »ەوە، لە ژن دەڕوانێ، تووشی ئەو هەڵە گەورانە دەبێ!

4. باسێکی تایبەتیی :

« بەرزنجیی »، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بۆچوونەکانی نێو گوتارەکەی « زێوەر » بشێوێنێ، لە دەرگەی بوختان و درۆ بدا، خەڵکیم لێ هاندا و نەیبڕیان کا. بەڵکوو، زۆر ناشارەزایانە و کاڵفامانە، پەنای بۆ بەر گوتارێکی دیکەی من بردووە، کە بە هیچ جۆرێ، هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە سەر باسەکەی « زێوەر »ەوە نییە. ئەوەشی بۆیە کردووە، تەنیا لەبەرئەوەی بیسەلمێنێ، ئەز ڕیاڵبین نیم و بەردی زل دەهاوێژم و لە ئەندێشەیەکی قووڵ و سەیردا دەژیم.

1/4. عـــــەریزە :

« بەرزنجیی » نووسیوێتی: (ئەگەر بڵێم نووسەر تەنیا ویستوویە حیسابێ لەگەڵ زێوەردا ڕاست کاتەوە، ڕاست ناکەم.. بەوەدا کە ئەو هەتا لەجێیەکی تریشدا هەر وەک نەشارەزاو بێ ئاگایە ڕاوبۆچوون دەردەبڕێ:

« ... ئێمە بۆ مافی کەلتووری یا ئۆتۆنۆمی ـ 15 ـ ساڵ خەباتی چەکداری دەکەین، ڕاست نیە، خۆ ئەوە کۆمەڵگای ئەورووپی نیە ئۆتۆنۆمی بەمەریزەیەک وەرگیرێ)»3، 59-60»

ئەز نامەوێ و نەشمەویستووە، « حیساب! » لەگەڵ « زێوەر » و کەسی دیکەشدا ڕاسکەمەوە. چونکە، من هیچم لەگەڵ ئەو هۆنەرانە و وەچەکانیاندا نەبووە و نییە. هەموو خۆماندووکردن و ڕازەکردنێکیشیانم لەبەرچاوگرتووە. بەڵام، هەرگیز لەو هۆنراوە زۆڵەکە « عێراقچێتیی یانەی هۆنەرانی کورد بێ دەنگ نابم، بەپێی سەردەمەکەش ڕەخنەیان لێ دەگرم، بە بەرهەمی هۆنەرە نیشتمانپەروەرەکانی دیکەی کوردیان بەراوردەکەم. کاتێ یەکێکی وەک « بەرزنجیی »ش دەیەوێ، لە پێناوی نیازە گڵاو و مەبەستە چەپەڵەکانی خۆیدا، دەردی دڵ و زوخاوی ڕەشی هەناوی پڕ لە کینە و نیرەیی خۆی دەربڕێ، خوێنەری کورد چەواشەکا، هەڵبەتە دەبێ، پەنا بۆ بەر باسێکی دیکە و گوتارێکی دیکەی من بەرێ، کە نە لە نزیکەوە و نە لە دوورەوە، هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە سەر « زێوەر » و گوتارەکەی پێشووەوە نییە. بەڵکوو، هەر تەنیا، پێوەندیشی بە کورد و کوردستانیشەوە نییە، تەنیا ئەوەیە، منی بە « ناشارەزا و بێ ئاگا » تاوانبارکردووە، « ڕاو و بۆچوون دەردەبڕم ». با بزانین وایە، یا نا؟!! ئەز زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: کاتێ ئەو دەقەم خوێندەوە، زۆر سەرم سوڕما. چونکە :

1 . ئەو کۆپلەیەی ئەو وەریگرتووە، من نەمنووسیوە. بەڵکوو، لە مێزگردێکی ڕۆژی

«1999/07/19» ی کارمەندانی ڕۆژنامەی « کوردستانی نوێ »ی وەرگرتووە، واتە: ئەو کۆپلەیە ڕۆژنامەنووسێ نووسیویێتی. جا، ئیدی چۆن لە قسەکانی من گەیشتووە و چی نووسیوە، ئەوەیان من لێی بەرپرسیار نیم. بۆ ئەوەی ڕاستیی ئەم قسەیەشم بسەلمێنم، کاتێ مێزگردەکەیان بڵاوکردەوە، بە تێلێفۆن قسەم لەگەڵ « کاوە محەمەد »، سەرنووسەری « کوردستانی نوێ »دا کرد، ناڕەزایی خۆمم دەربڕی و گوتم: باسەکە زۆر بە کەموکوڕیی تۆمارکراوە. لە زۆر شوێندا، قسەکان پچڕاون و لەگەڵ یەکدیدا پێوەندییان نییە، بیرەکە بە گشتیی ڕوون نییە، خەڵکی لەو قسانە تێ ناگەن! ئەوە بوو، داوای لێبووردنیکرد. منیش گوتم: دەبێ، ئەو مێزگردە خۆم بینووسمەوە و بە شێوەی گوتارێ بڵاویکەمەوە. ئەویش، یەکسەر قایلبوو. دواتر، گوتارەکەم نووسی، لە ژمارە « 1928 » ڕۆژی چوارشەممەی ڕێککەوتی « 1999/08/18 » لاپەڕەی « 9 »، بەشی لێکۆڵینەوە، لە ژێر ناوی «بیرورای سەربەست ـ شێوازی خەبات و مافی چارەنووسی نەتەوەکان »دا بڵاو کرایەوە. ئێستە دەتوانم، بڵێم: هەرچی لەو گوتارەدا هاتووە، بە دڵ و بۆچوونی خۆمی دەزانم، لێی پەشیمانیم و هەموو جۆرە بەرپرسیارییەکی لە ئەستۆ دەگرم. جا، باشبوو، هەر دوو ژمارەی ڕۆژنامەکەم لابوو، بەراوردی هەموو قسەکانی خۆم و ئەوم کرد، ئینجا بۆم دەرکەوت، چی نووسیوە! گەر « بەرزنجیی »، کەمێ ووژدانی هەبووایە، زۆر بە هۆش و گۆش بووایە، شارەزا و بە ئاگا بووایە، هەڵبەتە، ئەو گوتارەی دەخوێندەوە، لەگەڵ مێزگردەکەدا بەراوردیدەکرد، ئەو کاتە ئەو قسە سارد و هەرزانانەی بەردایەتەوە! ئەز، بێ سڵەمینەوە دەڵێم: ئامادەم، پەنجە بە چاوێ « بەرزنجیی » و هەزاران « هێراقچیی » فاڵچیی و دەسپیسدا بکەم، گەر یەک ووشەیان لەو بابەتە، لە گوتارەکەمدا دۆزییەوە.

2. « بەرزنجیی »، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، سەر لە خوێنەری کورد بشێوێنێ، قسەی مێزگردێ لە بری بۆچوونەکانی گوتارەکەی من بڵاوکاتەوە. بەڵکوو، زۆر بێ شەرمانە، بە ئارەزووی دڵی خۆی، دەسکاریی ئەو دەقەشی کردووە. ڕێنووسەکەی گۆڕیوە، بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی، لێی قرتاندووە و لێی وەرگرتووە. با بزانین، چون؟ ئەوەی ئەو برایانە لە مێزگردەکەدا بڵاویانکردۆتەوە، دەقەکەی ئەمەیە: (ئێمە بۆ مافی کەلتووری یان ئۆتۆنۆمی « 15 » ساڵ خەباتی چەکداری دەکەین، ڕاست نی یە، تۆ خەبات بکەیت خوێن بڕێژیت ئەنفال بکرێ ی لە پێناوی چی لە پێناوی ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی کە ئەو شێوە خەباتە تەنها لەگەڵ سەربەخۆییدا دەگونجێ و لەگەڵ ئۆتۆنۆمی ناگونجێ خۆ ئەوە کۆمەڵگای ئەورووپی

نی بە ئۆتۆنۆمی بەعەریزەیەک وەرگری.)»9،25» جا، تکام لە هەموو خوێنەرانی کورد هەیە، بەراوردێ لە نێوان ئەو دوو کۆپلەیەدا بکەن، تا بزانن، « بەرزنجیی » چۆن، بە قەیچیی دەسبیسیی خۆی، ووشە و کۆپلەکەی لە یەکدی دابڕیوە، بۆ ئەوەی، تەنانەت نیشانەکانی خاڵبەندیش دابنێ، واتە: لەو شوێنانەی نووسینەکەدا، وەک « عەبەشەکەنە » بازی بە سەر ووشەکاندا داوە، چەن خاڵێکی نیشانەی خاڵبەندیی وەک « ..... ی دا بەناوە.

ئینجا، با دەمەتەقێیەک، لە سەر هێندێ لەو دید و بۆچوونە هەڵانەی بکەین، بزانین، تا چەن ئاگای لە مێژووی خەباتی گەلانی جیاواز هەیە! چۆن لە بابەتەکان نەگەیشتووە و هەر لە خۆیەوە، کوێرانە هەڵی سەنگاندوون. خۆ گەر تەنیا، کوتارەکەی « شێوازی خەبات و مافی چارەنووسی نەتەوەکان ی بخوێندایەتەوە، هەڵبەتە، ئەو پرسیارە دزێو و ناقۆلایانەی نەدەکرد و نەیدەنووسی: (حەزدەکەم خوێنەری هێژا بەرستەی دوایی قسەکەدا بچێتەوەو لەسەری بوەستێ، تا رادەی ماقوڵیەتی ئەم قسەیە دەرکەوێ و ئەوسا بەرەو رووی کەناڵە تەلەفزیۆنیە ناوخۆو جیهانیەکانی دەکەمەوە.. ئەوسا بەرێزدانی سوێندی دەدەم کە: چاوایە؟!)»60،3»

بە راستیی، کەسێ هەر لە خۆیەوە، هەرەمەکیی قسەبکا و هیچ رێزێ بۆ بۆچوونەکانی خۆی دا نەنێ، هەر وەک « بەرزنجیی » لێ بەسەردێ، وڕێنەدەکا و دەڵێی بە دەم خەوەوە، قسە دەبزرکێنێ! کەسێ زمانە نەتەوەییەکەی خۆی بە باشی نەزانی، هەر وەک ئەو کۆڵ و نەشارەزادەبێ. هەڵبەتە، لە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردییش ناگا! هەر چەندە، وەک روونمکردەوە، ئەو قسەیەی نووسراوە: (خۆ ئەوە کۆمەڵگای ئەورووپی نیە ئۆتۆنۆمی بەعەریزەیەک وەرگیرێ)، قسەی من نییە، وا داوای لە خوێنەر کردووە، بەو رستەیەدا بچێتەوە و لە سەری بوەستێ. ئینجا، سوێندی منی داوە و نووسیوێتی: « چاوایە؟! ».

2/4. ئیدیۆم :

بۆ وەڵامی ئەم قسە هەڵەقومەڵەقانەی، لێرەدا نامەوێ، دەومن با ناشی لەگەڵ بکەم. بەڵکوو، تەنیا بەرەو رووی کورتەیەکی « زێوەر » ی دەکەمەوە، کە نووسیوێتی: (شەوی دوایی ئەو نازدارانە، ئەو خانمانە بە پێ یان بە شەوی تاریک رێگای « کانی گۆمە » دەگرن، هەتا دەچنە ئەوێ لە سەد رۆح ئەوەدونۆی لە ترسا زایع ئەکەن.)»39،187-188»

کاتێ، ئەم دەقە دەخوێنمەوە، یەکسەر تێدەگەم، « زێوەر » مەبەسی چی بووە. واتە: زۆر ترساون. ئیدی، چ پێویستیدەکا، سەری خۆم و خوێنەریش بیەشێنم، هاوار

بکەم و سوێندی خەڵکی بدەم، تا بزانن، « زێوەر » چی گوتووە و چۆن زیادەڕۆیی کردووە؟ چونکە، هەموو کەسێ دەزانێ، هەموو مرۆڤێ، تەنیا یەک گیانی هەیە و وەک ئەو نووسیویتی: سەد گیانی نییە، تا ئەوەندوێژی لەدەستبا!

لێرەدا، چەن ئیدیۆمێکی دیکەی زمانی کوردیی بۆ دێنمەوە، تا بزانێ، مەبەس لەو « هەڕیزە »یە چی بووە!

کاتێ یەکێ، چاوەڕوانی یەکێکی دیکە دەکا، پاشان، کەسی دووەم دێ. کەسی یەکەم ئارامی لێ براوە و بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ: سەعاتێکە چاوەڕێتدەکەم. لەوانەیە، هەمووشی چارەکێ نەبێ! بەڵام، لێرەدا مەبەسەکە روونە، هێندە چاوەڕێیکردووە، بێ تاقەتبووە، ئەگینا، هیچ کەسێ، سەعاتێ چاوەڕێی کەس ناکا!

یا کاتێ، یەکێ قسە بۆ یەکێکی دیکە دەکا، کەسی دووەم باش گوێ ناگرێ، یا تێی ناگا، دەڵێ: چۆن؟ کەسی یەکەمیش بە دڵگرانییەوە پێی دەڵێ: سەعاتێکە چەنەو بۆ دەدەم، تازە دەڵێی: چۆن؟ لەوانەیە، هەمووی چەن خولەکەیەکیش بێ، قسەی بۆ کردووە! لێرەدا، تەنیا هەر مەبەس لەوە نییە، ماوەیەکی زۆرە قسەی بۆ کردووە، بەڵکوو، پتر مەبەس لەوەیە، کەسی دووەم گوێی بۆ قسەکانی شل نەکردووە و بایەخی پێ نەداوە. بۆیە، کەسی یەکەم تووڕە و دڵگران بووە و وای گوتووە!

یا کورد دەڵێ: هەتاوێکی ئەوەندە گەرمە، سەری کەچەڵ دەسووتێنێ. جا بەو پێیە بووایە، دەبووایە، لە هاوین و لە کاتی ئەو هەتاوە گەرمەدا، هیچ کەچەڵێ لە ماڵ دەر نەچووایە، هەر لە بەر سێبەر بووایە و هەتاوی نەدیایە. بەڵام، تەنیا مەبەسەکە ئەوەیە، کە زۆر گەرمە.

هەروەها، دووکەڵ لە ماڵی هەڵ ناسێ، واتە: زۆر ڕژدە یا هەژارە. مل لە چەقۆ دەسوێ. واتە: بە دەسی خۆی، خۆی تووشی مەترسییدەکا. دنیای لێ بوو، بە چەرمی چۆلەکە. واتە: تووشی نائومێدیی بووە. زۆر ترسا. بە گیای بەهاردا ناتورێنێ. واتە: بە نەخۆشێ یا پیرێ دەگوترێ، کە باهار نابینێ و دەمرێ.

کەواتە، ئیدیۆم چییە؟ (ئیدیۆم لە دوو ووشەی وەک یەک، یا جیاواز، یا لە کۆمەڵێ ووشەی پێکەوە گونجاو، یا ڕستەیەک یا پتر پێکدێ، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەموویان یەک واتا دەبەخشن.)«5،23»*

---

* لەم بارەیەوە، بە درێژیی لە سەر « ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیی » نووسیومە و لێی کۆڵیومەتەوە. گەر خوێنەر دەیەوێ، پتر بزانێ، دەتوانێ، تەماشای هەر دوو سەرچاوەی ژمارە «5،23» و «28، 449-467» بکا.

ئەم ئیدیۆمانە، لە ژێر خانەی « ئیدیۆمی تێکئالاو »دا، پۆلێندەکرێن. هەر چەندە، شێوەی زیادەڕۆیی و پێوەنانیان پێوە دیارە، بەڵام، بۆ مەبەستێ بەکاردێنرێن، کە لەو واتایانەوە نزیکبن. ئەو ئیدیۆمانەش، لە هەموو زمانێکی گەلانی جیهاندا هەن.
جا، گەر کورتەنەڵەی « ئەستێرە »ی منالان و ئەسپە بێ سوارەکەی « شەڕی چەتەکەریی »، لە جیهانی وێژەدا لە واتای « ئیدیۆم » نەگا، ئیدی دەبێ، گلەیی چی لێ بکەم! هەڵبەتە، هەموو خوێنەوار و ڕووناکبیرێکی بە هۆش تێدەگا، مەبەس لەو « عەریزە »یە چییە؟ چونکە، گەر داواکارییەکە، لەگەڵ سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا بەراوردکەین، هێندە قورس و گەورە نییە، ئەو هەموو خوێنەی بۆ بڕێژرێ، شێوازی بەدیهێنانەکەی، هێندە سەخت و گران نییە، تا ئەو هەموو خەباتە دووروودرێژەی لە پێناودا بکرێ. بەڵکوو، بە ئاسانیی ئەو مافە وەردەگیرێ، نەک وەک کورد، نزیکەی حەفتا ساڵە بۆی تێدەکۆشێ.
من لەوە دڵنیام، « بەرزنجیی »ش ئەوە چاک دەزانێ و لە مەبەسەکەم گەیشتووە. بەڵام، کە یەکێ ویستی، یاری بە ئاگر بکا، تەپڵی بێ عاریی بکوتێ، قسەکانی تەرمتۆڵەکەی نەگاتێ، دەمۆڵی دڕابێ و دەنگی بڕابێ، هەر دەبێ، بەو شێوەیە ڕەفتارکا، کە ئەو کردوویەتی. چونکە، بە چاویلکەیەکی تەڵخ و تەماویی پڕ لە داخ و قینەوە، تەماشای بەرهەمەکەی کردووە! چەن نموونەیەکیشی هێناوەتەوە، بە تەواویی لەگەڵ ئاستی زانیاریی وڕۆشنبیریی خۆیدا دەگونجێ، هێندە ناوشیارانە، ئەو نموونانەی باسکردووە، دەڵێی: بە بێژنگ، ئاو لە کانی دێنێ!
3/4. مافی نەتەوەیـــــــی :
پاشان نووسیوێتی: (وا دیاره ئەلبانی نەژادەکانی کۆسۆڤۆو خەڵکی بۆسنەو هەرسک و باسکی ئیسپان.. بێ ئاگان لەم ڕێگاو شێوازە سوک و ئاسان و بێ سەر ئێشەیەی نووسەر دەیزانێ، ئەگین لەپای چی خۆیان تووشی ئەو هەموو ماڵوێرانی و خوێنڕشتن و ئەتککردنی شەرەف و ناموسە دەکەن لەلایەن ڕژێمێکی ئەورووپی خاوەن لوتکەی شارستانیەتەوە.
ئەو سەدان قەبرە بەکۆمەڵ و سوکایەتی و کچ و ژن و منداڵ ئەتککردنە کەرژێمی « وەحشی گەری » میلۆسۆڤیچ بەنەتەوە غەیرە سربیەکانی کرد، دانی بەشێکە لەو « عەریز »ەیەی کەبەرز دەکرێتەوە بۆ وەرگرتنی حوکمی زاتی!) «60،3».
سەرەتا دەڵێم: « بەرزنجیی » نەک هەر لە سەرچاوە مێژوویی و ڕامیارییەکان کەڵکی وەر نەگرتووە، بەڵکوو، هەواڵەکانیش بە ئاوەڕوو تێگەیشتووە! جا، گەر وا نەبووایە، هەڵبەتە دەیزانی، ئەو کەمینە و گەلانە، بۆچی خەباتیانکردووە و لە

پێناوی چیدا خوێنیان ڕەواکردوون! دیارە، ئەو کەمینە و گەلانەی، ئەو بە « نەتەوە غەیرە سربییەکان! » ناوی بردوون،* ئایا، بۆ ئۆتۆنۆمیی خۆیان بە کوشتداوە؟ یا ڕژێمە خوێنڕێژە دڕندەکەی کۆنە کۆمۆنیستەکان ویستوویانە و دەیانەوێ، بە لەنێویانبەرن و وەک ڕەگەز پاکتاویانکەن؟ چۆن « بەعس و سەددام » دەیانویست و دەیانەوێ، کورد جینۆسایدکەن، ناوی کوردستان، لە بیر خەڵکی بەرنەوە!

ئەو نموونانەی هێناویشتییەوە، لەگەڵ یەکدیدا جیاوازییان هەیە. چونکە، لە چەن دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتماندا ڕوویانداوە. لە سەردەمی جیاجیادا سەریانهەڵداوە. ئەو کەمینە و گەلانە، هەر یەکەیان داواکاریی جیا و هۆی تایبەتیی خۆیان هەیە. کێشە و باسەکانیشیان، لە ڕووی « مێژوویی، نەتەوەیی، ڕامیاریی، ئاشتیی و ماف »ەکانیانەوە جیاوازییان هەیە.

4/4. دوو بەرەی جیاواز :

نازانم، مەبەس لە « کۆمەڵگەی ئەوروپایی » چییە و کێیە؟ چونکە، لە دوای جەنگی یەکەم بە گشتیی و جەنگی دووەمی جیهان بە تایبەتیی، دەوڵەتەکانی ئەوروپا، لە ڕووی جوگرافیاوە، بەسەر دوو بەرەی جیاوازی خۆرهەلات و خۆراوا، لە ڕووی سیستێمی ئابوورییەوە، سۆسیالیست و سەرمایەدار، لە ڕووی دەسەلاتی ڕامیارییەوە، دیکتاتۆر و دیمۆکراسیی، لە ڕووی گەلەکۆمەکیی سەربازییەوە، بە سەر دوو بلۆکی « وارشۆ »و « ناتۆ »دا دابەشکرابوون. ئایا مەبەسی لە ئەوروپای « خۆرهەلات، سۆسیالیست، دیکتاتۆر و بلۆکی وارشۆ » یا ئەوروپای « خۆراوا، سەرمایەدار، دیمۆکراسیی و بلۆکی ناتۆ »یە؟ چونکە، هەر یەکێ لەو کەمپانە، باری تایبەتیی و ڕەوشێکی کارگێڕاوی خۆیان هەیە. هەموو ئەو کەمینە و گەل و نەتەوانەی، کە بن دەسیتشتیاندان، لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازییان هەیە. بۆیە، جۆری گرفتەکان لە یەکدی ناچن، جۆری چارەسەرکردنەکانیشان، لە یەکدییەوە دوورن. دوژمنەکانیشیان خەسڵەت و ڕەوشتی « مرۆیی، ڕامیاریی، سەربازیی و دیپلۆماسیی »یان جیاوازیان هەیە.

بۆ ئاگاداریی « بەرزنجیی » و خوێنەوارانیش، لە سەر ئەو باسانە، چارەکی یەکەمی سالی « 1996 » چاپی یەکەمی « فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ »م لە «سوید» چاپ و بلاوکردەوە. چاپی دووەمیشی، لە مانگی « یون »ی هەمان ساڵدا،

---

* ئەوە نیشانەی نەشارەزایی « بەرزنجیی » دەردەخا. چونکە، جیاوازیی لە نێوان هێندێ زاراوەی ئێتنیی وەک « کەمینەی نەتەوەیی، گەل و نەتەوە »دا نەکردووە.

لە كوردستان لە لایەن « دەزگای دیموكراسیی » ەوە چاپ و بلاوكرایەوە، بەرهەمەكەش، لە دڵ و دەروونی خوێنەرانی كورددا، جێی شیاوی خۆی كردۆتەوە. تەنانەت، گۆڤاری « ئاڵا »ی « پارتی سەربەخۆیی كوردستان »یش، دوای ئەوەی مۆڵەتیان لە خۆم وەرگرت، پێشەكییەكەی بەشی یەكەمیان، لە ژمارە « 30 »دا بلاوكردەوە.7.21، ئەو نموونانەی « بەرزنجیی » هێناویەتییەوە، بەشی زۆری لە دووتوێی ئەو بەرهەمەدا باسكراون لە هەموو ئەو باسانە دواوم، كە ئەو پەنجەی بۆ راكێشاوە. جا، گەر ئەو دوای باسەكان بكەوتایە، ئەو بەرهەمەی بخوێندایەتەوە، ئاستی « رووناكبیریی، بە ئاگایی و هوشیاریی »ی تەنانەت لە بالای خۆشی كورتر نەبووایە، هەڵبەتە، هەر لە خۆیەوە ئەو قسانەی نەدەكرد! بەلام، وا دیارە، ئەو ئاگای لە زۆر شت نییە، ئەوەشیان گوناهی من نییە! لێرەدا، هەوڵدەدەم، لە بەر رووناكایی رووداوە مێژووییەكانی ئەو سەردەمانەدا، بەپێی كۆن و نوێیی سەردەمی كێشەكان، هێندێ لەو باسانە روونكەمەوە.

5/4. « باسك » :

لێرەدا، لەچاو كێشەی كەمینە و گەلانی دیكەدا، پلەیەخێكی تایبەتیی بە كێشەی نەتەوەیی نەتەوەی « باسك » دەدەین و كەمێ بە درێژیی لێی دەدوێین.

گرفتی نەتەوەیی « باسك »، گرفتێكی گەلێ كۆنە. زۆر لە مێژە، رۆڵەكانی نەتەوەی « باسك »، لە پێناوی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێكی نەتەوەییدا خەبات دەكەن. بۆیە، سەرتاسەری مێژووی نەتەوەییان، لە خوێن هەڵكێشراوە. بەلام، ئەوان هەرگیز كۆڵیان نەداوە، هەمیشە لە سەر تێكۆشانی خۆیان بەردەوامبوون.

« باسك »ەكان، بە زمانی نەتەوەیی خۆیان، بە وڵاتەكەیان دەڵێن: « ئۆسكادیی ». ئەم وڵاتە، لە دوو ناوچە و حەوت هەرێمی جیاواز پێكهاتووە. « ئۆسكادیی سەروو » سێ هەرێمە و لە بندەستی داگیركەری « فەرەنسا »و « ئۆسكادیی خواروو » چوار هەرێمە و لە ژێردەستی داگیركەری « سپان » دان. واتە: نیشتمانەكەیان لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئەورووپایی داگیركەری « فەرەنسا و سپان »دا دابەشكراوە.

ژمارەی دانیشتووانیان، دەوروبەری پێنج ملیۆن دەبێ. هەموو مەرجەكانی نەتەوەیان تێدا هەیە. نەتەوەیەكی سەربەخۆ و دیاریكراوی ئەوتۆن، بە ئاسانیی لە هەر دوو نەتەوەی « فەرەنسا و سپان » جیادەكرێنەوە. چەن جارێ، دەوڵەتۆچكەی سەربەخۆیان دامەزراندووە. بەلام، هەموو جارەكان، لە لایەن داگیركەرانەوە رووخێنراونەتەوە. دوای شۆڕشی « فەرەنسا »ی ساڵی «1789»ـدا، وڵاتی ئۆسكادیی « دووپارچەكرا و هەر پارچەیەكیشیان، بە یەكێ لەو دوو دەوڵەتە

بەستەوە. ئیدی لەو کاتەوە، داگیرکەران بە هەموو شێوەیە هەوڵیانداوە، رۆڵەکانی نەتەوەی « باسک »، لە بۆتەی نەتەوەکەی خۆیاندا بتوێننەوە. بە تایبەتیی، کاتێ جەنگی نێوخۆ سالی « 1872-1879 » لە « سپان » هەڵگیرسا، رەوشی نەتەوەیی و رامیاریی « باسک »ەکان زۆر خراپتربوو.
پێش هەموو شتێ دەبێ، ئەوە بزانین، (« سپان » دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمانە، لە گەلانی « کەستیلان، باسک، کەتەلۆن ... تاد» پێکهاتووە. دەسەلاتی رامیاریی، بە دەس گەلی « کەستیلان »ی بالادەسەوەیە و پێتەختەکەشیان «مەدرید»ە.)«29، 61-62» واتە: ئەو گەلانەی دیکەی، لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی « سپان »دا دەژین، لە مافە نەتەوەییە سەرەکییەکانی خۆیان بێ بەشکراون. گەلی بالادەس، لە « ئۆتۆنۆمیی» پتری، پێ رەوا نەبینیوون. چونکە، (لە بەندی دووی دەستووری « سپان »دا دەڵێ: « نەتەوەی سپان نابێ، پارچەپارچەکرێ. »)«20،46»
کێشەی « باسک »ەکان لە دەوڵەتی « سپان »، کێشەیەکی گرگرتووی سەردەمە و لە گەلێ رووەوە، لە کێشەی کورد دەچێ. « باسک »ەکان، زۆر لە مێژە، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ناسیۆنال دەکەن. چەن جارێ ئەو کێشەیە، لە لایەن دەوڵەتەکانی جیهانەوە باسکراوە. بەلام، فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی « سپان »، بۆ ئەوەی لە بایەخی کێشەکەیان کەمکەنەوە، هەموو ووڵاتی «سپان »یان، بە سەر چەن ناوچەیەکی « ئۆتۆنۆمیی » تایبەتییدا دابەشکردووە.
سەرەتای بزووتنەوەی نوێی رامیاریی و چەکداریی « باسک »، بۆ سالی « 1895» دەگەڕێتەوە. ئەو سەردەمە لە خەباتی رەوای نەتەوەی « باسک »دا، بە قۆناغێکی نوێی بوژانەوەی نەتەوەیی دادەنرێ. چونکە، (« سابینۆ دی ئارانا کویری » باوکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی « باسک»، بیناى فەلسەفەی نەتەواویەتی « باسک »ی کرد و چەمکی نەتەوایەتی « باسک » و ووڵاتی یەکپارچەی « باسک » و ئارم و نیشانە و ئالای « ئۆسکادیی» یەکگرتووی دانا. ئەمە بووە هۆی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی و بەئاگاهاتنەوەیەکی میللیی لە سەرتاسەری « ئۆسکادیی »دا و بە تایبەتیی لە باشووری « ئۆسکادیی»دا کە بە پێکهێنانی « پارتی نەتەوایەتی باسک ـ P.N.V. »، خەباتی گەلی « باسک » بووە، خەباتێکی رامیاریی کۆمەلایەتیی. شەهیدبوونی رابەر و پێشەوای بزووتنەوەکە، لە تەمەنی «37 » سالاندا، بە دەسی نیسبانییە داگیرکەرەکان و لە یەکێ لە بەندیخانەکانیدا، ئەوەندەی دیکە تاوی بە کلپە و گڕی ئەو خەباتە رزگاریخوازانەیە سەند.)«26،7»

سالی « 1931 »، رژێمی پاشایەتیی لە « سپان » رووخا. کۆماری دیمۆکراسیی دامەزرا. « باسک »ەکان لە رێی پارتەکەیانەوە، لەو پرۆسێسە شۆڕشگێڕییەدا بەشدارییانکرد. ئاواتی سەربەخۆیی تەواو، لە دڵ و دەروونی رۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی « باسک »دا چەکەرەیکرد. هەر هەمان ساڵ، ریفراندۆمێکی ئازادیان بۆ ئەو مەبەستە، لە ناوچەکانی « ئۆسکادی»دا سازکرد. (لە 85٪ی خەڵکەکە دەنگیان بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی میللیی خۆیان دا.)«26،7»

بەڵام، ئەم ئازادیی و خۆشییە، زۆری نەخایان، تا جارێکی دیکە، ئاگری جەنگی نێوخۆ، بە دەستی هێزە کۆنەپەرست و دەوڵەتەکانی دەرەوە خۆشکرایەوە. جەنگەکە بەردەوامبوو، هەموو « سپان »ی گرتەوە. رۆڵەکانی نەتەوەی « باسک »، زۆر بە شێوەیەکی قارەمانانە، داکۆکییان لە ئازادیی و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد.

لە « 1936/08/18 »دا، ژەنەڕاڵ « فرانکۆ »، لە لایەکەوە، بە پشتیوانی هەموو هێزە کۆنەپەرست و دەرەبەگەکانی نێوخۆ، لە لایەکی دیکەشەوە، بە یارمەتیی و کۆمەکی هێزەکانی « مۆسۆلۆنیی » فاشیی و « هیتللەر »ی نازیزیی توانی، هێزەکانی دیمۆکراسیخواز و شۆڕشگێڕەکان بشکێنێ، پەلاماری کۆمارەکە بدا و بیروخێنێ. بەڵام، « باسک »ە شۆڕشگێڕ و پارتەکەیان، کۆڵیان نەدا و داکۆکییان لە خۆیان و کۆمارە سەربەخۆکەیان کرد. لە « 1936/10/07 » سەرۆکی میریی ئۆسکادیی »، « جوزی ئەنتۆنیۆ دی ئەگیر »، دەوڵەتێکی یەککگرتووی لە ناسیۆنالیست، کۆمۆنیست، سۆسیالیست و کۆمارخوازەکان، بە ناوی دەوڵەتی « یەکێتی نیشتمانیی »یەوە دامەزران. (بەمە کۆماری باسکی سەربەخۆ دروسبوو.)

«27،7» بەڵام، دوای جەنگێکی سەختی خوێناویی، هێزەکانی « فرانکۆ »، بە یارمەتیی « ئیتالیا و ئەڵمانیا » توانیان، لە « 1937/04/26 »دا، شاری «گێرنیکا »ی خۆراکر و لە «06/19»ی هەمان ساڵیشدا، هەموو شارەکانی دیکە داگیرکەنەوە و کۆتایی بە تەمەنی کورتی کۆمارە ساواکەیان بێنن. جگە لەوانەی، لە بەرەکانی جەنگ و بە بۆمبای فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمنان و داگیرکەران کوژران، کاتێ وڵاتەکەشیان بە تەواویی کۆنترۆڵکرد، (پەنجا هەزار باسکییان لە سێدارەدا و نزیکەی دووسەد هەزار کەس لە تاو گیانی خۆیان هەڵاتنە دیوی ئەو دیوی « ئۆسکادیی ـ ئۆسکادیی سەروو بە زۆر بەسراو بە فەرەنساوە. »)«28،7»

ئەو کارەساتە نەتەوەییانەی، بە سەر گەلی « باسک »ی خوارووی هات، وژدانی نەتەوەیی زۆربەی « باسک »ەکانی سەرووی وروژان. لە ئەنجامدا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی گەرم سەریهەڵدا. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، ناکۆکیی لە نێوان ڕیزەکانی

« پارتی نەتەوایەتیی باسک »دا پەیدابـــوو. (لە ساڵی « 1956 »دا، ڕێکخراوەی « ئیتـا ــ E.T.A. » لە « پارتی نەتەوەیی ئۆسکادیی » جیـابۆوە و دوا جـاریش خۆیان بوونە دوو باڵ « E.T.A.-V. » و « E.T.A.-VI » کە ئەوەی دواییـیان «مـارکـسیی ــ لینینیی »یە. ئەم ڕێکخـراوە ڕێکخـراوێکی سـەربازییـەو ناوی «ئازادیی ئۆسکادیی »یە.)«46،7»

ڕێکخراوی « ئیتا »، بە هەمـوو درێژایی داگیرکردنی نیشتـمانەکەیان و دەسەڵاتی «فرانکۆ »، لە خەباتکردندا بووە. بە سـەدان نەبەردیی و کاری سـەربازییان، دژی هێزە داگیرکەر و سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی « سپان » ئەنجامداوە. لە نێو گـەلی « باسک »ەکانی « فەرەنسـا »شدا، چەندین ڕێکخراوی « کەلتووریی، ڕامیاریی و کۆمـەلایەتیی » دروسـتبـووە، ڕۆڵێکی گـەلێ مـەزنیـان، لە بوژاندنەوەی هەسـتی نەتەوەیی و گیانی بەرەنگاربوونەوەدا وازیکردووە.

ئەوە بوو، ژەنەراڵ « فرانکۆ »، دوای نزیکەی سـیوهەشت سـاڵ فـەرمـانڕەوایی و دیکتاتۆریی، خوێڕشتن و مـاڵوێرانیی، لە « 1975 »دا مرد. دوای ئەو مێژووەش، ڕەوشی « سپـان » بە گشتیی و « باسک » بە تایبـەتیی، کـەمێ گۆڕا. وردەوردە، بەرەو باشتر ڕۆیشت. تا لە سـاڵی « 1982 »دا، پارتی « سۆسیـال دیمۆکرات »، دەسـەلاتیـان وەرگـرت. پرۆژەیەکی « ئۆتۆنۆمـیی »یان پێشـنیـازکـرد. بەڵام، ئەو پرۆژەیە نەیتوانی، کێشـەی ڕەوای « باسک »ەکان چارەسـەرکا. ئەو گرفتە، هەروا بێ چارەسـەرکـردن مـایەوە. چونکە، ئەوان لە سـەر داوای سـەربەخۆیی خۆیان سووربوون و ئێستەش، هەر خەبات بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی دەکەن.

بە کورتیی، زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی نەتەوەی « باسک » و ڕێکخـراوە ڕامیاریی و سـەربازییـەکانی، تا ئەمڕۆش، پێیان لە سـەر « سەربەخۆیی تەواو، یەککگرتنەوەی هەر دوو بەشـەکەی نیشتـمـان و دامـەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ » داگرتووە و خەباتی بۆ دەکەن. ئەو « ئۆتۆنۆمیی »یە کارتۆنییەی هەشیانە، بە هەمـوو شێوەیە ڕەتیدەکەنەوە! جا، با « بەرزنجیی »، باش لە داسـتـانی خوێناویی و قارەمـانانەی نەتەوەی « باسک » تێبگا، بزانێ، چییان دەوێ، هەر تەنیا بە « عەریزەیەک » قایل نابن، « ئۆتۆنۆمیی »یەکی هیچ لەبارانەبوویان بدەنێ! گەر تا ئێستـەش پێی وابێ، « باسک »ەکان داوای « ئۆتۆنۆمـیی » دەکـەن، ئەوا زۆر « یاغنیـشـە »!. چونکە، دەنگوباسی « تەقاندنەوە، دەسوەشاندن، گیانبازیی، گرتن و ڕاونان »ی ڕۆڵەکانی « باسک »، لە ڕێی « ڕۆژنامە، گۆڤار، وێزگەی ڕادیۆ و کەناڵەکانی تێلیڤیزیۆن »ەوە، جگە لە گوێی « بەرزنجیی »، گوێی گەلانی جیهانی کەرکردووە!

6/4. « یۆگۆسـ‌ـــــــلافیا »:

کێشـەی نەتـەوەیی « بۆسنە و هـەرسـک » و « ئەلبـانەکـانی کۆسـۆڤـۆ »، گـەلێ لە کێشـەی « باسک ەکانی « سپان » جیاوازترە. چونکە، لێرەدا جیاوازیی ئایینیی، رۆڵێکی سـەرەکیی و کاریگەریی، لە قووڵبوونەوەی گرفتەکەدا بینیوە. جگە لەوەی، هەر دوو دەوڵەتی « سـپان و یۆگۆسلافـیا »، لە هەموو روویەکەوە جیاوازییـیان هەیە. چونکە، یەکـەم بە دوڵەتێکی دیمـۆکـراسیی دادەنرێ، مـێژوویەکی دێرینی هەیە، دەوڵەتێکی رەسـەنە و لە مێژوودا، رۆڵی داگیرکەرانە و ئیمـپریالیزمـانەی خۆی بینیوە. تەنـانەت سـەردەمێ « ئەمێریکا »، بەشێکی زۆری « ئەمێریکای لاتین » و وولاتانی جیـهـانـیشیـان داگیرکـردووە. لە رووی جوگـرافـیاوە، لە « خۆراوای ئەورووپا »دا هـەڵکەوتووە. ئابووری وولات، لە سـەر سـیـسـتـێمی سـەرمـایەداریی دامەزراوە. ئەندامێکی کارای بلۆکی « ناتۆ »یە.

بەلام، « یۆگـۆسـالافـیا » دەوڵەتێکی رەسـەن نییـە، وەک « عـێـراق » دەوڵەتێکی هەڵـتـۆقـیـوە و دوای جـەنگی دووەمـی جیـهـان دامـەزراوە. لە رووی دەسـەلاتی رامـیـارییـەوە، بە دەوڵەتێکی تۆتالیـتـێریی و دیکتـاتۆریی دادەنرێ. جـێگەی جوگـرافـیـای لە « رۆژهەلاتی ئەورووپا »دایە. ئابووری دەوڵەت، لە سـەر بنچینەی سیـسـتـێمی سۆسـیالیـزم دارێژراوە. مـاوەیەک ئەندامی بلۆکی« وارشـۆ » بوو، پاشان لەو بلۆکە دەرچوو، لەگەڵ « میسر و هیندسـتان »دا، کۆمەڵی « دەوڵەتە بێ لایەنەکانیان » دروسکرد.

پێش گۆرانکارییەکانی جیهان، سەرانی « یۆگۆسلافیا »، کێشەی نەتەوەییان، لە بەر رۆشنایی فەلسـەفەی « مارکسیزم ـ لینینزم »دا چارەسـەرکردبوو. ئەویش، لە مـافی دیاریکردنی چارەنووسـدا خـۆی دەنوێنێ. لەبەرئـەوە، هەمـوو ئەو گـەل و نیشتمـانە جیاوازانەی، لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێکی فیدراڵییدا کۆکردبۆوە و « یۆگۆسلافیای فیدراڵیی »یان پێکهێنابوو. واتە: « بۆسنە و هەرسک »، یەکێ لەو هەرێمە فیدراڵییانە بوو. « پارتی کۆمۆنیستی یۆگۆسلافیا »، تاکە پارت و سـەرکردەی هـەموو گەلانی دەوڵەتە فـیدراڵەکە بوو. تا ئـەو کاتەی گۆرانکارییە گەورە و گرنگەکانی سیستێمی جیهان روویدا، بلۆکی « وارشۆ » هەڵوەشـایەوە، دەوڵەتە سۆسـیالیسـتـەکان، یەک لە دوای یەک تێکچوون. ئیدی، پشکۆی بن کـای کـۆنی هـەسـتی نەتـەوەیی، گـەلانی جـیـاوازی نێـو ئەو دەوڵەتە فـرە نەتەوە و نیـشـتـمـانانە گەشـایەوە، ناکـۆکـییـەکـان بە تەواویی تەقـینەوە. فـەرمـانرەوا جیاجیاکانی هەرێمە فیدراڵییەکان، لەگەڵ دەسەلاتی دیکتاتۆریی « بلگراد »دا

تێکچــوون. ڕۆژبەڕۆژ تا دەهات، ڕەوشـی « نەتەوەیی، ڕامـیـاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی و ئایینیی » بەرەو خراپتر دەڕۆی، تا وای لێهات، وەک بەرمیلێ باروت وا بوو، تەنیا دەنکە شقارتەیەکی دەویست، بۆ ئەوەی گڕگرێ و بە تەواویی بتەقێتەوە.

بەڵێ، کێشەی گەلانی « یۆگۆسلافیا »، پێش هەموو شتێ، بە کێشەیەکی نەتەوەیی و ڕامـیـاریی دادەنرێ. کێشـەیەکە، هەر لە بنچـینەوە، بە شـێـوەیەکی نیـوەناچڵ چارەسەرکراوە. چونکە، وەک چەن جارێکی دیکەش نووسیومە: « ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی » ناتوانێ چارەسەرێکی بنەبڕیی کێشەی نەتەوەیی گەلانی بندەس بکا. بەڵکوو، چارەسەری بنەبڕیی، تەنیـا خـۆی لە سـەربەخـۆیی تەواو و دامـەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا دەبینێ و بە تاکە ڕێگەش دادەنرێ. (تاقیکردنەوە مێژوویییە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، لە دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانەکاندا، ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە سەرانی ئەو دەوڵەتانەی کێشەی نەتەوایەتییان، لە بەر ڕووناکایی بیروباوەڕێکی ڕەگەزپەرستانە و ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیزمانەی شۆڤێنیستانە و ڕەفتارفاشییانە و جیاوازیی ئایین و ئایینزادا چارەسەرکردووە، هەمیشـە دووچاری کـارەسـاتێکی نەتەوەیی گـەورەی مـاڵوێرانکەرانە و جـەنگی نێوخـۆ و کوشتن و بڕین بوون. لە پەشیـمـانیی و سـەرکەردانییش زیاتر، هیـچی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە و دەس نەکەوتووە. وەک هەموو تاقیکرەدنەوە تفتوتاڵەکانی « ئەڵمانیای نازیی، ئیتالیای فاشیی، ئیمپریالیزمی یابانی، ئێرانی سەردەمی شا و مەلا فەناتیکەکانی ئەوڕۆ، عێراقی سەددام، تورکیای کەمالیی، یۆگۆسلافیای کۆمۆنیست و فیلیپین ... هتد »)«73،20».

چونکە، (تاقیکردنەوەکانی دەوڵەتی فیدراڵ لە جیهاندا، ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە سیستێمی فیدراڵیزم، بە هەموو جۆرەکانییەوە، دۆست و دوژمنان چۆنی لێ تێـدەگـەن و چۆنی لێکدەدەنەوە، تەنیـا بـۆ ئەو دەوڵەتە گـەورانە یەکـەڵکدێ و سەرکـەوتنی بەدەسـهێناوە، بە ژمـارەی دانیـشـتـووان زۆرن و بە پانتـایی خـاک گەورەن، تا کارە بەڕێوەبەرێتییەکانی نێوخۆی ناوچە و هەرێمە جیاوازەکانی دەوڵەتەکـە، بە شێـوەیەکی ڕێکوپێک و یەکسـان، لە نێوان خۆیاندا دابەشکەن، کاریگەرانە و چالاکانە بەڕێوەبەرن، بە ئاسـانترین شێوە بژین، بیرۆکراتییەت کـەمکەنـەوە، ژیانی کـۆمـەڵانی خـەڵکی لە ڕووەکـانی « ئابووریی، کـۆمـەڵایـەتیی و فەرهەنگیی »یەوە چاکترکەن. وەک تاقیـکردنەوە سەرکەوتووەکانی « ئەمێریکا، ئەڵمانیا ... هتد » کە ئەو دەوڵەتانە، هەموویان لە یەک نەتەوە و لە یەک نیشتمان

پێکهاتوون. خاوەنی یەک دەوڵەتی یەکگرتووی ناسیۆنالی خۆشیانن. بەڵام، لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، سیستێمی فیدراڵیی پێڕەودەکەن.

لە هەمان کاتیشدا، تاقیکردنەوەکانی یەکێتی فیدراسیۆن لە دەوڵەتە تیریتۆریاڵەکاندا، ئەوەمان نیشاندەدەن، تا ئێستە، لە هیچ یەکێ لەو دەوڵەتە تیریتۆریالانەی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی گەلانی جیاوازی نێو چوارچێوەی دەوڵەتە فیدراڵەکە، سیستێمی فیدراڵیی تێدا پیادەکراوە، سەرکەوتنی بە دەس نەهێناوە، لە « گێرمەوکێشە، هەراوئاژاوەی نێوخۆ، جەنگی نێوان گەلانی نێو دەوڵەتە فیدراڵەکە » زیاتر، هیچ جۆرە « خێروبێر، خۆشیی، ئازدیی و سەرفرازیی »یەکی بەو گەلانە نەبەخشیوە. گەر لە یەکێ لە وڵاتەکانی جیهانیشدا، سەرکەوتنێکی بەدەسهێنابێ، ئەوا وەک چارەسەرێکی نیوەوناچڵ، شتێکی ئەوتۆ نەبووە و نییە، تا باسکرێ. چونکە، تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتیی بووە و تا سەر بڕی نەکردووە و هەڵوەشاونەتەوە، ناو و نێوبانگیشیان، تەنیا وەک یادگارێ لە لاپەڕەکانی مێژوودا ماونەتەوە، چونکە، سیستێمی فیدراڵیزم، بۆ ئەو دەوڵەتانەی لە چەن نەتەوە و نیشتمانێکی جیاواز پێکدێن، وەک شرینقەیەکی بەنج وایە، هەر کە بەنجەکە خاو بۆوە و ماوەکەی تەواو بوو، هەموو گیروگرفتەکانی نێوان گەلە جیاوازەکانی دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانەکە، سەرلەنوێ هەڵدەدەنەوە. بۆیە، بیروباوەڕی فیدراڵیزم چارەسەرێکی تەواوی بنەبڕیی هەموو تەنگوچەڵەمەکانی نێوان گەلە جیاوازەکان ناکا. لە هەموو ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانانەی تێشیدا بەکارهێنراوە، تا ئێستە سەرکەوتوو نەبووە و هەرگیزا و هەرگیزیش سەرکەوتوو نابێ، وەک « تاقیکردنەوەکانی یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو، یۆگۆسلاڤیای کۆن، گیروگرفتی چیچێن لە ڕووسیای فیدراڵ، کێشەی کوبیک لە کەنەدا، ناکۆکی نێوان فالۆن و فلامۆنەکان لە بەلچیکا ».

جگە لەوەی، گەر یەکێتی فیدراسیۆن، لە چەن وڵاتێکی وەک « هیندستان و سویسرا »دا، تا ئێستە، جۆرە سەرکەوتنێکیشی بەدیهێنابێ، ئەوا تا سەر هیچ جۆرە گەرەنتییەک، بۆ مانەوە و بەردەوامبوون و گەشەکردنی نییە. بۆ نموونە : «سویسرا »کە بە سەرچاوەی ئازادیی و دیموکراسییەکی ڕاستەقینە دادەنرێ، کێشەی نەتەوایەتیی تێدا بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و شارستانییانە چارەسەرکراوە، لە ساڵی « 1798 »ەوە دەوڵەتی کۆنفیدراڵیی و لە « 1848 »ەوە دەوڵەتی فیدراسیۆنی تێدا دامەزراوە. دوای ئەو هەموو تێکۆشان و پێکەوە ژیانی

هاوبەشـەش، تازە خـەریکە چەن بزووتنەوەیەکی نەتـەوایەتی، لێـرە و لەوێ دروس دەبێ، تازە خەریکە ناوچەی « بێرا کە » داوای جیابوونەوە لە « سویسرا » دەکەن، تازە خـەریکە بزووتنەوەی « ژنێڤی ئـازاد »، لە لایەن کۆمـەڵێ « خـەڵک، نووسـەر و ڕۆشنبیر »ەوە، لە « ژنێڤ »ی پایتەختی « سـویسرا »ی بەهەشتی دیموکراسیی و ئازادییدا سـەر هەڵدەدا و داوای دامـەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ لە « ژنێڤ »دا دەکـەن. تازە خـەریکە دوای یەک سـەدە خـەباتی هـاوبەش، سـەربەسـتـیی و سەربەخۆیی، ناوچەی « کۆبێک » ڕیفراندۆم لە «کەنەدا » دەکەن، داوای « ئازادیی، سـەربەخـۆیی تەواو و دامـەزراندنی دەوڵەتی ناسیـۆنال » دەکـەن. تازە خـەریکە، دوای پتـر لە یەک سـەدە پێکەوە ژیانی هـاوبەش، لە چوارچێـوەی یەک دەوڵەتی فیدراڵدا، گیروگرفتە داپۆشراوەکەی نێوان هـەر دوو گەلی « فالۆن و فلامۆن » لە « بەلجیکا »، سـەرهـەڵدەداتەوە و داوای « یەکسـانیی، دادپەروەریی و ئازادیی » تەواو دەکەن.)«76-75،20»

هـەروەها، کێشـەی نەتەوەیی گەلی عەرەبی « فەلەسـتین » و چیرۆکی « ئۆتۆنۆمیی»، لە چوارچێـوەی دەوڵەتی داگیـرکـەری « ئیسـرائیل »دا، نموونـەیەکی زیندوو و مۆدێرنی دیکەی، لاوازیی و بێ کـەڵکی سیـستـێـمی « ئۆتۆنۆمیی » پیشـاندەدا. مـاوەی حەوت ساڵێ پترەدەبێ، گەلی « فەلەسـتین » دەسـەڵاتێکی « ئۆتۆنۆمیی » فراوانیان لە نێو سنووری دەوڵەتی « ئیسـرائیل »دا هـەیە، کەچیی، ڕۆژ نییە، چەن کـەسێ لە هەر دوو گـەل نەکـوژرێ! وا تازەش خـەریکە، ڕاپەڕینێکی نوێی جەماوەریی بەرپادەبێ و شەڕەبەرد دەسپێدەکاتەوە!

بەڵام، لەگەڵ هـەموو ئەوانەشدا، کێشـەی ئەو گەلانە، هەر تەنیا کێشـەیەکی ڕووتی نەتەوەیی و ڕامیـاریی نەبووە و نییە. بەڵکوو، کێشـەی « ئایین »یشی تێکەڵبووە. چونکە، ئەو ناکۆکییانە، مێژوویەکی گەلێ کۆنی هەیە.

کاتێ، ئیمپراتۆریای « عوسمانیی »، بە ناوی ئیسلامەوە، بەشێکی زۆری وڵاتانی « ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا »یان داگیرکرد، ئایینیی ئیسلامیان، بەزۆر و بە زەبری ئاگر و ئاسن، بە سەر ئەو گەلانەدا سـەپان. دوای ئەوەی، مـاوەیەکی مێژوویی زۆر، بە سەر ئەو داگیرکردنەشدا تێپەڕبوو، زۆربەی زۆریان ئایینیی ئیسلامیان وەرگرت، ئیدی وەک دیاردەیەکی سروشتیی لێهات. ئێستە، ئەو گەلانە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن و شانازییشی پێوە دەکەن.

ئەوەی مـێژوو بۆمـان دەگێـڕێتـەوە، ئەوەیە، سـوڵتـان « مـوراد »ی عـوسـمـانیی، لەشکرێکی زۆری کۆکـردۆتەوە و پـەلامـاری « یۆگۆسـلافـیـا »ی داوە. جـەنگێکی

سەختی خوێناویی، لە « 1389/06/28-15 »دا، لە نێوان هێزەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیی و سوپای فەلەکانی ئەو ناوچەیەدا روویداوە. گۆرەپانی جەنگەکەش، « کۆسۆڤۆ »ی ئێستە بووە. لە ئەنجامدا، هەر دوو سوڵتانی عوسمانیی « موراد » و میری سرب « لازار » کوژران. بەڵام، عوسمانییەکان سەرکەوتن و ناوچەکەیان داگیرکردووە. ماوەی پێنج سەدە، فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەیان کردووە.
دواتر، جەنگێکی سەختتر، لە نێوان عوسمانییەکان و « فرەنسا » و گەلە فەلەکانی ناوچەکەدا هەڵگیرساوە. لە ئەنجامدا، عوسمانییەکان شکاون و جەنگەکەیان دۆڕاندووە. لە پاداشتیی ئەو هاوکارییەی گەلی « سرب »دا، ناوچەی « کۆسۆڤۆ »یان بە دیاریی پێشکەشکردوون. ئیدی، لەو رۆژەوە، هەموو ئەو ناوچە و گەلانە، لە بندەستی « سرب »ەکاندا ژیاون. گەلێ ئازار و دەردی نەتەوەیی و ئایینییان، بە دەستەوە چێشتوون. بۆیە، هەر تروسکاییەکیان دیبێ، لێیان یاخیبوون و راپەڕیوون. بەڵام، هەموو ئەو جۆرە یاخیبوون و راپەڕینانە، هیچیان لێ شین نەبووە و هەر زوو دامرکێنراونەتەوە. تا، جەنگی دووەمی جیهان، بە سەرکەوتنی بەرەی دیمۆکراسیی تەوابوو. « یۆگۆسلاڤیا »ی کۆمۆنیست، بە سەرکردایەتی « تیتۆ » دامەزرا. کەمێ باری نەتەوەیی و رەوشی رامیاریی ئەو گەلانە چاکتربوو.
لە بەر رۆشنایی، ئەم پێشەکییە کورتە مێژووییەدا دەتوانین، پتر باری نەتەوەیی و رەوشی رامیاریی، هەموو گەلانی « بۆسنە و هەرسک » و « کۆسۆڤۆ » روونکەینەوە و تێبگەین.
ئاشکرایە، پتر لە یەک ملیار موسوڵمان لە جیهاندا هەیە. ئەورۆش، بە تایبەتیی دوای ئەوەی « یەکێتی سۆڤێت » و زۆربەی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی دیکەش تێکچوون، دوای ئەوەی، شۆڕشی گەلانی « ئێران » سەرکەوت و پارتە ئیسلامییەکان، دەستیان بە سەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا گرت. دوای ئەوەی، چەندین رێکخراوی ئیسلامیی ئاشکراو و نهێنیی، رامیاریی و چەکدار، لە هێندێ وڵاتانی جیهاندا دامەزرا، ئایینیی ئیسلام، بە باشترین چەکی باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا دادەنرێ، کە گەلە موسوڵمانە پچووکەکان، دژی گەلە سەردەستە ناموسوڵمانەکان بەکاریبێنن. جگە لەوەی، شەپۆلی بوژاندنەوەی ئیسلام و پەرەسەندنێکی لەبەرچاو هەستپێدەکرێ. رۆژبەرۆژ تا دێ، باوەڕی ئیسلام لە جیهاندا پتر بڵاودەبێتەوە. رێکخراوە رامیارییە ئیسلامییەکان دەیانەوێ، دەسەڵات وەرگرن. لەبەرئەوەی،

ئارەزوویەکی فراوانخوازییش، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلام و دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە هەیە. چونکە، ئیسلام خۆی لە سەر بنچینەی هێز و دەسەڵات دامەزراوە، بەهێزیش نەبووایە، هەرگیز بەو شێوەیە لە جیهاندا بڵاو نەدەبۆوە.
هەروەها، عەرەبەکانیش کەڵکێکی زۆریان، لە بنچینەکانی ئایینی ئیسلام وەرگرتووە. چونکە، بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە نەبووایە، هەرگیز نەیاندەتوانی، لە نێو ئەو چوارچێوە تەسکەی سنووری نیوەدوورگەی عەرەبدا دەرچن و بڵاوبنەوە..
بۆیە،پەلاماری هەر وڵاتێکیان دابێ، داگیریانکردووە. تەنیا هەر لە ژێر پەردەی ئایینیشدا توانیویانە، پاساوی ئەو داگیرکردنە بدەن و سەرکەون!
ئیسلام، خۆی لە خۆیدا باوەڕێکی ئاسمانیی و گیانیی بەرزە. موسوڵمانەکان، باوەڕیان بە کاری ڕامیاریی هەیە. ئامانجیان، ڕوون و ئاشکرایە. سەرەتا دەیانەوێ، لە هەر وڵاتێکی ئیسلامییدا، دەوڵەتێکی ئیسلامیی دامەزرێنن، پاشان، هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان یەکگرن، ئیمپراتۆریایەکی پانوپۆڕی ئیسلامیی، لە جیهاندا دروسکەن. لە ڕووی دەسەڵاتی ڕامیاریی و فەرمانڕەواییەوە، باوەڕیان بە سیستێمی « خەلافەت » هەیە. لە ڕووی سیستێمی ئابووریییەوە، پێڕەوی سیستێمی ئابووریی ئیسلامیی دەکەن. لە ڕووی یاسای کۆمەڵایەتییەوە، دەقەکانی قورئان و گوتەکانی پەیامبەر دەچەسپێنن.
لەبەرئەوە، گرفتی نەتەوەیی گەلە موسوڵمانەکان، « جگە لە کورد! » لە هەر جێیەکی ئەم جیهانەدا بروسکەبدا، ئەوان پتر پەرەیپێدەدەن. تا بە تەواویی کرکرێ، تانوپۆی ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانە ناموسوڵمانانە بگرێتەوە و ژیانیان لێ تاڵکا. چونکە، ئەوان باوەڕیان، بە پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی ناموسڵمادا نییە، ئەو گەلە ناموسوڵمانانە نابێ، فەرمانڕەوایی گەلە موسوڵمانەکان بکەن. جگە لەوەی، لە وڵاتی ئیسلامیشدا، باوەڕیان بە نیشتمانی تایبەتیی، گەل و نەتەوەی جیاواز نییە، بەڵکوو، هەموو خاکێ بە خاکی خوا، هەموو نیشتمانێ بە نیشتمانی ئیسلام، هەموو گەلە جیاوازەکانیش، بە یەک نەتەوە دەژمێرن. جا، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، گەلی موسوڵمانی وڵاتی « بۆسنە و هەرسک » و « ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ »ش، هەر بە بەشێ لە نەتەوەی ئیسلام دادەنێن. بۆیە، بە هەموو توانا و بە هەموو شێوەیە، بەپێی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی خۆیان، یارمەتیی ئەو گەلە موسوڵمانانە دەدەن. کێشە نەتەوەیی و ئایینییەکە تێکەڵدەکەن و پێکەوەی گرێدەدەن، تا سەرنجی گەلانی جیهان، بە لای کێشەکەیاندا ڕاکێشن، هەست و سۆزی خەڵک بورووژێنن، یارمەتیی و کۆمەکی

ئیودموڵەتبی بۆ دابینکەن. گەلە پچووکە موسوڵمانەکانیش، هێندە زیرەکانە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی خۆیان دەچن، هەموو دروشم و ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان، لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا دەشارنەوە. پتر باسی جیاوازیی ئایینیی و کاری خراپەی دەوڵەتە فەلە داگیرکەرەکان دەکەن، یا لە قاڵبێکی ئایدۆلۆژیای دژ بە ئیسلامدا، کێشەکەیان چڕدەکەنەوە. وەک جەنگێکی ئایینیی نێوان موسوڵمان و دەوڵەتێکی کۆمۆنیستیی گاوری دژ بە ئیسلامی لێ دەکەن. بۆیە، بە هەموو تواناپانەوە هەوڵدەدەن، شۆڕشێ لە سەر ڕێباز و شێوازی ئیسلام بەرپاکەن، تا کەلک لە توانای دەوڵەتە ئیسلامییەکان وەرگرن و بە هەر شێوەیە بێ، ئەوانیش تێوە گلێن و بە دەنگیانەوە بچن. ئەگینا، هیچ یەکێ لەو گەلە پچووکە موسوڵمانانە، بەرگەی ڕفوکینەی ئەستووری سەربازی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان ناگرن. توانای بەرگریی « تانک، تۆپ، ڕاکێت و فرۆکە » جەنگییەکانی دەوڵەتی « یۆگۆسلاڤیا »یان نییە. چونکە، بە شێوەیە مێشکی سەربازەکانیان شتۆتەوە، بە جۆرێ دژی ئەو گەلانە پەروەردەیان کردوون، سەر و ماڵی موسوڵمانەکان « ئەنفال ! » کەن. بۆیە، بە هەزاران هاوولاتیی ئەو گەلانەیان زیندەبەچاڵکردووە، بە سەدان گوندیان رووخاندووە، بە هەزارانیان روویان لە وولاتەکانی « خۆراوای ئەورووپا » کردووە.

ئەمە کرۆکی کێشە و گرفتە سەرەکییەکەی « بۆسنە و هەرسک » و دەسەلاتی ناوەندی « یۆگۆسلاڤیا »یە. جا، ئێستە ئەو ماوە، بڵێین: ئایا، « بەرزنجیی » چۆن لەم باسە گەیشتووە؟ ئێستەش وەرێنەدەکا و بە بێ ئاگامان دادەنێ! بە لای منەوە، بێ ئاگایی ئەوەیە، مرۆڤ نەزانێ، ئەو گرفت و کێشانە، چۆن سەریانهەڵداوە؟ کەی پەیدابوون؟ داوای چی دەکەن؟ کێ لە پشتەوە هانیاندەدا؟

سەیر ئەوەیە، گەلی « بۆسنە و هەرسک »، هەر لە کۆنەوە، لە « ئۆتۆنۆمیی » پتریان هەبووە، بەلام، داوای جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆیان کردووە، بۆیە، باجەکەیان بەو شێوەیە داوە و سەرکەوتووشبوون. چونکە، پشتیان بە خۆیان بەستووە، دەوڵەتە ئیسلامییەکان یارمەتییان داون، گەلانی ئازادیخوازی جیهان و دەوڵەتە دیمۆکراسیی و ئازادەکان پشگیرییانکردوون. بۆیە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە.

بەلام، کێشەی « کۆسۆڤۆ »، هەر لە بنچینەدا، لەگەڵ کێشەی « بۆسنە » کەمێ جیاوازییان هەیە. وەک پێشتر باسمانکرد، هەموو جەنگ و پێکدادانەکان، هەر لە ناوچەی « کۆسۆڤۆ » روویانداوە. هێندێ لەو تەلبانانەش، لە سەردەمی

عوسمانییەکانەوە هاتوون و لەوێ نیشتەجێبوون. دوای ئەوەش، لە ئەنجامی چەوساندنەوە و ململانێی نێوان هێزەکانی ناوچەکە، کۆچڕەوی ئەلبانەکان هەر بەردەوامبووە. بە تایبەتیی، ئەو ناکۆکیی و ململانێیەی لە نێوان هەر دوو سەرکردەی کۆمۆنیست، « تیتۆ » و « ئەنوەر خواجە »دا هەبووە، ڕۆژبەڕۆژ تا هاتووە، ژمارەی ئەلبانەکان لە « کۆسۆڤۆ » پتربووە. ئەو بارە بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، تا سالی « 1963 »ش، ئەو ناوچەیە، هیچ جۆرە مافێکی نەتەوەییان نەبووە. بەڵام، دوای ئەو مێژووە، سەرۆک « تیتۆ » دانی بە « ئۆتۆنۆمیی » هەرێمی « کۆسۆڤۆ »دا ناوە. ئیدی، لەو کاتەوە، گەلی ئەو هەرێمە، « ئۆتۆنۆمیی »یەکی تایبەتییان هەبووە. وەک ناوچەیەکی « ئۆتۆنۆمیی »ش، چەن گرووپێکی ئێتنیی، بە هێمنیی تێدا ژیاوە.

بەڵام، سالی « 1989 »، « میلۆشۆڤیچ »، بە بۆنەی شەش سەدە تێپەڕبوون بە سەر جەنگی « عوسمانیی و سرب »ەکاندا، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی فراواندا، لە پڕ بە گوتارێ، ئەو مافەی ڕەتکردووە و لێی سەندنەوە. ئیدی، لەو ڕۆژەوە، دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەکانی « بلگراد »، بە هەموو شێوەیە هەوڵیانداوە، جگە لە کەمینەی « سرب »ەکانی « کۆسۆڤۆ »، هەموو کۆمەڵە ئێتنییەکانی دیکە قڕکەن. هەرێمەکەشیان دوولەتکردووە. واتە: پێش ئەوەی بقەومێ، موسولمانە ئەلبانی ئەژادەکان، تا ئەندازەیەک، جۆرە مافێکی کەلتووریی و نەتەوەییان هەبووە.

موسولمانەکانی « کۆسۆڤۆ »، چیدیکە نەیانتوانی، بەرگەی ئەو هەموو چەوساندنەوە نەتەوەیی و ئایینییەی « سرب »ەکان بگرن. لەبەرئەوە، هەر لە سەرەتای سالەکانی نەوەدەوە، چەن بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ڕامیاریی سەریهەڵداوە. هێندێکیان باوەڕیان بە « بەرگرییکردنی ئاشتییانە » و هێندێکی دیکەشیان، باوەڕیان بە « خەباتی چەکداریی » هەبووە. تا « 1992/05/24 »، ڕیفراندۆمێکی ئازادیان سازکرد. زۆربەی ڕۆڵەکانی گەل، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. ئەوە بوو، کۆمارێکی سەربەخۆ دامەزرا. « برایم ڕۆگۆڤا » بە سەرۆک دانرا. بەڵام، « سرب »ەکان دژبوون و دانیان پێدا نەنا.

پاشان، هێندێ لە لاوە ئەلبانەکان، بە دەستپێشکەریی « هاشم تاتشیی »، چەن شانەیەکی چەکدارییان دروسکرد. دواتریش، « سوپای ڕزگاریخوازی کۆسۆڤۆ – س. ڕ. ک. »ی لێکەوتەوە. ئەم کۆمەڵە، باوەڕیان بە خەباتی چەکداریی هەبووە و بە « مارکسیی » ناویان ڕۆشتووە.

لە راستییدا، موسوڵمانە ئەلبانەکان، لە سەرەتادا، داوای « ئۆتۆنۆمیی »ەکی بەرفراوانتریان دەکرد. بەڵام، دوای ئەوەی ئەو کوشتار و جینۆسایدە روویدا، دروشم و ئامانجەکانیان گۆڕی. لەبەرئەوە، جەنگێکی نابەرابەر و سەخت، بۆ سەرویەری خوێناویی، لە نێوان هێزەکانی دەوڵەتی « سرب » و « س. ر. ک. »دا هەڵگیرسا. موسوڵمانەکان جەنگی مردن و ژیانیان لەگەڵ دوژمنە داگیرکەرەکەدا دەسپێکرد. بە شێوەیە، بە تەواویی شپرزە و ماندووبوون. گەر هێزەکانی « ناتۆ » نەبووایە، دەسیان لە کارەکە وەر نەدایە و پشگیرییان نەکردنایە، بە تایبەتیی، لە مانگی « مارسی/1999 »دا، بە فڕۆکە جەنگییەکانیان، پەلاماری « بلگراد »یان نەدایە، دوور نەبوو، بە تەواویی لەنێویانبەرن و لە خاکی خۆیان بەدەریاننێن.

بۆیە، ئێستە ناتوانن، پێکەوە بژین. کێشەکەشیان هەر وا، لە ژێر چاودێریی هێزی نێو دەوڵەتییدا ماوەتەوە. تا ئێستە لە دەس سوپای دوژمن رزگاریانبووە. ئەلبانەکانیش چەکیان دانا و « س. ر. ک. »شیان بە « پارتی پێشکەوتوخوازی دیمۆکراسیی » گۆڕی. بەرێوەبێتییەکی سیڤیلیان دروسکردووە، ئاڵای نەتەوەیی ئەلبانەکان، لە هەموو « کۆسۆڤۆ »دا هەڵکراوە. « هاشم تاتشیی » سەرۆکی شالیارانی هەرێمەکەیە. بە زمانی خۆیان، دەیەڤن و دەخوێنن.

بە کورتییەکەی، پاشەرۆژیان بە بەرژەوەندییەکانی بەرەی خۆراوا بەگشتیی و ئەمێریکا « بە تایبەتیی بەسراوەتەوە. هەر چەندە، تا ئەندازەیەکی زۆر، دەنگی جەنگەکە لەم بەشەی « کۆسۆڤۆ »دا کپبووە، بەڵام، ماڵە ئەلبانیی نییە، چەکی تایبەتیی خۆی نەبێ. چونکە، لە رۆژێکی رەشتر دەترسن، نەبا جارێکی دیکەش، پەلاماریانبدەنەوە، تا داکۆکیی لە خۆیان بکەن!

لەم رۆژانەشدا، کێشەی ئەلبانەکانی « رۆژهەڵاتی کۆسۆڤۆ » تەقیەوە. جەنگ و پێکدادان، لە نێوان هێزەکانی « یۆگۆسلاڤیا » و « س. ر. ک. »ی رۆژهەڵاتدا دەسپێکردووە. خەڵکێکی زۆر پەرەوازەبوون و بۆ « مەکەدۆنیا » هەڵاتن.

موسوڵمانەکانی جیهانیش، تەنیا بە دەم نەبێ، بە هیچ شێوەیە، پشگیرییان نەکردوون. ئەمان خۆشیان، تێدا ماون. چونکە، هەر چەندە، بەرەی « ناتۆ » دەیانپارێزێ، بەڵام، کێشەکەیان لە نێوان ئەوان و ئەو دەوڵەتانەی دژی هێرشەکانی « ناتۆ » بۆ سەر « یۆگۆسلاڤیا » هەڵیانداپە، وەک « رووسیا و چین »، لە سەر ئەوە رێککەوتوون، جیا نەبنەوە. جگە لەوەی، هێزەکانی « ناتۆ » بە تایبەتیی و هەموو بەرەی خۆراواش، لە سەر ئەو رێکن، بە هیچ جۆرێ نابێ، دەوڵەتێکی ئیسلامیی لە هیچ جێگەیەکی « ئەورووپا »دا دامەزرێ!

راستە، ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی « بلگراد » دەیویست، یەک ئەلبانیی نەژاد لە خاکی « کۆسۆڤۆ »دا نەهێڵێ، بەڵام، لێرەدا کێشەکە ئــــــــەوە نییە، ئایا مافی « ئۆتۆنۆمیی» یان دەوێ، یا دروشمێکی دیکەیان بەرزکردۆتەوە؟ بەڵکوو، تەنانەت داوای هیچیشیان نەکردایە، « میلۆشۆڤیچ » هەر هەمان دەردی دەدانێ. چونکە، بەو پلانە شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستانەیە دەیەوێ، لەنێویانبەرێ. وەک چۆن، گەر گەلی کــورد « ئۆتۆنۆمیی »یە گاڵتەجاڕییە ساختەکەی « سەددام »یشی پەسەند کــردایە، « بەعس » هەر لە ســـەر کــاری « دەربەدەرکــردن، بەعــەرەبکردن، بە بەعسییکردن، گرتن و تیرۆرکردن » بەردەوامدەبوو!

لەبەرئەوە، ئەو جۆرە گرفتە نەتەوەیییانە، لە خانەی جەنگی مان و نەماندا، جێگەیان دەبێتــەوە. گــەر هێــزی نێودەوڵەتیی و « ناتۆ »ش نەبووایە، کــورد و ئەلبانەکانی « کۆسۆڤۆ »، یەک چارەنووسیاندەبوو، یاخراپتری بەسەر دەهات. جا پێویستە، « بەرزنجیی » لەو جۆرە جەنگ و ڕژێمانە بگا، وەک « نەعامە » سەری لە نێو خۆڵدا نەشارێتەوە و پاشوویشی لە تیشکی خۆر کا!

7/4. یەکێتی سۆڤێت :

پاشان نووسیویەتی: (قسەکەی ئەم تەواوی قسەی یەکێکە لەدکتۆرەکانمان کە لەکۆتایی شەستەکاندا وتبووی: « ئەم حوکمی زاتیەی کورد ئاوا قوربانی بۆ دەدا لەیەکێتی سۆڤیەت بەعەریزەیە دەدرێ! » ئەویش خوا هەڵنگارێ ڕاستی کرد، حوکمە زاتیەکانی ئەوێشمان بینی، کت و مت لە « منطقە الحکم الذاتی » لەمەر خۆمان دەچوون. خۆ لە دوایشدا بۆ دنیا ڕوونبۆوە چیچانیەکان وەرامی عەریزەکەیان لەمۆسکۆی پەلسنەوە چۆن درایەوە، ئاگر، ئاسن،ـ ڕۆکێتی گرادو چاودێری ئەلکترۆنی.)«60،3»

گەر « بەرزنجیی » ترسنۆک نەبووایە، هەڵبەتە، دوای پتر لە سی ساڵ، ناوی ئــەو دوکتۆرەی دەبرد! یا، بە ناوێکی نادیارەوە، هەر لە خۆیەوە قسەیداتاشیوە، بۆیە، ناوی ناهێنێ! ئایا، ئەو دوکــتــۆرە، بە دەمـــیی بە خــۆی گــوتووە؟ یا لە چ سەرچاوەیەکەوە وەریگرتووە؟ چونکە، لە « یەکێتی سۆڤێت » هیچ جۆرە خەباتێکی چەکداریی خوێناویی، لە پێناوی مافەکانی « ئۆتۆنۆمیی - فیدراڵیی »دا ڕووی نەداوە! بەڵکوو، کاتێ مافی چارەنووسی نەتەوەکان، لە نێو سنووری « سۆڤێت »دا دیاریکرا، هەموو کۆمەڵە ئیتنییەکان بە کوردیشەوە، « ئەو کاتە کوردستانی سوور هەبوو » مافی « ئۆتۆنۆمیی - فیدراڵیی » خۆیان وەرگرت. ئیدی، نەک هەر پێویستی بە خوێنڕشتن نەکرد، بەڵکوو، پێویستی بە « عەریزە »ش نەبوو!

« بەرزنجیی مەک، بەو هەموو « زانایی، دانایی، بە ئاگایی، رووناکبیریی، تید و بۆچوونە فەلسەفیی میانەوە، تا دوێنێ بوو، بە هەموو ئەندامەکانی جەستەی، پروپاگەندەی بۆ « سۆڤێت » دەکرد و چەپڵەی بۆ دەتەقان. کەچیی، ئەوڕۆ گاڵتە بە سیستێمەکەی دەکا! دیارە، ئەمەش ئێستە باوێتی، چونکە، وەک دڵێن: یاخوا کەس گلۆڵەی نەکەوێتە لێژیی! ئەگینا وەنەبێ، ئەوانەی ئەوڕۆ دژایەتیی ئەو باوەڕ و سیستێمە دەکەن، هەر لە کۆنەوە ئەو بۆچوونانەیان هەبووبێ!
منیش، تا بە چاوی خۆم « یەکێتی سۆڤێت » م نەدی، سالانێ بوو، لە ژێر کارتێکردنی پروپاگەندەی پارتەکانی کوردستان و ناسیۆنالیستەکانی کورددا، گەلێ دژایەتی ئەو باوەڕ و دەوڵەتەم دەکرد. بەلام، دوای ئەوەی، ماوەی دە ساڵێ لەوێ ژیام، هەموو شتێکم هەڵسەنگاند و تێیگەیشتم، بۆم دەرکەوت، زۆربەی ئەو شتانەی لە کوردستان باسدەکران، درۆبوون! هەر چەندە وەنەبێ، ئێستە باوەڕم بە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا کۆمۆنیزم هەبێ، بەلام، دژایەتی ناکەم، بە بیر و هۆش و زانست بەرەنگاریدەبمەوە. هەر لە خۆشمەوە کوێرانە وەک « بەرزنجیی »، قسە دەر نافرێتێنم، بێ ئەوەی زانیارییەکی تەواوم هەبێت. چونکە، پێم وایە، لەو فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایەدا، تا ئەوڕۆش، گەلێ شتی باشی تێدایە، مرۆ دەتوانێ، لە هەموو سەردەمێکدا، کەڵکی لێ وەرگرێ!
ئێمەی خوێندکارانی کورد، لەوێ ژیاوین، بە چاوی خۆمان، هەموو خراپە و چاکەیەکی ئەو سیستێمەمان دیوە، نەک لە دوورەوە بیستبێتمان. بۆیە، زۆر بە راشکاویی دەڵێم: سیستێمی « ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی »، لە دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانەکانی بەرەی کۆمۆنیستی پێشووی وەک: « یەکێتی سۆڤێت، یۆگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا »، لە سەردەمی خۆیدا، باشترین چارەسەری گرفتی نەتەوەیی ئەو کەمینە و گەل و نەتەوانە بوو. چونکە، ئەو سیستێمە، لە سەر بنچینەی مافی چارەنووس دارێژرابوو، ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانەش، لە بەر رۆشنایی بیری پێکەوە ژیانی هاوبەش و بە ئارەزووی نەتەوەکان خۆیان دامەزرابوو.
دەوڵەتێکی وەک « سۆڤێت »، پتر لە سەد کەمینە و گەل و نەتەوەی تێدا دەژیا. ئەوە لە کاتێکدا، ئەو کۆمەڵە ئێتنییانە، بە مافە رەواکانی خۆیان گەیشتبوون، هەر کۆمارێ، « ئالای تایبەتیی، سنووری دیاریکراو، پارتی کۆمۆنیستی سەربەخۆ، میریی فیدراڵیی » خۆی هەبوو. بە زمانی نەتەوەیی خۆیان دەیانخوێن. بڕیاردانی جەنگ، پێوەندییەکانی دەرەوە و دیپلۆماسیی نەبێ، هەموو دەسەلاتێکیشیان هەبوو. تەنانەت، هێندێ لەو کۆمارانە، بەپێی هەڵکەوتی جوگرافیای وولاتەکانیان،

هێندێ دەسەڵاتی تایبەتییشیان هەبوو، تا پێوەندیی دیپلۆماسیی، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێکانیاندا بکەن. تا ئەو ڕۆژەی، دەوڵەتە یەککگرتووەکەش هەڵوەشایەوە، ئەمانەیان هەموو هەبوو، بێ ئەوەی قوربانییان بۆ دابێ. کاتێ هەڵیشوەشایەوە، بەپێی دەستووری گشتیی « سۆڤێت »، هەر کۆمارێ مافی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێ ڕەوابینرا و جیابۆوە، لە جێی « یەکێتی سۆڤێت »ی یەککگرتوو، پازدە دەوڵەتی سەربەخۆی ناسیۆنال لەدایکبوو.

جا، بۆ یەکێکی نەزانی وەک « بەرزنجیی » نییە، بە هیچ جۆرێ، گاڵتە بە مافی ڕەوای گەلانی « سۆڤێت »ی پێشوو بکا. چونکە، گەر ئاگای لە شێوەی سەربەخۆیی و مافەکانیان بووایە، هەڵبەتە، ئەو قسە پووچانەی نەدەکرد و ئەو چەن دێرە خواروخێچەی نەدەنووسی! گەر یەک تۆز ویژدان و تێگەیشتنی ببووایە، هەڵبەتە، ئەو هەڵە گەورەیەی نەدەکرد. چونکە، لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەو دوو دەوڵەتە « سۆڤێت و عێراق »، هەموو کاتێ جیاوازییان هەبووە و هەیە:

1. یەکێتی « سۆڤێت »، هەرگیز دەوڵەتێکی فاشیی نەبووە. بەڵام، « عێراق » دوڵەتێکی داگیرکەری فاشیی کوردستانە.

2. « پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت »، پارتێکی ئینتەرناسیۆنالی پێشکەوتوخواز بوو. بەڵام، « پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب »، پارتێکی « ناسیۆنالی ڕەگەزپەرستی فاشیی »یە، هەرگیز ئەو دووانە پێکەوە بەراوردناکرێن.

3. ئەوەی گەلانی جیاجیا لە « سۆڤێت » بەدەسیانهێنا، یەک دڵۆپ خوێنیان بۆ نەڕشت. کەچیی، کورد ئەوا پتر لە هەشتا ساڵە، لە باشووری کوردستاندا خوێندەڕێژێ، تا ئێستەش چارەنووسی دیار نییە.

4. « یەکێتی سۆڤێت »، تەنیا لە چەن ناوچەیەکی « ئۆتۆنۆمیی » پێک نەهاتبوو. بەڵکوو، (لە پازدە کۆماری فیدراڵیی، بیست کۆماریی ئۆتۆنۆمیی و هەشت ناوچەی ئۆتۆنۆمیی پێکهاتبوو)«97،56». بەڵام، « عێراق » ئەوەتەی دامەزراوە، لە دوو گەلی سەرەکیی و چەن کەمینەیەکی نەتەوەیی پێکهاتووە، جگە لە عەرەبە سوننییەکان، هیچ گرووپێکی دیکەی ئێتنیی، مافی نەتەوەیی نییە!

5. کاتێکیش « سۆڤێت » هەڵوەشایەوە، نەتەوە سەرەکییەکان مافی سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، هەر پازدە کۆمارە فیدراڵییەکە جیابوونەوە و دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دامەزران. بەڵام، کۆمارە ئۆتۆنۆمیی و ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان، لە سنووری ئەو پازدە دەوڵەتە نوێیەدا مانەوە و پارێزگاریی مافی ئۆتۆنۆمیی خۆیان کرد.

8/4. چیچێنستان :

جا، ئێستە کێشەی « چیچێن » ماوە، کە « بەرزنجیی » بە پێخاوسیی نێو قوڕوچڵپاوی نەزانیی و بێ ئاگایی کەوتووە. گەر « بەرزنجیی » نازانێ، با باش بزانێ، « چیچێن »ەکان داوای « ئۆتۆنۆمیی »یان نەکردووە. بەڵکوو، هەر لە کۆنەوە، کۆمارێکی « ئۆتۆنۆمیی »یان هەبووە و بە یەکێ لە کۆمارەکانی ڕووسیای فیدراڵ دەژمێررا. ئەوان، لە یەکەم ڕۆژەوە، دەستیان بە خەباتکردووە، داوای سەربەخۆییان کردووە. بەڵام، لەبەرئەوەی « چیچێنستان » نەوتێکی زۆری هەیە، ناوچەیەکی ستراتیژیی بۆ ڕووسیای فیدراڵ پێکدێنێ، ڕووسەکان هەرگیز ئامادە نەبوون و نین، واز لەو ناوچە گرنگە بێنن، گەر لەوەش پتر، قوربانیی بدەن. هەروەها، ئەو ناوچەیە وەک دیوارێکی ئەستووری نێوان سنووری « ڕووسیا و تورکیا » وایە. جگە لەوەی، وەک گەلی کورد، چۆن هەمووی داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی « عێراق » ناکەن، کۆمەڵێ لەوانیش دەیانەوێ، لە چوارچێوەی « ڕووسیای فیدراڵ »دا بمێننەوە و دژی ئامانجی ناسیۆنالیستەکانی « چیچێن » وەستاون.

هەمووشمان دەزانین، کێشەی نەتەوەیی و ئایین، تێکەڵ بە یەکدی کراوە و جیهانی ئیسلامییش، بەگوێرەی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، لەو کێشەیە دەڕوانن و دەیانجوڵێنن. بۆ نموونە: « تورکیا »، بە هاندانی « ئەمێریکا »، هەر لە کۆنەوە پارەتییاندەدا، بۆ ئەوەی هەمیشە، ئاژاوە لە « ڕووسیای فیدراڵ »دا هەبێ، بە تەواویی لاوازبێ. بەڵام « ئێران و عێراق »، لەبەرئەوەی لەگەڵ « ئەمێریکا » بە تایبەتیی، بەرەی ڕۆژاوا بە گشتیی، پێوەندییان باش نییە، هەر چەندە کێشەکە ئیسلامییش بێ، خۆیانیان لێ کەڕ و کوێر و لاڵ کردووە، یا چەن جارێ گوتوویانە: ئەو کێشەیە، بە کێشەیەکی نێوخۆیی « ڕووسیا » دادەنرێ، هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نییە و دەس لە کاری نێوخۆی دەوڵەتەکانی دیکە وەر نادەین. چونکە، هەر دوو دەوڵەتەکە خۆیان، هەمان گرفتی نەتەوەییان هەیە و لە کوڵان دایە! جا دوور نییە، ئەو « عەریزە »ی « بەرزنجیی » باسیکردووە، خۆی بۆ « یەلتسن »ی بردبێ. چونکە، ئەوان هەرگیز « عەریزە »یان بۆ « ئۆتۆنۆمیی » نەداوە. بەڵکوو، لە مێژە مافی « ئۆتۆنۆمیی »یان هەیە! وا خەریکە، لە سایەی کەللەڕەقیی و دەستی دزێوی دەرەوە، ئەوەشیان لەکیسدەچێ!

لە ڕاستییدا، ئەمڕۆ کێشەی « چیچێنستان »، نە بە تەواویی لە خولگەی مافی « ئۆتۆنۆمیی »، و نە لە خولگەی مافی « فیدراڵیی »دا دەخولێتەوە. بەڵکوو، ئەوان داوای جیابوونەوە و دەوڵەتی ناسیۆنال دەکەن. هەر دەبێ، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش، ئەو

مـافـه ڕەوایـه بەدیبێنن. جگه لەوەی، « بەرزنجیی » کێشـەی « داگسـتـان »ی له بیـرچووە، باسـیـکا. چونکه، ئەوانیش نەگـبـەتیی گـرتنی، بـه دەسـی دەرەوە، ئاژاوەیەکیـان نایەوە، به قسـەی ئیسـلامیییەکان هـەڵخەڵەتان، ئەو جـەنگه ماڵ وێرانکەرانەیەیان هـەڵگیرسان، وا خەریکە، سەری خۆشیان و « چیچێن »ەکانیش، به یەکجاریی له قوڕدەنێن!

9/4. فەلسەفە و ئایۆلۆژیاکان :

من ئێستەش پێم وایه، کێشـەی مـافی چارەنووسی نەتەوەکان، له دەوڵەتێکی فـره نەتەوە و نیشـتـمـاندا، وەک « ئۆتۆنۆمیی ـ فـیـدراڵیی »، هەر تەنیـا فـەلسـەفـە و ئایدۆلۆژیای « مـارکسـیـزم ـ لینینزم » دەتوانێ، به شێوەیەکی « ئاشـتـیخوازانە، دادپەروەرانه و دیمۆکراسییانه »، چارەسەریکا. بەڵام، گەر ئەو سیستێمـە باش ڕاژە نەکرا، کەسانی خراپ دەسیان به سـەر دەزگەکانی پارت و دەوڵەتدا گرت، وردەوردە، هەستی شـۆڤێنیزمی نەتەوەی باڵادەس بوژایەوە، بەرانبـەریشـی هەستی پیرۆزی نەتەوەیی نـەتەوە ژێردەسـەکان گەشەیکرد، ئەوا ئیدی دەبێ، چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ بدۆزرێتەوە، هەموو هەڵەکان ڕاسـکرێنەوە، له جیابوونەوەش پتر، هیچ ڕێگەیەکی دیکه نییـه. بۆیه، ئـەو گەلانەی جیابوونەوە، ئێستـەش هێندێکیان، بۆ باری پێشـووی دەوڵەتی « یەکێتی سۆڤێت »، پەنجەی پەشیمانیی خۆیان دەگەزن.

هەرگیز، لەو باوەڕەدا نیم، چ فەلسـەفە و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، چ فەلسـەفە و ئایدۆلۆژیای ئاییـن بتـوانن، چارەسـەری کـێـشـەی نـەتەوەیی بکەن. جگه له تواندنـەوەی نەتەوەکـان، له بۆتـەی نەتەوەی باڵادەسـدا، هیچ جۆرە چارەسـەرێکی بنەبڕیی دادپەروەرانەی دیکەیان پێ نییه. نموونەش، له سـەر کێشەی نەتەوەیی، له دەوڵەته فـره نەتەوە و نیشـتـمـانەکدا، له سـەر هەر سێ دید و بۆچوونەکه زۆرە و پێویست به هێنانەوەیان ناکا.

10/4. ڕۆژاوای ئەورووپـــا :

ئینجا، با بزانین، سیستێمـی دیمۆکراسیی و دەوڵەتەکانی ڕۆژاوای « ئەورووپا »، چییان پێیه؟ چی دەکەن؟ چۆن گرفتەکان چارەسـەردەکەن؟ با زۆر دوور نەڕۆین، گەر « بەرزنجیی »، له « بەغدا »ی خۆشـەویست پتری نەدیوە، زانیـارییـەکانی وەک زانیـاریی عـەرەبێکی شـۆڤـێنیی « عـێـراق » وایـه. « نەرویژ و سـوید » تا سـەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستیش، هەر یەک دەوڵەت بوون. بەڵام، نەک هەر به « عەریزەیەک! » « ئۆتۆنۆمیی »یان وەرگرت، بەڵکوو، هەر تەنیا به « ڕیفراندۆم »ێ سەربەخۆییشیان وەرگرت و « نەرویژ » له « سوید » جیابۆوە!

« فینلله‌ند » له سه‌رده‌می « لینین » دا، به شێوه‌یه‌کی دیموکراسییانه و به ده‌مه‌ته‌قێ، کێشه‌که‌یان چاره‌سه‌رکرد و له ژێر ده‌ستی ئیمپراتۆریای « رووسیا »ی پێشوو و « یه‌کێتی سۆڤیێت »ی تازه دامه‌زراودا رزگاربوو!
« ئێرله‌نده‌ی باکوور »، چه‌ندین ساڵه، سوپای نهێنییان دامه‌زراندووه، جه‌نگی نهێنیی سه‌رجاده‌یان پێڕه‌وکردووه، هه‌رگیز داوای مافی « ئۆتۆنۆمی »یان نه‌کردووه، تا مامۆستا « به‌رزنجیی » وه‌ک « ته‌ته‌ر! »، خۆی ماندووکا و « عه‌ریزه‌یه‌ک! » بۆ په‌رله‌مانی « بریتانیای گه‌وره » به‌رێ! به‌ڵکوو، داوای رزگاریی و سه‌ربه‌خۆیی « ئێرله‌ند » و یه‌کگرتنه‌وه‌ی هه‌ر دوو پارچه‌که‌ی نیشتمانیانکردووه. کاتێکیش، کار به‌وه گه‌یشت، کێشه ره‌واکه‌یان به ئاشتیی چاره‌سه‌رکه‌ن، ریفراندۆمێکیان سازکرد، تا ئه‌ندازه‌یه‌کی زۆریش، کێشه‌که‌یان به‌لاداخرا.
له « سوید »، جگه له کێشه‌ی که‌مینه نه‌ته‌وه‌یی « سام »ه‌کان، گرفتی نه‌ته‌وه‌یی دیکه‌یان نییه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، « سام »ه‌کان داوای چییان کردووه، هه‌ر ته‌نیا به ده‌مه‌ته‌قێ بۆیان جێبه‌جێکردوون.
له « سوید »، نه‌ک هه‌موو شارێ، به‌ڵکوو، هه‌موو گه‌ره‌کێکی گه‌وره‌ش له نێو شاره‌کاندا، شێوه « ئۆتۆنۆمیی »یه‌کی تایبه‌تیی خۆبه‌ڕێوه‌بردنیان هه‌یه، که له سه‌ر شێوه‌ی سیستێمی « کۆمۆنات » دامه‌زراوه.
« سویسرا »، له سێ گه‌لی سه‌ره‌کیی پێکهاتووه. به هه‌ر سێکیان، ده‌وڵه‌تێکی یه‌کگرتووی فیدراڵیان دامه‌زراندووه. هه‌ر سێ زمانه نه‌ته‌وه‌یی یه‌که‌ی « فره‌نسیی، ئه‌ڵمانیی و ئیتالیی » به زمانی فه‌رمیی داده‌نرێ. باشترین ژیانیان هه‌یه و له هیچیان که‌م نییه. وا بزانم، نه جه‌نـــگ و نه خوێنڕشتنی ویستووه، نه که‌سیش « عه‌ریزه »یه‌کی داوه، تا ئه‌و سیستێمه هه‌ڵبژێرن.
هه‌روه‌ها، دوورگه‌ی « کۆرسیکا »، ئێسته « ئۆتۆنۆمیی »یان هه‌یه، که‌چیی، داوای سه‌ربه‌خۆیی و جیابوونه‌وه له « فره‌نسا » ده‌که‌ن.
دوا جار، له‌وانه‌یه لای « به‌رزنجیی » و خوێنه‌ری کورد، شتێکی سه‌یربێ، گه‌ر بڵێم: ده‌وڵه‌تێکی وه‌ک « سوید »، هێنده مافی مرۆڤی له‌به‌رچاوگرتووه، هه‌موو ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی، له ده‌وڵه‌ته جیاجیاکانی جیهانه‌وه هاتوون، هه‌موو جۆره مافێکی وه‌ک: « قسه‌کردن، خوێندن و نووسین به زمانی نه‌ته‌وه‌یی، خواپه‌رستیی له سه‌ر ئایینی خۆیان و مزگه‌وت دروسکردن ... تاد »یان هه‌یه.
جگه له هه‌موو ئه‌مانه‌ش، « سوید »ییه‌کان، نه‌ک هه‌ر بیریان له مافه‌کانی مرۆڤ و چۆنێتی باشکردنی ژیانیان کردۆته‌وه، به شێوه‌یه‌کی به‌رده‌وامیش، هه‌ر بیری لێ

دەکـــەنـەوە، بەڵکوو، لەبەرئەوەی، « باکـــووری ســـوید »، لە ناوچەی « تەوەر »دا هەڵکەوتووە، ساڵانە بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ و گەلێ ساردە، وڵاتەکە مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ، هێندێ ئاژەڵی درندەی کـێـویی وەک « گـورگ »، لەنێـوچن و نەمێنن. لەبەرئەوە، لە زستاندا بە فڕۆکەی « هالیکۆپتەر »، خواردنیان بۆ فڕێ دەدەن، تا لە برسانا نەمرن. دە ئەوە، لە وڵاتێکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بووایە، نەک هەر خواردنیان بۆ دابین نەدەکردن، بەڵکوو، خوێنیشیان لە کاسە دەکردن!

شتێکی سەیر نییە، کەر دیمۆکراسیی لە دەوڵەتێکی وەک « سوید »، بەو ئاستە بەرزە گەیشتبێ، سەرۆک شالیارانی « سوید »، لە ڕێستۆرانێکی ئاساییدا نان بخوا، هاووڵاتییەکی « سوید »ی هەڵسێ، قاپێ زەڵاتە بە سەروگوێلاکیدا بکا. سەرۆک زۆر بە هێمنیی، لێی بپرسێ: بۆ وا دەکەی؟ ئەویش لە وەڵامدا بڵێ: چونکە، خۆشم ناوێی! سەرۆکیش هیچ نەڵێ و هیچیش لە هاووڵاتییەکە نەکەن! ڕەنگە « بەرزنجیی » بووایە، وەک « تاڵە » لە بەر دەرکی سەرا هەڵیواسیایە! چونکە، کەر لە سەر هەڵەکانی پێش حەفتا ساڵ لەمەوبەر، بەو شێوەیە زەردوویی گرتوویەتی و کەفی چاندووە، ئاخۆ دەبێ، لە ســەر کارێکی لەو چەشنە، چی بکردایە!

11/4. ئامۆژگاریـــی :

« بەرزنجیی »، لە کۆتایی سیپارەکەیدا، هەروا پەتی ئەندێشەی، بۆ ورێنەکانی بەرەڵاکردووە و وەک کەوڵەکۆنێکی سەد ساڵەی خاوەن ئەزموون، لە ڕێی منەوە، ئامۆژکاریی هەمووانی کردووە و نووسیوێتی: (ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە کەزۆر شت هەن مرۆڤ دەستیان بۆ نەبات باشترە، تا بەتەواوی تاوتۆو سەروبنی نەکاو لێی حاڵی نەبێ، بەتایبەت ئەگەر بەمەزەندەی ئەو نامۆشبوو، ئەوە دەیخاتە بارێکی داماویەوە.)«61،3»

لە ڕاستییدا، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام، بەڵام، بۆ ئەوەی « بەرزنجیی » باش بزانێ، من « فیتەر »نیم و هەر لە خۆمەوە پەلاماری « دارتاشیی »م دابێ! یا «عەرەبانچیی »نیم و دەرزی لە نەخۆش بدەم! بەڵکوو، ئەو بابەت و باسانە، بە کاری خۆمیان دەزانم. وا بزانم، زۆر بە جوانیی و تەواوییش، گوتارەکەی خۆمم تاووتوێکردووە و باشیشی لێ تێگەیشتووم، یەکێکی وەک « زێوەر »چی بووە؟ ئەو هەموو هـــۆنراوە « عێراقچێتیی »یانەی، لە چ ڕوانگەیەکەوە گوتووە! نەک هەر بە بیر و بۆچوونی من نامۆن، بەڵکوو، کێم و زەرداویی دوومەڵێکی پیس بوون، لە کانی یاقووت و ئەڵماسی هۆنراوەکانییەوە تەقیون و دەرهاتوون! دامایش ئەو

کەسەیە، خۆی لە هیچدا نەبێ، دەنگی نەبێ، ڕەنگی نەبێ، بە بۆنەی هێندێ باسی دروسکراو و خۆهەڵخەڵەتاندنەوە بیەوێ، خۆی بنوێنێ! داماو ئەو کەسەیە، داکۆکیی لە هەڵە و چەوتیی خۆی و خەڵکی دیکە بکا! لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا، خۆی و خەڵکیش کوێرکا!

ڕەنگە، دوکتۆرێ بە دارتاشێ بڵێ، تۆ لە پزیشکیی نازانی، خەریکی دارتاشینی خۆت بە، یا ئاسنگەرێ بە مامۆستایە بڵێ، واز لە ئاسنگەریی بێنە و خەریکی وانەوتنەوەی خۆت بە، زۆر کارێکی ئاساییبێ. بەڵام، گەر هەر نووسەرێ، بە هەر کوردێ بڵێ، خەریکی پیشەکەی خۆت بە، واز لە خوێندنەوە و نووسین بێنە، ئەوا جگە لەوەی، بە قسەیەکی تا بڵێی هیچوپووچ دەژمێررێ، هیچ کەسێکیش، بە هیچ شێوەیەکیش بۆی نییە، ئەو قسەیە بکا. چونکە، خوێندنەوە و نووسین، پێش هەموو شتێ بەهرە و ئارەزووی ئەو مرۆڤە دیاریدەکا، نەک خوێندنی نێو چوار دیواری خوێندنگەکان، تەنیا پێوەرێ بێ، بڕوانامە ساختەکانیش، ئەو مافە بە یەکێ بدا، بە ئارەزووی خۆی، قسەی پڕوپووچ ڕیزکا. لە هەمان کاتیشدا، ڕێگە لە وزە و توانای چەن کەسێکی خاوەن بەهرە و لێهاتوو بگرێ، دەم هەڵ نەهێننەوە و تەنیا هەر گوێ بن، دەم نەبن و هیچ نەنووسن!

12/4. نووسین و پیشە :

جا بەو بۆنەیەوە، گەر « بەرزنجیی » ئەو مافە بە من ڕەوا نەبینێ، وەک نووسیوێتی: (شارەزایی و پسپۆڕی مرۆڤ توانای ڕاستی دەرکاندنیشی دەداتێ بە تایبەت لە بوارە ئەسڵییەکەی خۆیدا.)«61،3»، ئەوا بە لانی کەمەوە، سیساڵی تەمەنی خۆم، بە خوێندنەوەی ویژەی « کوردیی، عەرەبیی و ڕووسیی »ەوە خەرج کردووە. جگە لەوەی، هەر ئەو خۆی بوو، ساڵی « 1974 »، داوای گوتاری لێ دەکردم، بۆ خوێنەری ساوای کوردی گۆڤاری « ئەستێرە »ی بنووسم. بە داخەوە، تەنیا یەک گوتارم نووسی و ئیدی فریا نەکەوتم، درێژە بە نووسین بدەم، چونکە، سەرکردایەتی ئەو کاتەی کورد و دەوڵەتی « بەعس »، ئاگری جەنگیان لە کوردستان هەڵگیرساندەوە و منیش هەڵاتم!

هەر کەسێکیش، ئەم ڕستە و قەوانە سواوە کۆنە بێ تامە بخوێنێتەوە، زۆر باش دەزانێ، « بەرزنجیی » ویستوویەتی، پلاربهاوێژێ.. گوایە، ئەو بوارە بابەتی من نییە و بە زۆر سواری شانی بووم! من لە ناخی دڵمەوە، بەزەییم بەو جۆرە کەسانەدا دێتەوە، کە بەو شێوەیە بیردەکەنەوە. چونکە، نووسین و پیشە، هیچ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نییە. مەگەر، هەر ئەوانەی پیشە و نووسینیان تێکەڵ

کردووە و وەک سەرچاوەیەکی گرنگی ژیان، پێی دەژین. خوێندنەوە و نووسین، پێش هەموو شتێ، بە وزە و توانای ئەو کەسە دەسنیشاندەکرێ. ئەوینێکە و یەزدانی گەورە، بە هەموو کەسێکی نابەخشێ! گەر ئەو ئەوینە، بە دەزوولەی خوێنینی، نێو دڵدا نەڕژشتایە، هەڵبەتە، ئەو کەسە یەک دێری نەدەخوێندەوە و نەدەنووسی. جا گەر وا نییە، بۆ هەموو کەسێ، خووی خوێندنەوە و نووسینی نییە! جۆرە کەسانێ هەن، خوا وای دروسکردوون، تاقەتی نامەنووسینیشیان نییە!

بۆ ئاگاداریی « بەرزنجیی »ش، ئەوا ماوەی چواردە ساڵی تەواوە، ئەوەتەی خوێندنەکەم تەواوکردووە، ماڵاوایم لە تەرخانی تایبەتیی خۆم کردووە.. خۆزگەم، وەک ئەو قسەیەی کردووە، ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە، خۆی وەک مامۆستایەک، هێندە لە زمانی کوردیدا شارەزا و پسپۆڕ بووایە، بە کوردییەکی ڕەسەن و پەتیی، بە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ دەینووسی. کەمێ ئازابووایە، توانای درکاندنی هەموو ڕاستییەکانی هەبووایە!

13/4 . تۆپەڵێ ووشـــە :

پاشان نازانم، ئەم چەن دێڕەی بۆ لە سەرچاوەیەکی عەرەبییەوە وەرگرتووە، بە شێوەیەکی زۆر خراپ وەریگێڕاوە، بە کوردییەکی ناخۆش داپڕشتووە نوسیوێتی: (هەمووومان لەژێر یەک تیشکدا دەژین، بەڵام بۆچی هەر ئەم تیشکە لێرە لەسوری دەکەوێ و لەوێ بەشین یا سپی.. وەیا لەبەیەکداچوونی دووانیان پانتایی تاریک دروست دەبێ؟ حاڵی بوون لەمە زەحمەتە، هەتا ئەوە نەزانین کە لە لەوحەی ئاگاو هۆشـمادا ــ درز ــ یا ــ کون ــ دروستبووە)«61،3» ئایا، ئەم فەیلەسووفە گەورەیە، مەبەسی لەو تۆپەڵە ووشە بێ ئامانە چی بێ؟!!

14/4 . نیازپاکیی :

پاشان نووسیوێتی: (گومانم لەنیازپاکی نووسەریش نیەو هەروا باوەڕیشم بەهێزە بەو پاکانە جوان و بەرزەی خوای گەورەو پەروەردگار بۆ شاعیرانی کردووە لەهەر جێیە بێ: « و الشعراء یتبعهم الغاوون الم تر انهم فی کل واد یهیمون، و انهم یقولون ما لا یفعلون، الا الذین امنوا و عملوا الصالحات و ذکروا الله کثیرا و انتصروا من بعد ما ظلموا. »)«61،3»

جا هەر ئەوە مابوو، « بەرزنجیی » گومان لە نیازپاکیی یەکێکی وەک من بکا! دەبێ، من چیم لەگەڵ پیاوێکی خواناسیی وەک « زێوەر »دا هەبێ! چونکە، کاتێ من لەدایکبووم، ئەو دوو ساڵ بووە، ماڵاوایی لەم گەردوونە بێ فەڕە کردووە! بەڵام،

ئەز قسەی خۆم بۆ مێژوو کردووە، گۆمی مەنگی باسەکەم شڵەقاندووە، جا کێ، بەڵگەیەکی مێژوویی لەوەی منی بەهێزتر لا دەستدەکەوێ، فەرموو، ئەوە ئەرز و ئەوش گەز، یا بۆ منیش و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەشمی ڕوونکاتەوە. بە چ پێوەرێ، ئەو هۆنراوە « عێراقچێتیی جانەی هۆنەر، بە ئەرکی سەرشان و نیشتمانپەروەریی دادەنرێ؟ ئەدی دەبێ، بە هۆنراوە و سروودە نیشتمانییەکانی چەن هۆنەرێکی وەک: « ئەسیریی، بێکەس، بەختیار زێوەر » یا « زێوەر » خۆشی بڵێین، چی؟!!
بۆیە کورد باشی گوتووە: پیاو گەر باشی نەگووت، خراپیش نەڵێ، باشترە!
« بەرزنجیی »، ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز وەرگرتووە. بەوە ویستوویەتی، بڵێ: گەر « زێوەر » ئەوەشی کردبێ، بە هەڵەش دانرێ، ئەوا مەبەستی نەبووە و بە کردەوە، هیچی لەو بابەتەی نەکردووە. ئەمە خۆی لە خۆیدا، ئەوە دەگەیەنێ، ئەویش دان بەو ڕاستییەدا دەنێ، کە لە گوتارەکەی مندا هاتووە!
لە وەڵامی ئەو ئایەتەی سەرەوەدا، تەنیا یەک دێڕ هۆنراوەی « قانع » دێنمەوە، تا بزانین، هۆنەرێکی وەک « قانع »، دەربارەی هۆنەران چی گوتووە. هەر چەندە، زۆر باش زانیوێتی، خۆشی دەگرێتەوە! بەڵام، من لەو باوەڕەدا نیم، هەموو هۆنەرێ بەو شێوەیە بێ، کە ئەو باسیکردووە. بەڵکوو، ئەو هۆنەرانەی لە پێناوی کێشە ڕەواکەی گەلەکانیاندا ژیاون و دەژین، مردوون و دەمرن، « ناخۆشیی، برسێتیی، تێهەڵدان، گرتن و کوشتن » بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەوانە هەمیشە لە یاد و لە دڵە گەورەکەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانیاندا دەژین! « قانع »، دەربارەی هۆنەر بە گشتیی، کەڵکی لەو پەندە کوردییە وەرگرتووە، کە دەڵێ: دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە! بۆیە گوتوویەتی:

شاعر دەهۆڵن، لە دوور دەنگخۆشن
لە نـــــــزیکەوە دارێکی بۆشـــن «58.49»

5. کۆتایـــــــــی:

دەگێڕنەوە، لە کۆندا، گەورە پیاوان و دەسەڵاتداران، نۆکەر و پیاوەکانی خۆیان دەخەسان، تا ناپاکییان لێ نەکەن، دەس بۆ ئابڕووی ژن و کیژەکانیان نەبەن. بەڵام ئەوڕۆ، هێندێ لە سەرانی پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان دەیانەوێ، مێشکی ڕۆڵەکانی گەل بە گشتیی و نووسەرانی کورد بە تایبەتیی، بخەسێنن، تا کردارە خراپەکانیان لەقاو نەدەن، جەماوەری گەل وەک مێگەل لێخووڕن! بیری پیرۆزی « کوردستانیزم » لە مێشکیاندا بتاسێنن، بە بیری نامۆی « عێراقچێتیی » موتوربەیانکەن!

ڕاستیان فەرمووە: سەگ لە قەسابخانە نەمرێ، عومری بە زایە دەڕوا! جا، کوردە « عێراقچیی »یەکان، گەر لە قەسابخانەی « عێراق » نەمرن، دڵیان بۆ « بەغدا »ی پێتەختی تاوان لێ نەدا، ناحەوێنەوە و خەو لە چاوانیان ناکەوێ! چونکە، وەک سەگی کونەماسی وان، لە کوردستان دەژین، کەچیی، پاسی جرتاوای « عێراق » دەکەن!

من لەوە دەترسم، ڕۆژێ لە ڕۆژان، چانسی کورد یاربێ، زلهێزەکانی جیهان بڕیار بدەن، دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ گەلی باشووری کوردستان دامەزرێنن، کەچیی، چەن « عێراقچیی »یەکی بێگانەپەرست دژبن و ڕەتیکەنەوە. وەک چۆن ئەوڕۆ، لە « ڕۆژهەڵاتی تەیموور »، کۆمەڵێ میلیشیای چڵکاوخۆری بەکرێگیراوی سەر بە دەوڵەتی « ئەندەنووسیا » پەیدابوون، ئاژاوەیەکی گەورەیان نایەوە، دژی ئازادیی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان وەستاون. دوای ئەوەی، لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا، ڕۆڵەکانی گەل، بە زۆربەی دەنگ، بڕیاری سەربەخۆییان داوە!

ئێمەی کورد، لەگەڵ هەموو تیۆرییەکانی « کوردایەتیی فراوان، عێراقچێتیی، دیمۆکراسیی بۆ عێراق، برایەتیی کوردی بندەس و گەلی بالادەسی عەرەب، ئایدۆلۆژیای خەباتی ناوکۆیی، بەرژەوەندیی هاوبەشی پرۆلیتاریای دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمان، کۆماری هاوبەش، هەموو لق و بەشەکانی باوەڕی سۆسیالیزم، ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی مارکسیزم »دا، تاقیکردنەوەیەکی باشمان هەیە، تا ئێستەش لە هیچیاندا سەرکەوتوو نەبووین. چونکە، بیروباوەڕمان کوردستانییانە نەبووە، هەوڵ و کۆششەکانمان بۆ خۆمان و نەتەوەکەمان نەبووە، هێز و توانامان، لە ڕاژەی دوژمنان و داگیرکەراندا بووە، مێتۆدەکەشمان هەر لە « کوشتنی پیاوخراپ، جەنگی بەرەیی، گفتوگۆکردن، لەدەسدانی هەلی مێژوویی،

خەباتی دیپلۆماسیی و پروپاگەندەکردن ەوە بیگرە، تا بە « جەنگی نێوخۆی نێوزراوی چەپەڵی کوردڤڕان، نارێکیی، ناتەبایی، یەکنەگرتنی ڕێکخراوە رامیارییەکان و ریزەکانی گەلی کورد »ەکا، هەڵەبووە. لە رووی رابەریشەوە، هەرگیز نەتەوەی کورد هێندەی ئەوڕۆ، بێ « رابەر، سەرکردە و پێشەوا » نەبووە، یەکنەگرتوو نەبووە، هەرگیز هێندە لە نێوخۆدا، ناکۆک و ناتەباش نەبووە.

پێویستە، سەرانی کورد ئەوە چاک بزانن، هەروەها دەبێ، لای رۆڵەکانی گەلەکەشمان ئاشکرابێ، بۆ دۆست و دوژمن و گەلانی جیهانیشی روونکەینەوە، کێشەی کورد، لەگەڵ دڵسۆزیی بۆ « عێراق » جیاوازە. بە هیچ جۆرێ نابێ، ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە، بە دەوڵەتی خۆمان بزانین. بەڵکوو دەبێ، بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵدەین، ئەو راستییە بە گوێی سەرانی داگیرکەردا بدەین، کە باشووری کوردستان، بەشێ لە « عێراق » نییە. پێوەندیی برایەتیی گاڵتەقینە و دۆستایەتیی راستەقینە جیاوازییان هەیە. برایەتیی بێ رێزی بەرابەریی، بە کەڵکی هیچ لایەکمان نایە. دۆستایەتیی راستەقینەش، تەنیا ئەو کاتە دروسدەبێ، کە گەلی عەرەب دان بە هەموو مافە نەتەوەییە رەواکانی کورددا بنێ. چونکە، نە کورد دەبێ بە عەرەب و نە عەرەبیش دەبێ بە کورد، نە باشووری کوردستان بە بەشێ لە « عێراق » و نە « عێراق »یش بە بەشێ لە کوردستان دادەنرێ! ئەوی لەم راستییەش لابدا، ئەوا جگە لە دەردیسەریی و ماڵوێرانیی، هیچی دیکەی دەس ناکەوێ. چونکە، (« ململانێ، ناکۆکیی و بەربەرەکانێی » نێوان نەتەوەی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تەنیا ململانێیەکی رامیاریی و چەکداریی رووت نییە، بە بەدیهێنانی چەن ئامانجێکی کاتیی وەک « ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی » چارەسەرکرێ و کۆتاییپێبێ. بەڵکوو، لە زنجیرەیە ململانێی مێژوویی دووروودرێژ پێکهاتووە، هەر لە سەرەتای داگیرکردنی کوردستانەوە دەسپێدەکا، هەرگیزا و هەرگیز کۆتاییشی نایە، تا « دوا سەرباز، دوا دەزگەی بەڕێوەبەرێتی دەوڵەت، دەسەڵاتی رامیاریی، مەکینەی سەربازیی ئیمپریالیزمی تورک، فارس و عەرەب » لە کوردستاندا باروبارخانەیان، بنکە و بارەگەکانیان نەپێچنەوە، کوردستان چۆڵ نەکەن و نەڕۆن. واتە: ململانێیەکی چارەنووسسازانەی گەورەی نەتەوەییە، بنەماکەی لە سەر بنچینەی « رزگاریی تەواو، سەربەخۆیی راستەقینە، ئازادییەکی راست و رەوان »ی بەستبەستی خاکی کوردستان و مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد دامەزراوە، کە خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەنوێنێ.)«291،29»

بلاوبوونەوەی بیری « مارکسیزم ـ لینینیزم » لە کوردستاندا، لە ڕێی دەستی دووەمەوە بووە. بۆیە، فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم، لە ڕێی کۆمۆنیستە کوردستانیی و سەرانسەرییەکانەوە، کارێکی نێگێتیڤانەی گەورەی، لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد کردووە. هەستێکی مارکسییانەی کوردستانییانە، لە نێو مارکسییەکانی کوردا پەیدا نەبووە. زۆر هەوڵیان نەداوە، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی کوردستانیی نیشتمانپەروەر دامەزرێنن، تا پەرە بە بوژاندنەوەی، هەستی خۆ بەکوردزانین و خەڵکی کوردستان بدەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، لە لایەکەوە، پارمەتییەکی زۆری بلاوبوونەوەی، گیانی « عێراقچێتیی» داوە. لە لایەکی دیکەشەوە، زیانێکی زۆری، بە بیری کوردستانچێتی، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد گەیاندووە.

بۆیە، کارێکی زۆر سەیر نییە، گەر لە کۆندا، هێندێ « خوێنەوار، ڕووناکبیر، نووسەر، هۆنەر و رامیار »ی کورد، زۆر کوردستانییانە بیریان نەکردبێتەوە، بیری « عێراقچێتیی » هەموو دید و بۆچوونەکانیانی کۆنترۆڵکردبێ. تا بەو شێوەیە، هۆنراوە بۆ « عێراق » بڵێن، گۆرانی بۆ « شا و ئالا »کەی بچڕن! جا گەر هەستی نەتەوەیی کورد لاواز نەبووایە، هەڵبەتە، ئەم کارانە ڕووی نەدەدا.

جگە لەوەی، گەر بەم پێیە بووایە، گەر ئەم کردار و ڕەفتارانە ڕاستبوونایە، دەبووایە، هۆنەر و مامۆستاکانی « جەزایر، ڤێتنام، هیندستان، باسک، عێراق و فەلەستین ... تاد » هۆنراوەیان بە سەر خاکی ئیمپریالیزمی « فرەنسا، ئەمێریکا بریتانیا، سپان و ئیسرایل ... تاد »دا هەڵدایە، گۆرانییان بۆ شا و سەرکۆمارەکانیان بگوتایە، بە هۆنراوەی فێرکاریی، منالانیان فێری بێگانەپەرستیی و خۆشویستنی داگیرکەران بکردایە، خۆیان بە هاونیشتمانیی ئەو دەوڵەتانە بزانیایە! ئایا، جگە لە کورد، کام نەتەوەی جیهان، بەو شێوەیە منالانی خۆیان پەروەردەکردووە؟ ئەمە، گەر سەرلێشێوایی نەبێ، چییە؟ ئەوی گۆرانیی بۆ چلەپووشێکی هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر بڵێ، بە لانی کەمەوە، هەستی نەتەوەیی زۆر لاوازە و لە بێگانەپەرستییدا نقوومبووە!

بۆیە دەبێ، منالانی کورد، لە کارتێکردنی ئەو جۆرە پەروەردەکردنە چەواشانە دوورخرێنەوە. چونکە، خۆشەویستیی ڕاستەقینەی نەتەوە و نیشتمان، لە یەکەم هەنگاوی پەروەردەکردنی نەتەوەییەوە دەستپێدەکا. سەرەتاش لە نێو ماڵ و پاشان لە خوێندنگەکانەوە سەردەردەهێنێ. بە مەرجێ، ئەو پەروەردەکردنە، لە سەر بنچینەیەکی مرۆڤدۆستانە و ڕێزی بەرابەریی نێوان نەتەوەکان دارێژرابێ. منالانی

کورد، خۆیان لە منالانی هیچ نەتەوەیەکی دیکە بە کەمتر نەزانن. ئەم ڕاستییە وەنەبێ، هەر من بیزانم، بەڵکوو، وەک یاسایەکی گشتیی، هەموو نەتەوەکانی جیهان پێڕەویانکردووە و پێڕەویشدەکەن. تەنانەت، هۆنەرەکانی کوردیش، هەر لەم گۆشەنیگایەوە بووە، هۆنراوە و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانییان، بۆ منالانی کورد داناوە. تا هەر لە منالییەوە، پتر هۆگری خاکوخۆڵی نیشتمانەکەیان بن، بۆیە، یەکێکی وەک « بێخود »، کاتێ لە « کەرکوک » بووە، هەستیکردووە، منالانی کورد سروودی « تورکمان »ی دەخوێنن، سروودی « ئەی دلێران »ی بۆ داناون. یا چەن هۆنەرێکی وەک: « دلدار، پیرەمێرد، بێکەس، گۆران، بەختیار زێوەر »، تەنانەت « زێوەر » خۆشی، گەلێ سروودی بەرز و جوانی نیشتمانپەروەرییان بۆ منالانی کورد هۆنیوەتەوە. جا گەر، پەیان بەو ڕاستییە نەبردبێ، هەڵبەتە، ئەو هۆنراوانەیان نەدەگووت.

بۆیە، ئەو سروودانە، بە نەمریی ماونەتەوە، ئەوە دوای ئەوە، لە خوێندنگە و بۆنە نەتەوەییەکاندا دەیڵێنەوە. بەڵام، هەموو ئەو هۆنراوە نامۆ « عێراقچیی »یانە، لە خانەی نەمرییدا جێگەیان نەبۆتەوە، هەرگیزاوهەرگیزیش، جێگەیان نابێتەوە. جا گەر وا نییە، هەڵبەتە، ئەو هۆنراوە « عێراقچێتیی »یانەی « زێوەر » تا ئێستەش، وەک هۆنراوە و سروودە نیشتمانییەکانی دیکەی هۆنەرانی کورد، لە دڵ و دەروونی منالانی کورددا دەژیان. لە خوێندنگەکانی کوردستاندا دەخوێندران. بەڵام، چونکە چەن هۆنراوەیەکی نامۆ و زۆڵەک بوون، هەر بایەکی سەر ڕووی زەویی کوردایەتیی لێی داون، زوو جوانەمەرگبوون و ئێستەش لە زبڵدانی مێژووی بیری بێگانەپەرستیی و « عێراقچێتیی »، سەردەمێکی مێژوویی ڕووناکبیری کورددا گۆڕکراون!

ڕەنگە، یەکێ ئەم نووسینە بخوێنێتەوە، وا بزانێ، هێندە ڕقم لە عەرەبە، چاوم بەر پێی خۆم نابینێ و خەریکم کوێردەبم. نەخێر، هەرگیز وا نییە. بەڵام، « عێراق » بە دەوڵەتێکی داگیرکەر دەزانم. هەموو ئەو هاووڵاتییە « عەرەب »انەی، دان بە بوونی نەتەوەی کورددا دەنێن، بە بەشێ لە نەتەوەی خۆیانمان دانانێن، ئەوەی بۆ خۆیان بە ڕەوای دەبینن، وەک: « ڕزگاریی، سەربەخۆیی، یەکێتیی، ئازادیی، دیمۆکراسیی، مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال »، بە کوردیشی ڕەوابیبینن، پێوەندییەکانیان لە بەر ڕۆشنایی ڕێزی بەرابەریی و یەکسانیی نەتەوەییدا دابڕێژن، ئەوانە بە دۆستێکی ئازیز و دڵسۆزی نەتەوەکەمانیان دادەنێم، کە بە داخەوە، نموونەیان لە نێو نەتەوەی عەرەبدا، لە چاو ژمارەیاندا، بە

پەنجەی هەر دوو دەس دەژمێردرێن. بەڵام، هەر « کەسێ، لایەنێ، ڕێکخراوێ، پارتێ یا دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان »، باوەڕی بەو پرینسیپانە نەبێ، ئەوا بە دوژمن و داگیرکەری خاکی کوردستانی دادەنێم. کورد چۆن دەبێ، چەن کەڵە پیاوێکی مەزنی وەک: « عەزیز شەریف، ناجی تالیب، جەواهیری، هادی ئەلعەلەوی، کامیل چادرچیی، مەعمەر قەزافیی، سمایل بێشکچیی ... تاد »ی بیرچێ و هەمیشە یادیان نەکاتەوە، کە لە ڕۆژانێکی تەنگانەی نەتەوەکەماندا، چ بە دەم و چ بە کردەوە، بە هانامانەوە هاتوون، داکۆکییان لێ کردووین، مافی ژیان و چارەنووسیان پێ ڕەوابینیوین!

جا، سەیرم لێ دێ، هێندێ ساویلکە بە هەڵە لەم یاسا و باوەڕە نەتەوەییە گەیشتوون و تێدەگەن. چونکە، گەر هەر نەتەوەیەکی سەردەستی داگیرکەر، دان بە بوونی نەتەوەییماندا نەنێ، جگە لەوەی، بە دوژمنێکی گەورەی نەتەوەکەمان دادەنرێ، بە هیچ شێوەیەکیش، نە دۆست و نە برامانن. هێندێ کورد هەن، زۆر بە ئاشکرا خۆیان دەخەڵەتێنن، هەر بۆ ئەوەی بە « خوێندەوار، ڕووناکبیر، پێشکەوتووخواز، بەرچاوڕوون و شۆڕشگێڕ » ناویانبەرن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییانەش زۆر باش دەزانن، بەڵام، خۆیانی لێ گێلدەکەن. بۆیە، ئەو جۆرە کەسانە، چ لای ڕۆڵەکانی کورد، چ لای ڕۆڵەکانی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان، لە « گێلەپیاو » پتر، هیچ ناوێکی دیکەیان بەسەردا ناچەسپێ!

کاتێ دەسم بە نووسین کرد، ئەوەم لە بەر دەمی خۆمدا دانابوو، دەبێ، چۆن بنووسم؟ چی بنووسم؟ لەبەرئەوە، زۆر باش دەمزانی، نووسینەکانم لە دڵسۆزییەوە بۆ کورد، دەرزیی ژان لە دڵی گەلێ کەس دەچەقێنێ. لە بری ئەو دەرزییەش، خەنجەری ژاراویم لێ دەدەن. بۆیە، لە بەرهەمی یەکەمدا « ململانێی ئایدۆلۆژیی لە کوردستاندا » سەرەتای نووسینەکەم بە هۆنراوەیەکی « مەحوی » دەسپێکردووە و ئێستەش لێرەدا دووبارەیدەکەمەوە:

له سەر تۆم دوشمنە دنیا، قەزییەم « مانع ئەلجەمع »
که تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم چ بکەم! «232.57»

لە کۆتاییشدا دەڵێم: خوایە! من هەر هێندە زانیارییم هەیە، هەر هێندە توانای پەیبردنم بە ڕاستییە مێژوویی و ڕێژەییەکان هەیە، هەمیشە، تۆ لە هەموو کەس پتر دەزانی و ئاگاداریی هەموو نهێنییەک هەی، ڕاستیی ڕووت بۆ هەموو لایە دەرخەی، تا « بەرزنجیی »، کەمێ ویژدانی ماندوو و ڕووشاوی بحەوێنەوە، گیانی « زێوەر »یش لە گۆڕە تەنگ و تارەکەیدا، پتر ئارامگرێ! منیش، دەسەڵاتم نییە،

لەو قورە دروسکراوم، ناتوانم، جۆرێکی دیکە بم. هەرگیز حەزیشم نەکردووە و حەزیش ناکەم، لە پێستەکەی خۆم دەرچم. بەو بەش و چارەنووسەش قایلم. ناتوانم، لە ئاستی « هەڵە، تاوان، ناکۆکیی، دووبەرەکیی، جەنگی کورد‌کوژیی و ناپاکیی »دا بێ دەنگبم. هەر وەک « بێکەس »یش گوتوویەتی:

بەڵێ، فەرموودەی تۆ لە سەر چاوم
ڕاستە، بۆیە من سووک و بەدناوم
دائیم دەربەدەر، وا نان براوم
چی بکەم، بڵێم چی، وەها خوڵقاوم
هەتا بمێنم، قسەی حەق ئەکەم
جوێن بە ئینسانی خائین، هەر ئەدەم
گەر چی ڕاست وتن، شەقی لە دوایە
خۆشە لە لای من، وەکوو حەڵوایە
ئەوەی بە ناحەق، شتێ بنووسێ
پەنجەی هەڵوەرێ و چاوی بنووسێ
مەقسەدم تەنیا، نەشری ئەخلاقە
بڕینی ڕەگی، فیتنە و نیفاقە
ئەخلاق ڕەهبەری، ڕێی پێشکەوتنە
پەیژەی تەرەققیی و زوو سەرکەوتنە
دەلیلی ڕێگەی، فەوز و نەجاتە
سەرمایەی فەخر و بوونی حەیاتە
قەومی بێ ئەخلاق، پەست و زەلیلە
هەر بەشی شەقە و سەرکز و دیلە
ئەمە پەندێکە، بۆ چاکیی ئێوە
نامەوێ، هیچم دەسکەوێ لێوە «6،144-147».

هەروەها، لە هۆنراوەیەکی دیکەشدا گوتوویەتی:

خراپ ببینم، تەنقیدی دەکەم
ئەوی خائینە، جوێنی پێ دەدەم
ناترسم لە کەس، بێ باک و بێ غەم
هەر چی کە ئەبێ، ببێ، جەهەننەم «6،218-220».

6. سەرچاوەکان:

1. ابن اسیر، الکامل فی التاریخ، ب 2.
2. احمد خواجه. چیم دی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بەغدا، 1968.
3. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، پێویستی ئەو شیعرانەی پێویستنین، 1999.
4. ئەسیری ـ دیوان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، 1980.
5. بێخود، دیوان، لە ئێران چاپکراوەتەوە، بێ ئەوەی هیچی لە سەربێ!
6. بێکەس، دیوان، چاپی سێیەم، چاپخانەی « حسام »، بەغدا، 1986.
7. پارتی سۆسیالیست کورد، دەربارەی فاشیزم،چاپی دووەم، 1990.
8. پیرەمێردی ئەمر، دیوان، لە بلاوکراوەکانی انتشارات محمدی، سقز، 1369.
9. جمهوریه الخوف، الترجمه الکامله، الطبعه الاولی، القاهره، 1991.
10. جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم، سوید، 1984.
11. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، سوید، 1985.
12. جەمال نەبەز، پێوەندارێتی ی کوردی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم،1986.
13. جوان بۆکانی، پێشڕەوانی شیعری نوێی... ، پەیام، ژمارە 6، لەندەن، 1988.
14. حاجی قادری کۆیی، دیوان، 1986.
15. حزب البعث العربی الشتراکی، دستور حزب البعث العربی، دمشق، 1947.
16. حەمدی، دیوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفێست، بەغدا، 1984.
17. ح. م. عەزیز، لە پێناوی ڕاستیدا، گ. بەرهانگ، ژمارە87، سوید، 1993.
18. ح. م. عەزیز، دیمۆکراسی، ئایدۆلۆژی و جەنگی ئێوخۆ، سوید 1994.
19. ح. م. عەزیز، ململانێی ئایدۆلۆژیی لە کوردستاندا ،چاپی دووەم، سوید1995
20. ح. م. عەزیز، فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپی دووەم، سولەیمانی، 1996
21. ح. م. عەزیز، مافی دیاریکردنی چارەنووس، گ. ئاڵا ژمارە30، سوید، 1998.
22. ح. م. عەزیز، چەند سەرنجێ ....، گ. ئێستا، ژمارە 20، سولەیمانیی، 1999.
23. ح. م. عەزیز، دەربارەی فرێزیۆلۆژی...، ئاڵای ئازادیی ژمارە 320، 1999 .
24. ح. م. عەزیز، « زێوەر »....، گ. ئاینده، ژمارە1، سولەیمانیی، 1999.
25. ح. م. عەزیز، مێژگرد، ر. کوردستانی نوێ، ژمارە 1906، 1999 سولەیمانیی.
26. ح. م. عەزیز، شێوازی... ر. کوردستانی نوێ، ژمارە1928، 1999.
27. ح. م. عەزیز، ئۆجەلان ئەزموونێکی نوێ ....، چاپی دووەم، سولەیمانیی،1999
28. ح. م. عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیی...، چاپی یەکەم، سولەیمانیی، 1999 .
29. ح. م. عەزیز، کورد و شۆڕش و ... ، چاپی دووەم،سولەیمانی 2000
30. ح. م. عەزیز، خرنووکیش لە بیاباندا... ، گ. گزینگ، ژمارە28، سوید2000
31. حەمە بۆر، پاشکۆی کوردی « العراق » ـ هەفتەنامە، ژمارە10 ، بەغدا، 1979.

32. حەمە س. حەسەن، ناوەرۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا، سوید،1992.
33. حەمە س. حەسەن، سەرێک و حەوت سەودا،گ. گزینگ، ژمارە28 سوید2000
34. دلزار، دیوان، چاپی یەکەم، سوید ـ ستۆکهۆلم، 1992.
35. دوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، سوید، 1992.
36. رسوول هەمزەتۆف، داغستانی من، 1979.
37. ڕەفیق حیلمی، یادداشت، بەشی دووەم، 1988
38. ڕەفیق حیلمی، شعر و ئەدەبیاتی... ، ب. یەکەم و دووەم، چاپی دووەم،1988
39. زێوەر، هۆنراوە، سۆزی نیشتمان، چاپی یەکەم، 1958.
40. زێوەر مەلا عەبدوڵڵا، گەنجینەی مەردان ... چاپی یەکەم، 1985.
41. شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، چاپی دووەم، تاران، 1981.
42. شێرزاد حەسەن، ڕێگای کوردستان، « 1998/04/22 »
43. عبدالرحیم فوده، الاسلام و القومیه العربیه، 1961.
44. عبدالله ئاگرین، شیعری سیاسی کورد... ، چاپی یەکەم، هەولێر، 1996.
45. عبدالخالق علاءالدین، مەلای گەورە زانا و ... چاپی یەکەم، 1994.
46. ع. ش. وانلی، حول الاستراتیجیه ... العدد1-2، باریس، 1985.
47. علاء الدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، خرداد 1361 ه.
48. ف. نیلیچ لینین، حق الامم فی تقریر مصیرها، المنارات العربیه، المجلد 6
49. قانع، ژیان و شیعرەکانی، بورهان قانع بلاویکردۆتەوە.
50. ق. کوردۆ، هەندێک بیر و باوەڕی هەڵە... ، چ. یەکەم، بەغدا، 1973-1974
51. قورئان.
52. کریس کۆچێرا، مێژووی کورد.. ، چ. یەکەم، تاران، بەهاری 1369.
53. کەمالی، دیوان، چ. یەکەم، بغداد، 1986.
54. ک. ڕەنجدەرانی کوردستان، عێراقچێتی داگیرکەر و .... ، چ. یەکەم، 1983
55. دوکتۆر مارف خەزنەدار، گوڵان، ژمارە « 28 »، ڕۆژی « 2000/05/25 »
56. د. محمد الهماوندی، الحکم الذاتی... الطبعه الاولی، القاهره، 1990.
57. مەحوی، دیوان، چاپی دووەم، چاپخانەی نۆلێست، بەغدا، 1984.
58. موفتی پێنجوینی، دیوان، چ. یەکەم، بەغدا، 1990.
59. نەوشیروان م. ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعت، چ. یەکەم، سلێمانی،1999
60. هێژاس، هونەری شیعر، چ. یەکەم، بەغدا،1979.
61. هیوا، گۆڤار، ژمارە « 2-3 »، ساڵی « 2 »، بەغدا، کانوونی یەکی 1959.

7. له بەرهەمە چاپكراوەكانى نووسەر :

گوتـــار :

1. بەرەو ئازادیی، گ. راهوون، ژ. 2، سوید، 1991.
2. لە پێناوی راستیدا، بەربانگ، ژ.87، ساڵی12، سوید 1993.
3. یەكێتی سۆڤێتی هەڵوەشاوە لە روانگەی بەرژەوەندییەكانی نەتەوەی كوردەوە، راهوون، ژ.7 ـ 8، سوید، 1993.
4. دەربارەی كەسایەتیی كورد، راهوون، ژ. 10 ـ11، سوید، 1994.
5. بەرەو ستراتیژێكی یەكگرتووی نەتەوەیی، هەنگاو، ژ.13، لەندەن،1995
6 سایكۆلۆژییەتی مرۆڤی ئاوارەی كورد و بازاری چاپەمەنی كوردیی، گزینگ، ژ.8، سوید، 1995.
7. لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی كۆمەڵگەی كوردەواریی، گزینگ، ژ.9، 1995
8. كۆرپە تاقانە ساواكەی دەنگ و رەنگی نەتەوەكەم(MedTV)، گزینگ، ژ.13، سوید، 1996.
9. هەنگاوی یەكەم و سەرەتای كارێكی مەزن، بەربانگ، ژ.102، ساڵی14، سوید، 1996
10. چەند سەرنجێ دەربارەی سەرەخۆشیی و پرسەدانان، بەربانگ، ژ. 104، سوید 1997
11. دیكتاتۆرەكان لە هەر یەك ئاوێنە قژی نەخشە و پلانەكانیان دادەهێنن، بەربانگ، ژ. 105، سوید، 1997. گ. دیمۆكراسی، ژ.30، سلێمانی، 1997.
12. كەی هۆشێ بە بەر خۆماندا دەهێنینەوە؟ بەربانگ، ژ. 106-107، سوید، 1998. گ. دیمۆكراسی، ژ.31، سلێمانی،1998.
13. با خۆمان چاك بناسین، بەربانگ، ژ.108، سوید، 1998.
14. سێ سەرنجی زمانەوایی، مانگنامەی پەیام، ژ. 8، 1998.
15. مافی دیاریكردنی چارەنووس، گ. ئالا، ژ.30، 1998.
16. بۆرە نەبێ، بازەبێ، كلكی بە ئەندازەبێ، بەربانگ، ژ. 109، 1998.
17. ئاشتیی بە دەنگ نییە، بە رەنگە، كوردستان، ژ.7، بەرلین،1998.
18 چەند سەرنجێ دەربارەی ناسنامەی ئایینیی و نەتەوەیی خەلیل منەوەر، گ. ئێستا، ژ.20، سولەیانیی، 1999.
19. زێدەر لە نێوان كوردایەتیی و عێراقچێتیدا، ئاینده، ژ.1، سولەیانیی، 1999.
20. داری بەزەیی خوا، كوردستانی نوێ، بەشی یەكەم، ژ.1902، 1999/7/13. بەشی دووەم، ژ.1903، 1999/7/14، سولەیانیی.
21. دەربارەی مەلەفی كەركوك، كوردستانی نوێ، ژ. 1921، 999/8/11 سولەیانی. مانگنامەی كوردستانی نوێ لە دەرەوەی وولات، ژ.67، 1999/8/25.
22. شێوازی خەبات و مافی چارەنووسی نەتەوەكان، كوردستانی نوێ، ژ. 1928،

1999/8/18، سولەیمانیی.
23. دەربارەی فــریزیۆلۆژی کــوردیی، ئالای ئازادی، ژ. 220، 1999/7/12، سولەیمانیی.
24. خرنووکیش لە بیابانْدا درەختە، گزینگ، ژ.28، سوید2000.
25. ژن لە ئاوێنەری تەلْخی هێندێ هۆنراوەی کوردییدا، گزینگ، ژ.29، 2000.
نامیلکە و پەرتووک:
1. دەربارەی پرۆژەکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چ.1، سوید، 1994،
2. دوا پرۆژە، چ.1، سوید، 1994،
3. پێنج وتاری غەمگین، چ1، سوید، 1994،
4. دیموکراسی، ئایدۆلۆژی و جەنگی نێوخۆ، چ1، سوید، 1994،
5. ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا، چ.1، سولەیمانی 1993.
چ.2، سوید، 1995.
6. پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، چ.1، سوید،1995.
چ.2، سولەیمانیی 1996.
7. نامەیەکی درێژ بۆ نەوشیروان مستەفا، سوید، 1995.
8. کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، چ.1، سوید 1996.
چ. 2، کوردستان، 2000.
9. فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ،چ.1، سوید، 1996.
چ.2، سولەیمانی، 1996.
10. بەڵێ لێکۆڵینەوە و رەخنە نەک شێواندنی راستیی، چ.1، سوید، 1996.
11. خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، چ1، سوید، 1997.
چ. 2، سولەیمانی، 1997.
12. رۆڵی سیستێمی بنەماڵە لە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا، چ.1، سوید، 1997.
13. گیروگرفتە سەرەکییەکانی کورد، سوید، 1998.
14. نۆجەلان ئەزموونێکی نوێ و پەندی مێژوویی، چ.1، سوید، 1999.
چ.2، سولەیمانیی،1999.
15. سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، چ1، سولەیمانیی، 1999.

له بەرهەمەکانی داهاتووی نووسەر :

1. هەوێنی هۆنراوەی کوردیی.
2. جیۆپۆلیتیکی کوردستان.
3. ناکۆکیی و ناپاکیی لە مێژووی کوردا.
4. بەرکولێ لە خەرمانی بیری نەتەوەیی.
5. یادگاری ڕۆژان.

م هەڵانەی خوارەوە راسکەرەوە:

د	هەڵە	راست
15	خۆیتێهەڵدەقورتێنن	خۆیانتێهەڵدەقورتێنن
11	رەشەخەڵکەشکەیان	رەشەخەڵکەکەشیان
7	دەستپخەرییکردن	دەسپێشخەرییکردن
11	دەدەبڕێ	دەردەبڕێ
13	بەڕێوەبەێتییەکی	بەڕێوەبەرێتییەکی

هەر دوو بیری ڕەسەنی «کوردستانیزم» و دەسکردی «عێراقچێتیی»، وەک بەهاری تەڕ و سەوز و پاییزی فێنک و زەرد وان، دووپشکی هاوینی گەرم و ووشکیان لە نێوان دایە. هەرگیز، نە بە یەک دەگەن و نە پێکەوە دەگونجێن!

لە کۆندا، گەورە پیاوان و دەسەڵاتداران، نۆکەر و پیاوەکانی خۆیان دەخەسان، تا دەس بۆ ئابڕووی ژن و کیژەکانیان نەبەن. بەڵام ئەوڕۆ، هێندێ لە پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان دەیانەوێ، مێشکی ڕۆڵەکانی گەل بە گشتیی و نووسەرانی کورد بە تایبەتیی بخەسێنن، تا کردارە خراپەکانیان لەقاو نەدەن، جەماوەری گەل وەک مێگەل لێبخوڕن! بیری «کوردستانیزم» لە مێشکیاندا بتاسێنن، بە بیری نامۆی «عێراقچێتیی» موتوربەیانکەن.

داگیرکەری دەوڵەتی «عێراق»، هەمیشە هانی بیری «عێراقچێتیی» داوە، تا هەست و هۆشی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کورد، لە بیر و مێشکیاندا بتاسێنێ. نابێ، گوێ لە سەرانی پارت و دەوڵەتی «عێراق» بگرین، دەربارەی «عێراقچێتیی»، چی دەڵێن. چونکە، تەنیا ئەو بیرە، لە بەرژەوەندیی ئەوان دایە. بیری سەربەخۆیی و کوردایەتیی بۆ ئەوان، وەک تەزووی کارەبا وایە، گیانیان لەبەردەبڕێ و ووشکیاندەکا!

لەبەرئەوەی، کوردستان داگیر و دابەشکراوە، گەلی کورد لە «عێراق»دا، لە هەموو مافێکی نەتەوەیی خۆی بێ بەشکراوە، «عێراق» دەوڵەتێکی داگیرکەر نەبێ، هیچی دیکە نییە! بۆیە نابێ، هەرگیز لە باسی ڕاستیی و ڕەوایی کێشەی کورددا، لەگەڵ زۆرویۆریی دەنگی هیچ عەرەبێکی «عێراق» و «عێراقچیی»یەکی کورددا بین. چونکە، ئەو گروپانە، شتێ ناڵێن، لە بەرژەوەندیی کورددا بێ!

THE SEDIMENTARY OF A POISION IDEA

Dr. HUSSEIN M. AZIZ

2000 / 2700 K